# دین و ڕێی

# دین و ڕێی

نووسینی: ئەحمەد فائیز

وەرگێڕانی: مامۆستا کرێکار

بڵاوکردنەوەی: زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

چاپی: یەکەم

ساڵی: ١٤٤٦ك - ٢٠٢٤ز

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

تێلێگرامی زادی

https://t.me/zankoyzady

ڕێبازی بانگەواز (٣)

# دین و ڕێی

نووسینی:
ئەحمەد فائیز

وەرگێڕانی:
مامۆستا کرێکار

بەرگی سێیەم

١٤٤٦ك - ٢٠٢٤ز

پێشکەشە بەوانەی:

- بە دیدی ڕوون و

- بیری تیژ و

- پشووی درێژ و

- گەشبینییەوە

ئەم بانگەوازە هەڵدەگرن.

وەرگێڕ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ الله فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# پێشەکیی وەرگێڕ

ئەم کتێبە «دین و ڕێی» بەرگی سێیەمی زنجیرە کتێبەکەی ڕێبازی بانگەوازە. بەرگی یەکەم «دین و دیدی» بوو، بەرگی دووەم «دینی خۆی» بوو. بەرگی یەکەم هەرچەندە قەبارەی گەورەیە، بەڵام وەکوو ڕێڕەوێکی دوور و درێژی مەنهەجەکەی سەیید قوتبە (رحمە اللە) کە لە بەرگەکانی تردا شەرح کراوە، ئەم بەرگەش وەکوو ئەوەیە هەموو مەنهەجەکە کورت و پوخت کرابێت و خرابێتە بەردەست.

پێم وایە ئەو ڕیزبەندییەی مامۆستا ئەحمەد فائیز بۆ بابەت و باسەکانی کتێبەکەی کردبوو؛ دید و تێڕوانینە تیۆرییەکەی سەیید قوتبی -لە ژیانبینی و جیهانبینیدا- کاملانە نیشان نەدەدایەوە، باسەکانی تێکەڵبوون، جاری وا هەبوو بابەتێکی لە (في ظلال القرآن)ەوە نەقڵ کردبوو -کە لەسەر عەقیدە بوو- بەڵام ئەو خستبوویە ڕیزی باسەکانی بزاوتی گۆڕانکارییەوە. بۆیە من جێگۆڕکێم بە باسەکان کرد، بە شێوەیەک کە دید و تێڕوانینی سەیید قوتب (رحمە اللە) باشتر بناسێنین. سەیید پێی وایە ئیسلام ڕوانگەیەکی عەقائیدیی خۆیی هەیە کە پێناسەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و موفرەداتەکانیان لەو ڕوانگەیەی خۆیەوە -کە وەحییەکەیە- دەخاتە ڕوو، ئیسلام هەمووی لەسەر تەوحید دامەزراوە، تەوحیدەکەش -کە ژیانبینییەکەیە- سەیید زۆر جار زاراوەی «مەنهەج»ـی بۆ بەکار دەهێنێت. ئەمیش سێ بوارە:

**«ناسینی خوای گەورە، پەرستنی خوای گەورە، حاکمێتیی خوای گەورە»**

ئینجا بەم تەوحیدە برایەتیی دینی دروست دەبێت کە دەبێتە هەست و پەیوەستی ئینتیمای ئەو کەسانەی تەوحیدەکەیان قبووڵ کردووە، هەر وەکوو کە دەبێتە مەنهەجێکی بزووتنەوەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆیان، تا بتوانن بە دەستەجەمعی -بە دینەکە- کۆمەڵگەکەیان بگۆڕن، ئەمەش دەبێتە دیدێکی جیهانبینی. کە سێ بوارە:

**«سەرڕاستیی موسڵمانێتی، پێکەوەنانی ئوممەتی عەقائیدی، بزاوتی گۆڕانکاری»**

ئەم بەرگە ڕوونکردنەوەیەکی جوانی ئەو شەش ڕوکنەی ژیانبینی و جیهانبینییە.

# باسی یەکەم

# دید و ڕێی بانگەوازی خواویستی

## بڕگەی یەکەم:

## دەستووری بانگەواز

### ١- ئەم قورئانە سەرچاوەیە:

قورئانی پیرۆز کتێبی زیندووی ئەم ئوممەتەیە، ئاڕاستەوانی دڵسۆز و ئامۆژگاریی ڕاست و ڕەوانێتی، ئەم قورئانە مەدرەسەی نیشاندەرێتی و گەشە و نەشونمای ئوممەتەکەیەتی، هەموو ئاڕاستەیەکی ژیانی لەوێوەیە، خوای پەروەردگار پەروەردەکارە، قەدەری خوای تاک و پاک (زانست و ویست و توانای) وا بوو کە ئەم قورئانە پیرۆزە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەکەی خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەر بە ئاڕاستەوانی و ڕێنیشاندەرێتی بمێنێتەوە، تا نەوە بە نەوەی ئەم ئوممەتە ڕێنمایی بکات، تا -لە هەموو کات و شوێنێکی ژیانی دونیادا- پێشڕەوی شوێنکەوتووانی بێت و پەروەردەیان بکات، هەتا دەیانگەیەنێتە ئاستی شیاوێتیی هەڵگرتنی پەیامی خوایی و پێشڕەوێتیی مرۆڤایەتی. هەر وەکوو خوای گەورە بەڵێنی دڵنیایی بە ئوممەتەکە داوە کە هەر کاتێک دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆیان قورئانیانە کرد، حەتمەن سەرفرازی و تەمکین و سەروەرێتییان پێ دەدرێت، بەو مەرجەی قورئانەکە بکەنە ڕێباز، بۆی بژین و پێی ڕەفتار بکەن، نەخشە و ئاڕاستەی هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆیانی لەسەر دابڕێژن و تێکەڵ بە هیچ دید و ڕێیەکی تری نەکەن و خۆشیان نەکەونە ژێر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی جاهیلییەتی سەردەمەوە.

ئەم قورئانە هەر ئەوەندە نییە کە فەرمایشتی پیرۆز و بەفەڕە و دەبێت بە ئەدەبەوە بخوێندرێت و بخوێندرێتەوە؛ بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا قورئان دەستوورێکی گشتگیرە،

دەستووری پەروەردەکارییە، دەستووری کردەوەکاریی ژیانە، پڕە لە ئەزموونی کاروانی خواویستی، ئەزموونی بانگەوازی ئیمانی، هەر لە دەستپێکی ژیانی سەیدنا ئادەمەوە (سەلامی خوای لێ بێت) و دواتر و بەردەوامە. ئەم قورئانە ئەم هەموو ئەزموون و هەڵوێستە عەقائیدییانەی خستە ڕوو تا ببێتە گەنجینەی وزە و پەند و ئامۆژگاریی چالاکوانانی نەوەکانی ئیسلام. ئەزموونەکانی پاڵفتەی دەروون، ئەزموونە واقیعییەکانی ژیانی تاک و کۆ هەمووی بۆ ئوممەتە موسڵمانەکە تۆمار کردووە، تا هەمیشە لە بەرچاوی بێت و دڵنیا بێت کە بە هەر حاڵەتێکدا تێپەڕی، بزانێت کە دەیان جار کاروانی ئیماندارانیتری پێدا ڕۆیشتووە. ئەمەش گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و خەزێنەیەکی لە بن نەهاتووی توێشووی ڕێی خواویستییە.

پێویستە ئەم قورئانە بخوێندرێت و دیراسە بکرێت، پێویستە نەوەکانی ئوممەتی موسڵمان بە بیروهۆشێکی قاڵوقووڵەوە وەریبگرن، دەبێت وا وەریبگرن کە ئاڕاستەیەکی زیندووی هەنووکەییە و ئەمڕۆ بۆیان دێتە خوارێ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆیانە. تا ڕێگای ئێستایان بەرەو داهاتوو بۆ ڕووناک بکاتەوە، نەک هەر بە تیلاوەت بخوێندرێتەوە، بەو سیفەتەی جوان و خۆشە، یان وا بخوێندرێتەوە کە باسی چەندەها ڕووداوە کە لە مێژوودا ڕوویداوە و لێرەدا تۆمار کراوە. ڕووداوەکان دووبارە نابنەوە (چونکە وەحی جارێکی تر بۆ کەس نایات). ئەگەر ئاوا قورئان بخوێنینەوە سوودی لێ ناکەین، دەبێت وا بیخوێنین کە ئاڕاستەی ژیانی ڕۆژانەی ئێستامانە، ئەمڕۆمان ئاڕاستە دەکات تا سبەینێمان مسۆگەر بێت، دەبێت هەر بەو چۆنێتییەوە وەری بگرین و پێوەی پابەند بین و ڕاپەڕێنین هەر وەکوو کە کۆمەڵە ئیسلامییەکەی یەکەمین نەوە وەری دەگرت و ژیانی واقیعیی تاک و کۆی خۆیی پێ ئاڕاستە دەکرد و، بەپێی ئاڕاستەکانی ئەو خۆی دادەڕشت. لە قورئاندا هەموو دیمەن و وێناکان دەبینین کە خوای گەورە تێیاندا باس لە ئاڕاستەکردنەکانی خۆی بۆ کۆمەڵە موسڵمانەکە دەفەرمووێت، هەموو کەسێک هەست دەکات چۆن خوای گەورە لەژێر چاودێری و ئاودێریی خۆیدا گەشە و نەشونمای بە کەسایەتیی تاک و کۆیان دەکرد کە چۆن لەسەر مەنهەجی خۆی ئاڕاستەی دەکردن و، بۆ بزاوت و هەڵوێستە عەقائیدییەکانی دەخستنە گەڕ. قورئان هەنگاو بە هەنگاوی ڕێنیشاندانیان دەخاتە بەر چاوان، ڕێنیشاندانیان لە داڕشتنی کەسایەتیی ئیمانداریدا، لە پاڵفتەی دەروون و

ئاسوودەیی تونـد بە خواپەیوەسـتبوونیانەوە. هەر وەکـوو کە لە بچـوکترین هەڵوێسـتی تـاک و کۆیاندا ئاڕاستەی دەکردن، پاشان دوژمنەکانی پـێ دەناسـاندن، خۆیـان مەکـر و فاکوفیکیـان، چرپەچرپ و پیلانیان، ختوورەی دڵ و نەخشەی بزاوت و هەڵوێستیان. دوژمنانی بە تەواوی پێ دەناساندن و دەیفەرموو: ئاوا بکەن، ئـاوا مەکەن، ئەو هەڵوێسـتە بگـرنەبەر و ئـاوا ببـزوون. لە قورئاندا هەست دەکەیت کە خوای کردگار و زانا و بەهێـز، بە لوتـف و میهرەبـانیی خـۆی، بە بەئاگایی خۆی، ئەم کۆمەڵە موسڵمانە، ئەم نوخبە ئیماندارە پاکە لەخۆ دەگرێـت، سەرپەرشـتییان دەکات و دەیانپارێزێت، فێری بزاوتی عەقائیدییان دەکات کە یەکێکیان دەکەوێـت -بە لوتـف و ئاڕاستەی داڕشتنەوەی ڕەسەن- هەڵیدەسـتێنێتەوە. هەسـت دەکەیـت خـوای گەورە کەسـایەتی تاک و کۆیان زۆر مەحکەم و پارسەنگ و شیاو دادەڕێژێـت، ڕەفتـار و ڕەوشـت و دابـونەریتی خواویستییان بۆ دیاری دەکات و دەفەرمووێت: پێـوەی پابەنـد بـن، تـا ببێـتە مـۆرک و سـیمای تاک و کۆ و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەیان. لە قورئاندا هەست دەکەیت خوای گەورە بە تایبەت ئەم نوخبەیەی کاروانی خواویستی پەروەردە دەکات و دەیانکات بە کۆمەڵی خۆی و ناویان دەنێت «حزبی خوا». ئاڵای تەوحیدەکەیان پێ بەرز دەکاتەوە و حاکمێتیی خوایان پێ دەچەسپێنێت. تا وایان لێ دەکات سیما و سیفاتی تایبەت بە خۆیان زۆر تایبەتیان بۆ دەکـاتە خـاڵی جیـاوازی و بەراورد لە نێوان ئەوان و هەر هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێـژووی نەوەکـان! (ئا ئەم حاڵەتە، ئەم ئاڕاستە و پەروردەکـردنە، غەیـری موسـڵمانیش دەیبینێـت، بەڵام گرنگـی و کاریگەرێتییەکەی لە لای موسڵمانانە، چـونکە نمـوونەی پێشـڕەوێتی و پێشـەوایەتیی کـاروانی دیندارانیانە).

ئەم دیمەنانەی قورئان وێنەیەکی چەسپاو نین تا کۆن ببن، وێنای بزاوتی گۆڕانکاریی ناخ و واقیعن، بۆیە لە قورئانخوێندنـدا دیمەنەکـان بە بـزواوی دێـنە بەرچـاوان و دەبـنەوە هۆکـاری پەروەردەبوونەوەی تاک و کۆی موسڵمانان لەسەر هەمان مەنـهەج، ئەمە هێـزی زاتیـی خـودی ئیسلامەکەیە.

ئەم قورئانە بنەمای دید و بزاوت و ڕێسای ئاڕاستەکردنی پەروەردەیی خـۆی لەگەڵ خۆیـدا هێناوە، تا کۆمەڵە موسڵمانە سەرڕاستەکە بەو شـێوەیە داڕێژێـت کە شـیاوی هەڵگرتنـی پەیـامی

خواویستی بن. ئەم بنەما و ڕێسایانە ئێستاش وەکوو سەردەمی نەوەی یەکەمی موسڵمانەکان ماون و هەر وەکوو ئەوساش بۆ پەروەردەکردنی نوخبە خواویستییەکەی هەموو کات و شوێن و نەوەیەکی موسڵمانانە، ئەو ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە و ئەو جەنگەی ئیسلام لە جاهیلییەتی عەرەبی دیت، ئێستاش هەمان ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگە کە ئیسلام لە جاهیلییەتی سەردەمەوە دەیبینێت. ململانێی هەموو کات و شوێنێکە، تەنانەت دوژمنەکانیش کە ئیسلام بەرانبەر چەواشەکاری و حەملەی ڕیشەکێشکردنیان وەستابووەوە، ئێستاش هەمان دوژمنن، هەمان چەواشەکاری و فاکوفیک و هەمان حەملەی ڕیشەکێشکردنی ئیسلام و موسڵمانان دێتەوە ڕێی نوخبە خواویستەکەی سەردەم، ئەمانەی ئێستاش هەر ئەوانەی پێشوون، پیلان و نەخشەکانی ئەمانیش هەر ئەوانەی ئەوانە، شێواز و ئالیات و چۆنیەتییەکان دەگۆڕێن، بەڵام جەوهەر و حەقیقەت و سروشتی ململانێکە یەکە و ناگۆڕێت. بۆیە ئوممەتە موسڵمانەکە پێویستی بەردەوامی بە ئاڕاستە قورئانییەکە هەیە، تا بە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی گۆش بکرێت. نوخبە خواویستەکەی سەردەم -وەکوو نوخبەی خواویستیی هەموو کات و شوێن و نەوەیەکی موسڵمانان- پێویستی بە بنەما و ڕێسا قورئانییەکان هەیە، پێویستی بە حەقیقەتە عەقائیدییەکانە، تا دید و تێڕوانین و پێناسەکانی لا ببێتە بەڵگەنەویست. پێویستی بە بنەما و ڕێساکانە، تا بزاوت و هەڵوێستی قورئانیانە داڕێژێت  لە هەردوو لایەنەوە: لە لایەنی ژیانبینیی دید و تێڕوانین و، جیهانبینیی بزاوت و هەڵوێستی گۆڕانکاریی واقیعەکە، پێویستی بە ئاراستەی قورئانەکەیە تا ڕاست و دروست پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤی لا بچەسپێت، هەروەها بزاوت و ڕەوتی قورئانیانەشی بۆ ببێتە مەنهەجی گۆڕانکاریی خەڵکەکە. لە قورئانەکەدا مەشخەڵەکانی دید و ڕێ شارەزا دەبێت. لەم ڕوانگەوەیە کە قورئان پێشەوایە، ئاڕاستەوانە، ڕێنیشاندەری کاریگەریی دید و ڕەوتی ئوممەتەکەیەتی، ڕێنمایی عەقائیدیی ڕێبازی واقیعەکەیەتی، دەستووری تەواو و گشتگیریی بزاوتی گۆڕان و نەریتی کۆمەڵگە و سیستمی حوکمێتی، بنەمای دید و ڕێسای ڕەفتارکردنێتی لەگەڵ هەموو موفرەداتێکی گەردوون و ژیان و مرۆڤدا، لەگەڵ هەموو هێز و مەڵبەندێکی کۆمەڵکاری و ئینتیمایەکی دۆست و دوژمندا.

ئەم مەنهەجە خواییەی ئەو نەوە پاک و سەرڕاستەی یەکەمینی ئەم ئوممەتەی داڕشت کە

کۆمەڵکاری و بزاڤ و سەرکردایەتیی سەربەخۆی خۆیی هەبوو، ئێستاش شیاوی و ئامادەیی ئەوەی تێدایە نەوەیەکی نوێ بە کۆمەڵکاری و بزاڤ و سەرکردایەتییەکی سەربەخۆی خۆی داڕێژێتەوە، تاکە مەرجیش گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەکە، سەرچاوە تاکەکەی ئاڕاستە و پەروەردە بوون، ئەگەر نەوەی نوێ ڕاست دەکەن و خۆ بە موسڵمان دەزانن، دەبا بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە تاکە پاکە چاکەکە و بیکەنەوە بە تاکە مەنهەجی دید و ڕێ، مەنهەجی ژیانی واقیعی تاک و کۆ و بزاوتێکی واقیعیانەی گۆڕانکاری کۆمەڵگەکەیانی پێ داڕێژنەوە، نەک هەر بە قسەی زل و ئاوازی دەنگ کە نابێتە ڕەنگ و سەنگ.

قورئانی پیرۆز جۆرەها ڕێگا و شێواز و چۆنیەتیی ئاڕاستەکردنی گرتەبەر، بە جۆرەها شێوە و لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی گومانی دڵ و دەروون و هزر و هۆشی مرۆڤایەتی دەبووەوە، لە هەموو لایەکەوە ڕووناکی دەخستە سەر لادان و لاسەنگی و خاڵە لاوازەکانی، لە هەموو شاڕێک و کووچە و کەنارێکەوە دەهاتەوە بۆ دڵ و هزر و ویژدانی مرۆڤەکە تا دەیگۆڕی، هەموو جۆرە چارەسەرێکی دەگرتەبەر، تا کرمی دڵ و خۆرکەی گومان و گەندەڵی و کلۆری ویژدانی ڕادەماڵی، کاکڵەی دڵ و هزری پاک دەکردەوە و ئیمانەکەی تێدا دەڕواند. ئیسلام ئاوا بە دەیان و سەدان شێواز و چۆنیەتی و هۆکار، تەوحیدەکەی لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ناخی ویژدانەکاندا دەچەسپاند. ئەمانە هەمووی وەکوو خۆیان ماون و هەر لە قورئانەکەدان و وەکوو جارانیش چارەسەرن، ئەمە گەنجینەی پڕ لە ئەزموونی بانگەوازی خواییە و وا لەبەردەستدا، هەموو سات و کاتێک لە هەموو شوێن و جێیەک و بۆ هەموو حاڵەت و ڕووداوێک، بانگخوازان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەم خەزێنە بەرفراوانە پڕە و چارەسەری پڕاوپڕی واقیعەکەیانی لێ وەربگرن، ئەمە هەر هاندانی بانگخواز نییە تا بگەڕێتەوە سەر خەزێنەی ئەزموونی خواویستان لە قورئاندا، ئەمە ئەرکە، ئەمە بەرپرسێتییە، ئەمە تاکە ڕێی دین و دینداری و بانگەواز و کۆمەڵکارییە، بۆیە فەرزە بانگخوازی موسڵمان بەردەوام بە قورئانەکەیەوە پەیوەست بێت، لە هەموو حاڵەتێک و بۆ هەموو چارەسەرێک پێویستە بێتەوە سەر قورئان، لە بەرانبەر تین و فشار و تەوژم و تەکانی جاهیلییەتدا، لە کاتی هەستی ماندوویی و بێکەسی و ناسۆریدا، پێویستە بێتەوە سەر قورئانەکەی، لەم قورئانەدا لە ناخی

ڕۆح و ویژدان و دڵ و هزر و هۆشیدا هەست دەکـات هـاتووەتە بەر شـنەی ڕەحمەتـی خـوا و لەژێر سایەی لوتف و میهرەبانیی ئەو دایە، هەست دەکات خوای کـارزان و میهرەبـان دەسـتی ڕەحمەتی بەسەردا دەهێنێت، دەسـت لە پشـتی دەدات و بێخەمـی دەکـات. دڵنیـایی دەداتـێ و دەستی میهری خۆی بەسەر برینەکانیـدا دەهێنێـت و هەموویـانی بـۆ سـاڕێژ دەکـات، هەسـت دەکات خوای تاک و بێبـاک، خـوای پەنـای خواویسـتە چەوسـاوەکان، باوەشـی سـۆزی بـۆ کردووەتەوە و دەیلاوێنێـتەوە و غەم و پەژارەکـانی دەڕەوێنێـتەوە، تـین و فشـاری جـاهیلییەتی لەسـەر سـووک دەکـات، نمەی بـارانی هیـدایەتی خـۆیی بەسـەردا دەپرژێنێـت و مـتمانەی خواناسانەی تێدا زەرع دەکـات. لە تینـی گـڕەی قینـی جـاهیلییەتەوە خسـتوویێتییە بەر شـنەی ڕەحمەت و نەسیمی سۆز و میهـری بـێ سـنووری خـۆی. هەسـت دەکـات خـوای کـاربەجێ لەخۆی گرتووە و ئاگای لە هەمـوو بـزاوت و هەڵوێسـتەکانێتی و بە لـوتفی خـوایی و قەدەری ڕەهای خۆی پێی دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَا مُوسَىٰ ۝٤٠﴾ طه: ٤٠ !

ئەم قورئـانە پیـرۆز و پـاکە لە خیتـابی خـوای کردگـاری گەردوون و ژیـان و مـرۆڤ و لە ڕەحمەتی بێسنووری باڵا و بەرزی خـواییەوە هـاتووە تەڕ و پـاراو بە خەڵـکەکە دەفەرمووێـت: ئەمە بگرنەبەر و ئەو وەلکەن، ئەمە ڕێبازی منە و ئەمە بگرنەبەر، ئەوانەی تر ڕێچکەی بنبەستن توخنیـان مەکەون. ئـاخر ئێـوە هەر دەڕۆن و دەکەونە کەنـدەڵانەوە، دەی خـۆ ئەوە بەرنـامەی ڕێگاکەی منە، بە ئاڕاستەی ئەم و بەپێی تابلۆکانی ئەم بزاوت و هەڵوێست وەرگـرن. ئێـوە لاڕێ کەوتوون، لە گوناح و تاوانـدان، وەرنەوە لای مـن، تـۆبە بـکەن، دەروازەکـانی تـۆبەم بـۆ واڵا کردوون، خۆتـانی بگەیێننـێ، وەرنەوە کەنـاری خـۆم تەوەلا مەبـن، دوور مەکەونەوە، بێئومێـد مەبن و، لە ڕەحمەتی من ڕەشبین مەبـن، لە لێخۆشـبوونم هیـوابڕاو مەبـن، ڕەحمەتـی مـن هەر هەموو شتێکی وجوودی گرتووەتەوە، خۆتانی بگەیێننێ .تۆ، فلانە کەس، تۆ، بەڵـێ تـۆ، ئـاوات وت، بەڵام ئەوە هەڵە بوو، تۆ نییەتت وا بوو، بەڵام ئەو نییەتە خۆی لە خۆیـدا گونـاح بـوو، تـۆ ئاوات کرد، بەڵام ئەوە تاوان و سەرپێچی بوو، تۆ مەبەستت وا بوو، بەڵام ئەو مەبەستە خۆی لە خۆیدا لاڕێبوون و لە خوا یاخیبوون بوو، وا مەکەرەوە، وەرەوە پێش خۆم، تۆبە بکە، پـاکبەرەوە تا قبوولم بیت. بگەڕێرەوە سایەی من و کەناری من با بە میهرەبـانی و بەزەیـی خـۆم داتپۆشـم،

تۆش فڵان! ئەو کێشەی تێیکەوتوویت ئەوە چارەسەرەکەیەتی، ئەو پرسیارەی پێوەی گیرۆدەی، ئەوە وەڵامەکەیەتی، لای منە، ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامتداون ئەوە کێش و نرخیانە. (ئـاوا خوای گەورە ئەم عەبدە خواناسەی خـۆی دەدوێنێـت، ئـای چ گەورەیـیەکە، چ میهرەبـانییەکە خـوای گەورە بـۆ ئەم عەبـدە یـاخییە سەرکەشـەی خـۆیی دەردەبڕێـت و هەر دەیەوێـت دوور نەکەوێتەوە -سبحان الله-).

قورئان مەدرەسەی خواییە .خوای گەورە کە کردگاری ئەم مرۆڤەیە کە شارەزای هەسـت و نەست و پێچ و پەنا شاراوەکانی دڵ و دەروون و هەست و هۆش و ناخ و یژدانێتی؛ بەم قورئانە ئاڕاستەی دەکات، ئاڕاستەی بیناسـازیی نـاخ و پێکهێنـانی بـزاوت و گۆڕانکـاریی کـۆمەڵگە و دامەزراندنی حاکمێتیی دینەکەی دەکات، بانگخوازە سەرفراز و سەرکەوتووەکان لەم مەدرەسە خواییە دەرچوون، دڵ و دەروونیان لێرە پاڵفتە بوو، لێرەوە بۆ بانگەوازی خوا شیاوکران، قورئان ڕاستەوخۆ خۆیانی دوواند و گەشە و نەشـونمای پـێ کـردن، هـیچ شـتێک نەبـووە بەربەسـتی پێگەیانـدنیان، نە ماڵومنـداڵ و نە سـەرەوەت و سـامان، نە ڕاڕایـی و دوودڵـی و، نە گومـان و ختوورەی ئاخروئۆخر، ئەمە ڕاستییەکی تـری ئەم دینـەیە، کە دڵ و دەروونەکـان وا بـۆ خـوای گەورە دەسوڵحێنێت، کە بە قەدەری خوایی دەبزوون. هەر لاشە بەسەر زەمینەوەیە، دەنـا ڕۆح و دڵ و دەروون و هزر و هۆشی قاڵوقوڵبۆوەی خواویستی لەگەڵ ئاڕاستە خواییەکان دەبزوون، بە پێـوەری خـوایی دەپێـون، بە ئومێـدی ئەو دەبـزوون، لەسـەر ئەو بنەمـا و ڕێسـایانەی قورئـان داڕێژراون کە هەر هەموویان حەقیقەتی بەڵگەنەویسـتی وجـوودن، ئەمـانە زەمیـنەی داڕشـتنی دینـدارین، ئەمـانە کەشـی پەروەردەکـارین، ئەمـانە مـایەی گەشـە و نەشـونمای کەسـایەتیی بـانگخواز (داعـی)ی خواناسـن، خواناسـیش بەو مانـایە کە لە گەشـەی ڕۆح و ئاسـوودەیی دەروونـدایە، هەرچەندە جەستەی مەحرووم بووبێت لەوانەی خەڵکی وا دەزانن ئەوانە ئامانجی ژیانن!

ئەم قورئانە فورقانە، هەڵاوێری حەق و باتڵە، نیشـاندەری ڕێنمـایـی و گـومڕاییە، ناسـێنەری ڕێبازی خواویستی و ڕێچکەکانی فرەخـواییە. ئەم قورئـانە ڕۆشـنکاری مەنـهەجەکەی خـوای گەورە و دید و ڕێ و بەرنامە بەشەرییەکانە، قورئـانی پیـرۆز مەنهەجێکـی ڕۆشـنە و ئاشـکرا و

ڕاشکاو ئاڕاستەی ژیانی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو، مەنهەجێکە لە ناخدا دەچەسپێت و دەبێتە بزاوتێکی گۆڕانکاری تا کیانی واقیعیی خۆی لەسەر کەلاوەی جاهیلییەت بنیاتدەنێت. ئەم قورئانە بە هیچ کلۆجێک ناهێڵێت دید و ڕێی تر تێکەڵ بە مەنهەجەکەی خۆی بێت. هیچ بنەمایەکی فیکری و ڕێسایەکی قییەمی کە مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناوە ناگرێتە خۆ، ئەم قورئانە پەیامێکی نوێیە و لە هاتنەخوارەوەیەوە قۆناغێکی تری نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووەتە ئاراوە، قۆناغێکی تری تەواو نوێ: نوێ لە دید و تێڕوانین، لە هزر و هۆش و ناخی ویژداندا، هەروەکوو کە نوێیە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەدا: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَـٰلَمِينَ نَذِيرًا ۝١﴾ الفرقان: ١.

## ٢- ئەم قورئانە ئاڕاستەوانی تاک و کۆی دیندارانە:

ئەم قورئانە دید و تێڕوانینی عەقائیدیی موسڵمانان دادەڕێژێت، هەر وەکوو کە دڵ و دەروون و هزر و هۆشیان پارسەنگانە ئاڕاستە دەکات. ڕەفتار و ڕەوشتی ڕەسەنیان تێدا دادەڕێژێت، هەر وەکوو کە بارودۆخی ژیانی تاک و کۆیان ئاڕاستە دەکات. ئینجا کۆمەڵەی موسڵمانانیان لێ پێک دەهێنێت و دەستەجەمعی دەیانخاتە بزاوت و هەڵوێستوەرگرتن، بەرەی دوژمنیان پێ دەناسێنێت و شێواز و چۆنیەتییەکانی بزاوت و هەڵوێستیانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، تەنانەت بەدگومانی و ختوورەتی دڵیان و کینەی پەنهانیشیانیان بۆ دەردەخات، هۆشدارییان دەربارەی فاکوفیک و پیلانەکانیان دەداتێت. دوای ئەوەی ئیمان لە دڵیاندا دەچەسپێنێت و قەناعەتیان بە حەقیقەتە عەقائیدییەکان پێ دەکات و بەرچاویان ڕۆشن دەکات، جوامێرانە ڕووبەڕووی جەنگەکەیان دەکات و لەگەڵ هێزەکانی شیرک و کوفردا دەستەویەخەیان دەکاتەوە. ئاوا پێیان دەگەیەنێت. بەرەی بەرانبەریان بۆ دیاری دەکات و، هەر هەموو موفرەداتەکانی ئەو بەرەیە و چۆنیەتی بزاوت و ویست و مەبەستیان و سروشتی جەنگەکە و سروشتی شەڕەنگێزی و فیتنەچێتیی دوژمنەکانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەموو خاڵێکی هێز و لاوازی ئەوبەریان پێ دەناسێنێت.

قورئان موسڵمان دڵنیا دەکاتەوە کە خوای گەورە وەلیاندایە، بەرەی ئەمبەر خوایان

وەلدایە و بەرەی ئەوبەر هیچ. ئاوا هەموو لایەن و ڕەهەند و چۆنیەتیی ملمانێکە ڕوون دەکاتەوە.

ئەم قورئانە هەموو شتیکی تێدابوو، ئێستاش باسی هەموو پێداویستییەکی موسڵمانانی تێدایە، ئاڕاستەی ساتبەساتی بەرەکانی ململانێی موسڵمانانی تێدایە، بەرەی دڵ و دەروون و هزر و هۆش، بەرەی ویژدان و هەست و ئینتیمایان، بەرەی چەواشەکاری و شەڕی واتەوات و بەگەڕخستنی ورە و وزەیان، بەرەی جەنگی گەرم و ڕووبەڕووبوونەوەی ویست و غیرەت و جەستە، ئاوا بەردەوام قورئان ململانێکە نیشانی موسڵمانان دەدات و چۆنیەتیی بزاوت و هەڵوێستوەرگرتنیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. لە ناخی تاک تاکی کۆمەڵە موسڵمانەکەدا عەقیدە دادەڕێژێت، خواناسیی نوێیان فێر دەکات، دید و تێڕوانین و پێناسەی نوێی گەردوون و ژیان و مرۆڤیان دەداتێ، پێوەر و کێش و بەهای نوێیان نیشان دەدات، ڕێسای نوێی ڕەوشت و بنەمای نوێی فیکر و قییەم و دابونەریتی تریان دەخاتە بەردەست. سەرلەنوێ لە ڕوانگەیەکی نوێوە و لەسەر زەمینەیەکی نوێ دایاندەڕێژێتەوە. دوای ئەوەی لە جاهیلییەت پاکی کردوونەتەوە، هەموو مۆرک و سیمایەکی جاهیلییەتی لە ناخ و واقیعیاندا لاداوە. دەروونی تاکەکانیان پاڵفتە کردووە، هەر وەکوو کە کۆمەڵگەکەشیانی لە هەموو جۆرێکی ئینتیمای جاهیلییەت پاک کردووەتەوە!

دوای ئەم پاڵفتەکارییە؛ ئیسلامی لە ناخی تاک و واقیعی کۆمەڵگەکەیاندا ڕواندووە[١] کە ئاوا شیاو پەروەردەی کردن، ئینجا خستنیە ناو گۆنگەڵی جەنگ و جیدال و ململانێی سارد و گەرمەوە. هەر ئەم قورئانە بوو کە فەرماندەیەتیی ئەو جەنگ و ململانێ جۆراوجۆرەی دەکردن، فەرماندەیەتیی جەنگی ناخ (دژی شەیتان و نەفس و هەوا و هەوەسیان) و فەرماندەیەتیی جەنگی دەرەکی (شەڕی واتەوات و ململانێی خوێناوی)، چ بەرانبەر دوژمنی نزیک (تیرە و هۆزەکانی عەرەب)، چ بەرانبەر دوژمنی بەهێزی دوور (فارس و ڕۆم). ئاوا دوای پێکهێنان و جۆشدانی ورە و وزە لە بیناسازیی زاتییاندا، کردنی بەو هێزە عەقائیدی و ڕەوشتی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سەربازییەی هەر هەموو هێز و دەسەڵاتی شیرک و کوفر و جاهیلییەتی

(١) کە پێی دەوترێت (التخلية قبل التحلية)، واتە بەتاڵکردن (لە شیرک) پێش پڕکردنەوە (بە تەوحید) کە هەر (لا اله الا الله)کەیە، کە نەفیی (الآلهة، الأنداد، الأرباب، الطواغيت)ی کردووە و ئینجا بە (تەوحید)ەکە ناخ و واقیعی ئاوەدان کردووەتەوە.

عەرەب و ڕۆم و فارسی دایە بەرپاڵ و بە تەکان لایدان و بە دید و ڕێ و تاک وکۆ و کۆمەڵگە و دەسەڵاتیانەوە ڕایدان.

خاڵی هێز و هۆکاری سەرکەوتن و زاڵبوونی کۆمەڵە موسڵمانەکە بەسەر هەموو کۆمەڵگە و دەسەڵاتە جاهیلییەکاندا، ئەم هێز و باڵادەستییەی داڕشتنی تاک و کۆی موسڵمانەکە بوو. ئەم بونیادنانەوەی ڕۆحی و عەقائیدی و ڕەوشتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و تەنزیمیە بوو کە بەم مەنهەجە قورئانییە هاتە کایەوە. ئەمە خاڵی سەرەکیی نهێنی و ئاشکرای ئەو هێزە بەهێزە پاڵنەرە بوو کە تاک و کۆی ئەو بزاوت و کۆمەڵگە و دەسەڵاتە ئیسلامییەی گەیاندە ئەو لوتکەی زاڵبوون و باڵادەستییە کە هیچ هێزێکی دەوڵەتیش خۆی لەبەر لافاوی گوڕوتین و تەکانیاندا نەگرت. ئەم داڕشتنەوە نوێیە بووە مایەی ئەو هێزی زاڵبوونە، نەک هێزی سەربازی و ماددیی بەردەستیان.

بەم هێزە بەهێزەبوو کە ئەو کۆمەڵە موسڵمانە قورئانییە ئاوا بوونە شاڵاوی لادان و لافاوی ڕادان، سەرەتا لە هەموو نیوەدورگەی عەرەبدا و، پاشان بەرانبەر ئەو دوو ئیمپڕاتۆریەتە زەبەللاحەی کیسرا و قەیسەر کە هیچیان خۆیان بەرانبەر بەرەی ئیماندارانیان نەدەگرت. نە بەرانبەر بانگەواز و قورئانەکەیان، نە بەرانبەر جیهاد و شمشێرەکەیان. ئەگەر ئا ئەم هێزە بەهێزەی زاڵبوون و باڵادەستی قورئانیانەیان نەبووایە، چۆن ئەو بزاوتە موعجیزە ئاساییە لە مێژوودا دەهاتە دی؟

ڕاماڵینەوەی جاهیلییەت و لادانی شیرک و ڕادانی کوفر هەر بەم هاوکێشە قەدەرییە دەبێت، لە هەر کات و شوێنێکدا کۆمەڵێک موسڵمانی قورئانی بەو شێوەیەی نەوەی یەکەمی قورئان بێنەوە کایە؛ هەمان ئەنجام (بە ئیزنی خوا) دێتەوە دەست. هەبوونی کۆمەڵێک موسڵمانی ئاوا پەروەردەکراوی عەقائیدی و، سازاوی ڕۆحی و، دامەزراوی ڕەوشتی و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی خاوەن یەک ئاڕاستەی سەرکردایەتی و یەک نەخشەی ئامانج و ڕێی سەربازیی قورئانیانە؛ زەمانی بەدەستهێنانەوەی ئەو هێزە زاڵ و باڵادەستە -کە جاهیلییەتی پێ دەڕمێنرێت و بە ئیزنی خوا سیما و مۆرک و سیفاتی لە ناخ و واقیعدا مەفح دەکرێتەوە- دەشێت دووپات ببێتەوە بۆ ئەم پێشەکی و ئەنجامەیە کە دەبینین قورئانی پیرۆز هەر (عەقیدە) و

(عیبادەت) بە موسڵمانان نادات، هەر فێری ڕەفتاری پارسەنگ و ڕەوشتی بەرزیان ناکات، وەکوو هەندێک کەسی ساویلکە حاڵی بوون، بەڵکوو قورئان ئاڕاستەی هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات، پێناسە و ڕا و حوکمی لەسەر هەموو ڕەفتارێکی ژیانی مرۆڤ هەیە، تاک بن، یان کۆ. ئەم قورئانە ئەوە لە تاکی موسڵمان و لە کۆمەڵگەی موسڵمان قبووڵ ناکات لایەنێکی ژیانیان دوور لە ئیسلام داڕێژن، لانیکەم دەبێت هەر هەموو ڕەفتارێکی بزاوت و سرەوتیان بەپێی ئاڕاستەکانی ئیسلام بێت، ئەگەرنا ئیمان و ئیسلامەکەیان کامەیە و لە کوێدایە؟

ئەم قورئانە بۆ ئەوە هاتووە تا هزر و ویژدان و ڕەوشت ئاڕاستە بکات، بۆ ئەوە هاتووە ئوممەتێکی موسڵمان پێک بهێنێت و، ڕۆڵی خۆی لە ململانێی بووندا بۆ ڕوون بکاتەوە و، ئەرکی گەیاندنی بانگەوازە خواییەکەی پێ بسپێرێت، بەرەی ململانێی بۆ هەڵاوێرێت و سروشتی بەرەی کوفر و سروشتی دوژمنان و چۆنیەتیی نەخشە و پلان و پیلانیان ڕوون بکاتەوە. قورئان بۆ ئەوە هاتووە ڕێی ڕاست نیشانی ئەم ئوممەتە موسڵمانە بدات، بە هەموو بەربەست و کەند و کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێیەوە، ڕێ و ڕێچکە جاهیلییەکانیشی پێ بناسێنێت، بەو هەموو کەندەڵان و تەڵە و داوەوە کە تێیدا شاراوە دانراوە، تا هەر یەکە لەم ئوممەتە خواویستە خۆی و کۆمەڵگەی خۆی بناسێت و دوژمنی خوا و دوژمنەکانی خۆشیان بناسێت. خوای گەورە لە هەموو لایەکەوە عەقیدە و شەریعەتەکەی بۆ تەواو کردوون،[١] وەک دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ المائدة: ٣، واتا:[٢] «ئەمڕۆ دینەکەم بۆ کامڵ کردن و، هەموو نیعمەتی خۆمم بە تەواوی بەسەرتاندا ڕشت و، ڕازیم کە ئیسلام بەرنامەی ژیانتان بێت». ئا بەم وەسفە خواییەی سیفەتی ئیسلام پێناسەی پڕاوپڕی قورئانەکەش تەواو بوو کە قورئان گەنجینەی هەموو ئاڕاستەکانی بکات و شوێن و نەوەکانە و وەڵامی پێویستی هەموو پرسیارەکانی دید و ڕەوت و بزاوت و سرەوتی تاک و کۆی موسڵمانانە، هەروەها ئەو

(١) موسڵمانان ئەو دڵنیاییەیان لا دروست بوو کە ئیتر دینەکە گشتگیرە و ئەحکامی هەموو لایەنێکی ژیانی گرتۆتەوە، ئەمە هەر کامڵبوونی (عەقیدەت) و (عیبادەت) و (شەریعەت)ـەکە نییە، ئەمە کامڵبوونی (ئوممەت) و (بانگەواز) و (بزاوت)ـەکەشە. وشەی (ئوممەت)ـیش هەر زاراوەی مەدەنییە و پێشتر (السابقون) و (المهاجرون) و (الأنصار) و هاوشێوەیان بەکارهات.

(٢) بێگومان تەفسیرکردنی ئایەتەکان هی منن نەک هی سەید قوتب یان ئەحمەد فائیز، بۆ زانینتان. (وەرگێر).

شەریعەتەی لە کاتی هاتنەخوارەوەی وەحیدا حاکمییتیی لەدەستدا بوو (بە یاساداڕشتن و حوکمڕانی و داوەریپێکردنەوە) و گونجاوی حاکمێتیی بوو، لە هەموو کات و شوێنێکی غەیری ئەو کات و شوێنەی یەکمجاریدا هەر گونجاوە بۆی. خوای گەورە شاهێدیی لەسەر ئەمە داوە کە ئەم دینە شیاوی ئاراستەی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسڵمانانە و خوای گەورەش بەمە ڕازی بووە. غەیری ئەو دینەشی پێ قبووڵ نییە بکرێتە بەرنامەی ئاراستەی تاک و کۆی هیچ کۆمەڵگە و دەوڵەتێک. ئەحکامە تەفسیلییەکان و ڕێسا و بنەما سەرەکییەکانی ئەم دینە بۆ ئەوە هاتوون هەتاهەتایە بمێننەوە و سەروەرێتیی یاسا و باڵادەستیی حوکم و ئاراستەی کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسڵمانی پێ بکرێت (جگە ئەمەش شیرک و کوفر و جاهیلییەتە و قبووڵ نییە)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥﴾ آل عمران: ٨٥، واتا: «هەر کەسێک غەیری ئیسلام بکاتە دید و ڕێباز و بەرنامە، بە هیچ کلۆجێک لێی قبووڵ ناکرێت و سەرەنجامیش ئەوەیە کە لە ڕیزی زەرەرمەندان‌دا دەبێت».

ئەحکامە تەفسیلییەکان و ڕێسا و بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام بۆ ئەوە هاتوون و بەردەوام دەمێنن، تا ژیانی مرۆڤایەتی بەپێی ئەوان دابڕێژرێت، لە هەموو کات و شوێنێکی سەرزەمین و لە هەموو نەوەیەکی موسڵمانان‌دا، هەتا ڕۆژی قیامەت کەس بۆی نییە لەو ئەحکامانە دەربچێت، کەس بۆی نییە ژیانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بە غەیری ئەو ئەحکامانە ئاراستە بکات، مەگەر لە بازنەی دین و ئوممەتدا نەمابێت (ئەوکاتە کەیفی خۆیەتی و خۆی تەحەمولی بەرپرسێتیی دونیا و قیامەتی خۆی دەکات).

خوای گەورە ئەم مرۆڤەی دروست کردووە و ژیانی پێ بەخشیوە و ناردویەتییە سەر ئەم زەمینە و شارەزای خەلقکردنێتی و، دەزانێت چی لە بەرژەوەندییەتی، بۆیە ئەم قورئانەی بۆ ناردووە، خوای گەورە ئەم دینەی بۆ هەڵبژاردووە، بەم دینە ڕازیبووە و بەس، کە ئەم هەموو ئەحکام و ڕێسا و بنەما شەرعیانەی لەخۆ گرتووە، کە دەبنە قانوونی ژیانی هەموو نەوەیەکی موسڵمانان، لە هەموو کات و شوێنێکدا، لەبەر ئەمەیە کە ناشێت بوترێت ئەو شەریعەتە کە لە زەمانی وەحییدا داڕێژراوە شیاوی ئەم زەمانە نییە، ئەو کەسەی وا دەڵێت خۆی لە خوای گەورە

بە زاناتر دەزانێت و زۆر بە جورئەتەوە (بێ ئەدەبانە) دەڵێت: کە من دەزانم و خوا نەیزانیوە (نعوذ بالله)، کەسێک وا بڵێت، لافی ئەوە لێ دەدات کە گوایە ئەو لە خوای گەورە چاکتر دەزانێت بەرژەوەندیی خەڵکی لە کوێدایە! ئەو پەی بە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و پێداویستییەکانی دەبات، نەک خوای گەورە (نعوذ بالله). کەس نییە باوەڕی بە خوا هەبێت و وا بڵێت. موسڵمان لە بەردەم ئەم ئایەتەدا: ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ المائدة: ٣، ملکەچانە دەوەستێت و سەرنج لەو ڕازیبوونەی خوای گەورە دەدات، هەست بە لوتف و بەزەیی و میهرەبانیی خوای گەورە دەکات کە ئەم دینەی بۆ هەڵبژاردووە، هەست بە فەزڵ و مەرحەمەت و گەورەیی خوای کارزان و کارجوان دەکات کە ئەم دینەی بۆ کامڵکردووە و نیعمەتەکانی بۆ تەواوکردووە و دینەکەی بۆ گەیاندۆتە کۆتا ئاست و پلە و تەواوێتی و پێی بەخشیوە.[1] موسڵمان ئاوا لەم ڕازیبوونە دەڕوانێت و تەسلیمی دەبێت، ئەمما ئەو کەسەی کە پێی وایە ئەو شەریعەت و ئەحکامانەی دینەکە، ئەو ڕێسا و بنەمایانەی ئیسلام -کە لەسەردەمی وەحییدا دایڕشتن- نوقسانن و ئەم دەبێت تەواویان بکات؛ ئەمە ڕەفتار (گوفتار و کردار)ی موسڵمان نییە، ئەمە ڕەفتاری ئیبلیسە کە وتی: ﴿أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ الأعراف: ١٢، واتا: «من لە ئادەم باشترم». بە مانایەکی تر: تۆ نازانیت و من دەزانم! ئیدی کێ لەم کەسە گەلۆرتر و کەللەپوتترە کە دینێک ڕەت دەکاتەوە کە خوای گەورە پێی ڕازی بووە؟! کێ لەم چاوقایمە کافرتر و نەزانتر و یاخیترە کە ئەحکام و ڕێسا و بنەمای شەریعەتێک دەخاتە کەنارەوە کە خوای گەورە بە زانایی و توانایی خۆی بۆ مرۆڤایەتی کردووە بە دید و ڕێ و بەرنامە؟! ئەم خۆی چییە کە ئاوا لە خۆی بایی بووە؟ بە کەیفی خۆی بەرنامە وەردەگرێت و ڕەتی دەکات؟! یا بە کافرێتی هەر دید و ڕێ و بەرنامەیەک هەڵدەبژێرێت بیگرێتەبەر، خۆی ئازادە و بەرپرسێتییەکە دەکەوێتەوە ئەستۆی خۆی، ئەمما دینەکەی خوا بە موسڵمانان ڕەتکاتەوە، ئەوە دید و هەڵوێستێکە کە لە دونیا و قیامەتدا موسڵمانان لێی قبووڵ ناکەن. ئەگەر ئەو لەگەڵ ئەم یاخیبوون و شەقاوەیەتییەی خۆیدا هەر خۆی بە موسڵمان بزانێت و شەریعەتی خوا لادات و هەوا وهەوەسی خۆی، یان

---

(١) نیعمەتەکانی: (عەقیدەت) و (عیبادەت) و (شەریعەت)، نیعمەتەکانی: (مەنهەج) و (ئوممەت) و (بزاڤ)ـەکەی، نیعمەتەکانی (خیلافەت) و (دەستوور) و (دارولئیسلام)ـەکەی.

دید و بۆچوونی مرۆڤیتری وەکوو خۆی بکاتە دەستوور و قانوون و بەسەر موسڵمانانیدا بدات، ئەوە بە هیچ شێوەیەک قبووڵ نییە، نە لە دونیادا و نە لە قیامەتدا، نە لە حوکمڕانیدا و نە لە غەیری حوکمڕانیدا، مومکینیش نییە خۆی و لایەنگرانی هەر بە موسڵمان حسێب بن. ئەستەمە!

ئەم قورئانە مامۆستا و ڕێنیشاندەر و ئاڕاستەوانی تاک و کۆی ئەم ئوممەتەیە، ڕابەر و سەردار و فەرماندەی بزاوتێتی، دەسەڵاتدار و حاکم و سەروەری کۆمەڵگە و دەوڵەتێتی، تەعلیماتی ڕۆژانەی پەروەردەبوون و گەشە و نەشونمای پێگەیاندنی تاک و کۆیانە. ناسێنەری بەرەکانی کوفر و پیلان و نەخشە و پلانیانە. قورئان ئاوا پێشەوایەتی کردووە و هەر ئاواش خواناسی و خواپەرستی و حاکمێتیی خوای گەورە بە خەڵکی دەناسێنێتەوە و پێشەوایەتییان لە هەموو کات و شوێنێکدا دەکاتەوە.

ئەگەر ئەم ئوممەتە ڕاوێژی بە قورئانەکەی بکردایە و گوێبیستی ئاڕاستەکانی ببوایە و ئەحکام و ڕێسا و بنەما شەرعییەکانی لە ژیانیدا بچەسپاندایە، چۆن دوژمنەکانی بەسەریدا زاڵ دەبوون؟ چۆن زەلیل و زەبوون و پەرتەوازە دەکەوت؟ ئەم ئەنجامە دژوارەی ئێستای (موسڵمانان) بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و بەیعەتەکەیانە -کە بە خوای گەورەیان دابوو، کە دینەکەت وەردەگرین و کاری پێ دەکەین و دەیچەسپێنین-، بەڵام وەلیان کرد، دینەکەیان کردە شتێکی ئیزافیی لاوەکی! قورئانەکەیان کردە ئاوازی کۆڕ و چێژی بیستن، کردیانە نوشتە و سەما و لەنجەی دەروێشی. ئیتر ئاوای لێ هات کە لێی هات! ئەمانیش ئاوایان لێ هات کە لێیان هات! ئوممەت دەستەپاچە و زەبوون کەوت، پەرتەوازە و سەرگەردان و وێڵ کەوت. بە دووی کاروانی ئوممەتانەوەیە (بۆ نان، بۆ ژیان، بۆ ڕۆشنبیری، بۆ دید و ڕێباز و بەرنامە! بۆ مافی بوون!) دوای ئەوەی کە ئاڕاستەوانی گەلان بوو، سەرکردەی مرۆڤایەتی بوو، هەر هەموو خێر و بێری سەرزەمین دەهاتە بەیتولمالەکەیەوە! تەنها ڕێگایەک کە دەمانباتەوە سەر ئەو تەمکین و دەسەڵات و سەروەرییە؛ ئەم پەیامەی نوورە خواویستییەکەیە، کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت: ﴿قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ ۚ قَدْ جَاءَكُم مِّنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ

صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿١٦﴾ المائدة: ١٥ - ١٦، واتا: «بەڕاستی ڕووناکیتان لە خوای گەورەوە بۆ هاتووە، لەگەڵ پەیامێکی ڕۆشن و ئاشکرادا کە خوای گەورە دەیکاتە مایەی ڕێنیشاندانی ئەو کەسانەی خۆی دەیەوێت هیدایەتیان بدات و، لەسەر ڕێبازی سەرفرازی و سەلامەتی و مەنهەجی پارسەنگی خۆی ڕایانگرێت و جێگیریان بکات. دەیەوێت لە تاریکییەکانەوە (لە هەڵدێر و جێمەترسیی فەوتان و بەفەتارەتچوونەوە) دەستیان بگرێت و بەرەو نووری خۆیان بهێنێت و بە ڕێبازی ڕاستیی خۆی و پەیامی ڕەوای خۆی تووشی هەموو خێر و خۆشی و کامەرانییەکیان بکات»[1].

ئای ئێستا ئێمە چەند پێویستیمان بە زانین و پەیبردنەوە بەم حەقیقەتە هەیە. نەک هەر لەبەر موحتاجێتیی خۆمان، لەبەر ئەو مرۆڤایەتییەش کە جاهیلییەتی سەردەم تووشی سەدان ناسۆر و کارەساتی کردووە. سەدان شەڕوشۆڕ و گرانی و نەداری، شەڕی واتەوات و چەواشەکاری، شەڕی ناخی تاک و کۆ و واقیعی مرۆڤایەتیی پڕ چەوسانەوە و کوێرەوەری و کۆڵەواری. ئای ئێستا ئێمە چەند پێویستیمان بە پەیبردنەوە بەم حەقیقەتە عەقائیدییانە هەیە. ئێمەیەک کە چەندین سەدە لە ئەمان و سروەت و ئاشتیی ئەم دینەدا ژیاین و دوایی کەوتینە بەر حەملەی شەڕخوازی و فیتنەچێتی و بزربوون، کە ڕۆح و دڵ و هزری پێنەهێشتین و ڕەفتاری دیندارانەی پێ جێهێشتین، ڕەوشتی بەرز و قیبەمی پارسەنگ و دابونەریتی جوامێرییانەی پێ فڕێداین و، کۆمەڵگە و دەسەڵاتمانی لەتوپەت و نامۆ کرد کە دەمانتوانی دەست بەدینەکەی خواوە بگرین و ئیسلامەکە بکەینە دید و ڕێباز و بەرنامە و ئەو دینەی خوای گەورە بۆی هەڵبژاردین و پێی ڕازی بوو بۆمان لە ژیانی تاک و کۆماندا بیچەسپێنین، تا شایانی (سبل السلام) و ڕەزامەندیی خوای گەورە بووینایە.

ئەم قورئانە پەیامی ئەم بانگەوازەیە، دەستووری بزاوت و هەڵوێستی هۆکار و ئالییەتی کۆمەڵکارییەتی، ڕۆح و هزر لەم قورئانەدا ئۆقرە دەگرن، دڵ و دەروون لێرەدا ستار دەگرن، هزر و هۆش و ویژدان و هەست لێرەدا خۆ دەدۆزنەوە، ئارامی و هێمنی و پارسەنگیی هەموو کەینوونەتی مرۆڤ لێرەدا دابین دەبێت. ئەم قورئانە چارەسەری هەموو کێشەیەکە، وەڵامی

---

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر، چاپی یەک، بەرگی (دارالمعرفة)ی لوبنان /چ ٤ / ٢٠١٠ (ل ٤٥١).

هەموو پرسیارێکە، ئاڕاستەی پڕاوپڕ شیاوی هەموو بزاوت و سرەوتێکە. بۆیە نابێت داعییەکانی ڕێی خواویستی پێش وەرگرتنی ئەم قورئانە لا بکەن بە لای هیچ سەرچاوەیەکی ترەوە. دەبێت هەر لە قورئانەکەوە فێر بن کە چۆن و بۆچی و بۆ کوێ خەڵکی بانگهێشتی ئەم ئیسلامە دەکەین؟ لەم قورئانەوە و هەر بەم قورئانە دەبێت ڕۆحە پەژموردەکان و دڵە ڕەقەکان و هزرە چەقبەستووەکان بدوێنرێن، تا هەمووان بە بانگەوازیی ئەم قورئانە ڕاچەنن و ببوژێنەوە.

ئەوی ئەم قورئانەی بە وەحی ناردووە هەر خوای گەورە و مەزنە خوای کردگاری ئەم مرۆڤەیە. خوای زانا و شارەزا بە سروشتی پێکهاتەی مرۆڤ، ئاگاداری هەست و نەست و ختوورەی دڵ و هزر و هۆشی. ئاگادار لە پێچاوپێچی نەفس و ئینفعالاتێتی.

داعییەکانی ڕێگەی خواویستی -بەپێی ئەم مەنهەجە وەحییە خواییە- دەبێت لە ناساندنی خوای گەورەوە دەست پێ بکەنەوە، ناساندنی پەروەردگارێتی و خاوەنێتی و ژیاندن و مراندن و ڕۆزیدان و. هتد، لە خوایەتیی خوای گەورە (بە پەرستنی بە دڵ و زمان و کردار) و، لە حاکمێتیی خوای گەورەوە (لە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردندا)، دەبێت هەر بە شێوەی قورئانیش دڵ و هزر و ویژدان بدوێنن و بەرەو خواناسینیان بهێنن، تا خوا بناسن و بیپەرستن و تەسلیمی دەسەڵاتی ببن و دینەکەی وەرگرن. تا ببنە عەبدی سەرڕاست و دینداری ئەو و بەس.

## ٣ - ژیان لەژێر سایەی قورئاندا:

ئەم قورئانە پیرۆزە دابەزیە ناو دڵ و دەروونی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا ئوممەتێکی پێ پەروەردە بکات و دەوڵەتێکی پێ دابمەزرێنێت، تا کۆمەڵگەیەکی پێ پێک بهێنێت و دڵ و هزر و ویژدان و ڕەوشتی خەڵکی پێ پاڵفتە بکات و، وا دایانڕێژێتەوە کە شیاوی بانگەوازی خواییان بکات. ئەم ئوممەتەش کە وەحییەکەی دەبینی دەسبەجێ لە پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەردەگرت و هەموو نەخشە و پلانێکی بزاوت و هەڵوێستی خۆیی بە گوێرەی ئاڕاستەی قورئانەکە ڕێک دەخست، بەپێی تەعلیماتی قورئانەکە هەڵوێستی بەرانبەر تاکوکۆی خەڵکی وەردەگرت، بەپێی ئاماژەی ئەم قورئانە دەبزوت. ئەم قورئانە

ئامۆژگاری بوو، ڕێنیشاندەر و پێشڕەو و پێشەوای بوو، بـۆیە ئـوممەتەکە نەدەبەزی، لە گـوڕی بەرەوپێشچوون و بەرزبوونەوە خاوەنەدەبووەوە، لە چالاکیی بانگەواز و ئامادەسـازی و جیهـاد سست نەدەبوو، هەستی بەرپرسێتیی دونیا و قیامەتی لاواز نەدەبوو، چونکە قەنـاعەتی تەواوی بەوە بوو کە لە ململانێی دوژمنانی ئەم دینەدایە و ئەوی سـەرکردایەتی و فەرمانـدەیەتی بەرەی ئیمان دەکات پێغەمبەری خوایە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کە لەژێر چاودێریی خوای باڵادەستدا بڕاوت و هەڵوێست و چۆنیەتییەکان دیاری دەکات. سەرکردایەتییەکە بە نووری وەحی دەبزوێت و لەژێر سەرپەرشتی وەحییەکەشدا دەبزوێنێت. دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خواش (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئەم قەناعەتەی شل نەبوو، لەوە هەر دڵنیا بوو کە بە ئاڕاسـتەکانی وەحـی خـوایی دەجووڵێـت، بانگەواز و جیهاد و دەوڵەتسازییەکەی هەر بەپێی ئەحکام و ڕێسا و بنەماکانی شـەریعەتەکەی خـوایە. ئـا ئەم هەسـت و قەنـاعەتەیە کە دەبێـت ئەمـڕۆش لە نـاخی داعییەکانـدا بـڕوێتەوە. خواویسـتیانی سـەردەمیش دەبێـت وا هەسـت بـکەن کە ئەو ئاڕاسـتانەی وەحـی خـوایی -کە (قورئان و سووننەتـ)ـە و لەبەردەستیاندایە- دەبێـت بـڕاوت و هەڵوێسـتیان بـۆ دیـاری بکـات، دەبێـت هەڵوێسـتی عەقائیـدییەکانی ئەم دیـنە وا بگـرنەوەبەر هەر وەکـوو ئەوەی کە ئـا ئێسـتا وەحییەکەیان بۆ دابەزیوە و داوای گرتنەبەری ئەو هەڵوێستەیان لێ دەکات، تـا هەڵوێسـتیان لە خەڵکـی ئەمـڕۆ، لە دیـد و تێـڕوانین و ڕەفتـار و ڕەوشـت و دابونەریـت و هەسـت و هـۆش و بڕاوت و هەڵوێست و کۆمەڵکاری و ئینتیـما و کـۆمەڵگە و دەوڵەتـانی سـەردەم قورئـانی بێـت، ئەمڕۆ و سبەینێ، تـا کۆتـایی ژیـانی دونیـا هەر ئەمەیـان لـێ داواکـراوە و هەر ئەمەشـیان لـێ چاوەڕوان کراوە.

خوای گەورە کە ئەم ئوممەتەی بە وەحیی خـۆی و چـاودێری و ئـاودێریی پێغەمـبەرەکەی خۆی (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) گۆش کرد و کـردی بە باشـترین نەتەوەی نمـوونەیی کە لە مرۆڤایەتیـدا هاتبێتە بەرهەم: ﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ ﴾ آل عمران: ١١٠، واتا: «ئێوە باشترین ئوممەت بـوون لە دونیای خەڵکیدا بەرهەمێنران». ئەم بەرهەمهێنانەی ئـوممەتەکەی بـۆ ئەوە بـوو کە شـیاوی بکـات، تـا بەرپرسـێتییەکی زۆر گەورەی پـێ بسـپێرێت، تـا ئەمـانەتی خـوایی خـۆیی بخـاتە بەردەست، کە دین و مەنهەجەکەیەتی، تا وەریبگرێت و پێوەی پابەند ببێـت و، بـانگەوازەکەی

هەڵبگرێـت و کـۆمەڵگەکەی پێـک بهێنێـت و دەوڵەتەکەی پـێ دابمەزرێنێـت. هەر بـۆیە ئـاوا پەروەردەی کـرد کە هــیچ گەل و نەتەوە و هـۆز و ئـوممەتێکیتر لە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا وا پەروەردە نەبووبوو، واش پەروەردە نابێتەوە تـا قیـامەت، هەر دەبـوو ڕاهێنـانێکی ئـاوا زۆر بەم ئوممەتە بکرێت، مەشقێکی زۆری پێ بدرێت، لەسەر زۆر ڕێسا و بنەما ڕابهێنرێت و ئاڕاسـتە و چاودێریی بزاوتە قورئانییەکەی بکرێت، هەر دەبوو ئاوا ماوەی گۆشـکردن و ئامـادەکردنەکەی درێژە بکێشـێت و بە جۆرەهـا شـێوازی تـاقیکردنەوە دابڕێژرێـت. هەر دەبـوو بەو شـێوە پـاکە سەرڕاسـتە لە جـاهیلییەت داشـۆرێت، هەر دەبـوو لەو دۆڵ و بنـدۆڵ و چـاڵەی جـاهیلییەوە سەریبخاتە سـەر ئەو لـوتکە هەرە بەرزەی ئیسـلام، هەر دەبـوو ئـاوا دیـدی ڕوون و تێڕوانینـی ڕۆشن و ئاسۆی بیر و عەقیدەکەی فراوانتر بکرێـت، تـا جیهـانبینیی ئیسـلامەکەی ئیسـتیعاب بکات، هەر دەبوو هەست و هۆش و ئینتیمای ئاوا ساف بکاتەوە کە بە هیچ کلۆجێـک دڵـی بـۆ ئینتیمای جاهیلییەتی پێشـووی نەجووڵێـت. هەر دەبـوو ڕەفتـار و ڕەوشـتی ئەوەنـدە پارسـەنگ داڕێژرێت کە ئینفیعالاتی زاتیی لاسـەنگی نەکـات و هـیچ ڕەفتـارێکی بـۆ زاتـی خـۆی ئەنجـام نەدات. هەر دەبوو ئاوا ویست و ئیرادەی بۆ خوا بێت و بزاوت و سرەوتی بۆ خوا بسوڵحێت کە بە توانایی و دانایی و لێوەشاوەیی ئەو ئەمـانەتە خـواییە هەڵگرێـت و لە پێناویـدا تەحەمـوولی هەموو شتێک بکات کە دێتە ڕێی. هەر دەبوو ئاوا هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆی بە ئاڕاستەی ڕاست و ڕەوای ئەم دینە دابڕێژرێت و بەس، هەر دەبوو ئەوەندە ڕاسـت و دروسـت و ڕێک و ڕەوا بێتە بەرهەم، کە شـایانی ئەوە بێـت خـوای گەورە بفەرموویـت: ئەمـانە ئەنـدامانی ئوممەتی تەوحیدن. ئەمانە حزبەکەی منن، ئەمانە بەرەو لوتکەی ڕاقیبـوونی مرۆڤـایەتی، بەرەو (أحسن تقويم) بەرزبوونەتەوە. ئەمانە وایان لێ هاتووە بە تەرازووی خوایی دەکێشن و غەیری پێوەری خواییشیان قبووڵ نییە.

ئەمە نموونەی ئەو ئوممەتە بوو کە خوای گەورە دەخوازێـت لە هەمـوو کـات و شـوێنێکدا هەبن، لەناو هەموو نەوەیەکی موسڵماندا نموونەیەکی لەو چواو، یان نزیک لەو پێک بهێنرێـت، تا لە هەر کات و شوێن و نەوەیەکـدا تەماشـای باتـڵ کـرا، کە خـۆی فشـکردووەتەوە و بـاڵی دەسەڵاتدارێتی ستەم ڕادەوەشێنێت و دەستدرێژی دەکاتە سـەر ئەم و ئەو و خـۆی بە گەورە و

بەهێز نیشان دەدات، لەم کات و شوێن و حاڵەتەدا سەیری تاک تـاکی ئەم ئـوممەتە موسـڵمانە بکرێت کە بە دید و تێڕوانین و پێناسەی دینی خوا دەبینێت، بەپێی ئەحکـام و ڕێسـا و بنەمـای شەریعەتی خوا بزاوت و هەڵوێست دەگرێتەبەر. لەو کاتەی خەڵک تاساو و ترساوی بەردەستی (تاغووتـ)ـانە، ئەندامانی ئەم ئوممەتە -هەرچەندە لەژێر قەهر و سـتەم و مەحرومێتیـدان- بەڵام دلێر و نەبەز و جوامێرن، چاونەترسـن و بزاوتـی عەقائیـدییانەیان بەردەوامە. نە دەمیـان تەتەڵە دەکات و نە دەستیان دەلەرزێت و نە ئەژنۆیان شل دەبێت، حەق دەناسن و دەیناسێنن، پێوەر و تەرازووی خواویستی ناشێوێنن، پشکی نەفسی خۆیان نییە و ئەوەندە پابەندی دیـنەکەی خـوا بوون دینەکەیان لەبەرچاوی خەڵکی کردووەتە داعییەکی چوسـت و چـالاک و موجاهیـدێکی پشوودرێژ و بێباک.

ئەمانەش شیاوی هەڵگرتنی پەیامی خوایی بوون. هەرچەندە وەحیـیش نەمـاوە! چـونکە بە هەمان ئاڕاستەی قورئان گۆشکراون و دید و بزاوت و هەڵوێستیان عەقائیدی بوو.

خوای پەروەردگار ئەم ئوممەتەی بە مەنهەجی ئەم قورئـانە پەروەردە کـرد، تـا گەیشـتە ئەو ئاسـتەی کە ئیـتر شـیاوی ئەوە بـوو ڕاسـپاردە خـواییەکەی بـدرێتێ، نەک هەر لە (عەقیـدە و عیبادەتـ)ـیدا، نەک هەر لە نییەت و مەبەست و نیازیـدا کە پـاڵفتە بـووە و بـۆ خـوا تەرخـانە، بەڵکوو لە هەمـوو لایەنەکـانی ژیـانی سـەرزەمینیدا. خـوای گەورە زانیـی ئەم ئـوممەتە چـاکە گەیشـتووەتە ئاسـتێکی وا بڵنـد کە کـاریگەریی ژیـان: تەمـاع و حەزی هەبـوون، حەزی خاوەندارێتی و دەسەڵات، حەزی خۆنواندن و دەرکەوتنی تێدا نەماوە. ئەمانە لەخۆ داشۆراون. بەرژەوەندیی خۆیان و ماڵ و منداڵ و ئوممەتەکەیان لە غەیری سەرخستنی دینەکەیاندا نابینن، هیچ هەوڵێکیان بۆ خۆیان نەماوە و هەمیشە هۆشیان لای دینەکەیانە.

ئەم قورئانە ئاوا ئەم ئوممەتە خواناسە سەرڕاستەی ئاڕاستە کرد. خوای گەورە زانیی ئەمـانە لە ڕووی دید و تێڕوانینی عەقائیدییانەوە دامەزراون، لە هەست و هـۆش و ئیتیمایانـدا بـۆ خـوا ساغ بوونەتەوە، ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتیان هەر هەمووی چەسپاندنی دینەکەیە. بـزاوت و هەڵوێستیان لەناو ماڵومنداڵ و لە بازاڕ و سەفەر و لە داوەری و حوکمڕانیاندا بە تەواوی بەپێی ئەحکامی شەریعەتەکەی خوایە، خوای گەورە زانیی ئەمـانە شـیاوی پـایەدارکردنی دیـنەکە و

چەسپاندنی شەرعەکە و ڕێبەرێتیی مرۆڤایەتی بوون لە بەرەوخواچووندا، ئەمانە شـایانی ئەوەن پێشەوایەتیی خەڵکی سەرزەمین بکەن، چونکە بە غەیری ئەم دینە نابزوێن و بۆ غەیری خـوای خاوەنیشیان ناسرەون.

ئەمانە شایانی ئەم وەسفە ئەبەدییەن: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ﴾ آل عمران: ١١٠، واتا: «ئێوە باشترین ئوممەت بوون لە دونیای خەڵکیدا بەرهەمێنران».

خوای پەروەردگاری بە توانـا و زاڵ و بە دەسـەڵات، بە قەدەری مەحکەمـی خـۆی ئەوەی ویستی بەم ئوممەتە پاک و چاکە هێنایە دی. ئوممەتێک لە واقیعی ژیانی کۆمەڵکارییاندا دینی خوایان کردە ئاڕاستەوانی کۆمەڵگە و سەرووەری یاسا و حوکمڕانیی دەوڵەت. بوونە ئەو نمـوونە باڵایەی کە مرۆڤـایەتی چـاوی لـێ نەتروکانـدووە و بەردەوام لە هەوڵـدایە کە نمـوونەیەکی وا دامەزرێنێـتەوە بـا بچـووکیش بێـت کە بە یـارمەتی خـوای کـاربەجێ و چـاودێر دەتوانێـت بە شێوەیەکی لەوچوو -إن شاء الله- بهێنێتەوە کایەوە.

لەبەر ئـا ئەمەیە کە دەڵێـین: دەبێـت لەژێـر سـایەی ئەم قورئـانەدا بـژین، لەبەر ڕۆشـنایی ئاڕاستەکانی قورئاندا هەنگاو هەڵهێنیـنەوە. ژیـان لەژێـر سـایەی قورئانـدا هەر بریتـی نییە لە خوێندن و لێکۆڵینەوەی. ژیان لە سایەی قورئانـدا واتـا ژیـان بە قورئـان و بـزاوت بە قورئـان، ئەمەش بریتییە لە ژیانی کەسـێک لە بـارودۆخ و کەش و بزاوتـی ململانێـدا، لە هۆشـداری و سڵکردنەوە و وریاییدا، لە بایەخدان و سووربوون و ئیهماڵنەکردندا وەکوو ساتەکانی ژیانی ئەو یـاوەرە بەڕێـزانە بێـت کە لە زەمـانی هـاتنەخوارەوەی وەحییـدا ژیـان، ژیـانی ململانـێ و ڕووبەڕووبوونەوەی جاهیلییەت، لە هەموو سات و ئانێکی شەو و ڕۆژدا، هەست بە دژایەتی ئەم جـاهیلییەتە بکـات کە سەراسـەری زەمینـی گرتـووەتەوە، لە ناخیـدا بجۆشـێت، لە هەسـتیدا بخرۆشێت، لە بزاوت و هەڵوێستیدا خـۆی سەرڕاسـتانە بە خـوای خـۆی بفرۆشـێت، خەمـی دینەکەی لەبەر بێت، دینەکەی لە خـۆدا چەسپاندبێت، پێـوەی پابەنـد بێـت، هەوڵـی زیـاتری تێگەیشتن و پێوەپابەندبوون و کاربۆکردنی بدات. ئیسلام لە ناخی خۆیدا پایەدار بکـات، تـا لە ناخی خەڵکیشدا بیروێنێت، غیرەتی بۆ ئیسلامەکە بجوڵێت، تا بتوانێت خەڵـکەکەش بـۆ دیـن و

دینداری هان بدات، بوێرانە، دلێرانە، جوامێرانە بەرگری لە ئیسلامەکە بکات، تا بتوانێت ورە و وزەی کەسانی تری بۆ بخاتە گەڕ، ئیسلام بدرەوشێنێتەوە تـا بتوانێـت داوا لە خەڵکـیش بکـات پێوەی پابەند بن و پاسەوانی بن و بانگەوازەکەی بـڵاو بـکەنەوە. وا بزانێـت کە لە سـەنگەری بەرگری لە ئیسلام و هەڵمەتبردندایە بـۆ سـەر جـاهیلییەت، بـۆ سـەر دیـد و بیـر و تێـڕوانین و پێناسەی، بۆ سەر ڕەفتار و ڕەوشـت و قییەمـی، بـۆ سـەر دابـونەریتی کـۆمەڵایەتی، بـۆ سـەر دەستوور و ئیدارە و دەسەڵاتی جـاهیلییەت. هەمـوو سـاتێکی تیرگـرتنە جـاهیلییەت بێـت و لە هەموو ئانێکیدا لە بواری کردەوەییدا تیرێکی جاهیلییەت ڕەت بکـاتەوە، لەڕەفتـاری ڕۆژانەیـدا هەست بە تین و فشار و دوژمندارێتیی جاهیلییەت بکات و خۆ لەبەر لەمپەر و بەربەستەکانیدا ڕابگرێت. پشوودرێژ و بەئارام و خۆڕاگر بێـت، تـا بە خەڵکیـتریش بڵـی سـەبر لەسـەر تـین و تەوژمی جاهیلییەت بگرن. لە هەموو ساتێکدا، لە واقیعی حاڵدا، هەست بکات و نیشان بـدات کە لە ڕەنجی بانگەواز و هەوڵی بیناکاریی ئـوممەت و جوهـد و جیهـاددایە و سـوورە لەسـەر بەزانـدنی جـاهیلییەت و لادانـی شـیرک و ڕادانـی کـوفر. بە ئومێـد و هیـوا و گەشـبینییەوە قۆناغەکانی ڕێ ببڕێت و لە پشتیوانی خوای خاوەنی دڵنیـا بێـت و بەڵێنـی خـوای گەورەی لا (یەقین) بێت.

ئەمەیە ژیان لە ژێر سایەی قورئاندا. ئەوەیە ژیان بە قورئان و بەپێی ئاڕاستەی قورئان. ئـاوا چێژ لەم قورئانە دەکرێت. ئاوا کە لەم ململانێی ڕۆژانەی جـاهیلییەدا هەسـت دەکرێـت کە ئەم قورئـانە دەڵێـی ئێسـتا دێـتە خـوارەوە. ئاڕاسـتەکانی تەڕ و بەل و پـاراون و، ڕێنیشـاندانی هەنگاوبەهەنگاوی داعیی خواویستی تێدایە. ئاوا هەسـت دەکرێـت کە دەڵێـی ئایەتەکـانی بـۆ ڕووداوەکانی سەردەم دادەبەزن. لە کارپێکردنیدا هەست بە کاریگەری دەکرێت. ئەوانەی ئـاوا لەگەڵ قورئاندا نین و ئاوا لە سایەیدا ناژین و ئاڕاستەکانی وەکوو ئامۆژگـاری و دیـاریکردنی بـزاوت و هەڵوێسـت وەرنـاگرن، دوورن لە قورئـان! هەرچەنـد لە دیراسـاتی قورئانیـدا قاڵوقوڵبووبنەوە و شارەزای زانستەکانی قورئان بـووبن؛ هەر لە حەقیقەتـی بزاوتـی قورئـانی و بزاوت بە قورئانەکەوە دوورن. تەنها ئەو کەسە لە واقیعدا ئاڕاستەی قورئان تەڕ و پاراو دەبینێت کە بە بـزاوت و هەڵوێسـتی قورئـانی ڕووبەڕووی جـاهیلییەت بـووەتەوە و لە ململانێیەکـی بـێ

ئامانیدایە.

وشە، واتای حەقیقەتی خۆی لە دڵێکدا دەچەسپێت کە لە ڕوویدا واڵا بێت، کاریگەری لەسەر هزرێک دەبێت کە لە دووریی عەودالّ بێت و قبووڵی بکات. وشەکانی ئەم قورئانە ئاوان. خۆ بە دڵێکدا ناکەن کراوە نەبێت، لەگەڵ هزرێکدا ڕەفتار ناکەن چەقبەستوو و داخراو بێت. ئەم قورئانە کلیلی گەنجینەی نهێنییەکانی خۆی هەروا ئاسان ناداتە کەسێک کە لاوەکی گوێی لە قورئان گرتبێت، یان وەکوو ئاوازی دەنگخۆشێتی لەگەڵیدا هەژا بێت! ئەم قورئانە بەرهەمی خۆی بەو کەسانە دەدات کە لە ناخی دڵ و دەروونیاندا باوەڕیان پێی هێناوە و هزر و هۆشیان ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات و ویژدانیان پێی دەخرۆشێت (ئێ ئەمە لە کوێ و ئەو کەسە لە کوێ کە دینەکە دەفرۆشێت!).

لە چەندین یاوەری عەزیزی پێغەمبەری خواوە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هاتووە کە فەرموویانە: پێش ئەوەی قورئانمان فێر بکرێت (ئیمان)ـمان پێ دەوترایەوە. فێری ئیمان دەبووین پێش ئەوەی فێری قورئان ببین. ئاخر ئا ئەو ئیمانە بوو چێژی قورئانەکەی پێدەدان، لە ڕوانگەی ئەو ئیمانەوە دەیانڕوانییە حەقیقەتە ڕەهاکانی قورئان، بۆیە دەگەیشتنە »یەقین))«، ڕاستیی ئەم حەقیقەتانە لایان دەبوو بە بەڵگەنەویست. ئینجا ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ قورئانەکەدا دەکرد بەو سیفەتەی کە هەر هەموو وشە و ڕستەی ئایەتەکانی حەقیقەت و بەڵگەنەویستن. ئەم ڕەفتارکردنە لەگەڵ قورئاندا -بەو سیفەتەی کە حەقیقەتی بێسنووری وجوودن و هەموویان بەڵگەنەویستن- بووە مایەی خەلقبوونی ئەو پاڵنەرە ئیمانییە موعجیزە ئاسایەی هەر یەکەیانی کردە قەدەری خوای گەورە و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو هەموو ئاکارەی پێ هێنانەدی کە بە تەمەنی چەندین نەوەی تری موسڵمانان نەهاتەوە دی .ئەو نەوە دەگمەنە نایابە قورئانییەی سەردەمانی وەحی، شیرینیی ئیمان و قورئانەکەی دەچێشت، نووری ئیمان و قورئانی بۆ دەبووە ڕۆشنی و بەرچاوڕوونیی ڕێگا، ئاڕاستەکانی قورئانی بۆ دەبووە نیشانەی ناسینەوە و هەڵاوێردن و لێکجوداکردنەوەی حەق و باتڵ. بۆیان بووبووە فورقان و کوفر و ئیمان، شیرک و تەوحید، جاهیلییەت و ئیسلامیان پێ لەیەکتری جیا دەکردەوە.

بەم فورقانە یەکسەر دەیانزانی ئەمە هەوایە و ئەوە تەقوایە، ئەو کەسەی باوەڕی وەکوو ئەو

یاوەرانە بەم قورئانە نەهێناوە، چۆن ئەو فورقانەی هەروا دەست دەکەوێت؟! ئەو کەسەی ئیمان و قورئانی لێ نەبووەتە «لازم و مەلزومـ»ـی یەکتری چۆن بەمیـان ئەویـان بەهێـز دەکـات، یـان ئەویان بەمیان پتەو دەکات. یـاوەران بە هـۆی قورئـانەکەوە ئیمانیـان هێنـا، بەڵام هەر بە هـۆی پتەوی و جێگیریی ئیمانەکەوە لە قورئانەکە تێگەشتن و لایان بووە بەڵگەنەویستـی دیـد و ڕێ و حەقیقەتی بێسنووری پێناسـەی عەقائیـدییەکان. ئەم ئـیمانە و ئەم ناسـاندنەی ئـیمان بە قورئـان سەرچاوەی ئاڕاستە و پەروەرد بکەن. تەنها قورئانیش ڕێی ئەو ئیمانە بەهێـزەیە: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾ البقرة: ٢، ئەمە ئەو کتێبەیە کە بە هیچ کلۆجێک، بە هیچ شێوە و چۆنیەتی و ڕادە و بڕێک، گومانی تێدا نییە.

## ئەم قورئانە مایەی ڕێنمایی دیندارانی سەرڕاست و تەقواکارانە:

ئەم نەوە دەگمەنەی قورئان -یاوەران- ئاوا ئیمانیان هێنـا و ئـاواش قورئانیـان وەرگـرت، بەم قورئانە دەژیان، بەم قورئانە دەبزوتن و بۆ ئەو ئیمان و قورئانەش دەژیان و دەمـردن، بـۆیە ئـاوا دەگمەن و بێوێنە دەرچوون. لە هەموو مێژوودا نموونەیان پەیدا نەبووەوە، نمـوونەی نەوەیەکـی قورئانی وا زۆر و کاریگەر. بەڵێ بە درێژایی مێژووی ئیسلام تاکی ئیمانـدار و تێگەیشـتوو زۆر هاتن و چوون، بەڵام ڕووی نەدایەوە کە وەکوو نەوەی یاوەران زۆر و لە یەک کـات و شـوێندا بێنەوە وجوود. تاک زۆر هاتن و بە هەمان دید و ڕێ پەروەردە بوون و بە شوێنپێی یاوەراندا بۆ لوتکەی ڕاقیبوون پێ هەڵگەران، بەڵام تا دونیا دونیا بێت تەنها نەوەی یاوەران نموونەی دیاری ئەو لوتکە بەرزەن، کە هەموو موسڵمانێک خـۆی دەکوتێـت تـا لە کەنـاری بڵنـدی کەسـایەتیی ئەوان نزیك ببێتەوە.

ئەوەی ئەو نەوە نموونەییەی ئاڕاستە کرد هەر وەکوو خۆی ماوە و سەرچاوەیە، کە قورئانی پیـرۆزە هیچـی تـری هـاوڕێ نەبـووە، جـگە لە سـیرە و سـوننەتی پـاکی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە هەر لەو سـەرچاوە قورئـانییەوەیە ئەو نەوە نمـوونەییە لەبەردەسـتی ئەو پێغەمبەرە پێشەوایەدا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هـاتە بەرهەم. ئەوە ئاڕاسـتەی ئەم قورئـانە بـوو، کە ئـاوا خەڵکی جاهیلییەتی لە دۆڵی قووڵ و بێبنی جاهیلییەتەوە دەرهێنا و پلە بە پلە و ئاست بە ئاست

بەرزی دەکردنەوە و بەم (ئیمان) و (قورئانـ)ـە دەیگەیاندنە کۆتا پلەی ترۆپکی نموونەیی، قۆناغ بە قۆناغ، ئاسان و لەبار، نەرمونیان و بە ماوەیەکی کەم. ئای چەنـد زەروورییـە ئەو داعییـانەی دەخوازن ئەو ئەرکە ئەدا بکەنەوە کە ئەو نەوە قورئانییە ئەدای کـرد، کە وردەکـارانە سـەرنجی ئەم پەروەردە و ئاراستەبوونە بە (ئیمان) و (قورئان) بدەن، تا (مەنهەجـ)ـەکە ئیستیعاب بـکەن و پێ بە پێ بە شوێنپێی ئەوانـدا بـڕۆنەوە و بەم قورئـانە بـژین، بـۆ ئەم قورئـانە و لە سـایەی ئەم قورئانەدا بژین و نەهێڵن هیچ دید و تێڕوانین و پێناسـەیەکی بەشـەری، هـیچ تیـۆر و ڕێسـا و بنەمایەکی فیکری بەشـەری تـێکەڵ بەم سـەرچاوە ڕەسـەنە ببێـت، تـا دڵ و دەروون و هـزر و هۆش و ویژدان و هەستیان پاک و شیاوی وەرگرتنی پەیامەکەی قورئان ببێت، با لەوەش غافڵ نەبن کە ئەم قورئانە خۆ هەر بۆ نەوەی یەکەمـی موسـڵمانان نەهـاتووە، بـۆ نەوەی موسـڵمانانی هەموو کات و شوێنێکە، ڕێسا ئوسوڵییەکەش ڕەچاو بکرێـت کە دەفەرمووێـت: **(الْعِـبْرَةُ بِعُمُـومِ اللَّفْظِ لَا بِخُصُوصِ السَّـبَبِ:** حـوکم لە مانـای گشـتیی دەسـتەواژەکەوە وەردەگیرێـت نەک لە تایبەتمەندیی هۆکاری هاتنەکەوە).

ئەم قورئـانە، هەر ئەو قورئـانەی زەمـانی وەحیـیە و بـۆ ئەوەش هـاتووە کە ئـوممەتێکی موسڵمانی عەقائیدیی پێ پەروەردە بێـت، تـا بتوانێـت ڕووبەڕووی جـاهیلییەتی کـات و شـوێنی خـۆی ببێـتەوە، جـاهیلییەتی مرۆڤـایەتی لە هەر قۆنـاغ و لە هەر نەوەیەک و لە هەر کـات و شوێن و حاڵەتێکیاندا بن، ئەم قورئانەی کە مەنهەجی ئەو نەوە دەگمەنە بوو کە لە دۆڵی بێبنـی جاهیلییەتەوە خەڵکی هێنایە سەرەوە و گەیانـدنییە کۆتـا پـلەی لـوتکەی ڕاقیبـوونی مـرۆڤ، بە هەمان شێوە )مەنهەجـ(ـی هەموو کۆمەڵە مرۆڤێکـی تریشـە کە بخوازێـت لە دۆڵـی تاریـک و چڕ و جەنجاڵی جاهیلییەتەوە بە (ئیمان) و (قورئان) بەرز ببێتەوە بۆ ترۆپکی بڵندی ڕاقیبوونەکە. ئەوە (مەنهەجـ)ـە حەقەکە و ئەمەش حەقیـانەتی هـاتنەخوارەوەی و حەقێتـی بەڵێنەکـانی: ﴿وَبِٱلۡحَقِّ أَنزَلۡنَٰهُ وَبِٱلۡحَقِّ نَزَلَۗ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ١٠٥ وَقُرۡءَانٗا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡثٖ وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيلٗا ١٠٦﴾ الإسراء: ١٠٥ - ١٠٦، واتا: «ئەم قورئانە -کە حەقە و هەموو حەقیقەتێکـی لەخـۆ گرتـووە- ئێمە بۆمان ناردوویتە خوارەوە، ناردنەکەشی حەقە و هیچ لارووێری و هەڵە و گومـانێکی تێـدا نییە کە بۆ تۆمان ناردووە، تا موژدەدەر و هۆشدەر بیت و خەڵکی لە دینەکە ئاگادار بکەیتەوە و

حەزەری ئەوەیـان بـدەیتێ کە ئەگەر وەرینەگـرن بەر غەزەبـی خـوا دەکەون. ئەم قورئانەمـان وەحییە و بۆمان ناردوویتە خوارەوە. سەرەتا لە لەوحولمەحفـوزەوە بـۆ ئاسـمانی دونیـا و پاشـان لەوێوە بەپێی پێویسـتی ئـوممەت و بـزاوتەکە هـاتووەتە خـوارەوە. تـۆش هێـدی و لەسـەرخۆ، پشوودرێژانە تێیانگەیەنە لێی. پۆلە ئایەت لە دوای پۆلە ئایەت بۆت هاتووەتە خوارەوە».

ئەم قورئانە بۆ ئەوە هـات ئوممەتێـک پەروەردە بکـات و سیسـتەمێکی تـایبەتی حـاکمێتی لەسـەر زەمینـدا دابمەزرێنێـت کە ئەم ئـوممەتە مەنـهەج و پەیـامەکەی هەڵبگـرن و، بە هەر چوارلای سەرزەمینی بگەیەنن و مرۆڤایەتیی فێر بکەن کە سیستمی حوکمی وڵاتیان لەسەر ئەو مەنهەجە کامڵ و تەواو و گشتگیرە دابمەزرێنن. کاریگەریی ئەم پەروەردەبوونەبوو وای کرد کە دەستووری قۆناغ بە قۆناغەی ئوممەت هەر شەریعەتەکەی ئەم مەنـهەجە بێـت کە ئایەتەکـانی قورئانیش ئاوا پۆل پۆل دەهاتنە خوارێ، تا هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گۆڕانکـاریی کـۆمەڵگەدا بێت و وەڵامی پێداویستییە واقیعییەکانیان بە چارەسـەری واقیعییـانە بـداتەوە، هەر دەبـوو ئەم پەروەردەبوونەش توول بکێشێت، چونکە سروشتی پەروەردەبوون وایە، گەشە و نەشونماکردنە، بە تایبەتی کە ئیسـلام دەیویسـت موسـڵمانان بە ڕووداوەکـان و ئاڕاسـتەی وەحیـیەکە پەروەردە بکات. ئەمەش ئەزموونی زۆر و جۆراوجۆر و پشوودرێژی دەخواست. ئەم قورئانە ئاوا وەجـبە وەجـبە دەهــات تــا بە ئاڕاســتەیەکی کردەوەیــی شــیاو و شایســتە هەنگــاو بە هەنگــاوی پەروەردەکردنەکە -کە قۆناغ بە قۆناغ بوو- ئاوا ببڕێت، نەک بە شێوەیەکی تیۆری (نەزەری) کە بخوێنرێت، یان گوێی لێ بگیرێت و کە تەواو خـوێنرا بخـرێتە کـار، ئەمە شـێوازی پەروەردە و ئاڕاستەی قورئان نییە، قورئان هەر وەکوو خۆی کە بێوێنەیە، شێوەی پەروەردەکردنەکەشی هەر وایە، بێوێنەیە و تایبەتمەنـدێتیی خـۆی هەیە. نەوەی یەکەمـی ئەم ئـوممەتە پەییـان بەوە بـرد و زانیان کە هەر وەجبە ئایەتێکیان کە بۆ دێت، ئاڕاستەی حاڵەت و ڕووداو و قۆناغێکە کە دەبێت وەری بگرن و بیچەسپێنن و تەواو پێوەی پابەند بن، ئینجا پۆلێکی تریـان لە قورئـان بـۆ دێـت، هەر واشیان ڕەفتار بە قورئان و لەگەڵ قورئانەکەدا کرد، ئەوەی بۆیان دەهـات: فەرمـان بـووایە یان بەرهەڵستی، فەرز بوایە یان ڕاپەڕاندنی خۆبەخشانە، ئاداب بووایە یـان مـاف، دەسـتبەجێ وەریان دەگرت و بێ چەندوچوون، بێ سستی و تەمبەڵی یەکسەر وەریان دەگرت و جێبەجێیان

دەکــرد، نەیاندەهێشــت کەس بیکــاتە شــەوچەرەی موناقەشــە و تەوەری باســی تیۆرییــانە و تــاوتوێکردنی هەر وەکــوو کە شــیعر و ئەدەب و پەخشــانەکانی خۆیانیــان دەکــردە تەوەری موناقەشە و جێباسـی کۆڕەکانیـان، چیرۆکـی قورئانیـان وەردەگـرت، بەڵام دەشـیانزانی ئەمە لە جۆری چیرۆک و داستانەکانی ناوخۆیان نییە کە دەماودەم گێڕاویـانەتەوە، بەڵکـوو دەیـانزانی ئەمە قورئانە، ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە، فەرمانە و ڕاپەڕاندن دەخوازێت، ئیـدی خۆیـان لەبەردا ڕاست دەکردەوە، دید و تێڕوانین و پێناسەیان بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ، بۆ شـەیتان و جنۆکە و پەری، یان ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان پێ ڕاسـت دەکـردەوە، یــان بــزاوت و هەڵوێســت و ئینتــیما، دۆســتایەتی و دوژمنــایەتی، یــان ئەحکــام و ڕێســاکانی ڕێکخستنی ژیانیان لێ وەردەگـرت و ژیانیـان بەپێـی ئەو ئایەتـانە ڕێـک دەخسـتەوە. هەرچـی شتێکیش لەگەڵ ئەم قورئانەدا یەکی نەگرتایەتەوە تووڕیانهەڵـدەدا و نەیاندەهێشـت نە لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێت، نە لە هزر و هۆشیاندا، نەیاندەهێشت زارۆکیشیان بە ڕەفتـارێکەوە پابەنـد بێت کە قورئان پەسەندی نەکردبێت. نەیاندەهێشت هیچ ڕەفتار و ڕەوشت و بەها و نەریتێک لە واقیعیاندا بمێنێت ئەگەر ئیسلام بە سیما و مۆرکی جاهیلییانەی ناساندبا، ئاوا ئیمانیان وەردەگرت و پێـوەی پابەنـد دەبـوون، ئینجـا قورئانەکەیـان وەردەگـرت و پێـیەوە دەکەوتـنە بـزاوت و هەڵوێستنواندن، تا ئەو پۆلە ئایەتانەشیان بە تەواوی لە خۆیـان وماڵومنـداڵ و دەوروبەریانـدا نەچەسپاندایە، نەدەچوونە سەر پۆلە ئایەتێکی تر، وەکوو ئیبنوو مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: "هەریەکەمان دە ئایەتی وەردەگـرت، تـا فێـری واتاکـان و ئەحکـامی نەبووایـا و هەمووی جێبەجێ نەکردایە، نەدەچووە سەر دە ئایەتی تر".

ئەم قورئانە ئاوایە، کەس چێژی حەقیقیی خۆیی لێ ناکات ئەگەر نەیخاتەوە هەمان دۆخی ململانێ و جەنگ و جیدالی جاهیلییەتەوە، چـونکە قورئـان خـۆی لە بـارودۆخ و کەشـی وادا هــاتووە و ئاڕاسـتەی بـزاوت و هەڵوێسـتی ململانێـی کـردووە، بـۆیە ئەو کەسـانەی لە پـاڵەوە دیراسەی قورئان دەکەن و بە دانیشتانەوە لە زانستەکانی دەکۆڵنەوە و لەبەر سێبەر دەیخـوێنن، بێـئەوەی بـیخەنە مەیـدانی ململانێـی کـوفر و ئـیمان و جـاهیلییەت و ئیسـلام، لە هەسـتێکی ساردوسڕی خۆشحاڵبوون بە قورئان هیچی تـری لێـوە فێـر نـابن، چـونکە هـیچ حەقیقەتێکـی

قورئانی بۆ کەسی حەواوەی بەر سێبەر دەرناکەوێت و هیچ نهێنییەکی بۆ ئەو کەسانە دەرناکەوێت کە لەژێر سێبەری تاغوتاندا حەواوەن و لە کەشی عەبدیێتی بۆ غەیری خودا بەئارامی دەژین. ئەوانە لە کوێ و بزاوت بەم قورئانە لە کوێ؟!

## ٤- بنەما و ڕێسا دیاریکراوەکانی بانگەوازی خوایی:

ئەم قورئانە بنەما و ڕێسای دیاریکراوی خۆی هەیە کە دەیەوێت بە شوێنکەوتووانی خۆیانی بناسێنێت، تا لە چوارچێوەی ئەواندا حەقیقەتەکانی نیشان بدەنەوە. هەروەها شێواز و هۆکار و ڕێگا و چۆنیەتی خۆی هەیە کە دەخوازێت شوێنکەوتووەکانی لە ناساندنی بەرنامە و بانگەوازی خواییدا بیگرنە بەر. ئەمانە هەموویان ئەو مەنهەجەن کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕوون کردووەتەوە و جەنابیشی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێوەی پابەبەند بوو، کۆمەڵکارییەکی ئوممەتی و بزاوتێکی گۆڕانکاریی ڕیشەیی پێ هێنایە کایەوە. ئەم مەنهەجی بانگەوازە قورئانییە و ئەو کۆمەڵکارییە ئوممەتییە سوننەتییە، بوونە پەیڕەو و پرۆگرامی کارکردنی یاوەران و داعییانی ئوممەتی موسڵمان. هەر ئەم مەنهەج و پەیڕەوەی کۆمەڵکاریی ئوممەتە قورئان و سوننەتییە بوو کە بووە دەستووری بانگەوازی خوایی، ئێمەش دەبێت پێوەی پابەند بین. ئەم دەستورە پڕە لە حەقیقەتی تری بەڵگەنەویست لە بوارەکانی کۆمەڵکاری: «بیناسازی ئوممەت و چۆنیەتیی بزاوت و هەڵوێست».[1]

با سەرنج بدەینە یەکێک لەم حەقیقەتە کاریگەرانەی کۆمەڵکاریی ئوممەتی موسڵمان لە بانگەوازەکەیدا: ﴿ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ

---

(١) **عەقیدەکە:** حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکانی دید و تێڕوانینی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و خالق و مەخلوق نیشان دەدەن. هەروەها **عیبادەتەکان:** فەرزێتی عەبدایەتییەکە ڕوون دەکەنەوە کە حەقیقەتی ئەرکی موسڵمانە. **شەریعەتەکەش:** حەقیقەتەکانی حاکمێتیی خوای گەورە دەچەسپێنن. ئەم دەستوورەی بانگەوازیش لێرەدا هەر وەکوو چۆنیەتییەکانی پێکەوەنانی **(ئوممەتی موسڵمان)** و شێوازەکانی **(کۆمەڵکاری)** و **(بزاف)** و بوارەکانی ململانێی نێوان بەرەی کوفر و بەرەی ئیمان وا نیشان دەدەن کە حەقیقەتی تری بەڵگەنەویستن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾ النحل: ١٢٥ - ١٢٨، واتـــا: «دانايـــانه و به ئامۆژگاریی جوان خەڵکی بانگهێشت بکە بۆ ڕێبازی خوای پەروەردگارت و بە شێوەیەکی جوان گفتوگۆیان لەگەڵدا بکە. خوای پەروەردگارت دەزانێت کێ ڕێبازەکەی وەرناگرێت و خۆی گومڕا دەهێڵێتەوە، هەر وەکوو کە دەشزانێت کە کێن ئەوانەی کە هیدایەتەکەیان وەرگرتووە و کەوتوونەتە سەر ڕێبازی ڕاست. ئەگەر سزاتاندا، با هەر بە ڕادە و بڕی خراپەکارییەکە بێت کە بەرانبەرتان کراوە، ئەگەر ئارام و خۆگر بن و هەق نەسێننەوە، ئەوە بەڕاستی چاکترە بۆ بەئارام و خۆگران. ئارام بگرە، بشزانە کە ئارامگرتنەکەشت هەر بە ویستی خوای گەورەیە. خەمیان لێ مەخۆ، لەوەش دڵتەنگ نەبیت کە پیلانت لێ دەکەن، دڵنیا بە خوای گەورە وەل ئەو کەسانەدایە کە تەقواکارن و ئەوانەش کە خێرەوومەند و پیاوچاکن».(١)

**بانگەواز:** بانگهێشتی خەڵکییە بۆ دینداری، بۆ قبووڵکردن و پابەندبوونیان بە دینە ڕاست و ڕەواکەی خوای گەورەوە، نەک بۆ لای داعیەکە خۆی، یان بۆ عەشیرەت و گەل و نەتەوەکەی. بانگهێشتکردنی خەڵکەکەش بە شێوەیەکی نەرمونیان و دانایی دەبێت کە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دەوروبەر و حاڵەتی کەسەکە و ڕادە و بڕی تێدابوونی ئامادەیی بۆ وەرگرتنی حەقیقەتەکانی دین و پابەندی دینداری، تا ئەرکیان لەسەر قورس نەبێت، چونکە زەروورییە دڵودەروون و هزر و هۆش و ویژدان و ویستی بەرانبەرەکە وردە وردە بەرەو ئاستەکانی ئامادەسازی ئاڕاستە بکرێت، تا لە هەر ئاستێکی پێگەیشتنیدا بێت، ئاڕاستەی پێویستی ئەو ئاست و قۆناغە وەربگرێت و پێوەی پابەند بێت. بۆ ئەم داناییە چەندەها شێوەی دواندن و نیشاندانی هەمەلایەنەی حەقیقەتەکان دەخوازێت کە زەروورییە داعی شارەزایان بێت و خۆشی پارسەنگانە ڕەفتار بکات، نەک هەڵەشە و هەڵچووانە، یان حەماسەت و جوامێری وای لێ بکات پەلە لە هەنگاوهەڵهێنانەوەی کۆمەڵکارییەکە بکات، ئەوە داناییەکەی لەدەست دەدات. هەروەها ڕەچاوکردنی ئامۆژگاری و دواندنی هێدی و ئادابی جوانی گفتوگۆ، تا ئاسان جێی بانگەوازەکەی لە دڵی بەرانبەرەکەدا بکاتەوە و نەرمونیان بەرەو پابەندی زیاتری بهێنێت. ئەم شێوازە جوانە هزر دەبزوێنێت و دڵ دەهێنێتە سەر هۆش و هەست دەخرۆشێنێت،

---

١() بڕوانە پاشکۆی ئەم بڕگەیە، پێشتر بیخوێنەوە تا لەم بنەمایەی چوارەمی بانگەوازەکە زیاتر تێبگەیت (إن شاء الله).

ئەم دواندنەی هـزر و دڵ و هەسـت بەم شـێوەیە -بە یـارمەتی خـوای گەورە- دەبێـتە پـاڵنەری وەڵامدانەوەی بانگەوازەکە و بەدەمەوەهاتنی داعی و بانگهێشتەکەی، بـۆیە زەروورییـە داعـی پارسەنگانە بانگەوازەکە بڵاو بکاتەوە و نەهێڵێـت حەز و تـرس و سـڵکردنەوە و سـووربوون و پەلەکاریی خۆی تێکەڵ ببێـت، چـونکە ئەمـانە زۆر جـار کـاریگەری خـراپ لە دڵ و هـزر و ویژدان و هەستی بەرانبەرەکەدا دروست دەکەن، کە کەم جار هەیە دەری ببڕێت، بەڵکـوو هەر بە شاراوەیی لە ناخی بەرانبەرەکەدا دەمێنێتەوە و گومانباشییەکەی لێ دەشێوێت! بۆیە ناشـێت داعی توندوتیژ بێت، ناشێت بە شێوەی سەرزەنشت و گلەیـی و ڕەخنەکـاری ڕێـی خواویسـتی نیشان بدات، ناشێت هەموو جارێک هەڵەکانی بەچاودا بداتەوە کە بە هەڵە یان بە نەزانی، یان ئیجتیهادی چەوت کردوێتی، ئامۆژگاریی نەرمونیان و دواندنی جوان زۆر جار دڵە کرمێکـان و ڕەفتارە یاخییەکان و کەسە پەریدەکان هێدی دەکاتەوە و دەیانهێنێتەوە ژێر ئاڕاسـتەی ڕاسـت و دروستی داعی. ئەم شێوازە شیرینە کـاریگەرترە لە شـێوازی سەرزەنشـت و لـۆمە و تونـدی و توڕەیی، بۆیە خوای گەورە داوا دەکات بە جوانترین شێوە موناقەشەیان لەگەڵـدا بکرێـت، بـێ ڕقلێبوونەوە و سووکایەتیپێکردن، بـێ زەلیلکـردن و بچـوککردنەوە، تـا داعـی و بەرانـبەرەکەی سۆزی دڵسۆزی لە یەکتریدا بەدی بکەن، ئەو کاتە متمانەشیان لەنێواندا زیاتر دەبێت و حەزیان بە لێـک نزیکبـوونەوە دەبێـت. ڕەفتـاری پارسـەنگی داعیـیەکە دەیسـەلمێنێت کە گوفتـار و کردارەکانی لە خۆبەزلزانینەوە نایەن، بەرانبەرەکەش کە هەست بەمە دەکات، دەزانێـت کە ئەو دڵسـۆزانە پەیـامێکی ڕاسـتی پـێ دەگەیەنێـت کە لە قـازانجی ئەمە، ئیـتر کەللـەڕەقی و خۆبەڕاسـتزانین و سـەختگیریی خـۆی بە ڕەوا نابینێـت، وا نازانێـت وەرگرتنـی پەیـامەکە تەنازولکردن، یان تەسلیمبوونی بێت، بەڵکـوو بە سوپاسـەوە پەیـامەکە وەردەگرێـت و دەیکـاتە پاڵنەر و هۆکار و وزەی گۆڕانکاریی خۆی و دەوروبەری. کاتێک داعیـی خواناسـی ڕاسـت و لێزان ئاوا هێدیانە و دڵسۆزانە پەیامەکەی دەگەیەنێت، یەکسـەر بەرانـبەرەکە لە نـاخی خۆیـدا دەکەوێتە موناقەشەی دید و هەڵوێست و ڕای خۆی لە سەرەتاوە ڕەنگە دەرنەبڕێـت، چـونکە بە بەزین و تەنازول و تەسلیمبوونی دەزانێت، بەڵام دواتـر کە زیـاتری بـۆ ڕوون دەبێـتەوە خـۆی تەبەڕا لە ڕابردووی خۆی دەکات و پێی شەرم دەبێت باس بکرێتەوە لای، چ جای خۆی باسـی بکات و شانازیی پێوە بکات! ئاوا کەسـایەتیی پارسـەنگی داعـی کەسـایەتییە نەزان و تونـد و

یاخییەکان بانگهێشت دەکات، موناقەشەی هێدی و دواندنی جوان و ئادابی پارسەنگی گفتوگۆ، داعییەکەش لە لاسەنگی و لادان و لەخۆباییبوون دەپارێزێت و هەستی بەرانبەرەکەش بەرز ڕادەگرێت، ئەمەش گرنگ و کاریگەرە، بۆیە ئاوا بە ئایەتی قورئان داوا کراوە، چونکە بەرانبەرەکە هەست ناکات کە کەسایەتیی لەدەست دەدات، گەورەیی ئاست و هەستی بریندار دەبێت، ناو و پلەی لەدەست دەچێت، بەپێچەوانەوە هەست دەکات بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێت گوێی لێ دەگرێت و دەدوێنرێت، هەست دەکات کە داعیەکە نایەوێت خۆی بە گەورە و گرنگ و زانا نیشان بدات، نایەوێت خۆی بنوێنێت و کەسایەتیی خۆی فەرز بکات، بەڵکوو دەیەوێت حەقیقەتەکان ڕوون بکاتەوە، بەڵگە و نیشانەکانیان بخاتە بەردەست، بەو ئومێدەی ئەمیش لە خواناسی باشتر حاڵی ببێت و بەرەو خواپەرستی بێت و حاکمێتیی خوای گەورە قبووڵ بکات، نەک بیەوێت ڕای خۆی بە زۆر بچەسپێنێت، یان بەرانبەرەکەی ببەزێنێت، لە هەمان ڕوونکردنەوەدا ئایەتەکە زۆر کاریگەرانە سنووری داعییەکە دیاری دەکات، کە کاری تۆ **(بیان)** و **(بلاغ)** و **(شهادة)** و **(دعوة)**ەکەیە، نەک کەسبکردن و بردنەوە! بۆیە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ١٢٥﴾. کەوابوو پێویست ناکات ئەوەندە سوور بیت لەسەر هەندێک ڕاوبۆچوونی خۆت، مکوڕ بیت، سوور بیت لەسەر کەسبکردنی، بەردەوام مەبە لەسەر موناقەشە و موجادەلە و بیگەیەنیتە دەمەدەمێ و شەڕە قسە. تۆ ڕوونکەرەوەیت، ئیتر هەقی هیچیترت نەبێت، نەرمونیان بدوێ و بەڵگەی خۆت بە شێوەیەکی جوان بخەرە بەردەست، بەرانبەر ئازادە وەریدەگرێت یان نا. هیدایەتدانیشی لە خوای گەورە خۆیەوەیەتی (هەر وەکوو کە چەک و ئازایەتیی موجاهیدان نابێتە هۆی سەرکەوتن، چونکە سەرکەوتن هەر لە خواوەیە: ﴿وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ الأنفال: ١٠)، لێرەشدا خۆت و موناقەشە و شێوازی بانگهێشتنەکەت نابێتە مایەی هیدایەتدان، هیدایەتدان لە خوای گەورەوەیە.

ئەمە بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی بانگەوازە خواییەکەیە، مادام بوارەکە بواری گفتوگۆ و دواندن و قسەکردنە، دانایی و نەرمونیانی و بەڵگەی بنبڕ دەخوازێت. ئەمما ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر داعی و ئەهلی بانگەوازە ئاشتییەکە، ئەوە حەتمەن هەڵوێستەکە دەگۆڕێت، دەستدرێژیکردن کردارێکی بەرجەستەیی ماددییە و کاردانەوەیەکی بەرجەستەیی ماددیی

بەرانبەر دەخوازێت، تا ڕێزی بانگەواز نەشکێنێت و سوکایەتی بە خواویستی نەکرێت و دەستدرێژییەکە لە سنووری یەکەمیندا بوەستێنرێت، بەڵام مەرجیشە کە کاردانەوەکەش لە چوارچێوەی ئەحکامە شەرعییەکاندا بێت کە هەمیشە ئەوەی تێدا ڕەچاو کراوە کە ئەمە دینی خوای میهرەبانە و بۆ هیدایەتدان و بەختەوەرکردنی مرۆڤ هاتووە، نەک بۆ ژێردەستەکردن و زەلیلکردن، بۆیە ناشێت ئەگەر ئەوان جەستەی شەهیدەکانیان شێواند، موسڵمانانیش وا لە جەستەی کوژراوانی ئەوان بکەنەوە: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ﴾. ئەم هەڵوێستەی دووەمیش هەر دید و ڕێ و هەڵوێستی بانگەوازی خواویستییە، بەرگریکردن لە بانگەواز و داعییەکان و پاراستنی شوێنکەوتووەکان لە سنووری دادی خواییدا -کە لە شەریعەتەکەیدا ڕوون کراوەتەوە- ئەرکێکی تری موسڵمانانە، تا بانگەوازەکە ئەوەندە سووک نەبێت، هەر کەس بەدڵی نەبوو بێخەم بکەوێتە بەرەنگاریکردنی و ڕاوەدوونانی شوێنکەوتووان و کوشتنی داعییەکانی بکاتە وەزیفە، ئەمە ناشێت، بانگەوازی خوایی وا نافەرمووێت، چونکە ئەمە وێنەیەکی ترسنۆکی و زەلیلی و ژێردەستەیی دەخاتە پێشچاوی خەڵکی و لای خەڵکەکە دەبێتە بزاوتێکی خۆکوژی! خەڵکیش حەز لە بانگەواز و بزاوت و کۆمەڵێک ناکەن کە هەر لێدراو بن، هەر بکوژرێن و قبووڵ بکەن، هەر مەحرووم بکرێن و بڵێن سەبر دەگرین! خەڵکی متمانە بە کۆمەڵ و بزاوت و ڕێبازی وا ناکەن و نایەنە ناویەوە، بۆیە خوای گەورەی کردگاری مرۆڤ دەزانێت کە وایە و ئەمە بەڵگەنەویستە، بۆیە ناهێڵێت بانگەواز و دیندارانی ئاوا زەلیلانە لێ بدرێن و گوێ تەپ بکەن! بۆیە نایەوێت موسڵمان -کە خۆیان بە عەبدی خوای گەورە دەزانن و بانگەوازی خوایی هەڵدەگرن- ستەم قبوول بکەن، یان لەسەر دەستدرێژیکردنە سەریان خۆ مت کەن! چۆن دەشێت زەلیلی قبووڵ کەن لە کاتێکدا ئەوان بۆیە هیدایەت دراون تا دینی خوا سەر خەن و حەق و باتڵ بناسێنن و دادپەروەری لەنێوان خەڵکیدا بچەسپێنن. ئەگەر ئەهلی حەق و داعییانی ئیسلام بەرگرییان لە خۆیان و بانگەوازەکەیان نەکرد، خەڵکەکە گومڕاتر دەبن، گومانیان لە دینەکە و بانگەواز و سەرڕاستیی موسڵمانەکان زۆرتر دەبێت، دەڵێن: ئەگەر ڕاستە و ئەمانە دینی خوایان گرتووە و موسڵمانی ڕاستن، بۆچی وا زەلیلن؟ بۆچی لێیان دەدرێت، کەچی بۆ بەرگریکردن لە خۆشیان دەست ناکەنەوە؟ بۆچی دەستدرێژییان ئاوا بە ئاشکرا و ناهەق دەکرێتە سەر، کەچی ئەمان هیچ هەڵوێستێکیان غەیری خۆشاردنەوە و

خۆماتکردن نییه؟! ئەدی چۆن دەخـوازن بـگەنە دەسـەڵات و تەمکـین و ئاڕاسـتەی دەوڵەت و کۆمەڵگە بکەن و پێشڕەوێتیی مرۆڤایەتی و سەرکردایەتییەکەی بگرنە دەسـت؟ لەگەڵ ئەوەشـدا کە قورئان دەفەرمووێت ئەگەر دەستدرێژیتان کـرایە سـەر بەرگـری لە خۆتـان بـکەن و هەقـی خۆتانیان -لە چوارچێوەی شەرعدا- لێ بسێننەوە. بەڵێ قورئان دەفەرمووێت ئەگەر سەبر بگـرن چاکترە، ئەگەر لێبوردنتان هەبێت چاکترە، بەڵام ئەوە لە حاڵەتێکدایە کە سەبرگرتن و لێبوردن و سـینەفراوانییەکە کـاریگەرتر دەبێـت، لە کاتێکـدا دەبێـت کە موسـڵمانان لاواز و بێهێـز بـن و دوژمنـانیش بە ئاشـکرا بیانچەوسـێننەوە (نەک گـرتن و زینـدانکردنی هەزاران موسـڵمان بە نهێنـی و ئەشـکەنجەدانیان لە ژێـرزەمین و ژووورە تاریکەکانـدا). قورئـان نافەرمووێـت ئەگەر توانا و هێزی هەقسەندنەوەشتان هەبێـت هەر سـەبر بگـرن و هـیچ مەکەن بـا بشـتان کـوژن و ڕاوەدووتان بنێن و لە هەموو مـافێکی ژیـان مەحرووومیشـتان بـکەن! ئەمـا کاتێـک کوشـتن و گرتن و ئەشکەنجەدان و مەحرووومکردنتـان دەبێـتە مـایەی سـووکایەتیپێکردن و گـاڵتەکردن بە دینــی خــوا و بێڕێزیکردنــی موقەدەســاتی موســڵمانان، ئەوە بە دڵنیــاییەوە بەرگریکــردن و هەقساندنەوەکە لەپێشترە وەک لە سەبرگرتن و لێبوردن و خۆکڕکردن!

سەبرگرتن بۆ ڕێکخستنی ئینفعالاتەکان زەروورییە، تا بەرگریکردن لە ئیسلام و چەسپاندنی دادپەروەرێتیـی شـەرع نەبێـتە کـاردانەوەی ڕق و قینـی کەسـایەتی و گیـانی تۆڵەسـەندنەوەی جاهیلییانە و حەزی کوشتار، ئەم سەبرگرتنەیە کە خوای گەورە پێی خۆشە و مەدحی کـردووە، ئەمەیە کە قورئـــان شـــوێنێکەوتووانی لەســـەر هـــان دەدات و بۆیـــان ڕوون دەکـــاتەوە کە ســـەرەنجامەکەی چـــاک دێـــتەوە: ﴿وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ١٢٦ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ﴾، چونکە خوای گەورە کە دەبینێت خواویستە حەقبێژ و جوامێر و بەجـورئەتەکەی لەبەر خاتری ئەو سەبر دەگرێت، سەبری زیاتری پێ دەبەخشێت. چونکە گیانی خۆگری و ئـارامی و پشـوودرێژی لـوتفێکی خـوای گەورەن و دەیبەخشـێت بە داعیـە خواویستەکانی. ئەم جـۆرە خـۆگرتنە سەرڕاسـتانەیە کە خـوای گەورە دەیەوێـت کە لەگەڵ گونجـاوێتیی دەسـتکردنەوە و بەرگری و هەقسەندنەوەدا -لە چوارچێـوەی شـەرعدا- مومارەسـە بکرێـت و نەبێـتە لایەنێکـی هێندە قەبە و گەورە کە ئەسڵی بانگەوازەکە داپۆشێت و هەوڵە ئاشتیخوازەکان سست بکات، کە

بۆ هیدایەتدانی خەڵکەکە خراونەتە گەڕ. بۆئەوەی ئەسڵ حەزی هیدایەتدان بێت، نەک حەزی کوشتار و جەنگ و تۆڵەسەندنەوە. قورئـانی پیـرۆز پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئاڕاسـتە دەکات -کە ئاڕاسـتە و ئامۆژگـارییە بـۆ هەمـوو داعییەکـی بـانگەوازی خـوایی- کە خەم لەوە نەخوات کە خەڵکەکە بەدەم بانگهێشتە خواناسییەکەوە نـایەن و نـاخوازن هیـدایەتی خـوایی وەرگرن، ئەوە قەدەری خوای گەورە حسابی بۆ کردووە.

بەرپرسێتی جەنابی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و داعییەکان لە: ڕوونکردنەوەی دینەکە **(البيان)** و گەیاندنی بە خەڵکی **(البلاغ)** و شاهێدیدان لەسەر نادروستی و ناڕەوایی هەڵوێستیان **(الشهادة)** و بانگهێشتکردنیان بۆ ئیسلام **(الدعوة)**دایە. با ئەمان ئەم فەرزە بهێننە دی و کاریان بە هیدایەتدان و گومڕابوونی خەڵـکەکەوە نەبێـت، ئەوە خـوای گەورە هەمـووی ئەنـدازەگیری (تەقدیر)ـی کـردووە و دەشـزانێت سروشـتی کـێ بەدەنـگ ئەم بـانگەوازەوە دێـت و دیـن وەردەگرێت و پێوەی پابەند دەبێت، کێش بە سروشـتی لادراو و هەواوهەوەسـی خـۆی ڕەفتـار دەکات و دژی دینەکە دەوەستێتەوە. کێ دەبێتە ئەهلی ئیمان و کـێ دەبێـتە ئەهلـی کـوفر؟ کـێ تەوحید قبووڵ دەکات و کێ لەسەر شیرک دەمێنێتەوە؟ کێ ئیسلام وەردەگرێـت و کـێ سـوورە لەسەر جاهیلییەت؟ بۆیە وەڵامدانەوە، یان ڕەفزکردنەوەیان بۆ دینەکەی خوا نابێت ببێتە مـایەی خەموخەفەت و مایەی ماندووبوون و ساردبوونەوە، یان بێئومێدی و ڕەشـبینی. دەشـفەرمووێت گوێ بە فاکوفیک و پیلان و پلانیشیان مەدە، خوای گەورە هەمووی بەتاڵ دەکاتەوە.

داعی لەسـەر ڕێبـازی خـوای گەورەیە، سەرڕاسـت و دڵسـۆزە، خـوای گەورەش حەتمەن دەیپارێزێـت و پشـتی دەگرێـت و سـەری دەخـات، خـوای گەورە کە دەزانێـت ئەم داعیـیە سەرڕاســتە بــۆ دینــی ئەو لێبــڕاوە و لە پێنــاوی سەرخســتنی بــانگەوازی یەکخواناسـیدا دەچەوسێتەوە، حەتمەن خوای گەورە وەلی ناکات، ئیهمالی ناکات، فەرامۆشی ناکـات و هەروا نایداتە دەست ستەمکارانی شیرک و کوفر و جاهیلییەت، بەڵـێ بەربەسـتی ڕێ و نـاڕەحەتی و تین و فشاری جاهیلییەتی بۆ دەکاتە مایەی تاقیکردنەوەی دینـداری و سـەبر و جیهـادکردنی، بەڵی سەرخستنی لێ دوور دەبێـت و کارەسـات و ناسـۆر و ناڕەحەتیشـی نزیـک و زۆر، بەڵام چارەنووسی دابینە، داهاتوو مسـۆگەرە، خـوای گەورەش وەل ئەو کەسـانەدایە کە خواناسـانە

سەبر دەگرن و دید و بـزاوت و هەڵوێستی خێرخوازییـان بەردەوام دەکەن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾، ئەمە حەقیقەتە. ڕاستییەکی بێسنوور و بێ ڕادە و برە، بێ کات و بێ شوێنە، ئیدی ئەو کەسەی لەم حەقیقەتە ڕەهایە دڵنیایە، دەزانێت خوای کردگار و خـاوەن و بەئاگای وەلدایە، چۆن دڵی پڕئیمانی لە پیلانی دوژمنـانی ڕادەچڵەکێـت؟! ئەو ڕقـن و بـوغزن و گەلۆرە (دەسەڵاتدار)انە دەتوانن چ زیانێک بەم بگەیەنن کە خوای گەورە نەیویستبێت؟ هـیچ. ئا ئەمەیە دەستووری بانگەوازی خوایی، ئا ئەمەیە ڕێگای گەیاندنی دینی خوا، هەر وەکـوو کە خـوای گەورە ڕوونــی کــردووەتەوە و نیشــانی پێغەمــبەران و داعییــانی ئیســلامەکەی داوە. سەرکەوتن و دەسەڵاتدارێتی و تەمکینیش بەوەوە بەندە کە سەرڕاستانە بەم دەستوورەوە پابەند بـین. ئەمە هاوکێشـەی نەگـۆڕی خـوای گەورەیە. ئەمە حەقیقەتێکـی بـزاوت و هەڵوێسـتە، سەرکەوتنی خوای گەورە هەر دێـت، ئەمە بەڵێـنە، بەڵێنـی خـوای کـاربەجێ و زانـا و دانـا و بەتوانایە، بە دڵنیـاییەوە هەر دێـتە دی، چـونکە خـوای گەورە لە هێنـانەدیی بەڵێنـدا ڕاسـت و ڕەوایە و دوای ناخات و لێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام ئەم بەڵێنەی بەو هاوکێشەوە بەسـتووەتەوە کە دەستووری بانگەوازەکەی ڕوونی کردووەتەوە کە دینەکە ئاوا وەربگرن و ئاوا پێوەی پابەنـد بن و ئاوا ڕایگەیەنن و ئەو سەبرەش لەسەر تین و فشاری جاهیلییەت بگرن، بێخەمیش بـن لە پلان و پیلانی دوژمنان و سەرکەوتنیش بۆ دیندارە سەرڕاستەکانە.

ئەم قورئانە بۆ ئەوە هات ئوممەتێک پێبگەیەنێت و کۆمەڵگەیەک ڕێک بخـات و سیسـتەمی حاکمێتیی تایبەتی خۆی دابمەزرێنێت و دەستووری حوکمڕانیشی شەریعەتەکەی خوا بێت، ئەم پێگەیاندنە پەروەردەبوون دەخوازێت، پەروەردەبوونیش پرۆژەیەکی دوورمەدایە و کاتی تەواوی دەوێت تا بە ڕووداو و ئاڕاستە و ڕێنیشاندان شوێنکەوتووەکانی گـۆش بکـات. هەر دەبـوو ئەو ئوممەتەی دید و تێڕوانینی بە ئیسلام ڕۆشن دەبێتەوە ئیسلامەکەشی بخاتە کۆمەڵکـارییەکەوە و بەپێی ڕوانگە و ئاڕاسـتەی قورئـانەکە بـزاوت و هەڵوێسـت بگـرێتە بەر، بزاوتێـک کە هەمـوو ڕووداوەکان ببینێت و کاردانەوەی بەرانبەریان هەبێت، تا فێر بکرێت کە چۆن تاک و کۆی ئەو ئوممەتە دەبێت خۆیان زەبت و ڕەبت (کۆنترۆڵ) بکەن. ئەمە هەمووی کاتی دەخواست، چونکە گۆڕانکاریی دڵ و هزر و ویژدانی مـرۆڤ کە دەبـووایە گشـتگیریش بێـت؛ نەدەکـرا لە مـاوەی

شـەوورۆژ و هەفـتە و مانگـدا ڕوو بـدات. ئەوە سـاڵانی تـوولانیی دەوێـت، پشـوودرێژی و چاودێریی ڕۆژانەی دەوێت، تا وردە وردە گەشە دەکات و لەسەر هەڵگرتنی کـۆڵی بەرپرسـێتی ڕادێت. ئەمەش هەر دەبێت کەم کەم و هێدییانە فێر بکرێت و لەسەری ڕابهێنرێـت. قورئـانیش ڕێباز و بەرنامەی ئاوا هێنا، کە قەناعەتپێکردن و وەرگـرتن و داڕشـتنی شـوێنکەوتووانی بەپێـی قورئان ماوەی تەواوی خۆیان دەویست. دید و ڕێباز و بەرنامە قورئانییەکەش لەگەڵ سروشـتی مرۆڤدا دەگونجا و ئاسان دەسازا، چونکە خوای گەورە بۆ ئەو مرۆڤەی ناردووە کە هەر خـۆی خەلقی کردووە و شارەزای سروشتییەتی، نـاردنەخوارەوەی قورئـانەکەش -بەپێـی قۆناغەکـانی پەروەردەبوونی ئوممەتەکە- بـۆ ئاڕاسـتەی هەر قۆنـاغ و پلەیەکـی پەروەردەبـوونەکە ئایەتێـک دەهاتە خوارەوە کە چارەسەری پێداویستییەکانی کات و شـوێنی ئـوممەتەکەی دەکـرد، لەگەڵ گەشـەکردنی کەسـایەتیی تـاکە کەسـەکان و کەسـایەتیی ئـوممەتەکەدا دەڕۆیشـت، ئاڕاسـتەی ئایەتەکان -کە بەپێـی بەرنـامەیەکی وردەکـارانەی زۆر شـیاوی ژیـانی واقیعیـی ئـوممەتەکە و بزاوتەکەی بوون- ڕەچاوی ئاستی ئوممەتەکەیان -وەکوو تاک و وەکوو کۆ- دەکرد، تا جـار بـۆ جار لە ئاستی پێگەیشتنیدا باڵاتر هەڵدەچوو. خوای گەورە بە لوتفی خـۆی و بە زانیـاری و بە ئاگایی خۆی، ئەم قورئانە گشتگیرەی بـۆ ئـوممەتەکە دەنـارد، نەیدەویسـت بە جارێـک بۆیـان بنێرێتە خوارەوە و ئەوانیش بکەونە خوێندن و لەبەرکردنی، پاشان بیچەسپێنن. نا، خوای گەورە ماوە بە ماوە بۆی دەناردن، تا تاک و کۆی ئوممەتەکە لە واقیعی پڕ جەنجاڵی ململانێی نەفس و شەیتان و تاغوتانی دەرێدا پێی ببزوون، گۆڕانکاری لە ناخی خۆیـان و لە ڕیـزی ئـوممەتەکە و واقیعی کۆمەڵگەکەدا بهێننە دی، ئەمەش چەسـپاندنی وردەکـارانەی پیـت بە پیـت و وشـە بە وشەی قورئانەکەی دەخواست. دەبوو هەر بابەتێک کە دەهات وەری بگرن و یەکسەر بـکەونە جێبەجێکردنی، نەک دایبنێن و دوایی بێنەوە سـەری! ئـاوا قورئـان بـووە پەیـڕەو و پرۆگرامـی بزاوتی ئوممەتێکی عەقائیدی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەیان کەند و کۆسپ و بەربەسـتی نـاخی تاک و ڕیزی ئوممەت و واقیعی کۆمەڵگەکە دەبووەوە، داوای لە تاک و کۆی ئوممەتەکە دەکرد کە ئاوا ببزوێن و هەڵوێست ئاوا ئەو جۆرە ڕەفتارە لە فلان کەس، لە فلان هۆز، لە فلان ڕووداو وەربگرن. قورئان ئاوا هات و ئاوا وەرگیـرا و ئـاوا ئـوممەت و بـزاوتە عەقائیـدییەکەی خـۆیی ئاڕاستە کرد، بۆیە ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەت و شارستانێتییە واقیعییەی ئاوا بەو شێوە مـوعجیزەیە

دامەزراند.

کاتێک موسڵمانان لەم دەستوور و ڕێسا و ئاراستانە غافڵ بوون و قورئانیـان کـردە مـاددەی ڕۆشنبیری و کتێبی خوێندنەوە و تیلاوەت، کاتێک ئەو سیفەتەیان لێ ئیهمال کرد کە مەنهەجـی پەروەردەکردن و پێگەیشتنی ئوممەتێکی عەقائیدیی بزوێنەر و گۆڕانکاری واقیعـی جـاهیلییەتە، کاتێک ئەو سیفەتەیان وەل کرد کە قورئان دەبێت بە دید و بزاوت و هەڵوێستی واقیعی بخـرێتە کار، ئیتر سوودیان لە مەنهەجێتیی قورئـان نەکـرد، چـونکە ئەو نەخشـەیەیان واز لـێ هێنـا کە خوای خاوەن قورئان و مرۆڤ بۆی داڕشتبوون.

## ٥- بانگەوازی خوایی ئاڕاستەکردنی خۆیی (زاتی)ـی هەیە:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾ وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُۥ ۗ وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾ آل عمران: ١٠٠ - ١٠١، واتا: «ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە، ئەگەر گـوێڕایەڵی دەسـتەیەک لەو کەسـانە بکەن کە پێشتر پەیامی ئاسمانییان بۆ چووە، دەتانگێڕنەوە بـۆ کـوفر، چـۆن دەشـێت بە کـوفری ئەوان ڕازی ببن، لە کاتێکدا ئێوە خۆتان وەحی دەبینن کە ئایاتی قورئانتـان لە خـوای گەورەوە بۆ دێنێت و نێردراوەکەی خوا -کە دەیناسن- لە ناوتاندایە؟ هەر کەسێک بە دینی خواوە پابەند ببێت، ئەوە ڕێنمایی ڕێگای ڕاست کراوە».

ئەم ئوممەتە بۆ ئەوە هاتە کایەوە تا لە واقیعی ژیانی خەڵکی سەرزەمیندا ڕێباز و بەرنـامەی خۆی بناسێنێت، لە خوای گەورەوە بۆی هاتووە. تاکە ڕێباز و بەرنامە و پەیـڕەو و پرۆگرامێتـی، تاک و ڕوون و ئاشکرایە، سیما و مۆرک و سیفاتی جیاوازی خۆی هەیە، لە دیـد و تێـڕوانین و ئەزموونی کەسەوە نەهاتووە، بەڵکوو لە ڕاگەیاندنی یەکەم وشە و دەستپێکی یەکەم هەنگاویەوە ڕایگەیاندووە کە ئەم دینە تاکە ڕێباز و بەرنـامەی خـوای گەورەیە و دەبێـت ڕۆڵـی ڕاقیکردنـی مرۆڤایەتی لە ژیان و واقـیعەکەدا ببینێـت. ئەم دیـنە بـۆ ئەوە هـاتووە مەنهەجـی خـوای گەورە لەسەر زەمیندا پیادە بکات، بە شێوەیەکی کردەوەیی بەرچاو نیشانی مرۆڤایەتیی بـدات. دەبێـت

هەموو دەقەکانی بخرێنە کـار، ببـنە دیـد و ڕێ و هەسـت و ئینتـیما و بـارودۆخ و پەیوەسـتی و پەیوەندییەکان، ببنە بزاوت و هەڵوێستی تـاک و کـۆی ئـوممەتێکی عەقائیـدی کە جـاهیلییەت دەگۆڕێت. ئەم دینە بۆ ئەوە هاتووە ئەو ئوممەتە لەسەر دیـد و ڕێـی خـۆی پەروەردە بکـات کە ئەستەمە بە غەیری ئەو وەحیـیە خـواییە ئـوممەتێکی وا لە واقیعـی مرۆڤایەتیـدا بێـتە کـایەوە، ئوممەتێک کە ئاڕاستەی هەموو بزاوت و سرەوتێکی لە خوای گەورەوە وەردەگرێـت، تەنهـا لە خوای گەورەوە، لە وەحییەوە، نەک لە مرۆڤایەتی و لێهاتووانی مرۆڤەکانەوە. نەک لە ناوداران و شوێنکەوتووانیانەوە. ناشێت و نابێت هیچ لایەنێکی دید و ڕێ و مەنهەجی هیچ کەسێک لەم مرۆڤایەتییە تێکەڵ بەو مەنهەجە خواییە بکرێت، یان دەبێت ئەم قورئانە ڕێبـاز و بەرنـامە بێـت، یان ڕێباز و بەرنامەی تر کە شیرک و کوفر و جاهیلییەتن کە گومڕایی و لادان و دەسـتدرێژین. ئەمە یەکێکە لە حەقیقەتە نەگۆڕەکانی دید و ڕێی قورئـانی، کە دەیـان جـار و لە دەیـان بـۆنەدا جەختی لێ دەکاتەوە. هەموو هەست و نەسـت و ڕەفتـار و ڕەوشـت و بـزاوت و هەڵوێسـتێکی ئوممەتە موسڵمانەکە لەسەر ئەم حەقیقەتە دادەمەزرێت. دەبێت لە هەر هەموو سـات و ئـانێکی ئەم ئوممەتەدا، لە هەر هەموو ڕەوت و بزاوتێکی تاک و کۆدا هۆشیان لەم حەقیقەتە نەبڕێت کە زەمینەی ژیانیانە کە وجوودیان بە هیچ شێوەیەک نییە و قبـووڵ نیـیە ئەگەر بە تەواوی لەسـەر ئەم حەقیقەتە دانەمەزرا بێت کە سەرچاوەی ئاڕاستەیان قورئانە و بەس.

## ئەرکەکانی ئیستیخلاف:

ئەم ئوممەتە بۆ ڕێنمایی و ئاڕاستەوانی و پەروەردەکردنـی مرۆڤـایەتی هـاتووەتە کـایەوە، بـۆ پێشڕەوێتی و ڕابەرێتیی مرۆڤایەتی هاتووەتە کایەوە، هاتووە تا جاهیلییەت بگۆڕێت، ئیدی چۆن دەشێت لەو جاهیلییەتەوە وەربگرێت کە خۆی بۆ گۆرینی ئەو هاتووەتە مەیـدانەکەوە؟! خـۆی بۆ ئەوە هاتووە شیرک و کوفر و جاهیلییەت لادات و ڕادات، تا تەوحیـد و ئـیمان و ئیسـلامیان بخاتە شوێن، ئیتر چـۆن دەگونجێـت ڕاوبۆچـوون و پێناسـەیەکی فیکـری، یـان ڕەوشـت، یـان لایەنەکانی ئاڕاستەی ژیان لە تاریکایی کوفری ئەوانەوە وەربگرێت و تێکەڵ بە وەحیی خـوای گەورەی بکات؟! ئەمە ڕازیبوونە بە ئاڕاستەوانێتیی جاهیلییەت، جا کە بەمە ڕازیـیە، وجـوودی

خـۆی بـۆچییە؟! ئەم ئـوممەتە کە لە سـەرەتایەوە بـۆ پێشـەوایەتی و ڕابەرێتیـی کـۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هێنراوەتەکایەوە، ئیتر کە واز لەو ڕابەرێتیـیە دەهێنێـت و دیـد و ڕێ و پێناسـە، یـان ڕێسایەکی ڕەوشت، یان بزاوت و هەڵوسێتێکی کوفر و جاهیلییەت دەگرێتە بەر، ئیـتر هەبـوونی «سەربەخۆ»ـی خۆی چۆن دەمێنێت؟! ئەم ئوممەتە بەم قورئانەوە خراوەتە بزاوتی گۆڕانکـاری، تا دید و تێڕوانین و پێناسـە جاهیلییەکـان دەربـارەی گەردوون و ژیـان و مـرۆڤ بگۆڕێـت، تـا جیهانبینییەکی عەقائیدیی ڕاست و دروستیان بداتێ، تا هەست و ئینتیمای ڕاست و دروستیان لە ناودا دروست بکات، تا ڕەفتار و ڕەوشتێکی پارسەنگ و ڕاست و دروسـتیان بخـاتە بەردەسـت کە بزاوت و هەڵوێستی ڕاسـت و دروسـتی لەسـەر بینـا بـکەن، تـا کـۆمەڵگەیەکی ئاسـوودە و سیستەمێکی دادپەروەرێتیی حوکمڕانیی لەسەر دابمەزرێـنن، تـا تـاک و کۆکـانی ژێـر سـایەی وجـوودە ئیسـلامییەکە تێـر و ئەمـان و پارسـەنگ بـژین و لە سـایەی ئاڕاسـتەی دینـداریی دڵسۆزانەدا سەرنج بدەنە حەقیقەتە ڕەهاکانی وەحی، لە گەردوون و ژیان بکـۆڵنەوە و خـالق و مەخلووق بناسن و ڕەنج و وزەی ساڵحانەی مرۆڤایەتی بخەنە گەڕ، تا ڕێساکانی وجوود کەشف بکەن و خێروبێری سەرزەمین بۆ کامەرانیی مرۆڤایەتی دەستەبەر بکەن، تا دڵودەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستیان بەرەو خواناسی و دادی کۆمەڵایەتی و پارسەنگیی پەیوەندییەکانی یەکتریناسین (تعارف) ئاڕاستە بکات، نەبادا ڕوو بکەنە شیرک و کوفر و جاهیلییەت و هەمـوو وزە و تواناکان لە کارەسات و ناسۆری شەڕی کاولکاریدا بەکار بهێنن و دەسەڵاتدارە خـاوەن هێزەکان موستەزعەفەکان بچەوسێننەوە و وڵاتیان بەتاڵانکاری بڕوتێننەوە. ئەم ئـوممەتە دەبێـت بەم قورئانە ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتە خواویستییە بهێنێتە کایەوە، تا ڕێ لە مونحەریفـاتی ئەهلـی شیرک و کوفر و جاهیلییەت بگرێت و نەهێڵێت لەوە زیـاتر هەوا و هەوەسـیان بـکەنە ڕێبـاز و بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی و هەموو مرۆڤایەتی، بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی خۆیان بهاڕن!

دەبێـت سـەرکردایەتی و ڕابەرێتـی و ئاڕاسـتەوانێتیی مرۆڤـایەتی و بەگەڕخسـتنی وزەکـان بەدەست ئیمان و ئیماندارانەوە بێت، دەبێت جڵەوی ڕێنیشاندان و فەرمانکردن و بەرهەڵستیکردن لەدەست سەرکردایەتیی کۆمەڵە خواویستەکەدا بێـت، کە بە وەحیـی خـوایی پەروەردە بـووە و دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێسـتی لە قورئـانەکەی خـوای گەورەوە وەرگرتـووە، نەک لەسـەر

ئەزموونی بەشەر و دید و ڕێی بەشەر و بەرژەوەندیی بەشەر گۆش کرابێت. لەم ڕوانگەوەیە کە قورئان زۆر ڕۆشن و ڕاشکاو و بنبڕانە دەفەرمووێت ئەی ئەهلی قورئان بۆتان نییە هیچ جۆرە ئاڕاستەیەک لە ئەهلی کیتابەوە -چ جای کافران و موشریکان و بێدینان- وەربگرن. هیچ، چونکە وەرگرتنی هەر گۆشە نیگایەکی دید و تێڕوانینی جیهانبینی، یان ڕێسایەکی ڕەفتار و ڕەوشت، یان هەر هەڵوێستێکی بزاوت و سرەوت مانای باوەڕبەخۆنەبوون و بەزینە، مانای هەست بە کەموکورتیکردن و ورەبەردانە، مانای وەلکردن و وازهێنانە لە پێشەوایەتی و ڕابەرێتی و سەرکردایەتیی مرۆڤایەتی کە ئەرکی ئەم ئوممەتە موسڵمانەیە و بۆ ئەم ئامانجە سەرەکییە گرنگە هاتووەتە کایەوە. بەبارێکیتریشدا مانای وایە مەنهەجە خواییەکە کەموکورت و نوقسانە و پێویستە بە دید و ڕێی جاهیلییەت و ئەزموونی ئەهلی شیرک و کوفر پڕ بکرێتەوە! مانای وایە مەنهەجەکەی خوای تاک و پاک توانای پەروەردەکردن و بەرزکردنەوە و ڕاقیکردنی مرۆڤی نییە بەرەو ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ئیدارەی دەوڵەت و دامەزراندنی شارستانێتی کە خەڵکی لە سایەیدا کامەڕان و ئاسوودە بن و بۆ خواناسی لێ ببڕین! ئەم مانایە زۆر دژوار و شاراوەیە. ئەمە خۆی لە خۆیدا خشانی کوفرە بۆ ناو بازنەی باوەڕ، گەرادانانی جاهیلییەتە لە کێڵگەی هزر و هۆش و سەرەتای ئاڵوودەکردنی دڵ و دەروون و پەژموردەیی ڕۆحی دیندارە کە لەوانەیە لە سەرەتاوە هەست بەو دژوارێتییە نەکات، تا دڵ کرمێ و ئیمان کلۆر دەبێت و هەستی دینداریی گەندەڵ دەکەوێتە پەڕاوێزەوە، ئەوەش ڕێ بزرکردن و خۆدۆڕاندنە.

## بەرەی کوفر بەرانبەر ئەم دین و ئوممەت و بزاوتە یەکن:

ئەهلی کیتاب و موشریکەکان هیچ شتێک -وەکوو هەوڵی گومڕاکردنەوەی موسڵمانان و ڕێ پێ بزرکردنیان- خولیای سەریان نییە، لە هەموو شتێک زیاتر بە لادانی موسڵمانان لە دینەکەیان خەریکن و شەو و ڕۆژ کۆمەڵکارانە لە پلان و پیلانی ئەمەدان «مەنهەجـ»ـەکە لاواز بکەن، «ئوممەتـ»ـەکە پەرتەوازە و لەتوپەت بکەن و «بزاڤـ»ـەکە بوەستێنن، یان ئاڕاستەکەی بگۆڕن! چونکە دەزانن قەڵای ئوممەت و سەرچاوەی ئاڕاستەی بزاڤەکە (مەنهەجـ)ـە خواییەکەیە. دەزانن عەقیدەکە قەڵا و قوڵە و پەرژینە، سەرچاوە و پاڵنەر و وزەی بەردەوامبوونە. ئەهلی

جاهیلییەت هەر لە کۆنەوە ئەم خاڵەی هێزی ئوممەت و بانگەوازەکە دەزانن، ڕادە و بڕی کاریگەرییەکەی دەزانن، بۆیە هەر لەو ڕۆژەی ئەم ئوممەت و بزاوتەی هاتوونەتە کایەوە تا ئەمڕۆ، لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئوممەت و بانگەوازەکەدا هەر خەریکی شێواندنی عەقیدەکە بوون، سوور بوون لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەرێتییەکەی، بەردەوام گورزیان بە عەقیدەکە کێشاوە و پلانیان داناوە کە نەهێڵن ئوممەتەکە لە عەقیدەکە باش تێ بگات، تا بزاوتەکە بوەستێت، تا ئوممەتەکە بە گومڕایی بمێنێتەوە و وردە وردە بزاوت و کۆمەڵکارییەکەی لەدەست بدات و لاواز ببێت، ئەو کاتەش خستنی ئاسان دەبێت!

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرکەوتنی دین و ئوممەت و بزاوتەکەیەوە تا ئێستا؛ ئەهلی شیرک و کوفر و جاهیلییەت لەوە دڵنیا بوون کە کوشتار و جەنگ و حەملەی ڕیشەکێشکردنەکانیان کاردانەوەی جیهاد و شەهیدبوونی لێوە دروست بووە، بۆیە تا بۆیان لوابێت ئەو شەڕە دەستەویەخەیان بەرانبەر ئوممەت ڕانەگەیاندووە، درێغیشیان لە قۆستنەوەی هەلی ڕیشەکێشکردنی نەکردووە، بەڵام بەردەوام هەوڵیان داوە -بە شەڕی واتەوات و گومان ڕواندن و دوودڵی دروستکردن- **«مەنهەج»**ەکە بشێوێنن و **«ئوممەت»**ەکەی لێ دوور بخەنەوە و ئاڕاستەی **«بزاڤ»**ەکە بگۆڕن، یان کۆمەڵێک دیدی لێڵ و تێڕوانینی پێشوو و پێناسەی چەوت تێکەڵ بە عەقیدەکە بکەن، بۆ ئەمەش هەر لە کۆنەوە تا ئێستا دووڕووەکانی ناو کۆمەڵگەی ئوممەتەکەیان بەکار هێناوە کە سەرزارەکی موسڵمانێتییان نیشان داوە و لە ناخیشدا کافری موتڵەق بوون و پردی پەڕینەوەی پلان و پیلانی دوژمن بوون کە ئەسپی شەڕەنگێزانی کوفر بوون بۆ پەڕینەوە ناو بەرەی ئیمانداران، بۆ سمینی ڕیزی داعییان و هەڵوەشاندنەوەی هێزی موجاهیدان، ئا ئەمانە کە دووڕوون و کەشفکردنیان زەحمەت دەبێت، زۆر ئاسان دەکەوتنە بەردەستی ئەهلی کوفر و دەبوونە داردەستی دوژمنان، دەبوونە چاو و گوێی دوژمن، لە دارولئیسلامدا دەبوونە «بۆق»ی شەڕی واتەوات و شەیپووری شەڕی سارد و گەرم. دەبوونە ئەهلی پڕوپاگەندەی دژ، تا موسڵمانان لە دینەکە سارد بکەنەوە و نەهێڵن وزەی تر بەگەڕ بخەن. لە بەرانبەریشدا دەکەوتنە مەدح و سەنای بەرنامەی جاهیلییەت و پیاهەڵدانی پێشڕەو و ناودارانی کوفر، تا لای خەڵکیان شیرین بکەن! دەکەوتنە مەدحی دید و ڕێی کوفر و بزاوت و

هەڵوێستی شیرک و دەستوور و سیستەمی جاهیلییەت. بەردەوام هەوڵیان دەدا ناودارانی جاهیلییەت بە پێشەنگی شیاوی مرۆڤایەتی بناسێنن، تا وەلائی خەڵکی لە پێغەمبەرانی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پیاوچاکان و پێشڕەوانی خواویستی داڕنن. ئەم هۆشدانەی خوای گەورە لەو ڕوانگە دژوارەوە دێت کە وریا بن، حەزەرتان لەوە هەبێت کە گوێڕایەڵی غەیری خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و سەرکردایەتیی ئیماندراری خۆتان نەکەن. دەنا گومڕا و سەرگەردان دەکەون و غەزەبی خوای گەورەشتان دێتە سەر!

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ ١٠٠﴾، ئەمە هۆشدارییەکی ترسێنەرە، چونکە هیچ شتێک لای موسڵمانان کوڵی خەم قورس ناکات بەقەد ئەو خەمەی دەیترسێنێت کە بکەوێتەوە بازنەی کوفر -کە دوای خواناسی و خواپەرستییەکەی دووچاری شیرک ببێتەوە- کە ڕێ بزر کات و بگەڕێتەوە سەر جاهیلییەت، دوای بەرەو بەهەشت چوون ڕێ بزر کات و بەرەو دۆزەخ کەوتبێتە ڕێ. هیچ شتێک وەکوو ئەوە نایترسێنێت کە هەموو هەست و نەست و بزاوت و هەڵوێستێکی بۆ ڕەزامەندیی خوای میهرەبان بوو، کەچی وا ئێستا خەمێتی بکەوێتە بەر سزا و غەزەبی خوای دەسەڵاتدار و کارزان. دڵ و هزر و ویژدانی موسڵمانی دیندار و سەرڕاست تەحەمولی بیستنی ئەمە ناکات، چ جای کەوتنە ناوی. ئەم هەڕەشە خواییە نیشان «سیگناڵ»ی سوور و زەنگی هۆشداری و هاواری هەڕەشەیە کە نەکەیت! نەکەیت گوێڕایەڵی هیچ کەس لە ئەهلی شیرک و کوفر و جاهیلییەت بیت، هەرچەند ناودار و گەورە و گرنگ ناسێنرابن. نەکەیت بە هیچ شێوەیەک گوێڕایەڵی کەس لە ئەهلی کیتاب بکەیت و وا بزانیت ئەوانیش وەکوو تۆ دیندارن! ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ ١٠٠﴾.

ئێمەش ئەمڕۆ لە بەرانبەر ئەو ئاراستانەی وەحیداین، هەر وەکوو کە نەوەی یەکەمی ئوممەتەکە بەرانبەری بوو، ئەم قورئانە ئێمەش -هەر وەکوو ئەوان- دەدوێنێت، ئەوەی بەوانی دەفەرموو، وا بە ئێمەش دەفەرموویەتەوە، ئەوەی هەڵوێستی سەرنجدانی حەقیقەتێکی تری بزاوت و هەڵوێستی: ﴿وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ١٠١﴾ـە، دەبێت داعییانی سەردەم

باش لەگەڵ ئەم حەقیقەتەدا ڕەفتار بکەن و بە تەواوی لەوە دڵنیا بن کە ڕێی ئازادی و ڕزگـاری و ئاسـوودەیی وا لە پابەندبوونـدا بە مەنـهەجەکەی خـوای گەورەوە و بەس. پابەنـدبوون بە پەیامەکەی خوای کردگار و زیندوو بە ئاگا.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) -لەگەڵ ئەو هەموو سۆز و نەرمونیانی و میهرەبانییەدا- زۆر توند و سەختگیرانە ئاڕاستەی یاوەرانی لە بوارەکـانی «عەقیـدە و مەنهەجـ»ـەکەیدا دەکـرد و هەڵوێسـتی بنبـڕی پـێ دەگـرتنە بەر. لە کاتێکـدا کە لە بوارەکـانی ڕاوێژکـردن و وەرگـرتن و سوودلێکردنی ئەزموونی ژیانی کردەوەیی خۆیاندا وا نەبوو، پرسی پێ دەکردن، ڕاوێژی لەگەڵدا دەکردن، ڕێی پێ دەدان لە بوارەکانی ژیاندا وەکـوو چانـدن و پلانـی جەنـگ و هاوشـێوەیاندا خۆیان لە ئەزموونی خۆیانەوە وەرگرن و کاری پێ بـکەن، چـونکە ئەم بـوارانە پەیوەنـدییان بە ئاڕاسـتەوانی دیـد و تێڕوانینـی عەقائیـدی و حـاکمێتی یاسادارشـتن و حـوکمڕانی و دادوەریکـردنەوە نەبـووە، پەیوەنـدییان بە (وەلاء و بەڕاء)ەوە نەبـوو، واتە دۆسـتایەتی و دوژمنایەتی و پەیوەندی بەستن و ئینتیما کە هەمووی بژاوت و هەڵوێستی عەقائیدین، جیاوازی ئەم بوارانەش ڕۆشنە. چانـدن و بەرهەمهێنـان، یـان سـەنگەرهەڵکەندن و دیـاریکردنی بەرەی ڕووبەڕووبوونەوە و مەیدانی جەنگ شتێکن و ئەو بوارە عەقائیدی و حاکمێتییانە شتێکی تـرن، نابێت تێکەڵ بکرێن، ئەویان دید و ڕێی شەرعە و ئەمیان زانست و ئەزموونی ژیانی ئاسایی.

ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە بە مەنهەجەکەی خوای گەورە ژیانی کـۆمەڵگە ئاڕاسـتە بکـات و ئیدارەی دەوڵەت ڕێـک بخـات. ئەوە هەر ئەو ئیسـلامەیە کە هـزر و بیـر و ژیـری، ئاڕاسـتەی بیرکردنەوە و سەرنجدان و زانین دەکات، تا سوود لە هەموو داهێنانێکی ماددی لە چوارچێوەی ئەو مەنهەجـەدا وەربگیرێت.

ئیمامی ئەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی ثابیتەوە دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب (خـوا لێی ڕازی بێت) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و عەرزی کرد: (يَـا رَسُـولَ اللـهِ إِنِّي مَرَرْتُ بِأَخٍ لِي مِنْ قُرَيْظَةَ، فَكَتَبَ لِي جَوَامِعَ مِنَ التَّوْرَاةِ أَلَا أَعْرِضُهَا عَلَيْكَ؟ قَالَ: فَتَغَيَّرَ وَجْهُ رَسُـولِ اللـهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، قَـالَ عَبْـدُ اللـهِ: فَقُلْـتُ لَـهُ: أَلَا تَـرَى مَـا بِوَجْـهِ رَسُـولِ اللـهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ فَقَالَ عُمَرُ: رَضِينَا بِاللهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّـدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَسُـولًا،

قَالَ: فَسُرِّيَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، ثُمَّ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ أَصْبَحَ فِيكُمْ مُوسَى ثُمَّ اتَّبَعْتُمُوهُ، وَتَرَكْتُمُونِي لَضَلَلْتُمْ، إِنَّكُمْ حَظِّي مِنَ الْأُمَمِ، وَأَنَا حَظُّكُمْ مِنَ النَّبِيِّينَ)[1]، واتا: «ئەی پێغەمبەری خوا فەرمانم بە برایەکی جوولەکەم لە هۆزی بەنوو قورەیزە کرد کە چەند کۆبڕگەیەکی تەوراتم بۆ بنووسێتەوە. دەفەرموویت نیشانتی بدەم؟ عەبدوڵڵای کوڕی سابت دەفەرموویت: "ڕووی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) گۆڕا" (واتە تووڕەبوونی لێوە دەرکەوت)، عەبدوڵڵا دەفەرموویت: بە عومەرم وت: نابینیت چۆن ڕووی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) (لە کردارەکەت) گۆڕا؟ عومەر فەرمووی: ڕازیبووم کە خوای گەورە پەروەردگارمە و ئیسلام دینمە و محمد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێغەمبەرمە، عەبدوڵڵا دەفەرموویت: ڕووی پاکی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) گەشبووەوە و فەرمووی: بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بێتە ناوتانەوە و من وەل بکەن و شوێن ئەو بکەون، گومڕا دەبن. ئێوە پشکی منن لە گەلان و منیش پشکی ئێوەم لە نێرراوانی خوا». لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە فەرمووی: (لوكَانَ مُوسىٰ وَعِيسىٰ حَيَّيْنِ لَمَا وَسِعَهُمَا الَّا اِتّبَاعِي)[2]، واتا: «ئەگەر موسا و عیسا (عليهما السلام) زیندووبوونایە هەر دەبوو شوێن من بکەوتنایە (بۆیان نەبوو باوەڕیان بە من نەهێنابایە و شوێن من نەکەوتنایە)».

ئەمە ڕێنمایی پێغەمبەری خوایە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) (ئەوە هەڵوێستی مەعسومانەیەتی لە وەرگرتن لە تەوراتەوە، کە لە ئەسڵیدا پەیامی خوا بووە و سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بۆ ئەوەی وەرنەگرتووە کەلێنی ئیسلامیی پێ پڕ بکاتەوە).

لە ئیسلامدا ڕێ لەوە نەگیراوە -لە ڕوانگەی ئیسلام خۆی و لە چوارچێوەی عەقیدە و شەریعەتەکەیدا- سوود لە ئەزموونی مرۆڤایەتی وەربگیرێت، مادام لە بواری ئەزموون زانستی و تەکنۆلۆژیای ڕوودایە، لەگەڵ پەیوەستکردنەوەی بە دید و تێڕوانینی دینییانەی موسڵمان کە

(١) ئەحمەد (١٥٤٣٧)، ئیبنو حەجەر: فتح الباري (٧١١٤)، شێخی ئەلبانی (رحمە الله) لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٢٠٧)دا دەفەرمووێت: حەسەنە.

(٢) شێخی ئەلبانی (رحمە الله) لە (إرواء الغليل/ ١٥٨٩)دا هەموو ڕێگاکانی ئەم ڕیوایەتانەی هێناوەتەوە و بەدواداچوونی بۆ کردوون، لە کۆتاییدا دەفەرمووێت: بە کۆی سەنەدی ڕیوایەتەکانی دەبێتە (حەسەن)، دەشفەرمووێت: ئەوەیان کە ناوی سەیدنا عیسای تێدا هاتووە: (لوكَانَ مُوسىٰ وَ عِيسىٰ حَيَّيْنِ لَمَا وَسِعَهُمَا الَّا اتّبَاعِى) (منكر)ە .

ئەمانە نیعمەتی خوای گەورەن. خوای گەورە ئەو کەسانەی ڕێنمایی کردووە تا ئەو داهێنانە بکەن، یان ئەو دیاردە و ڕێسایانەی «وجوود» کەشف بکەن و بۆ بەختەوەریی مرۆڤی بەکار بهێننەوە، بۆ خێر و خۆشیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی تەرخان بکەن، ئیسلام ئەمە هان دەدات، تا خێروبێری زەوی بۆ کامەرانیی خەڵکی دەستەبەر بکرێت.

ئەمما وەرگرتنی دید و تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و لێکدانەوە و شیکار و ناساندنی وجوود و دیاریکردنی مەبەست لە وجوود و مەبەست لە دروستکردن و ژیانی مرۆڤ، یان وەرگرتنی ڕێسای ڕەفتار و ڕەوشت، یان بنەمای دابونەریت، یان یاسا و ڕێسا و دەستووری ژیانی تاک و کۆ بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت لە ئەهلی کیتابەوە، ئەوە بە هیچ شێوەیەک ناشێت و نابێت، چونکە چارەنووسەکەی کەوتنە شیرک و کوفرو جاهیلییەتەوەیە، ئەمە ئەو هۆکار و بوارەیە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) توڕەبوونی خۆیی لێ ڕاگەیاند، ناشێت هیچ ڕێسا و بڕگە و لاپەڕەیەکی لێوە وەربگیرێت. ئەمە بواری کوفری زەق و ڕاشکاوە و هەر کەسێک لە تاک و کۆی ئوممەتی موسڵمان بیکات، ئەوە بە دڵنیاییەوە کەوتووەتە کوفری زەق و ڕاشکاوەوە. هۆشداری و هەڕەشەی ئایەتەکە و واتای تووڕەبوونەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەمە دەگەیەنن.

ئەمما ئێمە کە خۆمان بە موسڵمان دەزانین و لافوگەزافی ئیسلامەتی لێ دەدەین خودی ئیسلامەکەش لە ڕۆژهەلاتناسانەوە وەردەگرین! تێگەیشتنمان لە قورئان و سوننەت لەوانەوە وەردەگرین! جگە لەوەی کە دید و تێڕوانین و جیهانبینینمان لە فەیلەسووف و بیرمەندانی یۆنان و ڕۆمان و ئەورووپایی و ئەمریکاییەکانەوە وەردەگرین. دەبینین شێوازی ئاڕاستەی کۆمەڵگە و سیستەمی حوکم و یاسا و ڕێسای دەستوورمان لەو سەرچاوە گەنیو و لیخن و شێلووەوە وەردەگرین! تەنانەت ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەلایەتیشمان لەو زەلکاو و زۆنگاوە ئەخلاقییەوە وەردەگرین کە ئەو شارستانێتییە ماددەپەرستەی ڕۆژئاوا هێناویەتییە کایەوە! ئەو شارستانێتییە دوور لە دینە -هەر دینێک بێت- سەرباری ئەم هەموو ئینحیرافە، وەرگرتنی جیهانبینی و ڕێسای ڕەوشتی و بەها و قییەم و یاسا و دەستوور و سیستمی حوکم لەو ڕۆژئاوا بێدینەوە وەردەگرین و لافوگەزافی موسڵمانێتیش لێدەدەین، کە بەخوا موسڵمانین و

زۆریش موسڵمانین! ئەمەش پـاڵانتە و چەواشـەکارییەکە کە گونـاحەکەی لە گونـاحی کـوفرە زەق و ڕاشکاوەکە زیاترە. ئـێمە بەم ڕەفتـارە کوفرینـانە شـاهێدی درۆ دەدەیـن، گـوایە ئیسـلام کەموکورت و نوقسانە و پێویستی بە تەواوکردن و پڕکـردنەوە هەیە. ئیسـلام شکسـتی هێنـاوە و نەیتوانیوە کۆمەڵگە و دەوڵەت ئاڕاستە بکات، بۆیە موحتاجی ئاڕاستەی کوفری دەرەکی بووین! ئەمە زۆر خەتەرە و زۆر لەو کوفرە زەقە ئاشکرا و ڕاشکاوە دژوارترە.

ئیسلام مەنهەجە، دید و ڕێباز و بەرنامەیە و لە هەمـوو لایەنێکـی جیهـانبینی و ڕەوشـت و قییەم و دەستووریدا تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە چ لە سـیفەتە جیاوازەکـانی دیـد و تێـڕوانین و پێناسە عەقائیدییەکانیدا بێـت دەربـارەی گەردوون و ژیـان و مـرۆڤ و پێکهـاتە و پەیوەنـدیی نێوانیان و چارەنووسیان، چ دەربارەی ئاڕاستەی تاک و کۆی ئوممەت و کـۆمەڵگە و دەوڵەتـی خۆی، چ دەربارەی ئەو بنەما و ڕێسا و زەمینە عەقائیدییە فیکرییانەی لایەنەکـانی سیاسـەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت. ئیسلام مەنهەجـێکە بـۆ ئەوە هاتووە پێشەوایەتیی مرۆڤایەتی بکات و بەرەو خواناسیان بهێنێـت، ئەوە لەگەڵ ئیسـلامدا زۆر پێچەوانەیە کە لە غەیری ئیسـلامەوە ڕێبـاز و بەرنـامە وەربگیرێـت، لەگەڵ پێشـەوایەتی و پێشرـەوێتی و ڕابەرێتیشـدا ناگونجێـت، ئوممەتێـک لەولاوە بـۆ ڕابەرێتیـی مرۆڤـایەتی گـۆش بکرێت و لەملاوە دید و ڕێ و قییەمی غەیرە بگـرێتە بەر. ئەمە چـۆن پـێکەوە دەگـونجێن؟ ئەم مەنهەجە بۆ ئەم ئوممەتە هاتووە، تا بە مرۆڤایەتیی بگەیەنێت، تا مرۆڤایەتی بخـاتە سـەر دیـد و ڕێی خۆی. **ئەرکی سەرشانی داعییانی سـەردەمیش هەر هەمـان ئەرکـی نەوەی یەکەمـی ئەم ئـوممەتەیە، ئەوان  کە ئوممەتەکەیـان سـاز دەکـرد؛ بەرنامەکەشـیان بـۆ دادەڕێـژرا و بە ڕووداوەکان و چاودێری و ئاڕاستەی ئەم قورئانەش پەروەردەدەبـوون، تـا کە دینەکەیـان بـۆ تەواوکرا، ئوممەتەکەشیان پێگەیشت و بزاوتەکەشیان ئەوەندە بەهێزبوو کە کۆمەڵکارانە دینەکە بگەیەننە گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەکانی تری مرۆڤایەتیی سەردەمی خۆیان.** واشیان کرد، زۆر بە لێوەشاوەییش ئەنجامیـان دا. داعییـانی سـەردەمی ئیسـلامیش دەبێـت ئەوە بـزانن کە هەر بەم مەنهەجە خواییە دەبێـت تـاک و کـۆی ئـوممەتەکە پەروەردە بـکەن و بەپێـی ئەم مەنـهەجەش بـزاوت و هەڵوێسـت وەربگـرن، کە پێگەیشـتن، دەکەونەوە سـەر هەمـان ڕێبـازی بـانگەواز و

ئاڕاستەی جیهانیان و ڕێنیشاندەرێتیان بۆ ئەو هەموو خێر و چاکە و سوودمەندییەی ئەم دینە بۆیان مسۆگەر دەکات. غەیری ئەم مەنهەجە بۆ ئەم ئوممەت و بزاوتە شیاو نیيە، هیچ مەنهەجێکیش ئەم مرۆڤایەتییە قوتار ناکات، غەیری ئەم دینە کە سیما و مۆرک و سیفاتی تایبەتی و جودای خۆی هەیە، کات و شوێن و حاڵەتی نەوەکانی مرۆڤایەتی هیچ یەکێک لەو سیما و مۆرک و سیفەتە تایبەتییانەی لێ ناکەنەوە.

مرۆڤایەتی سەرکەوتنی چاکی لە بوارەکانی دەستەبەرکردنی هێزە گەردوونییەکاندا بەدەست هێناوە، لە جیهانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا و پزیشکیدا ئەوەندەی بەرهەم هێناوە دەڵێیت موعجیزەن، لە چاو زەمانی کۆندا هەر موعجیزەشن، بەردەوامیشە لە وەدەستیهێنانی سەرکەوتنی تردا، بەڵام ئایا کاریگەریی ئەم سەرکەوتنانەی زانست لە ژیانی مرۆڤایەتیدا چەند و چۆنە؟ کاریگەریی لە لایەنی دەروونی مرۆڤەوە چەند و چۆنە؟ ئایا بەختەوەریی پێ دەستکەوتووە؟ هێمنی و ئارامی و ئاسوودەیی دەستکەوتووە؟ کەوتووەتە ئاشتی و ئەمانەوە؟ نەخێر، ناڕەحەتی و پشێوی و ترس و بیمی زیاتر بووە، نەخۆشی دەروونی زۆرتر بووە، نامۆیی ڕەوشت و لاسەنگی و بزربوونی بەها زۆرتر بووە، دەستدرێژی و تاوان و خراپەکاری زۆرتر و چڕتر و ئاڵۆزتر بووە، بواری زۆرتری لە کات و شوێندا گرتووەتەوە.

ئاڕاستەوانانی جاهیلییەتی سەردەم ناهێڵن ئەم مەنهەجە خواییە -بە بەهانەی ئەوەی کۆنەپەرستییە- ڕوون بکرێتەوە، وای پێناسە دەکەن کە سۆزێکی دەروێشییە بۆ مێژوویەکی ڕابوردوو. ئەوان بەم نەزانینە، یان گێلییە ئەنقەستە، یان بەم نیيەت و مەبەستە گڵاوەیان، ئەم مرۆڤایەتییە لە وەرگرتنی تاکە مەنهەجە خواییەکە مەحروومدەکەن، کە شیاو و بە توانایە هەنگاو بە هەنگاو تاک و کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە کۆتا ئاستی ئاشتی و ئەمان بگەیەنێتە لوتکەی بەختەوەری و ئاسودەیی و کامەڕانی، بگەیەنێتە لوتکەی ڕاقیبوونی مرۆڤ، بە بەرزکردنەوە و پارسەنگکردنی گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و چێژی جەستەی، بەڵام حەیفێ مەنهەجە خواییەکەیان کەناردەوە و ناهێڵن خەڵکی بیگەنێ!

ئێمە کە باوەڕمان بەم مەنهەجە هەیە، دەزانین خەڵکی بۆچی و بۆ کوێ بانگهێشت دەکەین، ئێمە ئەو واقیعە ئاڵۆزە جەنجاڵ و پشێوەی جاهیلییەتی سەردەم دەبینین، بۆنی ئەو زەلکاو و

زۆنگاو و گۆلاوە بۆگەنە دەکەین کە مرۆڤایەتیی تێدا دەگەوزێت، بەڵام لەوسەری ئاسۆشەوە ئاڵا شەکاوەکەی ئازادی و ڕزگاری دەبینین کە بە ماندووانی بیابان و تینووانی دەشتی بێروونی شیرک و کوفر و جاهیلییەت ئومێد دەبەخشن. ئێمە چاومان لەو ترۆپکە نورانییەیە کە نقومبووانی زەلکاوەکەی جاهیلییەت خۆزگەی بۆ دەخوازن کە دەستیان بیگاتێ. لەوەش دڵنیا بن کە ئەگەر سەرکردایەتی و ڕابەریتی و ئاڕاستەوانانی مرۆڤایەتی پەی بەو مەنهەجە تاقانە خواییە نەبەن و نەیگرنە بەر، زیاتر بە جاهیلییەتدا ڕۆدەچن. زیاتر وێڵ و سەرگەردان و گومڕا دەبن و هەموو مێژووی مرۆڤایەتییەکەش دەکەنە ناسۆر و ژان و کارەسات. بەهایەکی جوان و قییەمێکی بەڕێز ناهێڵنەوە و هەمووی دەکەنە قوربانی سامان و سەرمایەی کەڵەکەبوویان. یەکەمین هەنگاوی قوتاربوون ناسینەوەی ئەم مەنهەجەیە، وەرگرتن و پێوەپابەندبوونێتی، تەنها ئەم مەنهەجە، بێ تێکەڵکردنی بە دید و ڕێ و بەرنامەی تر. هەڵگرانی ئەم مەنهەجەش دەبێت دڵنیا بن و سوور بن لەسەر ئەوەی کە بە هیچ کلۆجێک و لە هیچ لایەنێک و بە هیچ ڕادە و بڕێک لە جاهیلییەتەوە وەرناگرن، تا مەنهەجەکە هەر وا بە ساف و ڕوونی، بە چاک و بێگەردی، بە دەگمەنی و کاریگەرێتیی تایبەتی خۆیەوە بمێنێت، ئاواش ئاڕاستەی مرۆڤایەتی بەرەو ئاسۆی خواناسی و نووری خواپەرستی بەرز دەبێتەوە، تا ئەوکاتەی خوای خاوەن بە قەدەری خۆی ئامانجەکە لە واقیعی زیندووی مرۆڤایەتیدا بە تەمکینی دینەکەی دەهێنێتە دی. جا لێرە بێت یان لەوێی ئەم سەرزەمینە بەرفراوانە. ئا ئەمە ئەو ڕێنیشاندانەیە کە خوای کارزان و کارجوان دەیویست بیخاتە بەرچاوی ئوممەتە موسڵمانەکەی یەکەم، تا بزاوت و هەڵوێستی عەقائیدییانەی خۆی لەسەر بنیات بنێت. ئەم ئاڕاستەیە ئێستاش هەر وایە و بۆ هەموو کات و شوێنێک و نەوەیەکی نوێی ئەم ئوممەتە موسڵمانە جوامێرەیە.

# پاشكۆیه‌كی پێویست

﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن
ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ١٢٥ وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ
لِّلصَّٰبِرِينَ ١٢٦ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ
ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾ النحل: ١٢٥ - ١٢٨

﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ﴾: كـراو (مفعـول به)یه‌كه‌ی لابـردووه كه ده‌شـێت ته‌قـدیره‌كه‌ی: (ادع الناس) بێت، چـونكه بـانگه‌وازه‌كه گشـتییه و هه‌مـوو خه‌ڵكـی سـه‌رزه‌مین له هه‌مـوو كـات و شوێنێكدا ده‌گرێته‌وه. ده‌فه‌رموێت: «خه‌ڵكی بانگهێشتی ڕێبازه‌كه‌ی خوای په‌روه‌ردگارت بـكه كه ئیسلامه»، به‌رپرسێتیی پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دیاری ده‌كـات كه ئه‌ركـی جه‌نابـت ڕوونكردنه‌وه‌ی دینه‌كه‌یه، بانگكردنی خه‌ڵكیـیه بـۆ وه‌رگـرتن و پابه‌نـدبوون و چه‌سـپاندنی ئه‌م ئیسلامه.

﴿بِٱلۡحِكۡمَةِ﴾: «به دانایی». داناییش ئه‌وه‌یه كه قسـه‌ی شـیاو له كـات و شـوێن و حـاڵه‌تی پڕاوپڕ شیاوی خۆیدا بێت، بێگومـان ئه‌مه‌ش ئه‌و حه‌قیقه‌تـانه‌ن كه وه‌حـی ڕوونیكـردوونه‌ته‌وه، چونكه هه‌ریه‌كه‌یان پڕاوپڕ شیاوی واقیعه‌كه‌یه، له ڕووی كات و شـوێن و حـاڵه‌ت و ڕووداو و بكه‌ره‌كان و گونجـانه‌وه، له‌گه‌ڵ گه‌شـه‌ی ئـوممه‌ت و بزاوتـی بـانگه‌واز و حـاڵه‌تی وجـوودی جاهیلییه‌تی به‌رانبه‌ر له ڕووی هێز و گیانی قبووڵكردن، یان لێ یاخیبوون و هه‌مـوو حـاڵه‌تێكی تری دۆخ و كه‌شی هاتنه‌خواره‌وه‌ی ده‌قه‌كه، كه‌وابوو بانگهێشتكردن به دانـایی نیشـاندانه‌وه‌ی به‌ڵگه خواییه‌كانن كه به وه‌حی ڕوونكراونه‌ته‌وه كه پێناسه‌ی پڕاوپڕ و حوكمی بنبڕی یه‌قینن.

﴿وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ﴾: «به ئامۆژگاریكردنێكی جوان و به‌سوود»، ئامۆژگاری: ڕێنیشـاندانی دڵسۆزانه‌یه، وه‌كوو كه پێغه‌مبه‌ران (سه‌لامی خوایان لێ بێت) كردوویانه. هه‌روه‌ها ڕێنیشاندانی باوك بۆ ئه‌ولاد و مامۆستا بۆ قوتابی و ئه‌میر بـۆ سـه‌ربازانی و داعـی بـۆ خزمه‌كـانی. واته بـا بانگهێشتكردنه‌كه‌ت شێوه‌ی ئامۆژگاریكردن بێت كه ڕێنیشـاندانێكی ڕاسـتیی دڵسـۆزانه‌یه، تـا

بەرانبەرەکەشت پێی جوان و بەسوود بێت و، بیر لە وەرگرتنی بکاتەوە. ئامۆژگارییەکەت کە موژدە و هۆشدارییە خۆی لە خۆیدا جوان و شیرین و پەسەندە، چونکە فەرمایشتی خوای گەورەیە. موژدەیە: کە ئاوا چاکە بکەن تا پاداشت وەرگرن، ئاوا لە خراپە دوورکەونەوە تا سزا نەدرێن، ئەمە خۆی جوانە، بەڵام وا نیشانی بدەرەوە وەکوو ئامۆژگاریی دڵسۆزان و بە حەقیقەتەکانی خۆیان، تا بەرانبەرەکەش پەی پێ ببات کە ڕاستە و جوان و شیرین و بەسوودن.

﴿وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ﴾: «بەو شێوازەی کە چاکترینە موناقەشەیان لەگەڵدا بکە»، ئەو کەسانەی ئامۆژگاری دەکرێن و، بانگەوازی خواییان دەخرێتە بەردەست و بانگهێشتی دینداری دەکرێن، بێگومان لە ئاستەکانی تێگەیشتن و گوێگرتن و جوانیی ڕەفتار و قەناعەتکردن و بەرهەڵستی و بەرەنگارکردنەوەیان جیاوازن، جا ئەو کەسانەی کە بە دیدی خۆیان وا دەزانن خاوەن بەڵگەن و دید و ڕێ و هەڵوێستیان ڕاست و ڕەوایە، تۆ بەجوانترین شێوە، بە ئاشکرا و ڕۆشن و ڕاشکاو، بە پشوودرێژی و سینەفراوانی و ڕێدانان، بە شێوازە باڵا و پارسەنگەکانی گفتوگۆ و دواندن و موناقەشەکردن باس و خواسیان لەگەڵدا بکە تا هێدی هێدی بەکاوەخۆ هەڵە و چەوتی دید و ڕێ و هەڵوێستیانیان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دڵنیا دەبن دید و ڕێ و هەڵوێستی جەنابت ڕاست و دروست و ڕەوایە، سا یان لێتی وەردەگرن و دێنە سەر دینی خوا، یان بە دیدڕوونی لەسەر کوفر دەمێننەوە و بەهانەی ئەوەیان نامێنێت کە گوایە دینەکەیان لا ڕوون نەبوو، بۆیە شوێنی نەکەوتن، خۆشیان و خوای گەورەش دەزانێت کە لەبەر لوتبەرزی و هەڕاڵی و بەرژەوەندییەکانیان دینەکەیان قبووڵ نەکرد، نەک لەبەر نەزانین و دیارنەبوونی. ئەمەش بەسە بۆ «ئیقامە حوججە» لەسەرکردنیان.

هەندێک لە ئەهلی تەفسیر و بانگەواز دەفەرموون ئایەتەکە پۆلێنکردنی خەڵکەکەی تێدایە کە:

- هەندێکیان ئاسان بەدەم بانگەوازە گشتییەکەوە دێن کە زۆرینەی خەڵکە ڕەشۆکەکەن.

- هەندێکی تر خاوەن ناو و سامان و پلەوپایەن و پێویست دەکات بەدانایی (بالحكمة) بدوێنرێت.

- هەندێکی تر پۆلی گشتیی ڕۆشنبیرین، بە ئامۆژگاریی جوان کەسب دەکرێن.

- هەندێکی تریش خاوەن فیکر و دید و دینن، پێویست دەکات موناقەشەی هێدییان لەگەڵدا بکرێت و لەڕووی هزر و ژیرییەوە قەناعەتیان پێ بکرێت کە دید و ڕێ و هەڵوێستیان هەڵەیە و دینەکە ڕاست و دروستە.

دەشێت ئەمە وا بێت، خەڵکی لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتیدا ئەم جۆر و ئاست و پۆلانەیان تێدا بێت، وەکوو کە لە لەندەن و پاریس دەبینرێن، هەر وەکوو کە لە هۆزێکی ئەفریقایش دەبینرێن. ئەمەش داعیی شارەزا و پسپۆڕ، دەقناس و واقیعزان زیاتر دەتوانێت پۆلێنیان بکات، بەڵام بە گشتی دەقەکە داوا دەکات بەم شێوە جوان و نەرمونیانەی تەحەددا، خەڵکی بانگهێشتی دینەکە بکرێن.

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴿١٢٥﴾﴾: «خوای پەروەردگارت خۆی شارەزایە، دەزانێت کێ وێڵ و گومڕایە و ڕێبازی خوایی وەرناگرێت و شارەزایە و دەشزانێت کێ ڕێنمایی خوایی وەردەگرێت و دیندارانە دەژی». واتا: خوای گەورە لە زانستی خۆیدا کە بێسنوورە (کات و شوێن و ماهییەت نابنە بەربەستی زانینی) دەزانێت کێ بەدەم بانگەوازەکەوە نایەت و یاخی دەبێت، کەی و چۆن و بۆچی؟ دەشزانێت کێ هیدایەتی خوایی قبووڵ دەکات؟ کەی و چۆن و بۆچی؟ ئەمەیان بەرپرسێتیی جەنابت نییە، جەنابت ڕوونکردنەوەی دینەکەت لەسەرە، بەرپرسێتی جەنابت (البيان، البلاغ، الشهادة، الدعوة)یە، خەم لەوانە مەخۆ کە بەکافری دەمێننەوە: ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴿٦٨﴾﴾ المائدة: ٦٨.

ڕوونکردنەوەی دینەکە و خستنەڕووی بەڵگەکانی و سەرنجڕاکێشانیان بۆ ئایات و نیشانەکانی، لەگەڵ حەزەر پێدانیان لە یاخیبوون و گوێنەدان و پشتهەڵکردن کە بە تەئکید سزای خوای گەورەی لە دونیا و قیامەتدا بەدواوادا دێت؛ ئەمە کاری جەنابتە، بەڵکوو ئەقڵیان بە بانگەواز و بانگهێشتەکە بشکێت و دینەکە وەرگرن، یان دڵیان ڕاچەنێت و هۆش بخەنە سەر دووچاربوونی سزاکە، یان لە ڕوانگەی هێنانەدیی بەرژەوەندی و سوود و قازانجیانەوە لەوانەیە گوێ بۆ مژدەدانەکەت بگرن کە ئەگەر دین و دینداریيان گرتەبەر، بە تەئکید لە دونیا و

قیامەتدا پاداشت دەدرێنەوە. جەنابت ئەمانە ڕوون بکەرەوە، دینەکەیان وەکوو خۆی پێ بگەیەنە، شاهێدبە لەسەریان کە ئەوەی ئەوان لەسەرین دینی خوا نییە، بانگهێشتیان بکە بۆ دینەکەی خوا کە بە وەحی بۆ تۆ هاتووە، ئەوە ئەو دینەیە کە خوای گەورە قبووڵێتی.

﴿وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦ﴾: «ئەگەر سزاتاندا، با وەکوو ئەوە بێت کە خۆتانی پێ سزادراون، ئەگەر لێتاندان، با لەو ئاستی تاوانەکەدابێت کە کردوویانە».

خوای گەورە دەیزانی کە ئەو بانگەوازە خواویستییە ڕاست و ڕەوایە کە بە شێوەی ئامۆژگاریی جوان و دانایی و موناقەشەی پارسەنگەوە، بەو نەرمونیانی و پشوودرێژییەوە دەخرێتە بەردەست خەڵکی، حەتمەن زۆر کەس قبووڵی دەکات و، دێتە ژێر ئاڵای تەوحیدەکەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە خاوەن دەسەڵات و زلهێز و خاوەنی پلەوپایە و ناو و سامانەکان، خاوەن بەرژەوەندی و ماددەپەرستەکان -نەک هەر دینەکەت قبووڵ ناکەن، نەک هەر بەرەنگاریت دەکەن- بەڵکوو هەوڵی ئەشکەنجە و ئازاردان و ئەگەر توانیان کوشتن و ڕیشەکێشکردنتان دەدەن، حەتمەن پەلاماری تاکە لاوازە بێکەسەکانتان دەدەن و دەیانکوژن، یان ڕاوەدوویاندەنێن، تاڵانیان دەکەن. جا ئەگەر ئێوە لە کاردانەوەیاندا هەقتان لێسەندنەوە، با لە سنووری حەقی خۆتان دەرنەچێت و بەو ڕادە و بڕ و چۆنیەتییە بێت کە ئەوان کردوویانە، تا ڕەفتارەکەتان شەرعی بێت و لە سنووری دادی خوایی دەرنەچێت. ئێوەی دینداران شەرعێکتان هەیە کە دەبێت پێوەی پابەند بن، بۆیە ناشێت لە سنووری شەرعەکە دەرچن، لە کاتێکدا کە کارەکەی ئەوانیشی -کە دەستدرێژی و ستەمە و ئەوان دەسپێشخەرن- ناوناوە سزا (عقوبة) و هەقسەندنەوەکەی ئەمانیشی هەر ناوناوە سزا، ئەوە بە دیدی هەردوولا سزایە، ئەوانیش دەڵێن ئاوا دەتانکوژین، شاربەدەرتان دەکەین، زینندانیتان دەکەین و مەحرومتان دەکەین، چونکە دینێکی تازەتان هێناوە!

﴿وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ١٢٦﴾: «ئەگەر دان بەخۆدابگرن و ئارامبن، ئەوە چاکترە بۆ کەسانی ئارامگر و بەسەبر».

لە غەزای ئوحوددا کە یاوەران زانیان ٧٠ حەفتا یاوەری بەڕێزیان لێ شەهید بووە، لەوانە

حەمزەی مامی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کە بە مردوویی سینەیان دڕی و جەرگ و دڵیان دەرهێنا بۆ هیندی ژنی ئەبوو سوفیان تا بیخوات؛ یـاوەران -کە تووشـی شکسـتێکی سـەربازی بووبوون- هەندێکیان لەناوخۆیاندا بڕیاریاندا کە ئەگەر ئەم جارە بەسەر کافراندا زاڵ ببن ئـاوا جەسـتەی کوژراوەکانیـان هەڵـدەدڕن و لەتیـان دەکەن. ئیـتر خـوای گەورە ئەم ئـایەتەی ناردەخوارەوە کە دەفەرموویت: «ئەگەر سەبر لەسەر ژان و ئازار و خەمەکانتان بگرن چاکترە و گیانی تۆڵەسەندنەوەی واتان تێدا نەبێت کە ئێوەش وا لە جەستەی کوژراوەکانیـان بـکەن.» پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەسـبەجێ فەرمـووی: (نَصْـبِرُ وَلاَ نُعَاقِـبُ)[1]، واتـا: «دان بەخۆدادەگرین و سزا نادەین».

لە سـوورەتی شوراشـدا فەرمـووی: ﴿فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ﴾ الشورى: ٤٠ «هەر کەسـێک لێیبووردەبێت و چاکسازی بکات، ئەوە پاداشتی کەوتووەتە سەر خوای گەورە».

﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ﴾: پاشان دێـتەوە سـەر پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کە لە هەمـوو یـاوەران زیـاتر خـاوەن خەم و پەژارەبـوو، وەکـوو پێغەمـبەری ئامۆژگـار و دڵسـۆزی قەومەکەی و ئەمیری گشتیی سەربازەکانی و سەرپەرشتیاری هەتیو و بێوەژن و داماوان، پاشان لە هەمووان زیاتر لەژێر تین و تەوژمی شیرک و کوفر و جاهیلییەتخوازاندا بوو، خـوای گەورە بە تایبەت پێی دەفەرمووێت: «خۆڕاگرە، بە ئارام و پشوودرێژبە و بشـزانە کە سەبرگرتنەکەشـت هەر بەدەست خوای گەورەیە». وەکوو هەموو ڕەفتارەکـانی تـر هەوڵـی هیـدایەتیان بـدە، بەڵام هیدایەتدان لەدەست جەنابتدا نییە. هەوڵی سەرخستنی دینەکە بدە، بەڵام سەرکەوتن لەدەسـت خوای گەورەدایە. تۆ ئیرادەی سـەبرگرتنت هەبێـت، زۆر لە خـۆت بـکە و بەسـەر ئینفیعـالاتی خۆتدا زاڵ بە، خوای گەورەش سەبرت پێ دەبەخشێت.

﴿وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ﴾: «خەفەتیـان لـێ مەخـۆ»، نە لەوانەی کە بـاوەڕت پـێ نـاهێنن و دوژمنداریت دەکەن و نایانەوێـت هیـدایەتی خـوایی وەرگـرن خەم لە موسـڵمانە شـەهیدەکانی

---

(١) ئەحمەد (٢٠٧٢٤). شێخی ئەلبانی (رحمه الله) لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة ٤٩٠/٥)دا بە سەنەدەکەی دەفەرمووێت: (وهذا إسناد حسن).

خۆشت مەخۆ، ئەوانە بە قەدەری خوای گەورە شەهید بوون.

ئـایەتەکە ئاڕاسـتەی هەمـوو داعیـیەکە کە بـانگەوازی خـوایی بـڵاو دەکـاتەوە کە بیـر لە تۆڵەسەندنەوەی خۆی نەکاتەوە. ئەگەر ویستیشی دادپەروەریتی سەربخات، نابێت لە سنووری شەرع دەرچێت و ڕق و قینی خۆی بکاتە بڕیار، یان تێکەڵ بە شەرعی بکات. سەبریش بگـرن، پشوودرێژ بن و خەمبار و ڕەشـبین مەبـن، نە ڕقـن بـن، نە نەفەسـکورت و نە هیـوابڕاویش. لە بەرانبەر ئەمانەشدا بە تەقواکاری پارسەنگتر بن و بچـنە ڕیـزی ئەو خێرخـوازانەوە کە خـوای گەورە خۆشی دەوێن و وەلیاندایە.

﴿وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ۝١٢٧﴾: «نە دڵتەنگـبە و نە گـوێش بـدە بە فاکوفیـک و پـلان و پیلانیان».

خوێندنەوەیەکی ضیق: (ضَیق)ە، کە جمهـووری قورئانەوانـان وای دەخـوێننەوە، فەڕڕائـی زمانەوان دەفەرمووێت: **(ضَيْق)** هەموو حاڵەتێکە کە لە ناختدا ئومێدت تەسک و کەم دەکاتەوە. **(ضِيْق)** هەموو هۆکارێکی ماددییە کە دەبێتە مـایەی جـێ و ڕێ لـێ تەسـککردنەوەت، وەکـوو تـین و فشـاری جەسـتەیی و مەحروومبـوون و ڕاوەدوونـان. دەفەرمووێـت: "نە لە ڕووی دەروونییەوە گەشبینیت کەم ببێتەوە و، نە مەحروومکردنەکان کە بەرانبەرت دەیکەن لێت ببێـتە جێخەم و مایەی دڵگوشران و ئیزعاجبوون، ئەوە بۆ خوا لێگەڕێ. بەڵـێ ڕاسـتە ئەوان بەردەوام خەریکـی پیلانگێـڕی و فیتنەچێتـی و شـەڕی واتەواتـن، بەردەوام خەریکـی پلانـدانان و نەخشەسازیی کوشتار و ڕیشەکێشکردنتانن، بەڵام جەنابت خۆت نـاڕەحەت مەکە و خەفەتیـان لێ مەخۆ، تەسلیم بە خوای زانا و دانا و بەتوانایان بکە، ئەوان دەتوانن چی بکەن؟" [١].

(١) دوو مانگ پێش وەرگێڕانی ئەم بەشە لە کتێبەکە، چوومە ژووری زیندانی دراوسێ سۆماڵیەکەم کە نەخوێندەواربوو، دەیەم ساڵی زیندانیبوو، خۆی لە زینداندا فێری خوێندنەوە و نووسـین و ئینگلیـزی و نەرویجـی و عەرەبـی کردبـوو. ئەم ئـایەتەی بە دەسـت و خەتێکی ناشیرین نوسیبوو هەڵیواسیبوو، بۆ شەو لە هەواڵی تەلەفزیۆنی نەرویجیدا باسی من هـات کە نـاهێڵن (٣/٢ دوو لە سـێ)ی حوکمەکەم وەرگرم، واتە کە (٣/٢)ی حوکمەکەم تەواو دەبێت ناهێڵن بە پێی یاسایان وەکوو خەڵکیتر ئـازاد بـم. گـوێم نەدایە. دوای دوو ڕۆژ سۆماڵییەکە بانگی کردم و وتی وەرە ئەم ئـایەتە بـۆ تـۆیە. بیخـوێنەرەوە!! دوای دوو ڕۆژ نامەیەکیـان بـۆ هێنـام کە مـانگی داهاتوو موخابەراتی ئەڵمانی دێن و تەحقیقاتت لەگەڵدا دەکەن، چونکە تۆ پێش حەوت ساڵ لەمەوبەر ڕێکخراوێکی (تیرۆریستیـ)ـت

﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾: «خوای گەورە وەل ئەو کەسانەدایە کە تەقواکارن، کە دینەکەیان چاک گرتووە و دینداریتییەکەیان سەرڕاستانەیە، ئەوانەی خۆ لە گوناح بەدووردەگرن و لە بەرانبەریشدا هەمیشە خەریکی خێرخوازی و چاکەکارین، بەو ئومێدەی بچنە ڕیزی ئەو خێرخوازانەوە کە خوای گەورە بە تایبەت وەلیاندایە».

وەلدابوون (بوون لە تەکیاندا) لێرەدا وەلدابوونی تایبەتییە بە لایەنگیری و چاودێری و سەرپەرشتیارێتی و ئاگالێبوون و سەرخستن، ئەم تایبەتمەندێتییە وەکوو وەلدابوونە تایبەتییەکەی فریشتەکانی غەزای بەدرە کە پێی فەرموون: ﴿إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ الأنفال: ١٢، واتا: «خوای پەروەردگارت وەحی بۆ فریشتەکان نارد کە من وەلتاندام و بڕۆن ورەی ئەو کەسانە بەرز بکەنەوە کە باوەڕیان هێناوە و لە جێی خۆیاندا قایمیان بکەن». یان کە بە سەیدنا موسا و سەیدنا هاروونی (عَلَيۡهِمَا ٱلسَّلَامُ) فەرموو: ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ٤٦﴾ طه: ٤٦، واتا: «منیش وەلتاندام، دەبیستم و دەبینم». یان کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بە سەیدنا ئەبووبەکری (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموو: ﴿لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَاۖ﴾ التوبة: ٤٠، واتا: «خەمت نەبێت خوای گەورە وەلماندایە». لە بەرانبەریدا وەلدابوونی گشتی هەیە کە بە بیستن و بینین و زانینە، وەکوو دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٤﴾ الحديد: ٤[1]، واتا: «لە هەر کوێ بن خوای پەروەردگار وەلتاندایە، خوای گەورە کار و کردەوەکانتان دەبینێت».

---

دروستکردووە. منیش لە ژوورەکەمدا ئەو ئایەتەم نووسی و هەڵمواسی و ڕۆژانە بە دەنگەوە دەمخوێند، حەیفم لێدەهات کە تەفسیری زۆرم لا نییە تا لە ڕوانگەی لێکدانەوەی پێشەوایانەوە زیاتر سەرنجی بدەمێ و دەشموت: ئای خۆزگە (في ظلال القرآن)م لابووایە، کەچی سوبحانەڵا حەوت ڕۆژ دوای ئەوە کەوتمە وەرگێڕانی ئەم بەشەی ئەم کتێبی (طريق الدعوة في ظلال القرآن)ە کە هەر لە (في ظلال) وەرگیراوە!! وا ئەمرۆ گەیشتوومەتە ئێرە، کە شەرحی ئەو ئایەتەیە و پێریش تەفسیری (فتح القدير)ی ئیمامی شەوکانیان بۆ هێنامەوە، کە ساڵێک و یەک مانگ بوو لەگەڵ کتێب و دەستنووس و شتەکانمدا لای موخابەراتی نەرویجی و ئەڵمانی بوون. سوپاس بۆ خوای خاوەن لوتف و میهرەبان کە ئاوا ئایەتەکەی کردە ورەی بەرز و سەلوای دڵ و ئاسوودەیی دەروونم. چەند خۆش و مایەی دڵنەوایی خواییە کە دەفەرمووێت: ﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾ النحل: ١٢٥ - ١٢٨.

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر/ یەک بەرگی -دارالمعرفةی لوبنان- چاپی چوارەم ٢٠١٠/ ل ٨٩٩.

## بڕگەی دووەم:

## سروشتی بانگەواز

سروشتی بانگەوازی خوایی و ئامانجی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی یەک شت بووە کە ئیسلامە، واتە موسڵمانبوون. ئیسلام (کە لەفزێکی عەرەبییە و لە (أسلم)ەوە هاتووە) بریتییە لە تەسلیمبوونی عەبدەکان بە خوای گەورە، بە قوتاربوونیان لە پەرستنی عەبدی وەکوو خۆیان و گەیشتنیان بە پەرستنی خوای تاک و پاک، بە قوتاربوونیان لە ژێردەستەیی و حوکمی حاکمێتیی عەبدەکان: یاسایان، بڕیار و حوکمیان، داوەرییان، بەها و قیەم و دابونەریتیان و هاتنە ژێر سایەی حاکمێتیی خوای گەورە: سایەی شەریعەت و حوکم و فەرمانەکانی کە دەربارەی هەموو بوارەکانی ژیانی تاک و کۆی مرۆڤایەتین.

ئیسلام بۆ ئەوە هات تا خەڵکی بەرەو حاکمێتیی خوای گەورە بهێنێتەوە، هەر وەکوو کە هەموو گەردوون -کە خەڵکیش لە گەردووندا دەژین- وا لەژێر بڕیار و فەرمان و ئاڕاستەیدا. دەبێت ئەو دەستوور و دەسەڵاتەی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێک دەخات، هەر ئەو دەسەڵاتە بێت کە وجوودیانی ڕێک خستووە. خەڵکی وان لەژێر کۆمەڵێک ڕێسای خواییدا کە ڕێسای سروشتی لەدایکبوون و پێکهاتن و گەشە و نەشونما و تەندروستی و نەخۆشی و ژیان و مردنیانە، هەر وەکوو چۆن هەموویان وان لەژێر ئەم ڕێسا خواییانەی گەردوون و ژیاندا، دەبێت هەر ئاواش لەژێر ڕێسا خواییەکانی شەرعدا بن. هەر وەکوو چۆن بۆیان نییە و ناشێت دەسکاریی ڕێساکانی گەردوونەکەی بکەن، بۆشیان نییە دەسکاریی ڕێسا شەرعییەکانیشی بکەن، چ بە ئیلغاکردن، یان لادان، یان گۆڕینیان، چ بە ئیزافە بۆکردنیان. بۆیە دەبێت لە لایەنی کارگێڕیی کاروباری ژیانیانەوە بێنەوە ژێر سایەی دینەکەی خوا و ژیانیان بەگوێرەی شەریعەتەکەی خوا ڕێک بخەن، بەوەی کە حاکمێتی **(یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن)**یان لە شەریعەتی خواوە بێت و بەس. ئاوا لایەنی ڕێکخستنی ژیانیان لەگەڵ سروشتیاندا دەسازێت و سروشت و ڕەوتیان لەگەڵ سروشت و ڕەوتی موفرەداتەکانی تری گەردووندا یەک دەگرنەوە. ئاوا هەموو

(وجوود) لەژێر دەسەڵاتی قەدەری و شەرعیی خوادا دەبێت و بەس.

داعییانی ئیسلام دەبێت زۆر چاک لەوە حاڵی ببن کە جاهیلییەت لەسەر حاکمێتیی بەشەر دادەمەزرێت، ئەوەش نامۆبوون و ڕیزپەڕییە لە بزاوت و ڕەوتی گەردوون و ژیان، ئەوە پێکداکێشرانی لایەنی کارگێڕی و لایەنی سروشتیی مرۆڤە، ئەمە سیما و سیفەتی جاهیلییەتە. جاهیلییەتی هەموو کات و شوێنێک، ئەمە هەر ئەو جاهیلییەتەیە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە بانگەوازی خواویستی ڕووبەڕووی دەبووەوە، کاتێک خەڵکیان بۆ (ئیسلام)بوون بانگ دەکرد، بۆ خۆتەسلیمکردنیان بوو بە حاکمێتیی خوای گەورە، بە نواندنی عەبدیێتی بۆ ئەو و بەس. ئەو جاهیلییەتەی داعیی هەرە مەزن موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕووبەڕووی بووەوە، هەر ئەمە سیما و سیفەتی بوو، هەر ئەو جاهیلییەتەیە کە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەیە. ئەم جاهیلییەتە وەنەبێت لە تیۆر (نەزەرییە/بیردۆز)ێکدا دەرکەوتبێت، زۆرجار جاهیلییەت هەر تیۆری نەبووە.

جاهیلییەتی هەموو سەردەمێک لە بزاوتێکی کۆمەڵکاریدا دەردەکەوت، لە کۆمەڵگەیەکدا کە تاکەکانی لەژێر کاریگەریی دید و تێڕوانین و هەست و ئینتیما و دابونەریتێکدا دەبوون، ئەوەش کۆمەڵگە بوو. کۆمەڵە خەڵکێکی پەیوەندیداری خاوەن ڕەفتار لەگەڵ یەکتری، ڕەفتارێکی هاریکاری و یارمەتیدان و یەکتری تەواوکردن، ڕەفتارێک کە دۆستایەتی و لایەنگری و سەرخستنیان بۆ یەکتری هەبوو، دوژمنایەتی و بەرهەڵستی و بەرەنگاریکردنیشیان بۆ ناحەزانیان هەبوو. ئەمەش وایدەکرد ئەو کۆمەڵە خەڵکە (هۆز، کۆمەڵگە، قەوم) بەو ویست و ئیرادە و هۆش و مەبەستەوە ببزوێن، تا بەرگری لە هەبوون و بەرژەوەندییەکانی هەبوونیان بکەن و هەموو بە ڕووی ئەو مەترسییانەدا بووەستنەوە کە هەڕەشە لە وجوودەکەیان دەکات، لە هەر لایەنێکی دید و تێڕوانین، یان ڕێسای ڕەفتار و ڕەوشت، یان قییەم و دابونەریت، یان یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی کاروبارياندا بوویێت.

لەبەرئەوەی مەرج نەبوو جاهیلییەت لە تیۆرێکدا دەربکەوتایە، لە **بزاوتێکی کۆمەڵکاریی جەستەییدا** دەردەکەوت، جەستەیی کە هەموو ئەندامانی هاوکاری یەکتری بن، لە بزاوت و هەڵوێستی خۆیاندا کە وجوودیان دەپارێزێت و بەرژەوەندییەکانیان دەهێنێتە دی. لەم

ڕوانگەوەیە کە هەوڵدان بۆ لادان و ڕادانی جاهیلییەت و گێڕانەوەی خەڵکەکە بۆ حاکمێتیی خوای گەورە ناشێت و نابێت و ناکرێت و بێهودە و بێسوودە ئەگەر لە قاڵبی تیۆرێکدا داڕێژرا. هەڵکەندنی جاهیلییەت بە تیۆر نابێت، چونکە هێزێکی شیاوی بەرانبەر نییە تا جاهیلییەتەکە لاواز بکات تا لایدات، تیۆر ناتوانێت وجوودێکی واقیعی ڕادات کە کۆمەڵێکی خاوەن دید و بزاوت دروستیان کردووە، لادان و ڕادانی جاهیلییەت دەبێت بە هێزی بزاڤێکی کۆمەڵکاریی جەستەیی بێت کە بتوانێت بەرانبەر جاهیلییەتەکە بوەستێتەوە. دەبێت لەویش بەهێزتر بێت تا بتوانێت لایدات و ڕایدات، دەنا چۆن دەتوانێت لایدات و ئیسلام بخاتە جێی؟! کەوابوو ئەوەی کە لە پرۆسەی لادان و ڕادانی جاهیلییەتدا داوا کراوە، هەبوونی بزاوتێکی کۆمەڵکاریی جەستەیی بەهێزە کە لە توانایدا بێت وجوودێکیتری بەدیلی جاهیلییەت بهێنێتە کایەوە کە لە بنەڕەتی دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێست و دەستوور و سیستمدا لەو جاهیلییەتە جیاواز بێت. هەموو شتێکی گەورە و بچووکی. حەتمەن ئەم بزاڤە کۆمەڵکارییە جەستەییەی کە دەیەوێت ئاوا جاهیلییەت لابدات و ڕادات، دەبێت لە جاهیلییەتەکە بەهێزتر بێت، لە لایەنەکانی بیناسازیی عەقیدە و دید و تێڕوانین و ڕێکخستن و بزاوت و هەڵوێستییەوە، هەروەها لە بونیادی پەیوەندییەکانی ناوخۆی ئوممەتەکەی خۆی و پەیوەندییەکانی دەرێی کە دەبێت لەم لایەنەشدا لە جاهیلییەتەکە بەهێزتر بێت.

بە درێژایی مێژووی ئیسلام ئەو ڕێسایەی لایەنی تیۆرییە و زەمینەی بنیاتنانی ئیسلام بووە شاهێدیدانی (لا إله إلا الله) بووە، واتە تاک و تەنهایی خوای گەورە لە خوایەتی و پەروەردگارێتی و دەسەڵاتداری و حاکمێتیدا کە دەبێت لە دید و تێڕوانیندا ببێتە **عەقیدە** و لە خواپەرستیدا ببێتە **عیبادەت** و لە واقیعی یاسا و حوکم و داوەریدا ببێتە **شەریعەت.** **(بە مانەیەکی تر: عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت، بوارەکانی تەوحیدن و بە هیچ کلۆجێک ناشێت هاوبەشییان بۆ خوای گەورە تێدا دابنرێت، نە لە دید و تێڕوانین و، نە لە دروشمەکانی خواپەرستی و، نە لە حاکمێتیدا کە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردنە).** شایەتمان لە هەرسێ لەو لایەنەدا دەرنەکەوتبێت، مانای وایە هەبوونی نییە، لە دینی خوادا بە هەبوون دانانرێت، چونکە شایەتمان کە یەکخواناسی (تەوحید)ە بە هەر سێ ڕووکنەکەی تەوحید

دێتەدی: «عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت»، واتە حاکمێتیی خوای گەورە. کاتێک شاهێدیدان لەسەر ئەم سێ پێکهاتە پێکەوە ڕادەگەیەنرێت و ئیعتیراف دەکرێت کە هەرسێکیان مافی خوای تاک و پاکن و هیچ هاوبەشێکی لە هیچ لایەنێکیاندا بە هیچ ڕادە و بڕێک، بە هیچ کلۆجێک نییە، ئەو کاتە شایەتمانەکە قبووڵە و بێژەرەکەی بە موسڵمان حسێبە.

دانپێدانانی ئەم شاهێدیدانە و بڕیاردان لەسەری، لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەیە کە هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مرۆڤایەتی بگەڕێنێتەوە لای خوای گەورە و ئاڕاستەی ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ژیان تەنها لەوەوە وەربگرێت، لە هیچ لایەنێکدا هەرچەند گچکە و کەم بێت ناشێت ڕاوبۆچوونی مرۆڤ (هەرچەند زۆر و جۆر بێت) بخرێتە شوێن هیچ فەرمانێکی خوایی تێیاندا .بۆیان نییە بە هەر هەمووشیان ڕایەک داڕێژن و بیکەنە بەدیلی بڕگەیەکی سەلمێنراوی شەریعەتی خوا، حوکمی شەریعەتی خواش تەنها لە یەک ڕێگاوە دەزانرێت کە ڕێگای پێغەمبەری خوایە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەوەش بڕگەی دووەمی شایەتمانەکە (أشهد أن محمدا رسول الله)یە .ئەمە ئەو ڕێسا تیۆرییەیە کە ئیسلامی لەسەر دامەزراوە و ئیسلامی تێدا کۆبووەتەوە کە شایەتمانەکەیە: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله) کە (مەنهەج)ـی هەموو ژیانی لێوە هاتووە. هەموو ژیان، چونکە حوکم و بڕیار و ئاڕاستەی بۆ هەموو ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسڵمانی لێوە وەرگیراوە، هەموو ئەحکامێکی دارولئیسلام و غەیری دارولئیسلام، هەموو پەیوەندییەکی نێوان تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی دارولئیسلام و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی موسڵمان بە دەرەوەی خۆی. واتە بە هەموو کۆمەڵگەیەکی تری مرۆڤایەتییەوە.

نەدەکرا ئیسلام لە قاڵبێکی تیۆریدا داڕێژرێت و لێگەڕێت کێ باوەڕی پێ دەهێنێت باوەڕی پێ بهێنێت و، کێ خواپەرستییەکەی وەردەگرێت و مومارەسەی دەکات با بیکات و، پاشان ئەم شوێنکەوتووانە هەر وەکوو جارانیان وەکوو تاکی کۆمەڵگەی جاهیلی بمێننەوە و هەر یەکەیان ئەندامێک بێت لە بزاوتی کۆمەڵکاریی جەستەییانەی جاهیلییەتدا، کە کۆمەڵگە و دەوڵەت ئاڕاستە دەکات و لە هەموو ڕوویەکەوە پێچەوانەی ئیسلامەکەیە. مومکین نەبوو ڕێبدات ئاوا شوێنکەوتووەکانی نوێژ و پەرستنەکان ئەنجام بدەن و هەر لە کۆمەڵگە جاهیلییەکەشدا

توابنەوە! ئەم جۆرە وجوودەی شوێنکەوتووەکانی ئیسلام -هەرچەند زۆر بن- هەر وجوودی ڕاستەقینەی ئیسلامییان لێ پێک نایات. چونکە ئەو موسڵمانە تیۆرییانەی بەشێک ماون لە بزاوتە کۆمەڵکارییە جەستەییەکەی جاهیلییەت کە بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و سیستمی ئیداریی جاهیلییەت؛ حەتمەن ناچار دەبن بەردەوام وەڵامی پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییە بدەنەوە کە بۆخۆیان هەڵدەسووڕێنێت، خۆشیان بێت و ترشیان بێت، ئازادانە و ناچارانە هەر خزمەتی مانەوە و بە پێوەڕاگرتنی ئەو جاهیلییەتە دەکەن کە خۆیان لەلایەنی تیۆرییەوە هەوڵی گۆڕینی دەدەن! ئەوانە پەی پێ ببەن، یان پەی پێنەبەن، لە واقیعدا پێداویستییە زەرووریيەکانی جاهیلییەت دەهێننەدی و وزە و توانای خۆیان بۆ مانەوە و گەشەی جاهیلییەت دەخەنە گەڕ و، ناهێڵن هیچ هۆکارێک مەترسیی لەسەر دروست بکات. کەوابوو ئەو موسڵمانە تیۆرییانەی دەخوازن جاهیلییەت بگۆڕن لە واقیعی حاڵیاندا خۆیان دەبنەوە سووتەمەنیی ئیدامەدان و هۆکاری مانەوە و گەشە و بەردەوامبوونی جاهیلییەتەکە! چونکە هێشتا بەشێک ماون لە جەستەی جاهیلییەتەکە، ئەوانە وەکوو سێڵی زیندووی کارا ژیان و گەشە و بەردەوامبوونی کیانی جاهیلییەتن. لە خزمەتیدان، توانا و وزە و شارەزایی و چوست و چالاکیی خۆیانی دەدەنێ تا بژی و بەهێزتر ببێت! لە جیاتی ئەوەی ئەو وزە و توانا و چالاکییە لە لادان و ڕادانیدا بەگەڕ بخەن. دەبوو ئەوان شارەزاییەکەیان بۆ ڕماندنی جاهیلییەت و دامەزراندنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی بەگەڕ بخستایە، کەچی ئاوا بوون بە هۆکاری مانەوە و گەشە و پەرەسەندنی جاهیلییەت! ئاخر بۆیە نەدەکرا ئیسلام ڕێسا تیۆرییەکەی خۆی (کە عەقیدەکەیە) بکاتە شتێکی تیۆری و بیخاتە بەردەست. مومکین نەبوو، هەر دەبوو ئاوا لە ئوممەتێکی کۆمەڵکار و بزاڤێکی واقیعیی گۆڕانکاریدا دەرکەوێت، کە هەموو تاک و کۆیەکی وەکوو یەک جەستە لەکاردا بن. هەر دەبوو ئاوا جاهیلییەت هەڵتەکێنێت و ڕایدا، تا لە شوێنی ئەودا کۆمەڵگە و دەوڵەتە ئیسلامییەکەی دابمەزرێنێت کە لە هەموو دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بەها و قییەم و بزاوت و هەڵوێست و دەستوور و سیستمیەوە، لە هەموو لایەنەکانیانەوە لە جاهیلییەتەکە جیاواز بێت و سەربەخۆ و دوور بێت لە کۆمەڵگە جاهیلییەکە کە لە بزاوتێکی دژایەتیی کۆمەڵکارانەی جەستەییدا دەرکەوتبوو، دژایەتیی سەرسەختانەی ئیسلامی دەکرد و دەیوست مەفحی بکاتەوە، چ جای ئەوەی ڕێی ژیان و بەردەوامبوونی

هەبێت! هەر دەبوو ئیسلام لەو ئوممەتە کۆمەڵکارە و لەو بزاڤە گۆڕانکارە ڕیشەییەدا دەربکەوێت کە سەرکردایەتیی سەربەخۆی خۆیی هەبوو کە پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، لە دوای جەنابیشی لە هەموو سەرکردایەتی و ڕێبەرێتییەکی خواویستانەدا دەردەکەوێت کە ئوممەتە دینداره‌کەی لە بزاڤێکی عەقائیدیدا دەخاتە گەڕ، تا جاهیلییەتی زەمانی خۆی لادات و ڕادات، تا خەڵکەکە لە حاکمێتیی جاهیلییەت (لە یاساداڕشتن و حوکمڕانی و داوەریکردن) و لە دید و ڕێ و ڕەوتی جاهیلییەت قوتار بکات و بیانهێنێتە ژێر سایەی خوایەتی و پەروەردگارێتی و دەسەڵاتدارێتی و حاکمێتیی خوای گەورە و دینەکەیان بۆ بکاتە دید و ڕێ و ڕەوت. هەر دەبوو ئیسلام لەو بزاڤە کۆمەڵکارییە جەستەییە عەقائیدییەدا ئاوا گۆڕانخوازانەدا دەرکەوێت و ڕاگەیەنێت کە هەر کەسێک حاکمێتیی خوای گەورە و دید و ڕێ و بزاوتی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وەرنەگرێت و وەلائی خۆی نەداتە ئەم ئوممەتە عەقائیدییە نوێیە، ئەوە جاهیلییە و لە شیرک و کوفردایە. هەر کەسێک وەلائی خۆی نەداتە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و بە ڕێبەر و پێشەوا و ئاڕاستەوانی تاقانەی خۆیی دانەنێت لێی قبووڵ ناکرێت، جا سەرکردایەتییەکەی قەشە و مالم و پیاوانی دینیی دیان و جوولەکەکان بن، یان زێوانی کەعبە و بەردپەرستان بن. یان سەرکردایەتییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵکاری تر بن. هەر کەسێک شایەتمان بهێنێت دەبێت لەژێر سەرپەرشتیارێتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بێت و بەس. ئەم حەقیقەتە دەبێت لە دید و زەینی داعییانی ئیسلامدا زۆر زۆر ڕۆشن بێت، نەدەکرا کەسێک شایەتمان بهێنێت و لە کۆمەڵگە جاهیلییەتەکەشدا بمایاتەوە. دەبوو هەر لە یەکەمین ساتی موسڵمانبوونەوە، لە یەکەم ڕاگەیاندنی (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله)یەوە لە جاهیلییەت دابڕایا، لە هەموو سیما و مۆرک و سیفاتێکی، چونکە کۆمەڵگەی موسڵمان ئاوا نەبێت مەحاڵە پێک بێت. کۆمەڵگەی موسڵمان هەرگیز بەوە نایەتەدی کە کۆمەڵێک کەس ڕێسا تیۆرییەکەی ئیسلام (تەوحیدەکە) لە دڵ و هزریاندا بچەسپێت و بەشێکیش مابن لە جاهیلییەتەکە.

کۆمەڵگەی موسڵمان بەوە دێتەدی کە عەقیدەکە لە دڵ و هزر و ویژداندا بچەسپێنێت و خواپەرستییەکان سەربەخۆیانە ئەنجام بدرێن و، لە هەمان کاتیشدا تاکە موسڵمانەکە ببێتە

ئەنـدامێکی بـزاوتە کۆمەڵکـارییە جەسـتەییەکەی کە بـانگەوازەکەی خـوای هەڵگرتـووە و سەربەخۆیانە و بە ئاڕاستەی سەرکردایەتیی سەربەخۆیانەی خۆی دەجووڵێـت. لە ئـوممەتێکی عەقائیدیدا چالاکیی دەنوێنێت کە هەست دەکات -بە وەلائی دینەکە- لەگەڵیانـدا بـووەتە یەک جەسـتەی هەماهەنـگ و هەمـوو ئەنـدامانی ئـوممەتە کۆمەڵکـارەکە بەشـێکن لە پێکهـاتەی کۆمەڵکارییەکە و وەکوو ئەندامانی جەسـتە بە ئاڕاسـتەی سـەرکردایەتیی سـەربەخۆی خۆیـان دەبزوون کە بزاوت و هەڵوێستیان بۆ دیاری دەکات و ئەمانیش دەیگرنەبەر کە وزە و ورەیان بە ڕێکخستنی مەحـکەم دەخـاتە گەڕ و وجـوودی موسـڵمانانەیان ڕۆژانە زیـاتر و بەرفراوانەتـر و پتەوتـر دەچەسـپێنێت. هەمـوو وزەکـان مەرکەزی لە ئـوممەتە عەقائیـدییەکە و بـزاوتە گۆڕانکارییەکەدا خراونەتە گەڕ و لە ململانێی بێ ئامانی جاهیلییەتدان و سوورن لەسـەر لادان و ڕادانی جاهیلییەت و نەهێشتنی ئاسەواری دید و ڕێ و بزاوت و ڕەوتی و دامەزراندنی کیانی ئیسلامی لە شوێنیدا بە دید و تێڕوانینی عەقائیـدیی تەوحیـد و ڕەفتـار و ڕەوشـتی پارسـەنگ و دابونەریتی دینداری و بزاوت و هەڵوێـستی شـەرعی و یاسـا و ڕێسـا و دەسـتوور و سیسـتمی حوکمی خوایی. ئاوا ئیسلام وجوودی خـۆی چەسـپاند، ئـاوا سـەرەتا لەو ڕێسـا عەقائیـدییەی شایەتمانەوە دەستی پێ کرد کە بووە زەمینـەی پێکەوەنـانی ئـوممەتە خواویسـتییەکە کە کەوتە بزاوتێکـی کۆمەڵکـاریی جەسـتەیی و بە سـەرکردایەتییەکی سـەربەخۆی ئاڕاسـتەوانی کەوتە ململانێی جاهیلییەت تا لایدا و ڕایدا.

ئیسلام ئاوا هاتە پێشەوە بە هیچ شێوەیەک نەخرایە قاڵبێکی تیۆریـانەی دوور لە وجـوودی واقیعیانەی پڕ لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی جاهیلییەت.

با داعییە موسڵمانەکان لەوە دڵنیا بن کە هێنانەوەی ئیسـلام جـارێکی تـر هەر بەو شـێوە و چۆنیەتی و ئالیات و قۆناغانە دەبێت و بەس.

## بڕگەی سێیەم:

## وزەی بەگەڕخراوی بانگەواز

مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێت و دەتاسێت، هەر وەکوو کە سەرسام دەبێت بەو هەموو ڕەنجە زۆرەی پێغەمبەرانی خوا (سەلامی خوایان لێ بێت) کە بە درێژایی مێژوویەکی زۆر تووڵانی بۆ سەرخستنی بانگەوازی خوایی داویانە. ڕەنجێکی نەپساوی بەردەوام. ڕەنجی پشوودرێژانەی ئەو هەموو نێرراوانەی خوای گەورە (سەلامی خوایان لێ بێت) بۆ هیدایەتدانی مرۆڤایەتی بۆ ڕێنیشاندانیان و، بۆ هێنانەوەیان لە گومڕایی و بزربوون و سەرگەردانی، هەروەها بۆ شاڕێی ڕاست و ڕەوان و ڕۆشنی خواناسی. لە بەدواداچوونی ئەو هەموو ڕەنجدانەدا -کە بە تەگبیری خوای گەورە بووە و هەموو ڕەوت و بزاوت و سرەوتێکی ئەم کاروانە پیرۆزەی پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لێ بێت) بەپێی قەدەری خۆی ئاڕاستە کردووە (کە ویست و زانست و توانای خۆیەتی)- لە بەدواداچوونی ئەم خەباتە تووڵانییەی ئەو پێشەوا بەڕێزانەدا مرۆڤ دەحەپەسێت کە ئەمانە بەو سینەفراوانی و خۆگری و ئارامییەوە ئەم بانگەوازە پڕ لوتف و سۆز و بەزەییەی ڕزگارکردنیان دەخستە پێشچاوی مرۆڤ، کەچی مرۆڤەکان هەر کەللەڕەق و سەختگیر و توندوتیژانە لە ڕوویاندا هەڵدەگەڕانەوە و لەسەر گومڕایی و زیانی ئاشکرای خۆیان سوور دەبوون.

جاری وا هەیە لەگەڵ سەرنجدانی ئەم هاوکێشەدا مرۆڤ پرسیارێکی لا دروست دەبێت کە ئایا هیدایەتدانی ئەو خەڵکە شایانی ئەوە بوو ئەو هەموو ڕەنجەی لە پێناودا بدرێت؟! ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە، ئەو ڕەنجە بەردەوامە، ئەو خەباتە نەپساوە، ئەو هەموو قوربانییە و ئەو هەموو ناسۆر و ژان و ئازارە لە پێناوی هیدایەتدانی مرۆڤایەتییەکدا کە هێشتا هەر وا گومڕا و سەرکەش و کەللەڕەقانە یاخی دەبێت و زۆر نەفامانە لەو بانگەواز و کاروان و پێشڕەوانە تەوەلا دەبێت. ڕەنجی شەو و ڕۆژی سەیدنا نوح (سەلامی خوای لێ بێت). ئینجا ڕەنج و بزاوتی ئەو هەموو پێشەوا نموونانەی مرۆڤایەتی کە هەڵبژاردەی زانست و لوتفی خوایی بوون.

کـاروانێکی پـاک و سەرڕاسـت و دڵسـۆز. هەر لە نـووحەوە تـا دەگـاتە سـەیدنا موحەممـەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)! ڕەنج و خەباتی ئەو هەزاران هەزار خواویسـتەی لەم کـاروانە پـاڵفتەکراوەدا مەحرووم دەکرا و شەهید دەبوو. ئەم ڕەنجە زۆرەی ئەم کاروانە بەردەوامە کە هەر خوای گەورە دەزانێـت لە سـەرەتایەوە تـا کۆتـایی چ هەوڵێکـی تێـدا دراوە و دەدرێـت. چ ناسـۆر و ژان و ئازارێـک دەهـاتە ڕێـی پێغەمـبەران (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت) و شـوێنکەوتووانیان، ئەو پێغەمبەرەیان گاڵتەی پێ دەکرا، ئەویـان بە ئـاگر دەسـوتێندرا، ئەویتریـان بە مشـار دەبـڕایەوە! ئەوی تریان لە شار دەردەکـرا، ئەمیـان گەمـارۆ دەدرا و شـوێنکەوتووانی لەژێـر ئەشـکەنجە و سزا و ئازاردا دەکڕووزانەوە! لە دەستپێکی ئەم کاروانە پاکەی خواویستییەوە ئەم ڕەنج و خوێنە بەردەوام بوو. ئینجا پەیامی پیرۆزی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هات کە ئەویش جەنابی و یاوەرانی بە قەدەر هەمووان ناسـۆر و ژان و ئازاریـان چێشـت. هەمـوو جـۆری ئەشـکەنجە و سزاکانی ئەوانیان بە زیادەوە دی. سوارچاکانێکی زۆرتریان لێ گلا. جەنابیشی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی هێنا و خەباتەکەی بەردەوام کرد و تەشریفی برد. نەوەی یاوەران ڕەنجە نەپساوەکەیان بە ڕادە و بڕی سەرسوڕهێنی ناسۆر و ژان و ئازارەوە ئیدامە پێدا و دواتریش نەوە بە نەوەی ئەم ئـوممەتە لە هەمـوو کـات و شـوێنێکدا و تـا ئێسـتاش هەر بەردەوامـن و کـاروانی خەبـاتی خواویستیان ساڵ بۆ ساڵ قوربانی زۆرتر لەم ڕێگایەدا دەدات. ڕێگای خواویستی و بانگەوازی هیدایەتی خوایی. ئایا هیدایەتدانی ئەم مرۆڤە سەرکەشە کەللـەڕەقە نەفـامە ئەوەنـدە گرنـگ و بەجێ بوو کە ئەو هەموو ڕەنجەی لە پێناودا بدرێت و سەبر لەسـەر ئەو هەمـوو ناسـۆر و ژانە بگیرێت کە بەرەی کەلـلەڕەق و نەفامی و شیرک و کوفر و جاهیلییەت دروستیان دەکـرد؟ ئایـا مرۆڤایەتی هەر هەمـووی شـایانی ئەوە بـوو ئەو هەمـوو ڕەنـج و ئەو هەمـوو قوربانیـانەی بـۆ بدرێت؟! هەر هەموو مرۆڤ ئەوەندە گرنگ و بەرێزبوون و هیدایەتیدانیشـیان ئەوەنـدە بەنـرخ بـوو تـا خـوای گەورە پەیـامی خۆیـان بـۆ بنێرێـت و باشـترین کەسـیان بـۆ هەڵبژێرێـت و ئیماندارانێکی بۆخواسوڵحاویان -بە چاودێریی بەردەوامی خۆی- بۆ بخاتە بزاوتی گۆڕانکاری؟! لە کاتێکـدا کە زۆریـنەی کۆمەڵگەکـانی مرۆڤـایەتی، یـان نەفامـانە گوێیـان نەدەدایە، یـان کەللـەڕەقانە ڕەفزیـان دەکـردەوە، یـان دوژمنـانە لە بەرانبەریـدا ڕادەوەسـتان و ئەو حەمـلە خەتەرناکانەیان دەکردە سەر ئەو خواویستە هێمن و ئاشتیخوازانە؟!

وەڵامـی ئەو پرسـیارە، دوای شـیکار و لێکـۆڵینەوە: بەڵێـیە. گومـانی تێـدا نیـیە کە بەڵێـیە. جێگیربوونی حەقیقەتە عەقائیدییەکان لەسەر زەمیندا ئەو هەموو ڕەنجە دەخوازێت، ئەو هەموو خۆگری و ئارام و پشوودرێژییەی دەوێت، ئەو هەموو سۆز و ژان و ئازارەی دەوێت لە پێناویدا بچێژرێت، ئەو هەموو قوربانییەی ئەو پێغەمبەرە بەڕێـزانە (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت) و ئەو هەموو پیاوچاک و دیندارە سەرڕاست و تەقواکارانەی دەویست کە دایـان، لە هەمـوو کـات و شوێن و نەوەکانی مرۆڤایەتیدا بـوو. چـونکە جێگیـر بـوون و چەسـپاندنی ئەم حەقیقەتـانە لە وجوودی مرۆڤ خۆی گرنگترن، لە خودی زەمینیش گەورەترن، زەمین و هەرچیی تێدایە. بگـرە لە هەر هەموو گەردوون گەورەترە کە زەمین تێیدا وەکوو خـاڵێکی بچـووکە و لە گچکەییـدا لە چاو ئەو گەردوونە بەرفراوانە دوورمەودایەی کات و شوێندا خەریکە نەبینرێت. زەوی چییە لە چاو ئەو هەموو کەشکەشانانەدا؟! سـەلماندن و چەسـپاندنی تەوحیـدەکە لە وجـوودی ئەمـانە گەورەترە. ویست و ئیرادەی خوای گەورە وا بوو کە ئەم کائینە زیندووەی پێی دەوترێت مرۆڤ؛ لەم سەرزەمینەدا بەو سیفەتە تایبەتییانەیەوە نیشتەجێ بکات کە هەموو بزاوت و سرەوتێکـی بە یارمەتی و هاوکاری و قەدەری خوای گەورەیە. ئێمە نازانین بۆچی خوای گەورە ئەم مـرۆڤەی بەو سیفەتە تایبەتییانە دروست کردووە و ئیماندارێتی و دیندارێتیشـی سـپاردووەتەوە بە هـزر و هۆش و پەیبردنی مرۆڤەکە خۆی و دینەکەی خۆیی بۆ ناردووە، بەڵام لە وەرگرتن و ڕەفزکردنیدا سەرپشکی کردووە. ئەمما ئەوانەی کە وەریدەگرن سەلماندن و چەسپاندنیان بۆ دەبێتە ئەرک کە وەکـوو **(عەقیـدە)** و **(عیبـادەت)** و **(شـەریعەت)** وەریگـرن و ژیـانی خۆیـان لە هەمـوو لایەنەکانییەوە بەپێی ئاڕاستەی دینـەکە ڕێـک بـخەن. ئـێمە نـازانین بـۆچی خـوای گەورە ئەم مرۆڤەی لە نێوان ئەو هەموو مەخلووقاتانەیدا وا دروست کردووە کە خاوەن ویست و ئیرادە و حەز و سەرپشکێتی بێت؟! بۆچی وەکوو فریشتە نییە کە خـوای گەورە وا خەلقـی کـردووە کە ئیماندار ملکەچ و گوێڕایەڵە و بۆ ئەوە خەلق بـووە فەرمـانی خـوای گەورە ڕاپەڕێنێـت؟! یـان وەکوو ئیبلیس نییە کە تایبەت بە گوناح و تاوان و شەڕخوازی خەلقی کردووە؟ ئێمە نهێنـی ئەم جیاوازییانەی خەلقکردن نازانین، بەڵام باوەڕمان بەوە هەیە کە دانـایی خـوای گەورە لە پشـت ئەوەوەیە، داناییەک کە پەیوەندیی بە هەر هەموو وجـوودەوە هەیە. لەم ڕوانـگەوەیە کە دەڵێـین حەتمەن سـەلماندن و چەسـپاندنی حەقـیقەتە عەقائیـدییەکانی تەوحیـد ئەو ڕەنـج و خەبـات و

خۆگرییەی دەوێت، تا لە جیهانی مرۆڤدا بێنەتە دی. بۆ ئەم ڕەنج و خەباتە توولانییە و خۆگریی ئەم ڕێگـایە خـوای گەورە کۆمەڵێـک نـوخبەی هەڵبـژاردەی شـیاوی لە نێـوان مرۆڤەکانـدا هەڵبژاردووە کە نێرراوان و پێغەمبەرەکانن (سەلامی خوایان لێ بێت)، هەروەهـا شـوێنکەوتووە دیندارە سەرڕاستەکانیان، ئەوانیشی هیدایەتداوە تا هەموویان ئەم پەیامە خـواییە بە مرۆڤـایەتی بناسێنن و بانگهێشتی بکەن بۆ دینداری، تا ئەحکـامی دینـی خـوا لە کـۆمەڵگە و دەوڵەتێکـدا بچەسپێنن. ئەم ئەرکە پیرۆزە -کە سەلماندن و چەسپاندنی تەوحیدە- ئەو هەموو ڕەنج و خەبـات و قوربانییەی ئەو کۆمەڵە هەڵبژێراوە پاکەی دەویست.

جێگیربـوونی ئەم حەقـیقەتە عەقائیـدییانەی تەوحیـد لە دڵ و دەروون و هـزر و هـۆش و ویژدان و هەستدا، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم خاوەن دڵ و هزر و ویژدانە پشکێکی نووری خوای دەسکەوتووە و شیاوی ئەوە بووە ببێتە گەنجینەی نهێنییەک لە نهێنییەکـانی خـوای کردگـار و خاوەنی. شیاوی ئەوە بوو ببێـتە ئەداتێکـی قەدەری خـوایی کە شـتێکی پـێ بهێنێـتە دی. ئەمە حەقیقەتە نەوەک وێناکردن و چوانـدن و نمـوونە هێنـانەوە. ئەمە حەقیقەتـێکە لە مـرۆڤەکەش گەورەتـرە، لە زەمـین و ئاسـمانەکانی دەوروبەر و هەستپێکراویشـی گەورەتـرە. هەروەهـا جێگیربوونی ئەم حەقیقەتانەی تەوحید لە تاک و کۆی ئوممەتێکدا مانای وایە پەیوەستییەک بە بەردەوامی لە نێوان ئەم زەمینە و خوای تاک و پاکدا ماوە کە ژیانی مرۆڤی پێوە دەبەسترێتەوە، چونکە ئەم ژیانی دونیایە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژی دوایـی و لای خـوای گەورەوە ناپچڕێـت. سەلماندن و جێگیربوونی حەقیقەتە عەقائیـدییەکان نیشـانەی شایسـتەبوونی ئەو ئیمانـدارانەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی شیاوێتی کە لایەقـی ئەو پەیوەسـتبوونە مەزنە بـن کە ژیانی دونیایان بە ژیانێکی نەبڕاوەی لای خوای گەورەوە دەبەستێتەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم (مەخلووقە فانیـ)ـیە بە (خـالقی باقیـ)ـیەوە پەیوەسـتە، ئەمە پەیوەندیی پشکێکە بە هەمـووەوە، ئەمە پەیوەنـدیی ئەم کەم و کـورت و نوقسـانەیە بەو خـوای تەواو و کامڵ و بێوێنەوە. ئا ئەم ئەنجامە گرنگ و گەورە و کـاریگەرە هـی ئەوەیە ئەو هەمـوو ڕەنج و خەباتەی لە پێناودا بدرێت، شایانی ئەوەیە ئەو هەموو قوربـانییەی لە پێنـاودا بـدرێت، شایستەی ئەوەیە ئەو هەموو ناسۆر و ژان و ئازارەی لە پێناودا بچێژرێـت. تەنـانەت ئەگەر بـۆ

ڕۆژێکیش لە تەمەنی دووورودرێژیی مرۆڤایەتیدا بێتەدی؛ هەر قازانجێکی گەورەیە و شایانی ئەو هەموو ڕەنج و خەبات و پشوودرێژییەیە. چونکە سەلماندن و چەسپاندن و دەرکەوتنی ئەم تەوحیدە بەو شێوە ئیمانییە حەقیقییەی تەنانەت لە ڕۆژێکیشدا هەر گرنگە، چونکە دەبێتە ئەو نموونەیەی بەردەوام لەبەر چاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەبێت کە تا ئەوەتا حەقیقەتە عەقائیدییەکانی تەوحید وەکوو مەشخەڵێکی نووری خوایی خراوەتە بەر چاوان و قابیلی دووپاتکردنەوەیە. دەی سا با هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو کات و شوێنێکدا هەوڵی نەپساو و ڕەنجی ماندوونەناسانەی بۆ بدەن و هەموو کەند و کۆسپ و ناسۆر و ژانەکانی ڕێیان لا سووک و ئاسان بێت، مادام لەسەر ئەو ڕێیەن کە دەیانگەیەنێتە ئەو نموونە جوانە و ئەو مەشخەڵە نوورەی لوتفی خوای گەورە.[1]

واقیعییە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی -کە بەردەوام لە دووبارەبوونەوە و نوێبوونەوە و داهێنان و دۆزینەوەدان- ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک و لەژێر ئاڕاستەی هیچ دید و ڕێبازێکدا نەفسی مرۆڤ نەگەیشتووەتە ئەو لوتکە بڵندەی تەواوێتی و ترۆپکی کامڵبوون کە بۆی دیاری کراوە، بە هیچ ئالییەتێک بە غەیری ئەم خواناسییە نەیگەیشتووەتێ. بە غەیری ئەم سەلماندن و چەسپاندنەی تەوحیدە. بە غەیری دڵنیابوونی تەواو لەو حەقیقەتە عەقائیدییانەی خواناسی کە بووبوونە بەڵگەنەویست. لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتییدا ئەوە ئاشکرایە کە تەنها ئەم باوەڕ بەخواهێنانە و ئەم ڕەفتارە ئیماندارییەیە کە پۆلە ئیماندارەکانی نێوان مرۆڤی گەیاندووەتە ئەو لوتکە بەرزەی جێگیری و هێمنی و ئاسوودەیی. لوتکەی ڕاقیبوون و کامڵبوونی دیاریکراو بۆ مرۆڤ. هەرگیز ژیانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لەژێر ئاڕاستەی هیچ بیروباوەڕێکدا ئاوا جێگیر و هێمن و ئاسوودە نەبووە، وەکوو کە لەژێر ئاڕاستەی خواویستیدا جێگیر و ئاسوودە بووە. تەنها ئالییەت و هۆکاریش ئەو تەوحیدەیە کە لە چەندین قۆناغی مێژوودا مرۆڤایەتیی دەگەیاندە ئەو لوتکە باڵایەی پارسەنگبوون و ئەهلی وەحی. ئەمە خەونێک

---

(١) لەم ڕوانگەوەیە (والله أعلم) کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموویت: (فَوَاللَّهِ لأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا، خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ يَكُونَ لَكَ حُمْرُ النَّعَمِ) بوخاری (٣٧٠٣)، موسلیم (٢٤٠٦). واتا: ئەگەر خوای گەورە بتکاتە هۆکارێک بۆ هیدایەتدانیی یەک کەس، ئەمەت چاکترە وەک لەوەی (حُمْرُ النَّعَمِ)ت هەبێت کە باڵاترین حوشتر و سامانی بەنرخی ئەو زەمانەی عەرەبەکان بووە، کە هەتبووایە و هەموویت لە پێناوی خوای گەورەدا ببەخشیایە!

بوو گەورەتـر لە خەیـاڵ، بەڵام لە سەردەسـتی پێشـڕەوانی خواویسـتی و بە سەرپەرشـتیارێتیی وەحیی خوایی بووە واقیعێکی گەورەتر لە خەون و خەیاڵەکەش!

مرۆڤایەتی لە هیچ کات و شوێنێکدا لە ڕێی ئاڕاستەی فەلسەفەوە نەگەیشتووەتە ئەو لـوتکە بەرزەی ئاسوودەیی دەروون و ناشیگاتێ، لە هیچ دید و ڕێیەکی زانستیشـەوە نەیگەیشـتوێتێ و ناشـیگاتێ. لە ڕوانـگەی هـیچ هونەرێکیشـەوە نەیـدیوە و لە زەمیـنەی فیکریـی هـیچ ڕێبـاز و بیردۆزێکیشەوە نەیگەیشتۆتێ و ناشیگاتێ. هیچ تاک و کۆمەڵێک ناگاتەوە ئەو لوتکە بـاڵایەی ڕاقیبوون و ترۆپکی ئاسوودەیی و جێگیریی دەروون و هێمنی و ئاشتی و ئەمان بەبـێ ئـالییەتی ئەم تەوحیدە خواییە و بەبێ سەلماندن و چەسپاندنی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانە، بە شـێوەیە کە ببنە بەڵگەنەویست و گومان و ڕاڕایی و دوودڵییان تێدا نەمێنێـت و ئینجـا لە بازنەکـانی دیـد و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشـت و دابونەریـت و بـزاوت و هەڵوێسـت و دەسـتوور و حوکمڕانیـدا بکـرێتە تەوەری ڕەفتـاری تـاک و کـۆی ئـوممەتێکی ئیمانـدار کە لە بزاڤێکـی گۆڕانکـاری و ئاڕاستەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی شەرعیدا دەیخەنە گەڕ.

مەنهەجـی هەمـوو ئەم دیـد و ڕەوت و بـزاوتەش هەر لەم حەقـیقەتە عەقائیـدییانەوە دێـت، مەنهەجێکی گشتگیری تەواو، جا کورت و پوختەیەک بێت وەکوو پەیـامی زۆر لەو پێغەمـبەرە بەڕێزانەی بۆ کۆمەڵگە گچکەکان دەهاتن، یـان تەفسیل و ئاڕاسـتەوانی هەمـوو چـالاکییەکی تاک و کۆ و کۆمەڵگە و دەوڵەت، وەکوو کە لە پەیامی کۆتـایی وەحییـدا بـۆ پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٰ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتووە. گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەم تەوحیدە بە هەمـوو حەقـیقەتە عەقائیدییەکانییەوە لە لایەن خوای کردگار و خاوەنەوە هاتووە ئەوەیە کە بە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایەتی لە هیچ قۆناغ و کات و شـوێنێکدا بە غەیـری ئەم عەقیـدە هـیچ کـۆمەڵ و بـزاڤ و هێزێک نەگەیشتووەتە ئەو لوتکەی ڕاقیبوون و ترۆپکی پارسەنگی و ئاسوودەبوونە. (ئەگەر ئەم پەیامەی دیـن هەر لە مـرۆڤەوە بهاتـایە، دەبـوو مرۆڤەکـان بە ئـالییەتی دینـە بەشـەرییەکانیش بگەیشتنایەتە ئەو لوتکەیە کە نە بەو دینە بەشەری و نە بە فەلسەفە و نە بەزانست نەیگەیشتنێ؛ دەبێت ئەوە بسەلمێت کە تەنها ئەو تەوحیدە خـواییەیە ئـالییەتی شـیاوی ڕاقیبـوون و گەیشـتنە ترۆپکی ئاسوودەبوون). دەشبینرێت لە هەمـوو کـات و شـوێنێک -کە ئاڕاسـتە و دەسـەڵات لە

دەست ئەهلی تەوحیددا نەمابێت، مرۆڤایەتیی کەوتووەتە جۆرە دەبەڕێکراچوون و ململانێ و کارەساتی بێ ئامانەوە و بە هیچ فەلسەفە و زانست و هونەرێک نەیتوانیوە تاک ئاسوودە و کۆمەڵگە پارسەنگ و دەسەڵات دادپەروەر بکات. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دەبینرێت کە سەرەنجامی دیدی لیڵ و ڕێی وێڵ، مرۆڤایەتیی مرۆڤ پێشێل بووە و قیەم و بەها و ڕێزی ئینسانێتی بووە بەژێر چەپۆکی ستەمکاری و ژێر تین و فشاری هەوا و هەوەس و بەر لێشاو و تەکان و ڕەتانی بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارەکانەوە. لە نەمان و لادان و خامۆشبوونی ئاڕاستەی تەوحیددا دەیان و سەدان دیاردەی پشێویی دەروون و لاسەنگیی ڕەفتار و سەرگەردانیی فیکر و نەخۆشیی ڕق و قین و بوغز و شەڕی بێ ئامان دروست بووە. هەرچەندە لە هەموو سەردەمێکیشدا زانست و تەکنۆلۆژیا بەشی خۆیان پێشڕەوتیاندەکرد. زەقترین نموونەی ئاشکرا و دیاریش ئەم سەردەمە مادییەیە کە ئاڕاستەی تەوحید کەناردراوە و دونیا لە دیدی بێدینییەوە ئاڕاستە دەکرێت؛ دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی زانست و تەکنۆلۆژیایەدا ئەو دەیان و سەدان دیاردانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا لە زیادبوونێکی ترسێنەردان! لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتن و چاکردنەوەیەشدا نە تاک ئاسوودەیی دەروونیی دەسکەوتووە و، نە کۆمەڵگە هێمنی و ئاشتی و ئەمانی دەستکەوتووە و، نە دەوڵەتەکانیش بوونەتە ئالییەتی هێنانەدیی دادپەروریيەکەی کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی خۆی خۆزگەی بۆ دەخواست! چونکە ئاڕاستەی بێدینیی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتان ناتوانێت ئاستی ڕاقیبوونی مرۆڤ و هەستی بەخەمەوەبوونی خەڵکیتر بگەیەنێتە ئەو ئاستە باڵایەی کە ئاڕاستەی تەوحید لە تاک و کۆی ئوممەتی خواناسیدا دروستی دەکات. بۆیە هەتا هەتایە بە غەیری ئالییەتی تەوحید و بەبێ پێشڕەوێتیی خواویستان و بێ دامەزراندنی کۆمەڵگە و دەسەڵات لەسەر وەحیی خوایی، ئەستەمە مرۆڤایەتی لە هیچ کات و شوێنێکدا بگاتە نزیکی ئەو لوتکەی ڕاقیبوون و ترۆپکەی ئاسوودەبوونەی کە مرۆڤ لەژێر سایەی تەوحید و ئەهلی تەوحید و شەریعەتی تەوحیددا گەیشتبوویە. چونکە پەیوەندیەکانی نێوان موفرەداتەکانی (وجوود) -لەژێر سایەی غەیری تەوحیددا- پساون و مرۆڤەکان هیچ پەیوەندییەکی یەک سەرچاوەیی ئاڕاستەی گەردوون و مرۆڤ نابینن، وەکوو کە لە ڕوانگەی تەوحیدەوە هەموو بە مەخلووقی ئاڕاستەکراوی خوایی دەناسرێن. ئەم عەقیدەی تەوحیدە کە لە لایەکەوە مرۆڤ بە گەردوونەوە دەبەستێتەوە کە دوو

مەخلووقی خواناس و هاودەنگی یەکن و مرۆڤەکانیش لەناو خۆیاندا بە هـۆی هاوژیانییـانەوە یەکسانن و هەموو خاوەن ڕێزن لای یەکتری، چونکە خوای گەورە مرۆڤی بە بەڕێز ناساندووە: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ الإسراء: ٧٠، واتا: «ئێمە ئادەمیزادەکانمان ڕێز لێ گرتووە».

## هەرچی ڕەنجێک بۆ سەرخستنی دینەکە بدرێت هەر کەمە:

دیڕاسەکردنی جیهانبینیی ئیسلامی لە ڕوانگەی تەوحیدەوە توێژەر دەگەیەنێتە مەبەست لە ژیان و حەتمێتیی ڕێزگرتنی مرۆڤ و پێکەوە سازان و گونجـان لەگەڵ موفرەداتەکـانی تـری گەردوون. بێ ڕاڕایی و دوودڵی. ئەمە شایانی ئەو ڕەنج و خەبات و پشوودرێژی و خـوێنەیە کە لە پێناوی چەسپاندنی ئەم تەوحیدەدا دەدرێت، ئەو هەموو هەوڵدان و ئازامگرییە لەسەر تین و فشاری ئەهلی شیرک و کـوفر و جـاهیلییەت، هـیچ نیـیە لە ڕێگـای سـەلماندن و چەسـپاندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکاندا لە پێناوی تەوحیدەکەدا. لە پێناوی باوەڕهێنان بە خـوادا. لە ڕێگـای ڕۆشنکردنەوەی دڵ و دەرووندا بە نووری خوای گەورە، تا ئەو دڵە زینـدووە بە ڕۆحـی خـوای گەورەوە پەیوەست ببێتەوە. تا کۆمەڵگەیەکی ئیماندار سەرڕاست ژیانێکی پارسەنگی دینداری بۆ مرۆڤایەتی لە کات و شوێنێکدا بسازێنن، کە لەسەر تەوحید دامەزرا بێت و، لەژێر سـایەی شەریعەتی تەوحیدا گەشە و نەشونما بکات. کە ئاڕاستەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکەی وا بکـات کە خەڵکەکە بەرز بکاتەوە بۆ لوتکەی ڕاقیبوون و ترۆپکی ئاسوودەیی و پارسـەنگی هەسـت و هۆش و ڕەفتار و ڕەوشت و پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی، هەر وەکوو ئەو نموونە دەگـمەنەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە وەحی خوایی هاتە کایەوە.

بێگومان مرۆڤایەتی ڕوو لەم بانگەوازە وەردەگێڕێـت و پشـتی تـێ دەکـات، هەر وەکـوو کە پشتی کردە بانگەوازەکەی سەیدنا نوح و سەیدنا ئیبراهیم و سـەیدنا موسـا و سـەیدنا عیسـا و سەیدنا مـوحەممەد و براکـانی تریـان (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت)، ڕوو لەم پێشـەوا نـازدارە دڵسۆزانە وەردەگێڕن و دەکەونە شـوێن تاغوتـان و سـتەمکاران و دەسـتدرێژکارەکان کە بەرەو گومڕایی و بزربوون پێشـڕەوێتییان دەکەن و نـاهێڵن بـانگەوازی خـوایی بگـاتە کەس! داعیـیە ئیسلامییەکانیش بێگومان دەکەونە ژێـر تـین و فشـاری جـاهیلییەت و بـوغز و قینـی کـوفر و

ئەشــکەنجە و ناســۆری شــیرک، جۆرەهــا شــێواز و چــۆنیەتی ئــازاردان و ڕێگــرتن و مەحروومکردنیان دەهێنرێتە ڕێ، هەر وەکوو کە سەیدنا ئیبراهیمی پێشەوا خـرایە نـاو ئـاگر و غەیری ئەو بە مشـار بـڕرایەوە و ئەوانـی تـریش (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت) کـرانە مـایەی گاڵتەجاری و سووکایەتیپێکردن و ڕاوەدوونان. بەڵام بانگەوازی خـوایی پارسـەنگانە هەر ڕێـی خۆی دەبڕی، چونکە خوای گەورە دەیەویست بەردەوام بێت. خـوای گەورە بە قەدەری خـۆی هەموو شـتێکی حسـاب کـردووە. ئەنجـامی ئەو ڕەنـج و خەبـات و بـانگەوازە، ئەنجـامی ئەو قوربانی و ناسـۆر و خـوێنە هەر دێـتەدی، بـا گچـکە و کەم دیاربێـت، بـا موسـڵمانبوونی یەک کەسیش بێت. ئەمە گچکە نییە، کەم نییە، ئەمە شایسـتەکردنی کەسـێکە بـۆ وەرگرتنـی نـووری خوا، کە پەیوەست دەبێتەوە بە ڕۆحی خوای گەورەوە.

ئەم کاروانە بەڕێزەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) هەر لە سەیدنا نووحەوە (سەلامی خوای لێ بێت) تا سەیدنا موحەممــەد (عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ)، ئەوە نیشـان دەدات کە ویسـتی خـوا وایە کە ئەم بانگەوازە هەر بەردەوام بێت، حەقیقەتە عەقائیدییەکانی بەردەوام ڕوون بکـرێنەوە، چونکە بانگەواز و بانگهێشـتکردنی خەڵکـی خـۆی لە خۆیـدا جـێ ڕێـزە لای خـوای گەورە. ئەنجامی ئەم ڕەنج و خەبات و خوێنە هەر چەند و هەر چۆنێک بێـت هەر لای خـوای گەورە جێ ڕێـزە. خـۆ هەر هـیچ بەرهەم نەیـات؛ ئەوە دەبێـتە بەرهەم کە ئەم تەوحیـدە بەو حەقـیقەتە عەقائیدییە بەڵگەنەویسـتانەیەوە لە دڵ و هـزر و ویژدانـی خـودی پێغەمـبەران و داعییەکانـدا چەسپیوە!! خۆ قەناعەتی خۆیان ئەوەندە بە تەوحید پاراو و پارسەنگ و قـایمە کە ئامـادەن لە پێناوی بانگەوازەکەدا بکوژرێن و ڕووبەڕووی خراپتر لە کوشتن و مەرگ ببنەوە و هیچ جـۆرە تەنازولێک لەم عەقیدەیەیان لێ دەرنەکەوێت. ئێ ئەمە خۆی گەورەترین بەرهەمـی داواکـراوە. بەم دید و ڕێ و هەڵوێستە لە هەموو هێزێکی ڕاکێشانی ژیان و حەزێکی دونیایی پاک دەبنەوە، دەبنە بارستاییەکی قورسی ئیمانی کە هیچ هێزێکی سەرزەمین و هیچ چێژێکـی ژیـانی دونیـا و، هیچ پەیوەندی و ناو و بەرژەوەندییەک ناتوانێت بۆ لای خۆیانیان ڕاکێشێتەوە. ئێ ئەمە خـۆی سەرکەوتنێکی گەورەترە لەوەی بە خەیاڵدا دێت. ئەمە مەبەسـتی بـانگەوازە وەحییەکەیە. ئەمە لەو هەموو ڕەنج و خەبات و خوێنە بەنرخترە کە لە ڕێیدا دراوە. ئەمە خۆبردنەوەی داعییەکانە،

ئەمە گەنجینەیەکە لە نموونەی پێشڕەوێتیی دینداری، کە بەردەوام لە پـێش چـاوی مرۆڤـایەتی دەبێت. ئەمە جێی سەربەرزییە، مایەی شانازییکردنی مرۆڤایەتی بەم پۆلە پاڵفتەکراوە لێبـڕاوەوە کە ئاوا بۆ خواسوڵحاون و حەقیقەتە عەقائیدیەکانیان بە خوێن سەلماندووە و چەسـپاندووە. ئـا ئەم مرۆڤە خواناسە لێبڕاوەیە کە شایانی ئەوەبووە فریشتەی پاک و ملکەچی خوایی بە فەرمانی خوای گەورە سوجدەی بۆ ببەن. بۆ ئەم مرۆڤەی کە فریشتەکان دەفەرموون خراپە لەسەر زەمین دەنێتەوە و خوێن دەڕێژێت! بەڵێ، بەڵام هەر لەم توخمەیە کە کەسانێک بە ڕەنجێکی نەپساوەی خواناسی و بۆ خوالێبڕان، بە ڕەنج و خەبات و قوربانیدانیان ئەوەنـدە پـاڵفتە دەبـن شایسـتەی ئەوە دەبن تیشکێکی نووری خوایان لە دڵ و هزر و ویژداندا بچەسپێت. هەر هیدایەتی خـوای مەزنیشە ئەم عەبدە لاواز و پەڕیدەیە ئەوەندە بەهێز و لە خوا نزیـک دەکـاتەوە کە ئەم کـۆڵەی بانگەوازی خوایی بەو هەموو قورساییەیەوە هەڵگرێت. ئـا ئەم عەبـدە لاوازە ئەوەنـدە شـیاو و شایستە و بەهێز دەبێت، دەبێتە ئەداتی قەدەری خوای بەهێز و توانا کە مەنهەجـی خـوایی لەم سەرزەمینە پڕ جەنجاڵەدا بچەسپێنێت! ئەم عەبدە تاک و تەرەکراوە ئەوەنـدە بەهێـز دەبێـت کە بەسەر هەموو جۆرە کەند و کۆسپ و لەمپەرەکاندا زاڵ دەبێت و ئامادەیە زۆر ئاسان و هەرزان ژیانی خۆی بکات بە قوربانی ئەم عەقیدە و دینە. ئەمە ئازادبوونی ڕۆحە. پاڵفتەبوونی دەروونە. لێبڕانی ویسـت و ئیـرادە و جەسـتەیە کە لە پینـاوی بەجێهێنـانی ئەرکـی قورسـی بـانگەوازی خواییدا بێباکانە ژیان لەدەست خۆی دەکاتەوە. لەبەر خاتری ڕزگارکردنی عەقیـدەکەی تەمەن دەبەخشێت بۆ تەمەندرێژیی بانگەوازەکەی! هەر وەکوو کە لە ژیاندا بانگەوازەکەی بە خەڵکی دەگەیاند، ئەوەتا بە مردنەکەشی حەقـیقەتە عەقائیـدییەکانیان زیـاتر لا دەچەسـپێنێت، تـا پێـی بەختەوەر بن، تا دینەکە چاکتر بگرن و بۆی لێبڕێن، بۆی بژین تا پێی بژین. کاتێک ئیمانـداریی کەسـێک دەگـاتە ئەم پـاڵفتەبوون و لێبـڕان و ئامـادەییە کە ئـاوا لە هەمـوو هێـز و حەزێکـی ڕاکێشان و مانەوە و دونیاویسـتی قوتـار دەبێـت کە ئـاوا بەرەو خـوا و بە هیـدایەتی خـوا و بە نووری خوا ڕێ دەکات، ئیـتر هەر هەمـوو کێشـە و ناڕەحەتییەکـانی ژیـانی لا ئاسـان دەبێـت، ڕەنج و خەبات و خوێندانی لا ئاسان دەبێت، ناسۆر و ژان و ئازاری لا ئاسان دەبێـت. ئەمـانە هەمـوو کۆتـایی دێـن، نـامێنن، ئاسەواریشـیان نامێنێـت، ئەوەی دەمێنێـت و بەنـرخە، ئەوەی بەرهەمی ئەم دید و ڕێ و ڕەنجەیە، ئەو بەرهەمە ئیمانییـەیە، ئەو گەشـەی ڕۆحەیە کە زەمـین بە

ئاسمانەوە دەبەستێت و ژیانی دونیا بە ژیانی نەمریی قیامەت پەیوەست دەکاتەوە. ئا ئەمەشە قازانجی ڕاستەقینە.

خوای گەورە -لەڕێی بازنەی پێغەمبەرێتییەکەوە- هەموو نێرراوانی خۆی لە کۆڕێکدا کۆ دەکاتەوە تا هەموویان ڕوونکردنەوەیەک لە خوای خاوەن وەحیی هەموویانەوە وەرگرن، تا هەر وەکوو کە سەرچاوەی وەحییان یەکە و باوەڕیان یەکە و وەحی بۆ هاتنیان یەکە و بانگەواز و ڕێباز و بەرنامەشیان یەکە، با ئەوەشیان لا یەک بێت کە هەر هەموویان وەکوو یەک ڕووبەڕووی یەک جۆرە دوژمنداریێتی دەبنەوە، هەموویان وەکوو یەک بەدرۆ خراونەتەوە، هەرچی شتێک بە یەکێکیان وترا بێت بەمانیتریشیان هەر وتراوە: ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ﴾ فصلت: ٤٣، واتا: «هەرچی بە جەنابت دەوترێت، هەر ئەوەیە کە پێشتر بە پێغەمبەرانی تر (سەلامی خوایان لێ بێت) وتراوە!». هەر وەکوو کە لە بەرانبەر سەرچاوەی ئاڕاستە و پەیام و عەقیدە و بزاوت و هەڵوێستی بانگەوازە خواییەکە یەکە، لە بەرەی ئەوبەریشەوە بزاوت و هەڵوێستەکە -تەنانەت قسە پێوتنەکانیش- یەکە! لەمەوە داعیی موسڵمان هەست دەکات کە کاتێک بە درۆی دەخەنەوە و ئەوەی پێ دەڵێن کە بە پێغەمبەرانی خوا (سەلامی خوایان لێ بێت) دەوترا، هەست بە گەورەیی خۆی دەکات، چونکە هەست دەکات لە چوارچێوەی هەمان بانگەوازی خوادایە و بە شوێن کاروانی پێغەمبەرانەوەیە و بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بازنەی کەسوکارێتیی پێغەمبەراندایە (سەلامی خوایان لی بێت)!، هەست دەکات ئەم بانگەوازە کە یەک پەیام و عەقیدە و دیدوڕێی هەیە، یەک خانەوادەشە، وەکوو درەختێکە کە یەک قەدی هەیە و چەندەها لق و چڵ و لاسکە. هەست دەکات ئەم کاروانە خواویستە سەرڕاستە خاوەن یەک جۆر خەمە، ئەزموونەکانیشیان یەکن، هەر وەکوو کە ئامانج و ڕێبازی هەموویان هەر یەکە، هەڵوێستی دوژمنانیشیان بەرانبەر هەر یەکە، یان وەکوو یەکە! تەنانەت لە جۆری گاڵتەپێکردن و لاقرتێ و سووکایەتیپێکردنیش! ئەوە وا لە دینداری سەرڕاست دەکات کە هەست بەوە بکات کە ڕێبازەکە یەکە، ئامانجەکە یەکە، کاروانەکە یەکە و بەرەو یەک ئامانج دەڕوات، سەرچاوەی ئاڕاستەکردنیان یەکە، بۆیە بزاوت و هەڵوێستەکانیش یەکن. ئەمەش لە ناخی داعیدا هەستی هاودەنگی دورست دەکات، هێز و ئارامی و سووربوون و پشوودرێژی و

وره‌به‌رزیی ده‌داتێ. ئه‌وه‌ی لا ده‌كاته‌ به‌ڵگه‌نه‌ویست كه‌ ئه‌م بزاوت و هه‌ڵوێسته‌ی و دوژمنانیش حه‌قیقه‌تێكی بانگه‌واز و بزاڤه‌كه‌یه‌ كه‌ دووچـاری هه‌مـوو داعیـه‌ک ده‌بێـته‌وه‌، هه‌روه‌كـوو كه‌ هاتووه‌ته‌ ڕێی پێشه‌وا به‌ڕێزه‌كانی دینداری: سه‌یدنا نوح و سه‌یدنا ئیبراهـیم و سـه‌یدنا موسـا و سه‌یدنا عیسا و سیدنا موحـه‌ممه‌د، هه‌روه‌ها برا پێغه‌مبه‌ره‌كانی تریشیان (سه‌لامی خوایـان لـێ بێت). ئه‌مه‌ خۆی له‌ خۆیدا هه‌ستێكی ئینتیما و وره‌یه‌كی به‌رز و سینه‌یه‌كی فـراوان و وزه‌یه‌كـی پشوودرێژی زیاتری ده‌داتێ. جا ئازار و ژانی ڕێی بانگه‌واز چییه‌ كه‌ ئه‌م له‌وه‌ دڵنیا بووه‌ته‌وه‌ كه‌ له‌گه‌ڵ كاروانی پێغه‌مبه‌راندایه‌؟ ئه‌مه‌ كه‌ پله‌وپایه‌ و مه‌نزیله‌ی جوامێری و دلێـری و جـوره‌ئه‌تی گۆڕانكارییه‌، ئه‌مه‌ كه‌ بانگه‌واز و خه‌بـات و جیهـاده‌، ئه‌مه‌ ڕوتـبه‌ی خه‌ڵات و به‌رزكـردنه‌وه‌ی قه‌دره‌، چه‌ند به‌ نرخ و گرانبه‌هایه‌، جا داعی كه‌ هه‌ست ده‌كـات گه‌یشـتووه‌ته‌ ئه‌م ئاسـته‌ و له‌و كاروانه‌ به‌ڕێزه‌دایه‌ و خه‌ڵات كراوه‌، ئیتر ناسۆر و كاره‌سات و ژانی ڕێ هیچ نین؟! كه‌نده‌ڵان و به‌ربه‌ست و له‌مپه‌ری جاهیلییه‌ت چۆن ده‌توانن خه‌بات و ڕه‌نجـی ئه‌م سسـت بـكه‌ن، چ جـای ئه‌وه‌ی بیوه‌ستێنین. كابرای داعی جوامێر و ڕه‌سه‌ن هه‌نگاوه‌ پارسـه‌نگه‌كانی هه‌ڵـده‌هێنێته‌وه‌ و، سه‌ر به‌رز ده‌كاته‌وه‌ ده‌بینێت یه‌ک كۆمه‌ڵ نوخبه‌ی پیاوچاک و پێشه‌وای نایاب و پێغه‌مبه‌رانـی هه‌ڵبژارده‌ی خـوای گه‌وره‌ی وا له‌ پێشـییه‌وه‌، ئه‌وانه‌ی كه‌ سـووكایه‌تییان پـێ ده‌كـرا و تـانه‌ و ته‌شه‌ریان لێ ده‌درا و مه‌حـرووم ده‌كـران و ده‌كـوژران، یـان له‌ شـار ده‌رده‌كـران! ئه‌م كـۆمه‌ڵه‌ جوامێره‌ عه‌زیزه‌ له‌ پێش خۆیدا ده‌بینێت حه‌تمه‌ن وره‌ی زیاتر به‌رز ده‌بێته‌وه‌: ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ﴾ فصلت: ٤٣، جا كه‌ ئه‌مه‌ به‌ هه‌موو پێغه‌مبه‌ران وتـرا بێـت، داعیـی موسـڵمان ده‌بێت هه‌ست به‌ چی بكـات؟! به‌ ته‌ئكیـد هه‌سـت به‌ سـه‌ربه‌رزی و جـوامێری و كـاریگه‌ریی خۆی ده‌كـات كه‌ ئه‌وه‌تـا ئه‌وه‌ش به‌و ده‌ڵـێن كه‌ به‌ پێغه‌مبه‌رانـی عه‌زیزیـان ده‌وت! ئـا ئه‌مه‌ له‌ ناخی داعیی خواویستدا ده‌ریایه‌كی قووڵ و مه‌یدانێكی به‌رفـراوان و وره‌ و وزه‌یه‌كـی ئێجگـار زۆر دروست ده‌كات كه‌ سوپاس بۆ خوا بووه‌ به‌ پیاو، بووه‌ به‌ (پیاوی ناو پیاوان)! ئه‌هـا چه‌نـد گه‌وره‌ و گرنـگ و كـاریگه‌ر بـووه‌ كه‌ هه‌ر ئه‌و قسـانه‌ی پـێ ده‌ڵێـنه‌وه‌ كه‌ به‌ پێغه‌مبه‌ره‌كانیـان ده‌وت! ئـا ئه‌مه‌ وره‌به‌رزیـی مـوعجیزه‌ ئاسـایه‌ كه‌ ته‌نهـا ئه‌م قورئـانه‌ له‌ هه‌سـت و غیره‌تـی جـوامێرانه‌ی داعییانـدا دروسـتی ده‌كـات. ئه‌مه‌ حه‌قیقه‌تێكـی تـری به‌ڵگه‌نه‌ویسـتی (دیـن و

ئوممەت و بزاڤـ)ـی خواویستییە کە خوای گەورە لە دڵی داعیدا دایدەکوتێت.

ئەو بانگەوازە خواویستیەی سەیدنا نووح (سەلامی خوای لێ بێت) و پێغەمبەرە بەڕێزەکانی دوای ئەو (سەلامی خوایان لـێ بێـت) هەڵیـانگرتبوو، هەر ئەو بـانگەوازەیە کە گەیشـتە کۆتـا پێغەمبەری بەڕێزی خوا کە سەیدنا مـوحەممەدە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، ئەمە هەر یەک بـانگەوازە و، لە یەک سەرچاوەوە هاتووە کە خوای تاک و پاکە، بۆ هێنـانەدیی یەک ئامـانجیش هـاتووە کە گێڕانەوەی مرۆڤایەتیی وێڵ و سەرگەردان و سەرکەشە بەرەو خوای کردگار و پەروەردگاریـان، بانگەوازێکە و دەخوازێت شوێنێکەوتووەکانی لەسەر مەنهەجی وەحیی خوایی پەروەردە بـبن. ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرێکی خوا هێنـاوە و شـوێنیکەوتوون، بـرای شوێنکەوتووی هەموو پێغەمبەرەکانی ترن. ئەم ئیماندارانە -لە هەر کات و شـوێنێک بـن- بـرای دینیی یەکترن و هەمووشیان هەر یەک ئوممەت پێک دەهێنن کە یەک خوا دەپەرستن و ڕێبازی یەک دین دەکەنە دید و ڕێ و بەرنامەی ژیـان. مرۆڤـایەتیش لە هەمـوو قۆناغەکـانی مێـژووی خۆیدا هەر دوو پۆل خەڵک بـوون: پـۆلی موسـڵمانان کە باوەڕیـان بە وەحـی هێنـاوە و بەپێـی ئاڕاستەی خواویستی ژیاون، ئەمانە (حزب الله)ن، پۆلی بەرانبەریشیان پۆلی شەیتانن و حزبی شـەیتانن. موسـڵمانە دینـدارە پاکەکـانی هەمـوو نەوەکـان -لە هەر کـات و شـوێنێکدا بـووبن- ئەندامی (حزب الله)کەن و هەر یەکەیان ئیمتیدادی ئەوانی تـرە و، ئـاڵقەیەکە لە زنجیرەیەکـی دووروودرێژ و نەپسـاوەی زەمـان. ئەمەش حەقیقەتێکـی ڕەهـایە لە حەقـیقەتە عەقائیـدییەکانی کۆمەڵکـاری و بـزاوت و ڕەوت. ئەمەش پـایەیەکی تـرە کە ئیسـلامەکەی لەسـەر دەوەسـتێت. قورئانیش شوێنکەووانی بۆ ئەم حەقـیقەتە بانگهێشـت کـردووە و لای چەسـپاندوون: ﴿وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ٤٦﴾ العنكبوت: ٤٦، واتـا: «بفەرموون باوەڕمان بەوە هێناوە کە بۆ خۆمان هاتووەتە خوارەوە، هەروەها بەوەش کە بۆ ئێوەی ئەهلی کیتاب هاتووەتە خوارەوە، خـوای ئـێمە و ئێـوە یەکە و ئـێمەش تەسـلیمی ئەویـن». ئەم حەقیقەتەی دید و هەڵوێست پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستێکی بـاڵا و بەڕێزی تر، هەر لە پەیوەندیی خزمایەتیدا نایهێڵێتەوە، یان لە هەستی ئینتیمای نەتەوە و خاک و تـوخم و بەرژەوەنـدیی هاوبەشـدا. قورئـانی پیـرۆز بەرز و بڵنـد ڕایـدەگرێت و دەیگەیەنێـتە

پەیوەندیی هـاودینی و عەقیـدەی هـاوبەش کە هەمـوو ئینتیماکـانی زمـان و خـاک و نەتەوە و توخمی تێدا دەتوێتەوە. کات و شوێنی تێدا بزر دەبێت، ئەوەی هاوبەشـی نێـوان تـاک و کـۆی ئوممەتە خواناسییەکەیە پەیوەندییە توند و تۆڵەکەیانە بە خوای کردگار و خاوەن و داوەریانەوە. بۆیە ئیمانداران لە هەمـوو کـات و شـوێنێکدا هەسـتیان کـردووە کە بـرای عەقائیـدیی هەمـوو خواویستێکن لە هەر کات و شوێنێکدا ژیا بن.

## بڕگەی چوارەم:

## پەیڕەو و پڕۆگرامی بانگەواز

داعیی موسڵمان، بانگەوازی خوای گەورە بڵاو دەکاتەوە و خەڵکی بۆ لای خوای گەورە بانگهێشت دەکات: ﴿وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ﴾ الأحزاب: ٤٦، نەک بۆ دونیاویستی و ناوبانگدەرکردن، نەک بۆ نەتەوەپەرستی و دەمارگیریی جاهیلی، یان بۆ دەسکەوت و دەوڵەمەندی، یان بۆ دەسەڵات و پلەوپایە. نا، داعیی موسڵمان خەڵکی بۆ خواویستی بانگهێشت دەکات، بۆ خواناسی، بۆ خواپەرستی. ئەم کار و پیشەشی لە یەک ڕێگا و لەسەر یەک ڕێبازە و بەس کە تەنها ئەو ڕێگا و ڕێبازەشە ئەگەر خوای گەورە خۆی مۆڵەتیدا دەیگەیەنێتە خوای گەورە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٤٥ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ۝٤٦﴾ الأحزاب: ٤٥ - ٤٦، ئێمە تۆمان بە سیفەتی شاهێد ناردووە، کە حەق و باتڵ، باوەڕ و کوفر، تەوحید و شیرک، ئیسلام و جاهیلییەت هەڵاوێریت و شاهێدی بدەیت کە کامیان خواویستییە و کامیان دید و ڕێ و بەرنامەی شەیتانیزمە. ناردوومانیت تا موژدە بدەیتە ئەو کەسانەی وەڵامدانەوەیان بۆ بانگەوازەکەی خوای گەورە دەبێت کە بێخەم بن و ئۆخەی کەن، پاداشتی خوای گەورەتان مسۆگەرە. هەروەها ناردوومانیت تا ببیتە هۆشدەر و ئاگادارکەرەوەی ئەو کەسانەی بەرەنگاری بانگەوازی خوای گەورە دەکەن و قبووڵی ناکەن، تا ڕاچڵەکێن و بەحەزەر بن و بزانن کە حەتمەن خوای گەورە سزایان دەدات. ناردوومانیت تا ببیتە بانگخوازێک و بەرەو لای خوای گەورە خەڵکی بانگهێشت بکەیت و بەپێی مۆڵەتی خوای گەورە و بەپێی ڕێساکانی بانگەواز ئەم بانگەوازە خواییە بڵاو بکەیتەوە. وامان ناردوویت کە سەرچاوەی نوور و ڕووناکیت، بە جەنابت تاریکیی شیرک و کوفر و جاهیلییەت دەڕەوێتەوە.

بانگەوازەکە بانگهێشتە بەرەو لای خوای گەورە کە خەڵکینە وەرن ڕوو بکەنە خوای گەورە و دینەکەی قبووڵ بکەن و پێوەی پابەندبن: ﴿وَٱدۡعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ﴾ القصص: ٨٧، بانگەوازێکی زانراو، ڕۆشن، ڕاشکاو و ئاشکرا، نە لێڵیی تێدایە و نە مەبەستی شاراوە، بانگکردنە بۆ لای خوا، نە بۆ

نەتەوە و نە بۆ دەمارگیریی تیرە و هۆز، نە بۆ دەوڵەت و خاکە و نە بۆ ئاڵا و دروشمی تـوخم و چین، نە بۆ دەسکەوتە و نە بۆ بەرژەوەندی، نە بۆ هێنانەدیی حەز و گیانی تۆڵەسـەندنەوەیە و، نە بۆ تێرکردنی هەواوهەوەس و کەیف و ڕابواردن. تەنها بۆ خوا. بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەنـدیی خوای گەورە و بەس. ئەمە ڕێگای ڕاست و ئاشکرا و ڕاشکاوی خواویستییە، هەر کەسـێک لە خۆی ڕادەبینێت کە لە هەموو حەز و پشکێکی خۆی داماڵرێت و ئەم ڕێگا تایبەتە بۆ ئەو تـاکە ئامانجە بگرێتەبەر، فەرمـوو، جێـی هەمـوان دەبێـتەوە. هەر کەسـێکێش دەخوازێـت بـزاوت و بانگەوازێک بگرێتەبەر کە حەز و ناو و بەرژەوەندیی بۆ بهێنێتەدی، با لاکەوێـت، بـا بکەوێـتە سەر بانگەواز و ڕێبازی تر، چونکە ئەم ڕێگا و ڕێبازە هی ئەو نییە و هیچ هیوایەکی ئەو ناهێنێتە دی. ئەم بانگەواز و ڕێباز و بزاوتە سەرمایەی ئەو کەسانە نییە کە دەخوازن ئامـانجی خۆیـانی پێ بهێننە دی. ئەمە کەرەستەی سەودا و مامەڵە نییە. کاڵای کڕین و فرۆشتن نییە و شتێک نییە لە بازاڕی فیکر و سیاسەت و بیروباوەڕانـدا هەڕاج بکرێـت. ئەمە بـانگەوازی خـوایە. حەق و حەقیانەتە و گاڵتەجاریی تێدا نییە. بانگەوازی حەقیش بەو دڵ و هزر و ویژدانانە بڵاو دەبێتەوە کە بۆ خوا پاک بوونەتەوە و بۆ ئەم کارەیان لێبڕاون کە نیاز و مەبەست و نییەتیـان ئەوەنـدە بـۆ خوا پاڵفتە کردووە، لاناکەن بە لای دەسکەوتی مـاڵ و سـامان و پلەوپـایە و نـاو و شـۆرەت و دەسەڵات و هێزەوە. نە بە ئومێد و قازانجی ماددین و نە بە ئومێـدی هێنـانەدیی بەرژەوەنـدی. بانگەوازی خواییش ئاوا ڕێ دەبڕێت، ئاوا کاریگەر دەبێـت کە کەسـانێک گرتوویـانەتە بەر بە تەواوی بۆ خوا ساغبوونەتەوە و مەبەستیان غەیری ڕەزامەندیی خوای گەورە نییە. پێویستە ئەو حەقیقەتەمان لەبەرچاو بێت و لێی غافڵ نەبین، هەرچەندە کە زۆر سادە و ئاسانیشە. خەڵکەکە هەر ئەو خەڵـکەیە و بـانگەوازەکە هەر ئەو بـانگەوازەیە و ململانـێکە هەر ئەو ململانێـیەی جارانە. پێش هەموو شتێک بانگەوازی خواویستی و دینداری، ململانێیە بەرانبەر لاوازیی خۆ. ململانێ دژی نەفس و هەوا و هەوەسە، دژی تەماعکـاری و دونیاویسـتییە. پاشـان ململانێـیە بەرانبەر شەڕخوازی و خراپەکاری و تـاغوت، بەرانـبەر نەفـامی و گـومڕایی و ملهـوڕی کە لە واقیعی ژیاندا وجوودی هەیە. دەبێت ئەم ململانێیە بەرانبەر هەر دوو هێـزەکە بکرێـت، نـاخ و دەرەوەی هەر هەمـــوو دینـــدارەکان. حەتمەن دەبێـــت ئەنـــدام و سەرپەرشـــتیارانی کـــۆمەڵە موسڵمانەکە لە هەردوو بەرەکەدا بکەونە ململانێیەکی بێ وچان، هەر وەکوو کە قورئـانی پیـرۆز

هەر لەسەرەتاوە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی ئاڕاستە کـرد، حەتمەن لەم دیـد و ڕێ و ڕەنجەشـدا گـلان و هەڵە دەردەکەون، لاوازی و کەموکـورتی دەردەکەون، تێگەیشـتنی قۆناغەکـانی پەروەردەبـوون و خەبـات و بـانگەواز و کۆمەڵکـاریی جیـاواز دێـنە بەرچـاوی هەندێک، چونکە هەموو شوێنکەوتووەکان وەکـوو یەک لێیـان تێنـاگەن و وەکـوو یەک پابەنـد نابن و وەکوو یەکیش هەڵوێست وەرناگرن، بـۆیە دەبێـت ئاڕاسـتەکردن و پەروەردە و بـزاوت و هەڵوێست بەردەوام بێت، تا چارەسەری کەموکورتییەکانی پەروەردەبوون و نوقسانێتیی گەشەی کۆمەڵکـارییەکە بکرێـت کە ڕووداوەکـان دەریانخسـتووە. بـۆیە حەتمەن دەبێـت بە شـێوازی قورئانیانە دڵەکان بە خواناسی و خواویستی پتەوتـر بکـرێن و بە شـێوازی قورئـانیش ئاڕاسـتە بکرێن، تا بزاوت و هەڵوێستی حەق وەرگرن.

خوای گەورە بە شێوازێکی زۆر ڕاشکاو و بنبڕانە سروشـتی بـانگەوازەکە و بەرپرسـێتی و ئەرک و سروشتی داعییەکان ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرموویـت: ﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ اللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾﴾ یـونس: ٤٦، واتـــا: «لەوانەیە هەنـــدێک لەو بەڵێنانەی پێت دەدەین لە ژیانی خۆتدا بۆت بێـنەدی، لەوانەشـە بمریـت و نەیانبینیـت، ئەوەی لەسـەر جەنـابتە گەیانـدنی دیـنەکەیە، ڕوونکـردنەوەی پەیـامەکەیە. لەوانەیە هەنـدێک لەو هەڕەشانەش کە بە کافرانمان داوە کە سـزایان دەدەیـن و تۆڵەیـان لـێ دەسـتێنینەوە، دەکرێـت هەندێک لەمانە لە تەمەنی خۆتدا نیشان بدەینەوە، یان دەشێت کۆچی دوایی بکەیـت و خـوای گەورە بۆ پاشەڕۆژیانی هەڵگرێت. ئەوەی لەسەر جەنابتە ڕاگەیاندنی دینەکە و تێگەیاندنیانە لە بانگەوازەکە، لێپرسینەوە و حساباتی سزا و پاداشتیان بەرپرسێتیی ئێمەیە».

ئەرک و بەرپرسـێتیی داعییـانی خواویسـتی ئەداکردنـی کـارەکەی خۆیـانە، بەو شـێوەیەی بانگەوازی خواویستی لەو قۆناغەی کات و شوێندا دەیخوازێت، کاری ئەمان ئەم ڕاگەیاندن و گەیاندنەی بانگەوازەکەیە بەو خەڵکە. لەو خەڵکەشدا بە نسبیی ئەوانە دەبێت کە خوای گەورە هیدایەتیان دەدات. خۆ مەرج نییە هەمـوو ئەو کەسـانەی داعیـی خواویسـت بانگەوازەکەیـان پێـدەگەیەنێت هەموویـان بەدەنگیـیەوە بـێن. داعیـی خواویسـت ناچـارنەکراوە پەلە لە بڕینـی قۆناغەکانی ڕێگا بکات، هەقیش نییـە هەسـت بە شکسـت و بەزیـن بکـات، یـان سـاردبێتەوە

هیوابڕاو ببێت، چونکە سەرکەوتنی خوایی نەهاتووە و ستەمکاران هیچیان لێ نەهاتووە و ئەوانیش هەر لەژێر قەهر و ناسۆردان! داعیی خواویستی نابێت تەنانەت ساتێکێش لەوە غافڵ ببێت کە ئەو داعییە. ئەرکی ئەو گەیاندنی بانگەوازەکەیە. لەمەوەیە کە دەبێت داعیی ئیسلامی زۆر بە ئەدەب بێت بەرانبەر خوای گەورە، لەم حاڵەتانەشدا ئەو ئەدەبە زیاتر ڕەچاو بکات. داعی بۆی نییە پەلە لە هەنگاو و هەڵوێست و قۆناغەکانی بانگەواز و ڕێباز و کۆمەڵکاریی ئوممەتەکە بکات، بۆی نییە داوای زوو هاتنی ئەنجامی خەباتکردنەکەیان بکات، هەر وەکوو کە نابێت پەلە لە هیدایەتدانی خەڵکی بکەن، یان پەلە لە هاتنی سەرکەوتنی خۆیان و بەزینی دوژمنانیان بکەن، ئەوە بە قەدەری خواوە پەیوەستە و ئەرکی ئەمان نییە. بۆیان نییە ڕەشبینانە بڵێن: زۆرمان بانگەواز کرد و زۆرمان ڕەنج لەگەڵ خەڵکیدادا، بەڵام ئەوەتا کەمینەیەک نەبێت کەس بەدەم بانگەوازەکەوە نەهاتووە. کەسانێکی کەم هاتوون و کەوتوونەتە کۆمەڵکاری وەلماندا. یان بڵێن ئەو هەموو سەبرەمان گرت و ستەمکار و تاغوتانیش هەر لەجێی خۆیانن و هیچیان لێ نەهات! هێشتا لە ژیانداین و گورزێکی خواییمان نەدی بەریان بکەوێت!

داعییە ئیسلامییەکان ڕاگەیاندنی دینەکە و گەیاندنی بانگەوازەکەیان لەسەرە، نەک لێپرسینەوە و حسابکردنی هەڵوێستی دونیا و قیامەتی خەڵکی. ئەمەیان کاری ئەمان نییە، ئەوە شتێکە بە قەدەری خوای گەورە و ویستی ئەوەوە بەندە. بۆیە پێویستە وەکوو دەربڕینی ئەدەب و ڕەفتاری شیاو، وەکوو ئیعتیرافکردن بە عەبدێتییان بۆ خوای تاک و پاک، ئەم باسانە لێگەڕێن بۆ خوای کارزان کە خۆی چۆن و چی دەکات، ئەمان ملکەچێتی و گوێڕایەڵێتییەکەیان لەسەرە و بەس. ڕاستە کەسانێک کە دەبینن دەستدرێژیی تاغوتان و سەرباز و هاوکارانیان بەردەوامە و بێدین و کافر و زەندیقەکان فشەیان بە بانگەوازەکە دێت و گاڵتە بە داعییەکان دەکەن و دەیانگرن و ئەشکەنجەیان دەدەن و هێشتا هەر لەسەر حوکم و دەسەڵاتن و بەهێزن و خوا نەیخستوونەتە بەر غەزەبی خۆی. کەسانێک هەن ئەم واقیعە تووشی دیدلێڵی و هەڵەشەیی و بۆڵەبۆڵیان دەکات! چونکە پەلەیانە. چونکە سەرەتا و دەستپێکی ململانێکە دەبینن و وا دەزانن جەولەی ململانێکە هەر ئەوەندەیە. ئەوانە کۆتایی ڕێگا و بزاوت و هەڵوێستەکانیان چاو لێ نییە و لە حەقیقەتە قورئانییەکانی بزاوت و هەڵوێست و ململانێکە

بێئاگان، یان لایان کاڵبووەتەوە. بە تـایبەتی کە کەس کۆتـایی ڕێبـاز و ململانـێکە -تـا نەیـات- نابینێت، بەڵام خوای گەورە کە لەو هەموو شـوێنەدا باسـی چارەنووسـی ملهـوڕان و تاغوتـانی دوژمنـی دیـنەکەی فەرمـووە، بـۆ ئەوەی بـووە ئەو کەسـانەی سـەبریان کەمبـووەتەوە، یـان پەلەکـارن و دیـدیان لێـڵ بـووە، یـان حەقیقەتەکانیـان لا کـاڵبووەتەوە، سـەرنج بـدەنەوە لە قۆناغەکانی ڕێگا و ململانێکە کە چۆن ملهـوڕان بەفەتـارەت چـوون. خـۆ ئەو هەمـوو باسـەی چارەنووسی ئەو بێدین و دوژمنانە کە لە قورئانـدا هـاتووە هەر هۆشـداركردنەوەی ملهوڕەکـان نییە، سەلوای دڵ و موژدەی سەرکەوتنی موسڵمانانیشە کە سەبر بگرن و لەسەر دیدوڕێی خۆتان خۆگر بن و بانگەوازەکە هەر ڕاگەیەنن و دڵنیاش بن کە داهاتوو بۆ ئەم دینەیە و ئەو دوژمنـانە هەر بە کەڵەکەبوونی تاوان و گوناحی خۆیان دەکەونە بەر غەزەبی خوا: ﴿فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ﴾ الأنفال: ٥٤، داعـی ناشـێت دڵ و ئومێـد و هەڵوێسـتی بە دیـد و بـزاوت و هەڵوێسـتی کـافرە ملهوڕەکانەوە ببەستێتەوە، نابێت هیـوای بەوانە بێـت کە دژی بـانگەوازەکەی وەسـتاونەتەوە و جارێـک دڵ و هـزر و ویژدانیـان بەرانـبەر حەقیقەتێکـی عەقائیـدی و بەڵگەیەکـی ئیمانـی نەکـردووەتەوە: ﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٦﴾ الأنعام: ١٠٦، واتـا: «شوێن ئەوە بکەوە کە لە خوای پەروەردگارتەوە بۆت هاتووە، هیچ خوایەک جگە لەو نییە و، ڕوو لە موشریکان وەرگێڕە و گوێیان مەدەرێ». ئەمە فەرمانی خوای پەروەردگارە بـۆ پێغەمـبەرە بەڕێزەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە ئەو بـوار و بـازنە بـۆ پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دیـاری دەکات کە بیکاتە جێبایەخ و مەیدانی کاری کە دیاریکردنی بوار و مەیدانی هەموو جێنشـین و داعییانی تری پاش جەنابیشی بووە. بۆ هەموو داعییـانی ئیسـلامە لە هەمـوو کـات و شـوێن و نەوەیەکدا کە ڕوو لە موشریکان وەرگێڕن و بە بیناسـازیی کیـانی خۆیـانەوە خەریـک بـن، بە کۆمەڵکاریی ئوممەت و بە بەگەڕخستنی وزەکـان و بە بەهێزکردنـی پەیوەنـدیی عەقائیـدییانەی خۆیانەوە خەریـک بـن، ئەوانەی وەڵامـی بـانگەوازی خواییـان داوەتەوە و هـاتوونەتە ڕیـزی ئوممەت و بانگەواز و بزاوتەکەوە. ئەمانە پێویستییان بەوەیە ڕوویان تێ بکەیت و پەروەردەیـان بکەیت. ئەمانە ئاراستە بکە، ئەمانە گۆش بکە، ئەمانە پێویستییان بە داڕشتنی دید و تێـڕوانین و پێناسـەی عەقائیـدیی دەربـارەی گەردوون و ژیـان و مـرۆڤ هەیە، ئەمـانە پێویسـتییان بە

داڕشتنەوەی ڕەفتـار و ڕەوشـتیان هەیە، لەسـەر زەمینـەی ڕێسـا عەقائیـدییەکان و دابـونەریتی ئیماندارانە، تا کۆمەڵگە گچکە دیندارەکەی خۆیان پێک بهێنن و تێیدا گەشە و نەشونما بـکەن. ئەم پەروەردە و گەشە و ئاڕاستەکردنە ڕەنجی زۆری دەوێت و کاتی تەواو و چاودێریی بەردەوام دەخوازێت، بۆی لێ بـڕێ. ئەمە شـایانی ئەوەیە وزە و تواناکـانی بـۆ بەگەڕ بخرێـت، نەک ئەو موشریکە ملهـوڕ و کەللــەڕەقانەی دەیـان جـار دووێـنراون و غەیـری هەڵوێسـتی ملهـوڕی و لوتبەرزی هیچیتریان لێ نەدیتراوە! ئەمانەی لەبەرەی کوفردا چەقیانبەسـتووە، ئیهمالیـان بـکە، مادام (بەلاغ و ئینزار)ت پێگەیانـدوون ڕوویـان لـێ وەرگێـڕە، لێیـانگەڕێ بـۆ زەمـانە کە حەق بەهێزتـر دەبێـت و -بەپێـی ڕێسـاکانی دیـد و ڕەوت و بزاوتـی قورئـانی- گـورزی کۆتاییـان پێدەکێشرـێت و نـابووت دەبـن: ﴿بَلۡ نَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ عَلَى ٱلۡبَٰطِلِ فَيَدۡمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٞۚ﴾ الأنبياء: ١٨، واتـا: «بەڵێ بە تەئکید ئەو حەقە بە گوڕوتینەوە لەسەرەوە بە باتڵ دەکێشین، جا حەتمەن باتڵ سەری بە فەتارەت دەچێت و گیان لەدەست دەدات!». سەرەتا پێویستە (حەقـ)ـەکە وجـوودی خـۆی بسەلمێنێت، هەر کاتێک بە شێوەی حەقیانەت و ڕاست و سەرڕاسـتانەکەی خـۆی هاتەکـایەوە، باتڵ ناتوانێت خۆی لەبەردا بگرێت و سەرەنجام شکستی ئێجگاری دەهێنێت.

موسڵمانان زنجیرە ئاڵقەیەکی سەربەخۆی خۆیانن، یەک ئوممەتی کۆمەڵکاریی عەقائیدین، ئەنـدامەکانیان کە بە عەقیـدەکە بە یەکـترەوە پەیوەسـتن، لەنـاو خۆیانـدا هاوکـار و دڵسـۆز و یارمەتیدەری یەکترین، بـۆیە پێویسـتە خەمخـۆرانە بە خۆیـانەوە خەریـک بـبن، بە بونیادنـانی دیدوڕێ و ئوممەتی کۆمەڵکار و بزاوتی ڕەسەنی خۆیانەوە خەریک ببن. بە پاڵفتەی دەروون و ڕەوشتی پەسەن و نەریتـی ڕەسـەن خۆیـان پەروەردە بـکەن. بە تونـدوتۆڵکردنەوەی پەیوەنـدییە عەقائیـدییەکانی نێـوان خۆیـان، بە وەلاء، بە دۆسـتایەتی و لایەنگـری و دڵسـۆزیی یەکـتری کۆمەڵەکەیان پتەوتر بـکەن و سـەرکردایەتیی خۆیـان بە ئاڕاسـتەوان دانـێن و بەس. گـوێ بـۆ ئاڕاستەی بەدەر لە خۆیان نەگرن .

با هەریەکەیان خەمخۆر و سەرپەرشـتیاری ئەوانیتریـان بێـت. ئـا ئەم وەلائە پتەوتـر ڕایـان دەگرێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٠٥﴾ المائدة: ١٠٥، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە پێویستە بایەخ بە حاڵی

تاک و کۆی خۆتان بدەن، کاتێک ئێوە سەرڕاستانە دینداریتیی خۆتان دەگرن (وەکوو تاک و کۆ بە خەمی یەکترەوە دەبن) و هیدایەتی خوایی تەقواکارانە مومارەسە دەکەن، ئەو کەسانەی گومڕا و لارێن، کاریگەرییان لەسەرتان نابێت و زیانتان پێناگەیەنن، بشزانن کە هەموو دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە و پرسیاری هەموو کار و کردەوەیەکتان لێ دەکاتەوە».

ئەم ئایەتە کۆمەڵێک ڕێسای سەرەکیی ئەرک و سروشتی ئوممەتی موسڵمان و پەیوەندیی بە غەیری خۆیانەوە نیشان دەدات، ئوممەتە موسڵمانەکە هەر (حزب اللـه)یە و بەدەر لەو، حزبەکانی شەیتانن، بۆیە هیچ جۆرە هاوکاری و تێکەڵاوییەکی دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان پێکەوە نییە. نە لە دید و تێڕوانین و پێناسەی عەقائیدییاندا دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، نە کۆلکەی هاوبەشیان هەیە و، نە لە ڕێباز و بزاوت و ئامانج و، نە لە پاداشت و سزاشدا یەک ناگرنەوە. دوو عەقیدە و دوو ئوممەت و دوو بزاوتی جودا و دوورن لە یەک. بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە ئوممەتە موسڵمانەکە واز لە بانگهێشتی ئەهلی کوفر و حزبی شەیتان بهێنێت و هەقی نەبێت بەسەریانەوە. نا، ئەرکی بانگهێشتکردنیان هەر لەسەرشانە. ئوممەت دەبێت بانگەوازەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دین و شەریعەت و سیستمی خوای گەورەیە. ڕوونکردنەوەی عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت، هەروەها مەنهەج و بزاوت و ڕێباز و ئامانجی ئوممەتەکە، هەموویان بەشی بانگەوازەکەن و داخوازیی هیدایەتە خواییەکەن، بۆیە دەبێت ئوممەت ئەمانە ئاشکرا و ڕاشکاوانە ڕوون بکاتەوە. ئەمە ئەرک و بەرپرسێتیی لای خوای گەورەیە. ئەگەر کەمتەرخەمیی تێدا بنوێنرێت بە هیچ کلۆجێک قبووڵ نییە. ئوممەتەکە بانگهێشتکردنی لەسەرە، ئەمما ئەو خەڵکە هەر لەسەر گومڕایی دەمێنێتەوە، یان نا، ئەوە نە بەرپرسێتیی ئەمانە و نە ئەرکە و نە زیانیشی بۆ ئەمان هەیە: ﴿لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾ المائدة: ١٠٥. ئەمە مانای ئەوە نییە لە کەمتەرخەمێتی ناکۆڵرێتەوە و موحاسەبە ناکرێت لەسەری، نەخێر، لەسەر هەموو بوار و ئەرکێکی ناوەکیی ناو ئوممەت، لەسەر فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە موحاسەبە دەکرێن، هەر وەکوو کە لەسەر کەمتەرخەمیی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە لەسەر زەمینیشدا هەر موحاسەبە دەکرێن.

یەکەمین فەرمانی چاکەش چەسپاندنی حاکمێتیی خوای گەورەیە (کە لە یاسادانان و

حوكمڕانی و داوەریدا دەردەكەوێت). یەكەمین خراپەش حاكمێتیی كوفر و دەسەڵاتی جاهیلییەت و زەوتكردنی مافی خوای گەورە و شەریعەتەكەیەتی لە حاكمێتیدا. حوكمی جاهیلییەتیش واتا حوكمی تاغوت. تاغوتیش: هەموو دەسەڵاتێكە كە شەرعێتیی لە دینی خواوە وەرنەگرتووە. ئەم ئایەتە ئەرك و بەرپرسێتیی تاك و كۆی ئوممەتی موسڵمان -لە بڵاوكردنەوەی بانگەوازی خواویستیدا- ناخاتە كەنارەوە كە لەسەریان پێویستە دژی شەڕخوازی بوەستنەوە و جەنگ و جیهادیان بەرانبەر دەستدرێژیی تاغوتان و ملهوڕیی گومڕایانی ناو كۆمەڵگەكەیان ڕاگەیەنن. دژوارترین دەستدرێژی، دەستدرێژیكردنە سەر مافی خوایەتیی خوای گەورەیە. زەوتكرنی دەسەڵاتی حاكمێتییە، خەتەرترین خراپە و دەستدرێژی، كەنارخستنی شەریعەتی خوا و دارشتنی، یان هێنانی یاسا و ڕێسای بەدیلە. لە حاڵەتی هەبوونی سەروەری و دەسەڵاتداریێتیی تاغوت و چەسپاندنی یاسا و ڕێسا و دەستووری جاهیلییەتدا، ناومكینە تاك و كۆی ئوممەتی موسڵمان بتوانن دینی خوا وەرگرن و پیادەی بكەن. ناشێت ئوممەت وا بزانێت لەسەر ڕێباز و دین و شەرعی خوایە و ئەم تاغوت و یاسا و ڕێسا كوفریانەش سەروەر بن.

خاوەنی كتێبی (السنن)[1]ەكان دەگێڕنەوە كە سەیدنا ئەبووبەكری سددیق (خوا لێی ڕازی بێت) هەستا بۆ وتاردان و دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە فەرمووی: "هۆ خەڵكینە، ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ﴾ المائدة: ١٠٥، بەڵام لە شوێنی خۆیدا داینانێن (مانایتری بۆ دەكەن). من گوێم لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بوو كە دەیفەرموو: (إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الظَّالِمَ فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمُ اللَّهُ بِعِقَابٍ مِنْهُ)[2]، واتا: «ئەگەر خەڵكی خراپەیان بینی و نەیانگۆڕی، حەتمەن خوای

---

(١) كتێبی السنن عادەتەن بەو سەرچاوانەی فەرمووده دەڵێن كە بەناوی (السنن)ەوەن وەكوو سونەنی ئەبو داوود و سونەنی نەسائی و سونەنی ئیبنو ماجە و (جامع الترمذي) كە هەر بەناوی سونەنی ترمزییەوە بەناوبانگە. ئەم چوارە لە شەش سەرچاوەی فەرموودەی سەحیحن كە سەحیحی بوخاری و موسلیمیشیان لەگەڵدایە. كتێبی تریش بەناوی سونەن هەیە، وەكوو سونەنی داریمی و هیتر.

(٢) ترمذی (٢١٦٨)، ئەبو داوود (٤٣٣٨). شێخی ئەلبانی (رحمەالله) لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٥٦٤)دا دەفەرمووێت: سەحیحە.

گەورە هەموویان دووچاری سزا دەکات»". ئاوا خەلیفەی یەکەم (خوا لێی ڕازی بێت) دید و هەڵوێستی خەڵکیی دەربارەی واتای ئایەتەکە ڕاست کردەوە کە لەو زەمانەدا هەندێک کەس بە هەڵە تێگەیشتبوون. ئێمە لەم زەمانەدا پێویستترین بۆمان ڕاست بکرێتەوە، چونکە گۆڕینی «مونکەر» لەم زەمانەدا قورستر و سەختتر بووە، بۆیە وا زۆر بە ئاسانی دەروون بەزیو و ئیرادە لاوازەکان واتای ئەم ئایەتە دەگۆڕن، بەو لایەنەیدا دەبەن کە کۆڵی جیهادەکە لەسەر شانی خۆیان داگرن و خۆی پێوە ماندوو نەکەن و خۆشیان لە تین و قورسایی جیهادەکە کەنارەکەن! نا، وەڵڵاهی ئەم دینە بەبێ ڕەنج و جوهد و جیهاد پیادە ناکرێت، حاڵی خەڵکیش بەبێ کۆمەڵکاری و بانگەواز و خەبات ناگۆڕێت. بۆیە هەر دەبێت کۆمەڵێک کەسی جوامێر بۆ بانگەوازی ئەم دینە و جوهد و جیهادەکەی لێ ببڕێن و خەڵکی لە پەرستنی عەبدەوە بەرەو پەرستنی خوای تاک و پاک بانگهێشت بکەن، تا دەریانبهێنن و خوایەتیی خوای گەورە و حاکمێتییەکەی بچەسپێنن و دەسەڵات و هێزی ئەو تاغوت و ملهوڕانە لادەن و ڕادەن کە لە حاکمێتیدا دەستدرێژییان کردووەتە سەر مافی خوای گەورە، تا لێیان بسەندرێتەوە و حاکمێتیی خوای گەورە بچەسپێنرێت و سەروەریی یاسا بۆ شەریعەتەکەی ئەو بێت و بەس. هەر دەبێت ئەم ئاڕاستە تەوحیدییە و ئەم سەروەرێتییەی شەرع ئاڕاستەوانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بێت، تا ژیانی تاک و کۆی خەڵکەکە بە گوێرەی دینەکەی خوا ڕێکبخرێت. حەتمەن دەبێت هەوڵ و ڕەنجدانەکە بە قسەکردن و موناقەشە و گفتوگۆ بێت ئەگەر بەرانبەران تاک بوون و گومڕا و نەزان بوون و هیدایەتدانیان ڕێنیشاندانی دەخواست. ئەمما ئەگەر هێزێکی تاغوتی و دەسەڵاتێکی ملهوڕی بوون و نەیاندەهێشت بانگەوازی خوایی بگاتە خەڵکی و دەبوونە بەربەستی ڕێی دینی خوا و نەیاندەهێشت سەروەری بۆ شەریعەتی خوا بێت، بە تەئکید ئەوکاتە داعییەکان بەرپرسیتییان لەسەر نامێنێت و گومڕاکان سزای خۆیان وەردەگرن کاتێک دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە: ﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٠٥﴾ المائدة: ١٠٥.

## هیدایەتدان بە دەست خوای گەورە خۆیەتی:

خوای گەورە حەقیقەتێکی تر لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەی خۆیدا دەخاتە پێش چاوی تاک و

کۆی ئوممەتە موسڵمانەکە، ئەویش ئەوەیە کە هیدایەت و گومڕایی دڵ و دەروونی خەڵکی بەدەست ئەوە، بۆ کەسی وەل نەکردووە ڕەفتاری پێوە بکات و حوکمی لەسەر بدات، کەس بۆی نییە لەم هیدایەتدان، یان گومڕاکردنەکەدا ڕاوبۆچوونی هەبێت، تەنانەت پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). دەشێت خۆزگە و ئاواتی هیدایەتدانیان بخوازن و دوعای هیدایەت بۆ کەسانێک بکەن، بەڵام کەس ناتوانێت بڵێت هیدایەتی دەدەم، تەنانەت ناتوانێت بڵێ دەبمە هۆی هیدایەتدانی. هیدایەتدان و گومڕاکردن ماف و فەرمانی خوای کارزانە و بەس، ئەو مرۆڤەکانی دروست کردووە، ئەو دڵ و دەروون و هەست و ئینفعالاتی تێدا خەلق کردوون، بۆیە کەس نییە توانای بەسەر دڵ و دەرووندا بشکێت، هیچ یەکێک ناتوانێت بەو شێوە و چۆنیەتییەی دەیەوێت ئاڕاستەی بکات، هیچ یەکێک دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێت غەیری خوای خاوەنی. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەلاغەکەی لەسەرە، ڕوونکردنەوەی دینەکە و گەیاندنی بانگەوازەکەی لەسەرە، ئەمما هیدایەتدانەکە؛ ئەوە لوتفی خوای میهرەبانە و خۆی دەزانێت بە کێی دەبەخشێت، بێگومان دەیبەخشێت بە کەسانێک کە حەز بە هیدایەتدان دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن، خوای گەورەش دەزانێ کێ و کەی شیاو و شایانی ئەو هیدایەتەیەتی. دەرهێنانی ئەم ماف و ڕەفتارە لە دەست مرۆڤ و گێڕانەوەی -لە هەست و باوەڕی موسڵماندا- بۆ خوای گەورە زۆر گرنگە، چونکە ئەوەی لا دەکاتە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویست کە پێویستی بە لوتفی خوایە تا هیدایەت وەرگرێت، پێویستی بە لوتفی خوایە تا لەسەر ڕێ بمێنێتەوە، بۆیە دەبێت موسڵمان بەردەوام ڕووی لە خوای گەورە بێت تا هیدایەتی بدات، تا بەڵگە و نیشانەی زیاتری نیشان بدات، لە بەرانبەریشدا لەوەشدا کاریگەر و گرنگە کە داعییەکە زۆر خەفەت لە ملهوڕی و کەللەڕەقی بێدینەکان ناخوات، کە ئەوەندەیان لەگەڵدا خەریکە و ئەو هەموو بەڵگە و نیشانانەیان دەخاتە بەردەست، کەچی یاخیبوونیان زیاتردەبێت. ئەمە جێ خەمە. بەڵام ئەم ئایەتە سەلوای دڵی داعییە کە تۆ هەقت نەبێت، خەمی لێ مەخۆ، بانگەوازی خۆت بکە، هیدایەتدان لای خوای گەورەیە و بە قەدەری ئەوە. هەقی ئەوەت نەبێت کە بۆچی نەهاتنە سەر ڕێ! بۆچی ئەم حەقە ڕەوایە قبووڵ ناکەن! بۆچی ئەوەندە نەفامانە ڕەفتار دەکەن؟! ﴿۞ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ﴾ البقرة: ٢٧٢، واتا: «هیدایەتدانی ئەوان ئەرکی

جەنابت نییە، خوای گەورە خۆی هیدایەتی هەر کەسێک دەدات کە خۆی بخوازێت»، دەی سا سینەت فراوانتر بکە، نەرمونیانی و گەشبینیت زیاد بکە، جەنابت یارمەتیدەریان بە لە کەشفکردنی ڕێی هیدایەتدانیاندا، ڕێنیشاندەریان بە، چۆن و چەندیان پێویستە لەو بارەوە بۆیان دەستەبەر بکە، هیدایەتیدانیشیان بدەرە دەست خوای میهرەبان و کارزان.

داعیی موسڵمان ڕاگەیاندنی دینەکە و گەیاندنی بانگەوازەکەی لەسەرە، ئەمما هیدایەتدان ئەوە لە توانای ئەمدا نییە، چونکە هیدایەتدان گۆڕینی سروشت و دیدوڕێیە، داعی ناتوانێت وا بکات ئەوان حەق ببینن و وەریگرن، چونکە دەشێت بڕوانن و نەبینن، دەشێت گوێیان هەبێت و نەخوازن ببیستن، لە حەنای حەقدا خۆیان نابینا کردووە و چاویشیان ساغە، چونکە گومڕاییەکە بەرنادەن، ئەوانە وەکوو مردوون! جا جەنابت دەنگێک لە مردووەوە دەبیستیت؟!: ﴿إِنَّكَ لَا تُسۡمِعُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَلَا تُسۡمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوۡاْ مُدۡبِرِينَ ۝٨٠ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِي ٱلۡعُمۡيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمۡۖ إِن تُسۡمِعُ إِلَّا مَن يُؤۡمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسۡلِمُونَ ۝٨١﴾ النمل: ٨٠ - ٨١، واتا: «جەنابت کە ناتوانیت مردووەکان وا لێ بکەیت قسەت ببیستن و سوودی بۆیان هەبێت، ئێ هەر ئاواش کە ئەو ملهوڕانە دەدوێنیت و ئایات و بەڵگەی ئێمەیان بۆ دەخوێنیتەوە، هەر ناتوانیت وایان لێ بکەیت ببیستن و پێی بکەونە کار! هەر وەکوو کە ناتوانیت دوعا و نزای خۆت بە کەڕێک بگەیەنیت، چونکە ئەمانە ڕێی هیدایەتدانی خۆیانیان (بیستن و بینین و بیرکردنەوە) قەپات کردووە و پشتیان هەڵکردووە و تەوەلابوون. جەنابت ناتوانیت ئەوانە لە کوێرایی و نابینایی گومڕاییەکەیانەوە بهێنیتە سەر ئیسلامەکە. جەنابت ئەو کەسانە بدوێنە کە باوەڕیان بە ئایاتی ئیمە هێناوەو و موسڵمانن، با ئەوان فەرمایشتت ببیستن، جەنابت ئەوانە بدوێنە، ئەوان سوود لە ڕەفتاری جەنابت دەکەن».

ئاوا خوای گەورە بە مردوویان دەداتە قەڵەم، لە کاتێکدا زرپ و زیندوون! کەڕ نین و نابیستن، کوێراییان دانەهاتووە و ڕێی ڕاست ناگرنەبەر! هەرچەندە ئەو ئالییەتانەیان هەیە، بەڵام پەکیان خستوون. ئەو کەسەی بیروهۆش و زەینی لەم وجوودە دوورەپەرێز ڕاگرتووە و پەی بە ڕێسا گەردوونییەکان و بزاوت و سرەوتی پڕ حیکمەتی ئەم ژیانە نابات، ئەمە کە هەست و هۆشی پەکخستووە، مردووە. کەی ئەوە ژیانە ئەوی تێدایە؟ ئەوەی ئەو دەیباتەسەر ژیانیکی ئاژەڵیانەیە، بگرە گومڕاترە. ئاژەڵ بەپێی سروشتی خۆی ڕەفتار دەکات، بە دەگمەن لێی

لادەدات. ئەمما ئەو کەسەی کە بە دەنگ نیشانە و بەڵگە و بانگەوازی خـوای گەورەوە نـایەن، کاریگەرییان لەسەر دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ناخی ویژدان زۆرە؛ لە ڕاسـتیدا کەڕن، بـا دوو گوێچکەکەشیان هەبێت کە لەرە و شەپۆلی دەنگەکانیش وەردەگرن و جوێی دەکەنەوە! ئەو کەسەی ئەو هەمـوو ئایـات و بەڵـگە و نیشـانانەی خـوای کردگـار نابینێـت، نابینـایە، کـوێرە، تەماشای ئەو هەموو دیـاردە زۆر و جۆراوجـۆرانەی گەردوون دەکـات و هـیچ نابینێـت! ئەمە کوێرە، ئەگەرچی دووچاوی ئاژەڵییانەی هەیە! ئەمما ئەو کەسانەی کە بەڵگە و نیشانە دەبینن و گوێ بۆ بانگەوازی خـوا شـل دەکەن، ئەوە خـاوەن دڵە زینـدووەکانن، خـاوەن دیـد و زەینـی ڕوون و درک و پەیبردنی قووڵن، ئەوانە زیندوون، ئەوانە بەو هیوایەوە دەبیسـتن تـا هیـدایەتی خوایی وەرگرن، بۆیە سەرنج دەدەن و دەڕوانن تا (یەقینـ)ـیان زیـاتر ببێـت. ئەوانە سروشـتیان پـاکە و خۆیـان بەرەو خواویسـتی دێـن. هەر کە دەبیسـتن پەیـامەکە بـۆ خەڵکـی هـاتووە و ڕاگەیەنراوە و خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکرێت، وەڵامدانەوەیان بۆی دەبێت و بەدەنگییەوە دێن: ﴿هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ١٣٨﴾ آل عمران: ١٣٨، واتا: «ئەم قورئانە ڕوونکـردنەوەی هەمـوو شـتێکی بـۆ خەڵکـی تێـدایە، ڕێنمایـی و ئامۆژگاریشـە بـۆ دینـدارانی سەرڕاسـت و تەقواکاران». ئەوی دڵ و هزر و ویژدان و هۆشی بۆ ئامۆژگـاریی خـوای گەورە واڵا دەکـات، ئەوە ئەو موسڵمانە دڵ زیندووەیە کە شەیدای هیدایەت و هۆگری ئامۆژگاریی خواییە، ئەوە ئەو دڵە زیندووەیە کە لەگەڵ هەموو ئاڕاستەیەکی قورئانیدا گەشە و نەشونما دەکات و بەرەو باڵاتر دەشنێ. ئەوە دڵی ئیماندارە کە هەر فەرمانێکی خوایی کە بۆی دێت دەیخاتە بزاوت و چـالاکی دینداریی. خەڵکی بە گشـتی زانینـی حەقیـان کەم نیـیە، حەق و باتـڵ لێـک جـوێ دەکەنەوە، هیدایەت و گومڕابوون دەزانـن چـین، بەڵام وەڵامـدانەوەی هیـدایەت و بـانگەوازی خواییـان نییە و سیما و مۆرک و سیفاتی دڵی خواناسانی سەرڕاستیان نییە.

حەق خۆی بەپێی سروشتی خۆی ئەوەندە ڕۆشن و ڕاشکاوە، ئەوەندە ئاشـکرا و دیـارە کە ڕوونکردنەوەی زۆری ناوێت، بەڵام خەڵکی لە ئاستیدا کەم هیممەتن، کەمتر حەزیان لە ناسینی حەقە و کەمتر توانایان بەسەر هەڵبژاردن و بەچاکزانینیدا دەشکێت کە دەشیناسن زۆر هەوڵـی پێوەپابەندبوونی نادەن! بۆیە ئامۆژگاریکردن لەسەر دڵی یاخیبووان و بەڕەڵایان قورسە، چونکە

ئامۆژگاریی سنووریان بۆ دادەنێت و داوایان لێ دەکات پابەند بن، ئەوانیش لەسەر بەڕەڵایی و نابەرپرسێتی و گوێنەدان ڕاهاتوون! ئامۆژگاری لەسەر دڵی ملهوڕە تـاغوتە چکۆلەکـانیش هەر قورسە. چونکە وا دەزانن ئامۆژگاریکردنیان کەمکردنەوەی ڕێـز و پلەوپـایە و نـاو و ڕێزیـانە! نابینیت زارۆکی گچکە کە دەست دەدەیتە باڵی و دەتەوێت ڕایگریت، کەچی دەسـتت لادەدات تا خۆی وا بنوێنێت کە گەورەیە!

داعیی موسڵمان هەر ڕاگەیاندن و گەیاندنی لەسەرە، ئەمما ڕەفتارکردن و گۆڕینی دڵ و هزر و ویـژدان، ئەوە لەدەسـت خـوای گەورەدایە، ئەرکـی ئەم ئەوەیە کە بەپێـی ئەم حەقـیقەتە و لە سنووری خۆیـدا ڕەفتاربکـات، پەلە لە هـیچ هەنگاوێـک نەکـات و هـیچ پێشـنیارێک نەخـاتە بەردەستی خوای گەورە، با پێغەمبەری خواش بێت (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئەوەی کە ملهوڕانی وا لێ کردووە حەق قبووڵ نەکەن و ئیسلامەکە وەرنەگرن، کەمبوونی بەڵگە و ڕۆشننەبوونی نیشانەکان نییە، نا، ئەوە کرمی دڵە. نەخۆشییەکی کوشندەی ناخە کە ڕێـی لە هـزر و هـۆش و ویژدانیـان گرتووە و، بووەتە بەربەستی ڕێی سروشتی مرۆڤایەتیی مرۆڤ کە حەز دەکات ڕوو بکاتە خوای گەورە، بەڵام ئەو نەخۆشییە کوشندەیەی نـاخ ناهێڵێـت، چـونکە پێـی بچـووکییە ئەم دینـە لەو داعییەوە وەربگرێت!

## بڕگەی پێنجەم:

## زەمینەی فیکری بانگەواز

دەبێت ئەوە لە دید و زەینی داعییەکاندا زۆر ڕۆشن بێت کە خەڵکی بۆ ئەم ئیسلامە بانگهێشت دەکەن، دەبێت داوایان لێ بکەن کە سەرلەنوێ ئەم دینە پیادە بکەنەوە، دەبێت لە خاڵی دەستپێکدا داوایان لێ بکەن عەقیدەکە وەرگرن، با لەو خەڵکەش بن کە خۆیان بە موسڵمان دادەنێن و لە ناسنامەکانیاندا نووسراوە موسڵمان. دەبێت هەموو لایەک وەکوو یەک لەوە حاڵی بکەن کە ئیسلام هەر لە سەرەتایەوە بریتییە لە بڕیاردانی عەقیدەکە، چونکە (لا إله إلا الله) لە واتای حەقیقی خۆیدا بریتییە لە حاکمێتیی خوای گەورە، واتە دەبێت دوای شایەتمانهێنانیان ئەوەیان لا ببێتە بەڵگەنەویست کە دەبێت هەموو دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێستێکیان بەگوێرەی دینی خوا ڕێک بخەن. ئەم حاکمێتییەی خوای گەورە دەبێت لە ویژدان و هۆش و هەستیاندا جێگیر ببێت و، لە واقیعی ژیانیشیاندا بچەسپێت. با هەر لە سەرەتاوە ئەم کێشەیە ببێتە خاڵی دەستپێکی بانگەواز، هەر وەکوو کە لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی وەحیدا بووبووە دەستپێکی بانگەوازەکە. بانگهێشتکردنی خەڵکی بۆ ئەم کێشە سەرەکییە ماوەی سێزدە ساڵی ڕەبەقی خایاند، سێزدە ساڵ! کاتێک پۆلێک خەڵکی لەم دەستپێکەوە داخڵی ئیسلام دەبن و وەریدەگرن و بزاوت و هەڵوێستی لەسەر بینا دەکەن و گوش دەبن پێی، ئەم پۆلە خەڵکە دواتر شیاو و شایستەی ئەوە دەبن سەرپەرشتیاری دەسەلات و سیستم و ئیدارەی دەوڵەتی ئیسلامی ببن و ئاڕاستەی کۆمەڵگە موسڵمانەکە بکەن و، ژیانی تاک و کۆیان بەپێی ئەحکامەکانی شەریعەت ڕێک بخەن، چونکە لە سەرەتاوە قەناعەتیان بەوە بوو کە (لا إله إلا الله) -کە هەر وەکوو کە عەقیدە و عبادەتە- حەتمەن «شەریعەت»یشە و دەبێت ژیانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەپێی ئەو ڕێک بخرێت. ئەم پۆلە خواویستە -کە هەر لە سەرەتاوە پەیمان و بەیعەتیان بە خوای گەورە داوە- ژیانیان هەموو بەپێی دینەکە دەبێت و عەبدێتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تەنها بۆ خوای گەورە دەردەبڕن و بەس. کاتێک کۆمەڵگە موسڵمانەکە بە بانگەواز و ڕەوت و بزاوتی ئەو پۆلە دیندارە

سەرڕاستە (کە ئوممەتە موسڵمانەکەیە) پێک دێت، دەکەوێتە سەر نیشاندانی سیستمی ئیدارەی حـومکڕانیی ئیسـلامییانە، کـۆمەڵگەکەش خـۆی دەکەوێـتە داڕشـتنی ئەحکـامی شـەرعیی، کە پڕاوپڕی واقیعی نوێی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکە دەبێت. هەمووشـیان لە چوارچێـوەی سیسـتمێکی ئیسلامیی گشتیدا دەبێت. ئا ئەمەیە ڕیزبەندیی هەنگـاوە یەک لە دوای یەکەکـان کە مەنهەجـی ئیسلامی دەیەوێت لە واقیعی ژیاندا بیهێنێتە دیی: **دینەکە هەیە، ئوممەتێکی موسـڵمانی لەسـەر پەروەردە دەبێت، ئەم ئوممەتە بە دینەکەیەوە دەکەوێتە پێکەوەنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی، لەم کۆمەڵگەشەوە سیستم و ئیدارەی دەوڵەتی ئیسلامی دێتەکـایەوە. مـوفرەداتی دیـد و ڕێبـاز و قۆناغەکانی ڕەوت و بزاوتی ئیسلامی ئاوایە.**

هەندێک جار دڵسۆزە هەڵەشەکان -لەوانەی لە سروشـتی ئەم بـانگەوازەدا زۆر قـاڵوقووڵ نەبوونەتەوە و شارەزای مەنهەجی خواییەکە نین کە لە دانایی و زانایی خوای دانا و کارزانەوە هاتووە کە شارەزای سروشـتی مـرۆڤ و پێداویسـتی و ئینفعالاتەکـانێتی- وا بیـر دەکەنەوە کە ئەگەر ڕێسا سەرەکییەکانی سیستمی حوکمی ئیسـلامی و دەسـتوورە سـەرەکییەکەی ئەحکـامە شەرعییەکان بخەنە پێشچاوی خەڵکـی، دیـنەکە لایـان ڕۆشـنتر و شـیرینتر دەکـات و ئەگەری وەڵامدانەوەی بانگەوازەکە و قبـووڵکردنی دینەکەیـان زیـاتر دەبێـت. بەڵام ئەمە وا نیـیە. ئەمە وەهمە، شیکارێکی خەیاڵییە کە ئەنجامی هەڵەشـەیی و پەلەکـاری هـاتووەتە زەیـنەوە .دەبێـت داعییەکان ئەوەیان لا بەڵگەنەویست و نەگۆڕ بێت کە دەستپێکی بانگەوازی ئەم دینە ئەوەیە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەسـتی خەڵکـی بـۆ خـوا پـاک ببێـتەوە، تـا عەبـدێتیی سەرڕاستانەیان بۆ خوا ڕابگەیێنن، بەوەی کە دین و شەریعەتەکەی قبووڵ دەکەن و، هیچ یاسا و ڕێسا و دەستوورێک ناکەنە بەدیلی، یان هاوبەشی. دەبێت لە سەرەتاوە تەئکید لەوە بکرێتەوە و خەڵکەکەی لەسەر پەروەردە بکرێت، تـا لایـان دەبێـتە بڕیـارێکی نەگـۆڕ. پـێش ئەوەی باسـی تەفسیلاتی حوکم و حاکمێتییان لا بکرێت، **دەبێت حەزکردن بە وەرگرتنی شەریعەت و حەز لە جێبەجێکردنی لەوەوە بێت کە شەریعەتی خوایە و ئەم عەبدە سەرڕاستانەی -کە لە عەبدێتیی بەشەر قوتاربوون و بوون بە عەبدی خوای تاک و پاک- لەو ڕوانگەوە پێی ڕازین، نەک لەو لایەن و بەو سیفەتەی کە شـەریعەتی ئیسـلام لە یاسـا و دەسـتوورەکانی سـەردەم چـاکتر و**

**گشتگیرتره، له فڵان لایەنیدا و له فڵان بڕگەیدا پڕاوپڕ شیاوی واقیعی کۆمەڵگه و دەوڵەتەکەیه. ئیعتبار و وەرگرتن و تەسلیمبوون به ئەحکامی شەریعەتەکه ئەمه نییه، بەڵکوو ئەمه ئەنجامێکی سرووشتیی چەسپاوێتیی ئەو بەڵگەنەویستەیه که ئەم خەڵکەی -عەبدی خوای گەورەن- شەریعەتەکەی خوای گەورەشیان پێ قبووڵه.**

شەریعەتی خوای گەوره بێگومان چاک و خێره، چونکه له لایەن خوای گەورەوه هاتووه، ئەستەمه یاسا و ڕێسا و دەستووری بەشەر ڕۆژێک له ڕۆژان له لایەنێک له لایەنەکانی شەریعەتی خوای گەوره چاکتر بێت، بەڵام خۆ ئەمه ڕێسای بانگەوازەکه نییه. ڕێسای بانگەوازەکه قبووڵکردنی دینەکەیه، ڕازیبوونه به شەریعەتی خوا و وەرگرتن و چەسپاندنێتی، لەگەڵ ڕەفزکردنی هەموو یاسا و ڕێسا و دەستوورێکی پێچەوانه پێی. چونکه غەیری شەریعەتی ئیسلام ئیسلامەتی نییه. ئیسلام له مانا و واتا و مەدلوولیدا ڕۆشن و بنبڕه. هەر کەسێک ئیسلامی قبووڵ بێت -بەو سیفەتەی که دینی خوایه و ئەمیش موسڵمانه- ئیتر پێویستی بەوه نییه هەندێک لایەنی شەریعەتەکەی نیشان بدرێت که گوایه جوانیی شەرع و دەستوور و سیستمی حوکمی ئیسلامییه. ئەو کەسەی ڕووی له ئیسلام وەرگێڕاوه، به نیشاندانی هەندێک لایەنی جوانێتیی شەریعەت نایاتەوه بۆ ئیسلامەکه. ئەمه یەکێکه له حەقیقەته عەقائیدییەکان که بەڵگەنەویستن.

قورئانی پیرۆز هەر له سەرەتای بانگەوازەکەیەوه سروشتی مرۆڤی دەدواند بەوەی که تێیدایه، له دڵ و هزر و ویژدان، دەیان بەڵگەی مەخلووقاتەکانی دەوروبەری نیشان دەدا و، سەرنجی بۆ بەڵگه و نیشانه و واتاکانیان ڕادەکێشا، دەیویست بەم شێوەیه هەر له سەرەتاوه تەپوتۆز و ژەنگوژار له جیهازی وەرگرتنه فیترییەکەی بکاتەوه، تا پاک و ساف ببێت و شەپۆلەکانی بانگەواز بگرێتەخۆ و وەڵامدانەوەی بۆیان هەبێت، دەیویست هزر و هۆش و ویژدانی مرۆڤ بخاتەوه کار که لەژێر کاریگەریی دید و ڕێ و نەریتی جاهیلییەتدا پەککەوته کەوتبووه لاوه و جەمان بووبوو. دەیویست بیخاتەوه گەڕ. دەیویست پەنجەرەیەک له ناخی ئەم مرۆڤەدا بکاتەوه تا شنەی بانگەوازەکەی لێ بدات و ببوژێتەوه. تا ئامادەی وریابوونەوه و خەبەربوونەوەی تێدا زیتکاتەوه. بەو ئومێدەی وەڵامدانەوەیەکی سروشتیانەی لا دروست ببێت.

ئـاوا قۆنـاغی بنیاتنـانی عەقیـدە دەبێـت تـوول بکێشـێت و، هەنگاوەکـانیش لەسـەرخۆ هەڵبهێنرێنەوە و ڕێساکانی زۆر قایم داکوترێن و بە ناخی دڵ و هزر و ویژداندا ڕۆچـن. نابێـت ئەم قۆناغی بنیاتنـانەی عەقیـدە ڕەفتـارێکی تیـۆر (نظري)یـانە بێـت، بەڵکـوو دەبێـت هەمـوو لایەنەکانی عەقیدەکە لە بزاوت و هەڵوێستی واقیعیدا بخرێتە کار، تا زینـدووانە دەربکەوێـت، هەروەکوو کە لە ناخی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستدا زیندووانە دەبزوێت و دەبزوێنێت و کاروکـاردانەوەی دەبێـت و هەڵوێسـتی ئیمانـدارییانەی دەربـارەی ڕووداوەکـانی دەرێ لا دروست دەبێت؛ دەبێت بە هەمان شێوەش لە جیهانی دەرێدا زیندووانە دەربکەوێـت، لە ڕەفتاری پارسەنگی تاک لە ڕەنج و سەبر و خۆگریدا، لە پابەندی و سووربوون و تێکۆشاندا، لە پێشخستنی گیانی هەرەوەزی و بیناتنانی ئوممەتە موسڵمانەکەدا، بە هەمـان شـێوەش دەبێـت تـاک و کـۆی ئـوممەتەکە لە جیهـانی ململانێـدا بە بزاوتێکـی واقیعیـانەی خۆیـانەوە -کە ڕووبەڕووی جاهیلییەت دەبێتەوە- دەرکەون. ئاوا لە هەردوو **بەرەی نـاخ:** (دژ بە هەواوهەوەس و دژ بە شـەیتان) و **بەرەی دەرەکـی:** (دژ بە هێـزی تـاغوتی و جـاهیلییەت)دا ڕووبەڕووی جەنگێکی بێئامان دەبێتەوە کە مەبەست لێی ڕیشەکێشکردنی جاهیلییەتەکەیە، ئـاوا لە بزاوتێکـی ململانێی واقیعیدا عەقیدەکە بنیات دەنرێت. ئاواش نەبێت جێگیر و دابین دانامەزرێت .

هەڵەیەکی زۆر گەورە و ترسناکە کە ئیسلام بخرێتە قاڵبێکی تیۆری و نیشاندرێتەوە، تیۆرێک کە بخرێتە بەردەست تـا دیراسـە بکرێـت و (خەڵکـی پـێ ڕۆشـنبیربکرێت و گـوایە عەقیـدە و دینداریتیی پێ دەهێنرێتە کایەوە!)، ئەمە نەک هەر هەڵەیەکی ترسـناکە، ئەمە زۆر دژوارە. خـۆ قورئان کە لە ماوەی سێزدە ساڵی ڕەبەقدا لە مەککە -بۆ داڕشتنی عەقیـدەکە دەهـاتە خـوارەوە- لەبەر ئەوە نەبوو کە بۆ یەکەمین جـارە نیشـان دەدرێـت، ئەگەر لەبەر پەروەردەبـوونە واقیعیـیە (عەمەلییە) کە نەبوایە، قورئان بە جارێک دەهاتە خوارەوە و دەیفەرموو لە ماوەی سێزدە سـاڵ، یان زیاتر، یان کەمتردا بیخوێنن، تا بە تەواوی وەکـوو تیۆرێـک لێـی تێـدەگەن و وەریـدەگرن، بەڵام ئیسلام شتێکی تر و شێوەیەکی تری دەخواسـت. دەیویسـت دینـەکە ببێـتە مەنهەجـێکی گشتگیری بزاوتی واقیعییانەی ئوممەتێکی تۆکمەی خواویست. ئیسلام دەیویست لە یەک کاتدا عەقیدەکەش بنیاتبنێت و ئوممەتەکەش پەروەردە بکات و بزاڤە واقیعییەکەش لە هەمـان کاتـدا

ئاڕاستە بکات، چونکە ئەم سێ پێکهاتەیە **«عەقیدە، ئوممەت، بزاڤ»** پێکەوە **«مەنهەجـ»**ـە ئیسلامییەکە دەسەلمێنن و دەچەسپێنن، هەروەکوو دەیویست بە عەقیدەکە واقیعێکی کردەوەیی دروست ببێت کە ببێتە زەمینەی دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئوممەت و بزاڤەکە. دەیویست واقیعە نیشاندراوەکەی ئوممەتەکە ببێتە ڕەنگدانەوەی کاریگەریی عەقیدەکە لە تاک و کۆی ئوممەت و بزاڤەکەدا. خوای گەورە دەیزانی کە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی مرۆڤەکان بە شەو و ڕۆژێک ناگۆڕێن، بۆیە هەر دەبوو داڕشتنی عەقیدەکەش ئەوکات و قۆناغە زۆر و جۆربەجۆرانەی بوێت کە پێکەوەنانی ئوممەتەکە و بزاوتی ململانێکە دەیانویست، داڕشتنی عەقیدەکە خێراتر نییە لە پەروەردەکردن و پێکەوەنانی ئوممەت و بزاڤ و خەباتەکەی. ئاوا ئەم سێ لایەنەی سێگۆشەکە: **«عەقیدە، ئوممەت، بزاڤ»** پێکەوە دێن تا یەکتری تەواو بکەن. کاتێک عەقیدەکە بە تەواوی دادەمەزرێت، دەبینرێت کە ئوممەتەکەشی باڵغ بووە و بزاڤەکەشی پاڵێوراوی دەسەڵات و تەمکینە.

ئا ئەمەیە سروشتی دینی ئیسلام کە حەتمەن دەبێت شارەزای ئەو سروشت و سیفەتەی ببین. ناشێت لەبەر خاتری حەزە پەلەخوازەکانی خۆمان بیگۆڕین، ناشێت لەبەر خاتری بەزیوێتیی خۆمان لە بەرانبەر تیۆرییە بەشەرییەکاندا ئەم سروشتەی دینەکە بگۆڕین، تا بڵێین ئەوەتا ئیسلامیش تیۆرێکی گشتگیر و پێشکەوتووخوازانەیە و شیاوی مرۆڤایەتییە. ئەمە نەک ناشێت و دژوارە، تاوانیشە دەرهەق بە ئیسلام ئەنجام دەدرێت. چونکە گۆڕینی جەوهەری ئیسلامەکەیە! ئیسلام بەم سروشت و سیفەتە بێوێنەییەی خۆیەوە توانیی بۆ یەکەمین جار ئەو ئوممەتە موسڵمانە دەگمەنە بهێنێتە دی، هێنانەکایەی ئەو ئوممەتە هەر بەو سیفەت و سروشت و چۆنیەتییە قورئانییە دەبێت و بەس. ئاوا خوای گەورە دەیهێنێتەوە، نەک بە گۆڕینی سروشت و سیفەتە سەرەکییە کاریگەرەکەی. دەبێت بە تەواوی هەست بە هەڵە و دژوارێتیی ئەوە بکەین کە عەقیدە ئیسلامییەکە لەو حاڵەتی زیندوێتی و چالاکیی واقیعێتییەیەوە بگۆڕین بۆ تیۆرێکی ئیسلامی کە گەنجینەیەکی زانست و مەعریفە بێت، بۆچی؟! بۆ ئەوەی ئیسلامەکە لە بەرانبەر تیۆرە بەشەرییەکان ڕاگرین و بیسەلمێنن کە ئیسلام لەوان کەمتر نییە و چاکترە! ئەمە خۆی دژوارە. هەڵەیەکی سەختی لە ڕێ لادانە.

عەقیدەی ئیسلامی دەبێت لە دڵ و دەروون و هزر و ویژدان و هەستی کۆمەڵێک خەڵکدا بچەسپێت، ئینجا لە ڕێکخراوێکی ئوممەتییانەی واقیعی و بزاڤێکی ململانێی دژ بەجاهیلییەتدا دەرکەوێت. عەقیدەکە لە دڵ و دەروونەکاندا خەریکی پاڵفتەسازی و لادان و ڕادانی خاشاکی جاهیلییەتەکە دەبێت کە ساڵەهای ساڵە لە دڵ و هزر و ویژداندا چەقبەستووانە جێی خۆی گرتووە کە دەبێت دڵ و هزر و ویژدان پاکبکرێتەوە لێی، تا ئیسلام بخرێتە جێیان. ئا ئەم ململانێیەی تەقوا و هەواوهەوەسە، کە لە ناخی تاک تاکەکاندا بەردەوامە کە لە جاهیلییەتەوە هاتوون و هەست و هۆش و پێوەر و ئینتیمای جاهیلییەتیان تێدا ماوە، دەبێت پاکسازی بکرێت. لە هەمان کاتیشدا دەبێت هەر بە عەقیدەکە پاکسازیی ڕەفتار و ڕەوشت و ئینتیما و پەیوەندییەکان بکرێت، چونکە ئەمانیش هەر لەڕوانگەی جاهیلییەتەوە هاتوون و ساڵەهای ساڵە ئەم موسڵمانانە پێوەی پابەند بوون، ئێستا ئیسلام دەیەوێت لایاندات و بە ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و ئینتیما و پەیوەندیی عەقائیدیی خۆی بیانگۆڕێت. هەر لەم کاتی گۆڕینی ناخ و دەرەوەی تاک تاکی ئوممەتەکەدا ئیسلام ئوممەتەکەشیان بە عەقیدەکە بنیات دەنێت و دەیەوێت ئوممەتەکە بکاتە کۆمەڵکارییەکی عەقائیدی، تا تاکەکان ئینتیمای خێڵەکیی خۆیان لادەن و ئیتیما عەقائیدییەکەی ئیسلامی بخەنە جێ کە بۆ ئوممەتەکەیانە. ئینجا هەر لە هەمان کاتدا ئوممەتەکە بە وزەی بەگەڕخراوی مەرکەزییانەی تاکەکان و بە عەقیدەکە دەکەوێتە ناو بزاڤێکی گۆڕانکاریی دینیانەی خۆی کە بە بزاوت و هەڵوێست و ئاڕاستەی خۆی جاهیلییەتەکە دەگۆڕێت و وردە وردە کۆمەڵگەیەکی گچکە لە موسڵمانان دەسازێنێت، تا تاک و کۆی ئوممەتەکە هەست بکەن کە ئا ئەمە کۆمەڵگەی خۆیانە، نەک کۆمەڵگە جاهیلییەکەی دەوروبەریان کە ئەمان ئازادانە خۆیان لێ ڕاپسکاندووە و دابڕاون لێی.

ئا ئەم (عەقیدە و ئوممەت و بزاڤ)ـە کە لە واقیعی ژیاندا دەبزوون و دەگۆڕن و بنیات دەنێن کە دڵ و هزر و ویژدان دەگرنەوە و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت دادەڕێژن کە بزاوت و هەڵوێستی ململانێ دەگرنەبەر؛ مومکین نییە بخرێتە تیۆرێکی مەعریفیی سارد و سڕەوە و بوترێت فەرموون ئەوە ئیسلامە دیراسەی بکەن! ئەو مەودایەی ئیسلامە عەمەلییەکە -بە عەقیدە و ئوممەت و بزاوتەکە دەیگرێتەوە- شتێک نییە تیۆرێک بتوانێت ئیستیعابی بکات و

بیخاتەوە پێش چاوان، تا سەرنج بدرێت و لەگەڵ تیۆری بەشەریدا بەراورد بکرێت!

## خوایەتی و عەبدێتی:

دید و تێڕوانینی ئیسلامی بۆ خوایەتی و عەبدێتی، بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ، دید و تێڕوانینێکی گشتگیر و تەواو و پێناسەیەکی حەقی واقیعبینیە[1]، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نایەوێت لە لایەنی فیکری و زیهنیدا گۆشەگیر بکەوێت و ببێتە دیراسە و لێکۆڵینەوەی ئەم ژیانبینی و جیهانبینییە تیۆرییە، بێ ئەوەی لە مەیدانی کردەوەدا خرابێتە گەڕ. لە قاڵبدانی ئیسلام وەکوو تیۆر، زۆر پێچەوانەی سروشتی دینەکە و سیفەتە سەرەتاییەکانێتی، پێچەوانەی مەبەست و هیوا و ئامانجێتی، چونکە ئیسلام دەبێت لە کۆمەڵە مرۆڤێکدا دەرکەوێت کە خۆی پەروەردە و ئاراستەی کردوون و خۆی چاودێری و ئاودێریی گەشە و نەشونمایانی کردووە، کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵکاریی ئوممەتیدا وزەیان بۆ بزاڤێکی ململانێی دژ بە جاهیلییەت بەگەڕ دەخات. شێوازی کارکردنی ئیسلام ئاوایە، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە دەشیانەوێت لە ئیسلام - وەک تیۆر- تێبگەن، هەر دەبێت لە دوای ئەوەوە بێت کە ئیسلامەکە لە عەقیدە و ئوممەت و بزاڤەکەیدا دەردەکەوێت. تاکەکانی ئوممەتەکە ڕۆژانە لە پاڵفتەی دەروون و داڕشتنی ڕەفتاری پەسەندا دەبن، ڕۆژانەش شایستە و شیاوتری کۆمەڵکاریی ئوممەتەکەیان دەبن، ئوممەتەکەش ڕۆژانە زیاتر و پتەوتر بە پەیوەندیی نێوان تاکەکانی (کە لەسەر برایەتیی دینی دادەمەزرێت) ڕێکخراوانەتر دادەمەزرێت. ئینجا بەشێوەیەکی مەرکەزی فەرمان دەداتە ئوممەتەکە، تا بزاڤێک بە عەقیدەکە بهێنێتەکایەوە کە توانای گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و ململانێ بێئامانەکەی دەسەڵاتی

---

(١) سەید قوتب (رحمه الله) لە کۆتایی ژیانیشییدا هەر جەختی لەمە دەکردەوە، بۆیە دەبینیت لە کۆتا کاتەکانی ژیانیدا لە زیندان کتێبی (مقومات التصور الإسلامي)ی نووسی کە (٣٧٦) لاپەڕەیە، فەسڵێکی تێدایە بە ناوی (الوهیة وعبودیة) کە زیاتر لە سەد لاپەڕەی کتێبەکە دەبێت، دوای ئەو فەسڵێکیتر بە ناوی (حقیقة الألوهیة)یە کە (١٣٢) لاپەڕەیە. هەر لەوێدا بەڵێن دەدات کە لە فەسڵەکانی داهاتوودا باس لە حەقیقەتی سێ شتیتر بکات کە: (حقیقة الكون) و (حقیقة الحیاة) و (حقیقة الإنسان)ن و خاڵە سەرەکییەکانیان بە ریزبەندیی ژمارە دەنوسێت، تا دواتر بە دوورودرێژی باسیان لێوە بکات، بەڵام بەداخەوە ئیتر ئیعدام دەکرێت و ئەو سێ فەسڵە بە نوقسانی دەمێنێتەوە. موسڵمانان زۆر داوایان لە مامۆستا محمد قوتب کرد کە ئەو سێ فەسڵە ئەو تەواویان بکات، چونکە هەم دیدوڕێیان وەکوو یەکە و هەم شێوازی نوسینیشیان لە یەکتری دەچێت، بەڵام نەینووسین، بۆ ئەوەی کتێبەکە هەر تەعبیربێت لە دید و ڕێی سەیید خۆی.

جاهیلییەتی هەبێت، بتوانێت دیدوڕێی جاهیلی و ڕەفتار و ڕەوشتی جاهیلی و کۆمەڵکاری و ئینتیمای جاهیلی و بزاوت و هەڵوێستی جاهیلی بگۆڕێت کە ئەمانە ڕەگ و ریشاڵیان بە ناخی واقیعی ژیانی کۆمەڵگەیەکدا ڕۆچووە. ئەو کاتەی ئیسلامەکە ئاوا دەبێتە بزاڤی ئوممەتێکی عەقائیدیی واقیعی، دەشێت بوترێت ئا ئەمەیە تیۆری ژیانبینی و جیهانبینیی ئیسلامی کە بە هیچ کلۆجێک لە ململانێی سەلماندنی بوونی خۆیدا -کە سەلماندن و چەسپاندنی وەحی خواییە- جودا نییە و نابێت.

گەورە نیشاندانی تیۆری و گەشە و نەشونمای تیۆری -بەبێ گەشە و نەشونمای کردەوەیی واقیعیی پێشتر کە دید و تێڕوانین و پێناسەکانی بە واقیعی تێدا نەدرەوشابێتەوە- هەڵەیەکی گەورە و دژوارییەکی کوشندەیە. ئەم نیشاندانە تیۆرییە زۆر پێچەوانەی سروشتی مەنهەجی ئیسلامە، پێچەوانەی ئامانج و پێکهاتەی ئوممەتەکەیەتی، پێچەوانەی بزاڤە واقیعییەکەیەتی کە بۆ ململانێی جاهیلییەت دەیهێنێتە کایەوە. بۆیە خوای پەروەردگار ئەوە دەخاتە پێشچاو شوێنکەوتووانی قورئان و دەفەرمووێت: ﴿وَقُرۡءَانٗا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡثٖ وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيلٗا ١٠٦﴾ الإسراء: ١٠٦، واتا: «قورئانێکمان بۆ ناردیت کە پۆل پۆل ئایەتەکانیمان بۆ دەناردیتە خوارەوە تا هێدی هێدی بۆ خەڵکی بخوێنیتەوە. (تا ببێتە ئاڕاستە و وەڵامی پێداویستییەکانی کات و شوێن و حاڵەتیان). هەر ئاواش ناردوومانەتە خوارەوە». پۆل پۆل ناردنی ئایەتەکان بە مەبەستە. هەروەها سەبرگرتن لەسەر وەرگرتن و تێگەیشتن و خۆ پێ سازدان و چەسپاندنی ئەو پۆلە ئایەتە زەرووری بوو، پێش ئەوەی پۆلێکی تر لە ئایەتەکان دابەزن. کەوابوو ﴿فَرَقۡنَٰهُ﴾ سروشت و ڕێسای ئاڕاستەکردنەکەیە و ﴿مُكۡثٖ﴾یش تەواوکردنی ماوەی چاودێری و ئاودێریی چەسپاندنی ئایەتەکان و پەروەردەبوونیانە پێیان، ئەمە هەردووکیان ڕوونکردنەوەی ڕێسا زەرووریەکانی ئاڕاستەکردنی عەقیدەکەیە بۆ پێکەوەنانی ئوممەتە موسڵمانەکە و خستنەکاری لە بزاڤێکی واقیعی ململانێیدا. ئەمە ئاماژەیە بە پێکهێنانی (ئوممەتێکی ڕێکخراوی زیندوو) کە ئیسلامەکە لە واقیعدا دەخاتەکار، نەک لە شێوەی (تیۆرێکی مەعریفی)دا. چونکە ژیانبینییە واقیعیەکەیە کە ئیسلامی پێ دێتە کایەوە نەک لە قاڵبدانی ئیسلام وەکوو تیۆرێکی مەعریفی.

دیندارانی ئیسلام هەموو دەبێت ئەوە بزانن و بێئاگا نەبن کە وەرگرتنی دینی خوای گەورە

ئاوایە، کارکردنیشی هەر بەپێی فەرمانی خوای گەورە و لەسەر ڕێباز و مەنهەجی ئەوە کە لەگەڵ سروشتی دینەکەدایە. خوای گەورە کە دینەکەی داڕشتووە، شێوە و چۆنیەتیی خستنەکاریشی دیاری کردووە کە دەبێت ئاوابێت. حەزەریشی داوە کە نابێ بە غەیری ئەو شێوە و چۆنیەتییە بێت، کەوابوو دینەکە و مەنهەجی کارکردنی هەر لە خواوەیە .

دیسان دەبێت ئەوەشیان لا حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستبێت کە ئەم دینە هەر وەکوو ئەوەی کە هاتووە بۆ گۆڕینی دید و تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، بە هەمان شێوە بۆ گۆڕینی واقیعی خەڵکیش هاتووە، بۆ ئەوە هاتووە تا دید و زەمینەی فیکری خەڵکەکە بگۆڕێت، تا پەیڕەو و پڕۆگرامی بزاوتی خەڵکەکە بگۆڕێت، چونکە دید و تێڕوانینی عەقائیدی لەسەر زەمینەی فیکری دادەمەزرێت، گۆڕینی واقیعە جاهیلییەکەش دەبێتە زەمینەی پیادەکردنی دەستوور و حاکمێتییەکەی خوای گەورە. ئاوا ئوممەتە عەقائیدییەکە بنیات دەنرێت و ئاواش زەمینەی فیکری و بزاوتی بۆ ساز دەبێت، تا بزاوتە واقیعییەکەی خۆیی لەسەر بخاتە گەڕ کە ململانێی جاهیلییەتی پێ دەکات .

ئیسلام مەنهەجی تایبەتی بیرکردنەوەی خۆی هەیە، ئەم مەنهەجە فیکرییەش بە هەمان ئاست و پلەی گرنگێتیی داڕشتنی عەقیدە و پێکەوەنانی ئوممەت و بەگەڕخستنی بزاڤەکە ئاست و پلەی گرنگی خۆی هەیە. ناشێت زەمینە فیکرییەکەی ئیسلام و مەنهەجی بیرکردنەوەکەی لە دید و تێڕوانینە عەقائیدییەکەی و پێکەوەنانی ئوممەتەکەی و بزاوت و هەڵوێستی بزاڤەکەی جیا بکرێتەوە، هیچیان بە تەنها نین. هەموویان چەپکەنەیەکن و پێکەوە بەستراون.

ئەگەر ئەمەمان زانی کە زەمینەی فیکری ئیسلامی ئاوا سەربەخۆیە و مەنهەجی بیرکردنەوەی ئیسلامی تایبەتە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕەسەنێتی ئیسلامەکە لەم زەمینە فیکرییە و لەم مەنهەجەی بیرکردنەوەدایە، لە مەنهەجە گشتیەکەی ژیانبینی و جیهانبینیی ئیسلام خۆیەوە هاتووە. بەگەڕخستنی ئیسلامەکە بەو شێوەیە بەرنامەی قۆناغێکی کارکردن نەبووە و کۆتایی پێهاتبێت، ناچارێتی نەبووە کە سەختیی بارودۆخی یەکەمی بانگەوازەکە فەرزی کردبێت، یان ئەو حاڵات و زروفەی یەکەم کە ئوممەتە موسڵمانەکەی یاوەرانی تێدا

دروستبوو. نا، هیچ یەکێک لەمانە هۆکاری ئەو زەمینە فیکرییە نین. هیچ یەکێک لەمانە مـایەی داڕشتنی ئەو شێوە و چۆنیەتی بیرکـردنەوە ئیسـلامییە نـین. نـا، بە هـیچ شـێوەیەک. چـۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئیسلامی و زەمیـنە فیکـرییەکەی هەر لە ئیسـلامەکەوە هـاتوون و ڕەسـەنن، ئەمە وەکوو بناغەن کە بونیـادی دینەکەیـان (بە عەقیـدە و عیبـادەت و شـەریعەتەوە، بە مەنـهەج و ئـوممەت و بـزاڤەکەوە) لەسـەر دادەمەرزێـت. جـا هەروەک چـۆن ئەو پێکهاتـانە (عەقیـدە و عیبادەت و شەریعەت، هەروەها مەنهەج و ئوممەت و بزاڤ) بێ یەکتری نایەنە دی، ئەمـانەش بەبێ زەمیـنە فیکـرییەکە نـایەنە دی. ئیسـلام هەر ئەوەنـدەی نەدەویسـت کە دیـد و تێڕوانینـی عەقائیدیی خەڵکەکە بگۆڕێت، بەڵکوو دەیویست زەمینە فیکرییەکەشیان بگۆڕێـت کە شـێوە و چـۆنیەتیی بیرکـردنەوەیە. ئەم زەمیـنە فیکـرییەیە وا دەکـات عەقیـدە و واقیعەکەیـان ڕاسـت بخوێنینەوە، بۆیە ئەم زەمینە فیکرییەی ئیسلام وەکوو زەمینەی فیکریی هـیچ بیروبـاوەڕێکی تـر نییە. زەمینەی فیکریی غەیری ئیسـلام بەش بەشـی تـاک و تەرایە و پەیوەنـدیی بە (عەقیـدە و عیبادەت و شەریعەت) پێکەوە نییە، یان پەیوەندیی بە (مەنهەج و ئـوممەت و بـزاوت) پـێکەوە نییە. لەوانەیە پەیوەنـدییەکی بە یەکێـک یـان بە دوو لەم موفرەداتـانەوە هەبێـت، بەڵام وەکـوو ئیسلام نییە پەیوەندیی ئەندامێتیی بەم شەش پێکهاتە دینییەوە هەبێت. زەمینەی فیکریـی دیـد و تێڕوانینـی بەشـەری کەموکـورت و لاوازە، مـومکین نیـیە هەر بەراورد بکـرێن، بـا چەنـد لایەنێکیشیان لە چەند لایەنی فیکری ئیسلامیش بچن.

ئێمە ناتوانین بگەینە ئەو دید و تێڕوانینە خواویستییە و ئەو ژیانە واقیعییە خواویسـتییە، بە غەیری ڕێگا و مەنهەجی فیکری خواویستی. ئەو مەنهەجـە فیکرییەی کە خوای گەورە ویستی وابووە بیکاتە ڕوانگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و زەمینەی دید و تێڕوانینی تا بەشـێوەیەکی ڕاسـت لە عەقیدەکە بگەن و بە شێوەیەکی دروست ئوممەتی پێ پێکەوە بنێن و بزاڤی کۆمەڵکارانەی بۆ ململانێی جاهیلییەتی پێ بهێننەدی.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئیسلام بکەینە تیۆرێـک تـا دیراسـەی بکەیـن، ئیسـلام لە مەنـهەجە ڕەسەنەکەی خـۆی دەردەهێنـین. مەنـهەجە خواویسـتییەکەی پێکهێنـانی ئـوممەت و گەشـە و نەشـونما؛ جـگە لەوەی ئیسـلامەکە لە زەمینـەی فیکـرییەکەی خـۆی و شـێوە و چـۆنیەتیی

بیرکردنەوەکەی خۆی دەردەهێنین! ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئیسلامان خستە قالّبی تیۆرییە بەشەرییەکانەوە، خستانە ناو چوارچێوەی چۆنیەتیی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، وەکوو ئەوەی مەنهەجەکەی خوای تاک و پاک کەموکورت و ئاست نزم بێت و ئێمە بمانەوێت بیخەینە قالّبی تیۆری (کامڵ)ی بەشەرەوە! وەکوو ئەوەی بخوازین مەنهەجی خوایی لە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆیەوە بۆ ئاستی تیۆرییە بەشەرییەکان بەرز بکەینەوە! ئەم ڕەفتارە هەڵەیە، زۆر دژوارە. ئەوە بەزینە، شکستخواردن و ورەبەردانێکی کوشندەیە. ئەرکی مەنهەجی خوایی ئەوەیە بەرنامەی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست بداتە ئێمەی بانگخوازانی ئیسلام، تا خواویستانە بیر بکەینەوە. تا خڵتە و خاشاکی جاهیلییەت لە دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتمان بتەکێنین، تا چەقبەستوویی و ژەنگوژاری فیکری لە هزر و هۆشمان دەرکەین کە مەنهەجەکانی جاهیلییەت لەسەر دید و زیهنمانی دروست کردووە. زەمینە فیکرییە ئیسلامییەکە دەیەوێت لەو بیرکردنەوەی جاهیلییانە قوتارمان بکات کە لە سەردەمی جاهیلییەتماندا لەسەری پەروەردە بووبووین و، ئێستاش لە هەموو جیهاندا تین و تەوژمی کاریگەریی لەسەر نەوەکانی مرۆڤایەتییە. ئەگەر ئێمە لە جیاتی ئەوەی مەنهەجە خواویستییەکە وەرگرین و دید و ڕێ و بزاوتمانی پێ بگۆڕین، هاتین و ئەومان گۆڕی، ئەومان خستە قالّبی دید و ڕێ و بزاوتی جاهیلییەوە، لەبەرئەوەی مەنهەجی جاهیلییەت باڵادەستە. بەم کارە بەزیوانەیە، بەم کارە نامۆ و ڕەفتارە پەڕیدەیە، ئەرکی مەنهەجە ئیسلامییەکە ئیلغا دەکەینەوە، چونکە نەک هەر لێی نەگەڕاین، گۆڕیشمان! بەمەش خۆمان لە هەلی خۆقوتارکردن لە جاهیلییەت لەدەست دەدەین، ئەو جاهیلییەتە باڵادەستەی سەردەم، کە بە دید و تێڕوانین و پێناسەی خۆی و بە ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتی جاهیلیی خۆی و بە بزاوت و هەڵوێست و دەستوور و سیستمی کوفری خۆی ئاڕاستەمان دەکات! ئەم لە قالّبدانەی ئیسلام و کەنارخستنی مەنهەجی بیرکردنەوە و زەمینە فیکرییەکەی خۆمەحروومکردنی دەست ئەنقەستمانە لە هەلی پاڵفتەکردنی دڵ و دەروون و سافکردنەوەی هزر و هۆش و ئازادکردنی ویژدان و هەست و ئینتیمامان، هەروەکوو کە لەدەستدانی ئەنقەستانەی هەلی پێکەوەنانی ئوممەتە خواویستییەکە و بزاڤە واقیعییەکەیەتی کە ورە و وزەی دەخستە گەڕ و دەیخستینە ململانێی جاهیلی و حەتمێتیی سەرکەوتنمان. ئەم گۆڕان و گۆڕینەی مەنهەجە فیکرییەکەی ئیسلام دژوار و کوشندەیە .

مەنهەجی بیرکردنەوە و بزاوت (الفكر والممارسة)، یان (النظرية والتطبيق) لە ئیسلامدا زۆر گرنـگ و کـاریگەر و زەروریـیە، لە مەنهەجـی دیـد و تێـڕوانینە عەقائیـدییەکە و بـزاوتە واقیعیـیەکە و حـاکمێتییەکەی کەمـتر نیـیە، لەوانـیش جیـا نـاکرێتەوە. ئەمـانە هەمـووی (مەنزومە)یەکی گشتگیر و تەواوکەری یەکـترن[1] . نابێـت وا بیـر بکەیـنەوە کە بە غەیـری ئەم مەنزومە ئیسلامییە، یان بەبێ هەندێک پێکهاتەی، دەتوانین (ئیسلام) لە کۆمەڵگە و دەوڵەتێکـی واقیعیدا بخەینە بەرچاو. ئەمە نامومکینە و مەحاڵە. ئاگاداربوون و هۆشداری و بە حەزەربوون لە گۆڕینی مەنهەجی بیرکردنەوەی ئیسلامی بەو شێوە دژوار و هەڵە و کوشندەیە، دەبێـت ببێـتە ئەرکی داعیيانی ئیسلام. ئەندامانی بزاوتی واقیعیی ئیسلام دەبێـت ئەوەیـان بەردەوام لەبەرچـاو بێت و ڕوونیشی بکەنەوە کە نە ئیسلام دەخرێتە قاڵبی تیۆری بەشەرییەوە و، نە دەشگونجێت لە غەیری ڕوانگە و زەمیـنەی فیکریـی خۆشـییەوە پێناسـە بکرێـت. چـونکە مەنهەجـی نوقسـان کـۆمەڵگە و دەوڵەتـی ئیسـلامی نـاهێنێتە کـایەوە. ئـێمە هەرچەنـد وەسـف و وێنـای ئیسـلام و کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکەی بکەین هەر ناتوانین دیمەنێکـی تەواو و ڕاسـت و دروسـت بخەیـنە ڕوو، چونکە دیمەنـی تەواو و ڕاسـت و دروسـت لە دوای پێکهێنـانی ئـوممەت و کـۆمەڵگە و دەسـەڵاتەکەیە، دوای پەروەردەبـوونی تـاک و بزاوتـی ئـوممەت و پێکەوەنـانی کـۆمەڵگە و چەسپاندنی شەریعەتەکەیە، کێ دەتوانێت ئێستا دیمەنێکـی ڕاسـتی ئەو داهـاتووە بخـاتە ڕوو؟ کەس. هەرکەسێک باسـی لێـوە بکـات، بـاس لە جیهـانێکی خەیـاڵی دەکـات کە داهـاتووە و واقیعێک نییە بیسەلمێنێت.

پێشچاوخستنی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئیسلام وەکـوو تیۆریـک (ئەگەر کـامڵیش نیشان بدرێت) سوودمەند نابێـت، مەگەر ئەوەنـدە سـوودی هەبێـت کە لای ئەو کەسـانەی بە عەقیدەکە لە بزاوتە مملانێکەدان، بزانن گەیشتوونەتە کوێ و پێویستیان بە چـی مـاوە. ئەوەش ئەوەندە گرنگ و کاریگەر نییە خەڵکانێک دانیشن و ئیسلامی بۆ بنووسنەوە.

(١) واتە فیکر و عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت، هەروەها مەنهەجی بانگەواز و پەروەردەکردنی ئـوممەتێکی موسـڵمان لەسـەریان و بزاوتی گۆڕانکاری و کەوتنە نێو ململانێ و جەنگی جاهیلییەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تا سەرئەنجام حـاکمێتیی خـوای گەورە دەچەسپێت.

جارێکی تریش دەڵێین: دەبێت دید و تێڕوانینی عەقائیدیی ئیسلام دەسبەجێ لە ئوممەتێکی بزواودا دەربکەوێت، دەبێت لە هەمان کاتدا ئوممەتە بزواوەکە دیـمەن و نـوێنەر و نیشـاندەری سەرڕاسـتانەی عەقیـدەکە بـن، بە شـێوەیەکی ڕاسـتگۆیانە و چـاک بیسـەلمێنن کە لەسـەر ئەو عەقیدەیە گۆشکراون و لەسەر ئەو عەقیدەیە کۆبوونەتەوە و بەو عەقیدەیە و بـۆ ئەو عەقیـدەیە دوژمنایەتیی جاهیلییەت دەکەن.

جارێکی تریش دووبارەی دەکەینەوە: ئا ئەمەیە مەنهەجی سروشتیانەی ئیسلامە خواییەکە، ئەمە مەنهەجێکە زۆر چاکتر و بەهێزتر و باڵاتر و کـاریگەرترە و هـاودەنگترە لەگەڵ سروشـتی مرۆڤایەتیدا، وەک لە داڕشتنی تیۆرێکی کامڵ و سەربەخۆ و پێشکەشکردنی وەکوو ماددەیەکی ساردوسڕ بۆ خەڵکێکی دانیشتوو کە نەکەوتوونەتە سەر بزاوتێکی کۆمەڵکـاریی ئوممەتییـانە لە ململانێی جاهیلییەتدا کە پێشتر خۆیان نەبوونەتە نموونەی واقیعیی ئەو موسڵمانە کە دەخـوازن خەڵکەکەش وای لێ بێت. چۆن پێش ئەوەی تاک و کۆی ئـوممەتێکی عەقائیـدی هەنگـاو بە هەنگاوی پێ پەروەردە نەبووبێت و بزاڤێکی ململانێی لەگەڵ جاهیلییەتدا پێـنە کردبێـت؛ چـۆن دەتوانێـت هەروا بە دانیشـتانەوە و لەبەر سـێبەر! ببێـتە نـوێنەر و چەسـپێنەری ئەم مەنـهەجە خواییە؟! ئەگەر ئەم تیۆرداڕشتنە بۆ ئەسڵی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێسـتی ئـوممەتەکە شـیاو نەبێت، چۆن دەوترێت دەستوور و سیسـتمی حـوکمکردنی ئیسـلامی ئـاوایە! واتە لە قـاڵبێکی تیۆریدا؟! ئەمە نامومکینە، چـونکە بـاس لە دەسـتوور و سیسـتمێک دەکرێـت کە واقـیعەکەی نەهاتووە و ئەگەری هاتنی -دوای سەرکەوتنی خوایی بۆ ئوممەت و بزاڤە عەقائیدییەکە- هەیە! چـۆن دەکرێـت بوترێـت ئەمە تەفسـیلاتی ئەحکـامی ئەو زەمـانەیە کە ئیسـلام و ئـوممەت و بزاوتەکەی دەگەنە دەسەڵات و حوکم و ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەی پێ دەکەن؟!

ئەم جـاهیلییەتەی لە دەوروبەرمـانە، زۆرجـار ئەعسـابی هەنـدێک لە داعیـە دڵسـۆزەکان ماندوو دەکات و وایان لێ دەکات پەلە لە هەنگاو و قۆناغکاری کۆمەڵکارییە ئوممەتەکە بکەن، تا (دەستووری حوکمـ)ـی داهاتوویـان بـخەنە ڕوو! جـاری وا هەیە بـۆئەوەی (ئیحراجـ)ـیان بکات لێیان دەپرسێت: "سیستمی حوکمڕانیتان چـۆن دەبێـت و تەفسـیلاتی یاسـاییەکەی چـۆن دەبێت؟ ئایا چیتان (لە دەزگا و پسپۆڕ) ئامادە کردووە بۆ چـۆنیەتی چەسـپاندنی؟ پڕۆژەتـان بـۆ

بوارەکانی حوکم چییە؟". حەقیقەتی ئەم پرسیارانەش بۆ ئەوە نییە زانیارییان دەربارەی ئەوانە دەست بکەوێت بەقەدەر ئەوەندەی کە پرسیارە بۆ سەغڵەتکردن، بۆ پەلەکردن لە هەنگاو هەڵهێنانەوەیان، بۆ زوو بڕینی قۆناغی داڕشتنی عەقیدە و کۆتایی پێهێنانێتی، تا مەنهەجە خواویستییەکەیان پێبگۆڕن کە تیۆرییەکەی لە ئەنجامی بزاوتی عەقائیدیی ئوممەتە کۆمەڵکارەکەیدا دادەڕێژرێت، نەک پێشتر. لەو داڕشتنە واقیعییەشدایە کە دەستوور و ئەحکام و شێواز و چۆنیەتیی حاکمێتییەکە دیاری دەکرێت کە مومارەسە دەکرێت، چونکە ئەوکاتە یاسا بەپێی پێداویستیی واقیعیی کات و شوێنی کۆمەڵگەکە دادەڕێژرێت کە ئەحکامی شەرعە و پڕاوپڕ واقیعەکە دەگرێتەوە .

ئەرکی سەرەکیی داعیییە ئیسلامییەکان ئەوەیە لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی عەقائیدیی خۆیان بەردەوام بن و بەدەم ئەو موناوەرە و خەریککردنە لاوەکییەی جاهیلییەتەوە نەچن و خۆی پێوە خەریک نەکەن. پێویستە لەسەریان زۆر بە جیددی و بنبڕانە هەوڵی گۆڕین و تێکەڵاوکردنی دیدوڕێی مەنهەجی تر بە مەنهەجی عەقیدە و ئوممەت و بزاوتەکەیان خۆیان ڕاوەستێنن و ڕەفزی بکەن، ئەرکی سەرشانیانە کە چاویان لەو کەسانە نەترسێت کە باوەڕیان نەهێناوە و ناخوازن بێنەسەر ڕێ: ﴿فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ وَلَا يَسۡتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ٦٠﴾ الروم: ٦٠، واتا: «ئارام بگرە، خۆڕاگرە. بەڵێنی خوای گەورە ڕاستە، ئەو کەسانەی باوەڕ ناهێنن با چاوت نەترسێنن، ورەت نەڕوخێنن، دەروونت نەبەزێنن». ئەرکی داعیی موسڵمانە ئەو موناوەرانەی جاهیلییەت فەزح بکات و خۆشی لەوە باڵاتر بگرێت بکەوێتە ژێر کاریگەرییان. ئەوەش خاڵی هێزە.

مەنهەجی ئیسلام واتە (حەقیقەت)، بۆیە مەنهەجی غەریبە و نامۆ ئیسلام ناهێنێتە پێش. مەنهەجە ڕۆژئاواییە غەریبەکان بۆ ئەوە داڕێژراون سیستمی خۆیان بهێننە دی، نەک ئیسلام، بۆیە هەڵەیەکی دژوار و کوشندەیە وابزانرێت هەر بەو مەنهەجە ڕۆژئاواییە ئیسلامەکەمان دێتەوە سەر حوکم!

پابەندبوون بە پەیڕەو و پرۆگرامی ئیسلامەوە، لە داڕشتنی دید و ڕێ و گرتنەبەری بزاوت و

هەڵوێست و پێکەوەنـانی ئـوممەتە عەقائیـدییەکە و بزاوتـی ململانێـی، وەکـوو پابەنـدبوونە بە عەقیدەکەوە، هەردووکیان بەقەدەر یەکـتری زەرووریـن، پابەنـدبوون بە دەسـتوور و سیسـتمی حاکمێتیشەوە وەکوو هەردووکیان گرنگ و زەروورییـە، ئەمە هەر لە بزاڤـی یەکەمـی ئیسـلامدا زەرووری نەبوو، وەکوو هەندێک کەس وادەزانن، بەڵکـوو حەقیقەتـێکە و هەمـوو ئـوممەت و بزاوتێکی ئیسلامی پێویستێتی.

## بڕگەی شەشەم:

## دیاریکردنی سنووری کوفر و ناساندنی ڕێبازی کافران

مەنهەجی قورئان لە ناساندنی حەقدا (تەوحید و ئیمان و ئیسلام) هەر لەوەندەدا ناوەستێت کە حەق ڕوون بکاتەوە تا ڕێبازی موسڵمانان بناسێنێت، بەڵکوو بایەخ بە ناساندنی (باتڵ)یش دەدات و ڕوونی دەکاتەوە، تا ڕێبازی گومڕا تاوانبارەکانیش بناسێنێت.[١] ناساندن و ڕوونکردنەوەی ڕێبازی تاوانباران بۆ ناسینی دید و ڕێی ئیمانداران زەروورییە، چونکە وەکوو کێشانی هێڵی سنووری نێوان دوو ڕێگا و دوو ناوچە و دوو شتی جیاوازە: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ۝٥٥﴾ الأنعام: ٥٥، واتا: «ئاوا بە تەفسیل نیشانە و بەڵگەکانمان ڕوون دەکەینەوە تا ڕێبازی تاوانباران دەرکەوێت». ئەم مەنهەجە قورئانییە دەرخستنی ئەم هاوکێشەیە، چونکە خوای گەورە دەزانێت کە دڵنیایی عەقائیدیی حەقناسین و خێرخوازی و چاکسازی ناسینی دژەکانیشی دەخوازێت، بۆیە خوای گەورە شەڕخوازی و خراپەکاری و باتڵ دەناسێنێت، تا ئەوە دیار بێت کە ئەوە باتڵە و شەڕخوازیی تەواوە و خێری تێدا نییە، ئەمیشیان حەقە و خێرخوازییە و شەڕخوازیی تێدا نییە. وزە و وەرەی حەقخوازان هەر لەووەوە نایات کە لەسەر حەقن و خێرخوازن، بەڵکوو لەوەشەوە دێت کە بەرانبەرەکەی لەسەر باتڵە و شەڕخوازە و ڕێبازی تاوانبارانی گرتۆتەبەر کە بەرانبەر ڕێبازی ئەمە کە ڕێبازی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێت) و ئەوانە ئەو دوژمنانەی وەحی و پێغەمبەرانن کە خوای گەورە باسی لێ کردوون: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا مِّنَ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ الفرقان: ٣١، واتا: «ئاوا بۆ هەر

---

(١) (لا إله إلا الله) کە خۆی لەسەر ئەم نکۆڵیکردن و سەلماندنە وەستاوە. ناساندنی خوا قەستینەکانە کە لە شایەتماندا نەفیکردنی (آلهة، أنداد، أرباب، طواغيت)ە. پاشان سەلماندنی هەموو سیفەتێکی پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتییە بۆ خوای گەورە. (لا إله) ناسانی کوفر و کافران و دید و ڕێیانە و (إلا الله) سەلماندنی تەوحید و ناساندنی ڕێی پێغەمبەران و پیاوچاکان و شاهیدان و ئیماندارانیترە. ئەمە لە زۆر شوێنی قورئاندا هەیە. عەرەبیش لە کۆنەوە وتوویانە: (وبأضدادها تعرف الأشياء)، هەموو شتێک بە دژەکەیدا دەناسرێت. ئەمە شتێک نییە (کارل مارکس) دۆزیبێتیەوە، زۆر کۆنە و بەشێکیشە لە وجوود، هەبوونی ئیبلیس و ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ مرۆڤ دەستپێکە.

پێغەمبەرێک دوژمنێکمان لە تاوانباران دیاری کردووە». ئەمەش بۆ ئەوەیە تا لە ناخی ئەو پێغەمبەرانە و شوێنکەوتووانیاندا بچەسپێت کە ئەو کەسانەی بەرانبەریان وەستاونەتەوە و دوژمنایەتییان دەکەن، ئەو تاوانبارانەن کە خوای گەورە بە دوژمن ناساندوونی. ئەمە گرنگە، چونکە متمانەی زیاتر بە ڕاست و دروستیی ڕێبازی خۆی بۆ دروست دەبێت و لە هەڵوێست وەرگرتنیدا ڕاڕا و دوودڵ نابێت.

کەشفکردن و ناساندنی کوفر و خراپەکاری و تاوان بۆ ڕۆشنناساندنی باوەڕ و خێرخوازی و چاکسازی زەرووریە. ناساندن و زانینی ڕێبازی تاوانباران یەکێکە لە مەبەستەکانی خوای گەورە کە بە تەفسیل باسی لێوە فەرمووە، بۆئەوەی بە تەواوی لەبەرچاوان ڕوون و ئاشکرا بێت. شیرک و تەوحید، ئەمان و کوفر، ئیسلام و جاهیلییەت دوو ڕێبازی جیاواز و تەریبی دژ بەیەکن. زەروورییە سیما و نیشانە و مەشخەڵ و ڕەنگ و پۆ و دروشم و ئالای هەر یەکە لەم دوو بەرەیەی شیرک و تەوحید، ئەمان و کوفر، ئیسلام و جاهیلییەت ڕۆشنانە لێک جودا بن. لەم ڕوانگەوەیە کە دەبێت بزاڤی ئیسلامی -لە هەر کات و شوێن و نەوەیەکدا بێت- ڕێبازی موسڵمان و ڕێبازی تاوانباران دیاری بکات و بزاوت و هەڵوێستی هەردوولا بناسێنێت، سەرەتا پێناسەی ڕێبازی موسڵمانان چییە و چۆنە و چ هەڵوێستێک دەخوازێت، هەروەها ڕێبازی تاوانباران چییە و چۆنە و چ هەڵوێستێکی ڕاست و دروستی بەرانبەر دەخوازێت. زەرووریشە نیشانەکانی ناسینەوە و هەڵاوێردن وردەکارانە لێک جودابینەوە، نەک لە جیهانی خەیاڵپڵاو و تیۆریدا. تا هەردوو ڕێبازەکە بە بەرنامە و بزاوت و هەڵوێستیانەوە بناسرێن و بزانرێت کامەیە ڕێبازی موسڵمانان و بەرنامە و دروشم و ئاڵاو هەڵوێستیان چییە و چۆنەو ڕێبازی تاوانباران و بەرنامە و دروشم و ئاڵا و هەڵوێستی ئەوانە چۆنە؟! نابێت و ناکرێت ڕێبازەکان تێکەڵ بین، نابێت ناو و ناونیشانیان لێک بچێت، نابێت بە تێکەڵ و پێکەڵی بمێنن، تا خەڵکەکە سەریان لێنەشێوێت و ڕێباز و بەرنامە و بزاوتەکان بناسنەوە. ئەم دیاریکردنەی ڕێباز، ئەم تەفسیلاتی ناساندنی ڕێباز و بەرە و بزاوتەی موشریکان و تاوانباران هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنی ئیسلامەوە خرایە بەردەست ئەهلی ئیسلام. هەر کەسێک کە موسڵمان دەبوو، یەکسەر دەکەوتە سەر ڕێبازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەمان

هەڵوێستی جەنابی بەرانبەر موشریکان و ڕێبازیان وەردەگرت، هەر وەکوو کە پێش موسڵمانبوونی ڕێباز و بزاوت و هەڵوێستی تاوانبارانی وەرگرتبوو. هەر لە سەرەتاوە حەق و باتڵ ناسرا و ڕێبازی موسڵمانان و ڕێبازی تاوانباران جودا بووەوە، بزاوت و هەڵوێستی وەحیخوازان سەربەخۆیانە گیرایەبەر و بزاوت و هەڵوێستی تاوانبارانیش لەسەر چەقبەستوویی خۆی بەردەوام بوو .هەر لەو ڕۆژانەی یەکەمەوە قورئانی پیرۆز تەفسیلاتی ڕێباز و بەرە و بزاوتی کافرەکانی ڕوون کردەوە.

لە هەر کات و شوێنێکدا کە ئیسلام ڕووبەڕووی شیرک و بێدینی و کوفر دەبۆوە کە بەرانبەر دینە مونحەریفەکان و دید و تێڕوانینە عەقائیدییە شیرکییەکان دەبووەوە، لەوانەی ئەسڵیان ئاسمانی بوو، یان ئەوانەی دینی داتاشراوی جاهیلییەت بوون، لە هەموو نەوەیەکدا ئیسلام دید و ڕێ و بەرە و بزاوتی خۆی زۆر ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو دەخستە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا دید و ڕێ و ڕێباز و بەرە و بزاوتی کافر و موشریک و جاهیلییە تاوانبارەکانیشی ڕوون دەکردەوە. تا کەس لە هەردوولا سەرنەزانانە و چەواشەکراوانە نەکەوێتە سەر ڕێبازەکەی. ئەمە لەو سەردەمەدا ئاسان و ڕۆشن بوو، بەڵام ئێستا بووەتە کێشەیەکی ئاڵۆز و پشێو و دژوار، ئەوەی ئێستا کۆمەڵ و بزاوتە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەو خەڵکە جاهیلییەیە کە لە بنەماڵەی موسڵمانانن و ناوی موسڵمانیان لێنراوە و دانیشتووی وڵاتانێکن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان (دارولئیسلام) بوون و دینی خوای گەورە ئاڕاستەی کردوون و شەرعی خوا سەروەرێتیی باڵای بەدەستەوەبووە، بەڵام ماوە دوای ماوە ئەم خەڵکە ڕوویان لە ئیسلام وەرگێڕاوە و لە حوکمی شەرع لایانداوە و ئیسلامەکەیان لە واقیعدا خستووەتە کەنارەوە، بەڵام هەر خۆیان بە موسڵمان و ژیانیان هەر بە ئیسلامی ناساندووە و دەناسێنن، نازانن کە کەوتوونەتە جاهیلییەتەوە! ئینجا هەر لەم خەڵکەی جاهیلییەتییە نوێیە کە چەندەها کەسایەتی و کۆمەڵ و دەزگا دروست بووە کە نکۆڵی لە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام دەکات و ئاشکرا لە دید و تێڕوانین و مومارەسەی واقیعییاندا عەقیدە ئیسلامییەکەیان ئیلغا کردووەتەوە، پێش ئەویش شەریعەتی خوایان خستە کەنارەوە، کەچی خۆیان هەر بە موسڵمان دەزانن و ژیان و ڕەفتاری خۆیان هەر بە ئیسلامییانە دەناسێنن! ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمانە لە لایەن داعییانی ئیسلامەوە

ئـاڵۆزتر و پشـێوتر و سـەختترە. ئەمـانە کە خۆیـان بە موسـڵمان دادەنـێن، لە واقیعـدا لە جاهیلییەتدان. خۆ ئیسلام لاف و گەزاف لێدان و قسە و پاڵانتەی سەر زمـان نیـیە. ئیسـلام کە لەسەر شایەتمانەکە (لا إله إلا الله محـمد رسول الله) دامەزراوە دید و تێڕوانین و پێناسەیەکی حەقیقەتی گەردوون و ژیان و مرۆڤە و ڕۆڵی عەبدێتیی مەخلووق بۆ (خـالقی مەعبـوود) ڕوون دەکاتەوە. کە دەبێت شایەتمانهێن باوەڕ و قەناعەتی -تا کۆتا ئاستی دڵنیـابوون- بچەسـپێت، کە خوای گەورە کردگار و خاوەن و هەڵسوڕێنەری کاروبـاری هەر هەمـوو مەخلووقـاتە **(ئەوەش پەروەردگارێتییە)**. هەروەها باوەڕ و قەناعەت -تا کۆتا ئاستی دڵنیابوون بچەسـپێت- کە خـوای کردگـار و بێـوێنە، لە سـیفەتی شـایانێتی پەرسـتندا تەنهـایە، دەبێـت هەمـوو مەخلـووق ئەو بپەرستن و بەس. ناشێت لە هیچ جۆرێکی پەرستندا (بەدڵ یان بەزمان یان بە کردار) هـاوبەش بۆ خوا دابنێن. دەبێت هەموو چالاکیی ژیـان بەپێـی شـەریعەتی ئەو بێـت و لەبەر خـاتری ئەو بکرێت، تا ببێتە (عیبادەت)، ئەمەش **(خوایەتیی خـوای گەورەیە)** کە کەس مـافی تێـدا نیـیە. هەروەها باوەڕ و قەناعەتکردن تا کۆتا ئاستی دڵنیایی بەوە کە مرۆڤایەتیی نابێت ڕێباز و بەرنامە و ئاڕاستەی ژیانی تاک و کۆی خۆی لە غەیری خوای گەورەوە وەربگرێت، بەڵکوو دەبێت بـۆ ڕێکخستنی کاروباری تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەسـەڵاتدارییان لە حـاکمێتیی خـوای گەورەوە وەربگرن کە بوارەکانی یاسـادانان و حـوکمڕانی و داوەریکـردنە، ئەمەش **(حـاکمێتیی خـوای گەورەیە)** و جۆرێکی تەوحیدەکەیە. هەر کەسێک بەم دید و باوەڕ و ئیعتیرافکردنەوە شایەتمان نەهێنێت، داخڵی ئیسلامەکە نابێت، ناوی هەرچییەک بێت و لە هەر کەسێک و لەهەر کوێیەک لەدایك بووبێـت. چـونکە موسـڵمانێتی بڕیـاردان و وەرگـرتن و چەسـپاندنی ئەو تەوحیـدەیە بە هەرسێ پێکهاتەی «**پەروەردگارێتی، خوایەتی، حاکمێتی**»یەوە. هەر نـاوچەیەکیش ئەم دیـنەی بەو دید و ڕێ عەقائیدییە تێدا نەچەسپابێت بە «دارولئیسلام» هەژمـار ناکرێـت. ئەو کەسـانەی شایەتمانیان بەو مانایانە نەهێناوە، بەڵکوو لەبەر ئەوە هێناویانە کە بـاب و باپیرانیـان موسـڵمان بوون، موسڵمان نین. هەروەها ئەو ناوچانەی کە ئەحکامی ئەم دینە حوکم و ئاڕاستەیان ناکات، ئیسلامی نین، با زەمانێکیش بووبێت کە پارچەیەک بـووبن لە وڵاتـی ئیسـلام. ڕوونکـردنەوەی ئەمە و ئاشکراکردنی ڕێبازی شیرک و کـوفر و ناسـاندنی جـاهیلییەتی تاوانبـاران قورسـترین هەڵوێستە کە داعییانی ئیسلامی سەردەم ڕووبەڕووی دەبنەوە. ناڕەحەتترین شت لایان ناساندنی

ئەم خەڵـكەیە كە داخڵـی ئیسـلام نەبـوون و هەر خۆیـان بە موسـڵمان دەزانـن. وڵاتەكەیـان دارولكـوفرە كەچـی هەر بە دارولئیسـلامی دەزانـن! ئەوە سـەرەنجامی نەناسـینەوەی ڕێبـازی پێغەمبەران و ڕێبازی تاوانبارانە. ئەوەی ئەم تێكەڵكارییەی دروست كردووە، ئەو دیدلێڵی و ڕێ وێڵییەیە كە سەرەنجامی نەزانین و شارەزانەبوون لە دینەكە دروسـت بـووە. ڕوونـەبـوونی ئەم حەقیقەتەی دید و ڕێ كە دەبێـت ڕێبـازی تاوانبـارانیش وەكـوو ڕێبـازی ئیمانـداران ڕۆشـن و ئاشكرا و دیار بێت؛ ئەو حاڵەتە ناقۆڵایەی دروست كردووە. چونكە خەڵكی ئێستا (لا إله إلا الله محـمد رسول الله) بەو دید و ڕوانگە عەقائیدییە گشتگیرە نابینن و بڕیـاری لەسـەر نـادەن كە واتاكەی دەیگـرێتەوە .(ئەوان پێیـان وایە هەر كەسـێک بە دەم شـایەتمانی هێنـا، یـان هەر ئەوەندەی خۆی بڵێ موسڵمانم، ئیتر موسڵمانە و ماف و ئەرک و دەسەڵاتی موسڵمانێتیی مسۆگەر دەبێت، بەڵام ئەمە وا نییە). ناشێت موسڵمان نەزانێت واتای شایەتمان چییە و چی دەگـرێتەوە؟ ناشبێت نەزانێت كە نەفیكردنی كوفر چییە و چی دەگرێتەوە؟ ناشێت نەزانێـت ئایـا وەرگرتنـی ڕێبـازی پێغەمـبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) چ ئەرک و مـافێكی لەسـەر دادەنێـت و نەزانینـی ڕێبـازی تاوانباران چەند مەترسی دێنێتە ڕێی؟! ناڕەحەتترین هەڵوێستی بزاوتە ئیسلامییەكان لە ناساندنی ڕێگای موسڵمانە پیاوچاكەكان و ڕێگای مـوشریكە تاوانبارەكانـدایە، چـونكە سـیما و مـۆرک و سیفەتەكانی هەردوولا ئاڵۆز بووە و، زۆر تێكەڵ یەكتری بوون. دروشم و ئاڵاكان جودا نەماون، ڕێباز و بەرە و بزاوتەكان تێكئاڵاون، بەمەش خەڵكی تووشی ئەو سەرگەردانی و گومڕاییە بـووە كە نە بەڕاستی ڕێگای پێغەمبەرانییان (سەلامی خوایان لێ بێت) ناسیوە تا بیگرنەبەر و شـوێنی بكەون، نە ڕێگای جاهیلییەتییان ناسیوە تا خۆیانی لێ بەدوور بگرن .

دوژمنانی ئیسـلام و دوژمنـانی بـزاوتە ئیسـلامییەكان ئەم دەلاقەیـان كەشـف كـردووە، ئەم كەلێنەیان دۆزیوەتەوە، بۆیە بەردەوام -بە لێكۆڵینەوە و قاڵ و قووڵبوونەوە تێیـدا، بە بۆچـوون و بەرفراوانكردن و ئاسانكاری تێیدا- خەریكـی بەرفراوانكـردنین، ئـاوا هەتـا ئەحكامەكـانی ئەم كێشە عەقائیـدییە ئاسـان و سـووک بـكەن، بەرانبەریشـی یاسـای دژ دادەڕێـژن، بـۆیە لە هەر شـوێنێک هەر كەسـێک ئەم دوو ڕێبـازە بناسـێنێت و لێكیـان جـودا بكـاتەوە و، ئەحكـامی ڕێبوارانیان بەیان بكـات، ڕاپـێچ دەكرێـت و سـووكایەتیی پـێ دەكرێـت و وەكـوو فیتنەچـی و

ئاژاوەگێڕ و دووبەرەکیخواز دەدرێتە دادگا و بە تۆمەتی «تەکفیری موسڵمان» سەختترین سزا دەدرێت![1] دەگاتە ئەوەی بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگە حوکمی (ئیسلام)ـەکە خۆشی دەدرێت! دابونەریت و زاراوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی دەبنە مەرجەعییەتی یاسا و دەستوور، نەک قورئان و سوننەت! ئەمەش نارەحەتییەکی تر و قورسایییەکی تری جاهیلییەتی سەردەمە کە ئیزافی کەوتووەتە سەر داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی. ئەمەش یەکێکە لە بەربەستە سەرەکییە سەرەتاکانی ڕێی بانگەوازی ئیسلام لەم سەردەمەیدا کە حەتمەن دەبێت خواویستان بەسەریدا زاڵ بن و بیگوزەرێنن. دەبێت ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوانە ڕێباز و بەرە و بزاوتی موسڵمانان و ڕێباز و بەرە و بزاوتی موشریکان و کافران ڕوون بکەنەوە، تا خەڵکی بزانن بۆچی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾، واتا: «دەبێت ڕێبازی تاوانباران بناسرێن». داعییانی ئیسلام لە کەشفکردن و ناساندنی ڕێباز و بەرە و بزاوتی کوفردا نابێت شلگیری بنوێنن، نابێت منجەمنجی تێدا بکەن، یان لە لۆمە و توانج و فشار بترسن. نابێت خەمی ئەوەیان بێت کە خەڵکە نەفامەکە لێیان دەداتە هاوار کە بڕوانن ئەوانە موسڵمانان بە کافر دادەنێن. نابێت باکیان بەوە هەبێت گوایە تەکفیری[2] خەڵکیان کردووە. ئیسلام بەو شێوە شلگیری و نەرمەلیقەییە نییە کە هەندێک ڕێ بزر و سەرلێشێواو و سەتحی لێی تێگەیشتوون. ئیسلام ئاشکرا و ڕۆشن و ڕاشکاوە و کوفریش ئاشکرا و ڕۆشن و ڕاشکاوە .موسڵمانبوون شاهێدیدانە لەسەر ئەو تێڕوانینە عەقائیدی و دروشمە پەرستیانە و ئەو حاکمێتییەی خوای گەورە کە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئاڕاستەی هەموو ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت بگەڕێتەوە سەر ئەحکامەکانی شەرع، هەر کەسێک ئیعتیراف بەمە نەکات و بڕیاری بنبڕی لەسەر نەدات، هەر کەسێک ئەم دینە لەو بوارانەدا: «**عەقیدە، عیبادەت، شەریعەت**»، ئینجا: «**مەنهەج، ئوممەت، بزاڤ**» لە ژیانی خۆیدا نەچەسپێنێت و نیشانی نەدات، ئەوە حوکمی خوای گەورە دەیگرێتەوە کە زۆر ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوە کە کافرە و فاسقە و زاڵمە و ڕێبازی

(١) ئێستا بە موسڵمانە سەلەفییە جیهادییەکان دەڵێن (تەکفیری) و (خەواریج) تا خوێنیان حەڵاڵ بکەن و مافیان پێشێل بکەن!

(٢) بۆیە سەیر نییە حوکمی یاسای (تەکفیر) وا لە بوار و بەندی حوکمی (تیرۆر)دا!! لەدەستوری کوردستانیشدا وا لە ڕیزی (تی ئێن تی) و (سی فۆر) و ماددەکانی تری تەقینەوەدا!!.

تاوانبارانی گرتووەتەبەر: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ۝٥٥﴾.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی پێویستە بـوێرانە ئەم بەربەسـتە ببـڕن، بەوەی لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستیاندا ئەم حەقیقەتەی بزاوت و هەڵوێست، لایان بووبێت بە بەڵگەنەویسـت، تـا هەمـوو ورە و وزە و توانایـان بـۆ خـوای گەورە و سەرخسـتنی دینەکەی ساغ بکەنەوە، تا بەرچاوڕۆشنانە بانگەوازی حەق ڕاگەیەنن. بێ دوودڵی و ڕاڕایی، بێ لێڵوپێڵیی جیهانبینی، بێ شلگیری و دڵەخورپێ. حەتمەن ئەو ورە و وزە و توانایانەیـان کاتێـک بە تەواوی دەکەوێتە گەڕ کە بە تەواوی لەوە دڵنیا دەبن کە (موسڵمانـ)ـن و ڕێـی پێغەمبەرانیـان گرتـووە و بەرانبەرانیشـیان (تاوانبـار)ن (و ڕێگـای فیـرعەون و نەمـروود و ئەبـوو جەهلیـان گرتووە)، ڕێگای دوژمنداریتی دینەکەیان گرتووە.

دەبینیت هێشتا پێویستیمان بەوەیە ڕوون ببێتەوە کە موشریک و کافر و جاهیل کێیە؟

**موشریک** ئەو کەسەیە کە لە یەکێک لە سیفات و بوارەکانی (تەوحید)دا هاوبەشی بۆ خوا بریار داوە، جا لە بوار و سیفەتی **پەروەردگاریتی (الربوبیة)** دابێت، یان لە بواری **خواپەرستـی (الألوهیة)** دابێت، یان لەبواری **حاکمێتی (الحاکمیة)** دابێت. شیرک و کـوفر و جاهیلییەتیـان ئەوەیە کە وا بزانن مەخلووقێک هەیە کە سیفەتی خوای گەورەی هەیە، یان لەوەدا کە پەرستن بۆ غەیری خوای گەورە بڕیار بدەن و ئەنجامی بدەن، یان حاکمێتی (یاسادانان و حـوکمڕانی و داوەریکردن)ی غەیری خوای گەورە قبووڵ بکەن و، بە ئاڕاستەی غەیری وەحی خوایی ژیانی تـاک و کۆیـان ڕێـک بـخەن و، غەیـری شـەریعەتی خـوا بـکەنە دادوەری یەکلاکـردنەوەی کێشەکانیان، گومانی تێدا نییە ئەو کەسەی کە یەکێک لەم بوارانە بۆ خۆی پاوەن بکات و بلـێ منیش مافی ئەوەم هەیە، بە دڵنیاییەوە کافری موتڵەقە، جا با ناوی موسڵمانانەشـی لـێ نرابێـت. پێویستە لە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی دینیماندا بەرچاوڕۆشن بین.

بەڵێ دەبێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواناسی ئەم بەربەستەی ڕێگایان بەو حەقیقەتە بەڵگەنەویستە لادەن و لە دڵ و دەروونیاندا ئەو دڵنیاییەیان لا چەسپابێت کە لەسـەر حەقـن و لەسەر دید و ڕێـی وەحـی خـوایین و بەرانبەرەکانیـان لەسـەر دیـد و ڕێـی شـیرک و کـوفر و

جاهیلییەتی تاوانبارانن.

دیسان دەبێت لەوەش دڵنیا بین کە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی کاتێک ورەبەرزانە و جوامێرانە و پشوودرێژانە خۆ لەبەر ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆرەکاندا دەگرن کە ئەم حەقیقەتەیان لا جێگیر بووبێت، کوفر و ئیمانیان لێک جوداکردبێتەوە و ڕێباز و بەرە و بزاوتی هەردوولایانیان ناسیبێت و دڵنیابووبن کە خۆیان لەسەر ڕێبازی وەحین و بەرانبەرانیان لەسەر ڕێبازی شەیتانخوازانن. خۆیان ئوممەتێکی موسڵمانن و بەرانبەرەکانیان گەل و نەتەوە و تاقم و پێڕی خوار و دوورن. خۆیان لەسەر ئیسلامەتین و بەرانبەرانیان لەسەر زۆر جۆر دین و دیدی جودا و دوورن .

زانینی تەفسیلاتی ئەمە حەتمەن زەرووورییە:

﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْآيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ٥٥﴾.

# باسی دووەم

# کۆمەڵکاریی ئوممەتی عەقائیدی

## بڕگەی یەکەم:

## خاڵی دەستپێک

خاڵی دەستپێکی بانگەواز و کۆمەڵکاریی ئیسلامی لەم سەردەمەشدا هەر ئەو خاڵی دەستپێکەیە کە لە سەرەتای هاتنی پەیامی ئیسلامدا خرایە بەردەست خەڵکی، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لەسەر پارچە خاکێک، کۆمەڵە خەڵکێک هەبن کە دینی حەقیان قبووڵ کردووە و شایەتمانیان هێناوە. ئەم شایەتمانە مایەی پەیوەندی و برایەتی و پشتیوانی لێکردنیانە. پاشان حاکمێتیی خوای گەورەیان قبووڵ بێت و بیچەسپێنن (کە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردنە بە شەریعەتی خوای گەورە) و ژیانیان بەپێی ئەم دینە ڕێک بخەن. دوای دامەزراندنی ئوممەت و بزاڤ و پاشان کۆمەڵگە و دەوڵەت لەو ناوچەیەی خۆیانەوە بەسەر زەمیندا بڵاو دەبنەوە و ئازادکردنی مرۆڤ ڕادەگەیەنن. ئەم خاڵی دەستپێکە گرنگ و کاریگەرە بۆیە دەبێت داعییانی ئیسلام و ئاڕاستەوانانی بانگەوازی خواویستی زۆر لەبەردەمیدا بۆ سەرنجدان بووەستن: کە کۆمەڵە خەڵکێکی دیندار لە ناوچەیەکی ئەم سەرزەمینەدا بن و، دینی خوای گەورە بکەنە بەرنامە و دەستوور و سیستمی ڕێکخستنی ژیانیان، ئاوا ڕایانگەیاندووە کە عەبدێتیی خوای گەورە وەرگرتن و پابەندبوون و چەسپاندنی دینەکەیەتی. ئەگەر خواپەرستی هەر لە نوێژ و ڕۆژوودا بوایە ئەو کاروانە بەردەوام و ڕەنجە بێوچانەی پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورەی نەدەویست، ئەو هەموو خوێن و خەبات و ململانێیەی نەدەخواست کە ئەو پێشەوا بەڕێزانە و شوێنکەوتووانیان گرتیانەتەبەر. دروشمەکانی پەرستن بێگومان ئەو هەموو ژان و ناسۆر و کارەساتە، ئەو هەموو ئازاردان و ئەشکەنجە و مەحرومکردنە، ئەو هەموو ڕاوەدوونان و بەرەنگاریی جەنگ و کوشتارەی نەدەویست کە داعییانی ئیسلام و خواویستانی

هەموو کات و شوێن و نەوەیەک ڕووبەڕووی دەبوونەوە. ئەوەی شـایانی ئەم هەمـوو ناسـۆر و ژان و شەڕە بێئامانە بوو، ئەوەی کە شایستەی ئەم نرخە گرانە بوو، ڕاگەیاندنی دینی خوا بـوو، بەو سیفەتەی بەیاننامەی ڕزگارکردنی مرۆڤە، لە عەبدێتیی بەشەرەوە بۆ عەبدێتیی خوای گەورە، بە دەرهێنانی لە دید و ڕێ و دابونەریت و دەستوور و سیستمی جاهیلی و هێنانی بەرەو سایەی شەرع و نووری ڕێی خواناسی و چەسپاندنی شەریعەتەکەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاک و کـۆدا. ئەو هەمـوو ڕەنـج و جوهـد و جیهـادە بـۆ ئەوە بـوو کە تەنهـا ئەم دیـنەی خـوا ببێـتە ئاڕاستەوانی تاک و کۆی ئوممەت و کۆمەڵگە و دەوڵەت و مەنهەجـی دونیـا و ڕۆژی دوایـی خەڵکی.

تەوحیـــدی خـــوایەتی و پەروەردگـــارێتی و حـــاکمێتی و دەســـەڵاتدارێتی و یەکبـــوونی سەرچاوەی شەریعەت و یەکبوونی (مەنهەج) و، یەکخستنی ئەو لایەنەی مەنـهەجەکەی لێـوە وەردەگرێت و بۆی جێبەجێ دەکرێت و خەڵکی دەبێت دینەکەی بکەنە بەرنامەی ژیانیـان، ئەو تەوحیـدەی کە شـایانی ئەوە بـوو کە ئەو هەمـوو پێغەمـبەر و نێـردراوە بەڕێـزەی لە پێنـاودا بنێررێت و ئەو هەموو ڕەنج و خەبات و خوێنەی لە پێناودا بـدرێت و لە پێنـاوی سەرخسـتنیدا ئەو هەموو ژان و ناسۆر و ئازارە بچێژرێت و بە درێژایـی زەمـانە شـوێنکەوتووانی لە ململانێـدا بـن؛ ئەوە ئەو تەوحیـدەیە کە مەنهەجـی دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەی عەقائیـدی و دروشـمی «عیبادەت» و، ڕەفتار و ڕەوشتی تاک و دابونەریتی کۆمەڵگە و ڕەوتی ئـوممەتەکە و ئاڕاسـتەی کۆمەڵگە و ئیدارەی دەوڵەتەکەیە، ئەم هەمـوو ڕەنـجە بـۆ ئەمە دراوە کە ئەم دیـنەی خـوا ئـاوا بناسێنرێت و ئاوا بسەلمێنرێت و ئاواش لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا بچەسپێنرێت. لەبەر پێداویستیی مرۆڤ خۆی، نەک لەبەرئەوەی خوای گەورە پێویستی پێیەتی! خوای گەورە بێباکە، پێویستی بە هیچ شتێکی هیچ مەخلوقێک نییە، بەڵام ژیانی مرۆڤایەتی بەو دیـنە نەبێـت پارسەنگ نابێت، بەو شەریعەتە نەبێت دادپەروەری ناچەسپێت، بەو تەوحیدە گشتگیرە نەبێـت دید و ڕێی مرۆڤایەتی ناگاتە ئاستێکی گونجاوی مرۆڤایەتی و ژیانێکی لایەق و شایستە.

لە سـەرەتاوە دەبێـت بـڕوانینە کـاریگەریی تەوحیـد لە کیـانی خـودی مـرۆڤ، لە لایەنـی وجوودی خۆی و پێداویستیی سروشتی و پێکهاتەی مرۆڤینی و کاریگەریی عەقیدەکە لەسـەر

هەموو لایەنێکی دید و ڕەفتاری، دید و تێڕوانین و پێناسە عەقائیدییەکەی تەوحید بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو لایەنێکی مرۆڤایەتیی کەسەکە دەگرێتەوە، هەموو کیانی کەسەکە دەدوێنێت و ئاڕاستەی هەریەکەیان وا دەکات کە لەگەڵ لایەنەکانی تری کەسایەتی و مرۆڤیانەی خۆی و دەوروبەر و ڕێسا و بزاوتی گەردووندا بسازێت. تەوحید ئاڕاستەی هەموو حەز و هیوا و پێداویستی و ئینفیعالات و هەموو ئاڕاستەیەکی کەسەکە دەکات و، لە هەموو ئەم لایەنانەوە ڕووی پێ دەکاتە خواناسی، وای لێ دەکات هەموو ڕەفتارێکی ڕوو لە یەک لایەن بکات و مەبەستیشی لێی هەر ئەو لایەنە بێت، خەمی ئەوی بێت و ئومێدی بەو بێت و ترسیشی هەر لەو بێت، خۆی لە ڕەنجاندن و تووڕەکردن و غەزەبی ئەو بپارێزێت و هەموو سرەوت و ڕەوت و بزاوتێکی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو بێت، چونکە ئەو خاوەنی ئەمە و هەموو شتێکی ئەمی بەدەستە و ئەمیش سەرەنجام هەر دەگەڕێتەوە لای ئەو، چونکە کردگارێتی و کردگاری هەموو مەخلووقاتێکە، خاوەنی ئەم و خاوەنی هەموو شتێکە، ئاڕاستەوانی ئەم و ئاڕاستەوانی هەموو مەخلووقاتێکی ترە. ئاوا کەسە ئاڕاستەکراوەکە بە تەوحید، هەموو لایەنێکی کەسایەتی و ڕەفتار و هەست و ئینفیعالاتی دڵ و دەروون و تێفکرینی هزر و هۆشی ڕێک دەخات، ڕووی هەموو بزاوت و سرەوتێکی دەکاتەوە خوای کردگار و خاوەنی. چونکە خوای گەورە سەرچاوەی تەوحیدەکەیە، بۆیە حەتمەن دەبێت هەموو دید و تێڕوانین و چەمک و پێناسە و بەها و نەریتێکی هەر لە خوای گەورەوە وەربگرێت، دەبێت هەموو یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمێکی حوکمکردنی هەر لە شەریعەتەکەی خوای گەورەوە وەربگرێت. چونکە پێشتر هەموو وەڵام و پێناسەیەکی دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ هەر لە خوای گەورەوە وەرگرتووە، گەردوون و ژیان و مرۆڤ بەو سەدان پرسیارەوە کە ماهییەتی هەریەکەیان دەیوروژێنێت. ئاوا کەسایەتیی موسڵمانەکە، کەسایەتی و مرۆڤینی لەسەر زەمینەی عەقیدەکە دەچەسپێت، دید و تێڕوانینی، هەست و هۆشی، ڕەفتار و ڕەوشتی، هەموو کیانی دەبێتە قەناعەتکردن بە ڕاست و ڕەوایی تەوحیدەکە و ئامادەیی تەواوی تێدا دەگەشێتەوە کە هەموو داخوازییەکانی عەقیدەکە بهێنێتەدی و خۆی وا بگونجێنێت کە عەقیدەکە دەیەوێت. ئەمەش تەرکیزی بۆ دروست دەکات. تەوحیدەکە دەکاتە چەق «سێنتراڵ»ـی هەبوونی خۆی، بەوەی ئامادە دەبێت کە هەموو دید و ڕەفتارێکی ژیان و مردن و بزاوت و هەڵوێست و تەندروستی و

ڕۆژی و کاروبـــاری دونیـــا و قیـــامەتی ڕوو بکـــاتەوە تەوحیـــدەکە، هەر وەکـــوو کە لە تەوحیدەکەشەوە هـاتووە. واتە تەوحیـدەکە دەبێـتە سـەرچاوەی ئاڕاسـتەکردنی هەمـوو کیـانی موسڵمانەکە، بۆیە هەر هەموو ڕەفتارێکی موسڵمانەکەش ڕوو دەکاتەوە تەوحیـدەکە و دەیەوێـت هەمووی لەگەڵ خواناسیەکەدا بگونجێنێت. بەمەش دڵ و دەروون و هزر و هـۆش و ڕەفتـار و ڕەوشت و ئاڕاسته وەرگرتنی بەربڵاو نابن و، ناکەونە بەر ئاڕاستەی چەندین سـەرچاوەی لێـک جودا و دوور،[1] کاتێک کە کەینوونەتی مرۆڤ بەم شێوەیە لە دەوری تەوەرێک کۆ دەکرێتەوە، دەکەوێتە باشترین حاڵەتییەوە، چونکە دەبێتە یەک (یەکە)یی. خوای کردگـار یەکە (یەکبـوونی خـالق)، یەکبـوونی ئەم گەردوونەش حەقـیقەتە (بەڵام حەقیقەتـی مەخلـووق)، مـرۆڤیش بە وەرگرتنـی وەحـی سـەرچاوەکانی وەرگرتنـی دەکـاتە یەک کە هەمـوو دیـد و هـزر و هـۆش و هەست و ڕەفتار و ئینفعالێکیشی دەکـاتە یەک، واتە نییەتـی پـاک و پوخـت دەبێـت و هەمـوو بزاوت و سرەوتێکی بۆ خوا دەبێت، ئەمەش حەقیقەتی یەکبوونی کەینوونەتی مرۆڤە:

- حەقیقەتـی ڕەهـا و بێسـنوور و بێـوێنە، حەقیقەتـی خـوایەتیی خـوای گەورەیە کە تەوحیدەکە پێمان دەناسێنێت.

- گەردوون و هەرچی تێیدایە بە هەموو جۆرەکانییەوە کە حەقیقەتێکی ڕێژەیـی (نسـبی) هەبوونی مەخلووقێتییە.

- مرۆڤیش کە سەرچاوەی ئاڕاستە و ئامانج لە ڕەفتاری دەکـاتە یەک، (یەکە)یەکـی بـۆ

---

(١) مەبەست لەوەیە موسڵمان کە شـایەتمانەکەی لە دڵـدا دەچەسـپێت، عەقیـدەکەی بـۆ دەبێـتە سـەرچاوەی ئاڕاسـتەکردنی دیـد و تێڕوانین و هزر و هۆش و ڕەفتار و رەوشت و دابونەریت و ڕەوت و بزاوت و سرەوت و هەڵوێستی. دەبێـتە ڕاپەڕێـنەری فەرمانەکـانی عەقیدە. لەبەرئەوەی خواویستیش ئیعتیماد دەکاتەوە سەر نییەتـی پـاک، کەوابـوو هەمـوو ئەو لایەنـانەی دیـد و رەفتـار و هەسـت و ئینفعالەکـانی سەرڕاسـتانە ڕوو دەکەنەوە خـوای گەورە. بەمەش یەک سـەرچاوەی ئاڕاسـتەی لا دروسـت دەبێـت، نەک وەکـوو مولحیدێک کە دید و تێڕوانینی بێدینیی لە فەلسەفەیەک و ڕەفتار و ڕەوشتی لە کۆمەڵناسێک و بزاوت و رەوتی لە بزاوتێکـی قەومیـی وەردەگرێت، ئـاوا سـێ لایەن ئاڕاسـتەی دەکەن. موسڵمانەکە هەمـوو شـتێکی لە خـواوە وەرگرتـووە و هەمـوو چـالاکییەکی هـزر و ڕەفتاریشی لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجام داوە.

دروست دەبێت کە حەقیقەتێکی تری ڕێژەیی مەخلووقییە.[1] ئاوا دەگاتە یەقین کە خوای گەورە یەکە و حەقە. ویستی وا بووە کە حەقیقەتی گەردوونیش یەک بێت، هەرچەندە هەزارەها جۆر و ڕەنگ و چۆنیەتی و شێواز و قەبارە و بڕ و ڕادەیە. بەڵام ژیان و مردنیان یەکە. یەک ئاڕاستە و سیستمە. خوای گەورە دەیەوێت ئەم یەکبوونێتییە لە مرۆڤیشدا ببێتە حەقیقەت، بەڵام مرۆڤی ئازاد کردووە لە وەرگرتن و پابەندبوون و ڕەفتارکردنەکانیدا. خوای گەورە بە یەک ڕێگا (کە وەحییە) هەموو ئاڕاستەیەکی زەروریی بۆ مرۆڤ ناردووە، تا کەینوونەتی بکات بە یەک. بۆ خوا بسوڵحێت و بە تەوحید خۆی گۆش بکات، تا تەنها بۆ خوای گەورە ڕەفتار بکات. ئەوەش بە وەرگرتنی دینەکە و پێوەپابەندبوون و بۆ خواکارکردنی دەبێت. ئەگەر وای نەکرد، مانای وایە نە لە یەک سەرچاوەوە وەریگرتووە (چونکە سەرچاوەکانی زۆر و جۆر بوون، حەز و هەواوهەوەس و دید و تێڕوانینی جاهیلیی تێکەتووە) و نە بۆ یەک ئامانجیش جوڵاوە (چونکە لە خواپەرستیدا وای دەربڕیوە و وای نیشانداوە کە تەنها خوای گەورە دەپەرستێت، بەڵام لەولاوە یاسا و ڕێسای کوفری گرتووە، یان بەپێی هەواوهەوەسی خۆی یاسای داڕشتووە، یان حوکمڕانی و داوەریی کردووە)، کەوابوو ئاڕاستە و ئامانجی یەک نەبووە .

ئەم هەستی یەکبوونێتییە جەوهەری بەگەڕخستنی تەوحیدەکەیە. لە عەقیدەیدا باوەڕی تەواوی بەوە هێناوە کە خوای گەورە تاک و بێوێنەیە، لە خوایەتی و لە پەروەردگارێتی و لە حاکمێتیدا. بە بەڵگەی قورئانی و نیشانە گەردوونییەکانیشدا گەیشتووەتە دڵنیابوون کە سیستمی وجوودیش یەکە، مەخلووقە و بوون و نەمان، ژیان و مردنی بەسەردا دێت. بۆیە دەبێت مرۆڤەکانیش هەرچەند لەناو خۆیاندا جیاواز بن؛ لە سیفات دروستبوون، واتایی و ماددی، هەروەها جیاوازی کات و شوێن و حاڵەت، دەبێت بەپێی تەوحیدەکە هەموو خۆ بگونجێنن و یەک عەقیدە و یەک خواپەرستی و یەک شەریعەت بگرنەبەر، تا تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتیان هاوئاڕاستەی مەخلووقەکانی تری گەردوون بن، واتە هەموو ڕوو بکەنە

---

(١) ئەوەیە کە پێی دەڵێن کیان و کەینوونەت: واتە هەرچی لە مرۆڤەکەدایە بە بواری هزر و بیر و هۆش و بواری دڵ و دەروون و بواری ویژدان و بوارەکانی ڕەفتار و ڕەوشت و کاروکاردانەوە و دابونەریت و ڕەنجدان و کاسبیکردن و هتد، کە بە پێی شەریعەتی خوا دەیکات؛ یەکیاندەخات، چونکە بۆخواکردنەکە (الإخلاص) هەموو کیانی مرۆڤەکە دەکاتە یەک (کائن). واتا هەرچی لە مرۆڤەکەدایە یەک سەرچاوە ئاڕاستەی وەرگرتووە و بۆ یەک ئامانجیش بزواوە، کە ڕەزامەندی خوای گەورەیە.

خوای گەورە و بەس.

کاتێک کەینوونەتی مرۆڤ لە هەموو بوارێکیدا دەگاتە ئەو ئاست و حاڵەتەی لەگەڵ حەقیقەتدا بووبێت بە پێڕ، دەگاتە لوتکەی هێزی زاتی و ترۆپکی گونجان و هەماهەنگیی لەگەڵ حەقیقەتی ئەم گەردوونەی لەناویدا دەژی و ئیتر سازاوانە وا ڕەفتار دەکات وەکوو جووتی هاودەنگی یەکتری کە ئیتر کار و کارتێکردنیان لێک دەبێت، ئەم گونجان و هاودەنگی و هەماهەنگییە بوار بۆ چاکترین ئاسەواری خێرخوازیی مرۆڤایەتی دەکاتەوە و گەورەترین و گرنگترین ڕۆڵی دەبێت لە ئاڕاستەکردنی مرۆڤدا، تا بەو شێوەیەی کە لەگەڵ حەقیقەتی گەردووندا دەگونجێت ڕەفتار بکات. ئاوا کاریگەریی گەورە لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی دروست دەکات.

لەم ڕوانگەوە دەبێت سەیری نەوەی یەکەمی ئوممەت بکرێت کە هەر یەکێک لەو یاوەرە بەڕێزانەی سەرچاوەی ئاڕاستە و پەروەردەبوونیان بووبوو بە یەک کە هەموو دید و تێڕوانین و پێناسەیەکی گەردوون و ژیان و مرۆڤیان لە خوای گەورەوە وەرگرتبوو. هەموویان دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستیان بۆ خوای گەورە پاڵفتە کردبوو. هەموویان ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتیان لە دینەکەی خواوە وەرگرتبوو، ئاسەواری جاهیلییەتیان پێوە نەما. هەموویان ئەوەندە بۆ خوا سوڵحابوون کە هەموو بزاوت و ڕەوت و هەڵوێست و سرەوتێکیان لەبەر خاتری خوای گەورە بوو. ئەوجا ئەم تاکە بۆخواسوڵحاوانە هەموو ئەندامی ئوممەتێکی عەقائیدی بوون و دەستەجەمعی لە بزاوتێکی ململانێی ئان و ساتی ڕۆژانەدا بوون کە ئاوا وەکوو تاک و کۆی ئوممەت گەیشتنە لوتکەی گونجان و ڕەفتار و لەگەڵ حەقیقەتی گەردووندا بەوەی کە سەرچاوەی وەرگرتنیان یەکە -کە وەحی بوو- ئامانج و مەبەستی تاک و کۆشیان کردە یەک (کە ڕەزامەندیی خوای گەورە بوو)، ئیتر بزاوت و هەڵوێستیان لەگەڵ بزاوتی گەردووندا یەکی گرتەوە. هەردوولا (گەردوون و ئوممەتەکە) بزاوتیان بە فەرمانی قەدەری و شەرعیی خوای گەورە بوو. هەردووکیان ئەرکی عبودییەتیان بەجێ دەهێنا، بۆیە ئەو نەوە خواویستیەی یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) ئەو ڕۆڵە کاریگەرەیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بینی کە نە پێش ئەوان و نە دوای ئەوانیش ئاوا نەبینرا و نەبیسترایەوە. کاتێک بە یارمەتی

خوای گەورە جارێکی تر ئوممەتێکی موسڵمانی ئاوا بۆخواسوڵحاو دێتەوە پێشێ کە سەرچاوەی ئاڕاستەی کەینوونەتی تاک و کۆی خۆی هەر وەحی دەبێت و مەبەست لە هەموو چالاکییەکانی (هەر ڕەزامەندیی خوای گەورە) دەبێت؛ ئەو یەکبوونەی بۆ دروست دەبێتەوە کە جارێکی تر بزاوتی وەکوو بزاوتی گەردوون و هاودەنگ و هەماهەنگ بێتەوە لەگەڵیدا. ئەوکاتە بە ویست و یارمەتی خوای گەورە ڕۆڵێکی تری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێ دەبینێتەوە. بۆخواساغبوونەوە و کارکردن بەپێی مەنهەجی خوای گەورە هۆکاری بینینەوەی ئەم ڕۆڵە کاریگەرەییە جارێکی تریش (إن شاء الله). بەربەست و لەمپەر و کۆسپی ڕێ، کەندەڵان و هەڵدێر و تەلان، سزا و ئەشکەنجە و ئازار، ڕاوەدوونان و مەحرووومکردن و زیندان، کوشتن و حەملەی ڕیشەکێشکردن و کەناردان. هیچیان ناتوانن کاروانە خواویستیەکە بوەستێنن، مادام بە ئاڕاستەی وەحی دەبزوێت و مەبەستی لە هەموو بزاوت و هەڵوێستێکی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت. ئەو هێزەی لەم دینە و لە شوێنکەوتووە سەرڕاستەکانیدایە لە جۆری هێز و زاڵەکانی گەردوون دەبێت، کاریگەریشی وەکوو ئەوانە، چونکە بووەتە ئەداتی قەدەری خوای گەورە و ڕازییە بەوەی خوای گەورە بەو شێوەیەی هەڵبسووڕێنێت کە خۆی دەیەوێت. هەر چۆنێکیشی بووێت حەتمەن لە قازانجی ئوممەتە موسڵمانە خواویستیەکە خۆیەتی.

ئەم حەقیقەتە کاریگەرێتیی هەر لەسەر ڕوونکردنەوەی جیهانبینینەکە و، ڕاستکردنەوەی ئیمان نییە، هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگە. گرنگە موسڵمان پەی بەم حەقیقەتە ببات کە چۆن دەگاتەوە ئەو لوتکەیەی کاریگەرێتی و هاودەنگبوونەی گەردوون. ئەمە گرنگە چونکە ژیانەکەی لەسەر دادەمەزرێت. بەڵام گرنگی و کاریگەرێتییەکەشی لەوەدایە کە چێژ لە ژیانەکە دەکرێت، ئەم چێژە حەقیقیەش باڵاترین پلەی کامڵبوونە، چونکە نرخی ژیانە، مرۆڤایەتییەکە بەرز دەکاتەوە، چونکە هەر هەموو ژیانەکە دەبێتە خواپەرستی، هەموو چالاکییەک، هەرچەند کەم و بچووک بێت دەبێتە خواپەرستی، یان بەشێک لە خواپەرستی، چونکە دەکەوێتەوە بەر ئەو ڕوانگەیەی تەوحیدەکە کە دەفەرموویێت دەبێت باوەڕ بە تاکی و بێ وێنەیی خوای گەورە بهێنرێت، لە خوایەتی و پەروەردگارێتییدا کە هەموو خواپەرستییەک هەر دەبێت بۆ ئەو ئەنجام بدرێت و بەس. ئەمە لوتکەیەکی باڵایە و بەو باوەڕ و هەست و

دینداریتی و پابەندییە نەبێت کەس نایگاتێ. ئەمە پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ترۆپکی ئەو لوتکەدا نیشتەجێ بووە. کە قۆناغ بە قۆناغی ژیانی پاکی بەرە و ئەو لوتکە بالایە بەرزدەبووەوە، چونکە وەحییەکەی بۆ دەهات و هەموو ڕەفتارێکیشی لەبەر ڕەزامەندیی خوای گەورە بوو. ئەمە جگە لە ڕێزدارکردنی تایبەتی بە ئیسرا و میعراج: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا ۝١﴾ الفرقان: ١، واتا: «ڕێز و فەڕ بۆ ئەو خوای گەورەیە کە قورئانی ناردووەتە خوارەوە بۆ عەبدەکەی خۆی، تا ببێتە هۆشدەرێک بۆ جیهانییان». هەروەها: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ ۝١﴾ الإسراء: ١، واتا: «پاک و بێ خەوشی (بێ عەیبی) بۆ خوای گەورە، ئەو خوایەی کە شەوڕەویی بە عەبدەکەی خۆی کرد، لە کەعبەوە بۆ مزگەوتی ئەقسای پیرۆز، کە خۆی و چواردەوریان پیرۆزکردووە، مەبەستمان بوو ئایاتی تر و بەڵگەی تری نیشان بدەین. خوای گەورە بیسەر و بینەرە».

## تەوحید حەقیقەتی یەکخستنی عەبدێتییە:

دەچینە سەر بەهایەکی تری تەوحیدی خوایەتی و خواپەرستی کە بە مانای تەسلیمبوونە بە خوای گەورە و دەربڕینی عەبدێتییە بۆی، تا هەندێک لە ئاسەوارەکانی ئەم عەقیدەی تەنها خواپەرستنەمان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە. ئەم عەبدێتیکردنە بۆ خوای گەورە کە بریتییە لە وەرگرتنی دینەکەی و پێوەپابەندبوون و، جێبەجێکردنی لە هەموو لایەنێکی ژیانی تاک و کۆی ئوممەتی موسڵماندا، ئەم عەبدێتییە ئازادکردنە، ئازادکردنی مرۆڤ لە عەبدێتیکردنی بۆ غەیری خوای گەورە، ئازادکردنێتی لەپەرستنی مرۆڤی وەکوو خۆی بۆ پەرستنی خوای تاک و پاک، ئەمەش ڕێز و کەرامەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەهێنێتە دی، ئەم ئازادکردن و ڕێزدارکردنە ئەستەمە لە ژێر ڕووناکیی هیچ فکر و سایەی هیچ ڕژێمێکی غەیری ئیسلامدا بێتەدی، چونکە تەنها لە ئیسلامدایە خەڵکی لە هەموو کۆت و زنجیر و پابەندییەکی غەیری دینەکە ڕزگاربووبن و، کەس عەبدێتی لە هیچ شێوە و چۆنیەتییەکیدا بۆ غەیری خوای گەورە

دەرنابڕێت. جا ئەم عەبدێتییە لە باوەڕ و دید و تێڕوانینیدا بێت، یان لە دروشمی پەرستن و کرنووش بۆبردندا بێت، یان لە ملکەچکردنیدا بێت بۆ یاسا و ڕێسا و دەستووری، یان فەرمان و بڕیار و ئاڕاستەیدا بێت. کە هەر هەموو ڕەفتارێکی ئەم بوارانە عەبدێتییە و بۆ غەیری خوا دەکرێن، هەمووشیان وەکوو یەکن، ئەوی لە دید و تێڕوانیندا عەبدێتیی (فەیلەسووفێک) دەکات، هەر وەکوو ئەو ساویلکەیەیە کە عەبدێتی بۆ بتێک دەکات، هەردووکیشیان وەکوو ئەو کەسە عەبدن کە ملکەچیی یاسا و ڕێسا و دەستووری عەلەمانیەکن، چونکە هەموویان دینی خوایان وەل کردووە و تەسلیم بە ئاڕاستەی غەیری خوا بوون و فەرمانی چۆنیەتیی ڕێکخستن و داڕشتنی ژیانی دونیان لە غەیری وەحییەوە وەرگرتووە. خەڵکی ناتوانن بەبێ ملکەچیی بەرنامە و ئاڕاستە بژین، مادام ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورە نین و دینەکەی ئەویان نەکردووەتە مەنهەجی **«عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت»**، هەروەها **«تەوحید و ئوممەت و بزاف»** و مەنهەجی تریان گرتووەتەبەر، کەوابوو لە دینی خوادا نین و عەبدی خوا نین. عەبدی ئەو کەسانەن کە ئەو دید و ڕێباز و بەرنامە و ئەو ئاڕاستە و فەرمان و بڕیارانەیان لێوە وەرگرتوون. ئەو کەسانەی نایانەوێت عەبدێتیی خوای گەورە بکەن، لە یەکەم ساتی بڕیارەکەیانەوە دەکەونە خراپترین جۆری عەبدێتیکردنەوە بۆ غەیری خوای گەورە، لە هەر هەموو لایەنێکی کەسایەتی و ڕەفتارێکی ژیانیاندا، لە دید و تیڕوانیندا، لە ڕەفتار و ڕەوشتدا، لە دابونەریتدا، لە بزاوت و هەڵوێستدا، لە یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیاسەتدا. دەسبەجێ دەبنە نێچیری بەردەستی هەواوهەوەس و حەز و ئارەزووی مونحەریف، کە نە سنوورێکی هەیە تێیدا بوەستێت، نە چاودێرێکی زاتیی ناخی هەیە بڵێ بەس! تا وایان لێ دێت بەرە بەرە سیفەتە مرۆییەکانیان لەدەست دەدەن و دەچنە جیهانی دڕندە و ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تری غەیری مرۆڤەوە: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴿١٢﴾﴾ محمد: ١٢، واتا: «ئەوانەی کوفریان هەڵبژاردووە وەکوو ئاژەڵن، بایەخیان هەر بە چێژ و خواردنە! ئەوانە چارەنووسیان ئاگری دۆزەخە». لە ژیانی مرۆڤدا هیچ زیانێک بە قەدەر لەدەستدانی ئادەمێتییەکەی گەورە و کاریگەر نییە کە یەکسەر سیفەتی ئاژەڵییانە کەلێنی سیفەتە ئادەمیەکان پڕ دەکاتەوە و، سەرەنجام سیمای مرۆڤایەتییەکەی بەبێ مۆرک و سیفەتی ئادەمێتیی بۆ دەمێنێتەوە. ئەمەش ئەنجامێکی حەتمیی وەلکردنی دینی خوایە، چارەنووسێکی حەتمیی پێشهاتی عەبدێتیکردنی

هەواوهەوەس و حەزە مونحەریفەکانە.

ئەو کەسانەی دینی خوا وەل دەکەن دەسبەجێ دەبنە نێچیری بێدەسەڵاتی عەبدێتیی کەسانی تر! دەکەونە خراپترین جۆری کۆیلەیی و عەبدێتی و ژێردەستەیی حاکمە تاغوتەکان و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان کە بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی ئەو یاسا و ڕێسا و بەرنامانەی خۆیان دایانڕشتووە ئەمانە بەکار دەهێنن، (ئیتر ئەمان دەبنە برغوویەکی هەڵخولاوی مەکینەیەک) کە نازانن وزە و ورە و توانایان بۆ چ ئامانجێک دەخرێتە گەڕ و ئاوا سەرجەمی ڕەنجی هەموو عەبدەکانی تری هاوڕێی دەبنە سوتی هێنانەدیی بەرژەوەندی و ئامانجی ئەو دەسەڵاتدارە چاوچنۆک و یاساداڕێژە گومڕایانە. جا ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەمان لە پێناوی مانەوە و گەشە و فراوانخوازیی دەسەڵاتییاندا دەهاڕرێن، تاک بن یان حزبێک، چینێک بن، یان سیستمێکی حاکمێتی. سەرنجدانێکی سەرپێیی سادە لە هەموو بارودۆخێکی جاهیلیی کۆن و نوێ ئەم حەقیقەتە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و ئەم دیاردەیەی (عەبدێتیی بۆ غەیری خوا)یە بە خراپترین بزاوت و هەڵوێست و ئەنجام دەناسێنێت، غەیری خوا دەیان لایەن و سەدان شێواز و هەزاران چۆنیەتیی هەیە.

ئەمە وێنەیەکی دزێو و شکڵە زەقەکەی عەبدێتیی بەشەرە، نەک هەموو شێوە و چۆنیەتییەکی. عەبدێتیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ وەکوو خۆی لە شێوەی تری شاراوە و پەنهانیشدا دەردەکەوێت، کە دەشێت کاریگەرتر بێت لە عەبدێتییە زەق و ئاشکراکە، بۆ نموونە: عەبدێتیکردنی داهێنەرانی مۆدێل و دیزاین و ڕەواجپێدەرانیان، بڕوانە ئەمانە چ دەسەڵاتێکی بەرفراوان و بەهێزیان بەسەر مرۆڤایەتیدا هەیە؟ بەسەر ئەو هەموو مرۆڤانەدا کە بەخۆیان دەڵێن خاوەن (شارستانێتی) و پێگەیشتوو! ئەو جۆری پۆشاک و مۆدێلی سەیارە و دیکۆری ماڵ و دیزاینی خانوو و دیمەنی ڕێکخستن و سازدانی ئاهەنگ و ئەتەکێتانە چەند بە تەکلیفن، چەند دەسەڵاتدارن؟! بڕوانە چۆن عەبدەکانیان دەخەنە دوای خۆیان و تەحەککوم لە حەز و ڕەفتار و ئاداب و پارە و سامانیاندا دەکەن؟! ئەوە عەبدێتییەکی زۆر ڕۆشن و ڕاشکاو و زەقە کە جاهیلییەتی سەردەم دایهێناوە و هیچ کەسێکی جاهیل لێی قوتار نابێت و بێدینە جاهیلییەکان ناچار ئیرادە و سامان و ملی خۆیانی بۆ ڕادەکێشن! هیچ عەبدێکی جاهیلییەت لەدەست ئەم

خوا قەستینە کاریگەرانە دەرناچێت، ناشهێڵن دەرچێت. ئەگەر ئەم عەبدانەی شارستانێتیی جاهیلییەتی سەردەم نیو ئەوەندە ملکەچی دینی خوابوونایە و بە شەریعەتەکەیەوە پابەندبوونایە، دەبوونە عابیدی خواناس و سینەفراوان و ئاسوودە دەبوون، بەڵام بڕوانە لە چ کوێرەوەرییەکدان؟! ئەگەر ئا ئەمە عەبدێتیی جاهیلییەت و کۆیلەیی و بەندایەتیی بەشەرییەت نییە، ئەدی عەبدێتی خۆی چییە و چۆنە؟! ئەگەر ئەمە پەروەردگارێتی و حاکمێتی و خوایەتی نییە، ئەدی پەروەردگارێتی و حاکمێتی چییە و چۆنە؟ پەرستن کامەیە؟ ئەم ملکەچی و گوێڕایەڵی و عەوداڵبوون و هۆگربوونەی مۆدێل و دیزاین عەبدێتیی مرۆڤە بۆ مرۆڤ.

جاری وا هەیە مرۆڤ تەماشای ئافرەتی داماو دەکات کە شتێکی پۆشیوە! کە عەورەتی بەدەرەوەیە! لە کاتێکدا ئەگەر تین و فشاری کۆمەڵگە جاهیلییەکەی لەسەر نەمێنێت، خۆشی حەزی لەو خۆدەرخستن و ڕووتییە نییە کە نە لەگەڵ سروشتیدا دەگونجێت و نە لەگەڵ شکڵ و هەندام و ئەندامیدا. بەڵام داهێنەرانی مۆدێل و ڕەواجپێدەرانی ماکیاج ئاوا خستوویانەتە دوای خۆیان، جاری وا هەیە ئەوەندەی خۆ ڕەنگاوڕەنگ کردووە (تا جواندەرکەوێت و سەرنج ڕابکێشێت) پیاوی دامەزراو و پارسەنگ بەزەیی پێدادێتەوە کە بۆچی وا خۆی کردووە بە عیبرەت و جێ مەسخەرەی سەرسەریی سەر جادەکان؟! بەڵام ئەمە ئەنجام و ئاسەواری عەبدێتییەکەیەتی کە بۆ داهێنەران و خاوەن مۆدێلەکان و ڕەواجپێدەرەکان دەربڕراوە. ئەمە دەسەڵاتی خوایەتیی قەستینەی ئەوانەیە ئەم داماوەی خستووەتە ژێر قەهری ئاڕاستەوانی خۆی و ئاوا بە دووی خۆیدا کێشی دەکات. ناشتوانێت خۆ لە دەستیان ڕاپسکێنێت و دەرباز ببێت! ناتوانێت وەلیان بکات، چونکە دەبینێت کۆمەڵگەکە هەمووی لەو عەبدێتییە زەلیلییەدان و هەموو دەوروبەرەکەی ملکەچی ئەو ئاڕاستەوانییەن. ئەگەر ئەمە ملکەچی و پەیڕەویکردن و تەسلیمبوونی عەبدێتی نییە، ئەدی عەبدێتی چییە و چۆنە؟ ئەگەر ئەو دەسەڵاتدارێتییەش حاکمێتی و پەروەردگارێتی و خوایەتی نییە، ئەدی حاکمێتی و خوایەتی چییە و چۆنە؟ ئەمە نموونەیەکی عەبدێتیکردنە بۆ خوا قەستینەکانی جاهیلییەتی سەردەم. ئەمە ئەنجام و ئاسەوارێکی سروشتییە لە قبووڵکردنی ملکەچێتی و گوێڕایەڵیی جاهیلییەت و وەلکردنی وەحی خوایی، کە مرۆڤی تێدا ئازادە و مرۆڤ تێیدا عەبدی خوایە و بەس. حاکمێتیی تاغوتان و

دەسەڵاتداریێتیی ملهوڕانی حوکمڕان تـاقە شـێوەیەکی خـوایەتیی قەسـتینەی سـەپێنراو نیـیە لە عەبدێتیکردنی مرۆڤدا بۆ مرۆڤ وەکوو خۆی، شـێواز و چـۆنیەتی تـری عەبـدێتیی مـرۆڤ بـۆ مرۆڤ و حاکمێتی و خوایەتیی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە دەیان و سەدان شـێوە و چـۆنیەتیی هەیە کە هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەستپێکی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمـین ڕەفتـاری وەلکردنـی وەحـی و خوایەتیی خوای گەورە و ڕازیبوون بە عەبدێتیی بەشەر.

ئەمە دەمانگەیەنێتە ئاستی درککردنی نرخی تەوحیـدی خـوایەتی و زانینـی کـاریگەریێتیی (تەنها خواپەرستن) و کاریگەریی دینداریێتی بە ئیسلام کە گیانی خەڵکی و ناموسی خەڵکی و ڕێز و کەڕامەتی خەڵکی و مـاڵ و سـامانی خەڵکیـی تێـدا پـارێزراوە، هیچیـان لەژێـر سـایەی عەبدێتیی مرۆڤ بۆ مرۆڤدا لە ئاشتی و ئەماندا نابن و هەر ناشپارێزرێن! چونکە لە بازنەکـانی کوفردا مرۆڤەکان بە زۆر بێت، یان بە خۆشی، بە ناچارکردن یان بە ئیستیغلالکردن و فریودانیان ڕایاندەکێشنە ژیانی عەبدێتییەوە، بۆ یاساداڕێژەر و حاکمەکان، یان بۆ دابونەریتە کـۆمەڵایەتییە قورسـە چەقبەسـتووەکانی جـاهیلییەت، یـان بـۆ دیـد و تێڕوانینـی جـاهیلییەت کە ڕوانـگەی فەلسەفیی بەشەریی لێ دەکاتە حەقیقەتـی خـوایەتی، دیـد و تێڕوانینێکـی لێـڵ و پێناسـەیەکی چەوتی گەردوون و ژیـان و مرۆڤـی لـێ دەکـاتە حەقیقەتـی زانسـتیانەی ژیـان! ئاڕاسـتەکانی حاکمێتیی جاهیلییەتی لێ دەکاتە فەرمانی ڕاست و ڕەوا و پیرۆز کە دەبێت بنبڕانە پێوەی پابەند بێت!

جاهیلییەت ئاوا لە خەڵکی دەکات. ئاوا سروشتیان دەشـێوێنێت و زەوق و شـەوقیان لاڕێ دەکات و دید و تێڕوانینیان لێڵ و دابونەریتیان بەڕەڵا و ڕەفتار و ڕەوشتیان دەکاتە سیما و مۆرکی ئـاژەڵ و نـزمتر. جـاهیلییەتی سـەردەمیش هەروا لە خەڵکـی دەکـات. دینـداری و خواناسـی دەپووکێنێتەوە و شەرمیان دەتکێنێت و لە پۆشاکی ئـابڕوو و جـوانی دایانـدەماڵێت و، ڕووت و بەڕەڵا دەیانخاتە هەلەکە سەما، بە ناوی پێشکەوتن و ڕاقیبوون و نوێخوازی و شارسـتانێتییەوە، لەولاشەوە باڵاپۆشە داوێنپاک و ئابڕووپاکە موسڵمانەکان ناو دەنێـت لادێیـی و کۆنەپەرسـت و عەشایەر. خۆ سڕینەوە و شێواندنی کەسایەتیی لێـرە بێـت، یـان لەوێ، هەر یەکە لەم زەمـانەدا بێت، یان لە کۆندا هەر یەکە، جاهیلییەتی سەردەم مومارەسەی بکـات، یـان جـاهیلییەتی کـۆن

هەر یەکە، هەر لە سروشت لادان و بەڕەڵاییە، جاهیلییەتی سەردەم چی بە هیدایەتدراوان و ئیماندااران و خواویستان دەڵێ؟ پێیان دەڵێ ڕێبزر بوو! پێشوازی ئەو کەسەش دەکات و پێی قبووڵە کە دینەکەی وەل کردووە و ڕووی کردووەتەوە جاهیلییەت! ئەو کەسەی لە سروشتی مرۆڤایەتی کەوتووە و حەرامخۆر و لادەر و داوێنپیس و کوڕی ڕۆژە! پێی دەڵێن پێشکەتووخواز و (لیبراڵ) و ڕۆشنبیر! جاهیلییەتی سەردەم چی بە ئافرەتی موسڵمانی باڵاپۆش (موحەجەبە) دەڵێ؟ چی بە گەنجی موسڵمانی سەردەم دەڵێت کە خۆی لە داوێنپیسی دوورگرتووەتەوە و سەیری ئەو گۆشتە ڕووتە هەرزانەی ژنانی سەرجادە ناکات؟ بەویان دەڵێن : کچە لادێیی و پێچراوە، پێی دەڵێن ناشیرینییەکەی خۆی بە سەرپۆش دادەپۆشێت، لەژێر پەردەی باڵاپۆشیدا خراپەکاری دەکات! خۆشی دەزانێت وا نییە و بوختانی بۆ هەڵدەبەستێت. بە گەنجی موسڵمانی دیندار دەڵێن توندڕەو، چەقبەستوو، کۆنەپەرست و تاریکخواز! جاهیلییەتی سەردەم بە هەموو توانای خۆیەوە بە حەملەی لێشاوی ڕاگەیاندنیەوە هەر دەیەوێت ئافرەت و پیاوی موسڵمان ڕاکێشێتە زەلکاوەکەی جاهیلییەت و زۆنگاوەکانی داوێنپیسی و لەشفرۆشی!

جاهیلییەت هەر جاهیلییەتە و ناگۆڕێت، ئەوەی کە لێی دەگۆڕێت شکڵ و ڕواڵەتە، سیما و مۆرک و سیفاتی ناگۆڕێت و لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا جاهیلییەتەکە هەر لەو جاهیلییەتەیە کە پێش ئیسلام دید و تێڕوانین و ڕەوشت و دابونەریت و یاسا و ڕێسا و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی هەبوو. هەموو جاهیلییەتێک هەر دەخوازێت خەڵکەکە عەبدێتیی بۆ غەیری خوای گەورە دەرببڕن، ئەم عەبدێتییەی هەموو سیفەتێکی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دەفەوتێنێت، دەیکاتە عەبدی هەواوهەوەس، عەبدی دابونەریت، عەبدی ئارەزووەکانی خۆی، یان ئارەزووی عەبدی تری هاوشێوەی خۆی! پیاو و ژنی موشریکی سەردەم هەر وەکوو پیاو و ژنی موشریکی پێشین لە خواقەستینە جیاوازەکانەوە وەردەگرن. کۆمپیانیاکانی مۆدێل و دەزگاکانی دیزاین و ڕەواجپێدەرانی ماکیاج و ریکلام و ڕاگەیاندنەکان، هەریەکەیان خوایەکی قەستینەیە، بەڵام کاریگەرە. هەر ئەم خوانابووتانەن کە ئەو بارودۆخە شێتانەیان وا سازاندووە ئافرەتانی جاهیلییەتی سەردەمیان پێوە موبتەلا بووە. پیاوانی جاهیلییەتی سەردەمیان پێ گومڕا

بووە. ئەم خواقەستینانە فەرمان دەردەکەن و ئەو مرۆڤە ئاژەڵگەل ئاسایە ملکەچی دەردەبڕێت و هەموو بەو لایەدا دەڕۆن کە بۆیان ئاڕاستە دەکرێ. ملکەچییەکی کوێرانە و هیچ لەبارانەبووی بێبەرهەڵستکاری! هەموو گوێڕایەڵانە جێبەجێی دەکەن! ئایا ئەم مۆدێلەی ئەمساڵ شیاوی ئەم ئافرەتەیە؟ ئەو دیزاینە شیاوی دابونەریتی ئەم کۆمەڵگەیە؟ شیاوە، یان نەشیاو؟ کەس سەرپشک نییە و هەموو کەوتوونەتە دوای ڕێنیشاندەری کۆمپانیاکە. ماکیاجی حەز لێیە یان نا، دەبێت بیکات، مۆدێلە، داخوازیی سفوری و خۆنیشاندانە، نایکات هەموو ئاژەڵگەلەکە دەکەونە تیر و توانج تێگرتن و ڕەخنەلێگرتنی، ئەمیش توانای وەڵامدانەوەی هەمووانی نییە و بە زەرووریشی نازانێت! بۆیە ناچار مل لێ دەنێت و لەگەڵ شەپۆلەکە مۆنج دەدات! ئەو شەیتان و شەیتانخوازانە کێن کە لەودیو پەردەوە ئەم واقیعە دەخوڵقێنن و خەڵکەکەی بۆ دەبزوێنن؟! کێیە ئەو هەموو ئاڕاستە کاریگەرە بەم مۆدێلاتانە دێنێتە کایەوە؟ کێ لە پشت هەڵبژاردنی شاژنی جوانی (ملکة جمال) و کۆمپانیاکانی جوانپۆشی و خۆجوانکردن و ساڵۆنەکانەوەیە؟ کێ نەخشەی ڕووتی و بەڕەڵایی و سفورێتیی کێشاوە و سوورە لەسەر مومارەسەکردنی؟ کێ ئەو هەموو فلیمە، ئەو هەموو بەرنامانەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە بەرهەم دەهێنێت؟ کێ ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆمان و چیرۆکانە بڵاو دەکاتەوە؟ کە ڕەواج بەم جاهیلییەتە دەدەن. کێ لەپشت ئەم هەموو چالاکی و ئاڕاستەکردنەوەوەیە؟ کە هەر یەکێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هونەر و بەرهەمهێنان بۆ خۆی داوێنپیسخانەیەکی سەربەخۆیە! کێ مەسروفی ئەم هەمووە دەکێشێت؟ کێ پارەی بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو فیلم و موسەلسەلات و چالاکییە بەڕەڵاییانە دەدات؟! کە بەدوادواچوونی بۆ دەکەین و دەچینە بنج و بناوانیەوە دەبێت لە پشت هەر یەک لەم چالاکییە تەدمیرییانەی جاهیلییەتی سەردەم کۆمەڵێک، یان دەستەیەک ئاڕاستەوانانی جوولەکە دەبینیت. جوولەکە لەسەر ئاستی جیهان هەمووی زۆر کاریگەر بوون، ئەوە ئەوانن خۆیان لەو خەڵکە عەوامە نادینییە کردووەتە خوای قەستینە و ڕۆژانەش ئاڕاستەی هەموویان دەکەن! ئەوە ئەوانن ئەم خەڵکە ئاژەڵگەلەیان وەپێشخۆداوە و بەرەو ئەو کەندەڵانەی دەبەن کە خۆیان دەزانن چارەنووسی لەوێ چی دەبێت. ئاوا بە تەدمیری خەڵکی تر دەگەنە ئامانجەکانیان. ئاوا بە مەفحکردنەوەی هەستی ئیمانداریێتی و دینداری و داماڵین و ڕاماڵینی حەیا و شەرم و ئابڕوو و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی خێزان و ڕماندنی بەهای ڕەوشتی بەرز و

دەستخستنە ناو هەموو کۆمەڵگایەک و هەموو دەزگایەکی ئاڕاستەکردنەوە. ئاوا دەسەڵاتدەگرن بەسەر سەرچاوەکانی کانزا و دارایی و حوکم و ئابووری و هەموو پیشەسازییە زەبەلاحەکـانی بەرهەمهێنان و ڕاگەیاندن. لەوانەش کۆمپانیاکانی پۆشاک و جوانی و دیکۆر و مۆدێلات.

پۆشاک و جوانی شتێک نین لە شەریعەتی خودا جودا بن و مەنهەجی خواویسـتی وەلـی کردبن و هەقی بەسەریانەوە نەبێت، تا داهێنەرانی مۆدێل و ڕەواجپێدەرانی فەساد بەپێی پلان و پیلانــی خۆیــان ئاڕاســتەیان بــکەن. پۆشــاک و جــوانی پەیوەنــدییان بە شــەریعەت و بە عەقیدەکەشەوە هەیە. لەبەر چەندین هۆ:

١- پێش هەموو شتێک پۆشاک و جوانی پەیوەنـدییان بە پەروەردگـارێتیی خـوای گەورەوە هەیە، کە تەوەرەی سەرەکیی ئەوەیە کە لە کوێـوە و لە کێـوە ئاڕاسـتە وەردەگرێـت؟ کـێ مـافی ڕێکخستنی ژیانی تاک و کـۆی ئـوممەتی موسـڵمانی هەیە؟ کـێ فەرمـان دەردەکـات کە بـاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیتان بـا ئاوابێـت و ئـاوا نەبێـت؟! بێگومـان خـوای گەورە. خوای گەورە کە ئاڕاستەی حاکمێتیی کردووە (یاسادانان و حوکمڕانی و دادوەریکردن) بێگومان ئاڕاستەی ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتیشی کردووە و سیما و سیفاتی هەموو بـزاوت و هەڵوێست و دیاردە و ڕواڵەتێکی دیاری کردووە، لەوانەش پۆشاک و جوانی، پۆشاکیشی فەرز کردووە (وەکوو لە سورەتی نووردا هاتووە).

٢- پەیوەندیی بە مرۆڤایەتیی مرۆڤەوە هەیە وەکـوو تـوخمی بەشـەر، بە زاڵکردنـی سـیفەتی مرۆیی بەسەر سروشتی ئاژەڵیيانەدا، جاهیلییەت دید و تێـڕوانین و زەوق و شـەوت و چێژتنـی جوانی و بەها و نەریتی ڕاقی و ڕێسای جێگیریی ڕەوشت ئیلغا دەکاتەوە و هەموویـان بە کـۆن دەناسێنێت، تا لایاندات و لە بەرانبەردا ڕووتی و بەڕەڵایی و ئاژەڵێتی بە پێشکەوتن و ڕاقیبوون دەناسێنێت و، دەیەوێت ئەم نەریـتە جاهیلییـانە بخـاتە شـوێنی ئەو بەهـا و ڕێسـا ڕێـزدارانەی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی! دەیەوێـت خۆداپۆشـین و ئەدەب و حیشـمەت بە دواکەوتـوویی و کۆنەپەرسـتێتی بناسـێنێت، ئەمەش پووکـانەوەیەکی زیانبەخشـی سروشـتی مـرۆڤ و سـیفاتی مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتییە، ئەمە زیانێکە و لەو سروشت و بەها مرۆییانە دەکەوێت. دوای ئەم حەملە بەردەوامەی جاهیلییەتی سەردەم، گێل و ساویلکەکانی وڵاتـی ئـیمەش دێـن و دەڵـێن:

قەیدی چییە؟ دین هەقی بەسەر پۆشاکەوە چییە؟ دیـن و پۆشـاکی ئافرەتـان؟ دیـن و جـوانی؟ دیــن و ماکیــاج؟ چ پەیوەنــدییان بەســەر یەکەوە هەیە؟ ئەم پرســیارە گەوجــانە ئاســەواری گەوجاندنەکەی جاهیلییەتە، ئاسەواری پووکانەوەی بەها و ڕێسا ڕەوشـتییە بەرزەکـانە، ئەوەش بەرهەمی ڕەنجی جاهیلییەتی هەمـوو کـات و شـوێنێکە، لەبەرئەوەی ئەم مەسـەلەی پۆشـاک و جوانییە وا دەردەکەوێت کە کێشەیەکی سـانەویانەبێت، بەڵام ئیسـلام زۆری بـایەخی پێـداوە و ئەحکامی بۆ داناوە، تا خەڵکی موسڵمان وانەزانێت مەسەلەیەکی سانەوی و ئاسان و گچـکەیە. پۆشاک و جوانی لە هاوکێشەی شـەرع و حسـاباتی ئیسـلامدا گەورە و گرنـگ و کـاریگەرن، چونکە لە لایەکەوە بە تەوحیدەکەوە پەیوەسـتن و لە لایەکـی تـرەوە بە چاکسـازیی سروشـتیی مرۆڤ و ڕەفتار و ڕەوشتی تاک و بەها و نەریتی کۆمەڵگەوە کە ئایا تەوحیدانە و پاک ڕەوشـت دادەڕێژێت، یان شیرکیانە و بۆگەن و بەڕەڵا؟

کەسی پارسـەنگ ئەگەر عەورەتـی دەرکەوێـت خەم دایـدەگرێت، عەورەتـی جەسـتەی و دەروونی، بۆیە هەمیشە خەڵکی هەوڵدەدەن هەردووکیان داپۆشن. ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن پۆشاک لەبەر جەستە و تەقوا لە نەفس و شەرمکردن لە خوای گەورە و لە خەڵکی -کە دیندار دەیکات- داماڵن، ئەوانەی کە زمان و پێنووس و ڕاگەیانـدنیان هەمـوو خسـتووەتە گەڕ تـا ئەم پرۆژە شەیتانییەیان سەربگرێت و خەڵکـی لە هەمـوو پۆشـاکێکی سـتر و دینـداری و شـەرم و شـکۆیەک داڕنــن؛ لە ڕاسـتیدا ئەوانە دەیانەوێـت سـیفەتە سروشـتیەکانی مـرۆڤ و وەسـفە مرۆییەکەی مرۆڤ کە پێیانەوە بووە بە مرۆڤ لە خەڵکی بکەنەوە و هەروا ئاسان مرۆڤ تەسلیم بە شەیتانی دوژمـن بـکەن کە ئەوە پلانـی ئەوە کە پۆشـاک لەبەر نەوەی ئـادەم دادەکەنێـت و عەورەتیان بخاتە ڕوو. ئەوانەی ئەم پرۆژە شەیتانییانەیان گرتووەتەبەر و شـەو و ڕۆژ لە هەوڵـی جێبەجێکردنیدان، هەر ئەوانەن کە نەخشـەی گـڵاوی زایۆنیسـتەکان جێبەجـێ دەکەن کە زۆر شەڕخوازانە بۆ ڕماندنی مرۆڤـایەتی دایانڕشـتووە و هەوڵـی بەردەوام دەدەن بـۆ بڵاوکـردنەوەی بەڕەڵایی و پووکانەوەی دابونەریتی ڕەسەن و هەسـتی دینـداری و جـوامێری لە خەڵکیـدا، تـا هەموو جیهان ئاسان بکەوێتە ژێر دەستی شـای زایۆنییەکـان دوای ئەوەی هەمـوو بنەمـایەکی بەهێزی ڕەسەنێتی لەدەست دەدەن!

ڕووتی سروشتی ئاژەڵە، ئاژەڵ ڕووتە و عەورەتی بەدەرەوەیە، ئەو مرۆڤەش کە دەخوازێت ڕووت بێت ئەویش دابەزیوەتە هەستی ئاژەڵێتی. ئەوی بینینی ڕووت بە جوانیی دەناسێنێت، لە حەقیقەتەدا لە زەوقی سروشتی مرۆڤایەتیی خۆی دابەزیوە و زۆریش ڕۆچووە. خۆ هۆزە دواکەوتووەکانی ناوەندی ئەفریقا هەموو ڕوتوقوتن، کەوابوو ئەوان لوتکەی زەوقی سروشتی مرۆڤ و نیشانەی پێشکەوتنن! (لەوانیش پێشکەوتووتر هەیە!). ئیسلام کاتێک بە دید و ڕێ و بەهای شارستانێتیی خۆیەوە دەچێتە ئەو شوێنانە، یەکەمین هەنگاوی بە شارستانیکردنیان پۆشاک پێ لەبەرکردنیانە، ئەمما جاهیلییەتی سەردەم کە خۆی زۆر بە پێشکەوتووخواز دەزانێت، خەڵکەکە دەباتەوە خوارێ بۆ ئاستی ئەو هۆزە دواکەوتووانەی ئیسلام سیفەتی سروشت و سیمای شارستانێتییان پێ دەگەیەنێت. شارستانێتی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕزگارکردنی سیفەت و سیما و سروشتی مرۆڤ و ڕاقیکردنێتی، بە هەستی یەکبوونی مرۆڤ و یەکبوونی ژیان و مردن و یەکبوونی گەردوون کە هەموو مەخلووقن، تا هەست بە تەوحیدی خوای گەورە بکەن کە کردگار و پەروەردگار و حاکمی بێوێنەیە. ئەمما سفووری و ڕووتی بەڕاستی گەڕانەوەیە بۆ جاهیلییەت و دواکەوتوویی.

عەبدێتیکردن بۆ غەیری خوای گەورە، لە دید و تێڕوانینی عەقائیدیدا، واتە تەسلیمبوون بە دێو و خێو و ئەفسانە و چیرۆکی بەر ئاگردان! کە هەر دەڕوات و کۆتایی نایات. ئەمە لە هەموو جاهیلییەتەکاندا هەیە، زۆر شێواز و چۆنیەتی و جۆری هەبووە و هەیە. چەندین ئاست و پلەشی هەبووە و هەیە. ئەفسانەی عەوام و خەڵکە ڕەشۆکەکە و ئەفسانەی کاسب و ڕەنجدەران و ئەفسانەی تاڵ بەسەر دەسەڵاتداراندا و ئەفسانەی ناو هزر و ژیریی زێوانە دینییەکان! کە ڕەنگە ئەمان سەرچاوەی زۆرینەی ئەو ئەفسانانەی چینەکانی تریش بووبن. لەو ئەفسانە و ڕەفتارە باتڵانە: قوربانیکردن، سەربڕینی ئاژەڵ و زۆرجاریش ئەولاد لەبەردەم بتەکان و خوێن تێهەڵسوون و دوعا و پاڕانەوەی زەلیلانە بۆ ئەوەی بتەکە قوربانییەکەی قبووڵ بکات و لێی نەڕەنجێت! یان زارۆک و وەچەی پێببەخشێت، یان نەخۆشی چاک بکاتەوە و لە سەفەر بە سەلامەتی بێتەوە و هەروەها داوای تری ناماقووڵ لە بتی نامەعقوول، بە پەرستنێکی جاهیلیی موشریکانە! (کە ئەمە لەناو خەڵکی ئێمەدا بۆ مشایەخ و مەرقەد و نزرگاکان

دەکرێت). یان ئەفسانەی پیاوانی دینی و پیرۆزکردنیان و پەرستنیان، چ ڕاستەوخۆ، چ لاوەکی، چ بەو سیفەتەی خۆیان کاریگەری غەیبین، چ بەو سیفەتەی واسیتەکارن لای خوای ئاسمان. (ئەمەش لەناو خەڵکی وڵاتانی ئێمەدا بۆ شێخی تەریقەت دەکرێت) یان ئەفسانەی کاریگەریی ڕۆحیانەتی مردوو! هەندێک هەلەق و مەلەق کە بە ناوی جنۆکەوە بڵاو دەبێتەوە (کە پەیوەندیی بە جیهانی فریشتە و پەری و جنۆکەوە نییە). ئەمانە و چەندین ئەفسانەی تر کە هەر یەکەیان لە ناخی کەسە نەزانەکاندا جیهانێکی سامناکی پڕ ترس و بیم دروست دەکات و، دەیان جۆر واهیمە و وەسوەسە و ترسی نادیار دروست دەکات، کە بە هەزاران کەسی جاهیلییەتی کۆن و نوێ پارە و سامان لە جادووگەری و نوشتەکاری و موفەڕک و گڵ و خۆڵی (پیرۆز)دا سەرف دەکەن.[1] جگە لەو هەموو چەواشەکاری و دزی و بەدڕەوشتییەی لێیان دەکەوێتەوە!

ئەمانە هەمووی کە دەچنە ریزی مەسروفاتی بەدواداچوونی مۆدێل و وەڵامدانەوەی ڕەواجدانی پۆشاک و ماکیاج و جوانی، هەر خوا خۆی دەزانێت بە ڕێژەی چەندی مەسروفی ماڵان بۆ ئەم گەڕەلاوژێ و شیرکیاتە دەڕوات. هەموو ماڵێک کە ئاستی مەعیشەتی مامناوەندییە، بوجەیەکی زۆری دەڕوات بۆ جۆری قوماش و شێوازی دوورین و زۆر جۆر مۆدێل و ئینجا جۆری پێڵاو وتەسریحەی قژ و خشڵی زێڕ (ملوانکە و گوێبەرۆک و پشتێن و بازنە و مستیلە و پاوانە و هتد!!)، ئینجا دیکۆری ماڵ (قەنەفە و کورسی یان دۆشەک و ژووری دانیشتن و وێنە و زەخرەفە و پەردە و فەرش و هتد). کە لە زۆر وڵاتدا ساڵانە دەگۆڕرێن! ئەوەی لەپشت ئەم هەموو تین و فشار و هەلەکەسەما و هەناسەبڕکێیەوەیە و قازانج دەکات؛ شەیتان و شەیتانیزمە سەرمایەدارەکان و بووقی میدیا و ڕەواجپێدەرەکانی ئەم هەموو زێدەڕۆییەن، چونکە زۆر ماڵ نیوەی بوجەی مانگانەی بۆ ئەم شت و ڕەفتارە زێدەڕەویانە دەڕوات. کۆمپانیای جوولەکە سەرمایەدارەکان لە بەرهەمهێنان ناوەستن. بۆیە ساڵانە مۆدێلەکە دەگۆڕن و چەندین ڕێگای هاندانی کڕین دەگرنەبەر، تا کڕیارەکان هەروا هەڵەداوان

(١) ماڵ هەیە کاڵایەکی گرانبەهای کڕیوە و لە ساڵێکدا یەک جار بەکاریهێناوە، هەزاران ئافرەت هەن کە جلی بووکێنییەکەیان یەک جار بەکارهێناوە. لە ئامارێکی سەیردا خوێندمەوە کە (٩) سەرۆک لە سەرۆکەکانی (٢١) وڵاتە عەرەبییەکان نوشتەیان کردووە، یان فاڵیانگرتۆتەوە و ساڵانە سێ ملیار دۆلار بۆ خۆلادان لەم ئەفسانانە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا خەرجدەکرێت!!

بەدوایانەوە بن![1]

## کۆڵی قورسی حاکمێتیی بەشەر:

دوای ئەو کۆڵە قورسانەی دەکەونە سەر ئەو کەسەی وەحی خوایی ناگرێتەبەر و دینی خوا بە مەنهەجی ژیانی قبووڵ ناکات و سەرپشکانە دەبێتە عەبدی غەیری خوا کە لە هەموو لایەکەوە بار دەکرێت، کۆڵی قورسی ناڕەحەتیی زیاتری دەکەوێتە سەر کە کۆڵی حاکمێتیی بەشەرە. ئەو کەسەی دەکەوێتە پەرستنی غەیری خوای گەورە و غەیری وەحی دەکاتە ڕێباز و بەرنامەی ژیانی، قوربانی زۆر زۆرتر لەو کەسە دەدات کە وەحیی قبووڵ کردووە و، تەنها عەبدێتیی بۆ خوای گەورە دەکات. تەکالیفی شیرک و کوفر و جاهیلییەت زۆر قورستر و دژوارتر و چڕترە لە تەکالیفی ئیمانداریێتی و موسڵمانێتی. ئەو کەسەی عەبدێتی خوای گەورەی ڕەفز کردووە بووەتە عەبدی سەرلێشێواوی دەیان خوای قەستینە، لە هەواوهەوەسی خۆی و خەڵکی تر، لەدابونەریتی کۆن و دیدی لێڵ و حاکمێتیی مرۆڤی وەکوو خۆی، لە حاکمێتیی غەیری خوای گەورەدا دەیان جۆر خوای قەستینە و بتی تر ڕاست دەکرێنەوە و عەبدێتییان بۆ ڕادەگەیەنرێت و هەموو پەرستنەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێت! بتی (نیشتیمان، نەتەوە، گەل، توخم، بەرهەم و ماددەپەرستی و دەیان جۆری تر، کە هەریەکەیان خەرمانەی پیرۆزیان بە دەوردا کێشراوە و ئاڵا و دروشمیان بۆ بەرز کراوەتەوە و بەرەیان دیاری کراوە، شەیپوری شەڕیان بۆ لێ دەدرێت و هەزاران دەبنە قوربانیان و ملیۆنەهاش ڕۆژانە دەیانپەرستن، هەر کاتێکیش قبووڵی نەبن، یان دژیان بوەستێتەوە، واوەیلا بە حاڵیان، چونکە لە هەموو لایەکەوە بە (خائن) دەناسرێن و عەیبوعار دێتە کۆڵی خۆیان و کەسوکاریان!

کاتێک شەرەف و ئابڕوو نامووس لەگەڵ داخوازییەکانی ئەم بتانەدا یەک ناگرێتەوە، ئەوان دەکرێن بە قوربانی ئەمان، چونکە بتەکان لای زێوانەکان پیرۆزترن لە ئابڕوو! پیرۆزترن لە

(١) سلین دیون، ئافرەتێکی گۆرانیبێژی کەنەدابییە، کە ماڵەکەیان گواستەوە ڕایگەیاند کە سی هەزار (٣٠،٠٠٠) جووت پێڵاوی هەیە! وەزارەتی ڕۆشنبیریی!! جەزائیر ئەم خاتوونەی بانگهێشتکرد تا لە ئاهەنگی مانگی (٢٠١٤/١)دا بەشداربێت، لە بەرانبەردا ئەم خاتوونە داوای (٢٣) ملیۆن دۆلاری بۆ هەر شەوە گۆرانیەک لێکردن!

هەمـوو شـتێکی پیـرۆز کە خوێنیـان لە پێنـاودا دەڕژێـت. ئەو کـاتەش تاغوتەکـان بە ڕێگـای یاسایی و بە لۆتی و شایەرەکانیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەموو کار و کێشـەکە پـێچەوانە دەکەنەوە. هەموو ئەوانەی پیرۆزن بێڕێز دەکرێن، هەرچی بنەما و نەریتی پارسەنگ و سروشتی مرۆڤی سەرڕاستە، بە خراپەکاری و کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی دەناسرێن و، لەبەرانبەریشدا ڕەواج بە هەموو خراپەکـارییەکی جـاهیلییەت دەدرێـت و عەبـدەکانی جـاهیلییەت زۆر زیـاتر خوێن و ڕەنج دەدەن، زیاتر لەوەی ئەهلی حەق دەیدەن. خەڵکی، وا دەزانن تەوحیـد و جیهـاد قورسن و قوربانی زۆرینـەی دەوێـت، هەر چاویـان لەوەیە کە خەڵکـی بە هـۆی عەقیـدەکەوە مەحروم دەکرێن و لە جیهادەکەشـدا دەکـوژرێن، بەڵام قوربانیـانی ڕێـی جـاهیلییەت زۆر زۆر زیاترن، ئەو زەلیلی و ژێردەستەییەی عەبدێتیی جـاهیلییەت دەیخوازێـت، زۆر لەوە گەورەتـر و دژوارترە کە تەوحید و جیهاد دەیخـوازن، ئەو قوربـانییەی جیهـاد دەیخوازێـت، کە لە پێنـاوی پەرستنی خوای تاک و پاکدا دەبێت، لە پێناوی حاکمێتیی شەریعەتەکەیدا دەبێت، تا مـرۆڤ لە مرۆڤپەرستی قوتار ببێت، تا گەلانی ژێردەستە لە ئەفسانە و نەریتـی چەقبەسـتوو و دەسـەڵاتی تاغوتانی ڕزگار ببن، ئەو ڕەنج و خوێنەی ئەم گۆڕانکارییە ڕیشـەییە دەیخوازێـت، ئەو بـاجەی لەم ڕێگایەدا دەدرێت زۆر زۆر لەوە کەمترە کە خەڵکی لەژێـر سـایەی جاهیلییەتـدا و لە ڕێـی عەبـدێتیی تاغوتانـدا دەیـکەن و دەیـدەن. ئەوەی لە ڕێـی خواویسـتیدا دەدرێـت و ئەنجـامی سەرکەوتنی بە ئیزنی خـوای گەورە پێـوەیە، لەوە کەمـترە کە مـانەوەی ژێـر دەسـتی تـاغوت و حاکمێتیی شـیرک و کـوفر و جـاهیلییەت دەیخوازێـت، ئەو کەسـانەی لەوە دەترسـن لە ڕێـی تەوحید و جیهاددا -کە ڕێـی ڕزگـارکردنی مـرۆڤە- تووشـی ناسـۆر و ژان و ئەشـکەنجە بـبن، تووشی مەحروومبوون و کەناردان و تەرەکردن ببن، تووشی کوشتار و کوشتن و زینـدان بـبن، ماڵ و منداڵ و سەروەرت و سامانیان تێدا بچێت، ئەگەر جیهاد بەرپـا بـکەن و بەردەوام بـن و تەنازولی لێ نەکەن دەبێت سەروماڵی لە پێناودا دابنێن! دەبێت بیر بکەنەوە کە ئەرکی ڕێگـاکە قورسە. بەڵێ ئەمە زۆر ڕاسـتە، بەڵام هیچیـان لە هـیچ بوارێکـدا و بە هـیچ بـڕ و ڕادەیەک لەو قوربـانییە سـەختەی ژێردەسـتیی پـڕ زەلیلیـیە زیـاتر نـابن کە ژیـانی ژێـر سـێبەری تـاغوت دەیخوازێت. بـا ئەو کەسـانەی تەوحیـد و جیهادەکەیـان لە لا سـەختە، وردەکـارانە و ژیـرانە سەرنجبدەنە ژیانی ژێر سێبەری شیرک و کـوفر و جـاهیلییەت، بـزانن زیـانی مـاڵ و گیـان و

سەرووەت و سامان و ماف و ئەولادیان چەندین بەرانبەر زیاترە لە ئەرکەکانی ڕێی تەوحید و جیهاد. با لەوە وردبینەوە کە لە کام حاڵەتیاندا عەقیدەکە لێڵ و لاسەنگ دەبێت، لە کام حاڵەتیاندا موسڵمان ئازاد نابێت، لە کام حاڵەتیاندا موسڵمان لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی ڕەسەنی دینداری و دابونەریتی شەرعییانە پەروەردە نابێت، لە کام حاڵەتیاندا بزاوت و هەڵوێستی شەرعیانە دەنوێنێت، ئومێدی سەرکەوتن و تەمکین لە کام حاڵەتیاندا زۆرترە؟! شەرەف و ئابڕوو و نامووس لە کامیاندا پارێزراوە؟ موسڵمان لە کام حاڵەتیاندا باجی دینداریێتیی زیاتر دەدات؟ لە ڕێی تەوحید و جیهاددا، یان لە ژیانی ژێر سێبەری تاغوتاندا؟!

**لە هیچ حاڵەتێکدا ئەرک و باجی جیهاد کە لە ڕێی خوای گەورەدایە و بۆ لادان و ڕادانی شیرک و کوفر و جاهیلییەت و دەسەڵاتی تاغوتانی ملهوڕە، لەو ئەرک و باجە زیاتر نییە کە موسڵمان لە سایەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی غەیری خواویستیدا بۆ مانەوەی ژیانی دەیدات. ئەمە جگە لەوەی عززەت و ڕێز و سەربەرزیی ڕێی تەوحید و جیهاد بەراورد ناکرێت لەگەڵ زەلیلی و نەنگی و ژێردەستەیی لە ژیانی جاهیلییەتدا، سەربەرزیی ڕێی جیهاد لە کوێ و پەڵەی عار و ئابڕووچوون و چاوشۆڕیی بندەستی تاغوتان لە کوێ؟!**

تەوحیدی خواپەرستی و قبوولکردنی دینی خوا بە ڕێباز و بەرنامە و ڕاڤەکردنی عەبدێتیی غەیری خوای گەورە و قبووڵنەکردنی مەنهەجی شیرک و کوفر و جاهیلییەت، نرخ و بەهای باڵای تایبەتی خۆی لە پاراستنی ڕەنج و گەنجی مرۆڤایەتیدا هەیە، کە لە ئیسلامدا هیچ ڕەنج و سامان و خوێنێک بۆ خوا قەستینەکان و بتە ماددی و مەعنەوییەکان نادرێت، بەڵکوو لە پێناوی خوادا، بەڵام بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمین بە نووری خواویستی و دادی شەرع و بەگەڕخستنی تواناکان لە خێر و خۆشیی خەڵکیدا. لەم بواری حاکمێتیی بەشەر و خوایەتیی قەستینە و دەسەڵاتدارێتیی ملهوڕی تاغوتیدا دیاردەیەک هەیە کە لە هەموو کات و شوێن و کەشێکی جاهیلییەتدا دووپات دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە عەبدێکی خۆپەرست کە لە خەڵکی قیت دەبێتەوە و بە هۆی هێزی چەواشەکارییەوە (هێزی ماددی و سیاسی و ئابووری و فریودانی دینی) خۆی لە خەڵکەکە دەکاتە حاکم، دەبێتە تاغوتێک و لە جیاتی خوای گەورە دادەنرێت و دەپەرسترێت. ئەم تاغوتەش بۆئەوەی جێ پێی مەحکەم بکات و خەڵکی

بێچەندوچوون شوێنیکەون و بیپەرستن؛ پێویستی بەوەیە کە هەموو توانا و وزەکانی بەردەست خەڵکەکەش بۆ حاکمێتییەکەی خۆی بخاتە گەڕ. تا ئەو جەماوەرە چەواشەکارە بکەونە سوپاس و ستایشی و زوڕناژەنەکانیش دەبێت بکەونە پێداهەڵدانی و زێوانەکانی جاهیلییەت کە مۆم و بوغوردیان لە پەرستگای جاهیلیدا دەسوتاند و تەرنیمەی پیرۆزییان بۆ دەهۆنییەوە، هەموو دێن و لەم قەزەمە گرگنە کۆ دەبنەوە و فوو بە کەسایەتیی بوودەڵییدا دەکەن تا گەورە و مەزن و پیرۆز و مەعسوم نیشانی بدەن! ئیتر جارجار پلە و ناو و نازناوێکی بەسەردا دەکەن، تا دەیگەیەننە ئاستی پەرستنی تەواو، ئەویش خۆیان لێ دەکاتە خوا و داوایان لێ دەکات بیپەرستن، بە دروشمی پەرستن و مەدح و سەنا و ستایشکردنی. جا ئەو کاتە لۆتی و شایەرەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان هەموو دەکەونە مەدح و سەنای تاغوت و سروود و گۆرانی و هۆنراوە پێداهەڵدانی و واش دەیناسێنن کە تاک و پاک و چاکە و کەسێکی تر وەکوو ئەو نییە! تا هەموو سیفەتێکی بێوێنەیی خوای گەورەی بەبەردا دەکەن![1] جەماوەرەکەش بە هەموو شێوەیەک دەخرێتە سەر کەڵکەڵەی سەما و هەموو جۆرەکانی عیبادەتی بۆ ئەنجام دەدەن و ئامادەشن کۆمەڵ بە کۆمەڵ لە دەوری گەڕێن و خۆ بکەنە قوربانیی مانەوەی! ئەمەش ڕەنجێکە کۆتایی نایەت، چونکە وێنە فشەڵەکەی سەرۆک و وەسف و سەناکان سیس دەبنەوە، کاڵ دەبنەوە، فش دەبنەوە، بۆیە دەبێت بەردەوام فوویان پێدا بکرێت، بەردەوام وا نیشان بدرێن کە نوێن! چونکە تاغوتی فەرماندە و ئاڕاستەوان زۆری لەباردایە، بەڵام هەموو خەڵکەکە ئیستیعابی بلیمەتییەکەی ناکەن!

ئا ئەم هەموو ڕەنج و سامان و خوێنەی لە مەدح و سەنای تاغوتدا دەدرێت، ئەم هەموو مەسروفاتەی بۆ ئاهەنگ و گۆرانی پێداهەڵدانی خەرج دەکرێت، ئەم هەموو ئابڕووەی لە پەرستنیدا دەتکێ. ئەگەر لە ڕێی ڕەوای خواویستیدا خەرج بکرایا، دەبووە مایەی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و چارەسەری نەخۆشی و نەهێشتنی نەخوێندەواری. دەبووە

(١) عەبدەکانی سەددامی تاغووت (٩٩) ناویان لێنابوو کە لەگەڵ (٩٩) ناوە جوانەکانی خوای گەورە پێکەوە لەسەر یەک کارتۆن چاپ دەکران!! لە مزگەوتی (خولەفا)ش لە بەغدا لە سەردەمی (جەلال حەنەفی)دا کە ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکە بوو و بڕوانامەی مەلایەتیی لە (مۆسکۆ)!! وەرگرتبوو، وێنەیەکی گەورەی سەدامی تاغووت لە میحرابەکەدا دانرابوو، تا خەڵکەکەش بە جەماعەت لە دوای ئیمامە مولحیدەکەیانەوە بڵێن (إياك نعبد وإياك نستعين)!!!

مایەی خێر و خۆشی و حەوانەوەی هەزاران و ملیۆنەها مەحرووم،[1] بەڵام بە دڵنیاییەوە مادام حاکمێتی (یاسادانان و حومکڕانی و داوەری) بە دەست تاغوتانەوەیە و دین و شەرعی خوای گەورە ئاڕاستەی کۆمەڵگە و دەسەڵات ناکات، حەتمەن ئەم ڕەنج و سامانە بۆ ئەو بوارە خێرخوازییانە خەرج ناکرێن، بەڵکوو بۆ جوانکردنی تاغوت و گەیاندنێتی بە ئاستی خوایەتی و سەرخستنیەتی.

لەم ئاماژە خێرایەوە دەردەکەوێت کە زیانی مرۆڤایەتی چەند زۆر و گەورە و هەمەلایەنەیە، چەند وزە و ورە و توانا بەهەدەر دەڕوات، چەند سامان و ماڵ و پارە بە فیڕۆ خەرج دەکرێت، چەند بەرهەمی ڕاستەقینەی خزمەتگوزاری ئیلغا دەکرێتەوە، یان خەڵکی لێ مەحرووم دەکرێت؟ ئەمە جگە لە زیانی گیانی و بەهەدەردانی خوێن و ژیانی هەزاران، جگە لە داڕمانی ڕەفتار و ڕەوشتی ڕەسەن و دابونەریتی پەسەن، جگە لە تکانی ئابڕوو پووکانەوەی شەرەف و جوامێری و چوونی ناموسی ملیۆنەها. هەموو ئەمانەش جگە لە زەلیلی و ژێردەستەی و چاوشۆڕی، جگە لە برسێتی و نەخۆشی و ترس و تۆقان! ئەمە سیمای هەموو سیستمێکی بەشەرییە، بەڵام دەشێت کات و شوێن و ڕادە و بڕەکان جیاواز بن.

پوختەی شیکار کە دەیگەینێ ئەوەیە کە کێشەی حاکمێتی و شوێنکەوتن و ئاڕاستەوانی -کە قورئان ناوی دەنێت پەرستن- کێشەی سەرەکیی عەقیدەی ئیسلامە، کێشەی سەرەکیی ئیمان و ئیسلامە، تەوەری ئیسلامەکەیە نەک باسێکی لاوەکیی فیقهـ و سیاسەت. نا، کێشەی تەوحیدە. تەوەری تەوحیدەکەیە، کە ئایا حاکمێتی و دەسەڵات و ئاڕاستەوانێتی بۆ خوای گەورەیە و بەس؟ یان بۆ غەیری خوای گەورەیە؟ بە مانایەکی تر: ئایا هەر خوای گەورە لەم بوارانەدا دەپەرسترێت، یان خوایتریش هەن کە وەل خوای گەورەدان و لە سیفاتەکانیدا هاوبەشن؟ وەڵامەکە هەرچییەک بێت حوکمی کوفر و ئیمانی لەسەر دەوەستێت، ئایا دەبێت ئەم پەرستنە کە حاکمێتییە (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن) لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی و مافی

---

(١) وەکوو ئەو ئەو سێزدە ملیار دۆلارەی لە پێنج مانگی یەکەمی ئینقلابە شوومە سەربازییەکەی (سیسی) لە میسر، کە سعودییە و ئیمارات و کووەیت دایانە حکومەتی سەربازیی میسر، لە پاداشتی لادان و ڕادانی حکومەتی (موحەممەد مورسی)ی ئیخوان! کە لە هەشتەم مانگی ئینقلابدا هەشت ملیاری تریشی درایە و گەلی میسریش هەر بە داماویدا ڕۆدەچوو.

ئاڕاستەوانی و ئیدارە و هەڵسووڕاندن، مافی خوای تاک و پاکە و بەس؟ یـان دەشـێت بکـرێتە مافی غەیری خوای گەورە؟ کەسێک و کۆمەڵێک، حزبێک، چینێک، نەوەیەک، سیسـتمێک؟! ئایـا دەشـێت یـان نـا؟ ئەگەر ناشـێت کەوابـوو حەقیقەتێکـی ڕەهـا دەبێـت لەسـەر ئەو وەڵامە دابمەزرێت، ئەویـش ئەوەیە: **کە حەتمەن دەبێت دەستوور و شەریعەت و سیسـتمی ئیـدارە و حوکم، ئەحکامەکانی ڕەفتاری تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت -کە ژیانی دونیا و قیامەتیان ڕێک دەخات- دەبێت لەسەر زەمینەی عەقائیدیی ئەو خواپەرستییە دابمەزرێن، چونکە هەموو ئەم ڕەفتارانە شـەریعەتەکە ڕێکیـان دەخـات، ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا عیبـادەتەکە لەسـەر عەقیدەکە دامەزراوە، مانای ئەمەش ئەوەیە کە مەنهەجی خوای گەورە کە وەحییە ئاڕاستەوانی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆیە.**

ئاوا دەسەلمێت کە عیبادەت لە ئیسلامدا هەر دروشـمەکانی پەرسـتن نـین (وەکـوو نـوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و قورئان خوێندن و زیکر و تەسبیحات)، بەڵکوو پەرسـتن کە تەوەری دینەکەیە بریتییە لەو دروشمانەی پەرسـتن و پـێش ئەویـش: تەسـلیمبوون بە خـوایەتیی خـوای گەورە، بە پەروەردگاریتی و حـاکمێتی و وەرگرتنـی دینـەکەی و کردنـی بە ڕێبـاز و بەرنـامەی ژیان و ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریـت و بـزاوت و هەڵوێست و دەستوور، سیستمی حوکمڕانیش دینەکەی خوا دەبێت و بەس. ئەمەش ئەو دید و ڕێ دینییەیە کە خوای گەورە بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندن و چەسپاندنی، ئەو هەموو پێغەمـبەرە بەڕێزەی (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت) هەڵبـژاردووە و ئەو هەمـوو پەیامـانەی خـۆیی پێیانـدا ناردووە. ئەم دید و ڕێ و حاکمێتییە، ئەم عیبادەتە گشتگیرەیە کە ئەو هەمـوو ڕەنـج و خـوێن و جیهادەی لە پێناودا کراوە و ئێستاش هەر ئەوەیە و بەردەوامە .دەبێت داعییانی ئیسـلامی لەوە دڵنیابن و خۆیانی لەسەر پەروەردە بکەن و خۆڕاگر بن لەسەری.

## خەڵکی ئەم سەردەمەش لە جاهیلییەتدان:

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ بە گشـتی هەمـووی بەرەو جـاهیلییەت گەڕاوەتەوە و، لەو جـاهیلییەتەدا دەژی کە کۆتا پێغەمبەری خوا موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕزگاریکردن لێـی. جـاهیلییەتیش لە

چەندین لایەندایە: هەندێک جاهیلییەت نکۆڵی لە بوونی خوای گەورە دەکات و مولحیدە. ئەمە جاهیلییەتی عەقیدەیە، جاهیلییەتی دید و تێڕوانینە، وەکوو جاهیلییەتی کۆمۆنیستەکان. هەندێک جاهیلییەتی تر ئیعترافێکی لێڵ و پێڵ بە هەبوونی خوای گەورە دەکەن، بەڵام لە دروشمەکانی پەرستندا، یان لە شوێنکەوتنی وەحی و ملکەچی و گوێڕایەڵیی دینی خودا وێڵ بوون، وەکوو جاهیلییەتی بتپەرست و (وەثەنی)یەکان لە هیندستان و جێی تر. یان وەکوو جاهیلییەتی جوولەکە و دیانەکان. هەندێک جاهیلییەتیش ڕاستەوڕاست ئیعترافێکی ڕەوا بە هەبوونی خوای گەورە دەکات و مومارەسەی خواپەرستییەکانی دەکات، لەگەڵ ئیعترافێکی زۆر دژوار و لادانێکی خەتەر لە واتای (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)، لەگەڵ هاوبەشدانانێکی زەق و دزێو بۆ خوای گەورە لە بوارەکانی شوێنکەوتن و ملکەچی و داوەرێتیی شەرع و حاکمێتییدا، وەکوو جاهیلییەتی ئەو کەسانەی بە خۆیان دەڵێن موسڵمان و وا دەزانن هەر بەوەندەی شایەتمانیان هێناوە موسڵمان بوون و سیما و مۆرک و سیفەتی ئیسلامەتییان وەرگرتووە و هەموو مافێکی موسڵمانانەیان بۆ مسۆگەر بووە، بە تایبەتی کە ئەوەتا نوێژ و ڕۆژووەکانیشیان ئەنجام دەدەن، لەگەڵ خراپ تێگەیشتنیان لە واتای شایەتمان و تەسلیمبوونیان و وەرگرتنی دید و ڕێ و بژاوتی غەیری وەحی لە کەس و کۆمەڵی بەشەرییەوە. ئەمانە هەموویان جاهیلییەتن و کافربوونن، باوەڕنەبوونن بە خوای گەورە، یان بڕیاردانی هاوبەشێتین بۆ خوای گەورە، دید و ڕێ و حاڵیان وەکوو دید و ڕێ و حاڵی جاهیلییەتی پێشووە، ئەو جاهیلییەتەی ئیسلام هات و گۆڕیی. دیتنی واقیعی مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ بەو حاڵەتەیەوە و ڕوانینی لەو دید و ڕوانگە عەقائیدییەی ئیسلامەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتیی گەڕاوەتەوە سەر جاهیلییەت. جاهیلییەتێکی گشتگیر، جاهیلییەتێکی پشێو و ئاڵۆز و سەرگەردان کە هەروەکوو ئەو جاهیلییەتەیە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ئیسلام لایدا و ڕایدا. پێشتریش زۆر جاری تر پێغەمبەرانی بەڕێز (سەلامی خوایان لێ بێت) هەر بە وەحی دەیانپووکاندەوە و لایان دەدا و ڕایان دەدا. سەرنجدان و باش تێگەیشتن لەم ململانێی ئیسلام و جاهیلییەتە و دەرکەوتنەوەی جاهیلییەت لەم سەردەمەیدا و بەو شێوە گشتگیر و بەرفراوانە، زەروورییە بۆ داعییانی ڕێی خواویستی، تا وردەکارانە سەرنجی بدەن، چونکە ڕۆڵی ئەم داعییە بەڕێزانەش وەکوو ڕۆڵی پێغەمبەرە عەزیزەکان و یاوەرانیانە لە

بەرانبەر جاهیلییەتدا، ڕۆڵی سەرەکی پێشڕەوانی خواویستی ڕۆشنە و ئەرکی سەرەکییان دیارە، بۆیە دەبێت خاڵی دەستپێکیشیان ڕوون و ئاشکرا و دیار بێت .

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی پێویستە هەر لەو سەرەتا و دەستپێکەوە مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ بۆ ئیسلام بانگهێشت بکەن، کە لە یەکەمجاردا ئیسلام خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکرد، دەبێت هەر وا هەوڵ بدرێتەوە مرۆڤایەتیی سەردەمیش لەدەست جاهیلییەتی ئەمڕۆ قوتار بکرێتەوە، دەبێت لە هەمان خاڵی دەستپێکەوە گۆڕانکارییەکە بکرێت، واتە لە باوەڕهێنانی تەواو و پتەو بە خوایەتیی خوای گەورە، بە ناساندنی عەقیدەکە، بە تەقدیمکردنی هەموو ڕەفتارەکانی پەرستن بۆ خوای گەورە، بە ڕوونکردنەوەی عیبادەت، بۆ وەرگرتنەوەی وەحی و گرتنەبەریی پەیامی خوای و کردنی بە ڕێباز و بەرنامەی ژیانی تاک و کۆ و سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەت. بەو شێوە پاک و تاکەی خۆی کە نەیهێشتووە هیچ دید و ڕێ و ڕێباز و بەرنامەیەک تێکەڵ بە دینەکە ببێت. بەبێ ئەمە خەڵکی نایەنە بازنەی ئیسلامەوە، بەبێ وەرگرتن و سەلماندن و چەسپاندنی ئەمە کەس سیفەتی موسڵمانێتیی بەبەردا ناکرێت و نابنە خاوەن ئەو مافانەی موسڵمان کە ئیسلام بۆ شوێنکەوتووانی خۆیی دیاری کردووە. وەرنەگرتنی یەکێکیشیان: عەقیدەکە، یان عیبادەتەکە، یان شەریعەتەکە، وەکوو ئەوەیە کە هیچیان وەرنەگیرابێت، چونکە بە هەرسێکیان (باوەڕ) پێک دەهێنن، هەرسێکیان پێکهاتەی تەوحیدن. ڕەفزکردنی یەکێکیان کافربوونە بە دوانەکەی تریش، گەڕانەوەیە بۆ شیرک و کوفر و جاهیلییەت .زاڵبوونەوە و باڵکێشانی جاهیلییەت بەسەر سەرزەمینی ئەمڕۆدا قۆناغێکە، یان خولانەوەیەکی تریەتی، چونکە ئیسلام دوای جاهیلییەت هات و لایدا. هەر کاتێک ئیسلام یەک بخرێت، جاهیلییەت دێتەوە پێشێ (وەکوو ڕووناکی و تاریکی. تاریکی ناتوانێت ڕووناکی لادات، بەڵام چاوەڕێ دەکات بکوژێنرێتەوە، یان لادرێت، یان لاواز بکرێت، تا تاریکاییەکە زۆرترین مەودا بگرێتەوە. بۆیە دەبێت لەم سەردەمەشدا وا هەست بکرێت کە ئەوە خولانەوەیەکی تری جاهیلییەتە و حەتمەن ئیسلامیش دێتەوە بەرانبەری و لایدەدات و ڕایدەداتەوە (إن شاء الله). حەتمەن ئیسلام سەرکەوتوو دەبێت و خەڵکی بەرەو خوای گەورە دەهێنێتەوە و، جارێکی تر لە پەرستنی مرۆڤ قوتاریان دەکاتەوە و دەیانخاتەوە بواری

خواپەرستی، کەوابوو پێویستە بانگەوازەکەش بگاتەوە ئاستی ئەو ڕۆشنی و ئاشکرایی و ڕاشکاوێتییەی یەکەمین جاری و ئەمە پێویستە لای خودی ئوممەتە موسڵمانەکەش و هەم لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەشیدا ئاوا ڕۆشن ڕایبگەیەنێت، بەبێ ئەم ڕۆشنی و ئاشکرایی و ڕاشکاوێتییە ئەستەمە پێشڕەوانی ڕابوونەوەی خواویستی ئەرکی سەرشانیان لەم سەردەم و قۆناغە هەستیارەدا جێبەجێ بکەنەوە. هەرچەندە لەوانەیە ئەمە لە لای هەندێک کەس سەخت بێتە بەرچاوی، بەڵام ئەمە ڕێگاکەیە، ئەمە دەستپێکی بانگەوازەکەیە، ئەمە یەکەمین بزاوت و هەڵوێستی وەحییە. بەبێ ئەم ڕۆشنی و ئاشکرایی و ڕاشکاوێتییە مەحاڵە ئوممەتە موسڵمانەکە عەقائیدییانە پەروەردە ببێتەوە و عەقائیدییانە بزاوت و هەڵوێستی بگرێتەوەبەر. ئەگەر ئوممەتەکە وا پەروەردە نەبێتەوە هەڵوێستی هەر شلگیر و ڕاڕا دەبێت، بە تایبەتی لە ناساندنی جاهیلییەتدا: »دید و تێڕوانینی، ڕەفتار و ڕەوشتی، دابونەریتی، بزاوت و هەڵوێستی، کۆمەڵگە و دەسەڵاتی«، چونکە هەر وا دەزانێت ئەم کۆمەڵگە جاهیلییە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە و لە پێناسە و حوکمدانیدا دید لێڵ و ڕاڕا دەبێت، بەمەش دیاریکردنی ئامانجەکەی خۆی لێڵ و پشێو و ئاڵۆز دەبێت، چونکە نازانێت خاڵی دەستپێکی کامەیە و چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکات .دەبێت بەرچاوڕوون بێت لەوەی کە دەستپێکی کۆمەڵکاریی بانگەوازە خواییەکەی پێویستە لەوێوە دەست پێ بکرێت، نەک لەوێوە کە کۆمەڵگە جاهیلییەکە لافوگەزافی موسڵمانێتیی لێداوە! مەودای نێوان حەقیقەتی ئەم دوو حاڵەتە زۆر لێک دوورن: حاڵەتی زەرووڕەتی دەستپێکی ناساندن بە پێناسەی عەقیدەکە و دەستپێک لەو شوێنەوە کە خەڵکی پێیان وایە موسڵمانن و ئەو دەستپێکەیان بڕیوە.

خاڵی دەستپێکی کۆمەڵکاری و بانگەوازی ئوممەتە عەقائیدییەکە هەر ئەو خاڵی دەستپێکەی یەکەمین جاری بانگەوازە خواییەکەیە کە دەبێت لە سەرەتاوە کۆمەڵێک خەڵکی سەرڕاست و دیندار -کە شایەتی حەقیان داوە و بە حاکمێتیی خوای گەورە، لەگەڵ خوایەتی و پەروەردگارێتییەکەیدا ڕازی بوون- ڕایانگەیاندووە کە دید و ڕێ و بەرنامەیان ئەوەیە کە هەموو لایەنێکی ژیانی تاک و کۆی خۆیان بە (مەنهەجی ئیسلامەکە داڕێژن و، دواتریش کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی هەر لەسەر ئەو حاکمێتییە دابمەزرێنن (واتە بوارەکانی یاسادانان و

حوكمڕانی و داوەریکردنیان تەنها بە گوێرەی شەریعەتی خوا دەبێت و بەس). کاتێک ئەم ئوممەتە لەسەر ئەو مەنهەجە خواییە دادەبمەزرێنن، پێیەوە دەکەونە بزاوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و ململانێی جاهیلییەت و لەگەڵ پەیداکردنی هێز و تەمکینیشدا پەل دەهاون بۆ هەر چوارلای دەوروبەری خۆیان و ئەم ئیسلامەیان تێدەگەیەنن و ئاوا بەسەر زەمیندا بڵاو دەبنەوە.

## بڕگەی دووەم:

# پێکهێنانی ئوممەتێکی عەقائیدی پێویستە

زۆرجار جەختم لەوە کردەوە کە مەنهەجی ئیسلام تەوحیدە، تەوحیدەکەش **(عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت)**ـە ئەم مەنهەجە دەبێت کۆمەڵێک خەڵکی خواویست بۆی لێبڕێت و لە واقیعی ژیاندا بیخاتە گەڕ، ئەمەش سێ ڕووکنی تری پێداویستیی پراکتیزەکردنی ئەو مەنهەجەیە کە لە **(تەوحید و ئوممەت و بزاڤ)**[1]ێکدا دەردەکەوێت، تەوەری سەرەکی وجوودی بریتییە لە ململانێی وجوود لە نێوان کوفر و ئیمان، شیرک و تەوحید، جاهیلییەت و ئیسلامدا.

---

(١) وەکوو هەست پێ دەکەیت سەییید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) سێ زاراوە بۆ دید و تێڕوانینە عەقائیدییەکەی **(ژیانبینی)** بەکاردەهێنێت کە **(العقيدة)** و **(العبادة)** و **(الشريعة)**ن. دواتر ئەم سێیە دەکاتەوە بە ڕوکنی یەکەمی دیدوتێڕوانینی **(جیهانبینی)**ی دید و بزاوتی ئیسلامی، بەڵام سێ وشەی جیاوازیان بۆ بەکاردەهێنێت، کە:

**١- (التوحيد)، (الجماعة)، (الحركة).**

**٢- (الدين)، (الجماعة)، (الحركة).**

**٣- (المنهج)، (الجماعة)، (الحركة).**

نازانم بۆچی. ڕەنگە لەبەرئەوەی بێت کە لەبەر گرنگی و کاریگەریی (تەوحید)ە، کە هەموو دینەکە بە تەوحیدەکە دادەنێت. کە جاری واش هەیە لە جێی ئەوان (المنهج) بەکار دەهێنێت، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە وشەی مەنهەج گشتگیرترە (والله أعلم). من سێ ڕوکنی ژیانبینییەکە: (العقيدة، العبادة، الشريعة)م وەکوو خۆی داناوەتەوە، بەڵام نەمتوانی زاراوەکانی (التوحيد، الدين، المنهج) بکەم بە یەک، بۆیە لە وەرگێڕانەکەی منیشدا ئەو پشێوییە دەردەکەوێت. ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە نابێت وەرگێڕ زاراوەی نووسەر بگۆڕێت، تەنها زاراوەی (دین)ەکەم لەوێدا بەکار دەهێنا، کە دەبووە ڕوکنی یەکەمی جیهانبینی، واتا: (الدين، الجماعة، الحركة)، چونکە سەیید (رحمه الله) لە باسەکانی وەلائ و بەرائدا زۆر تەرکیز دەکاتە سەر پێکەوەنانی (کۆمەڵ)ـە عەقائیدییەکە بە پاکبوونەوەی وەلائیان، لەوێدا (دین)ـەکە دەکاتە تاکە پەیوەستی نێوان شوێنکەوتووان .

خاڵێکی تریش ڕوونکردنەوەی دەوێت: من لەجێی (الجماعة)ەکە کە ئەو بەکاری هێناوە، زاراوەی «ئوممەت»م بەکار هێناوە، چونکە خۆی لە تەفسیری ئایەتی: ﴿رَبَّنَا وَٱجۡعَلۡنَا مُسۡلِمَيۡنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةٗ مُّسۡلِمَةٗ لَّكَ﴾ البقرة: ١٢٨، دا لە جیاتی (الجماعة) دەفەرمووێت (الأمة)، تەنانەت نانووسێت: (الأمة الإسلامية) وەکوو کە پێش ئەو و دوای ئەو باوبوو وا دەنووسرا، بەڵکوو هەر زاراوە قورئانییەکە بەکاردەهێنێتەوە کە (الأمة المسلمة)یە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە زانیویەتی (الأمة الإسلامية) زاراوەیەکی داهێنراوی ئیستیعارە، تا بیکاتە بەدیلی زاراوەی (الأمة المسلمة)، کە واتای کۆمەڵە خەڵکە عەقائیدییەکەیە. لەبەر ئەمەیە کە تێبینی دەکەیت من هەردوو (سێ ڕوکن)ـەکەم ئاوا داناوە:

**١- ڕوکنەکانی دیدی ژیانبینی: (عەقیدە)، (عیبادەت)، (شەریعەت).**

**٢- ڕوکنەکانی دیدی جیهانبینی: (دین)، (ئوممەت)، (بزاف).**

هەموو ئوممەتێکی عەقائیدی زەروورەتێکی پێکهاتەی مەنهەجەکەیەتی. چونکە دینەکە لە ئوممەتەکەدا دەردەکەوێت و ئوممەتەکەش بە پەیوەندی (ولاء)ی عەقیدەکە دروست دەبێت، واتە بە «برایەتیی دینی» پێکهێنانی ئوممەتێک کە خێرخوازی بڵاو بکاتەوە و شەڕخوازی نەهێڵێت فەرمانی خوای گەورەیە: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٤﴾ [آل عمران: ١٠٤]، واتا: «با لەناوتاندا ئوممەتێک پێک بێت کە بانگەوازی خێرخوازییەکە بڵاو بکاتەوە و فەرمان بە چاکە بکات و بەرهەڵستی لە خراپە بکات، ئەوانە سەرفراز دەبن». دروستبوونی ئەم ئوممەتە بۆ چاکسازیی خەڵکەکەیە، تا بانگەوازە خواییەکەیان بەناودا بڵاو بکرێتەوە. کەوابوو بواری ئیشکردنی داعییانی ئیسلام دڵ و دەروونی جۆراوجۆری خەڵکییە. کە سەرنج دەدەینە سروشت و دەروون و ڕەفتاری خەڵکی، کە دیراسەی کەسایەتییان لە هەموو لایەنێکی دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و حەز و ئارەزوو سیفاتی دەروونییان دەکەین، جۆرەها نموونەمان لێ دەردەکەوێت: هەیانە دەسەڵاتداری ستەمکار و دەستوەشێنە، هەیانە حوکمڕانی لوتبەرز و هەڕاڵە، هەیانە خاوەن هێزی لاسەنگ و بێ بەزەییە. لە بەرانبەریشدا هەیە زەلیل و دەروون بەزیوە، حەزی لە نزمی و نوشوستی و سەلامەتییە. ناخوازێت هیممەتبەرزانە سەرکەوێت، هەیانە شل و خاو و خلیچکە و نایەوێت گورجوگۆڵ و چوست و چالاک بێت، هەیانە حەزی لە بەڕەڵاییە و ڕقی لە جیددێتی و نەخشە و سنووردیارکردنە، هەیانە ستەمکارە و دادپەروەری دەبوغزێنێت، هەیانە سەرسەری و چەقاوەسووە و ڕقی لە پابەندبوون و پارسەنگییە، هەیانە ڕقی لە چاکەیە و حەزی لە خراپەیە. دەیان جۆر و پۆل و دەیان شێواز و چۆنیەتیی ڕەفتارکردنیان هەیە. بەڵام ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە هیچ کۆمەڵە مرۆڤێک سەرکەوتوو نابێت هەتا کەسە پارسەنگە ماقووڵەکانی نەبنە ئاڕاستەوانی، هەتا ڕێساکان پارسەنگانە دانەڕێژرێن، کە خراپە خراپەیە و چاکە چاکەیە. ئینجا دەبێت خێرخوازی بەسەر شەڕخوازیدا زاڵ ببێت، تا ئەمان و بەختەوەری هەموو لایەک بگرێتەوە. کەوابوو دەبێت هەموو کۆمەڵێکی پێشڕەوی خێرخوازی لەسەر دوو پایە دابمەزرێت: باوەڕهێنان بەخوای گەورە و برایەتیی دینی، هەردووکیشیان تەواوکاری ئەو ڕۆڵە گەورە و گرنگەن کە خوای گەورە بە ئوممەتە موسڵمانەکەی سپاردووە و دەبێت بیبینێت: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ

﴿أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ﴾ آل عمران: ١١٠، واتـا: «ئێـوە باشترین ئوممەتێک بوون -کە وەکوو نمـوونەی بەرچـاوی خەڵـك- خـرانە ڕوو، کە فەرمـان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن و باوەڕیشتان بە خوای گەورە هەیە».

پێکهێنانی ئەم ئوممەتە (فەرمانکار بە چـاکە)یە زەروورەتێکـی مەنـهەجە خـواییەکەیە. ئەم ئوممەتە ئەو بوارەیە کە مەنهەجە خواییەکەی تێـدا دەدرەوشـێتەوە، هەروەکـوو کە دیـنەکە ئەو دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەیە کە ئـوممەتەکەی پێکهێنـاوە، ئـوممەتەکەش ئەو مەیـدانەیە کە دینەکەی تێدا دەرکەتووە. کەوابوو هەر دەبێت ئەم هێزە پـاک و چـاک و تـایبەتە شـیاوە پێـک بهێنرێت، چونکە مەنهەجی خوایی لە کۆمەڵ و کۆمەڵگەی جاهیلییدا دەرناکەوێت، هەر دەبێت ئوممەتێکی خواویستی لەسەر پایەکـانی باوەڕهێنـان بە خـوا و برایەتیـی دینـی پێـک بهێنێـت. باوەڕهێنان بە خوا بـۆ ئەوەیە کە دیـد و تێـڕوانین و پێناسـە و بـزاوت و هەڵوێسـتی دەربـارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ یەک بخات، هەروەهـا دەربـارەی دابونەریـت و بەهـا و دەربـارەی ڕەفتار و ڕەوشت و بزاوت و هەڵوێست و دەربارەی ڕووداو و بکەرەکانیان. ئەم ڕوکنە بریتییە لە مەرجەعییەتی دینەکە کە دەبێت حوکمی هەموو ڕەفتـارێکی تـاک و کـۆی ئـوممەتەکە هەر لەم دینەوە وەربگیرێت. (برایەتییە دینییەکەش بۆ پتەوبوونی پەیکەری ئـوممەتەکەیە، بـۆ پاراسـتنی هێزی یەکدیدی و هێزی یەکڕیزی و هێزی بازووە).

کۆمەڵی یەکەمی ئوممەتی موسڵمان ئاوا لەسەر ئەو دوو ڕوکنە دامەزرا :عەقیدە: باوەڕهێنان بە خوای گەورە کە ناسینی خـوای گەورە و سـەلماندن و چەسـپاندنی نـاو و سـیفەتەکانێتی لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستدا، لەگەڵ پەرستنی ڕاسـت و دروسـت و پـاک بێت لە شیرک، هەروەها هەسـت بە چـاودێریی خـوایی و هـۆش لەخۆبـوون و لاڕێ نەبـوون، جێگیربـوونی خۆشەویسـتیی خـوای گەورە و گەشـە و نەشـونمای ڕۆح و دەروون پێـی، خۆشەویستییەکی پاک و سەرڕاستانەی عەبدێکی هۆگر و شەیدای دیـدار، خۆشەویسـتییەکی سۆزداری ئەوینی ساف و بێگەرد، لەگەڵ دڵنەرمیی ڕەفتار و سینەفراوانی لەبەر خاتری خـوای گەورە. ئا ئەم جۆرە باوەڕ و پەرستن و خۆشویستنە کە هەمـووی پـاڵنەری تەقـوا و دینـدارێتیی سەرڕاسـت و پارسـەنگی کەسـایەتین. ئەم کـۆمەڵە ئیسـلامییەی یەکەم لەم بوارەیـدا گەیشـتنە

ترۆپکی نموونەیی، کە ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت کە واقیعێکی بەرجەستە و بینراو بوو، واقیعێکی دیتراو و نووسراو بوو، دەنا وا دەزانرا جیهانی خەیاڵاتە. ئیسلام کە دەخوازێت جارێکی تر بێتەوە بە پەروەردکاری ئوممەتێکی تری موسڵمان، حەتمەن دەبێت جارێکی تر ئاوا و بەو شێوە چەسپاندنەی (ئیمان) لە دڵ و هزر و ویژدانی تاکتاکی ئوممەتێکی عەقائیدیدا بچەسپێت کە پەیوەندیی نێوانیان تەنها لەسەر عەقیدەکە دامەزراوە و هەستی پەیوەستییان (برایەتیی دینی)یە و بەس. مەنهەجی خوای گەورە ئاوا نەبێت جارێکی تر مەحاڵە بێتەوە بە ئاڕاستەوانی تاک و کۆمەڵگە و دەسەڵات.

حەتمەن دەبێت باوەڕهێنانێکی پتەو و ڕاست و دروست دابمەزرێت، تا ببێتە پێوەری پارسەنگی و پێوانی دینداریتی، تا ببێتە ناسنامەی حەقیقیی ڕاست و ڕەوایی و چاکە و خێرخوازی و مایەی جودابوونەوەی چەوتی و لارووێری و شەڕخوازی. حەتمەن دەبێت باوەڕ بەم شێوە تایبەتە لە دڵ و هزر و ویژداندا ئاوا مەحکەم دابمەزرێت، تا ئیمانداراەکە بتوانێت بچێتە ڕیزی کاروانی ئەو خواویستانەی بەرەو مەنزڵ ڕێ دەبڕن و هیچ بەربەست و کۆسپ و لەمپەرێک ورەیان پێ بەرنادات و هیچ جۆرە تین و فشار و ناڕەحەتییەک لە بەردەوامێتیی ڕەنج و جوهد و جیهاد ساردیان ناکاتەوە .موسڵمان بەم ئیمانە مەحکەمەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی ئاگرپرژێنی قین و بوغز و رقی تاغوتان بوەستێتەوە و هەموو هێزێکی شەڕخوازیی لا سووک و بێڕێز بێت و بە لاواز و بودەڵە و گرگنیان بناسێت و چاوی لێیان نەترسێت، موسڵمان بەم جۆرە باوەڕ و یەقینەوە خۆی لە هێزی ڕاکێشانی حەز و هەوا و هەوەسەکانی دەرباز دەکات، ئەم باوەڕە دەبێتە سەنگەری خۆپاراستن لە حەزی خاوەنێتی و چێژ و دەرکەوتن، لە هەوەسی ناوداری و ڕیابازی. بەم جۆرە قەناعەتە جێگیرەوە موسڵمان ڕووبەڕووی ورەبەردان و بەزین و چۆکدادانی گلاوەکان دەبێتەوە، نەک ناهێڵێت خۆی بکەوێت، بەڵکوو ئەوانیش ڕاست دەکاتەوە و دەیانخاتەوە سەرپێ. ئەم ئیمانە وزەی لەبن نەهاتوو و توێشووی نەبڕاوەی ڕێگایە، چونکە لەگەڵ خوای کردگار و بە ئاگا و میهرەباندا، خوای کارزان و کارجوان و خۆشەویستدا ڕەفتار دەکات و هیوا و ئومێد و ئاواتی بەوە و بەس، پشت و پەنا و لایەنگریشی هەر ئەوە و بەس. هەرچی گەنجینەیەک هەیە دێتە کەمایی. هەموو توێشوویەک تەواو دەبێت جگە لە

تویشووی ئیمان. هەموو پاڵپشتێک ماندوو دەبێت، لاواز دەبێت و دەکەوێت، تەنها خوای خاوەن دەسەڵات و هێزی ڕەهایە کە پشتیوان دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانێک بەسەر سیفەتی پاڵپشتییدا نایات.

خاوەنانی ئەم باوەڕ و دڵنیایی و قەناعەتانە، ئوممەتە عەقائیدییەکە پێک دەهێنن و، دەکەونە بزاوت و هەڵوێست، ئەمانەن فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن و یەقینیشیان بە خوای باڵادەست هەیە. ئەوانەی خاوەنی ئەم ئیمانە نین و ئەندامی ئەم ئوممەتە نین و لە ڕەوتی ئەم بزاڤەدا نین، ئەوانەی فەرمان بە چاکە ناکەن و بەرهەڵستی لە خراپە ناکەن، چۆن و بەچی خۆ دەخزێننە ناو ڕیزی ئەم خواویستە موجاهیدانەوە؟ ئەوانەی ئەم دید و ڕێ و ئینتیمایەیان نییە، ئەوانەی ئەم بزاوت و هەڵوێست و ئەرکەیان نییە، چۆن خۆیانە بە موسڵمان دەزانن؟ بەچی سیفەتی ئیسلامەتی بە بەرخۆیاندا دەکەن؟! ئەو کەسەی ئەندامی ئیماندار و برای دینیی ئەم کۆمەڵە عەقائیدییە دینییە و هاوسەنگەری و ئەم خواویستانە نییە حاشا وەلیللا موسڵمان نییە. خوای گەورە بەم سیفەتانەوە وەسفی ئوممەتە عەقائیدییەکەی نەوەی یەکەمی یاوەرانی کردووە، کە فەرموویەتی: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ﴾ آل عمران: ١١٠. ئەمە وەسف و سیفەتی ئەو ئوممەتەیە لە قورئان و سیرە و سوننەت و مێژووی یاوەراندا:

- ئەبوو سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (مَن رأَى منكُم مُنْكرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بيدِه، فإنْ لَمْ يَسْتطِعْ فَبِلِسانِه، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِه، وذلكَ أضْعَفُ الإيمانِ)[1] ، واتا: «هەر کەسێکتان خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی قسەی دژ بکات، ئەگەر نەیتوانی با لە دڵیدا بیگۆڕێت، ئەمەش لاوازترین ئاستی ئیمانداریێتییە».

- ئیبنوو مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێرێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (لما وقعت بنو إسرائيل في المعاصي نهتهم علماؤهم فلَمْ يَنْتَهُوا، فَجَالَسُوهُمْ في

(١) موسلیم (٤٩).

مَجَالِسِهِمْ، وَوَاكَلُوهُمْ، وَشَارَبُوهُمْ، فَضَرَبَ اللهُ قُلُوبَ بَعضِهِمْ بِبَعْضٍ، وَلَعَنَهُمْ عَلَى لِسَانِ دَاوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ)[١]، واتا: «كاتێک بەنوو ئیسرائیلییەکان کەوتنە گوناحکردن و تاوان زاناکانیان بەرهەڵستیان لێ کردن، بەڵام ئەوان کۆڵیان نەدا و هەر بەردەوامبوون، ئیتر ئەمانیش (زاناکانیان) بوونە هاودەنگیان! چوونە کۆڕ و پێڕی تاوانکردنیان، بوونە هاوبەشی خواردنیان و لەگەڵیاندا دەیانخواردەوە، بۆیە خوای گەورە ناکۆکی و ڕاجوێیی خستە دڵ و هزریانەوە و هەندێکیان بوونە دژی هەندێکی تریان، ئیتر هەموو کەوتنەبەر دوعای نەفرینکردنی داود و سولەیمان و عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوایان لێ بێت)».

- حوزەیفەی کوڕی یەمان (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (وَالَّذِي نَفسِي بِيَدِه، لَتَأْمُرُنَّ بِالمَعرُوف، وَلَتَنهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ؛ أَوْ لَيُوشِكَنَّ الله أَن يَبْعَثَ عَلَيكُم عِقَاباً مِنْه، ثُمَّ تَدعُونَه فَلاَ يُسْتَجَابُ لَكُم)[٢]، واتا: «بەوی گیانی منی بەدەستە هەردەبێت فەرمان بە چاکە بکەن و بەرهەڵستی لە خراپە بکەن، ئەگەرنا بە دڵنیاییەوە خوای گەورە سزایەکتان دەدات (هەمووتان بگرێتەوە)، ئەو جا هەر دوعا دەکەن و دەپاڕێنەوە، خوای گەورە قبووڵی ناکات».

- ئەبو سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ مِنْ أَعْظَمِ الْجِهَادِ كَلِمَةَ عَدْلٍ عِنْدَ سُلْطَانٍ جَائِرٍ)[٣] ، واتا: «لە گەورەترین ڕەفتاری جیهاد، وتنی قسەی حەقە لای دەسەڵاتداری زاڵم».

- جابری کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (سَيِّدُ الشُّهَدَاءِ حَمْزَةُ بْنُ عَبدِ الْمُطَّلِب، وَرَجُلٌ قَامَ إِلَى إِمَامٍ جَائِرٍ

---

(١) ترمذی (٣٠٤٧)، ئیبنوماجە (٤٠٠٦)، ئەحمەد (٣٧١٣)، ئیبنوحەجەر (رحمە اللە) لە: (تخريج مشكاة المصابيح ٤/٤٨٩) دا دەفەرموویت: حەسەنە، بەڵام شێخی ئەلبانی (رحمە اللە) لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة/١١٠٥)دا دەفەرموویت زەعیفە. ئەوە حوکمی عەللامە ئەحمەد شاکریشە (رحمە اللە) لە: (المسند/٤/٣٧١٣ ژ٥٢٦٨).

(٢) ترمذی (٢١٦٩)، ئەلبانی رحمەاللە لە: (صحيح الجامع/٢٣٩٩) دا دەفەرموویت: سەحیحە.

(٣) ئەبوداوود (٤٣٤٤)، ترمذی (٤٠١١)، ئەحمەد (١٨٤٤٦). ئەلبانی (رحمە اللە) لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٤٩١) دا دەفەرموویت: سەحیحە.

فَأَمَرَهُ وَنَهَاهُ، فَقَتَلَهُ)[1] ، واتا: «گەورەی شەهیدان حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیبە (خوا لێی ڕازی بێت)، هەروەها ئەو کەسەی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارێکی زاڵم دەبێتەوە کە فەرمانی بە چاکە پێ دەکات و بەرهەڵستیی خراپەی لێ دەکات، بەڵام دەسەڵاتدارە زاڵمەکە دەیکوژێت».

ئەم دید و هەڵوێستانە زەرورەتی تێگەیشتن و پێکەوەنانی ئوممەت و بزاوت هەڵوێستی بزاڤە گۆڕانکارییەکەن، بەڵام ئێمە لە نرخ و گرنگی و کاریگەرێتییان غافڵبووین.

(١) حاکم (٣١٥/٢). ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٣٧٤)دا دەفەرمووێت: سەحیحە.

## بڕگەی سێیەم:

## سەرڕاستی و جیددێتیی ئینتیما

دڵی پڕ نووری موسڵمان ئەوەندە مەشغووڵە، ناپەرژێتە سەر خۆخافڵاندن و کاتبەفیڕۆدانی هەرزەیی. قسەی هەرزەیی، کردەوەی هەرزەیی، بایەخدانی هەرزەیی، هەست و هۆشی هەرزەیی، ناپەرژێتە سەر گەمە و گاڵتەجاڕی هەرزەیی. چونکە بەیادی خواوە خەریکە، هۆشی لای ڕازیکردنێتی، هزری بە ئایات و نیشانە و بەڵگەکانییەوە مەشغووڵە. هەر دیمەنێکی گەردوون و ژیان و مرۆڤ سەرنجی بەرەو گەورەیی خوای گەورە و زەرووڕەتی پەرستن و گوێڕایەڵی و ملکەچیی فەرمانەکانی ڕادەکێشێت. هەر هەموو بزاوت و ڕەوت و سرەوتێکی ئەم گەردوونە -کە ملیۆنانن- بە جۆرێک لە جۆرەکان، زیکری خوای لەگەڵدا دەکەن. نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە لە (آفاق وأنفس) دا ڕایدەکێشنە کۆڕی زیکرەوە. ویژدان و هۆشی دەخرۆشێنن. دیسان ئەم دڵە زیندووەی موسڵمان ئەوەندە بە ئەرکەکانی عەقیدەکەوە مەشغووڵە ناپەرژێتە سەر کات بەفیڕۆدان و خۆخلافاندن و فشقیات. مەشغووڵی پاڵفتەی دەروونە، لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ پاکژڕاگرتنی ویژدان و هزر و هەستی. مەشغووڵی ڕەفتار و ڕەوشتێتی، تا لەسەر ڕێسا ئەخلاقییە عەقائیدییەکان دایڕێژێت و گەشەی پێ بکات و بەرەو پلە و ئاست و ئاسۆ قورئانییەکان بەرزی بکاتەوە. دڵی ئیماندار (کات کوشتن)ی تێدا نییە. چونکە مەشغووڵە بە ئەرکەکانی بانگەواز و فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە. چاودێریی بەردەوامی ژیانێتی، تا بە پاکی و پارسەنگی ڕایگرێت، نەبادا لێی غافڵ ببێت و تووشی هەڵدێر و لادان و خراپە ببێت. مەشغووڵە بە خۆئامادەکردن بۆ جیهاد و کۆڵە قورسەکەی جیهاد. پاسەوانی شەونخوونی ئیسلامەکەیە و وەکوو موجاهیدی بە هەست و سرک و سڵ موقەددەساتی ئیسلامەکە دەپارێزێت. خەمی پارسەنگی بانگەواز و جیهادی لەبەرە، مشووری سەرکەوتنی دەخوات، هۆشی لای نەخشە و پلان و پیلانی دوژمنانە و بەئاگا و سوورە لەسەر ئەوەی لە لایەنی ئەوەوە دزە نەکەنە ناو موسڵمانانەوە و ئەم نەبێتە لاوازی و شکستی موسڵمانان. دڵی ئیماندار ئاوا شەو و ڕۆژ خەریکی بەجێهێنانی ئەرکەکانێتی و نایەوێت ساتێک لە هیچ لایەنێک

چاو بتروکێنێت. ئەمە هەستی فەرزێتیی جیهادەکەیەتی؛ چ فەرزی عەین بێت چ فەرزی کیفایە.

ئەرک و بەرپرسیارێتیی دڵی موسڵمان ئەوەندە زۆرە کە دەبێت هەموو سات و کاتێکی خۆییان بۆ تەرخان بکات، هەموو کات و ساتی شەو و ڕۆژ. هەموو شەو و ڕۆژێکی تەمەنی. چونکە موسڵمان ئەوە دەزانێت کە یان دەبێت بە چاکسازیی ژیان و گەشە و نەشونمایەوە خەریک ببێت کە بۆ سوودی خۆی و دەوروبەرێتی، یان دەبێت ژیانی لە هەرزەیی و خۆخافڵاندندا بباتەسەر کە بەدڵنیاییەوە زیانی بۆ خۆی و دەوروبەری هەیە. موسڵمان بە حوکمی عەقیدەکەی داوای لێ کراوە و ئەرکیشە لەسەری کە وزە و توانا و تەمەنی لە کاری خێرخوازیدا سەرف بکات، لە بنیاتنان و ئاوەدانی و گەشەسازیدا. ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت کە جارجارەش بوارێکی گونجاو بۆ یارییە حەڵاڵەکانی بدۆزێتەوە، چونکە مانەوەی مرۆڤ لەسەر یەک حاڵەت، یان هەر لە کارکردن و بەجێهێنانی ئەرکدا تووشی بێزاریی دەکات، مەلەل دەیگرێت. ئیسلام ئەو بوارەی بۆ کردووەتەوە. ئێ ئەمە خۆخافڵاندن و کات بەفیڕۆدان و گەمە و گاڵتەجارییەکە نییە: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ۝٢ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ۝٣﴾ المؤمنون: ١ - ٣، واتا: «بەڕاستی موسڵمانەکان سەرفرازن، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچ و گوێڕایەڵن (هۆشیان لە کات و چۆنیەتییەتی)، ئەوانەی کە خۆیان لە گەڕەلاوژێ و قسەی بەتاڵ دەگرنەوە».

کەش و باسی عەقیدە هەمووی کەشی جیددێتی و بڕیاری بنبڕانەیە، هەروەکوو کە باس و کەشیی سامناک و هەیبەتە. باسی هاتنی قیامەت و دیاردە ترسناکەکانی حەقیقەتی عەقائیدین و موسڵمان لە حەنایاندا هەست بە دژواری و جیددییەتی دەکات. دڵی لێی دادەچڵەکێت و لە موحاسەبە و سزای خوای گەورە دەترسێت. هەر بە باسکردنی قیامەت ئیماندار وا دەزانێت لێی نزیکە و تایبەتە بەو: ﴿ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ ۝١ مَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّن رَّبِّهِم مُّحۡدَثٍ إِلَّا ٱسۡتَمَعُوهُ وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ ۝٢﴾ الأنبياء: ١ - ٢، واتا: «ڕۆژی موحاسەبەکردنی خەڵکی -کە ڕۆژی قیامەتە- وا نزیک بۆوە لێیان، کەچی ئەوان هەر وا غافڵ و بێئاگان لێی و لاناکەن بەلایەوە. کاری بۆ ناکەن و خۆی بۆ ئامادە ناکەن. هەرجارێکیش

بیرخستنەوەی نویێ و هۆشداریی تازەیان لە خوای پەروەردگاریانەوە بۆ دێت گوێی نادەنێ و لە گاڵتە و گەمەی خۆیان ناکەون!». ئەمە وێنای دڵ و دەروونی بەتاڵ و هزری زرکە تاڵە کە هەڵوێستی جیددی ناناسێت و کە بۆیشی باس دەکرێت گوێی ناداتێ! لە دژوارترین هەواڵ و هەڵوێست و حاڵەتدا مەشغوولی یارییە. لەو حاڵەتەدا کە پێویستە هزر و هۆشی زۆر جیددیانە بخاتە کار، بە پێچەوانەوە، هەستەکانی پەکخستووە و هەواوهەوەسی خستووەتە کار! لەو کات و شوێنەی جێی ڕێز و پیرۆزی و گرنگ ڕاگرتنە، ئەو زۆر بێ گوێیانە و موستەهتیرانە ڕووی لێ وەردەگێڕێت و گوێ بە پیرۆزێتیی نادات. ئەو یادخستنەوە و بەئاگاهێنانەوە و هۆشدارییەیان لە خوای پەروەردگاریان ﴿مِّن رَّبِّهِم﴾ەوە بۆ دێت، کەچی بەجیددی وەریناگرن و هەر خەریکی گاڵتە و گەمەی خۆیانن، نە ڕێزی بۆ دادەنێن و نە تەقدیری ئەوەی دەگرن کە لە لایەن خوای پەروەردگاریانەوە هاتووە. زۆر بەپێچەوانەوە سەرسەریانە ڕەفتار دەکەن! ئەو کەسایەتییەی جیدییەت و ڕێز و تەقدیر و پیرۆزیی لا نامێنێت دەگاتە حاڵەتێکی سەیری هیچوپووچی و دەبەنگی و بوودەڵەیی. بێ بەهایی و بەڕەڵایی و بێ هۆشوگۆشی! سوودی مرۆڤێتیی نامێنێت، ویستی بەرپرسێتیی تێدا نامێنێت، شیاوێتیی کۆڵ هەڵگرتنی دەپووکێتەوە، ئیرادەی سیس دەبێت و نایەوێت هیچ ئەرکێکی بکەوێتە سەر، نایەوێت کەس فەرمانێکی بەسەردا بدات، چونکە هەموو شتێکی لە شان قورس دەبێت. ژیانی سووک و بێ نرخ دەکەوێت، هەرزان و ئیهمالکراو، کەس نایەوێت بۆ هیچ شتێکی جیددیی بەشەری بیخاتە کار! ئەو کەسەی پیرۆزەکان سووک دەکات نەخۆشە. خۆی سووکە، بۆیە سووکایەتیی بەو بەها بەڕێز و پیرۆزانە دەکات. سوکایەتیکردن بەرەنگاریکردن نییە. چونکە بەرەنگاریکردن هێز و ویست و ئیرادەیە، هەست و هۆش و وزەی ڕێکخراوە. سووکایەتیکردن بێ شعوورییە. گاڵتەچێتی و بێ ئاگایی دڵەکان بە شتی تورەهاتەوە مەشغووڵ دەکات و، تەمەن بێهوودە سەرف دەکات. هیچ بەرهەمێکی خێرخوازیی لێ ناکەوێتەوە و هەڵوێستێکی چاکسازی بەرهەم ناهێنێت، لەو هەموو ئەرک و ڕەفتارە چاکسازییەی بە مرۆڤ سپێرراوە کە لەسەر زەمیندا بیهێنێتە دی، تا بە ئەرکی مرۆڤایەتیی خۆی هەستێت کە ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمینە، بە خزمەتکاری و خێرخوازی و دادپەروەری، بە چاکسازی و ئاڕاستەی بنیاتنان و پارسەنگ

بـوون. ئەم ئەرک و فەرمانـانەی کە ئیسـلام دەیکـاتە فەرزی سەرشـانی موسـڵمان، ئیسـلام سروشت و سیفەت و چۆنیەتیی ئەم بەرپرسێتییە ڕوون دەکاتەوە، هۆکار و سنوور و قۆناغەکانی دیاری دەکـات. نەخشـەی هەنگـاو بەهەنگـاوی دادەڕێژێـت بە پـێچەوانەی ناموسـڵمانەوە، بە تایبەتی بودەڵەیی بایەخەکان کە دونیایان بەهەند گرتووە و بۆ مەبەستێکی غەیری گاڵتە و گەمە نـاژین! ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ ﴾ لقمان: ٦، واتا: «خەڵکانیک هەن قسەی نابەجێ (و نوکتە و گۆڕانی و فشقیات) دەکڕن! تا خەڵکی پـێ مەشـغووڵ بـکەن و نەهـێڵن خەریکـی فێربـوونی دینـی خـوا بـن و دینـدارێتی بگرنەبەر، چونکە ئەقڵیان پێی ناشکێت، پەی بە حەق نابەن و ڕاسـت و ڕەوای وەحـی خـوایی نازانن، سەرباری ئەم بێئاگـایی و گاڵتەجـاڕی و سەرسـەرێتییە، ئایەتەکـانی قورئـان، بەڵـگە و نیشانەکانی خوای گەورە، دەکەنە کەرەسـتەی پێکەنـین و سـوعبەت و سـووکایەتیپێکردن! ئـا ئەوانە بە دڵنیاییەوە سزایەکی زۆر زەلیلکارانەیان دەبێت». ئەم دەقە پیرۆزە دیمەنی کەسـایەتیی ئەو بودەڵە و هیچ و پووچانە نیشان دەدات کە نە دەزانـن جیـددێتی چیـیە و بـۆچی دەژیـن و دەمرن؟ نە دەزانن بەهای پیـرۆز و ڕێـز چییـە تـا قەدری بگـرن. ئەمـانەش نمـوونەیەکن کە لە هەمـوو کـات و شـوێن و نەوەیەکـی مرۆڤایەتیـدا هەن. ئەمـانە ئەوەنـدە نافامیـدە و گەلـۆر و موستەهتیرن کە پارە دەدەن و گاڵتەجاڕی دەکڕن! ڕەنجی داوە، کاتی خەرج کـردووە تـا پـارەی پەیـدا کـردووە، دوایـیش پـارەکە دەداتە شـتێک کە مـایەی گـاڵتە و گەپ و خۆسـووککردنە! ئەوەندە هزر و ژیریی خۆی کەنار خستووە کە ڕۆژانی تەمەنی خۆی -کە دەڕۆن و ناگەڕێنەوە- لە شتی ئاوا تورەهاتدا سەرف دەکات!

## بڕگەی چوارەم:

## ڕەفتار و ڕەوشتی داعی

داعیی ئیسلامی دەبێت سروشتێکی نەرمونیان و سینەفراوان و بە بەزەییانەی هەبێت، دەبێت ئەمانە سیفەتی دیار و ئاشکرای بن، خەڵکی لەم جۆرە سیفەتانە کۆ دەبنەوە و لە کەناری کەسانی وادا هەست بە ئەمان و هێمنی و دڵنیایی دەکەن. داعی پێویستە نەرمونیان ڕەفتار بکات، لەگەڵ ئەوانەی هاوڕێ و شوێنکەوتووین، دەبێت بە ڕەحم و بە بەزەیی بێت لەگەڵیاندا، خەڵکی لە کەسی توندوتیژ و ڕقن کۆ نابنەوە، کەسی توندڕەو کەسی پێوەنانیشێتەوە. خەڵکی خۆیان لە ژیاندا ماندوون، پێویستیان بە باوەشی سۆزە، بە سەرپەرشتیارێتیی دڵسۆزانەیە، بە زەردەخەنەی پێشوازییە، پێویستیان بە ڕێز و قەدرزانینە، پێویستیان بە سینەفراوانێکە هەڵەشەیی و هەڵە و ڕەفتاری گەلۆریان نەگرێتە دڵ، سینەفراوانێک تەحەمولی لاوازی و کەموکورتیی ئەمانی هەبێت. ئەم خەڵکە کە بە ئاڕاستەیەکی لاسەنگ ڕێنمایی دەکرێن، هەرچەند خراپەکار دەرچن، بەڵام پێویستییان بە لاوانەوە و دڵنەوایی هەیە، پێویستییان بە دڵێکی گەورەی پڕ میهرەبانییە کە پێیان ببەخشێت و موحتاجیان نەبێت بیانداتێ و وەرنەگرێت، منەتیان بەسەردا نەکات و سەبر لەسەر بۆڵەبۆڵ و خوتەخوت و گلەیی و گازەندەیان بگرێت. خەمیان لەگەڵدا هەڵگرێت، بە هیممەتبەرزیی خۆی شان بداتەبەر کۆڵی قورسیان و هانیاندا بۆ بەگەڕخستنی وزەی خۆیان، تا فێر بن ئیعتیماد بکەنە سەرخۆیان. ئەم خەڵکە ڕێنیشاندەرێکیان دەوێت ورە و وزەیان بۆ خۆیان بخاتە گەڕ. پێشەوایەک کە هەر کاتێک دیتیان شتی لێوە فێر ببن، هەست بکەن بایەخیان پێدەدات، کە لێشیان نادیارە هۆشی لێیانە و بیری لایانە، پێشەوایەک چاوەڕوانی هەموو خێرخوازییەکی لێ بکەن و ڕازی ببێت کە هیچی بۆ نەکەنەوە. (ئەمە کۆی سیفەتی باوکێتی و دایکێتی و پێشڕەوێتییە). ئەمە هەندێک لە پەخشی سۆز و ڕەفتاری دڵسۆز و سەرپەرشتیارێتیی پێشەوای داعییان و داعیی پێشەوایانە، ئەمە شنەی سۆزێکی پڕ میهری پێغەمبەری خوایە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئاوا لەگەڵ خەڵکیدا ژیا. هەرگیز نەبوو جارێک بۆ مافی خۆی تووڕە بووبێت، جارێک بێزاریی لە ڕەفتاری لاواز و کەموکورتیی

شوێنکەوتووان و ناحەزانی دەرنەبڕی! جارێک کاڵایەکی بۆ خۆی لانەدا و دڵی بۆ پشکێکی دونیایی نەشنا، هەرچی هەیبوو بەوانی دەبەخشی، بە سینەیەکی فراوان و دڵێکی واڵای پڕ لە ڕازیبوونەوە، سینەی فراوانی هەموو ڕەفتارێکی گەلۆرانەی خەڵکانێکی نەفامی دەگرتەخۆ و دەیکردەوە بە ئاڕاستەی پەروەردەکردنێکی پارسەنگتر. باڵی سۆز و بەزەی و چاودێریی بەسەر هەر هەمووواندا دەکێشا، هەرهەموو کەسێک وایدەزانی تەنها ئەوی لەژێر باڵدایە! پێش ئەوەی کەسێک موحتاجبووایە هەستی بە پێداویستییەکەی دەکرد، پێش ئەوەی داوا بکات، دەیدایە، پێش ئەوەی سکاڵا بکات، لەخۆیدەگرت، گەر هیچیشی لا نەبوایە بیداتێ، بە ئامۆژگارییەک هێدیی دەکردەوە، بە نموونەی ژیانی خۆی قەناعەتی لە ناخیدا دەڕواند.[1] خوای گەورە ئاوا پێغەمبەرەکەی خۆیی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پەروەردە دەکرد، تا ئاوا لەسەرزەمیندا ببێتەوە بە سەرچاوەی ڕەوشتی ڕاقی و ترۆپکی ڕەفتاری پێشەوایەتی، نەرمونیان و سینەفراوان و بەبەزەیی. دوور لە توندوتیژی و ڕق و کینە. ئاوا هەموو لێی کۆبوونەوە: ﴿وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ﴾ آل عمران: ١٥٩، واتا: «ئەگەر ڕووگرژ و مۆن و وشک بوویتایە، ئەگەر توندوتیژ و ڕقن بوویتایە، بڵاوەیان لێ دەکردیت و بەدەورەتەوە نەدەمان».

پێویستە داعی ئاوا نەرمونیان و سینەفراوان و دوور لە هەڕاڵی و لوتبەرزی بێت، ئەم سیفەتانەی بوونە مایەی بێهەوا و فیزی. تا باڵی ڕەحمەت و سۆزی دڵسۆزانەی بۆ شوێنکەوتووەکانی ڕاهێڵێت: ﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾ الحجر: ٨٨، واتا: «باڵت بۆ موسڵمانان ڕاخە و دەستی سۆزت بخەرە سەریان». دیمەنی باڵڕاخستن زۆر سیفەتی گرتۆتەخۆ: سیفەتی باڵایی و داهاتنەوە بۆ نیشتنەوە، سیفەتی باڵ فراوانترکردن تا زۆرترین بێنە بن باڵی، سیفەتی هێمنی و ئەمان کە شوێنکەوتووەکانی پێ دادەپۆشێت. دیمەنی باڵندەیەک کە لە ئاسمانەوە بە باڵی کراوە و هێدی و نەبزواویەوە لەسەر هێلانە و بێچووەکانی دانیشێتەوە! دەیان سیفەتی ئەو نموونە و باڵی پڕسۆزی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هاوبەشن! بە درێژایی تەمەنی پڕ بەرەکەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ژیانی هەر ئاوا بوو. ڕەفتار و ڕەوشتی بەرزی

---

(١) سوبحانەڵڵا لە گەورەیی خوای چاودێر و ئاودێر و لە کاملیی مەخلوقێتیی پێغەمبەرەکەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ).

دەچەسپاند و ڕەوشتی قورئانییانەی دەنواند. نموونەی بەرچاوی ئەو ئاڕاستانەی قورئان بوو کە لە پەروەردەکردندا ڕێنمایی دەکات. خوای گەورە پێش وەحی ئەدەبی دادەدا و دوای وەحیش ڕێنمایی نموونەییانەی دەکرد: ﴿خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ۝١٩٩ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ۝٢٠٠﴾ الأعراف: ١٩٩ - ٢٠٠، واتا: «جەنابت لێبووردەیی و فەزڵ و سینەفراوانی ببەخشە کە شتێکت لێ وەرگرتن با ئەوە بێت کە خۆیان نەیانویستووە. جەنابت فەرمان بە چاکە بکە و هەر خێرخواز و چاکسازانە ڕەفتار بکە، گوێ بە نەفام و نەزانان مەدە، ئەوان سەرمەشقی جەنابت نین، هەرکاتێکیش شەیتان ڕقی هەستاندیت تا ڕەفتارێکی نالایەق بنوێنیت، یەکسەر پەنا ببەرەوە بەر خوای گەورە، خوای گەورە بیسەرە و شارەزایە». مادام لە تواناتدایە، لێبوردن بگرەبەر. سەبر لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی خەڵکی بگرە و عەفویانکە، ئەوان وا هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکەن کە ڕاهاتوون لەناوخۆیاندا ڕەفتار بکەن! بەڵام جەنابت سینەفراوان بە بەرانبەریان! بیانبوورە. داوای کامڵبوونیان مەکە، ڕەوشتبەرزێتیی کۆڵێکی قورسە، هەموو کەسێک ناتوانێت ئەم کۆڵە هەڵبگرێت. کاتێک سەرەنجامی نەزانی و لاوازی و کەموکورتییان، سەرەنجامی پەروەردەنەبوون و لاسەنگیان ڕەفتارێکی ناقۆڵا دەنوێنن، لە دڵی مەگرە و بیانبەخشە. مادام هەڵوێست و بزاوت و ڕەفتارەکانیان بەرانبەر خودی خۆتن، کەسایەتین، پەیوەندییان بە دینەکەوە نییە و دژی بانگەوازەکەت نین؛ ڕەفتاریان سینەفراوانە بەرانبەر بنوێنە.

نەرمونیانی و سۆز و بەزەیی و سینەفراوانی لە دید و هەڵوێستی عەقیدەدا ناشێت، هەروەکوو کە شلگیری لە ئەحکامەکانی شەرعدا نابێت. ئەمما ڕەفتار و مامەڵە و هەڵسوکەوت، هاوڕێیەتی و هاوسێتی و وەرگرتن و بەخشین، ئەوە بوارێکی ئەخلاقییە و ڕەفتار و ڕەوشتی ڕاقییانەی خۆتی تێدا نیشان دەدەیت تا ژیان سووک و ئاسان و لەبار بڕوات. ڕەفتاری نەرمونیان و سینەفراوانی لە ئەخلاقییاتی پیاوماقووڵ و گەورەپیاوانە کە دەبێت بەرانبەر خەڵکانی خواروتریان بینوێنن. ئەمە خۆ بچوککردنەوە نییە، ئەمەش هەر گەورەییە. پێغەمبەری خواش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ڕێنما و ڕێنیشاندەر و مامۆستا و پەروەردەکار و سەرپەرشتیاری ئوممەتە، حەتمەن دەبێت لوتکەی باڵایی و ترۆپکی ڕەوشتبەرزی بێت، هەر دەبێت نەرمونیان و

سینە فراوان و بەبەزەییانە ڕەفتار بکات. بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرگیز بۆ شتێکی خودی خۆی تووڕە نەدەبوو کە لەبەر دینەکەش بووایە کەس نەیدەتوانی هێدیی بکاتەوە، هیچ شتێکیش نەدەبووە بەربەستی بڕیاری، مەگەر وەحیی خوایی. ئەمەشیانی لە ڕەوشتبەرزی و نموونەی مەبدەئێتی و پێشەوایەتییەوە بوو.

لە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستیش وا چاوەڕوان دەکرێت کە سیرە و سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕەچاو بکەن و ڕەفتار و ڕەوشتی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی ڕەفتار و ڕەوشتی نموونەی جەنابیدا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داڕێژن. چونکە ڕێنمایی خەڵکی و بانگهێشتکردنیان بۆ ئیسلام سینەفراوانی و نەرمونیانی و دڵسۆزی دەخوازێت، بێئەوەی تەنازولی لە ڕێسا و هەڵوێستە عەقائیدییەکان و یاسا و ئەحکامەکانی شەرع تێدا بێت. وەرگرتن و پابەندبوون و بزاوت بە بەڵگەنەویستە نەگۆڕەکانی دینەکەوە شتێکن کە بنبڕانە دەبێت بیانگرێتەخۆ، ڕەفتارنواندنی سینەفراوانیی بانگەواز و کارکردن شتێکی ترە کە بواری نەرمونیانیی تەواوی تێدایە.

داعیی موسڵمان دەبێت گیان و ویژدان و دڵ و هزر و ئەدەب و ڕەفتارێکی تایبەتی هەبێت، خوای گەورە بەو سیفەتانە و زیاتریش داوای لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکرد کە خۆیان لەسەر ڕابهێنێت، تا بتوانێت بانگەوازە خواییەکە -وەکوو خوای گەورە دەیەوێت- بگات بە خەڵکی. ئەم سیفەتانە حەتمەن دەبێت لە داعیی ئیسلامیدا زۆر چاک بچەسپێن. ئەگەر خوای گەورە بەو پێغەمبەرە نازدارەی خۆی -کە خۆی ئەدەبی داوە- بفەرمووێت ئاوابە و ئاوا مەبە، تا شیاوتر بێت بۆ هەڵگرتنی پەیامی خوایی، دەبێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی چەندیان بوێت تا خۆ پەروەردە دەکەن؟! چەندیان ڕەنج و هەوڵ دەوێت تا خۆیان شایستەی بانگەوازی خوایی بکەن؟ خوای گەورە بەو پێغەمبەرە پێشەوا نموونەییە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێت: ئەمە بەرنامەتە، ئەمە بزاوت و هەڵوێستتە و ئەوەش چۆنیەتیی ڕەفتارتە، ئەمە ئەو ڕەوشتەیە کە دەبێت پێوەی پابەند بیت! حەتمەن بۆ داعیی ئیسلامی زیاتر جەختی لێ دەکرێتەوە و زۆرتری پێ دەوترێت و زیاتر دەبێت چاودێری و ئاودێری بکرێت، تا پێ بگات. کە پێشگەیشت دەبێت ئاوا مەنهەجی خوایی بڵاو بکاتەوە. ئاوا خەڵکی بانگهێشت

بکات، ئینجا شایانی ناو و سیفەت و پلەی موسڵمانبوون دەبێت: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ٣٣ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ٣٤ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٣٥ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٦﴾ فصلت: ٣٣ - ٣٦، واتا: «کێ لەو کەسە قسە و گوفتاری شیرینتر و چاکترە کە بانگەوازی خوایی بڵاو دەکاتەوە و خەڵکی بۆ لای خوای گەورە بانگهێشت دەکات و کاروکردەوەی چاک ئەنجام دەدات و دەڵێت: "من لە ریزی موسڵمانانم؟!" قسەی کێ لە قسەی ئەم کەسە جوانتر و پەسەندترە کە خۆی موسڵمانانە پەروەردەکردووە و (ساڵح بووە) و خێرخوازییش دەگەیەنێتە خەڵکی (موسڵیح بووە)؟ چاکە و خراپە یەکسان نین، وەکوو یەکتری نین، زۆر لێکجوودا و دوورن، ئەو کەسەی خراپەی بەرانبەر کردوویت و دەیکات، تۆ چاکەی بەرانبەر بکەرەوە. جا دەبینیت چۆن ئەو چاکەکردن و ڕەفتار جوانەت بەرەو دۆستایەتیی دەهێنێت، چۆن حەزی دوژمنداریتیی لا دەپووکێنێتەوە، بەڵام خۆ هەموو کەسێک لەو ئاستەی ڕەسەنێتی و پارسەنگێتی و ڕاقیبەتییەدا نییە تا ئەم ئامۆژگارییە بگرێتەخۆ. ئەمە بە کەسێکی دڵ گەورە و سینەفراوان و خواویستی سوڵحاو دەکرێت، ئەمە ڕەفتاری کەسێکە کە پشکێکی زۆر گەورە و گرنگی ئاسودەیی دەروون و کامەرانی دونیا و سەرفرازیی ئاخیرەتی بەرکەوتووە. ئەمە ڕەفتاری پارسەنگ و بەرپرسانەی کەسانی بە ئارام و خۆگر و پشوودرێژە. هەر کاتێک شەیتان هەوڵیدا تووڕەت بکات، خێرا پەنا ببەرەوە بەر خوای پەروەردگارت. خوای گەورە بیسەر و زانا و شارەزایە». پابەندی و بۆخواسوڵحان و لێبڕانی قیامەتی کارێکی قورس و ئەرکێکی سەخت و بەرپرسێتییەکی زۆر گەورەیە، چونکە:

- ئەرکی بانگەواز و کۆمەڵکاریی ئوممەتییانە، بەرەنگاربوونەوەی پێچوپەنا پەسیوەکانی دەروون دەخوازێت، کە هەر خوا خۆی دەزانێت چەندی ئینحرافات و لاسەنگیی تێدا ڕوواوە!

- ئەرکی بانگەواز و کۆمەڵکاریی ئوممەتییانە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزانینی خۆ و نەفامی و پەی پێنەبردنی هزر و ژیریی خۆتی دەوێت کە چەند قورسە لەسەر دڵ و چەند سەختە نەفس ئیعترافی پێ بکات.

- ئەرکی بانگەوازی کۆمەڵکاری و بزاڤی ململانێی ئوممەتییانە دژی جاهیلییەت، بۆخوا سوڵحانێکی وا دەخوازێت کە داعی هەست بە گرنگیی خۆی و ڕۆڵی خۆی و کاریگەریی خۆی نەکات، نەبادا لێی ببێتە مایەی شانازی و بەخۆسەرسامبوون.

- ساغبوونەوە بۆ بزاڤی ئوممەتی عەقائیدی، پاڵفتەبوونی داعی دەخوازێت لەو عادات و خووانەی دەقی پێوەگرتوون، بە تایبەتی ئەگەر ناو و پلە و ئاستی هەبوو! چونکە سوور دەمێنێت لەسەر نەفامی و گومڕایی و پێی تەنازولە حەق قبووڵ بکات! پێی وایە قبووڵکردنی ئەو هەڵوێستە ڕاستە شەرعییە ئیمتیازەکانی ناو و پلە و ئاست و بەرژەوەندییەکانی لەدەست دەدات. بۆیە لەوانەیە کەللەڕەقانە لەسەر هەڵەی خۆی سوور بێت! دژوارێتیی ئەمەش هەر لەسەرخۆی نییە، بەڵکوو دەشێت ببێتە مایەی داڕمانی کاری ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە داڕێژراوەکانی ناو ئەندامانی ئوممەت و شیرازەپسانی کۆمەڵکاری و دابڕدابڕبوونی بزاڤە ئیسلامەکەیە!

بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکانی دڵ و پێچاوپێچەکانی دەروون و چارەسەرکردن و پارسەنگکردنیان ئەرکێکی زۆر قورسی داعیە بەرانبەر بە خۆی. ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، لە گەیاندنی پەیامی خواییدا سەرکەوتوو نابێت. زەحمەت دەبێت لە لای کار بۆ خۆی نەکات و بۆ خوای بکات (نەعوزوبیللا). بۆیە خوای گەورە مەدحی گوفتارەکەی داعی کردووە کە لەبەر خاتری خوا دەربڕیوە. بانگەوازەکەی بۆ خوایە، کۆمەڵکاریی ئوممەتییانەی بۆ خوایە و بزاوت و هەڵوێستەکانی هەر لەبەر خاتری خوایە: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ٣٣﴾.

کاتێک حەقیقەتەکانی دیدوڕێی موسڵمان بەو بۆخواسوڵحانەوە و بەو شێوە دەربڕینە خواویستانەوە و بەو مەنهەجە خواییەوە ڕوون دەکرێتەوە و بانگەوازی خوایی پێ دەناسێنێت، گوفتارەکەی باشترین قسەی سەر زەمین دەبێت، بانگهێشتەکەی چاکترین و سەرڕاسترین دواندن و ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان دەبێت. ئاسان و لەبار بەرەو خوای گەورە بۆ قبووڵبوون گەنجینەبوون بەرز دەبێتەوە و کاریگەرێتیشی لە دڵ و دەروون و واقیعی مرۆڤایەتیدا ڕەگ

دادەکوتێت، بەو مەرجەی ئاوا بۆخواسوڵحاوانە بێت و کردەوەی موسڵمانانەش بیسەلمێنێت. ئاوا کە داعیی موسڵمان یەکپارچە دەبێت بە نیشاندانی بانگەوازەکە و کەسایەتیی خۆی تێدا بزر دەکات، نە ناو و نە خۆنواندن، نە پلەوپایە و نە دەرکەوتن، نە بەرژەوەندی و نە ڕیابازی. ئاوا کاتێک ئەم حەقیقەتە عەقائیدی و هەڵوێست و بزاڤە لە داعییەکی بۆخواسوڵحاوەوە دەردەچن نیشان دەپێکن. کەسب دەکەن، گومان دەڕەوێننەوە و تاریکیی نەزانی و نەفامیی بەرهەڵستکاری ڕادەدەن. بانگەوازی خوایی دەبێت ئاوا بڵاو بکرێتەوە. داعی پشکی نەفسی خۆی تێدا نەهێشتبێت و بەڕاستی سەرڕاستانە ئەرکی بەلاغ و ڕاگەیاندن و گەیاندنەوەی دینەکەی جێبەجێکردبێت. قسەی جوان دەگەیەنێت. ئامۆژگاریی ڕاست و ڕەوا دەکات و ڕێی حەق نیشان دەدات، بە دڵنیاییەوە گوێگری زۆرتر دەبێت وەک لە یاخی و بێگوێ. داعی ئاوا لە باڵاوە، لە بەرزاییەوە و بە ئەدەبێکی بەرز و بانگەوازێکی باڵا دەگەیەنێت، بەرانبەرانیشی لە نزمییەوە ڕەفتاری نزمانە و هەرزەکارانە دەنوێنن، بەڵام قسەی ئەوان کاریگەریی وەکوو کاریگەریی قسە جوانەکان و ڕەفتارە بە ئەدەبەکەی ئەم نابێت: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ﴿٣٤﴾﴾، چاک و خراپ چۆن وەکوو یەک دێنە بەرچاوان؟ کاتێک داعیی موسڵمان قسەی بەدکارانەی پێدەوترێت و جنێوی پێ دەدرێت و سووکایەتیی پێ دەکرێت، بۆی نییە ئەمیش لە کاردانەوەیدا جنێو بداتەوە و سوکایەتی بکات، چونکە نە دادپەروەرییە و نە ڕەوشتبەرزی و نە شیاوی ناو و ئەرکی داعییە. جوامێری لەوەدایە کە قسەی جوان و ڕەفتاری پارسەنگانەی خۆی لەدەست نەدات، پارسەنگییەکەی لەوەدایە کە ئارام و هێدییە و سەبر دەگرێت، سینەفراوانە هەڵوێست دەنوێنێت، بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ دەبێت و ناهێڵێت کاردانەوەکەی ڕایکێشێتە بوارێکەوە کە هی ئەو نییە، ناشێت خراپە بە خراپە وەڵام بداتەوە. چونکە جگە لەوەی دادپەروەری نییە و شیاوی ئەم نییە، کاریگەریی ئیجابیی وەکوو قسەی جوان و پارسەنگێتییەکە نابێت. ئەم کە پارسەنگێتی و کاردانەوەی ڕاقییە، حەتمەن کاریگەریی لەسەر ئەو نەفسییەتە سەرسەرییانە و ئەو ڕەوشتە بازاڕییانە دروست دەکات. ئەم ڕەفتارە ڕاقییە بەرانبەرەکەی تەریق دەکاتەوە و هانی دەدات دیدوڕێ و هەڵوێستی بگۆڕێت: ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾﴾. ئەم ڕێسایە لە زۆرینەی هەرەزۆری

حاڵەتەکانـدا، هەروا کـاریگەر دەبێـت و دەروونە ئاڵۆزەکـان و نەفسـە نزمەکـان و ڕەوشـتە بازاڕییەکان و هەڵوێستە دوژمنکارییەکان پارسەنگ دەکاتەوە و، دەروونەکان هێدی و هەست و هۆش بەخۆدێنێتەوە. سەرسەرێتییەکە دەگۆڕێت، بۆ تەریقبوونەوە و پاشان بۆ شەرم و شـکۆیی. ڕەفتارە بەڕەڵاییەکە و ڕەوشتە بازاڕییەکە هێـدی دەکـاتەوە و دەیکـات بە ڕەفتـارێکی هەسـتیار، دوای ئەوەی لەبەرچاوان دەبێتە عەیبە! هەموو هەڵوێستێکی نامەسئوولانە بە قسـەی خـۆش و ڕەفتاری شیرین دەگۆڕێت. بەڵام ئەگەر خراپە بە خراپە وەڵام درایەوە، تووڕەیی بە تووڕەبـوونی بەرانبەرەکە، سوکایەتیکردن بە شکاندنەوە و لاسەنگی بە لاسەنگی، بەدڵنیاییەوە بـواری خـراپە بەرفراوانتر دەبێت، تووڕەبوون و کار و کاردانەوەکان زیـاتر دەبـن. شـەرم و شـکۆ نامێنێـت و کەس هیچی پێ عەیب نابێت! بەرانبەر هەر یاخیبوونی زیاتر دەبێت و لە حەنای حەقدا کـوێر دەبێت و زیاتر بەرگری لە شەڕخوازی دەکات.

وەڵامدانەوەی خراپە و شەڕخوازی و ناحەزێتیی بە چـاکە و خێرخـوازی و نەرمونیـانی و دڵسۆزیی زۆر کاریگەرترە. بەڵام خۆ ئەمە شتێکی ئاسان نییە. ئەم سینەفراوانییە دڵێکی پـاک و ساف و دەرونێکی پاڵفتەکراو و سینەیەکی فراوانی دەریایی دەوێت، ئەرکەکە چەندین بەرانبەر قورستتر دەبێت، ئەگەر داعییەکە توانـای کـاردانەوەی تونـد و سـەختی هەبـوو، ئەگەر هێـز و دەسـەڵاتی هەبـوو. هەبـوونی ئەم توانـا و هێـزەش هەرچەنـد کەمـیش بێـت بەڵام زەرووریـیە، بۆئەوەی بەرانبەرەکە وا نەزانێت داعیـیەکە لە زەلیلییـدا وەڵامنـاداتەوە، لە بێهێزییـدا ڕەفتـاری جوان دەنوێنێت. نیشاندانی ئەم بڕە هێزە ڕەخساوە زەروورییە، تا سینەفراوانی و نەرموونیانییەکە کاریگەریی خۆی هەبێت، تا بەرانبەرە خراپەکارەکە وا نەزانێت ئەو بەهێـزە و داعیـیەکە لاواز، ئەو زاڵە و ئەم بەزیـو، ئەو دەتوانێـت هەمـوو شـتێک بکـات و ئەم هـیچ. ئەگەر بزانێـت لە بێدەسەڵاتیی داعییەکەوەیە، ڕێزی نامێنێت و ئەویش بوغرا دەکات زیاتر دەسـتدرێژیی بکـات! ئەو کاتە ڕەفتاری پارسەنگ و قسەی جوان و نەرمونیانی نواندنەکە هیچ جۆرە کـاریگەرییەکی لەسەر بەرانبەر و لایەنەکانی سێیەمیش نابێت کە دەستدرێژیەکە و زاڵم و مەزڵومەکە دەبینن.

ئەمە باسی حاڵەتە کەسایەتییەکانە. باسـی نوانـدنی ڕەفتـاری شەخسـییە کە پەیوەنـدیی بە مافی داعییەکەوە هەیە. ئەمما ئەگەر هەڵوێستی بەرانبەرە شەڕخوازەکە پەیوەنـدیی بە عەقیـدە و

شـەرعەکەوە هەبـوو، ئەگەر دەسـتدرێژی بـوو بە ئومێـدی پاشـگەزکردنەوەی موسـڵمانان لە دینەکەیان، ئەمیان بەرگریی دەخوازێت، کاردانەوەی بوێرانە دەخوازێت، بە هەموو شـێوەیەکی شیاوی بەرگری لەخۆکردن، یان سەبرگرتنێکی کاریگەر، تا ئەو کاتەی خوای گەورە بە توانـا و دانایی خۆی ناوکۆییەکان بنبڕ دەکات. ئەم پارسـەنگی ڕاگـرتنەی ئەم هاوکێشـەیە. هاوکێشـەی وەڵامی خراپە بە چاکە و جنێودان بە گوفتـاری جـوان، یـان شـیکاری واقـیعەکە و سـەبرگرتن لەبەرانـبەر سـوکایەتی و دژایەتـی و بەرەنگـاریی دیـنەکە. ئەمەش پـلە و ئاسـتێکی ئیمانـی و ئەخلاقی و فیکریی خۆی هەیە کە هەموو کەسێک نایگاتێ. گەیشتنە ئەم ئاسـتەی پێگەیشـتنی ئیمانـی و تێگەیشـتنی واقیعـی ئـوممەت و بـانگەواز و بـزاوت و خوێنـدنەوەی ڕاسـتی دەق و واقیعەکە، نیعمەتێکی گەورە و تایبەتیی هیدایەت و ڕێنیشاندانی خواییە، ئەمە پشکێکی فەزڵـی خوای گەورەیە و بەو کەسەی دەبەخشێت کە گەورە بووە و شایانی ئەو ڕێز و ئاڕاسـتە تـایبەتە (گەورەیە)یە.: ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٣٥﴾، ئەوە ئاستێکی باڵای پەروەردەبوونی پارسەنگە کە گرنگە داعییە هەڵکەوتەکانی ئاڕاستەوان و سەرکردایەتی بیگەنێ. نابینیت چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) چۆن گەیشتبووە لوتکەی ئەم ڕاقیبوون و ترۆپکی ئەم داعییبوونە کە قەت جارێک لە ژیانی پیرۆزیدا لەبەرخـاتری خـۆی تـووڕە نەبـوو کە لەبەر دینەکەش تووڕە ببوایە کەس نەیدەتوانی هێدیی بکاتەوە. لەمەشدا پشکی نەفسی تێنەدەکەوت، هەرچەندە شەیتان لە هەوڵی بەردەوامیدا بـوو بـۆ ئیسـارەکردنی: ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٦﴾. ئەمە ئاڕاسـتەکردنی داعییەکانیشـە تـا لەو کـاتی کە ئیسارە دەکرێن و تووڕە دەبن پەنا ببەنە بەر خوای گەورە، تا پارسەنگییان بپارێزێت، تا نییەتیان بە پاکی بپارێزێت و نەهێڵێت تۆڵە بۆ خۆیان بـکەنەوە و نەفسـی خۆیـان زیـاتر بوێـت وەک لە دینەکە. چونکە تووڕەکردن و ئیسـارەکردنی شـەیتان لەوانەیە سـینەفراوانیی داعیـیەکە تەسـک بکاتەوە، یان سنووری سەبرگرتنەکەی لـی بچـووک بکـاتەوە، یـان نەرمونیـانیەکەی لـی بکـاتە توندوتیژییەک کە ڕەفتارێک بنوێنێت، دوایی زیانی زۆرتر بێـت وەک لە سـوودی. پەنـاگرتن بە خوای گەورە لە شەیتان خۆخستنە ژێر چەتری ڕەحمەتـی خـوای گەورەیە، خـۆ قـایمکردنە لە قەڵای ئەمانی خوای گەورەدا، تـا شـەیتان زەفەری پـێ نەبـات و تووڕەبـوونەکەی ئیسـتیغلال

نەکات و نەیخاتە داوی هەڵوێستێکی نەخوازراوەوە.

خـوای کردگـاری ئەم دەروونە بەشـەرییە شـارەزای ڕێـڕەو و درز و پەنـا و پێچەکـانێتی، شارەزای توانا و وزەی بەرگرییەتی لە خۆی، دەزانێت لە کوێوە شەیتان دەچێتە بن کلێشـەی و زەفەری پێ دەبات، دەزانێـت کە داعـی تـووڕە بـوو زۆر ئیمتیـازاتی خـۆی، لە خێـر و ئاسـتی کەسایەتی و کاریگەری و کەسبکردنی کەسانی کات و شوێنەکە لەدەست دەدات، بۆیە خـوای گەورە دەفەرمووێت لەو کاتانەدا خێـرا پەنـا بـبەنەوە بەر خـوای گەورە. تووڕەبـوونی موسـڵمان پێویستە لەبەر خاتری خوای گەورە بێت، کاتێک بێت کە ڕێـزی خـوای گەورە دەشـکێنرێت و نـاوی بە ویقـارەوە ناهێنرێـت. ئـێمە کاتێـک قسـەیەکمان پـێ دەوترێـت، یـان جنێوێـک بە کەسوکارمان دەدرێت، تووڕە دەبین و ڕقـمان هەڵدەسـتێت و دەمانەوێـت کـاردانەوەیەکی تونـد نیشان بدەین، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێـت موسـڵمان ئەو تـووڕە بـوون و ئیسـارەبوونەی لە پێنـاوی دینەکەیدا بێت. ئەمەش نیشانەیەکی تری جیاوازی دیدوڕێی موسڵمان و دیدوڕێی جـاهیلییە، لە هەموو کات و شوێن و نەوە و حاڵەتێکـدا. ئـوممەتە موسـڵمانەکە دەبێـت لەسـەر زەمینەیەکـی بەڕێز و بنەما و بناغەیەکی ڕەسەن و ڕێسای پتەوی ئەخلاقی دابەزێت. قورئانی پیرۆز کۆمەڵێک لەوانەی لەخۆ گرتووە. ڕەفتار و ڕەوشتی پەسەن یەکێکە لە پێکهاتەی سەرەکیی دید و تێڕوانینی ئیسـلامی، لە بەرنـامەی پەروەردەکردنـی تـاک و کـۆی ئـوممەتە موسڵمانەکەشـدا ڕەسـەنە و جێبـایەخی تەواوە، کە لایەنێکـی ژیـان و ئاڕاسـتەی موسـڵمان نیـیە لەسـەر چەنـدین ڕێسـای ئەخلاقیی دانەمەزرا بێت. ئەم ئوممەتە عەقائیدییەی لەسەر تەوحیـد دامەزراوە کە تـاک و بـێ وێنەیـی خـوای گەورەیە لە پەروەردگـارێتی و خـوایەتی و حاکمێتیـدا و بە هـیچ کلۆجێـک عەبدێتیی بۆ غەیـری خـوای گەورەی تێـدا نیـیە. عەبـدێتیکردن بـۆ خـوای گەورە ئـازادییەکی تەواوی بۆ موسڵمان دەستەبەر کردووە، ئەم ئازادییەش سەرچاوەی هەموو چاکییەکانە، زەمینەی هەموو ڕێسا ئەخلاقییەکانە، گەنجینەی هەموو جـۆرە ڕەفتـار و ڕەوشـتێکی جـوان و پەسـەندە. چونکە مەبەست لە پابەندبوون بە هەموویەوە ڕەزامەندیی خوای گەورەیە کە ئامـانج و هیـوا و مەبەستی موسـڵمانانە، پـلە و ئاستەکانیشـی ڕەوشـتە قورئانییەکـانە، ئەمە خـاڵێکی جەوهەریـی دیدوڕێ و دابونەریتی ئیسلامەکەیە. مەنهەجی ئیسـلامی بـایەخێکی زۆر بە ڕەوشـت دەدات و

قورئانی پیرۆز وەکوو دەستوورێکی ئەخلاقی دەردەکەوێت. گرنگیی ڕێسا ئەخلاقییەکان لەوەوە دێت کە هەموویان لە ڕوانگەی عەقیدەکەوە دێن، بە مانایەکی تر بنەما سەرەکییە ئەخلاقییەکان عەقیدەیین، لەم زەمینە عەقائیدییەشەوە دەبینرێت کە ڕەوشت لە ئیسلامدا زەمینەیەکی فیکری و ڕەفتارێکی کاریگەرە لە ژیانی تاک و کۆی موسڵماندا.

## برگەی پێنجەم:

# کۆڵی قورسی بەرپرسێتی

باوەڕ ڕاستییەکی بزاوتی ئیجابییە. هەر بەوەندەی لە ناخی دڵ و دەروون و هزر و هـۆش و هەست و ویژداندا دەچەسپێت، خۆی لە خۆیدا دەکەوێتە بزاڤێکی دەرەکی، ڕەفتـاری دەرەوەی ئیماندارەکە دەخاتە گەڕ، دەیخاتە سەر کـاری چـاک و چاکسـازی و بـانگەوازی خواویسـتی. ئەمەیە (ئیمان)ی ئیسلامەتی، مومکین نییـە بـاوەڕ لە ئیسـلامدا ببێـتە زانیـارییەکی ساردوسڕ و نیشانەیەکی خاو و خامۆشی دوور لە بزاوت و هەڵوێست، مەحاڵە بـاوەڕی موسـڵمانانە لە دڵـی کەسێکدا جێگیر بووبێت، لە دەرەوەیدا نەکەوتبێتە سەر بانگەواز و بزاوت و هەڵوێست. ئەگەر ئەم بزاوت و هەڵوێستە سروشتییەی لێوە پەیدا نەبوو، ئەوە باوەڕێکی درۆزنە و قەستینەیە، یـان هەر بە مردوویـی نێـژراوە. بـاوەڕ وەکـوو گـوڵە، ئەسـتەمە بـۆنی خۆشـی بگیـرێتەوە و ڕێ لە بڵاوبـوونەوەی بگیرێـت. ڕێـی لـێ ناگیرێـت، چـونکە سروشـتی گـوڵ بەخشـینی جـوانی و بۆنەکەیەتی. ئیمانیش وایە. بڵاوکردنەوەی بانگەوازی خواویستی لە باوەڕهێنـانی موسـڵمانەکەوە دێـت بە دیـن و شـەریعەت و ڕێبـازەکەی، ئەمە چـالاکییەکی سروشـتیی بـاوەڕەکەیە، ئەمە خستنەکارێتی. ئیمانێک ئاوا نەبێتە کار و چـالاکیی بـانگەواز، مانـای وایە نییـە، یـان مـردووە. نرخی ئیمان لێرەدایە کە دەبێتە گوڵی سەرچاوەی جوانی و بزاوتی بۆن خۆش. ئیمان لە ئیسلامدا بانگەواز و کار و بزاڤە، پاکسازی و ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانە، هەمووی چـالاکیی شایسـتەی ڕوولەخوایە، ئیمان لە ئیسلامدا متبـوون و خۆکوشـمەڵەکردن نییـە، گۆشـەگیری و کەنـارگیریی دەروونی و جەستەیی نییە. باوەڕ لە ئیسلامدا هەر ئەوەندە نییە کە دەوترێت دڵی پاکە! کە نابێتە کۆمەڵکاری و بانگەواز و گۆڕان و گۆڕین. سروشتی ئیسلامەتییەکە وا دەکـات ئـیمان ببێـتە ئەو هێزە مەزنە بنیاتنانەی ژیان، ژیانی تاک و کۆ و کۆمەڵگە و دەوڵەت. بانگەوازی خواویسـتیش بانگهێشـتکردنی خەڵکییە بـۆ حەقـیقەتە بەڵگەنەویسـتەکانی بـاوەڕ. خـوای گەورە ئەرکـی پێغەمبەری خۆی (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەوە دیاری کردووە کە گەیاندنی پەیامی خـوایە بە خەڵکـی:

﴿قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾﴾ الجن: ٢٢، واتا: «بفەرموو ئاخر من هیچ کەسێک شک نابەم لە خوای گەورە داڵدەم بدات و نەهێڵێت بکەومە دەستی، یان لە هەڕەشەی ئەو لەخۆم بگرێت». مەگەر ئەداکردنی بەرپرسیارێتییەکەم لە ڕاگەیاندنی پەیامەکانی خوای گەورە. بفەرموو من حەشارگەیەکم دەست ناکەوێت خۆمی تێدا وەشارم. هیچ پەنا و داڵدە و حەشارگەیەکم نییە و هەر دەبێت ئەم بەلاغە خواییە و ئەم پەیامانەی خوای پەروەردگار بگەیەنم. سوبحانەڵڵا کە فەرمایشتێکی قورس و بەرپرسیێتییەکی سەختە کە کەوتووەتە نێوان ڕاگەیاندنی ئەم دینە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو حەشاماتە دوژمنکارە ڕقنە، بەو هەموو هێز و دەسەڵات و ئازارانەیانەوە، بەو هەموو فاک و فیک و چەواشەکارییەیانەوە. لەملاوەش بەرپرسیێتی لای خوای گەورە کە لێقوتاربوونی نییە. ئەمە چ قەولێکە؟ چ هەڵوێستێکە؟ دڵ دەخاتە خورپە و لێدانێکی زۆر خێرا و دژوار! گەیاندنی پەیام و ڕاگەیاندنی بانگەواز و ناساندنی ئەو حەقیقەتە عەقائیدییانە، لەو کات و شوێن و حاڵەت و بارودۆخە سەختە و لەناو ئەو خەڵکە نەزان و گەلۆر و کەللەرەقە رقنەدا. ڕاگەیاندنی ئەم دینە بەو هەموو بنەما و ڕێسا نەگۆڕانەیەوە کە هیچ هەڵوێستێکی بەشەری (ئیمانداران و کافران) کاریگەریی نە لەسەر گۆڕینی هەیە، نە لەسەر ڕاگەیاندنی. ڕاگەیاندنی ئەم بانگەوازە بەو شێوەیەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە. سوبحانەڵڵا کە بە سام و هەیبەتە کە قورسە کە ترسناک و چۆک شکێنە! بەڵام ئەمە فەرمانی خوایە و هەر دەبێت ئەم پێغەمبەرە تاکە بێپشت و پەنایە ڕایبگەیەنێت، هەموو لایەنێکی ئەم دینە وەکوو خۆی ڕاشکاوانە بەیان بکات، هەموو حەقیقەتێکی وەکوو خۆی.[1] بفەرموو: کە من هیچ چارێکی ترم نییە. ئەم بەلاغە خواییە، ئەم عەقیدەیە بەو حەقیقەتانەیەوە -کە بە وەحی بۆ من هاتووە- من هەر دەبێت ڕایگەیەنم، بێ چەند و چوون، بێ موناقەشە، بێ خۆلێدزینەوە، بێ گۆڕینی. دەنا دەکەومە بەر هەڕەشە و سزا و غەزەبی خوای

(١) ئەمە ئەگەر پێغەمبەرێتی نەبێت، ئەگەر وەحی و لوتکەی ئیمانداریێتیی بەتوانا و دەسەڵاتی خوای گەورە نەبێت، کێ هەیە ئەوەندە ئازابێت و بە تاقی تەنها ،بەرانبەر دید و تێڕوانینی تاکوکۆی تیرە و هۆزەکان، بەرانبەر رەفتار و ڕەوشتی تاک و دابونەریتی کۆمەڵگە، بەرانبەر بزاوت و هەڵوێستی دەسەڵاتداران و یاسا و ڕێسا و دەستووریان بووەستێتەوە، کە لە یەک کاتدا دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، دەوڵەمەند و هەژار، پیاو و ژن، سەربەست و کۆیلە، دیندار و بێدین، ناودار و عەوام. هەر هەموویان دژی ئەم دینە وەستانەوە! چونکە دینەکە بەرانبەر هەڵە و چەوتی و ناهەمواری و کوفر و نەفامێتی و ستەمکارێتیی هەر هەموویان وەستایەوە!!.

کردگاری گەردوون. خوای خاوەنم. دەنا بێ پەنا، بێ جێگا، بێ دالْدە و بـێ پشـتیوان دەکەومە گۆڕێ!

ڕاگەیاندنی بانگەوازی خوایی چالاکییەکی خۆبەخشانە نییە، تا کەسـێک کـاتی (فەراغ)ی خۆیی بۆ تەرخان بکات! بـوارێکی خێرخـوازی نیـیە تـا گەنجینـەی پاداشـتی داعـی بێـت کە خۆبەخشانە کردوێتی بە بوارێکی وەکوو دەسگرتنی کوێرێک و پەڕاندنەوەی .بەڵکوو ئەرکێکی قورس و فەرزێکی سەخت و فەرمانێکی جیددیی خـواییە و هـیچ بوارێـک نە لە وەرنەگرتنیـدا هەیە، نە لە شلگیرییدا و نە لە منجەمنجکردن لە ڕاگەیاندنیدا هەیە! چونکە فەرمـانی خـوایە و خـوای گەورەش چـاودێریی ڕاپەرانـدنێتی. وای بە حـاڵی ئەو کەسـەی پێغەمـبەرانە شـانی نـاداتەبەر. لەگەڵ قورسـێتی و سـەختێتیی ئەم کـۆڵەی بـانگەوازدا، خۆشـی و کـامەرانی و ئاسـوودەیی ویـژدان هەیە کە ئـۆخەی وا بـانگەوازی خێرخـوازی دەگەیەنمە خەڵکـی، دەبمە هۆکاری ڕێنماییکردنیـان، ئەوانـیش خوانـاس دەردەچـن، هەموومـان لە بـانگەوازی خـوایی و بزاوتی ئوممەتەکەدا بەشدار دەبین، تا بە یـارمەتیی خـوای خاوەنمـان کـۆمەڵگە و دەسـەڵاتی شەرع دادەمەزرێنین. یان لە پێناویدا دەڕۆین.

ئاوا قورئان پێناسەی بەرپرسێتیی بانگەوازی خوایی دەکات، ئاوا کـۆڵە قورسـەکەی ڕوون دەکاتەوە، بەو فەرمانە جیددییە داعیـی ئیسـلامی دەخـاتە کـار، کە شـانت لەبەر فەرزێتـی ئەم کۆمەڵکارە ململانێ سەختەدا ڕاگرە و جوامێرانە بانگەوازەکە وەکوو خۆی ڕاگەیەنە. ئاوا داعیی موسڵمانی شوێنکەوتووی (محـمد المصـطفى) (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەرکـی خـۆی دەزانێـت چەنـد قورسە و چۆنە، دەزانێت گەورە و سەختە. دەزانێت ئەمە فەرزێـکە و وەکـوو فەرزەکـانی تـری خوای گەورە هەر دەبێت وەکوو خۆی ئەدا بکرێت، دەنا چۆن دەبنە شاهێد لەسـەر خەڵکـی و چۆن دەبنە مایەی هەنجەتبڕین (إقامة الحجة)ی ناو خەڵکەکە؟!

هەڵگرتنی ئەم کۆڵە قورسەی خواویستی و ڕاگەیاندنی دین و گەیاندنی بەلاغ و بانگەوازی خوایی حەتمییە، حەتمەن دەبێت داعییانی ئیسلام هەنجەتبڕی (ئیقامە حوججە) لەسەر خەڵکی بکەن و بیانخەنە سەر دووڕێـی کـوفر و ئـیمان، شـیرک و تەوحیـد، جـاهیلییەت و ئیسـلام، تـا سەرپشک بن کامیان دەگرنەبەر. داعییانی ئیسلام هەر دەبێت ئەم پەیـامە خـواییە بەو خەڵکـی

بگەیەنن، تا لە سزای دۆزەخ و کوێرەوەریی دونیا ڕزگاریان بکەن. ئەمەش بە ڕاگەیاندنی دینەکە دەبێت، بەو چۆنیەتییەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕایدەگەیاند، دینەکە هەر ئەو دینەیە، پەیامەکە هەر ئەو پەیامەیە، خەڵکی هەر ئەو خەڵکەن. لەمپەرەکانی گومان و گومڕایی و ئینحراف، بەربەستی هەواوهەوەس و کەللەڕەقی و لوتبەرزی، کۆسپی هێزی ماددی و چەواشەکاری. ئەمانە هەموویان بەربەستی ڕێی گەیاندنی دینەکەن، ئەمانە ناهێڵن خەڵکەکە لە جاهیلییەت دەرچن، ناهێڵن بانگەوازی خواییان بەر گوێ بکەوێت. ئەمانە بە زۆری زۆرداری خەڵکی گومڕا دەکەن، بۆیە دەبێت داعیی ئیسلامی بزانێت کە واقیعەکەی بەردەستی هەر واقیعە کۆنەکەی جاهیلییەتی کۆنە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەم بانگەوازە خواویستیە ڕووبەڕووی دەبووەوە. خەڵکەکە هەر ئەو خەڵکەن، دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان، هەر ئەو تاغووتانەی جارانن، هەڵوێست هەر هەمان هەڵوێستە، بەربەستەکان هەر ئەوانەی جارانن، بەلاغەکەش دەبێت هەر بەلاغەکەی جاران بێت و ڕاگەیاندن و بانگەواز و کۆمەڵکاریی ئوممەتییش دەبێت هەر وەکوو جاران بێت، ڕوونکردنەوەی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو، گەیاندنی بە سەبر و پشوودرێژی و ئازایانە، دوایی پێوەپابەندبوون و دەرکەوتنی ئوممەتی داعییان پێوەی. چونکە پێش هەموو شتێک دەبێت خۆیان نموونەی کردەوەیی چەسپێنراوی بانگەوازەکە بن، دەبێت نموونەی شیاوی دینداریتی بن. دەبێت جورئەت و ئازایەتی لادان و ڕادانی بەربەستەکانیشیان هەبێت، تا بتوانن هێزی شەڕخوازی لادەن کە ڕێ لە بانگەوازەکە دەگرێت و خەڵکەکە بەزۆر پابەندی ناشەرعی و ناڕەوایی دەکات و دەیانچەوسێنێتەوە لەسەری. ئەگەر ئەم دینە ئاوا ڕانەگەیەنرێت، مانای وایە نە بەلاغ هەیە و نە بانگەوازیش بڵاو بووەتەوە. فەرمانی خوا جیددییە و داعی سەرپشک نییە هەڵیگرێت، یان نا، هەروەکوو کە سەرپشک نییە لە لادان و گۆڕینی مەنهەجی بانگەوازەکەدا: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ﴾ النساء: ١٦٥، واتا: «تا هیچ کەسێک بەهانەی بەدەستەوە نەمێنێت و بڵێ خوایە کەس ئاگاداری نەکردوومەتەوە و دینی پێ نەناساندووم، نا ئەوە پێغەمبەرانمان ناردووە و بەهانەی کەس لەدوای ئەوان قبووڵ نییە». ئەگەر داعیی موسڵمان ئەم کۆڵە قورسە هەڵنەگرێت و ئەم بانگەوازە خواییە وەکوو خۆی نەگەیەنێت، مانای وایە دەبێت تەحەمولی بەرپرسێتیی گومڕابوونی ئەو خەڵکەی دەووروبەری خۆی بکات کە

هەوڵی نەداوە لە ئاگری دۆزەخ لایاندات. کێ هەیە چاوی لەم بەرپرسێتییە نەترسێت؟ کێ هەیە ئامادە بێت لە حزووری خوای داوەردا بڵێ من بە ئەنقەست نەمویست ئەم بەلاغ و پەیام و دینە بە خەڵکی بگەیەنم. هەر بیرکردنەوە لە ساتی موحاسەبەی خوای گەورە، مایەی دڵە لەرزێ و ڕاچەنین و خەوزڕانە، مایەی ترس و سام و بیمە، چونکە ئەدانەکردنی بەرپرسێتییەکە پشت شکێنە، ئەو کەسەی بە خۆی دەڵێت موسڵمان و ئەم دینە وەکوو خۆی ڕاناگەیەنێت، چۆن ئومێدە درۆزنەی بۆ دروست دەبێت کە حەتمەن لە سزای خوای زانا و بەئاگا و چاودێر ڕزگاری دەبێت؟! یان ئەو کەسەی دینەکە ڕادەگەیەنێت، بەڵام بە نوقسانی، چونکە نایەوێت هەندێک لایەنی دینەکە ڕوون بکاتەوە لەبەر کاردانەوەی خەڵکی! یان ڕەچاوکردنی بارودۆخیان! ئەمە زیانی زۆرترە. چونکە شاهێدییەکی کەموکورت و نوقسانی داوە. ئەمە پێچەوانەی هیدایەتدانەکەی خۆیەتی، خوای گەورە ئەوی هیدایەتداوە و دینەکەی خۆیی تێگەیاندووە تا ببێتە شاهێد لەسەر خەڵکی، بە ڕوونکردنەوەی دینەکە و هەڵوێستی خەڵکی لێی، بە گەیاندنی حەقیقەتەکانی عەقیدە و بزاوت و بانگەوازەکە و لانەدان و نەشاردنەوەی هیچ لایەنێکی مەنهەجەکەی ئیسلام. ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ البقرة: ١٤٣، واتا: «ئاوا کردمانن بە ئوممەتێکی دادپەروەری حەقناس تا ببنە شاهێد لەسەر خەڵکی و پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ببێتە شاهێد لەسەر ئێوە».

شاهێدیدانی موسڵمان بەوە دەست پێ دەکات کە دەبێت کەسایەتیی خۆی بە ئیسلام دابڕێژێت و، بەڕاستی ئیسلامی تێدا دەربکەوێت، ئینجا ماڵ و منداڵ و خێزان و کەسوکار و عەشیرەتەکەی بانگهێشتی ئیسلام بکات و هەوڵیان لەگەڵدا بدات موسڵمانانە پەروەردە ببن، تا هەموویان ببنە ئەو نموونە واقیعییەی ئیسلام کە خەڵکی تری بۆ بانگهێشت دەکەن، دوای ئەمەش دەکەوێتە بانگهێشتکردنی ئوممەتەکە، تا هەموویان ئیسلامەکە لە هەموو لایەنێکی ژیانیاندا بچەسپێنن، شاهێدیدانەکەی بەوە کۆتایی دێت کە جیهاد بەرپا دەکات و مومارەسەی دەکات بۆ لابردنی ئەو بەربەستانەی ڕێ لە بانگەوازی خوای گەورە دەگرن و ناهێڵن بگات بە خەڵکی کە دەخوازن خەڵکی هەروا گومڕا بن و لە شیرک و کوفر و جاهیلییەتدا بمێننەوە، تا خزمەتی تاغووتان و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان بکەن، ئیسلامیش دەخوازێت ئەوانە قوتار بکات.

ئەم شـاهێدە موجاهیـدە ئەگەر کـوژرا ئەوە «شـەهید»ە، واتە شـاهێدیدانەکەی بە تەواوی ئەدا کـردووە کە دینـەکە ڕاسـتە و ئـاوا بەرەو خـوای پەروەردگـاری گەڕاوەتەوە. ئـا ئەمە شـەهیدە. موسڵمانی ئیماندار کە باوەڕی بەوە هێناوە دینەکەی خـوای گەورە ڕاسـت و دروسـت و ڕەوایە، ئەوەی لەسەرە کە ئەو شاهێدییە لەناو خەڵکیشدا بدات، شـاهێدیی ئەوەی کە ئەم دیـنە مـافی ژیـان و بەردەوامبـوون و ئاڕاسـتەوانێتیی هەیە، شـاهێدیی ئەوەی کە ئەم دیـنە هەمـووی خێرخوازی و خێر و خۆشییە بۆ مرۆڤایەتی. ئەم شاهێدییەشی پێنادرێـت تـا دیـد و تێـڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و هەموو ژیانی خۆی نەبووبێـت بە نمـوونەی ئەو ئیسـلامەی خەڵکـی بانـگ دەکات بۆی، نموونەیەکی واقیعی بەرچاوی خەڵکی کە ببینن و بڵێن ئەشهەدو ئەم دینە ڕاستە، چونکە نموونەی جوان و بەرزی پەروەردە کردووە، ئەشهەدو هەقە ئەم دینە ئاڕاسـتەی تـاک و کۆ بکات و ڕێی بۆ بکرێتەوە، تا خەڵکـی ئاڕاسـتە بکـات. ئـاوا بە واقیعیـی دەسـەڵمێت کە ئەم ئیسلامە لە هەموو بیروباوەڕ و سیستمێکی تری بەشەری جوانتر و شایانترە مرۆڤ بیگـرێتەبەر: ﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ۝٥٣﴾ آل عمران: ٥٣، واتا: «خوایە باوەڕمان بەوە هێناوە کە ناردووتەتە خوارەوە و شوێن پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەوتـووین، سـا خـوایە لەگەڵ شـاهێداندا حەشرمـان بـکە و بمـانخەرە ڕیـزی ئەوانەوە». موسـڵمان کاتێـک ئەم شاهێدیدانەی بە ڕاستی و دروستی پێ دەدرێت کە ئیسـلامەکەی کـردبێتە زەمینـەی سـازدان و پەروەردەبوونی کەسایەتیی خۆی و، سیستمی حوکمی ناوچەکەی و ئاڕاستەی هەمـوو لایەنـی ژیـانی کـۆمەڵگەکەی کە شـەریعەتی خـوای گەورەی کـردووەتە سـەروەر و هەمـوو کێشـە و ڕاجوێییەکی ناو خەڵکی دەگێڕێتەوە بۆ شەرع. هەروەها بە جیهـادکردنی لە پێنـاوی هێنـانەدیی ئەم کۆمەڵگە و دەوڵەتەیدا لە ژیانی واقیعییدا و بە چەسپاندنی شەریعەتی خوا تێیدا، پاشـان بە چاکترزانینی مردن (کـوژران) لە پێنـاوی هێنـانەدیی ئەم مەبەسـتە مەزن و گەورانەدا، وەک لە ژیـانی لەژێـر سـایەی کـۆمەڵگە و دەسـەڵاتێکی تـر کە مەنهەجـی خـوای نەگرتـووەتەبەر و شەریعەتی خوای گەورە پیادە ناکـات، ئەم شـاهێدیدانە ئەوەیە کە ڕایـدەگەیەنێت کە ئەم دینـە چـاکترە لە ژیـان کە خەڵکـی سـوورن لەسـەری. داعیـی موجاهیـد دینـەکە و چەسـپاندنی شەریعەتەکەی لە ژیان پی زەروورترە، بۆیە بە ژیـان و مردنـی ئەو شـاهێدییەی داوە و بـووە بە (شەهید).

## ئەم حەقیقەتەی دید و ڕێ، هەڵوێستەیەک بۆ سەرنجدان دەخوازێت:

هەر کەسێک ئەم شاهێدیدانەی ئاوا بەو شێوە گشتگیر و ڕەوا و حەقە نەدا و لێی شاردەوە، ئەوە دڵ کرمێیە و لاواز و گوناحبارە. دڵـی پـڕ گونـاحە. وەکـوو خـوای گەورە دەربـارەی ئەو شاهێدیدانە دەفەرموویت) :﴿وَلَا تَكْتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٞ قَلْبُهُۥۗ﴾ البقرة: ٢٨٣، واتا: «شاهێدیدان مەشارنەوە، هەر کەس بیشارێتەوە ئەوە دڵـی پـڕ لە گونـاحە». ئەمـا ئەگەر لافـی ئیسلامەتی و گەزافی موسڵمانێتیی لێدا، بەڵام کەسایەتیی خۆی دوور لە ئیسـلام هێشـتەوە، یـان خۆی لەسەر پەروەردە کرد، بەڵام دوورەپەرێز و هەقـی خەڵکیـی نەبـوو، نەچـووە ناویـانەوە و بانگی نەکردن بۆ دینداری و نموونەی ئیسلامەتیی نەخستە پێشـچاویان و جیهـادی لە پێنـاوی هێنانەدیی کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسڵماندا نەکرد و لەبەر خۆشەویستیی دونیا و حەز و ئـارەزوو بەرژەوەندیی خۆی جیهادەکەی وەل کـرد، بـۆ ئەوەی خـۆی بـژی و دیـنەکەی لاواز! ئەوە بە تەئکید کەمتەرخەم بووە لە سەرخسـتنی دیـنەکەی و هەڵوێسـتی خراپـی نیشـانداوە کە گـوایە دینەکە شایانی ئەوە نییە خۆی لە پێناودا بەخت بکرێت و ئەو شیرک و کـوفر و جـاهیلییەتەی کە دەسەڵاتدار و ئاڕاستەوانی کۆمەڵگەکەیە، هەقی خـۆیەتی و مەرج نییـە جیهـادی بەرانـبەر بکرێت! ئەمەش شاهێدیی درۆیە و خەڵکی لە دینەکە دوور دەخاتەوە، چونکە دەبیـنن ئەهلـی ئیسلام خۆیان ئەوانەی نوێژ و ڕۆژوو زەکات و حەجیان کردووە، ئامادە نین شاهێدی بۆ دینەکە بدەن و بە پێچەوانەشەوە ئەوەتا شاهێدییان بۆ جاهیلییەت داوە. خاک بەسەر ئەو کەسەی ئەمە حاڵی دەبێت، داماو ئەو کەسەیە کە دەبێتە هۆی تەرەکردنی خەڵکی لە دینەکە و ساردنەکردنەوە و دوورکەوتنەوەیان. ئەم جۆرە کەسانە کە ئاوا شاهێدیی درۆ لەسەر ئەم دینە دەدەن، باوەڕیـان بە تەواویی دینەکە نییە، بێگومان لە ڕیزی موسڵمانانیشدا نـین. ئەم شـاهێدیدانە هەڵگرتنـی ئەو ئەمانەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموویت دامانە ئاسمانەکان و زەوی و خستمانە سـەر چیاکـان، هاواریان کرد ناتوانین بکەوینە ژێرباری بەرپرسـێتی و نـاتوانین ئەو کـۆڵە قورسـە هەڵبگـرین، پاشــان مــرۆڤ شــانی دایەبەر: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ۝٧٢﴾ الأحزاب: ٧٢، واتا: «ئێمە ڕاسپاردەکەمان دا بەسەر ئاسمانەکان و زەمین و چیاکاندا، هەر هەموویان هاواریان لێ هەستا کە نـاتوانین لە ئەسـتۆی

بگـرین، ئیـتر مـرۆڤ خسـتیە ئەسـتۆی خـۆی، بە ڕاسـتیی مـرۆڤ سـتەمكار و نەزانە». ئەم شاهێدیدانە سەرەتا چەسپاندنی لە خودی داعییەكەدا دەخوازێت[1] تا ببێتە نموونەی زیندووی بەرچـاوانی ئیسـلامەكە كە خەڵكـی ببیـنن و بڵـێن: ئـای ئەم موسـڵمانێتی و ئیمانـداریتی و دینداریتییە چەند جوان و چاك و پارسەنگە كە ئاوا كەسایەتیی ئەم موسڵمانەی وا پارسـەنگ داڕشـتووە، ئەوەنـدە ڕاقـی و بـاڵا و كـامڵە. ئەمە شـاهێدیدانە لەسـەر ڕاسـت و ڕەوایەتـی و حەقیانەتی دینەكە لە دەروونی خۆیدا، لە ڕواڵەت و مەزهەری خۆیدا. لە ڕەفتار و ڕەوشتیدا كە ئیتر خەڵكی دەكەونە ژێر كـاریگەرێتیی كەسـایەتییە ئیسـلامییەكەوە. ئینجـا شـاهێدی بـۆ ئەوە دەدرێت كە ئەشهەدو نموونەی دینداری و سەرڕاستییە، ئینجا خەڵكـی لێـی نزیـك دەبـنەوە و یەكتریی هان دەدەن كە لە دەوری كۆ ببنەوە (ئاوا شاهێدیدان خـاوەنەكەی دەكـاتە تەوەرێكـی تـری كۆمەڵكـاریی ئـوممەتی). كەوابـوو هەر ئەوەنـدە بەس نیـیە كە موسـڵمان شـاهێدی بە پابەندی و دینداریی خۆی بدات، بەڵكوو بۆ ئەوەی بەلاغە خواییەكە و پەیامەكانی بگەیەنێت، دەبێت شاهێد بێت لەسەر خەڵكی، بەوەی حەق و باتڵیان بۆ ڕوون بكاتەوە، بە ڕەفتار (گوفتار و كردار) و بڕیاری خۆی، پێیـان بسـەلمێنێت كە ئیسـلام ڕاسـتە و دەبێـت بگیـرێتەبەر، لە هەمـان كاتیشدا حەقیقەتی ئیسلامەتیشیان وا پێ دەناسێنێت وەكوو كە قورئان ناسـاندوێتی. ئەمە سـێ شاهێدیدانی لەخـۆ گرتـووە: یەكێكیـان لە نـاخی خۆیـدایە كە بە سـاڵحبوونێتی، دووەمیـان لە كـۆمەڵگەكەدایە، كە وەكـوو داعیـی ئیسـلامی دەركەوتـووە و نـاسراوە، ئینجـا كەوتـووەتەوە بانگهێشتكردنی خەڵكی، ئەمەش موسڵیحبوونە (موسـڵمانی شـاهێد سـاڵح و موسـڵیحە، خـۆی لەخۆیدا چاكە و چاكسازی خەڵكی تریشە)، شاهێدیدانی سێیەم: ئەوەیە كە بیسەلمێنێت كە ئەم دینە مەنهەجی بزاوتی ئوممەتێكی عەقائیدییە كە لە ململانێـی جاهیلییەتـدایە بـۆ گـۆڕینی، بـۆ دامەزرانـدنی كـۆمەڵگە و دەسـەڵاتێك كە ئەم دیـنە دەكەنە سـەروەری یاسـا و ئەحكـام و ئاڕاستەوانی كۆمەڵگەكەیان، ئەمەش هەوڵدانی تـاك و كـۆی ئـوممەتەكەیە بـۆ هێنـانەدیی ئەم

(١) ئەویش بە پـاڵفتەكردنی دەروون و پارسـەنگكردنی ڕەفتـار و ڕەوشـت و ڕەچـاوكردنی مـاف و ئـاداب و هەڵگرتنـی بەرپرسـێتیی كۆمەڵكاریی ئوممەتانە و لێبڕان بۆ بزاڤی گۆڕانكاریی جاهیلییەت و گەیاندنی ئیسلام بۆ سەر حوكم، ئینجا حـوكمكردن بە شـەریعەتی خـوای گەورە و دەرهێنـانی خێروبێـری سـەرزەمین و دابەشـكردنەوەی بەپێـی دادپەروەریـی شـەریعەتەكەی خـوای گەورە بەسـەر دانیشتوواندا، تا نان و ئەمانیان مسۆگەر بێت و ئینجا ڕوو لە خواپەرستییەكە بكەن.

ئامانجه له کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، تا دینی خوا ببێته ڕێباز و بەرنامەی هەموو مرۆڤ. ئا ئەم شاهێدیدانانه پاراستن و گەیاندنی ئەو ڕاسپارده ئەمانەته خواییەیه که خرایه سەرشانی مرۆڤی دینداری خواویست. کەسیش نه تاک و نه کۆی موسڵمانان له هەڵگرتن و گەیاندن و چەسپاندنی ئەم ئەمانەته خواییه نابوێرڕێن و دەبێت هەر هەموویان ئەم ڕەنج و جوهد و جیهاده بدەن. ئەوەشە جیهاد تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامه. هەڵگرتنی ئامەنەتی عەقیده و شەریعەتی خوای گەوره، درککردن و پەیپێبردن و تێگەیشتن و شارەزابوونی زەرووره‌ته، دوای ئەمه هەوڵی سەلماندن و چەسپاندنی دێت له جیهانی ویژدان و جیهانی واقیعدا، چەسپاندن و جێگیربوونی له دڵ و دەروون و هزر و هۆش و هەست و ویژداندا، هەروەها چەسپاندنی له ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێستی تاک و کۆی ئوممەتەکەیدا، تا دەگاته دامەزراندنی دەسەڵات و ئاڕاستەی کۆمەڵگه. قورئانی پیرۆز نموونەیەکی زۆر سەیر، بەڵام زۆر واقیعی دەهێنێتەوه که کەس حەز ناکات پێی بچوێندرێت! نموونەیەکه که دەربڕی حەقیقەتی ماهییەتی ئەو کەسانەیه که فەرزێتیی بانگەوازیان خرایه ئەستۆ، بەڵام هەڵیان نەگرت و ئیهمالیان کرد. نموونەی ئەمانه خوای گەوره دەفەرموویت وەکوو گوێدرێژ (کەر)ن! که باره کتێبی ئەستوور و قورسی لێنراوه که هیچ سوودێکی گوێدرێژەکەی تێدا نییه و هەر قورساییی بارەکەی پێ دەبڕێت! ئەم گوێدرێژه لەژێر ئەم باره قورسەدایه، نه ئالیکی خۆیەتی و نه دەتوانێت لێی بخوات، نه بەگەیاندن و نەقڵکردنی سوودێکی بۆی دەبێت. خوای گەوره دەفەرموویت: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥﴾ الجمعة: ٥، واتا: «حاڵی ئەو کەسانەی تەوڕاتیان بۆ چوو، بەڵام هەڵیان نەگەرت و ئیهمالیان کرد، له سەرەتاوه کردیانه وەزیفه و مایەی کاسبیکردن، بەڵام دواتر ئامادەنەبوون وەکوو پەیامی خوای گەوره به خەڵکی بگەیەنن، بێگومان خۆشیان پێوەی پابەند نەبوون، دەنا ڕایاندەپەڕاند، ئەمانه وەکوو گوێدرێژ (کەر)ن که باره کتێبی هەڵگرتبێت، ئا ئەوه وێنه و نموونه و حاڵی بەدی ئەو کەسانەیه که ئایات و بەڵگه و نیشانەکانی خوایان بەدرۆ خستەوه، خوای گەوره ڕێنمایی ستەمکاران ناکات». ئەمه نموونەیەکی ئەو کەسانەیه که تەوراتیان وەرگرت و دەبوو بیگەیەننەوه به خەڵکی، بەڵام وەلیان کرد. ئەمه نموونه و حاڵی

هەموو کەسێکە کە پەیامی خوایی پێگەیشتووە و وەریگرتووە پاشان دایانناوە و وەلیان کردووە. ئەو کەسانەش کە لەم سەردەمەدا بوون بە گوێدرێژ لەوانەی ناوی موسڵمانانەیان هەیە کەم نین. بە هەزاران هەزار دەژمێردرێن. ئەمانە ناوی موسڵمانانەیان پێوەیە، بەڵام ڕەفتاری موسڵمانانەیان پێوە نییە، بە تایبەتی ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن و (سیرە و شەرعیان دیراسە کردووە)، بەڵام ئامادە نین کاری پێ بکەن. ئەوانە هەر هەموویان کەرن، گوێدرێژن.. تەوەرەی کەرێتییەکەشیان ئەوە نییە کە ئەمانیش بارکرابن، بەڵکوو دەرسی شەرعییان خوێندووە، بەڵام یان لێی حاڵی نەبوون، یان چاک حاڵی بوون، بەڵام ئیهمالیان کردووە، یان نایانەوێت خۆیان بۆ دین و شەرع بڕەنجێنن![1]

(١) لەتەمەنی کورتی خۆماندا سەدان گوێدرێژی وامان ناسی لە مەلا و خەتیب و شێخ و داعیی ئەفەندی کە بۆ ئالیکی دەسەڵاتداران کۆڵی بانگەوازەکەیان تووڕهەڵدا، بە ئەوقاف و پەڕلەمانیان فرۆشت! هەشیانە لە قۆناغی کەرێتییەوە چۆتە قۆناغی سەگێتی، وەکوو ئایەتی (١٧٥)ی سورەتی ئەعراف ئاماژەی پێدەکات: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ١٧٥ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ١٧٦ سَآءَ مَثَلًا ٱلۡقَوۡمُ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمۡ كَانُواْ يَظۡلِمُونَ ١٧٧﴾ الأعراف: ١٧٥ - ١٧٧.

## بڕگەی شەشەم:

## قەڵا و قوللەی بانگەواز

ئەرکی موسڵمانە کە ڕێنمایی کەسوکارەکەی بکات و بۆ دینداری بانگهێشتیان بکات، تا ماڵەکەی چاک و چاکساز دەربچن. موسڵمان هەر وەکوو کە فەرمانی پێدراوە دڵ و دەروونی بۆ خوا پاک بکاتەوە و ڕەفتار و ڕەوشتی بە ئادابە ئیسلامییەکان پارسەنگ بکات و بەپێی شەریعەتەکەی خوا ڕەفتار بکات، بە هەمان شێوە داوای لێ زکراوە کە ماڵ و منداڵ و کەسوکاریشی لەسەر ئیسلام پەروەردە بکات: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ﴾ التحريم: ٦، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەسوکارتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، کە ئاگرێکە سوتەمەنییەکەی هەر جەستەی خەڵک و تاوێرەبەردە!».
ئیسلام دینی خێزانییە، بۆیە بەرپرسێتیی موسڵمان لە خێزانەکەیدا دیاری دەکات و ئەرکی هەر یەکێکیان دەناسێنێت، خێزان و ماڵی موسڵمان یەکەمین بەردی بناغەی پێکهێنانی کۆمەڵە موسڵمانەکەیە. ماڵی موسڵمان سێلی سەرەتاییە. جەستەی ئوممەت و پاشان کۆمەڵگەی ئیسلامی لە کۆی ئەو سێڵە (خانە) موسڵمانانە پێک دێت. بۆیە گرنگییەکی دیار و بەرچاوی لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا هەیە. هەر ماڵێکی موسڵمان قەڵایەکی عەقیدەکەیە، حەتمەن دەبێت قەڵاکە پتەو و دانیشتوانەکەی دڵسۆزی یەکتری و هاوکاری یەکتری بن، هەریەک لەم قەڵایانە (خێزانەکان) دەبێت وەکوو سەنگەری بەرەی ڕووبەڕووبوونەوە تەماشا بکرێن، هەر ئەندامێکی خێزان دەبێت هەست بکات کە سەنگەرنشینە و نابێت دوژمن لە کەلێنی ئەووەوە دزە بکەنە ناو قەڵاکە و بە مەبەستی خۆیان بگەن. ئەگەر ماڵ و خێزانی موسڵمان بەو عەقیدەو بەو هەستی سەنگەرنشینییە پەروەردەنەبووبێت، تێکڕامانی سەختنابێت، چونکە دوژمنانی ئیسلام ئاسان لە دەرگاوە دێنەژووری و ئەلغامی فیتنەو بەڕەڵایی تێدا دەچێنن و کەی مەبەستیان بوو بە خێزانەکەیدا دەیتەقێننەوە. ماڵ و خێزانی بێ بەرپرسێتی و دوور لە دین و هەستی سەنگەرنشینی، وەکوو سەربازگەی بێ پەرژین و بێ ساتر و بێ پاسەوانە، هێرشهێن هیچ بەربەست و لەمپەرێک لە

ڕێیدا نابینێت، تا هێرشی بووەستێنێت، بە پێچەوانەوە، خێزانی وا هەموو دوژمنێکی لاوازیش هان دەدات هەڵمەتی بکاتە سەر!

ئەرکی سەرشانی موسڵمانە کە یەکەمین پۆلی خەڵکی کە بانگەوازی خواویستیان دەبێت پێبگەیەنێت و بانگهێشتیان بکات بۆ ئیسلام: خێزان و ماڵ و منداڵ و کەسوکارەکەی خۆیەتی، تا قەڵا و قوڵەی بانگەوازەکە مەحکەم بکات و کەلێن و درز و لاوازییەکانی پڕ بکاتەوە و نەیانهێڵێت، پێش ئەوەی بڕواتە ماڵ و گەڕەکی تر بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی. حەتمەن دەبێت دایکە موسڵمانەکە بەرپرسێتی گەورەی خۆی هەڵبگرێت، چونکە باوکە موسڵمانەکە بە تەنها ناتوانێت ئەمانی قەڵا و قوڵەکە دابین بکات. حەتمەن دەبێت باوک و دایک پێکەوە سەرپەرشتیارێتیی کوڕ و کچەکانیان بکەن. هەوڵدانی پیاو بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی -هەر لە پیاوان- ڕەنج بەهەدەردان و ئاوکێڵانە. کۆمەڵگەی موسڵمان بە پیاو و ژنی موسڵمان پێک دەهێنرێت. حەتمەن ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ڕۆڵی ئافرەتانە. ئافرەتانن پاسەوانی خەمخۆری زارۆکەکانن، کە تۆو و بەرهەمی داهاتوون، لەبەر ئەوەشە کە قورئان بۆ پیاوان و ژنان دەهاتە خوارێ، وەکوو یەک ئاڕاستەی دەکردن، بەرپرسێتیی پێکهێنان و ڕێکخستن و بەرقەرارکردنی خێزانی بە هەردووکیان دەسپارد، بە پیاوەکەش و بە ژنەکەش کە دەبێت خێزانەکەتان لەسەر زەمینە عەقائیدییەکە لەنگەر بگرێت و بە شنەی وەحی ئاڕاستە بکرێت. بەڵام ئەرکی بەرپرسێتییەکەی دەخستە سەرشانی پیاوەکان، کە دەبوو وەکوو کە هۆشیان لە پارسەنگڕاگرتنی دینداریتیی خۆیانە، دەبێت هۆشیان لە پارسەنگڕاگرتنی ماڵ و منداڵیشیان بێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا﴾. ئەم بەرپرسێتییە زۆر قورس و سەختە، کە دەبێت داعییە ئیسلامییەکان باش درکی پێ بکەن و جوامێرانە شانی بدەنەبەر.

یەکەمین ڕەنجێک کە بۆ پارسەنگیی خێزان تەرخان دەکرێت پێویستە بۆ ژنەکە بڕوات، بۆ دایکەکە، پاشان بۆ زارۆکەکان (منداڵەکان)، پاشان کەسوکارانی تر. پێویستە بایەخێکی زۆر تایبەتی بە ئافرەتی موسڵمان بدرێت، تا ماڵەکە موسڵمانانە ڕابگرێت، بۆیە ئەو کەسەی بیر لە دامەزراندنی ماڵێکی موسڵمانانە دەکاتەوە، پێویستە پێش هەموو شتێک بەدوای ژنێکی موسڵمان و دینداریکی سەرڕاستدا بگەڕێت، ئەگەرنا بە بە دڵنیاییەوە کیانی ئوممەتە موسڵمانەکە

نوقسان دەمێنێت و، پێکهێنانی کۆمەڵگە موسڵمانەکەش دوادەکەوێت و، قەڵا و قوللە ئیسلامییەکە شەکەت و شەپرێو و پڕ درز و کەلێن دەکەوێتە بەرچاوی دوژمنان.

دامەزراندنی ماڵی موسڵمان لە سەردەمی نەوەی یەکەمی ئوممەتە موسڵمانەکەدا وەکوو ئەم سەردەمە سەختگیریی تێدا نەبوو، ئاسانتر بوو. چونکە لە مەدینە کۆمەڵگە موسڵمانەکە هەر ئیسلام دەسەڵاتداری بوو. ئیسلام یاسا و ڕێسا و پێشتریش دابونەریتی ئیماندارانەی بۆ داڕشتبوون، ئاڕاستەکردنی تاک و کۆی کۆمەڵگەکەی مەدینە زۆر پارسەنگ بوو، زۆر ئاسانیش وەردەگیرا و ئاسانیش جێبەجێ دەکرا. چونکە سەرچاوەی ئاڕاستە و ئەحکام و مەرجەعییەتی پیاوان و ئافرەتان هەر خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوون. هەموو حوکم و بڕیارێک دەگەڕایەوە بۆ قورئان و سوننەت، هەر حوکمێک لە قورئاندا بهاتایە، یان پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەری بکردایە، ئەوە بڕیاری کۆتایی بوو، بواری موناقەشە و گۆڕانکاریی تێدا نەبوو، چ جای جێبەجێنەکردن و لادان لێی، چونکە کۆمەڵگەکە زۆر هۆشیار بوو، لەژێر سەرپەرشتیارێتیی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گۆش کرابوو، ئیسلام دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و ڕێسا و ئەحکام و پەیوەندییەستنی بۆ دیاری کردبوون، بۆیە ژیانەکە لە بەردەم ئافرەتاندا ئاسان بوو، ئافرەتان دەیانتوانی بەو شێوەیەی ئیسلام داوای لێ کردوون خۆیان ئاڕاستە بکەن. هاوسەرگیری ئاسان بوو، ئامۆژگاریکردنی مێرد بۆ ژنەکەی و پەروەردەکردنی منداڵەکان لە لایەن هەردووکیانەوە ئاسان بوو، چونکە سیما و سیفات و مۆرکی کۆمەڵگەکە هەموو ئیسلامی بوو. ئێستا ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر جیاوازدا دەژین، ئێمە ئێستا لە جاهیلییەتداین: جاهیلییەتی کۆمەڵگە، جاهیلییەتی یاسا و ڕێسا دارشتن، جاهیلییەتی ڕەفتار و ڕەوشت، جاهیلییەتی دابونەریت، جاهیلییەتی سیستم و حوکم، جاهیلییەتی ماف و ئاداب، جاهیلییەتی کولتوور و ڕۆشنفکری! ئافرەتیش دەبێت لەم جاهیلییەتەدا ڕەفتار بکات. ئەم جاهیلییەتەی سەردەمیش تین و فشاری زۆرتر بۆ ئەو دەهێنێت و لە هەموو لایەکەوە دەیخاتە ژێر گوڕ و تەکانی قەهری خۆی! بۆیە پابەندبوونی ئافرەتی موسڵمان بە ئیسلام و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی لەسەر شان قورستترە، جا خۆی هیدایەتی وەرگرتبێت، یان پیاوەکەی ڕێنیشاندەریتیی کردبێت: پیاوەکەش مێرد، یان باوک و برای.

لە سەردەمی یەکەمی ئوممەتدا پیاو و ئافرەتەکە وەکوو هەموو کۆمەڵگەکە داوەرییان دەبردەوە لای یەک دید و ڕێ و یەک حوکمی شەرعییان وەردەگرت. ئەما لەم سەردەمەدا پیاوە موسڵمانەکە داوەریی خۆی دەباتەوە لای دید و ڕێیەک کە وجوودی حەقیقیی نییە، ئافرەتەکەش لەژێر تین و فشاری زۆر بەتینی کۆمەڵگەکەدایە کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئەو دید و ڕێیەیە ئەگەرچی بوونی (فیعلیـ)ـشی نییە، بەڵام جاهیلییەتی سەردەم زۆر بەسەختی دوژمندارێتیی دەکات، بۆیە ژنە موسڵمانەکە لە دوولاوە دەکەوێتە ژێر تین و تەکانی جاهیلییەت. ئەو تین و فشارەی لەسەر ئافرەتی موسڵمانە چەندین بەرابەری ئەو تین و فشارەیە کە جاهیلییەت خستوویێتییە سەر پیاوەکە. لێرەوەیە کە بەرپرسێتیی پیاوەکە زۆرترە، لەملاوە دەبێت خۆی بپارێزێت و دیندارانە خۆڕابگرێت تا لە سزای خوایی کەنار بکەوێت، لەولاشەوە دەبێت ماڵ و منداڵ و خێزانەکەشی بپارێزێت و دیندارانە ئاڕاستەیان بکات، تا بە تەقوای خۆیان خۆ لە سزای خوایی بپارێزن، ئەو کاتە ئەمیشی لێ دەپارێزرێت. ئاوا پیاوی موسڵمان هەست دەکات خۆی و خێزانی وان لەژێر تین و قەهر و پاڵەپەستۆی زۆر قورس و سەختی جاهیلییەتدا. بۆیە دەبێت پیاوە موسڵمانەکە خۆڕاگر و ڕەنجدەر و پشوودرێژتر بێت، دەبێت هەستی بەرپرسێتییەکەی زیاتر ببێت، تا ڕەنجی خۆی دووبەرانبەر بکات و هەوڵێکی زیاتر لە هەوڵی براکەی نەوەی یەکەمی ئوممەتە موسڵمانەکە بدات.

ئەمانە هەمووی ئەوە لە موسڵمان دەخوازن کە مادام بیر لە دروستکردنی قەڵاو قوڵلەی خێزان دەکاتەوە، دەبێت سەرەتا عەوداڵی دۆزینەوەی پاسەوانێکی وریا و ئەمین بێت، پاسەوانێک کە وەکوو ئەم، دید و ڕێی لە ئیسلامەکەوە وەرگرتبێت و، هەر وەکوو ئەم ئیسلام گۆشی کردبێت و ئیسلامیش مەرجەعییەتی بێت. لەم گەڕان و پشکنین و عەوداڵبوونەدا، دەیان مێیینە وەل دەکات، ئەوی بەدیمەنی ڕووتی و ڕووی چەواشەکاری و جەستەی هەرزان دەیەوێت ڕایکێشێت، ئەوی ئەسڵ و فەسڵی لە دینداری دوورن، ئەوی بووەتە قوربانیی ئاڕاستە و کۆمەڵگەی جاهیلی و وەکوو پووشوپەڵاش و تەختە و کۆتەرەی سووك، خۆی داوەتە دەست شەپۆل و ئاڕاستەی لافاوی شیرک و کوفر و جاهیلییەت. داعیی موسڵمانان و پیاوی عەوداڵی ماڵپێکەوەنان، ئەمانە هەمووی دەبوێرێت، کە ڕۆژانە دەیان نموونەی لێیان دەکەوێتە

بەرچـاو. هەر عەودالانە لە خـاوەن دینێـک دەگەڕێـت، لە یارمەتیـدەرێکی دڵسـۆز کە قەڵا و قوڵلـەیەکی مەحکەمی لەگەڵدا دروستبکات. پاسـەوانێکی شـەونخوون و زیـت، کە هۆشـی لە دەروازەکـانی قەڵاکەیـان بێـت، ئەوی یارمەتیدەریشـیان دەبێـت دایـک و بـاوکە موسـڵمانە دینداره‌کانیانن، موسڵمانە پاکەکانی تر، کە هاوهەست و هاوخەمن و سوورن لەسەر بیناسـازیی قەڵا و قوڵلـەی ئیسلامییانەی خێزان. ئەوانەی بەگیـانی بەرپرسـییەوە سـێڵە زینـدووەکانیان لە فەوتـان و داوەشـێن و میکـرۆب پاراسـتووە، ئـاوا هەمـوو پیـاوانی بەهەسـتی موسـڵمان سـێڵە زیندووەکان دەپارێزن، باوکان و دایکان کچانی خۆیان ئاوا گۆش کـردووە، تـا بیـدەنە دەسـت پیاوێکی ئەمین و هەستبەرز و دلێر کە دەخوازێت قەڵایەکی خێزانی دروست بکات و هەسـتی مەسئوولییەتی قیامەتیی بەم ئایەتە پیـرۆزە زینـدووانە ڕادەگرێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا ﴾.

جارێکی تریش لێرەوە دێینـەوە سـەر سروشـتی ئیسـلام و بـانگەوازەکەی کە پێکەوەنـانی ئوممەتێکی موسڵمان دەخوازێت کە بە ئیسلام گۆش کراوە و بـۆ ئیسـلام سـوڵحاوە و هەبـوونی واقیعییانەی خۆی و ئیسلامی سـەلماندووە، هەبـوونی ئیسـلام؛ هەبـوونی کـۆمەڵێکی موسـڵمانی عەقائیدی دەخوازێت کە ئیسلام دید و ڕێبەتی، ئیسـلام سـەرچاوەی دەسـتوور و ئەحکـامێتی، ئیسلام سیسـتم و حـاکمێتی، ئیسـلام پەیـڕەو و پرۆگـرام و بەرنـامەی هەر هەمـوو لایەنەکـانی ژیانێتی کە هەموو دید و ڕێی تێڕوانین و پێناسەیەکی لێوە وەردەگرێـت. ئەم ئـوممەتە موسـڵمانە ئەو باوەشە سۆز و ئەمنییەیە کە دیـد و ڕێـی ئیسـلام دەپارێزێـت و بـانگەوازەکەی بە خەڵکـی دەگەیەنێت. ئەم ئوممەتە عەقائیدییەیە کە تین و فشاری جاهیلییەت لەسەر دید و ڕێ و بـزاوتە ئیسلامییەکە کەم دەکاتەوە، هەر وەکوو کە ئەویشە دەبێتە پاسـەوانی پارێزگـاری ئەنـدامانی لە فیتنەی ئەشکەنجە و ژان و ئازار. لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی ئوممەتە موسـڵمانە عەقائیدییەکە بۆ کچی موسڵمان و ئافرەتی موسڵمان چەند زەروریـیە کە کاتێـک تـین و فشـاری جاهیلییەتی لەسەر زۆر دەبێت دێتەوە ژێر سایەی ئـوممەتە پاسـەوانەکەی، کە تـین و فشـاری دابـونەریتی جاهیلیشــی دەکەوێــتە ســەر هەر دێــتەوە ژێــر ســایە و ئاڕاســتەی ئــوممەتە عەقائیـدییەکەی کە حەزی ئەمـان و سـەنگەری بەرگرییەتـی. لێـرەدا هەسـت بە ئەمـان و

مەرکەزێتیی ئاراستە دەکات و دید و هۆش و ئاراستەی تێکەڵ نابێت و لە نێوان دابونەریتی خێڵەکی و جاهیلییەتی سەردەمدا سەری لێ ناشێوێت، بەڵکوو یەکسەر ڕوو دەکاتە ئوممەتەکەی و لە دید و ڕێ و ڕێباز و بەرنامە و ئاراستە خواویستییەکەیەوە هەڵوێستی شەرعیانە وەردەگرێت و دەیگرێتەبەر. سوارچاکی هاوبەشی ژیانی خێزانیی خۆی لەناو تاکەکانی ئەو ئوممەتە خواویستییەیدا دەدۆزێتەوە و شووی پێ دەکات و، ناچار نابێت بەو دین و دید و دینداریییەیەوە شوو بە کەڕە عەشایرێکی دوور لە دین بکات، با خزمی خۆشی بێت .بەڵکوو لەگەڵ پیاوێکی موسڵمانی جوامێری ئەم ئوممەتە عەقائیدییەدا دەسازێت و پێکەوە وەکوو ئەندامانی نێر و مێی تری ئەم ئوممەتە قەڵا و قوللەی تایبەتی خۆیان دادەمەزرێنن و دەیکەنە باوەشی سۆز و هێلانەی خۆشەویستی زارۆکە نازدارەکانیان، ئومێدیان وایە لەسەر دین و دینداریییەکی ڕاست و پاک پەروەردە ببن و ببنە هەڵگرانی شیاو و سەرڕاستیی مەشخەڵی خواویستی.

پێکەوەنان و سازدان و ڕاگەیاندنی ئوممەتێکی عەقائیدیی موسڵمان زەروورەتە، نەک چالاکییەکی خۆبەخشانەی ئیزافی! ئوممەتێک کە ئیسلامەکە لەخۆ دەگرێت و دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت هەڵوێستی ڕەسەنی ئیسلامەکە عەکس بکاتەوە. تا ویستی خوا وا دەبێت ئەو ئوممەتە بگاتە تەمکین و نەوە موسڵمانەکان لەخۆ بگرێت و تین و فشاری جاهیلییەتیان بەیەکجاری لەسەر لادات.

## بڕگەی حەوتەم:

## پێگە جەماوەرییە پتەوەکەی بانگەواز

کاتێک جاهیلییەت هەست بە دژوارێتیی حەقیقی دەکات و دەزانێت کە بانگەوازی (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) شەپووری شۆڕشێکی ڕیشەییە و دژی هەموو دەسەڵاتدارێکی شیرک و کوفر و جاهیلییەت بەرپا دەبێت، چونکە دەسەڵاتیان لە حاکمێتیی خوای گەورەوە وەرنەگرتووە، کە دڵنیا دەبن لەوەی ئەم بانگەوازە خواییە سەدای بزاڤێکی عەقائیدیی گۆڕانکاری و یاخیبوونە لە دەسەڵاتی سنوورشکێنی تاغووتان و، خۆقوتارکردنە لە دەستیان کە لە واقیعی ژیانی ڕاستەقینەدا هەست دەکەن ئەم بانگەوازە ئوممەت و بزاڤێکی بۆ ململانێی ئەوان سازداوە، ئوممەتێک کە یەکجەستەیی دەبزوێت. جاهیلییەت ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت و بە ڕاستی هەست بە دژوارێتیی ئەم دین و ئوممەت و بزاڤە دەکات، وەکوو کائینێکی زیندەوەر ڕادەپەڕێت و هەرچی وزە و توانای بەرگری گومان دەبات دەیخاتە کار تا دژوارێتیی ئەم ئوممەتە عەقائیدیە و ئەم بزاڤە ڕیشەییە لە خۆی دوور بخاتەوە کە مەترسیی ڕاستەقینە و واقیعی لەسەر هەبوونی جاهیلییەت دروست دەکات. ئەم جاهیلییەتەش وەکوو زیندەوەرێک کە هەست بە دژواریی مەرگ دەکات و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت وجوودی خۆی قوتار بکات، جاهیلییەتیش ئە ئاوا هەوڵی پاراستنی وجوودی خۆی دەدات و لەڕووبەڕووبوونەوەیدا زۆر دڕندانە ڕەفتار دەکات .

ئەمە ململانێ و دەبەرێکراچوونێکی زۆر سروشتی و ئاسایی و بەڵگەنەویستە، حەتمیشە و بواری خۆلێلادانی نییە! هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک کە دەسەڵاتێکی جاهیلی هەبوو کە پەروەردگارێتیی خوای گەورەی بۆ خۆی زەوت کردبێت و ئاراستەی کۆمەڵگەیەکی جاهیلی بکات و، عەبدێتییان بۆ تاغووت تایبەتمەند بکات. کاتێک بانگەوازی خوویستی لە کات و شوێن و کۆمەڵگەیەکی واوا ڕادەگەیەنرێت، کاتێک کە ئەم بانگەوازە لە کۆمەڵکاریی ئوممەتێکی عەقائیدیدا دەردەکەوێت کە بەپێی عەقیدەکە پێک هاتووە و بۆ خوا سوڵحاوە و

سەر بە سەرکردایەتییەکی خۆیی نوێیە کە ئاڕاستەی بزاوت و هەڵوێستی ململانێی دەکات دژ بە جاهیلییەتە دەسەڵاتدارەکە و شانبەشانی بۆ زۆرانبازیی ژیان و مەرگ دێتە مەیدانییەوە. **کاتێک ئەم عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتە دەبێتە مەنهەجی ئوممەتێکی عەقائیدیی خاوەن بزاڤی ململانێی جاهیلی.. بە ڕاستی جاهیلییەت هەست بە دژوارێتی وجوودێکی کێبڕکێ و تەحەدداکار دەکات، شەڕێکی بێئامان بەرانبەر تاکتاکی ئەو ئوممەتە ڕادەگەیەنێت**. ئینجا یەک یەکی ئەو ئوممەت و بزاڤە خواویستییە دەکەونە بەر حەملەی ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆر. حەملەی خەفەکردن و متکردن و ڕیشەکێشکردن، ئیتر بەلایانەوە ئاسان و سروشتی و ئاسایی دەبێت کە خوێنی ئەو کەسانە حەڵاڵ بکەن کە چوونەتە ژێر ئاڵا و دروشمی ئوممەت و بزاڤە عەقائیدییەکەوە. باکیان بە کوشتنیان نابێت، خەمی ئەشکەنجەدان و مەحرووومکردنیان نابێت، سڵ لە هیچ شێوە و چۆنیەتییەکی کوشتار و لەناوبردنیان ناکەنەوە و هەموو ڕەفتارێکی دڕندانە بە ئاسایی دەناسێنن! لەم بارودۆخە هۆڵناک و کەشە سامناک و حەملە ترسناکەدا ئەوی بەدەم بانگەوازەکەوە دێت و خۆی لەژێر ئاڵای (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)کەدا دەگرێت، نوخبەیەکی ئازا و چاونەترس و دلێر دەبن. ئەو کەسەی خۆی بۆ خوای گەورە ساغ کردووەتەوە، تەحەممولی هەموو ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆرەکان دەکات، تەنها ئەو کەسانە خۆیان لەبەر حەملەی ڕیشەکێشکردن و مەحرووومبوون و ئاوارەیی و ڕاوەدوونان و نامۆ و پەڕیدەکەوتن دەگرن کە بۆ خوا ساغبوونەتەوە و بە ڕاستی عەبدێتییان بۆ خوای تاک و پاک ڕاگەیاندووە. ئەوەی خۆی لەبەر ئەم هەموو میحنەت و ناسۆرەدا دەگرێت، تەنها ئەو جوامێرە دیندارە سەرڕاستانەن کە خۆیان بۆ سەرخستنی دینی خوا نەزر کردووە.

ئاوا پێگەی بانگەوازی خواویستی دادەمەزرێت، ئاوا لە بەهێزترین ویست و ئیرادە، لە پارسەنگترین کەسایەتی. ئەمما ئەو کەسانەی بە ڕاستی لە دینی خوای گەورەدا قاڵوقووڵ نەبوونەتەوە، ئەو کەسانەی بەڕاستی بۆ خوا لێنەبڕاون، ئەوانەی ئینتیما و ڕەنجیان سەرڕاستانە بۆ ئوممەتە عەقائیدییەکە نەبووە، دەکەون. ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆر دەیاندات بە زەویدا. زوو دینەکە بەردەدەن و زۆرینە دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگەی جاهیلی و تەسلیم بە دید و ڕێ و نەریت و دەسەڵاتی دەبنەوە! پێویستە ئەم مەسەلەیە لای داعییانی ئیسلام ڕۆشن و ئاشکرا و

ڕاشکاو بێت کە گواستنەوە لە جاهیلییەتەوە بەرەو ئیسلام، خۆدانە بەر ئەم هەموو ناسۆر و ئەشکەنجە و ئازارەیە، ئەم ڕێسایە نەگۆڕە. ئەمە پێشەکی و ئەنجامێکی سروشتیی یەکترن، ڕێسای بانگەوازی خواییە. خوای گەورە لە سەردەمانی مەککەدا -پێش کۆچکردن بۆ مەدینە- هەموو ئەوانەی بۆ بانگەوازەکەی خۆی هیدایەتی دان، هەڵبژاردە بوون، باشترین توخمی بەسەبر و جوامێر و خۆگربوون کە بوونە پێگەی مەحکەمی ئەم بانگەواز و ئوممەتە بزاقە. ئەم موهاجیرانە لەگەڵ پێشڕەوانی یەکەمین ساڵی پشتیوانەکان (الأنصار) بوونە ئەو بناغە مەحکەمەی بزاوت و کۆمەڵگە و دەوڵەت (و پاشتریش شارستانێتی)ی ئیسلامیی لەسەر دامەزرا.

ئەو کەسانە بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەدا، چاوەڕێی هیچ پاداشتێکی غەیری بەهەشتیان نەدەکرد، لەوەش دڵنیا بوون کە ژیانیان لەگەڵ جاهیلییەتدا ئەستەمە و مەحاڵە بتوانن لەگەڵیدا هەڵ بکەن، ئەگەر چی تاکە دەسەڵاتداری بەهێزی هەموو ناوچەی نیوەدوورگەی عەرەبیش بوو. ئا ئەمە ئەو پێگە ئیسلامییەیە کە بۆ ئەم بانگەوازە خواییە لێی بڕا. هەر دەبێت بۆ هێنانەوەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتە ئیسلامییەکە پێگەیەکی تری ئاوا بۆ خوا لێ ببڕێت و ئاڵا و مەشخەڵ و دروشمی ئەم بانگەوازە جوامێرانە هەڵبگرێت.

ئیبنو کەثیر (رحمە اللە) لە کتێبی (البدایة والنهایة)کەی خۆیدا نووسیوێتی: ئیمامی ئەحمەد لە جابرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دە ساڵ لە مەککە مایەوە و خەڵکی لە بانگەوازەکەی ئاگادار دەکردەوە، دەچووە ماڵەکانیان، دەچووە بازاڕی عوکاز و مەجینە، لە کاتی حەجکردنیاندا دیداری لەگەڵدا ڕێک دەخستن، بە هەموانی دەفەرموو: کێ داڵدەم دەدات؟ کێ پشتم دەگرێت؟ کێ لایەنگیریم دەکات تا پەیامەکەی خوا بگەیەنم؟ کەسێکی دەست نەدەکەوت داڵدەی بدات و بڵێ باشە دەتگرمە خۆ! تەنانەت کەسێک لە یەمەنەوە یان لە هۆزی موزەڕ (مُضَر)ەوە بهاتایە بۆ مەککە، کەسوکارەکەی دەچوونە لای و پێیان دەوت: "وریا بە نەکەویتە دەست کابرای قوڕەیش، نەبادا لە دینەکەت پاشگەزت بکاتەوە". پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بە ناو خەڵکیدا دەڕۆیشت، ئاوا پەنجەیان بۆ ڕادەکێشا کە ئا ئەوەیە لێی بەحەزەر بن، توخنی نەکەون! تا ئەو کاتەی خوای

گەورە ئێمەی لە (یەسریب/ مەدینە)وە ناردە خزمەتی. کە باوەڕمان پێی هێنا و داڵدەمان دا و بەڕاستگۆمان دانا و شوێنی کەوتین، ئیتر هەر کەسێکی ئێمە دەچووە خزمەتی قورئانی پێدەفەرموو و بە موسڵمانێتی دەهاتەوە ناو کەسوکاری، ئیتر بە موسڵمانبوونی ئەو، کەسوکارەکەشی موسڵماندەبوون. تا گەیشتە ئەوەی کە ماڵێک لە ناو ئەنسارەکاندا نەما ئیسلامی نەکەوتبێتە ناو و چەند کەسێکی لێ موسڵمان نەبووبێت. پاشان هەموو کۆبوونەوەمان کرد و وتمان: تاکەی ئێمە هەروا لێگەڕێین پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بە تیرە و هۆزەکاندا بگەڕێت و بەناو چیا و دۆڵەکانی مەککەدا بەترسەوە بڕوات؟! ئیتر لە کاتی حەجدا حەفتا کەسمان چوونە خزمەتی و بەڵێنی کات و شوێنی (عەقەبە)یان پێدا. ئاوا یەک یەک و دوو دوو چووینە خزمەتی تا هەمووممان لای کۆبووینەوە و عەرزمان کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بەیعەتت لەسەرچی بدەینێ؟ (مەرجت چییە؟) فەرمووی: (تُبَايِعُونِي عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي النَّشَاطِ وَالْكَسَلِ، وَعَلَى النَّفَقَةِ فِي الْعُسْرِ وَالْيُسْرِ، وَعَلَى الأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنِ الْمُنْكَرِ، وَعَلَى أَنْ تَقُولُوا فِي اللَّهِ لا تَأْخُذُكُمْ فِيهِ لَوْمَةُ لائِمٍ، وَعَلَى أَنْ تَنْصُرُونِي إِذَا قَدِمْتُ يَثْرِبَ، فَتَمْنَعُونِي مِمَّا تَمْنَعُونَ مِنْهُ أَنْفُسَكُمْ وَأَزْوَاجَكُمْ وَأَبْنَاءَكُمْ، وَلَكُمُ الْجَنَّةُ)[1]، واتا: «بەیعەتم لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچیی پێ بدەن کە لە کاتی چوستی و سیستیتاندا بە قسەم بکەن، لە کاتی هەبوونی و نەداریتاندا ببەخشن، فەرمان بکەن بە چاکە و بەرهەڵستی بکەن لە خراپە، قسەی حەق ڕاگەیەنن (بانگەوازەکە) و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن، هەروەها بەرگریم لێ بکەن و سەرم بخەن ئەگەر هاتمە ناوچە و تیرە و هۆزتان، هەروەکوو کە بەرگری لە خۆتان و خێزان و منداڵەکانتان دەکەن، لەبەرانبەریشدا بەهەشتتان مسۆگەر بێت«. ئینجا هەستاینە سەر پێ و چووینە خزمەتی، سەرەتا ئەسعەدی کوڕی زورارە کە لە هەمووان کەمتەرخەمتر بوو، دەستی پێغەمبەری خوای (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) گرت و ڕووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی: "سەبرێک بگرن (با قسەیەک بکەم): هۆ ئەهلی یەسریب، ئێمە کە لە یەسریبەوە ئاوا هاتووینەتە خزمەتی لەبەر ئەوەمان بووە دڵنیا بووین کە پێغەمبەری خوایە، داڵدەدان و هێنانی بۆ لای

(١) ئەحمەد (١٤٢٤٣)، سەحیحی ئیبنو حیببان (٧٠١٢)، حاکم (٤١٩٢)، ئیمامی زەهەبی دەفەرمووێت: (إسناده جيد)، بەیهیقی لە: (السنن الكبرى/١٥٢٢٦)، لالەکائی لە: (أصول اعتقاد أهل السنة/١١٥٦). شێخی ئەلبانی (رحمه الله) لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة ١/١٣٣)دا دەفەرمووێت: سەحیحە.

خۆتان ڕاگەیاندنی دوژمنداریێتیی هەموو عەرەبی بەدوادا دێت، حەتمەن لەگەڵ هەموویاندا دەکەونە جەنگ و کوشتار. پیاوچاکانتان لەسەری بەکوشت دەچێت و شمشێر ڕۆڵی کاریگەری لە جەستەتاندا دەبێت. ئەگەر دەزانن سەبر لەسەر ئەمە دەگرن و خۆ دەگرن ئەوە بەیعەتی بدەنێ و پاداشتیشتان لای خوای گەورەیە، ئەگەر دەشزانن کە ترستان هەیە (و ناتوانن دووچاری ئەو کوشتار و دوژمنداریێتییە ببنەوە) ئەوە ئێستا پەشیمان ببنەوە، زیاتر خاوەن عوزر دەبن لای خوای گەورە وەک لە دواتر". ئەوجا هەموو فەرموویان: "هۆ ئەسعەد دەستت ڕاهێڵە (درێژکە) تا دەستخەینە ناو دەستت. سا بەخوا قەسەم ئەم بەیعەتە وەل ناکەین و لێشی پەشیمان نابینەوە و کۆڵی لێ نادەین". جابر دەفەرمووێت: "ئیتر هەستاین و یەک یەک بەیعەتمان پێدا و جەنابیشی مەرجی لەسەر دادەناین لە بەرانبەر مسۆگەربوونی بەهەشتدا".

ئەم پۆلە پشتیوانانەی مەدینە (الأنصار) خوا لێیان ڕازی بێت کە دەیانویست ئیسلام قبووڵبکەن و موسڵمان ببن، هەر لە سەرەتاوە بەرچاو ڕۆشن و دڵنیابوون کە موسڵمانبوون و بەیعەتدانیان بەرپرسێتی و ئەرکێکی گەورەیان دەخاتە ئەستۆ، دڵنیاشبوون کە لە بەرانبەر ئەم تەکلیفە قورسە و ئەم دید و ڕێ و خۆڕاگریەدا هیچ شتێکی دونیاییان دەسگیر نابێت، تەنانەت سەرکەوتنی دینەکەش لەسەر دەستی ئەوان و کەسوکار و خەڵکی تیرە و هۆز و شارەکەیان، تەنانەت زاڵبوون و بردنەوەش. بەڵێنی هیچ شتێکی دونیاییان پێنەدرا کە مسۆگەرانە دەستیان دەکەوێت. بەرانبەر بەیعەتەکە و پەیمانی بەرگری و خۆفیداییکردنیان بەهەشتیان دەبێت. خوای گەورە دەزانێت کە ئەوە مەنهەجی پەروەردەکردنی تاک و کۆی ئوممەتی موسڵمانە، پێگەی بەهێزی بانگەوازی خواویستی ئاوا نەبێت مەحکەم دانامەزرێت، کەسانێک ئاوا گۆشنەکرێن ناتوانن ئەم عەقیدەیە هەڵگرن. بەبێ ئەو ناسۆر و ژان و کارەساتانە، بەبێ ئەو ئەشکەنجە و ئازار و مەحروومکردنە، ئەو خواویستانە نابنە ئەو کۆڵەکە و پایە و ستوونە بەهێز و پتەو و جێگیرەی ئیسلامەکەی لەسەر بنیات دەنرێت، ئاوا نەبێت لەسەر ناڕەحەتی ڕا نایەن، تەحەمولی تین و فشاری جاهیلییەت ناکەن. گەیشتن بەم ئاستی دینداریێتی و بۆ خوا سوڵحان و لێبڕانە، بەم ئاستی بەهێزی و خۆڕاگری و جوامێرییە، بەم سەبرگرتنە لەسەر ژان و ناسۆر و کارەساتی ڕێ، بەم ئاستی سووربوون و بەردەوامبوون و مکووڕی لەسەر سەرخستنی بانگەوازەکە.

بەم پلە و ئاستی شیاوێتییە نەبێـت چـۆن ئەم دینـە بەو کـۆمەڵە کەمە بـێ لایەنگـر و پشـتیوانی سەرزەمینییە دەچەسپێت. خوای گەورەی کارزان و میهرەبان و بە ئاگا خـۆی دەزانێـت کە ئەم کەسانە دەبێت ئاوا لە کوورەی ناڕەحەتی و کێشەدا کانزای ڕەسەنێتییان بسەلمێت کە شایستەی هەڵگرتنـی پەیـامی خواویسـتین. خـوای گەورە دەزانێـت ئەمـانە ئەگەر لەم تـاقیکردنەوانەدا دەرچوون، ئیتر دەتوانن ببنە پێشەنگی کاروانی خواناسی و دەتوانن ببنە هێـزی گۆڕانکـاری و ڕیشەی جاهیلییەتی دەسـەڵاتدار و ملهـوڕ دەربهێـنن. ئـا ئەمە ئەو زەمینـەیەیە کە ئیسـلامەتیی لەسەر تاقی دەکرێتەوە و شیاوێتییان دەسەلمێت، بۆئەوەی ببنە پێشەوا و پاسەوان و سـەرکردە و ئاڕاستەوان. شایستەی فەرماندەیەتی و نموونەی ڕێنیشاندەرێتی دەبن. لەبەر گرنگیی ئەم پـێگە پتەوە شایستەیە کە دەبێت داعییانی ئیسلام زۆر چاک بزانن کە زیـادبوونی ئاسـۆیی بـانگەواز (بە زۆرکردنی ژمارە) دژوارییەکی کوشندەیە، هەڕەشەی حەقیقی لە هەموو زەمینە و بانگەواز و ئـوممەت و بـزاڤەکە دەکـات. هەر زیادکردنێـک (چەنـدێتی) لەسـەر حسـابی پەروەردەبـوون (چۆنێتی)؛ بزاوت دەوەستێنێت و ڕەنج بە هەدەر دەدات، چونکە پێچەوانەی قۆناغی ئاڕاستەی قورئانە. ئەوە ڕێگایەکی تری خودا و دووری ڕێگای پێغەمـبەری خـوایە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە لە سەرەتای بانگەوازەکەیەوە لە مەککە -بە ئاڕاستەی وەحیی خوایی- گـرتییەبەر. هەر کۆمەڵێـک سروشتی مەنهەجـی بزاڤـی خواویسـتیی ئەم دینـە ڕەچـاو نەکـات کە نەوەی یەکەمـی ئیسـلام لەسـەری ڕۆیشـت و، بە چـاودێریی وەحیـی خـوایی و ئـاودێریی پێغەمـبەری پێشـەوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەوتە بـزاوت و هەڵوێسـت و ڕێ، زیـانێکی گەورە و کوشـندە لە کـاروانی کۆمەڵکاری دەدات و ڕەنج و وزە و تواناکان بە هەدەر دەدات و بەرهەمە چـاوەڕوانکراوەکەش ناهێنێتە دی. بەڵام ئەگەر ئوممەتە عەقائیدییەکە بزاڤی خواویسـتانەی خـۆی بەپێـی سروشـتی (مەنهەجی) بزاوتی ئیسلام گرتەبەر، کەند و کۆسپ و لەمـپەر هەرچەنـد زۆربـن کاریگەرییـان نابێت، چونکە بەدڵنیاییەوە خوای گەورە خۆی سەرپەرشتارێتیی ئـوممەت و بـزاڤەکە دەکـات. ئەگەر ئوممەتەکە تاک و کۆ بەپێی مەنهەجی خوا بزاوتیـان کـرد، بە دڵنیـاییەوە خـوای دانـا و کارجوان، خوای میهرەبـان و دەسـەڵاتدار، ئـوممەت و بـزاڤە شایسـتەکەی و بـانگەوازەکەی دەپارێزێت و خۆشی چاودێریی دەکات و دەستی پێیانەوە دەبێـت و ئەو قەدەرەی خۆییـان پـێ دەهێنێتە دی کە لای خۆی بڕیاری لەسەر داوە. خوای گەورە بێئاگا نییە لەو هەموو ناسۆرەی

بەسەر خواویستە عەزیزەکانیدا دێت، وەلی نەکردوون بۆ جەلـلاد و خوێنمژانی تاغووت، حەزیشی بە ئازار و هاوار و ناڵەیان نییە، بەڵام مەرجەکانی شایستەبوون وا دەخوازێت، ئاستەکانی شیاوبوون وا داوا دەکەن، خوای گەورە بە ویستی خۆی سەرکەوتن دوا دەخات، ئاگاشی لە بێکەسیی ئەولیاکانی هەیە. ئاگای لە دەربەدەری و مەحروومکردنیان هەیە، بەڵام دەیەوێت ئەم نوخبە پێشڕەوەی ئەم ئوممەتە عەقائیدییە وا داڕێژێت، چونکە دواتر ئەمانەتی پەیامی خۆییان پێ دەدات، خۆ دەبێت بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو لایەکی کەسایەتییانەوە پێبگەن. چونکە هەر ئەمانەی ئێستا دەبنە پێگە و زەمینەی بنیاتنانی بانگەوازەکە، هەر ئەمانیش دەبنە ئەمینداری کۆمەڵگە و دەوڵەتەکە کە بە شەرعی خوای گەورە ئاڕاستە دەکرێن. خوای گەورەش زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا، بەڵام زۆرینەی خەڵک پەی بەوە نابەن: ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢١﴾ یوسف: ٢١.

## برگەی هەشتەم:

## بە پێوەری خوای گەورە

داعییانی بانگەواز و پێشڕەوانی خواویستی کە ڕووبەڕووی ئەم جاهیلییەتەی سەردەم دەبنەوە کە هەموو سەرزەمینی گرتووەتەوە، ئەمان کە لەم غوربەتدا دەژین و لەم جەنجاڵی جاهیلییەتەدا بێ هاودەنگ و هاوڕازن، ئەمان کە لەژێر تین و فشار و قەهر و دەستدرێژیدان، کە لەژێر ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆردان کە پەریدە و کەنارخراو و مەحرومن. ئەمانە هەموو دەبێت لەبەردەم حەقیقەتێکی تری دید و ڕێ و بزاوتدا بووەستن و سەرنج لە واتا و مەدلوولەکانی بدەن، چونکە شایانی بیرلێکردنەوە و شیکار و بەدواداچوونی وردەکارانەیە. هەبوونی تۆوی ئیماندارێتی لەسەر زەمیندا بە پێوەری خوای گەورە شتێکی زۆر گەورە و گرنگە، بەهایەکە کە لای خوای گەورە ئەوەندە شایستەیە کە خوای گەورە لە پێناوی مانەوەیدا هەر هەموو جاهیلییەتی بۆ بفەوتێنێت، بە هەموو هێز و دەسەڵاتییەوە. ئیماندار ئەوەندە جێی ڕێزە کە شیاوی ئەوەیە خوای گەورە بە لوتف و میهرەبانی و هێزی خۆی چاودێری و ئاودێریی بکات و خۆی بیروێنێت و گەشە و نەشونمای پێ بدات، خۆی سەرپەرشتیارێتی بکات، تا سەلامەت بمێنێت و ئاوەدانکردنەوەی سەرلەنوێی زەمین و مرۆڤایەتیی پێ بژێنێتەوە (سبحان الله). بۆیە دەبێت ئوممەتە عەقائیدییەکە خۆی ڕابگرێت، لەسەر دید و ڕێی بەردەوام بێت. پێویستە خۆی بە بچووک و کەم نەزانێت، بە پێچەوانەوە، سەیر بکات کە ئەو بۆ کێ لە بزاوت و بانگەوازدایە؟ سەرچاوەی هیدایەت و هێز و وورەی کێیە؟ پەناو مەئوا و جێداڵدەی کوێیە؟ پێویستە پشوودرێژانە خۆی ڕابگرێت، تا فەرمانی خوای پەروەردگار دێت و ناکۆکییەکان ناهێڵێت. پێویستە یەقینی شل نەبێت و لەوە زۆر دڵنیا بێت کە خوای سەرپەرشتیار و چاودێر و پاڵپشتی، خاوەن هێزی ڕەها و دەسەڵاتی بێوینەیە و هیچ شتێک نییە لەم سەرزەمینەدا لە دەستی دەرچێت، هیچ شتێک لەم وجوودەدا لەو یاخی ببێت، هەموو شتێک بەپێی قەدەری ئەوە (ویست و زانست و توانای)، دەبێت لەوە بێخەم بێت کە خوای بە بەزەیی و بە ئاگا و میهرەبان بۆ دوژمنانی وەل ناکات. خوای گەورە هەموو ئەم داعییانەی خۆش دەوێت و نایاندات دەست

دوژمن تەفروتوونایان بکەن، نا، بەڵام لە قۆناغی داڕشتنی کەسایەتی و پەروەردەبوون و گەشەی کۆمەڵکارییاندا هەر دەبێت تاقی بکرێنەوە، هەر دەبێت تووشی چەندین کەند و کۆسپ و لەمپەری ڕێ ببن، هەر دەبێت دووچاری ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆر ببن، تا کانزای ڕەسەنیان دەرکەوێت. هەر کاتێک جوامێرانە و بەگیانی پڕ بەرپرسیارێتییەوە ئەو قۆناغی ئامادەکاری و تاقیکردنەوەیان بڕی؛ حەتمەن خوای گەورە دەیانکاتە ئەداتی قەدەری خۆی و ئەوەی دەیەوێت پێیانی دەهێنێتە دی.

ئەو کەسانەی بەم ئیسلامەوە لە ڕووی جاهیلییەتدا ڕادەوەستن، نابێت گومانی وایان لا دروست ببێت کە خوای گەورە بۆ جاهیلییەتیان وەل دەکات، لە کاتێکدا ئەمانە ئوممەتێکی خواویستن و بانگەوازی تەوحید بڵاو دەکەنەوە و دەیانەوێت پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورە بسلەمێنن و بچەسپێنن. دیسان نابێت هێزی زاتی خۆی بە هێزی جاهیلییەت بەراورد بکات و وا بزانێت خوای گەورە ئەو دوو هێزە نابەرابەرە بۆ یەکتری جێدەهێڵێت، ناشێت گومانی وای لا دروست ببێت. چۆن دەشێت وا بزانێت کە ئەمێک کە بانگەوازی خوایی هەڵدەگرێت و لە پێناویدا ئەو هەموو زەجر و ناسۆرە دەچێژێت و لە تاواندا، لە بێ پەناییاندا هاوار دەکات: ﴿فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَغۡلُوبٞ فَٱنتَصِرۡ ١٠﴾ القمر: ١٠، واتا: «خوایە من بێدەسەڵات کەوتووم، سەرکەوتنم پێ ببەخشە». ئیدی چۆن خوای گەورە هانای نابیستێت و بەو کسپە و سۆز و سوێیەوە جێی دەهێڵێت؟!

بەڵێ، لە حەقیقەتدا هێزەکان نابەرابەرن، نەک هێزی داعیە بێ پەناکە و هێزی جاهیلییەتەکە، نا، هێزی بێ هێزی جاهیلییەت و هێزی بەرفراوان و ڕەها و بێ سنووری خوای کردگار و خاوەن و پشتیوان. جاهیلییەت هێزی خۆی هەیە، بەڵام داعی و موسڵمان پشتی بە هێزی بێ سنووری خوایی بەستووە. خۆ خوای گەورە دەتوانێت هێزێکی گەردوونی بۆ بەرگری و پاراستنی ئەم داعییانە دەستەبەر بکات و، بیخاتە خزمەتیان و فەرمانیان پێ بدات کە هێز و جەبەرووتی جاهیلییەت تێکشکێنن و تاغووت و ملهوڕانیان بە فەتارەتدا ببەن. هەر بە (کن فیکون)ێک خوای گەورە مەفحیان دەکاتەوە، بێ ئەوەی بزانن چۆن و لە کوێوە هێزی بکوژیان گەیشتێ! دەشێت قۆناغی ئامادەسازی و تاقیکردنەوەی ئوممەتە عەقائیدییەکە -بەپێی

حیکمەتی خوای گەورە- توول بکێشێت. خۆ سەیدنا نوح (سەلامی خوای لێ بێت) نـۆ سـەد و پەنجا ساڵ لەناو ئەو قەومە کافر و کەللـەڕەقەیدا مایەوە. ئینجا فەرمانی قەدەریی خوای گەورە هات. ڕەنجی ئەم هەموو ساڵە تولانیانە، بە بانگهێشتی ئاشکرا و نهێنیی شەو و ڕۆژییەوە کردیە موسڵمانبوونی دوازدە کەس! بەڵام ئەم بڕە کەمە مەحرووم و پەڕیدە و کەنارخراوە ئەوەندە لای خوای گەورە بە قەدر و گرنگ و گەورەبوون، شایانی ئەوە بوون خوای گەورە هەندێک هێـز و قودرەتی گەردوونییان بخـاتە تەک کە هەمـوو مرۆڤـایەتییە گـومڕا و یاخییەکەیـان لەبەرچـاوی خۆیان بۆ نقوومی تۆفان و زریان و ڕەهێڵە بکـات. پاشـان ئەم زەویە بەرفـراوان و دەوڵەمەنـدە بخاتەوە بەردەست ئەو کۆمەڵە کەمەی بە چاودێریی خۆی پاراسـتنی و بە ئەمـان و ئاشـتییەوە هێنانیەوە سەر زەمین و ژیانی بەردەوام کردنەوە. خۆ ئەم دیاردە نائاسـاییانە ژمـارەیەک نـین و کۆتاییان هاتبێت، لە هەر هەموو سات و ئانێکی ژیاندا ملیۆنەها دیاردەی نائاسایی ڕوودەدات. هەمووی هەر بەپێی قەدەری خوای کارزانە، بەڵام خوای گەورە دیاردەی نائاسایی بە گـوێرەی قۆناغ و حاڵەتەکان دەگۆڕێت.

چەندەها دیاردەی نائاسایی ڕوودەدات، بەڵام خۆ هەموو کەسێک ناتوانێـت خوێنـدنەوەی حەقیقیـی بـۆ بکـات و پەی پـێ ببـات. بەڵام ئەوانەی ئیمانـدارن و بە خـوای پەروەردگـارەوە پەیوەسـتن، هەمیشـە دەسـتی خـوای گەورە لە ڕووداوەکانـدا دەبیـنن، بەردەوام ئاسـەواری ڕەحمەت و کردار و بڕیاری خوای گەورە دەبینن. بۆیە ئەرکی سەرەکیی داعییە ئیسلامییەکان و پێشڕەوانی خواویستی: ڕاپەڕاندنی فەرزەکانی سەرشانیانە بە ڕێکوپێکی و تەواوەتی، بە هەمـوو توانا و ڕەنج و وزەیانەوە و بە دڵێکی ئارام و ئۆقرە و سوکناوە چارەنووس و ئەنجامەکان بۆ خوا لێگەڕێن. کە سەرکەوتن بەدەستدێنن، دەبێت ڕوو بکەنەوە خوای پشـتیوان و یارمەتیـدەریان و سوپاسی بکەن کە پێویستیان بە هاوکاری و پاڵپشتیی دەبێت، پێویستە وەکوو عەبـدە پیاوچـاکە بەقەدرەکە (سەیدنا نووح سەلامی خوای لێ بێت) هانا بۆ خوای بە دەسەڵات و بە ئاگـا بـبەن: ﴿فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَغۡلُوبٞ فَٱنتَصِرۡ ١٠﴾. ئینجا بەدڵی ئارام و دڵنیایی و یەقینـەوە چـاوەڕوانی کۆتاهـاتنی ناسۆر و ناڕەحەتییەکەیان بن. ئەم چـاوەڕێکردنە خـۆی لە خۆیـدا خواپەرسـتییەکی ئیـزافییە و پاداشتی تایبەتی لەسەر وەردەگرن (خـۆ خـوای گەورە ئەم بـواری خێـرە بـۆ هەمـوو کەسـێک

ناكاتەوە).

پێویستە لێرەدا خاڵێکی جەوهەری تۆخبکەینەوە کە قورئان زۆری جەخت لێدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە نهێنییەکانی ئاڕاستەکانی قورئان بۆ کەسانی بەرسێبەر دەرناکەون. بۆ ئەو کەسانە دەردەکەون کە بەم قورئانە گۆشدەبن و بزاوت و هەڵوێستیان بەپێی ئەم قورئانەیە. ئەمانە بە هەر هەموو هەستەوەرەکانیان هەست بە نهێنییەکانی قورئان دەکەن. سروشتی ئەم قورئانە ئاوایە. حەقیقەتەکانی لەو کەسانەوە بەدەردەکەون کە جیهادی (بەلاغ و بەیان و دەعوە و شاهێدیدان)ی پێدەکەن. چونکە ئەمانە لە باروودۆخ و کەشی هاوشێوەی هاتنەخوارەوەی قورئانەکەدا دەبزوێن، بۆیە ئەمانە چێژی حەقیقیی لێوەردەگرن، ئەمانە لە واقیعی ناخ و ناخی واقیعەکەدا پەی بەم نهێنییانە دەبەن، بۆیە زیاتر لایان ڕۆشن دەبێت و چاکتر لایان دەبێتە ئەو ئاڕاستەیەی ئوممەتە عەقائیدییەکەی یەکەمی نەوەی یاوەرانی ئاڕاستە دەکرد.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لە حەقیقەتدا شورای ئاشتی و ئەمانی گەلانی سەر زەمینن. ئەمانە کە بانگەوازی خوایی بڵاو دەکەنەوە و گەلان بانگهێشتی تەوحید دەکەن، چەتری سوکنای ژیانی سەر زەمینن. لەبەرخاتری ئەمان و بۆ مانەوەیان، خوای گەورە زەوی و نیشتەجێیانی کافر و یاخیبووانی نافەوتێنێت. ئەمەش خاڵێکی تری دید و ڕێ و بزاوتی ئەم دینەیە، ئەمە حەقیقەتێکی تری ئەم ڕوانگە عەقائیدییەیە کە هەقە داعییانی ئیسلام پێی دڵخۆش بن، چونکە مەنزیلەی ئەمان و جوهد و جیهادی ئەمان لای خوای گەورە دەناسێنێت، کە چەند بەقەدرن. ئەم داعییە ئیسلامییانە، ئەم پێشڕەوە خواویستانەی بۆ خوا لە ڕێی هەموو جۆرە ستەمێکدا وەستاون، مایەی پارسەنگیی سەر زەمینن. بوونی ئەمانە وای کردووە خوای گەورە غەزەب لە قەومە جاهیلییەکانیان نەگرێت: ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُولُوا بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ ۗ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ وَكَانُوا مُجْرِمِينَ ﴿١١٦﴾ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾﴾ هود: ١١٦ - ١١٧، واتا: «مەگەر ئەوە نییە وا لەو ئوممەتانەی پێشوو کە فەوتاون، کەمینەیەکی دیندار و ژیر و پارسەنگیان لێ ماوەتەوە کە ڕێ لە خراپەکاریی دەگرن. ئەمانە ئەوانەن کە خوای گەورە لە فەوتان و بەفەتارەتچوون قوتاری

کردن، چونکە دیندار و فەرمانکار بە چاکە و بەرهەڵستکاری خراپە بـوون، بەڵام خراپەکـارانی قەومەکەی تۆش دەیانەوێت ببنە بەردەوامێتیی ئەو یاخییە فەوتاوانە!» ئاخر ئەوانیش وا بوون، پۆلی خراپەکارەکانیان هەر لەسەر ڕەویەی تاوانبارانیان دەڕۆیشتن، تا بەر غەزەبی خوای گەورە کەوتن. لە خوای گەورە ناوەشێتەوە خەڵکانێک بفەوتێنێت کە فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن، بەڵام لەنـاو ئەو قەومەدا دەبـن کە بەر غەزەبـی خـوای گەورە دەکەون. خـوای گەورە داعییەکانی خواویستی دەپارێزێت و لە سزای خۆی وەلایان دەنێت. کاتێـک هەمـووان دەفەوتێنێت کە ئەهلی شیرکن و خراپەکاری بڵاو دەکەنەوە و کەسیان نەمابێت فەرمان بە چاکە بکات و بەرهەڵستی لە خراپە بکات»[1].

(١) ئیمامی شەوکانی: تەفسیری فتح القدیر/ چاپی دار الکتاب العربي ٢٠٠٧ (با/ ل ١٠٥٠-١٠٥١).

## باسی سێیەم

## بزاڤی ئوممەتی عەقائیدی

### بڕگەی یەکەم:

### سیما و سیفاتی بزاوتی ئوممەتی عەقائیدی

ئاشـكراترین سـیما و سـیفاتی بـانگەوازی ئیسـلامی بـریتییە لە واقیعێتـی و جیـددێتی. بانگەوازی ئیسلامی ڕووبەڕووی واقیعێکی مرۆڤیانە دەبێـتەوە کە لە واقیعـی ژیانـدا هەبـوونی خۆی نیشانداوە. ئەم بزاوتە خواویستییە ڕووبەڕووی جاهیلییەتێک دەبێتەوە کە خاوەنی دیـد و تێڕوانین و پێناسەیەکی گەردوون و ژیـان و مـرۆڤە، دەسـتوور و ئیـدارەی حـوکمێکی لەسـەر زەمینـەی فیکریـی ئەم دیـد و تێـڕوانینە عەقائیـدییە دامەزرانـدووە کە هێزێکـی مەرکەزی و دەسەڵاتێکی سیاسـی پشـتی دەگرێـت (واتـا: خـاوەن فیکـر و بەرنـامە و دەسـەڵاتە). بـۆیە بە دڵنیاییەوە دەبێت بزاڤـی ئیسـلامییش بە هێزێکـی واقیعـی ڕووبەڕووی ئەم جـاهیلییەتە خـاوەن قەوارەیە ببێتەوە: بە ڕوونکـردنەوە و بـانگەوازەکە دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەکانی جـاهیلییەت ڕاست دەکاتەوە، بە هێـزی جیهـادەکەش مەڵبەنـدی بڕیـار و هێـزی دەسـەڵاتە سیاسـییەکەی جاهیلییەت لادەدات و ڕادەدات، کە لەسەر دیـد و تێـڕوانینە بـاتڵەکەی جـاهیلییەت دروسـت بووە و بووەتە بەربەستی نێـوان بـانگەوازی خواویسـتی و جەمـاوەری خەڵـکەکە کە ناهێڵێـت حەقیقەتیان تێبگەیەنرێت و دید و تێڕوانینە چەوت و لێڵەکەیان بۆ ڕاست بکرێتەوە و، بە هێـزی مـاددیی زاڵ و دەسـەڵاتداری خسـتوونێتییە ژێـر تـین و فشـاری خـۆی و بە زۆرەملـێ ڕێـی جاهیلییەتی پێ گرتوونەتەبەر و ناهێڵێت بە عەبدێتیی خوای تاک و پاک ڕزگار ببن.

بـانگەوازی ئیسـلامی هەر بەوەنـدە ڕاناوەسـتێت کە هەر بە قسـە (ڕوونکـردنەوەی حەق) ڕووبەڕووی دەسەڵاتی جاهیلییەت ببێـتەوە، هەر وەکـوو کە هێـزی قەهـر و ژێردەسـتەکردنیش

بەکار ناهێنێت تا خەڵکی ناچار بکات موسڵمان ببن و بەرنامەکەی قبووڵ بکەن. هیچ کام لەم دوو بزاوت و هەڵوێستە لە سروشتی واقیعێتی و جیددێتیی ئیسلام ناوەشێنەوە. ئیسلام بزاوتێکی قۆناغ بە قۆناغی هەیە، شێواز و چۆنیەتی و ئالیاتی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جاهیلییەت هەیە، کە پڕاوپڕ بەرابەری واقیعەکەیە و توانای هێنانەدیی پێداویستییەکانی کات و شوێنی هەیە. هەر قۆناغێکیش کە تەواو دەبێت بە ئاسانکارییەکی سروشتی کۆتایی دێت و قۆناغی دوای ئەو دەست پێ دەکات. دینی ئیسلام بە دید و تیۆر ڕووبەڕووی واقیعەکان نابێتەوە، هەر وەکوو کە ڕووبەڕووی واقیعیەکانیش -قۆناغ بە قۆناغیان- بە شێواز و چۆنیەتیی خەیاڵی و ئالیاتی پواو یان نەشیاو نابێتەوە.

ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە سەر سیرە و ڕووداوەکانی سەردەمی یەکەمی بانگەوازی ئەم دینە، ئەو واقیعە مێژووییە دەبینێت کە ئەم ئیسلامە بە بەرنامەیەکی بزاڤی خواویستی تایبەت بە خۆی ڕووبەڕووی بووەوە، ئەمە ئەوە لە داعییە ئیسلامییەکان دەگەیەنێت کە پێکەوەژیان و سازاندنی ئیمان و کوفر و دوو بەرنامەی تەوحید و فرەخوایی، ئیسلام و جاهیلییەت؛ مەحاڵە. چونکە جیاوازی و ناکۆکیی نێوان ئەم دوو مەنهەجە ڕیشەییە و قووڵە، زۆر گشتگیر و بەرفراوانە، هەموو لق و چڵێکی دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و ڕەوت و یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئینسانیی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەگرێتەوە. ئەم جیاوازییانە بەرهەمی سروشتین. سروشتی دوو مەنهەجی لێکجوودا و دوور کە هەریەکەیان لە دید و تێڕوانینێکی عەقائیدی و زەمینەیەکی فیکریی جیاوازەوە هاتوون، مەنهەجێکیان لەسەر عەبدێتیی مرۆڤ بۆ خوای تاک و تەنها داڕێژراوە و مەنهەجەکەی تر لەسەر عەبدێتیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و هەبوونی فرەخوا و حاکمێتیی بەشەر (واتە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن)ی سەرچاوە جیاوازەکانی ڕوانگەی مرۆڤ. ئەم دوو مەنهەجە -کە مادام پێکەوە ناسوڵحێن- حەتمەن پێکدەکێشرێن، دەبەرێکڕاچوونیان لە هەموو لایەنێکی مەنهەجەکە و لە هەموو بزاوت و هەڵوێستێکیاندا حەتمی دەبێت، چونکە هەر هەنگاوێک کە یەکێکیان دەینێت و هەر بزاوت و سرەوتێک کە یەکێکیان دەیگرێتەبەر؛ حەتمەن لە هەنگاو و بزاوت و سرەوتی مەنهەجەکەی بەرانبەر جیاوازە کە یەکتریش قبووڵ ناکەن، بە

دڵنیاییەوە دەکەونە ململانێ و بەرەنگاریی یەکتری.

داعییانی ئیسلام دەبێت زۆر چاک پەی بەوە ببەن کە ئەو هەڵوێستە سەخت و کەللەڕەقییەی قوڕەیش بەرانبەر بانگەوازی (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) گرتییە بەر، هەوانتە نەبوو، ڕەفتارێکی عەشایری کەللەپووتانە نەبوو، بزاوت و هەڵوێستێکی سەرپێیی و کاردانەوەیەکی ئینفعالی نەبوو. ئەو شەڕ و پێکدادانە، ئەو هەموو جەنگ و ململانێ خوێناوییەی لەوەوە نەدەکرد کە چەند کەسانێک لە دین و دیدی هەڵگەڕاونەتەوە. خۆ موسڵمانەکان چووبووشنە مەدینە و مەککەیان بۆ قوڕەیش جێهێشتبوو، خەڵکی مەدینەش زوو کە ئیسلامەکەیان وەرگرت دید و بزاوت و هەڵوێستی قوڕەیشیان لە ئیسلام و شوێنکەوتووانی نەگرتە بەر. ئەدی بۆچی قوڕەیش و هاوبیر و هاوسەنگەرانی کۆڵیان نەدەدا؟ خۆ ئەوە هەر لە خۆوە نەهاتووە کە ئاوا جوولەکەکانیش -کە ئەهلی کیتاب بوون- ئاوا هەمان دید و بزاوت و هەڵوێستی قورەیشیان بەرانبەر ئەم دینە گرتە بەر. چۆن و بۆچی ئەوان و هەموو ئەهلی شیرک و کوفر بوونە یەک بەرەی دژی بزاوتی خواویستی؟! چونکە هەر هەموویان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە کە دامەزراندنی دەوڵەتەکەی ئیسلام لە مەدینە لەسەر زەمینەی ئەو دید و تێڕوانینە عەقائیدییەی ئیسلام مەترسی لەسەر وجوودی هەموویان هەیە. هەموو لەوە دەترسان کە ئاوا حاکمێتیی خوای گەورە (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەری) لە واقیعدا بچەسپێنێت، چونکە هەموو ئەوانیش هەر لافی دینداری و تەوحید و خواپەرستێتییان لێ دەدا.

دیسان خۆ ئەوەش هەر لە خۆوە نەهاتووە و شتێکی سەرپێیی نییە کە نەسڕانییەکان (مەسیحییەکان)یش هەر هەمان دید و بزاوت و هەڵوێستی موشریکانی قوڕەیش و جوولەکەکانی مەدینەیان گرتە بەر، لە کاتێکدا خۆ ئەوان دوور بوون لە موسڵمانان! پاشان ئەم بەرەی دوژمنداریێتییە -لەو زەمانەوە و دواتر و تا ئێستاش- هەر وایە. هەر لەو پێکهاتانە و هاوبیران و هاوسەنگەریانە![1] بۆچی ئەمە وایە؟ لەبەرئەوەی:

(١) وەکوو یەکگرتنی جوولەکە و نەسرانیەکانی سەردەم بەرانبەر فەلەستینییەکان، یان جوولەکە و هیندۆس دژی موسڵمانانی کەشمیر، یان نەسرانی و بودائیەکان دژی موسولمانانی بورما و تایلەند!! یان ئەرثەذۆکسی سلاف و کۆمۆنیستان دژی موسڵمانانی چیچان و کۆسۆڤا و بۆسنە.

١- سروشتی مەنهەجی ئیسلامییەکە: کە شوێنکەوتووی مەنهەجەکانی تر باش دەیناسن و دەزانن ئیسلام سوورە لەسەر دامەزراندنی مەملەکەتی خوای گەورە لەسەر زەمیندا.

٢- ئیسلام سوورە لەسەر لادانی بەربەست و لەمپەر و کۆسپەکانی نێوان بانگەوازەکەی و خەڵکەکە کە هەموو عەبدی خوان و ئەم دینە بۆ ڕێنمایی ئەوان هاتووە (ئەوانیش مافی خۆیانە بکەوێتە بەردەستیان تا ئازادانە وەریگرن، یان ڕەفزی بکەن).

٣- سروشتی پێچەوانەبوونی دوو مەنهەجەکە و دید و پێناسەیان بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ کە لە هیچ شتێکدا یەک ناگرنەوە، نە گەورە و نە بچووک.

٤- سووربوونی شوێنکەوتووانی دید و تێڕوانینە بەشەرییەکان لەسەر ڕیشەکێشکردنی ئیسلام و موسڵمانان، چونکە لە هەبوون و بەردەوامبوونی وجوودیاندا، فەوتانی خۆیان دەبینن، نەمانی دەسەڵات و پیرۆزی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن.

کەوابوو ئەم ڕووبەڕووبوونەوە و پێکداکێشرانە حەتمییە و هیچ لایەنێکیان لەگرتنەبەریدا سەرپشک نین، ئەم باوەڕبوونەبوو -بە حەتمێتیی پێکداکێشران- کە کاریگەریی سەرەکیی لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان دروست دەکرد. ئەو هەموو جەنگ و ئاشتی و ئەزموونە بۆ ئەم خاڵە سەرەکییەی دید و تێڕوانینەکان دەگەڕێتەوە، کە قورئان بە تەفسیل باس لە بنەما سەرەکییەکانی دەکات: - ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا﴾ البقرة: ٢١٧، واتا: «بەردەوامن لە کوشتارتان تا لە دینەکەتان پاشگەزتان دەکەنەوە».

﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ﴾ البقرة: ١٠٩، واتا: «زۆر لە ئەهلی کیتاب دەیانەوێت لە دینەکەتان -دوای ئەوەی باوەڕتان هێناوە- پاشگەز بکەنەوە، ئەوە هەر لەبەر حەسوودیی خۆیانە، دوای ئەوەشە کە حەقیان بۆ ڕوون بووەتەوە! (حەقیان بۆ ڕوون بووەتەوە بەڵام لە جیاتی قبووڵکردن و شوێنکەوتنی، ڕەنجی بێهودە لە دژی ئەو کەسانە دەدەن کە وەریانگرتووە و دەیسەلمێنن و

دەیچەسپێنن)!».

خوای گەورە بەم دەقانە و هاوشێوەیان، ئامانجی هەموو پێکهاتەی بەرەکانی شیرک و کوفر و جاهیلییەت نیشان دەدات کە هەموو هیوایەکیان مەفحکردنەوەی ئیسلام و ڕیشەکێشکردنی موسڵمانانە. بە هەموو هێز و دەسەڵاتەوە هەوڵی هێنانەدیی ئەم ئامانجە دەدەن، زەمانە سەلماندویێتی کە چەند لەسەری سوورن. مێژوو نیشانی داوە کە ڕەنج و هەوڵدانیان کات و شوێنی بۆ نییە، بەڵکوو هەر کە هەستیان بە بەهێزیی خۆیان و لاوازیی موسڵمانان کرد؛ دەکەونە حەملەی ئیبادەکردن!

ئەمە ڕێسایەکی حەقیقەتی وجوودە. ئەمە سروشتی پەیوەندیی ئەهلی جاهیلییەتە لەگەڵ ئیسلام و موسڵمانان و هەموو کۆمەڵکارییەکی ئیسلامی. داعییانی ئیسلام پێویستە لەبەردەم ئەم حەقیقەتەشدا بۆ سەرنجدان هەڵوێستە بکەن و باش دیراسەی بکەن، تا لە شیکارییاندا هەموو ڕووداو و بەرز و نشێویی هێز و لاوازییەکان بەم ڕێسایەوە پەیوەست بکەنەوە و قاڵوقووڵ لە سروشتی جیهاد بگەن کە ئاوا لە ئیسلامدا فەرز کراوە. بۆئەوەی لە سروشتی ئەو ململانێ دوورودرێژانەی نێوان سەربازگەکانی جاهیلییەت و سەربازگەی ئیسلامی تێبگەن. لە هەمان کاتیشدا هۆشیارانە و خواناسانە پەی بە پاڵنەرەکانی جیهاد ببەن کە پێشڕەوانی نەوەی یەکەمی ئەم دینەی هۆگری جیهاد دەکرد. ئاوا نەبێت ناگەنە خاڵە نهێنییەکانی فەتحی ئیسلامی، یان سروشتی حەقیقیی پاڵنەری موشریکان و خاچپەرستان و مەغۆل و هەموو پێکهاتەکانی تری جاهیلییەت و شەڕە بێ ئامانەکانیان بەرانبەر ئەم ئیسلامە و قەوارە جیاکانی موسڵمانان. لەم ڕوانگە و دید و تێڕوانینە قورئانییەوە نەبێت ململانێ و شەڕی خوێناوی ڕیشەکێشکارییان لە مەودای چواردە سەدەی ڕابوردوودا هەست پێ ناکرێت و دید و بزاوت و هەڵوێستی ئێستاشیان نازانرێت کە چۆن و بۆچی ئاوا پەلاماری موسڵمانان -تەنانەت عەوامە ڕەشۆکییەکەش- دەدەن، کە بەداخەوە لە نەزانیی موسڵمانان خۆشیاندایە کە نازانن بۆچی ئاوا دەکەونەبەر حەملەی ئیبادەکردن؟! هەرچەندە لە زۆر کات و شوێندا نەوەی موسڵمانان هەر

ناویان (موسڵمان) ماوە و بەس، کەچی ئەو حەملانەی ئیبادەکردنیان هەر لەسەر بەردەوامە.[1]

ئەوە سەربازگە و بەرەکانی کۆمۆنیست و خاچپەرستان لە ڕوسیا و چین و یوگوسلاڤیا و ئەلبانیا و هیند و کشمیر، ئەوە حەبەشە (ئەثیوبیا) و زەنجبار و قوبرس و کینیا و باشووری ئەفریقا و ئەوەش ئەمریکا![2] ئەمە جگە لەو حەملە، ڕیشەکێشکارییەی دەکرێتە سەر پێشڕەوانی ئیسلام لە وڵاتانی موسڵمانان خۆیاندا! یان بە واتایەکی وردتر: ئەو وڵاتانەی کە پێشتر ئیسلامی بوون. هاوکاری و بەرەی هاوبەشی هەمووان پێکەوە دەبینرێت! هاوکاریی کۆمۆنیستان و بتپەرستان و خاچپەرستەکان لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئەرکی ڕیشەکێشکردنی ئیسلام و موسڵمانانی گرتووەتە ئەستۆ! هەموویان دەستی یارمەتی و هاریکاری بۆ یەکتری درێژ دەکەن و، کۆمەکی ئابووری پشتیوانیان دەکەن کە خەریکە بگاتە کەفالەتکردنی هەموو شتێکیان، تا بەیەکجاری بۆ ئەو ئەرکەیان لێیبڕێن! لە هەمان کاتیشدا پەردەی خامۆشی و کپکردنیش بەسەر هەموو ڕەفتارە دڕندەیەتییەکەیاندا دەدەن![3]

ئەمە ڕێسایەکی حەتمییە و خوای شارەزا و زانا و بە ئاگا وەکوو حەقیقەتی بەڵگەنەویستی دید و بزاوت دەیخاتە بەردەست موسڵمانان: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ﴾ البقرة: ٢١٧، واتا: «بەردەوامن لە کوشتارتان تا لە دینەکەتان پاشگەزتان دەکەنەوە».

ئەمە حەقیقەتێکی ڕەها و بەرچاوە کە خوای گەورە باسی فەرمووە، تا دید و هەڵوێست و بزاوتی ئەهلی شیرک و کوفر و جاهیلییەت ڕوون بکاتەوە و سووربوونیان لەسەر ئەو شەڕخوازی و پیلانگێڕی و حەملەی ئیبادەکردنە کەشف بکات. کە هەموو ئامانجێکی مەفحکردنەوەی ئیسلام و ڕیشەکێشکردنی موسڵمانانە. ئەمە ئامانجێکی نەگۆڕی هەموو کات و شوێن و نەوەیەکیانە کە گۆڕانی بەسەردا نایات، مادام ئیسلام و موسڵمانان لەو کات و شوێنەدا وجوودیان هەبێت.

---

(١) وەکوو موسڵمانانی بەڵقان و چیچان و داغستان و تورکستانی ڕۆژئاوا و باشوری تایلەند و زۆرینەی وڵاتانی ئەفریقا.

(٢) ئەمە هەر قسەی سەیید قوتبە (رحمه الله) کە ساڵی (١٩٦٦) ئیعدامکراوە. جا بزانە باس لە پێش پەنجا ساڵی ئێستا دەکات و ئێستاش بەرەو شەڕە خوێناوییەکە نەگۆڕاوە و لە زیادبووندایە.

(٣) هەروەکوو کە لەو شەڕە جیهانییەی دژ بە موسڵمانان دەیکەن کە ناویان لێناوە: (شەڕی تیرۆر).

وجـوودی ئیسـلامەکە لەسـەر زەمینـدا خـۆی لەخۆیـدا مـایەی رقهەسـتان و قـین پڕانـی دوژمنانی ئیسلامە، هەروەکوو کە مایەی تـرس و بیمیـانە. قـین و ترسـی هەمـوو دوژمنێـک لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکیاندا. چونکە وجـوودی ئیسـلام خـۆی لە خۆیـدا سـەرچاوەی دەردەسەری و رقهەستان و تۆقینیانە! چونکە دەزانن ئیسلام چ هێزێکی لەخۆدا هەڵگرتـووە کە باتڵ نیـیە لێـی نەترسـێت و حسـابی بـۆ نەکـات. هەمـوو خراپەکـار و شـەڕخوازێک، هەمـوو دەستدرێژ و ستەمکارێک، لەوە دەترسێت ئیسلام و موسڵمانی لێ ڕاستببێتەوە. چونکە هەموویان هێزی ئیسلام و موسڵمانانیان تاقی کردووەتەوە. دەزانن ئیسـلام حەقە و مەنهەجێکـی ڕاسـت و ڕەوای لەخۆدا هەڵگرتووە، دەزانن کە ئیسلام خاوەنی دەستوور و سیستمی خـۆیەتی و لەسـەر غەیری دید و تێڕوانینی عەقائیدیی خۆشی دایناموزرێنێت، ئا بەم سـیفەتەیەی کە بەرەو ئـاڵا و شەیپوری جەنگـی دژ بە خراپەکـارانە، بـۆیە خراپەکـاران و شـەڕخواز و سـتەمکاران دژیـین، تەحەمولی بوون و دیتنی ناکەن. بۆیە ئـاوا مـوراقەبەی ئەهلـی ئیسـلام دەکەن، جاسووسـییان لەسەر دادەنێن، تا بیانناسن و بیانخەنە ژێر قەهر و چەوسانەوەوە، جا یان لە دینەکە پەشیمانیان دەکەنەوە، یان ڕیشەکێشیان دەکەن و لەناویان دەبەن. پەشیمانکردنەوەیان لە دینەکە زۆر شێوە و چۆنیەتیی هەیە. چ لارییەکیان لەوە نییە هەموویان بەسەر موسڵماندا بهێنن، تـا بـگەنە ئامـانجە گڵاوەکەیان. بەرەی کوفر وجوود و دیـد و مەنـهەج و بەرژەوەنـدیی خـۆی لە کـاتی هەبـوونی ئیسلام و موسڵماندا نابینێت، بۆیە هەر لە خەم و موراقەبەدایە، کوفر لە هەر لایەکی ئەم دونیایە بێت لە کۆمەڵێک موسڵمانی خاویست دەترسێت کە لەوسەری دونیا وجوودیـان ڕاگەیانـدووە! بەرەی کـوفر لە هەر لایەکـی ئەم دونیـایە بێـت، گەرچـی کـۆمەڵگە و دەوڵەتـی خۆشـیان دامەزراندبێت، بەڵام چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کۆمەڵە موسڵمانە دەبێتە جێ مشتومڕیان و مایەی ڕاجوێییان، بەڵام هەموو لەسەر لادان و ڕادان و ڕیشەکێشکردنی هاوڕا و هاودەنگ و هاوڕەنجن. ئامانجەکە نەگۆڕە، بەڵام هەریەکەیان دەخوازێت وا حەملەکە بکات کە کاردانەوەی زیـان بەخـۆی نەگەیەنێـت. ئامـانجەکە هەر مەفحکـردنەوەی ئیسـلام و ڕیشەکێشـکردنی موسـڵمانەکانە. ئەگەر چـۆنیەتییەکی ڕووبەڕووبوونەوەکەیـان شکسـتی هێنـا (وەکـوو حەمـلەی سەربازی)؛ دەکەونە سەر پیلانی چۆنیەتییەکی تر (سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری.هتد). ئەمەش بەردەوامە.

ئەو هەواڵ و زانیارییەی لە خوای زانا و داناوە هاتووە ڕاست و ڕەوا و هەقە، هۆشدارییە بۆ تاک و کۆی بزاوت و کۆمەڵگە و دەوڵەتی موسڵمانان، کە نەکەن تەسلیم ببن. گەیاندنی هەواڵە پێیان، دەربارەی پلان و پیلان و نەخشەی دژواری کافران، لە هەمان کاتیشدا داوایان لێ دەکات خۆگر بن، بە ئارام بن، بەڵێ پیلانیان بەردەوامە، بەڵام بە سەبرگرتن دەبەنەوە و بە سەبر نەگرتن دەدۆڕێنن، نەک هەر دونیاتان لەدەست دەچێت، ژان و ناسۆر و ئەشکەنجەی قیامەتیشتان بە نسیب دەبێت، سزای خواییش کەس ڕەتی ناکاتەوە و کەس ناتوانێت لەسەر کەسی لابدات. جا کەوابوو سوور بن لەسەر دید و بزاوت و ڕەوت و هەڵوێستی خواویستانەی خۆتان: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢١٧﴾ البقرة: ٢١٧، واتا: «هەر کەسێکتان لە دینەکەی پاشگەز ببێتەوە و ئاوا -لەسەر کوفر و بە کافرێتی- بمرێت، ئەوانە بە دڵنیاییەوە هەموو کار و کردەوە چاکەکانیشیان دەفەوتێت و سوودی لە دونیا و قیامەتدا بۆیان نابێت و، لە ڕۆژی دواییشدا دەبنە نیشتەجێیانی دۆزەخ». ئاوا خوای گەورە داوا لە خواویستان و داعیيان و هەڵگرانی ئاڵای ئیسلام و هەموو موسڵمانان دەکات، کە خۆیان لەبەر گورزی دوژمنانیاندا ڕابگرن و هەرچەند تین و فشاری کافرکردنەوە و سزا و ئەشکەنجەیان لەسەربێت؛ هەر دەبێت خۆڕاگرن و نەبەزن. لە دینەکەیان پاشگەز نەبنەوە، چونکە پاشگەزبوونەوە شارا و مەڵۆ و خەرمانی کار و کردەوەکانیان دەسوتێنێت و ڕسوا دەبن. ئەو دڵەی شیرینیی ئیمان و لەزەتی ئیسلامەتیی چێژتبێت و ڕێگاکەی زانیبێت، مومکین نییە بەڕاستی پاشگەز ببێتەوە. مومکین نییە بە هیچ کلۆجێک و لەژێر هیچ جۆرە تین و فشارێکدا (ئیمان) وەل بکات و بەڕاستی بۆ هەتاهەتایی ئیسلام وازلێ بهێنێت. ئەمە ئەستەمە. مەگەر لە ناخی دڵ و دەروونیدا، لە هزر و هۆشدا کرمێ بووبێت، ڕاڕایی و دوودڵی بووبنە خۆرکە و باوەڕەکەیان گەندەڵ کردبێت، ئەم هۆشداری و حەزەردانەی خوای گەورە -کە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە- بۆ ئەمانە و بۆ هەموو کەسێکە کە ناڕەحەتی و کوێرەوەری و چەوساندنەوە شلی دەکەن و دواتر دەکەوێت. ئەمە زیان لە خۆی دەدات و بەس. موسڵمانی خواویست چۆن لەبەر ئازاری جەستە و ناڕەحەتی و ناسۆری دونیایی ئیمان لە دڵی دەردەهێنێت و دینەکەی وەل

دەكات؟! چۆن لە ئیسلامەكەی هەڵدەگەڕێتەوە و دوای ناسینی حەق چێـژتن و هەسـتكردن بە حەقیقەتێتیی عەقیدەكەی و بەڵگەنەویستیی ڕاست و ڕەوایەتـی ڕازی دەبێـت بگەڕێـتەوە سـەر باتڵ؟! سەر دیدی لێڵ و تێڕوانینی چەوت و ڕەفتاری لاسـەنگ و یاسـا و ڕێسـای پـڕ سـتەمی كوفر و دەستوور و سیستمی جاهیلی؟!

## مانەوە لەسەر ڕێ؛ نیوەی بردنەوەكەیە:

هەر دەبێت خۆگری و ئارامگری و پشوودرێژی و هیوانەبڕان، سیفەتی نەگـۆڕ و جێگیـر و دابینی موسڵمانان بن، تا خوای گەورە لایەک بە لایەكدا دەخـات و هاوكێشـەكە دەگۆڕێـت، بە دڵنیاییشەوە دەیگۆڕێت. ئەستەمە خـوای گەورە ئیمانـدارانی خـۆگری خواویسـت وەل بكـات. مەحاڵە بۆ كافرانیان لێ بگەڕێت. ئەوان باوەڕیان بەو هێناوە، لە پێناوی ئەودا دەچەوسێنرێنەوە و لەبەرخاتری ڕەزامەندیی ئەوە كە تەنازول ناكەن و سەبر لەسەر ئەو هەموو مەحرووومبـوون و چەوسانەوەیە دەگرن. بە دڵنیاییەوە خوای توانا و دانا و میهرەبان، خوای بەهێز و سەرپەرشتیار (ولي)ی ئیمانداران، وەلیاندایە. ڕێیان پێ دەبڕێت و دەیانكاتە ئەداتی قەدەری خۆی، دینەكەیان پێ بـڵاو دەكـاتەوە و پێیـان دەچەسـپێنێت، سـەرەنجامیش یـا سـەركەوتنیان پـێ دەدات، یـان شـەهیدی و پـلەی جـوامێریی قیامەتیـان بە نسـیب دەكـات. ئـا ئەوە ڕێگـاكەیە و ئەوەش ئەنجامەكەیەتی. هێزی عەقیدە نالەقێت، ویستی عەقائیـدی شـل نابێـت، ڕاگەیانـدنی عەقیـدە منجەمنج و لێوەلەرزەی تێـدا نیـیە، هێـزی عەقیـدە ئەوە نییە بـاكی بە هەڕەشـە و ترسـاندن و تۆقاندن هەبێت. سەیدنا شوعەیب (سەلامی خوای لێ بێت) لەو پنتەدا ڕاوەستا كە ئیتر نەدەكرا یەک هەنگاو لێی بێتەوە دواوە. نەدەكرا بە هیچ شێوەیەک لەژێـر تـین و فشـاری هەڕەشـەیاندا پێكەوەسـازان قبـوول بكـات و تـێكەڵ بە جـاهیلییەتی قەومەكەی ببێـتەوە: ﴿۞ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَنُخۡرِجَنَّكَ يَٰشُعَيۡبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرۡيَتِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۚ قَالَ أَوَلَوۡ كُنَّا كَٰرِهِينَ ٨٨ قَدِ ٱفۡتَرَيۡنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنۡ عُدۡنَا فِي مِلَّتِكُم بَعۡدَ إِذۡ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنۡهَاۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَاۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَاۚ رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ ٨٩﴾ الأعراف: ٨٨ - ٨٩[١]، واتـا:

(١) لە كتێبەكەدا ئایەتەكە لێرەدا نەهێنرابووەوە، بۆیە بە چاكم زانی بیهێنمەوە تا خوێنەر بزانێت كام هەڵوێستەی مەبەستە؟

«موستەکبیرەکانی قەومەکەی (دەسەڵاتدارە ملهوڕە سەرکەشەکان) پێیان وت: "شوعەیب، خۆت و هەموو شوێنکەوتووەکانت شاربەدەر دەکەین و، ناهێڵین لەناو خاک و خەڵکاندا بژین، یان بگەڕێنەوە ناو خەڵک و دابونەریتی خۆمان (ملة: پەیام و خەڵکەکەیەتی)"، فەرمووی: "جا ئێمە چۆن ڕازی دەبین؟ گەڕانەوەمان بۆ جاهیلییەت بەڵگەی خراپیانە، نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە نە لەگەڵ خودا ڕاستمان کرد و، نە لەگەڵ شوێنکەوتووان و نە لەگەڵ ئێوەشدا. (هەڵبەتە ئێمە بە ناوی خواوە بانگهێشتی خەڵکمان بۆ بەرژەوەندیی خۆمان کردووە و، دین و دینداریمان ئیستیغلال کردووە!)، چۆن دێینەوە سەر دید و تێڕوانین و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێستی میللەتی ئێوە کە خوای گەورە لوتفی کرد و ئێمەی لێ قوتار کرد؟! ئەمە کاری کردن نییە و ناشێت ئێمە دین و ئوممەت و بزاوتی خواویستیمان وەل بکەین و بێینەوە ناو ئێوە! مەگەر خوای گەورە بە جۆرێک لە جۆرەکان فەرمانمان پێ بدات لەگەڵتاندا هەڵکەین و بژین (دەنا مەحاڵە). خوای پەروەردگار پەی بە هەموو شتێک دەبات و دەیانزانێت، ئێمەش پشتمان بە خوای گەورە بەستووە. سا خوایە بە زانایی و دانایی خۆت داوەریمان بکە و بڕیاری یەکلاکەرەوەمان بۆ دەرکە، لەسەر حەق جێگیرمان بکە و سەرکەوتنمان پێ ببەخشە، چونکە تۆ خۆت سەرکەوتن دەبەخشیت و چاکترین پاڵپشتیت"».

ئەمە ئەو دید و بزاوت و هەڵوێستەیە کە یەک هەنگاوی بوار تێدا نییە. گەڕانەوە سەر جاهیلییەت؛ جگە لەوەی تەنازول و دۆڕان و سووکایەتییە، خیانەتە لە دینی خوا و لە موسڵمانان، بۆیە خوای گەورە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێت موسڵمان دینەکەی وەل بکات بۆئەوەی بژی. ئیمانەکەی تووڕهەڵدات بۆئەوەی تین و فشاری لەسەر لادەن! لەژێر هیچ جۆرە سزا و ئەشکەنجە و ئازارێکدا بۆی نییە باوەڕی بە عەقیدە و مەنهەجەکەی شل ببێت، چ جای ئەوەی وازی لێ بهێنێت. ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە ناو جاهیلییەت و ژێر دەسەڵاتی تاغووت، کە خەڵکی تێیدا لەژێر سایەی حاکمێتیی خوادا نابن و هەندێکیان دەبنە خوای ئەوانی تر و خەڵکیش حاکمێتیی خوایان (لە سیفەتەکانی یاسادانان و حوکمڕانی و داوەرییدا) داوەتە دەست ئەو خواقەستینە چەواشەکارانە، ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە ناو ئەم دید و بزاوت و کۆمەڵگە و سیستمە -دوای ئەوەی خوای گەورە قوتاری کرد، دوای ئەوەی هیدایەتیدا و

بەرچاوی ڕۆشن کردەوە و حەقی پێناساند و لە عەبدیێتی و مرۆڤپەرستی ڕزگاری کرد- ئەوە شاهێدییەکی درۆ دژی خوای گەورە و دینەکەی دەدات، شاهێدییەکی دژوار، زۆر دژواریش کە گوایە لە میللەتی ئیسلامدا لە پەیام و خەڵکی موسڵماندا هیچ خێر و ئاسودەیی و بەرژەوەندییەکی نەدی، بۆیە هاتەوە ناو جاهیلییەت و ڕازی بووەوە تاغووت حاکمی بێت، نەک خوای کردگار و پەروەردگار و خاوەنی. یان لانی کەم ئەمە شاهێدیدانێکە کە کۆمەڵگەی جاهیلی و دەسەڵاتدارێتیی تاغووت مافی خۆیانە لە شیرک و کوفر و جاهیلییەتی خۆیاندا بن، چونکە ئەمانیش شەرعین! هەبوونیان نکۆڵی لێ ناکرێت و وەکوو ئیمان و ئیسلام مافیان هەیە بژین و ببزوێن و حاکمێتیی بگرنە دەست. ئەوە زۆر خەتەرە!

ئەم کەسەی ئاوا تەنازول لە ئیمان و دین و حاکمێتیی خوای گەورە دەکات و، دەچێتەوە سەر شیرک و کوفر و جاهیلییەت و ئەو شاهێدییە درۆیە دەدات، ئەمە دوای ئەوەیەتی کە باوەڕی بە کردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورە هێناوە، باوەڕی بە ڕاست و ڕەوایی بانگەوازی خوایی بە (لا إله إلا الله)، بەڵام وا هاتووەتەوە شاهێدی دەدات کە تاغووتیش بۆی هەیە و مافی خۆیەتی دەسەڵاتی حوکمڕانیی لەدەستدا بێت (و بە کەیفی خۆی یاسا دابڕێژێت و بەپێی دیدی خۆی حوکم دەربکات و بەپێی بەرژەوەندیی خۆی داوەری بکات). ئەمە شاهێدیدانێکی زۆر دژوار و ناماقوڵا و نابەجێیە. لە شاهێدیی ئەو کەسە خەتەرترە کە مەنهەجی خوایی نەدیوە و مەنهەج و قیەمی جاهیلییەتی پێ پەسەند بووە. ئەمەیان پێشتر نە ئیسلامی ناسیوە و نە ئاڵاکەی دیوە، بەڵام ئەویان دوای موسڵمانبوون و ڕازیبوونی بە مەنهەجی خوای گەورە و ئاڵای تەوحید و بەرەی خواویستی، گەڕاوەتەوە و ئیعتیرافی بە مەنهەج و ئاڵا و بەرەو دەسەڵاتدارێتیی تاغووت کردووە. هیچ شاهێدیدانێکیش لەوە دژوارتر نییە کە ئیعتیراف بە تاغووت بکرێت، هیچ ناو و سیفەت و ڕەفتارێکیش لەوە دژوارتر نییە کە حاکمێتیی خوای گەورە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا زەوت بکرێت.

ئەو باجەی کەسێک دوای موسڵمانبوونی و، دوای ئازادبوونی لە کۆمەڵگەی جاهیلییەت و حوکمی تاغووت دەیدات، ئەو باجەی کەسێک بە قبووڵکردنی دین و ڕێبازی خواویستی دەیدات -لە حاکمێتیدا کە مافی خوایە و بەس-، زۆر زۆر کەمتر و سووکترە لەو باجە قورسەی

له عەبدێتیدا بۆ تاغووت دەدرێت. باجی ژێر سایەی تاغووت و ئەرک و تەکلیفی هەرچەند سووک و ئاسان دیار بێت، هەرچەند لە زاهیریدا ئەمان و ئاشتی و ئاسوودەییە، پارە و سامان و پلەوپایە و حەوانەوەیە، هێنانەدیی بەرژەوەندییە، بەڵام لە واقیعدا باجێکی گران و ئەرکێکی دژوارە کە هێدی هێدی دەکەوێتە سەر ئەو کەسانەی کە بە عەبدێتی بۆ تاغووت ڕازیبوون، باج و ئەرکێکە لە مرۆڤایەتیی مرۆڤ دەدرێت، تا وردە وردە هیچ سیفەتێکی مرۆڤایەتیی نامێنێت! چونکە مرۆڤبوون لە عەبدێتیی مرۆڤدا نییە. چ عەبدێتییەک لەوە سەختترە کە کەسێک ویست و ئازادی و ڕێزی خۆی لای مرۆڤێکی تر ڕەهن بکات! تەسلیمی ببێت تا چی و چۆنی لێ دەکات بیکات! خۆی ملکەچی ئیرادە و بڕیاری کەسێک بکات کە وەکوو خۆی مرۆڤە! هیچ سیفەتێکی لە مرۆڤ زیاتر نییە. چ دژوارییەک لەوە سەختترە کەسێک دڵی خۆی بەو هەموو حەزو ویست و بوغزاندن و سیفەتانەی ترییەوە کە تێیدان، بخاتە بەردەستی خاوەن دڵێکی تر کە تەحەککوم لە ئینفعالات و هەست و حەز و ئینتیمای ئەودا بکات! چی لەوە سووکایەتیترە کە کەسێک هەموو (وجوود)ی خۆی بخاتە بەردەست ڕازیبوون و تووڕەبوونی کەسێکی تر؟ چ سوکایەتییەک لەوە قورسترە کەسێک چارەنووسی دونیا و قیامەتی خۆی بخاتە بەر حەز و هەواوهەوەس و ئارەزووی کەسێکی تر؟ چی لەوە زەلیلیترە کەسێک جڵەو، یان هەوسار و لغاوی بکرێتە دەم و سەر و بدرێتە دەست کەسێکی تری وەکوو خۆی، ڕایکێشێت بۆ ئەو شوێنەی جڵەوبەدەست مەبەستێتی بۆی بچێت؟

ئەم عبوودییەت (عەبدێتیکردن)ـە بەوەندەوە ناوەستێت، هەر هەموو سیفەتێکی مرۆڤایەتیی دەفەوتێنێت. دوای ئەو زەلیلبوون و سەلماندنی نەبوونێتییە لەبەر پێی تاغووتدا، تاغووت هەر لێیان ناگەڕێت، دێتە سەر ماڵ و منداڵیان، تاغووت منداڵەکانیشیان لێ دەستێنێت و لەسەر مەنهەجی خۆی گۆشیان دەکات! تاغووت سامانیشیان زەوت دەکات و ئینجا لە بەرانبەر هەر چەمانەوە و سوژدەیەکیاندا مووچە معاشێکیان دەداتێ! ئینجا کە هەر هەموویانی بۆ دەستەمۆ دەبێت و لە مۆڵگایەکیان دەپەستێوێت، ڕەفتار و ڕەوشت و دید و نەریتی تایبەتیان بەسەردا دەدات و، دەبێت خۆی لەسەر ڕاهێنن! جا بڕوانە ئەو زەلیلبوونە. ئەو بزربوونە. ئەو لەدەستدانە. سەرباری ئەم هەمووە، تاغووت بە کوشتیشیان دەدات بۆ ناوی خۆی، بۆ دروشمی

خۆی، بۆ جاهیلییەتی خۆی، کۆمەڵکوژیان دەکات و تەخت و تاراجی لەسەر کاسەسەریان بەرزتر دەکاتەوە!

لەم عبودییەتەدا کە بێ ئیمانانی تێدا بوونەتە عەبدانی تاغووت و، تاغووت بە (حاکمێتی) بووەتە خوای هەموویان، کەس خاوەنی ڕۆح و ڕێز و ماڵ و سامان و ئابڕووی خۆی نامێنێت. باوک بۆی نابێت ڕێی داوێنپیسی لە کچی بگرێت، چ بەوەی تاغووت و دەستوپێوەندەکانی هەتکی بکەن، وەکوو هەموو ئەو حاڵەتی هەتکردنانەی دەسەڵاتدارانی کوفر لە مێژوودا کردوویانە، یان بە خۆشکردنی زەمینەی داوێنپیسی و هەتککردن بە پەروەردەکردنیان لەسەر بەڕەڵایی و (ئازادی ئافرەتان) کە ئافرەتی داماوی تێدا دەبێتە کاڵای تێرکردنی جنس و خاوەنی هیچ ڕێزێکی نامێنێت. ئاوا مەلها و تیاترۆ[1] بە ڕەسمی دەکرێتەوە بۆیان، یان لەژێر دروشمی هونەردا دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن!

ئەو کەسەی کە پێی وایە لەژێر سایەی حوکمی تاغووتاندا ماف و ڕێز و نامووس و سامان و ژیانی خۆی و ئەولادی قوتار دەکات لە جاهیلییەت و حاکمێتیی تاغووت؛ لەخەیاڵپڵاویدا دەژی. خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت، یان ئاستی هەستی کەم بووەتەوە و هەست بە واقیعەکە ناکات. یان چاو بەرەوژێر بووە و هەستی لە خۆی بڕیوە! پەرستنی تاغووتان و عەبدێتیکردن بۆیان زۆر قورسە. باجی زۆر گرانە، هەموو باجەکەش لە ژیان و ناموس و ماڵ و سامان و ماف و ڕێزی مرۆڤەکان دەدرێت!

ئیسلام کاتێک داوا دەکات حاکمێتی لە دەسەڵاتدارانی تاغووت بسەندرێتەوە کە زەوتیان کردووە، تا بۆ خوای تاک و میهرەبان بگێڕێتەوە، داوای ئازادی و ڕزگاری و سەربەرزیی مرۆڤەکان دەکات، داوای قوتارکردنی مرۆڤایەتییەکەیان دەکاتەوە، داوای قوتارکردنیان دەکات لە عەبدێتیی عەبد. هەروەکوو کە داوای ڕزگارکردنی گیان و ماڵیان دەکات لە دەست تاغووت و ملهوڕان و سەربازەکانیان. بەڵێ جیهاد لەژێر ئاڵای تەوحیددا و بۆ گێڕانەوەی حاکمێتیی

---

(١) مەلها لەئەسڵدا شوێنی یاریکردن و کات بەسەربردنە، بەڵام لەعێراق بوو بە شوێنی یاری و پاشان داوێنپیسی. لەناو کوردا بوو بە ناوی شوێنی لەشفرۆشی و داوێنپیسی. تیاترۆ: لەئەسڵدا شانۆیە، بەڵام لەناو کوردی باشووردا هەر لە سەرەتاوە تیاترۆ بۆ شوێنی لەشفرۆشی بەکارهات، چونکە شانۆ جێی خۆی گرت.

خوای گەورە قورسە و قوربـانیی زۆری دەوێـت، بەڵام بە دڵنیـاییەوە ڕزگارکردنیـان پێـوەیە لە حەز و ئارەزوو هەواوهەوەسی تاغووتان.

## جاهیلییەت چاوی بەرایی نایات ئوممەتی خواویست ببینێت:

کاتێـک کیـان و کـۆمەڵگەی جـاهیلی -بەو سـیفەتەی کە قەوارەیەکـی جەسـتەیی پشـت ئەستوورە بە هێزی ماددی- هەست بە دید و تێڕوانینێکی پـێچەوانە دەکـات، کاتێـک هەسـت دەکات وا (وجوود)ێـک لەسـەر عەقیـدەی ئیسـلام دامەزراوە کە لەم جـوودایە و پـێچەوانەی ئاڕاستەشـیەتی، تەحەمـوولی دیـتن و هەبـوونی ناکـات. ئەو کـاتە ڕاشـکاو و ئاشـکرا، بـێ پەردەپۆشـی دوژمنـداریێتیی خـۆی دەردەبڕێـت بەرانـبەری و بە هەمـوو توانـایەوە دژی کیـانە ئیسلامییەکە دەوەستێتەوە (کە دەشێت هێشتا هەر کـۆمەڵێکی ئـوممەتیی عەقائیـدیی گچـکەش بێت نەک کۆمەڵگە و دەوڵەت). وجوودە جاهیلییەکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێـت لەگەڵ کیـانە ئیسلامییەکەدا هەڵبکات و شەڕە بێ ئامانەکەی بەرانبەر ڕادەگەیەنێـت، چـونکە دوو وجـوودی پێچەوانە و دژبەیەک لە یەک کات و شوێندا ناتوانن پێکەوە بژین. بـۆیە حەتمەن ململانـێ -بە هەمـوو چۆنێتییەکـانییەوە- لە نێـوان ئەو دوو مەنـهەجە دژ بەیەکـترەدا ڕوودەدات. لە دیـد و تێڕوانین و پێناسە و زاراوە و بزاوت و هەڵوێست و دابونەریـت و یاسـا و ڕێسـا و دەسـتوور و سیستمی حاکمێتیدا بەرانبەر یەکـتری دەوەسـتنەوە. کیـانە ئیسـلامییەکە کە لەسـەر (تەوحیـد) دامەزراوە کە پەروەردگاریێتی و خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورەیە و خەڵکیش -بە حـاکم و مەحکوومەوە- عەبدێتی بۆ خوای تاک و پاک دەردەبـڕن. جـاهیلییەتەکەش لەسـەر فرەخـوایی دامەزراوە کە هەندێک مرۆڤ مافی حاکمێتییان گرتووەتە دەسـت و حـوکمی خوایـانە بەسـەر خەڵکیدا دەدەن و خەڵکەکەش عەبدانە ملکەچیان دەبن. ئەم دوو (وجوود)ە بەرانبەرە حەتمەن پێکدەکێشرێن، بە تایبەتی کە جاهیلییەت هەست بکات کە هەموو ڕۆژێک کیـانە ئیسـلامییەکە نەفەری جاهیلییەت دەبات و ئەندامی لێ کەم دەکاتەوە، دەیانبـات و موسـڵمانیان دەکـات، بـۆ خۆیان پەروەردە دەکات و لەخۆیان دەگرێت، ژمارەی خۆی زیـاد دەکـات پێیـان. جـاهیلییەت دەبینێت کە (زەمەن) لە بەرژەوەندییدا نیـیە و، هەمـوو ڕۆژێـک لێـی کەم دەبێـتەوە، ئیـتر لەوە

دەترسێت کە بەرەی خواویستی کە لە چەندێتی و چۆنێتیدا زیاد دەکات، ناشێت ڕێی لێ نەگیرێت. ئینجا دەکەوێتە دوژمنداریێتیکردنی تا ئارامیی لێ هەڵدەگیرێت و بە هەموو هێز و توانایەوە دێتە وێزەی. خۆی بۆ شەڕی بێ ئامانی ئامادە دەکات، بەو هیوایەی ئیسلامەکە مەفح بکاتەوە و موسڵمانان ڕیشەکێش بکات.

لەبەرئەوەی ئەم ڕەفتارانە هەر هەموویان حەقیقەت و حەتمین، بە دڵنیاییەوە مادام بانگەوازی ئیسلامی بە ڕێباز و لەسەر بەرنامەی ڕاست و ڕەوا بڕوات، هەر دێنەڕێی، هەمووی و زیاتر لەوانەشی بەرانبەر دەکرێت، چونکە جاهیلییەت هەر لە سەرەتاوە توانای قبوولکردنی بوونی کیانێکی ئیسلامیی نییە. تەحەموولی ئازادی و فراوانبوونی بانگەوازی خواویستی ناکات، لەم حەقیقەتەوەیە کە دەزانین بۆچی بەرهەڵستیکردنی هەموو پێغەمبەرانی خوا (سەلامی خوایان لێ بێت) هەر یەک بوو، دوژمنانی وەحی ئاوا سەخت بەرەنگاریی بانگەوازەکەیان دەکرد، چونکە هەستیان دەکرد ئیسلامەکە هێرشهێن و ڕامالەرێکی وایە کە ناوەستێنرێت، دوژمنانی وەحی خوایی زۆر بەجیددی و لێبڕاوانە دژایەتییان دەکرد، ئەهلی جاهیلییەت دەیانزانی ئیسلام و موسڵمانەکان بەرگری لە حاکمێتیی خوای گەورە دەکەن و سوورن لەسەر لەدەستدەرهێنانی هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن) لە دەست قییەمی جاهیلییەت و سەرانی دەسەڵاتداری و گێڕانەوەی بۆ خوای گەورە. موسڵمانەکان دڵنیا بوون لەوە کە حاکمێتییەکە کە مافی خوای گەورەیە زەوت کراوە، دەیانزانی (موستەکبیرەکان) حاکمێتی و ئاڕاستەکردنی خەڵکەکەیان (لە ئیدارەی دەوڵەت و ئاڕاستەی کۆمەڵگەدا) بە زۆریی هێز و چەواشەکاری سەپاندووە، ئەمەش خاڵێکی جەوهەریی ململانێکە بوو، چونکە هەڵسووڕاندنی کاروباری ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت، هەر وەکوو ژیاندن و مراندن و ڕۆزیدانە کە ماف و سیفاتی خوان، بەڵام ئەمانی تاغووت ماف و دەسەڵاتیان بۆ خۆیان زەوت کردبوو. تاغووتانی دەسەڵاتدار و کۆمەڵگە جاهیلییەکەیان هەستیان بە قووڵیی دژوارێتیی ئەم بانگەوازە خواویستییە کردبوو، بۆیە وا سەرسەختانە و دڵڕەقانە دژی ئەم خواویستیە پاک و سەرڕاستانە بوون. کێشەی ململانێکە پەیوەندیی بە بانگەوازەکەوە هەبوو (نەک بە تاک تاکی شوێنکەوانییەوە). بۆیە ئوممەتە خواویستەکە

ڕووبەڕووی جەنگێکی مان و نەمان دەبووەوە. شەڕێکی سەخت و بێئامان و بەردەوام کە دەبوو سوور بن لەسەر سەرکەوتن، یان دەبوو تەسلیم بە داواکاریی دەسەڵاتدارانی تاغووت ببانایەتەوە، هەر وەکوو کە بە سەیدنا شوعەیبیان (علیه السلام) دەوت: ﴿۞ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا﴾ الأعراف: ٨٨، واتا: «ئەو خاوەن نفووزانەی گەلەکەی شوعەیب -کە لوتبەرز و موستەکبیر بوون- و باوەڕیان بە پەیامی وەحییەکە نەهێنا بوو، بە شوعەیبیان دەوت: سوێند بێت لە وڵاتی خۆمان شاربەدەرتان دەکەین، یان دەبێت بگەڕێنەوە ناو میللەتەکەی خۆمان (بۆ وەرگرتنەوەی پەیام و داب و دەستوور و نەریتی خۆمان)».

ئاوا تاغووتان و سەرانی جاهیلییەت هەموو ڕق و قین و بوغزی ناخیان وەکوو ئاگرپژێن (بورکان) بەسەر خواویستاندا دەتەقێننەوە، نە ئامادەی گوێگرتن دەبن نە وتووێژ (دیالۆگ)، نە بیرکردنەوە و نە موناقەشەی هێدییانە، نە توێژینەوە و نە لێکۆڵینەوە، چونکە دەزانن بەم شێوەیە دەیدۆڕێنن. دڵنیان نە خۆیان و نە دید و بەرنامە و قییەمیان، خۆیان بەرانبەر تینی بەگوڕمی عەقیدەی خواناسیی ناگرن، بۆیە دانەجیرە دەکەن و لێو دەکرۆژن و لە هەڕەشەدا کەف لە لا لغاویان دەپەڕێت! ئینجا دواتر دڕندانە و سەرسەختانە و زۆر بێڕوحمانە پەلاماری موسڵمانان دەدن، چ ئەوانەی ئاڵای خواویستیەکەیان پێیە چ ئەوانەی کە لەژێر ئاڵاکەدان، ئەوانەی دروشمی ئیسلامەکەیان هەڵگرتووە، ئەوانەش کە هەر لەوبەرەی ئیماندارییەدان[1].

ئەمە هەر هەڵوێستی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارانی جاهیلییەتی گەلەکەی سەیدنا شوعەیب (علیه السلام) نییە، ئەمە هەڵوێستی نەگۆڕی هەموو جاهیلییەتێک بووە لە پەیامی پێغەمبەران (علیهم السلام). خوای گەورە دەفەرموێت :﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ

(١) لەزیارەتێکمدا لەگەڵ سێ ئیمامی مزگەوتەکاندا بۆ دەرەوەی ئۆسلۆ بۆ ئۆردوگای چەوساوە ڕاوەدوونراوەکانی بۆسنە لە (١٩٩٤) دا، زیاتر لە پەنجا پیاو و ژنمان لێ کۆبۆوە کە هیچ یەکێکیان نەیدەزانی نوێژ بکەن. هەر یەکەیان منداڵیان خستبۆوە بێ ئەوەی لێک مارەکرابن، هەر لەکاتی خۆیاندا ئیستیمارەیەکیان ئیمزاکردبوو بەس. زۆریشیان باسیان لە چۆنیەتی هەتککردنیان دەکرد! دیارە کە حەملەی ریشەکێشکردنەکەی بەرانبەر ئەهلی ئیسلام دەکرێت تەنانەت ئەو داماو و نەزان و غافڵانەشی بەردەکەون کە نازانن دینەکە چییە و موسڵمانێتیی چۆنە.

﴿لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ ١٣﴾ إبراهيم: ١٣، واتـا: «ئەو کەسـانەی باوەڕیان نەدەهێنا بە نێرراوەکانی خوایان دەوت: بە دڵنیاییەوە شاربەدەرتان دەکەین و دەبێت لە زێدی ئێمە بڕۆنە دەرەوە، یان ئەوەیە کە دەبێـت بگەڕێـنەوە نـاو مـیللەتەکەی خۆمـان،[1] بەڵام خـوای پەروەردگاریـان وەحیـی بـۆ نـاردن کە بـێخەم بـن، ئـێمەش بە دڵنـیاییەوە سـتەمکاران تەفروتوونا دەکەین».

ئەمە حەقیقەتـی جەنـگەکە نیشـان دەدات. ئامـانجی بەرەی شـەڕخوازیی ڕۆشـنانە ڕوون دەکاتەوە. سروشتی ململانێی نێوان جاهیلییەت و ئیسلام ڕوون دەکـاتەوە. جـاهیلییەت بە هـیچ شێوەیەک قبووڵ ناکات ئیسلام قەوارەیەکی سەربەخۆی بـۆ خـۆی هەبێـت، تەحەمـوولی ئەوە ناکات ئیسلام خۆی لە جاهیلییەت ڕاپسکێنێت و لەژێـر دەسـەڵاتی نەمێنێـت، چ جـای ئەوەی لەبەرانبەریدا بووەستێت و شتێکی تر ڕابگەیەنێت. بۆیە جـاهیلییەت -بە هەمـوو جـۆرێکییەوە- لەگەڵ ئیسلامدا ڕێناکەوێت، تەنـانەت ئەگەر موسـڵمانانیش ئامـادەی ڕێـک کەوتـن بـن. بـۆیە **حەتمەن دەبێت ئیسلام لە کیانی ئوممەتێکی سەربەخۆی خاوەن بزاڤ و هەڵوێستی سەربەخۆ و خاوەن سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانی سەربەخۆی خۆیدا دەربکەوێت کە هەموو ئەندامەکانی بە عەقیدەکە پێکەوە پەیوەستبووبن و وەکوو ئوممەتیش لە جاهیلییەت دابڕاوبن و جودابووبنەوە.** ئەمەش شتێک نییە جاهیلییەت توانای بینینیی هەبێت چجای ڕەفتاری لاشەڕانە لەگەڵیدا. ئەمە وجـوودێکە ئەسـتەمە سـەرانی جـاهیلییەت و تاغووتـانی زەوتکـارانی حـاکمێتیی خـوایەتی تەحەموولی بکەن و بهێڵن ئاوا لێیان قوت و قیـت ببێـتەوە! لەبەر ئەمەیە کە کافرەکـان داوا لە پێغەمبەرە بەڕێزەکان ناکەن کە بانگەوازەکەتان بوەستێنن و بـا بەس بێـت، بەڵکـوو (بە شـێوەی سوێند و تەئکید) داوایان لێ دەکەن کە دەبێت بگەڕێنەوە ناو میللەتـی کافرەکـان. داوایـان لـێ دەکەن بێـنەوە نـاو جـاهیلییەتەکەوە و وەکـوو جـاران ببـنەوە تـاک و کـۆی ئەو. پێغەمـبەرە بەڕێزەکانیش (سەلامی خوایـان لـێ بێـت) ڕەفـزی دەکەنەوە و موناقەشەشـی نـاکەن، چـونکە

(١) ئیمامی تەبەری (رحمه الله) لە (جامع البیان ٦٠/٢٥)دا دەفەرمووێت: "(ملة) بـریتییە لە پەیـام و خەڵـکەکەی، کەوابـوو داوای ئەهلی جاهیلییەت -دەسەڵاتدارەکان و بیرمەندەکانی کۆمەڵگە و دەرکەوتووانی کە (الملأ)ەکەن- هەموو لەسەر ئەوە ڕێکـن کە دەبێـت موسڵمانان لە وڵات بکرێنە دەرەوە". ئەم تۆمەتە بەرانبەر بە ئێمە ئەوەیە کە دەڵێن ئێوە کورد نین و کوردستانیانە بیرناکەوە و مەترسـین بۆ سەر (ئەمنی قەومیی کوردی)!

مەحاڵە موسڵمانێک لە جاهیلییەت قوتاری بووبێت و بە مەحزی سەرپشکی خۆی بگەڕێتەوە ناوی! ئەستەمە لێی قبووڵ بکرێت. قەوارەی جاهیلییەت (کۆمەڵ و کۆمەڵگە و دەوڵەت) بەپێی سروشتی پێکهاتەی خۆی بوار بۆ موسڵمانێک ناکاتەوە لە ناواخنیدا بێت و چالاکانە ببزوێت، تەنها لەو حاڵەتەدا جاهیلییەت ڕێ بە موسڵمان دەدات کە لەناو قەوارەکەیدا کار بکەن کە لەژێر چاودێریی وردەکارانەی خۆیدا بن و ڕەنجیان بۆ جاهیلییەتەکە بێت، کە هەوڵدانەکەی یارمەتیدەری بەهێزکردنی بنەما جاهیلییەکان بێت، ئەمما کاتێک کار بۆ خۆی و گەشە و نەشونمای خۆی بکات، ئەوە ئەستەمە جاهیلییەت بوار بۆ ئیسلام و موسڵمانان بکاتەوە. ئەو کەسانەی وا دەزانن دەتوانن هێواش هێواش بخزێنە دەزگاکانی کۆمەڵگەی جاهیلییەت و ئاشکرا لەناویدا کار بکەن و بانگەوازی خواویستی ڕاشکاوانە ڕاگەیەنن و خزمەتی دینەکەیان بکەن -دوای ئەوەی لە کۆمەڵگە جاهیلییەکە و دەزگا و ڕێکخراوەکانیدا دەتوێنەوە- لە خەون و خەیاڵدان، ئەوانە شارەزای سروشتی پێکهاتە و بزاوتی کۆمەڵگە نین. کۆمەڵگەی جاهیلی هەموو تاکێک بۆ خۆی هەڵدەسوڕێنێت، بۆ خزمەتی دید و ڕێ و مەنهەج و دەستووری خۆی دەیانخاتە گەڕ.

دابڕانی موسڵمان لە کۆمەڵگەی جاهیلی و جودابوونەوەی -کە حەتمییە و عەقیدەکەی لەسەری پێویستی دەکات- هەر دەبێت هەنگاوی دووەمیشی بەدوادا بێت، کە دەرکەوتنێتی لە کیانێکی ئیسلامیی سەربەخۆدا کە وەلائیان بەپێی عەقیدەکە بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰاللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و موسڵمانانی خۆیانە و سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانیی سەربەخۆی خۆیان هەیە. ئەم کیانە بەم سەرکردایەتییەوە بزاوت و هەڵوێستی بانگەوازی خواویستی ئیدامە پێ دەدات. ئەمە قۆناغی کارکردنە. ئەمە پێویستە. موسڵمان تێیدا سەرپشک نییە تا بتوانێت دەستبەرداری هیچ هەنگاو و ڕەفتارێکی ببێت، چونکە سروشتی کۆمەڵکاری و گۆڕانکاری و پێکهاتەی جەستەییانەی کۆمەڵگەکان وا دەخوازن، ئەمەش لایەنێکە لە ڕوانگەی جاهیلییەتەکەوە ڕوونە کە ئاوا دەڕوانێتە بانگەوازی ئیسلامی و دژواریتیی وەڵامدانەوە و هاتنەکایەی ئوممەتە عەقائیدییەکەی.

جاهیلییەت زۆر چاک لەوە حاڵییە کە ئەم قۆناغ و ڕەفتارانە ئازادکردنی کۆمەڵگە

جاهیلییەکەیە لە حاکمێتیی تاغووتەکانی. دەزانن ئەمە ڕزگارکردنی خەڵکەکەی بەردەستیانە کە عەبدێتییان بۆ نواندوون، بۆ ئازادییەک، بۆ دید و بزاوت و کۆمەڵگەیەکی خوایستی کە کەس نابێتە عەبدی کەس و هەموو ملکەچی حاکمێتیی خوا دەبن و بەس. جاهیلییەت زۆر چاک ئەمە دەزانێت، لە هەموو بزاوت و هەڵوێستێکی دینەکە دەگات و حساباتی خۆی بۆ سنووربۆدانان و وەستاندن و گێڕانەوەی دەکات. جاهیلییەت دەزانێت کە بانگەوازی ئیسلامی لادان و ڕادانی تاغووتان و حاشییە و پێوەندەکانی مەبەستە کە دەبێت لە هەموو ئاستێکی سەرکردایەتی و ئاڕاستەکردن و بڕیاردان بیانهێنێتە خوارەوە و تووڕیان هەڵدات! مانەوەی تاک و کۆی موسڵمانان لەناو کۆمەڵگەی جاهیلییەتدا دەیانکاتە خزمەتکاری کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارە جاهیلییەتەکە، نەک خزمەتکاری ئیسلام و موسڵمانان، وەکوو هەندێک موسڵمانی سادە و سەتحی لێی تێگەیشتوون.

دوای ڕوونبوونەوەی ئەمە، حەقیقەتێکی تری قەدەری دەمێنێت کە دەبێت بەردەوام لە دڵ و دەروون و هزر و هۆشی موسڵماناندا بێت و لەبەرچاویان لا نەچێت، بە تایبەتی لەبەرچاوی داعی و ئاڕاستەوانانیان، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بەڵێنەی خوای گەورە بە ئەولیاکانی خۆیی داوە کە سەرکەوتن و دەسەڵاتیان پێ دەبەخشێت، حەتمییە و خوای گەورە لە کاتی قەدەرییانەی خۆیدا و بە چۆنیەتیی قەدەرییانەی خۆی دەیهێنێتە دی. بەڵام ئەوە بە دڵنیاییەوە نایاتەدیی هەتا موسڵمانان لە جاهیلییەت دانەبڕێن و تاک و کۆیان لە جاهیلییەت جوودا نەبووبنەوە. هەتا هەردوو بەرە لێک جوودا نەبووبنەوە، بۆیە هەر دەبێت ئەهلی حەق ئوممەتی جوودا و بزاوت و هەڵوێستی جوودا و ڕیز و بەرەی جوودای خۆیان دیاری بکەن و بەو حەقەی پێیانە و ڕایانگەیاندووە لە جاهیلییەتەکە جوودا بووبنەوە. ئاوا نەبێت دەسەڵاتدارییان پێنابەخشرێت کە هەر تواوەی ناو جاهیلییەت بن و بەشێک بن لێی، لەگەڵ ڕەوت و ئاڕاستەی ئەودا بڕۆن و وەکوو ئەندامێکی جەستەی ئەو ببزوون، سەرکەوتن و تەمکین نایەتە دەستیان! سەرکەوتنیان بۆ نایەت مادام ئەوان هێشتا وان لەناو دەزگا و ڕێکخراوەکانی جاهیلییەتدا و وزە و تواناکانی مانەوە و گەشە و نەشونمای زیاتری دەدەنێ! هەر قۆناغەکارێکی ئوممەتە خواویستەکە ئاوا لە جاهیلییەتدا مابێت، بە قەدەر ئەو کاتەی دەمێننەوە سەرکەوتنیشیان لێ دوور دەکەوێتەوە.

کەوابوو تا زووتر دابڕێن و جوودا ببنەوە زووتر سەرکەوتن و تەمکینیان دەست دەکەوێت. ئەوەش پەیمانی خوای کاربەجێیە، حەقە و لەجێی خۆیدایەتی و حەتمەن دێتە دی، بەڵام بە چۆنیەتییە داواکراوەکەی دینەکە خۆی. ئەمەش ئەرکێکی گەورەیە، بزاوت و هەڵوێستێکی سەختە، زۆریان لەسەر دەکەوێت، بەڵام ئەمە قۆناغەکانی ڕێی بانگەوازی خواویستییە و بەم شێوەیە نەبێت نایەتە بەرهەم. دیندارە سەرڕاستە تێگەیشتووەکان لە قورئان پەی بەمە دەبەن و هۆشیارن لێی و لایان حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستی بزاڤ و هەڵوێستە.

بێگومان تاغووت هیچ قۆناغێکی ئەم بزاڤە خواویستییە و هیچ هەڵوێستێکی عەقائیدیی ئاوای پێ قبووڵ نییە، تەحەمولی دیتنی حەق ناکات بێتە کایەوە، تەحەمولی بانگەوازەکەی ناکات چ جای ئوممەت و بزاوت و هەڵوێستی، چ جای دابڕان لێی و جوودابوونەوە لێی و دامەزراندنی کیانی سەربەخۆ بەرانبەری. تەنانەت ئەگەر حەقخوازانی خواناس لێشی جوودا ببنەوە و گۆشەگیرانە بژین، تا خوای گەورە ناوکۆیی نێوان حەق و باتڵ یەکلا دەکاتەوە؛ تاغووت ئەمەشی پێ قبووڵ نییە. باتڵ ناهێڵێت حەق لەناوخۆیدا، یان لە کیانی سەربەخۆدا دەنگ و ڕەنگی هەبێت. بۆیە ئەهلی جاهیلییەت و تاغووتان بەدووی تاک و کۆی موسڵمانانەوە دەبن و سوور دەبن لەسەر گێڕانەوەیان بۆ دید و ڕێ و دابونەریت و سایەی جاهیلییەتەکە، یان ڕیشەکێشیان دەکەن. بۆیە سەیدنا شوعەیب (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی: ﴿وَإِن كَانَ
طَآئِفَةٞ مِّنكُمۡ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِيٓ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٞ لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ فَٱصۡبِرُواْ حَتَّىٰ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ بَيۡنَنَاۚ وَهُوَ خَيۡرُ
ٱلۡحَٰكِمِينَ ٨٧ ۞ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَنُخۡرِجَنَّكَ يَٰشُعَيۡبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرۡيَتِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ
فِي مِلَّتِنَاۚ قَالَ أَوَلَوۡ كُنَّا كَٰرِهِينَ ٨٨ قَدِ ٱفۡتَرَيۡنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنۡ عُدۡنَا فِي مِلَّتِكُم بَعۡدَ إِذۡ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنۡهَاۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ
فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَاۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَاۚ رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ
ٱلۡفَٰتِحِينَ ٨٩ وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعۡتُمۡ شُعَيۡبًا إِنَّكُمۡ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ٩٠﴾ الأعراف: ٨٧ - ٩٠، واتا: «دوای ئەوەی سەیدنا شوعەیب (سەلامی خوای لێ بێت) پەیامی خوای گەورەی بە قەومەکەی گەیاند و کۆمەڵێک جوامێری خواویست شوێنی کەوتن و کۆمەڵێکی تر هەر لەسەر کوفر مانەوە و سووربوون لەسەر دوژمنداریتیی، تاغووتانی قەومەکەی دژی ڕاوەستان و ڕێگای بانگەوازەکەیان لێ گرت، هەروەکوو کە ڕێگای خەڵکیان بە جەردەیی و ڕووتکردنەوە

دەگرت. سەیدنا شوعەیب پێی فەرموون: ئێوە دەبینن کۆمەڵێکتان شوێنم کەوتوون و موسڵمان بوون و کۆمەڵێکیشتان تەوەلا بوون و کافر ماونەتەوە. ئێ دە باشە سەبرێک بگرن تا خوای گەورە ناکۆکیمان یەکلا دەکاتەوە. خوای گەورە داوەری داپەروەر و چاکترینە بۆ حوکمکردنی نێوانمان. دەسەڵاتدارە ناودارەکانی قەومەکەی کە لە ریزی کافرەکاندابوون وتیان: هۆ شەعەیب خۆت و ئەوانەش کە شوێنت کەوتوون شاربەدەر دەکەین، دەبێت لە شار و لادێمان دەرچن، یان دەبێت بگەڕێنەوە سەر میللەتی خۆمان (تا بە کولتووری کۆمەڵگە و بە یاسا و ڕێسامان پابەند دەبنەوە). فەرمووی بۆچی بە زۆر دەمانگێڕنەوە کە ئێمە نامانەوێت؟ بۆ ناچارمان دەکەن؟ ئەگەر بگەڕێینەوە ناوتان مانای وایە لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستمان نەکردووە و بەیعەتەکەیمان هەڵوەشاندووەتەوە و شاهێدیی درۆمان داوە کە دینەکەی ئەو هەڵەیە و دید و نەریت و دەستوورەکەی ئێوە ڕاستە! ئێ چۆن دەشێت ئێمە ئەم شاهێدییە درۆ و دژوارە لەسەر خۆمان بدەین کە سەرشۆڕیی دونیا و زەلیلی و سزای قیامەتی بەدواوەیە؟! دە سەبر بگرن تا خوای گەورە لایەک بەلایکدا دەخات و هەر فەرمانێکمان بۆ بێت ئێمە جێبەجێی دەکەین. دەی سا خوایە ناوکۆییمان چارەسەرکە و ناکۆکیمان یەکلا بکەرەوە، خۆ هەر تۆ داوەری دادپەروەریت. دەسەڵاتدارە ملهوڕە کافرەکان کەوتنە هەڕەشە لە شوێنکەوتووەکانی، پێیان دەوتن ئەگەر شوێن شوعەیب بکەون بەدڵنیاییەوە زەرەر دەکەن».

تاغووتە ملهوڕەکان بە هەڵوێست و پلانەکەی سەیدنا شوعەیب (سەلامی خوای لێ بێت) ڕازی نەبوون کە ماوەیەک سەبر بگرن. نا، ئەوان ئارامییان لەبەر هەڵگیراوە و هەرچەند بکەن ناتوانن حەق ئاوا ببینن کە ئوممەت و بزاوت و بەرەو ئاڵای سەربەخۆی هەیە و ڕۆژانە خەڵک کەسب دەکات. تەحەمولی ئەوە ناکەن کۆمەڵێک خواناس حاکمێتیی تاغووت ڕەفز بکەنەوە و تەوحیدێکی پاک و پوخت وەرگرن و لەبەر ڕۆشنایی ئاڕاستەی وەحیی خواییدا بانگەوازی چاکسازی بکەن، چۆن چاویان بەرایی دێت کۆمەڵێک خەڵک بە دینێکی نوێیەوە، سەربەخۆیی ڕاگەیەنن و لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتداران و ملهوڕان دەرچن، چونکە حاکمێتییەکانیان پێ شیرک و کوفر و جاهیلییەتە، بۆیە ئاوا بە هەڕەشەی سەختەوە بە سەیدنا شوعەیبیان وت:

﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا﴾،

سەیدنا شوعەیب وەکوو دید و بزاوت و هەڵوێستی هەموو پێغەمبەرانی تری خوای گەورە (سەلامی خوایان لێ بێت) دژی پلانەکەیان وەستایەوە و بە نەرمونیانترین شێواز هەڵوێستەکەیانی ڕەت کردەوە: ﴿قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ ۝٨٨ قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُمْ بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللَّهُ مِنْهَا ۚ وَمَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَعُودَ فِيهَا﴾.

دەبێت داعییانی ئیسلام و چاکسازان و خاوەیستانی بزاوتی گۆرانکاری و موجاهیدانی بەرانبەر تاغووتان هەمیشە ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە ئاوا شەڕیان پێدەفرۆشرێت، ئاوا هەڕەشە و گوڕەشەیان لێ دەکرێت و، دەکەونە کوشتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجەدانیان. خۆ دزینەوەیان لەم شەڕە ئەستەمە، خۆ پاراستن و خۆ لێلادانیان زەحمەتە. چونکە مەحاڵە تاغووتان هەروا لێیان بگەڕێن. کۆڵیان لێ نادەن تا لە دینەکەیان دەکەنەوە و دینەکەیان لێ دەکەنەوە، هەر ئەوەندەش نا، ناچاریشیان دەکەن کە دەبێت لە دینەکەیان تەبەرابن و بگەڕێنەوە سەر دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمی جاهیلی، دوای ئەوەی کە خوای کارزان و میهرەبان و دانا قوتاری کردن و لە تاریکستانیی جاهیلییەت ڕزگاری کردن و خستنیە بەر ڕۆشنایی وەحی و نووری ئیمان و سایەی حاکمێتیی خۆی، چونکە ئازایانە لە عەبدێتیی تاغووت دەرچوون و گەڕانەوە سەر عەبدێتیی خوای خاوەن و کردگار و دەسەڵاتدار و دینەکەیان کردە ڕێباز و بەرنامەی ژیانی تاک و کۆی خۆیان، کەوابوو چار نییە هەر دەبێت شان بدەنە بەر واقیعەکە و ئارامگرانە و پشوودرێژانە خۆڕاگرن، بەرانبەر ئەم شەڕە سەپێنراوەی بێڕوحمانە بەرانبەریان دەکرێت و دڕندانە و بێئامان دەخرێنە بەر حەملەی ڕیشەکێشکردنی، حەتمەن دەبێت سەبر بگرن و چاوەڕوانی لوتفی خوای دانا و میهرەبان بن کە بە قەدەری ئەزەلیی خۆی کێشەی ململانێیەکەیان یەکلایی بکاتەوە: ﴿عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا ۚ رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنْتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ ۝٨٩﴾. ئینجا ڕێسای نەگۆڕی قەدەری خوایی (ویست و زانست و توانای خوای گەورە) دێتە هاوکێشەکەوە و لە بەرژەوەندیی ئیمانداران کۆتایی بە ململانێکە دێنێت. ئەوەش ڕێسای نەگۆڕە و بە درێژایی مێژووی بانگەوازی خواویستی وا هاتووە و خوای گەورەش ڕێساکانی بۆ هیچ کەس و لایەنێک ناگۆڕێت.

شاهێدیدانی (لا إله إلا الله) ڕاگەیاندنی یاخیبوونە لە جاهیلییەت و چوونەبەر کەناری

خوای خاوەنە. (لا إله إلا الله) بڕیاری عەبدێتییە بۆ خـوای گەورە و بەس. هەر کەسـێک ئەم شایەتمانە ڕاگەیەنێت، یەکسەر ئیعلانـی ئەم حـاکمێتییەش بـۆ خـوای گەورە ڕادەگەیەنێـت (لە واقیعدا هاوار دەکات، جاڕ دەدات کە مافی یاسـادانان و حـوکمڕانی و داوەرێتـی بـۆ غەیـری خوای گەورە نییە و نابێت کەس هەیبێت)، ئەمەش واتا ڕاگەیاندنی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە ڕووی ئەو تاغووت و ملهوڕ و حاشیە و پێوەندانەی حاکمێتیی خوایان بـۆ یەکێکیـان، یـان بـۆ دەستەیەکیان زەوت کردووە. ئەم شایەتمانە واتا ڕەفزکردنەوەی شیرک و کوفر و جـاهیلییەت و ڕازیبوون بە حـاکمێتیی خـوا، بە ڕێبـاز و بەرنـامەی، بە ئـاڵا و دروشـمی و بە ئینتیماکـردن بـۆ ئـوممەتە دینـدارە خـاوەن سـەرکردایەتی و ئاڕاسـتە سـەربەخۆکەی. هـیچ دژواریـیەک لەمە کاریگەرتر نییە لەسەر تاغووتان. ئەم شـایەتمانە ئەگەر ئەو ڕەفزکـردنەی (تـاغووت و ئـالیهە و ئەرباب و ئەنداد)ەی لەگەڵدا نەبێت هیچ زیانێکی بۆ ئەهلی شیرک و کـوفر نابێـت. ئەگەر ئەم شایەتمانە بریتی بێت لە باوەڕێکی سارد و سڕی ناخ و نوێژێکی هەڵپڕوزاو و بەڕۆژووبـوونێکی تاکەکەسی، چۆن ڕێی لێ دەگیرێت؟! ئەمە لە هەموو شوێنێک و لای هەموو تاغووتان قبـووڵە. مـادام نـابێتە وزەی گۆڕانکـاریی پێغەمـبەرانە. تاغووتـانیش لەو شـایەتمانە سـارد و سـڕ و (موسـڵمانێتی)یە بـێ زەرەروزیـانە ڕازیـن و خۆشـیان جێگـا و ڕێگـا و مـزگەوت و ئیمامـی بـۆ دەستەبەردەکەن!

ئەم تێگەیشتنە سەتحی و ساویلکەییە کە ئێستا موسڵمانان هەیانە. زۆرینەیان ئاوا لە ئیسـلام حاڵیبوون و دەیانەوێت هەر ئاوا بەو (موسڵمانێتی)یەوە بمێننەوە! بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمانە (کە ئیسلامیشیان خـۆش دەوێـت) نـازانن ئیسـلام چیـیە؟ نـازانن ئەوە موسـڵمانێتی نیـیە کە ئەوان گرتوویانەتە بەر. ئیسلام لەگەڵ هێنانی ئەو شایەتمانەدا ڕاگەیانـدنێکی چارەنووسسـازی وەلـدا دەبێـت کە ڕەفزکردنـی شـیرک و کـوفر و جـاهیلییەتە. خـۆ دابـڕینە لە جـاهیلییەت و جوودابوونەوەیە لێی، لە دیـد و بۆچـوونی، لە ڕەفتـار و ڕەوشـتی، لە دابـونەریتی، لە بـزاوت و ڕەوتی، لە یاسا و ڕێسای، لە کۆمەڵگە و دەوڵەتی. موسـڵمانبوون جوودابـوونەوە و چـوونەڕیزی ئیمانـدارانە، پێکهێنـانی ئـوممەت و بزاڤـی خواناسـییە، وەلائـدانە بە کـۆمەڵە موسـڵمانەکە و بەیعەتدانە بە سەرکردایەتییە سەربەخۆکەی، کە ئامادەین ورە و وزەمان بۆ خواویسـتی بخەیـنە

گەڕ، دەی سا با سەرکردایەتیی ئەم نوخبە ئوممەتییە ئاڕاستەمان بکات بۆ چەسپاندنی ئیسلامەکە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەیەکدا.

جەنگی نێوان جاهیلییەت و ئیسلام نە کۆتایی دێت، نە هێدی دەبێتەوە. چونکە دوژمنانی ئیسلام کۆڵ نادەن، ناهێڵن دین و ئوممەت لە ئاشتی و هێمنیدا گەشە بکەن و بڵاو ببنەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە سەرسەختانە دوژمنداریێتیی ئەولیایانی خوا دەکەن و هەموو ڕەنجێک بۆ مەفحکردنەوەی ئیسلام و ڕیشەکێشکردنی موسڵمانان دەگرنەبەر: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ٣٦ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِي جَهَنَّمَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ٣٧﴾ الأنفال: ٣٦ - ٣٧، واتا: «ئەوانەی کوفریان گرتووەتەبەر، سەروەت و سامانیان بۆ بەرهەڵستکردنی ڕێبازی خوایی و وەستاندنی بانگەوازی خواویستی خەرج دەکەن. خەرجی دەکەن، هەمووشی سەرف دەکەن، بەڵام دوایی هەر لێیان دەبێتە حەسرەت و پەشیمانی و پاشان چۆک دادەدەن و دەبەزن. دەکەونە ژێردەست! ئەوانەی دید و ڕێی کوفریان گرتووەتەبەر هەموو لە دۆزەخدا کۆ دەکرێنەوە. خوای گەورە دەیەوێت پاک لە پیس و پیس لە پاک هەڵاوێرێت، ئینجا پیسەکان لەسەر یەکتری کەڵەکە بکات و پێکەوە هەرهەموویان بە یەکجار فڕێداتە دۆزەخەوە.. ئا ئەوانە زەرەرمەندن».

ڕێبازیی خوایی و بانگەوازی خواویستی، پێکەوەنانی ئەو ئوممەت و بزاوت و بانگەوازەیە کە هێرش دەکاتە سەر جاهیلییەت. ڕێباز و بزاوت و هەڵوێستی ئەولیایانی خوا ئەوەیە کە کۆبن و بە ئاڵای جیهادەکەیانەوە هەڵمەت ببەنە سەر تاغووت و نینۆکی بکەن، هێزی لێ ببڕن تا نەتوانێت چیدی بەرەنگاری بانگەوازەکە و بەرهەڵستیی بزاڤی ئوممەتەکە ببێتەوە، تا چیدی نەتوانێت دوژمنداریێتیی بکات و موستەزعەفان بچەوسێنێتەوە. ئەم ڕەنج و جیهاد و جوهدە بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای تەوحیدەکەیە، بۆ چەسپاندنی حاکمێتیی دینەکەیە. تا تاغووت نەوێرێت و نەتوانێت پەلاماری بداتەوە. هەموو تاغووتێک سڵ لە ئازادبوونی حەق دەکاتەوە. هەموویان لە ئوممەتی خواویستی دەترسن، لە خەم و چاودێری و سامی ئەوەدان بە خەڵکی بگات و بانگەوازەکەی تەشەنە بکات، دەترسن هێمن و سالار و سەنگین، هێدی و دڵنیایانە

بڵاو ببێتەوە و دڵ و هزر و هێز کەسب بکات. بۆیە تا بۆیان بکرێت دەیخەنە ژێر قەهر و تین و پاڵەپەستۆ، تا بۆیان بلوێت حەملەی دەکەنە سەر، تا بۆیـان بکرێـت ئیسـلام مەفـح دەکەنەوە و موسڵمانان ڕیشەکێش دەکەن. ئەهلی جاهیلییەت ناتوانن ئاشتیانە لەگەڵ ئیسـلام و موسـڵمانانـدا ڕەفتار بکەن، چونکە وەستاندنی چەوساندنەوە و شەڕەکەیان واتا وەستانی خۆیان و دیـد و ڕێ و وجوودیان و کەوتنەبەر شنەی بانگەواز و نەڕەی تەکبیری موجاهیدەکانی! بۆیە تـا توانایـان مابێت لە شەڕی بێئامانیاندا دەبـن، تـا بۆیـان بلوێـت پـلان و پـیلان دژی ئیسـلام و موسـڵمانان دادەنـێن کە ژێردەسـتە و زەلیلـیش دەکەون، دووڕووانە ڕەفتـار دەکەن و هەر بە ئومێـدی تێکشکاندنی ئیسلامەکە دەبن.

ئا ئەم (واقیعێتی و جیددێتیـ)ـیە ئاشکراترین و کاریگەرترین سیما و سیفاتی ئەم دینـەیە کە لە بانگەوازە خواویستییەکەیدا ڕەنگ دەدەنەوە. ئیسلام تیـۆرێکی مەعریفـی نیـیە و لە دوتـوێی کتێبێکـدا خـرابێتە بەردەسـت خەڵکـی تـا بیخـوێنێنن و فێـری بـبن. ئیسـلام سـەرچاوەیەکی زێدەزانین و بەرفراوانکردنی زانیاری نییە. ئیسلام عەقیـدەیەکی سـارد و سـڕیش نیـیە لە دڵ و دەروونێکی بێ غیرەتدا چەقی بەستبێت! بـاوەڕێکی تـاکڕەوی نیـیە خـوای گەورە بە کەسـێک بناسێنێت و ئیتر خۆی و خـوای خـۆی! ئیسـلام چەنـد دروشـمێکی خواپەرسـتیی هەڵەشـە و غافڵانە نییە کە کەسێک خواپەرستیی پـێ ئەنجـام بـدات و بەسـیبێت! نـا. ئەم دینـە ئیعلانـی ئازادیی مرۆڤە. ئەم دینە مەنهەجێکی بزاڤی واقیعییە، ڕووبەڕووی واقیعـی خەڵکـی دەبێـتەوە و ئالییاتی گونجاو و چۆنیەتیی شیاوی خۆیی بەرانـبەر بەکـار دەهێنێـت کە بەرابەری واقیعـیەکە بن، پڕاوپڕی پێداویستییەکانی کات و شوێن بن.

ئەم ئیسلامە بە بـانگەوازی هـێمن و نەرمونیـانی خـۆی دڵ و هـزر و هۆشـی بانگهێشـت دەکـات، بە ڕاگەیانـدن و ڕوونکـردنەوە و هەسـتی پەی پـێ بـردن و ئیـدراک هانـدەدا. بە جیهادەکەشی بەربەستە ماددییەکـان و دەسـەڵات و هێـزە ملهوڕەکـان لا دەدات و ڕا دەدات و مەرکەزێتیی حاکمێتیی تاغووتان هەڵدەوەشێنێتەوە و حاکمێتیی خوای کردگار و پەروەردگـاری لە شوێندا دەچەسپێنێت.

ئەم ئیسلامە ئاوا بانگەوازەکەی خۆی بە ئوممەتێکی خواویست و بە بزاڤێکی گۆڕانکـاریی

واقیعی بڵاو دەکاتەوە تا حـاکمێتیی خـوای تـاک و پـاک لەسـەر زەمینـدا بچەسـپێنێت. بـۆیە ململانێی نێوان ئیسلام و جاهیلییەت هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نەزەریانەی دید و تێـڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ نیـیە. مـادام جـاهیلییەت واقیعـێکە، مـادام جـاهیلییەت لە کۆمەڵگە و دابونەریت و یاسا و دەستوور و سیستم و دەسـەڵاتدارێتیدا دەرکەوتـووە، حەتمەن دەبێت ئیسلامیش بە بزاوتی ئوممەتێک و بە ئالییـاتی شـیاو و گونجـاو ڕووبەڕووی ببێـتەوە کە شیاوی ئەوە بێت کۆمەڵگە و دەسەڵاتی ئیسلامی لە شوێن کـۆمەڵگە و دەسـەڵاتە جـاهیلییەکە دابمەزرێنێت. ئەمەش حەتمەن بە جیهادێک دەکرێت کە هەر لە دەستپێکی یەکەمینەوە دەبێـت لەبەرخاتری خوا بێت و بەپێی شەریعەتی خوا بێت و بۆ چەسپاندنی شەریعەتی خوا بێت.

## بڕگەی دووەم:

## سەلماندن و چەسپاندنی حەق

سەلماندن و چەسپاندنی حەق و ناساندن و لادانی باتڵ هەر بە قسە نایەتە دی. ناشێت وا گومان ببرێت کە تەنها بە ڕوونکردنەوەی حەق و ڕوونکردنەوەی باتڵ لە ڕووی تیۆرییەوە، ئیتر حەق خۆی دێتە پێش و جڵەوی ئاڕاستەوانی دەگرێتە دەست! تەنانەت ناشێت واش بزانرێت کە تەنها بە باوەڕکردن کە ئەمیان حەقەکەیە و ئەویان باتڵەکەیە، ئیتر پێشڕەویتیی کۆمەڵگە دەکەوێتە دەست حەق و حەقخوازان. ئەمە کورتبینییە. نە سەلماندنی حەق و چەسپاندنی لە واقیعی خەڵکیدا و نە ناساندنی باتڵ و ڕادانی لە واقیعی خەڵکیدا؛ بێ هەبوونی هێز دێنە دی. هێزێک کە بتوانێت دەسەڵات و هێزی مادديی باتڵ لادات و ڕادات و دەسەڵات و هێزی حەق بخاتە شوێنی. ئەم هاوکێشەیە ئاوا نەبێت پارسەنگ نابێت. ئەم زاڵبوونەی حەق و نابوتبوونەی باتڵ بەوە دەبێت کە سەربازانی حەق و ئاڵاهەڵگرانی سەرکەون و سەربازانی باتڵ شکست بهێنن و ژێردەستکەون. ئەم ململانێیە ئاوا نەبێت کۆتایی نایات.

ئەم دینە بەرنامەی بزاوتێکی واقیعی ئوممەتێکی خواویستە. کەرەستەی موناقەشەیەکی مەعریفی و زێدە زانیاری نییە، تەنانەت باوەڕکردنێکیش نییە کە لە ناخدا قەناعەتی پێهێنرا بێت کە حەق هەر سەردەکەوێت و باتڵ نابوت دەبێت. نا، خوای گەورە ئاماژە بە سەلماندن و چەسپاندنی حەق و ناساندن و لادانی باتڵ وا دەکات کە ڕەفتار و ڕەنج و هەوڵدانە: ﴿لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ۝٨﴾ الأنفال: ٨، واتا: «بۆئەوەی بە کوێرایی چاوی تاوانکاران حەق بسەلمێنێت و بچەسپێنێت و باتڵیش ڕسوا بکات». ئەمە ئاماژەیەکی حەقیقەتی عەقیدەیە کە خوای گەورە سەرنجی داعییەکانی بۆ ڕادەکێشێت. ئەم حەقە کە بریتییە لە تاک و تەنهایی خوای گەورە، لە سیفەتەکانی پەروەردگارێتی و نەبوونی هاوبەش بۆی، لە هەموو سیفەتەکانی خوایەتی و نەبوونی هاوبەش بۆی، لە دەسەڵاتدارێتی و کارگێڕیی (گەردوون و ژیان و مرۆڤ)دا، نەبوونی هاوبەش بۆی لە هیچ گۆشە و کەنار و کات و شوێنێکی وجووددا،

به هیچ شێوه و بڕ و ڕاده‌یه‌ک، نه له ئاسمانه‌کان و نه له زه‌ویدا، نه له ڕیزی مرۆڤ و نه له ریزی مه‌خلووقاته‌کانی تـردا. ئه‌م حه‌قه واتـا ده‌سـه‌ڵاتداریێتیی ڕه‌هـا و بـێ سـنووری خـوای تـاک و بێـوێنه و ئیعتیرافکـردن به‌وه‌ی که دیـنه‌که‌ی خـوای گه‌وره به‌رنـامه‌ی دیـاریکراوی خـوایه و بۆئه‌وه‌ی ناردووه‌ته خوارێ حـاکمێتیی تـاک و کـۆی کـۆمه‌ڵگه و ده‌سـه‌ڵاتی مرۆڤـایه‌تیی پـێ بکرێت. حه‌ق ئه‌مه‌یه. ئه‌مه ئه‌و حه‌قه‌یه که ده‌بێت بسه‌لمێنرێت و بچه‌سپێنرێت. ئه‌ما ئه‌و باتڵه‌ی که ده‌بێـت بناسرێـت و لادرێـت و ڕادرێـت، ئه‌وه‌یه که له شـیرک و کـوفر و جاهیلییه‌تـدا ده‌رکه‌وتووه و بووه‌ته به‌ره‌ی به‌رانبه‌ر بانگه‌وازی پێغه‌مـبه‌ران (سـه‌لامی خوایـان لـێ بێـت) که بووه‌ته ده‌سه‌ڵاتداری ده‌ستدرێژکار و سـته‌مکاری خۆسـه‌پێنن و سـه‌رزه‌وی داگیرکـردووه. ئه‌م باتڵه‌ی به چه‌واشه‌کاری و سامان و زۆرداری حه‌قی خستووه‌ته لاوه و تاغووتانێکی خستووه‌ته سه‌ر لـوتکه‌ی ده‌سـه‌ڵاتداریێتیی حـاکمێتی (که یاسـادانان و حـوکمڕانی و داوه‌ریـیه)، تـا هه‌ر چۆنێک بیه‌وێت ژیانی خه‌ڵکی وا داڕێژێت و هه‌ر چۆنێک حه‌ز بکات ئاوا ئاڕاسـته‌ی ژیـان و مرۆڤ بکات!

باتڵ ئه‌مه‌یه. ئه‌مه ئه‌و باتڵه‌یه که ده‌بێت ڕوون بکرێته‌وه و ڕووت بکرێته‌وه، ئینجا لادرێت و ڕادرێت. ئه‌م حه‌قه به‌لاغێکی ڕاگه‌یاندووه که ده‌خوازێت مرۆڤ له‌م سه‌ر زه‌مینه‌دا ئـازاد بێـت، به‌مه‌ش ئازاد ده‌بێت که خوایه‌تیی خوای گه‌وره و عه‌بدێتیی مرۆڤ بۆ خوا بێته دی. خـوایه‌تیی خوا واتا تاکی و پاکیی په‌رسـتن و وه‌رگرتنـی به‌رنـامه‌که‌ی و چه‌سـپاندنی حـاکمێتییه‌که‌ی که ڕاگه‌یاندنی ئاشکرا و ڕاشکاوی سه‌روه‌رێتیی شه‌ریعه‌ته‌که‌یه‌تی. ئه‌م به‌لاغه ڕۆشـن و ئاشـکرا و ڕاشکاوه دژایه‌تی تاغووتان ده‌کات و ده‌فه‌رمووێت: "ده‌بێت له لـوتکه‌ی ده‌سـه‌ڵاتی حـاکمێتیی بێنه خواره‌وه، چونکه حاکمێتیی مافی خوای تاک و پاکه و ئه‌وان بۆ خۆیانیان زه‌وت کردووه."

ئیسـلام که به‌لاغه حه‌قه‌که‌یه که ئه‌م بـانگه‌وازه ڕۆشـن و ئاشـکرا و ڕۆشـنه‌یه و ئه‌وه‌ش ئامانجێتی، نه‌ده‌بـوو، نه‌ده‌کـرا، نابێـت و ناکرێـت به‌بـێ هه‌بـوونی هێـزی مـاددی و جـورئه‌تی ویست و گیانی جیهاد، هه‌نگـاو هه‌ڵهێنێـته‌وه، چـونکه نـامومکین بـوو هه‌ر بـاوه‌ڕێکی نـاخ و قه‌ناعه‌تێکی هزر بێـت و هیچـی تـر، نه‌ده‌کـرا هه‌ر ئه‌وه‌نـده بێـت که وه‌کـوو عه‌قیـده له دڵ و ده‌روونی شـوێنکه‌وتووه‌کانیدا بچه‌سـپێت و له عیباده‌تیانـدا ده‌رکه‌وێـت و به‌س. نه‌ده‌کـرا هه‌ر

ئەوەندە بیت کە ببێتە بەرنامەی پاڵفتەی دەروون (تەزکیـەی نەفـس) و داڕێـژەری ئاڕاسـتەی «پارسەنگی ڕەفتار و ڕەوشت»ی نێوان موسڵمانان. نەدەکـرا و نەدەلـوا ئـاوا ببێـتە دینـدارییەکی تاک کەسی. بەڵکـوو هەردەبـوو بەپێـی ئاڕاسـتەی وەحـی ئـوممەتەکەی پـێکەوە بنێـت و بێـتە مەیـدانی ململانێـوە، تـا دیـد و تێـڕوانین و پێناسـە و زاراوەی حەق بناسـێنێت، تـا ڕەفتـار و ڕەوشت و دروشمەکانی خواپەرستی بنوێنێت، یا بەپێی بەرنامە نوێکەی خـۆی یاسـا و ڕێسـا و دەستووری شەریعەتەکەی لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی نوێدا بهێنێـتە دی کە حـاکمێتیی خـوای گەورەی تێدا بدرەوشـێتەوە. ئەمەش هەر بە ڕوونکـردنەوەی بەلاغ و ڕاگەیانـدنی بـانگەوازەکە نەدەکرا. ئەمە هەر دەبوو سەرەتا لەناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی موسڵماناندا بدرەوشێتەوە، پاشـان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنرێت کە خۆی بۆ هێنانەدیی ئەم مەبەسـتە بە وەحـی هـاتووەتە سەرزەمین.

ئەم ئیسلامە (عەقیدە)یەکە کە لە قـووڵایی نـاخ و ویـژدان و قەناعەتـدا دەچەسـپێت، هەر هەموو لایەن و ڕێ و جێیەکی دڵ و هزر، هەر هەموو ساتێکی سرەوت و بزاوتێکـی ختـوورەی هەست و هۆش بە تەوحیدەوە پەیوەست دەکات. ناشێت لە هیچ هەست و نەسـت و بـزاوت و سرەوتێکـدا هاوبەشـێک بە هـیچ شـێوە و ڕادە و بڕێـک بـۆ خـوای کردگـار و خـاوەن و دەسەڵاتداری بێوێنە دابنرێت. دوای قەناعەتی ویژدان و هەست و هۆش، ئینجا بە هەمان شێوە لە پارسەنگی ڕەفتار و بڕەوشتدا دەچەسـپێت. لە عیبادەتەکانـدا دەردەکەوێـت کە مومارەسـەی عەبدییەتییەکی سەرڕاست و ملکەچ و گوێڕایەڵانە بێت بۆ خوای (خالق و معبود) کە ناشێت لە ئەمیشیاندا هیچ هاوبەشێک بە هیچ شێوە و ڕادە و بڕێک بۆ خوای کردگـار و پەرسـتراوی بـێ شەریک دابنرێت. شیرکیش لە هەردوو لایەنی دید و تێڕوانینی عەقائیدی و دروشمی پەرسـتن (عیبادەت)یدا زۆر جـۆر و شـێوە و چـۆنیەتیی هەیە.[١] هەر جـۆرە پەرسـتنێک -کە بە مەزن و پیرۆز دانانە بـۆ غەیـری خـوای تـاک و پـاک- شـیرکە کە لە دڵ و دەروونـدا بێـت،[٢] یـان لە

(١) هەر سیفەتێکی خوای بێوینە بە هەر جۆرێک ببێتە وەسفی مەخلوقێک شیرکە، لە کردگارێتی و خاوەنێتی و ڕۆزیدان و ژیانـدن و مراندن و زیان و سوود و دەسەڵاتدارێتی و ئاڕاستەکردن و... هتد.

(٢) وەکوو خۆشەویستی و ئومێد و ترس و... هتد.

گوفتاردا بێت،[١] یان له کرداردا بێت،[٢]یان له حاکمێتیـدا بێـت.[٣] ئه‌مـانه هه‌موویـان شـیرکن. بوار و ڕه‌فتاری شیرکن. ئیسلام بۆ ئه‌وه هاتووه تاک و کۆی کۆمه‌ڵگه و ده‌سـه‌ڵاتی مرۆڤـایه‌تیی له‌م جۆره شیرکانه‌ی **عه‌قیده** و **عیباده‌ت** و **حـاکمێتی** پـاک بکـاته‌وه، بـۆئه‌وه‌ی ته‌وحیـدیان له شوێندا بچه‌سپێنێت. ته‌وحیده‌که خواناسی و خواپه‌رستی و حاکمێتیی خوای تاک و بێ وێنه و بێ هاوبه‌شه. جا بـۆئه‌وه‌ی ئه‌م ته‌وحیـده سـه‌ربخرێت به دڵنیـاییه‌وه ده‌بێـت ئـاڵا هه‌ڵگره‌کـانی جیهاد به‌رپا بکه‌ن، ده‌بێت بکه‌ونه ململانێ و ده‌به‌رێکراچوون و جه‌نـگ. ده‌بێـت له‌گه‌ڵ باتڵـدا ده‌ستەویه‌خه ببنه‌وه، نابێت وا چـاوه‌ڕوان بـکه‌ن تـا هێـزی حه‌ق به‌رابه‌ر و یه‌کسـان ده‌بێـت به هێزی باتڵ! چونکه ئه‌مان نابێت ئه‌وه‌یان له یاد بچێت که هێزێکی تریان هه‌یه و له پشـتیانه که هاوکێشه‌که به‌لای ئه‌ماندا ده‌خات. تای هێزی ئه‌مان قورسـتر ده‌کـات و ملاملانـێکه ده‌به‌نه‌وه. ئه‌مه هه‌ر قسه نییه، ئه‌مه حه‌قیقه‌تێکی عه‌قائیدی و به‌ڵگه‌نه‌ویستێکی واقیعییه و به‌لاغی خوایی باسی لێوه فه‌رمووه: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ البقرة: ٢٤٩، واتا: «ئێ چه‌ند جار به ڕێپێدانی خوای گه‌وره کـۆمه‌ڵێکی که‌م به‌سـه‌ر کـۆمه‌ڵێکی زۆردا زاڵبـووه». ئه‌وه غه‌زای به‌در. که هه‌ڵاوێردنی حه‌ق و باتڵ بوو. حه‌ق تێیدا سه‌لمێنرا و چه‌سپێنرا، باتڵیشـی تێـدا ناسێنرا و لادرا (که هێزی کوفر سێ ئه‌وه‌نده‌ی هێزی موسڵمانیش بوون). ئه‌مڕۆ ئێمه پێویستیمان به په‌یبردنه‌وه به‌م حه‌قیـه‌ته عه‌قائیـدییه هه‌یه، به‌م ویسـتی هه‌ڵاوێـردنه قه‌ده‌ریـه. ئه‌مه وه‌کـوو حه‌قیقه‌ته عه‌قائیدییه‌کانی تر ڕاستکردنه‌وه‌ی ده‌وێت، چونکه له زه‌ینی ئه‌و خه‌ڵکه‌دا -که خۆیان به موسڵمان ده‌زانن- ئه‌م حه‌قیقه‌تانه له‌ق بوون، دید به‌رانبه‌ریان لـێڵه و ته‌نـانه‌ت لای ئه‌وانه‌ش که خه‌ڵکی بانگهێشتی ئه‌م ئیسلامه ده‌که‌ن تێڕوانینیان لار و وێر و چه‌وته! حه‌ق وه‌کوو تـاوێره به‌ردێکه به‌ده‌سـت قه‌ده‌ری خـواوه‌یه و به‌سـه‌ری بـاتڵی ده‌کێشـێت و پـانی ده‌کـاته‌وه. ئیـتر به که‌لاشی (به‌لاکی) ده‌بینرێت له‌ولاوه که‌وتووه گیان ده‌دات: ﴿بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ﴾ الأنبياء: ١٨، واتـا: «به‌ڵکـوو له‌سـه‌رێڕا وا حه‌ق ده‌گـرینه باتـڵ که نـابووتی ده‌کـات،

(١) وه‌کوو هانا و هاوار و پاڕانه‌وه و...هتد.

(٢) وه‌کوو سوجده و ته‌واف و قوربانی بۆکردن و...هتد.

(٣) وه‌کوو یاساداڕشتنی ناشه‌رعی و حوکمکردن به دابونه‌ریتی جاهیلی و داوه‌ریبردنه لای تاغووتـان که به یاسـای ناشـه‌رعی یـان دابونه‌ریتی عه‌شیره‌ت و هۆز یان به دید و بۆچوونی خۆی حوکم ده‌کات.

تەفروتوونای دەکات»[1].

ئەمە حەقیقەتێکی عەقائیدییە کە خوای کردگار و بەتوانا بڕیاری لەسەر داوە. گومانیشی تێدا نییە کە وایە و واش ڕەفتار دەکات. حەق لەم وجوودەدا ئەسڵە. لەم گەردوون و ژیانەدا کۆن و نەگۆڕە، ئەسڵەن گەردوون و ژیانە کە بەپێی حەق دامەزراوە: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ الحجر: ٨٥، واتا: «هەر هەموو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوانەی لە نێوانیاندا هەن بە حەق دروستمان کردوون». بەڵام باتڵ بێڕەگ و ریشاڵە، بێ پشت و پەنایە، بێ هێز و ناتوانایە، خاوەن دەسەڵاتی حەقیقی نییە. ئەوەتا خوای گەورە بە دواوەیەتی، لە هەر شوێنێک خۆی فش کردەوە و خۆی بە دەسەڵاتدار بە مرۆڤ ناساند، خوای گەورە حەقێکی پێدەکێشێت و دەیفەوتێنێت.

باتڵ هێزێکی کاتیی ترسنۆک و لاوازە. چۆن دەرەقەتی حەقێک دێت کە هی خوایە و بە خوایە؟ باتڵ بەردەوام لە ترس و بیم و دڵەڕاوکەدایە، چونکە خوای گەورە بە چەکی حەق و

---

(١) ئایەتەکە وێناکردنێکی ڕەوانبێژیی زۆر بەهێزی دیمەنەکەی تێدایە، هەرچەندە ئێرە جێی تەفسیری نییە، بەڵام چاکە چەند خاڵێکی بخەینە بەرچاو کە یارمەتیدەر دەبێت لە تێگەیشتنی ئایەتەکە و لێکدانەوەکەی سید قوتب (رحمه الله).

١. سەرەتا ئایەتەکە بە ﴿بَلْ﴾ دەست پێدەکات کە پێی دەوترێت (حرف الإستدراك والإنتباه)، کە دەستپێکی نوێ و مایەی سەرنج ڕاکێشانە، چونکە دید و هەڵوێستی کافران ڕەتدەکاتەوە و سەرنجیان بۆ چۆنییەتەکە ڕادەکێشێت.

٢. ﴿نَقْذِفُ﴾: جگە لەوەی (ن)ەکە بۆ کۆ و خۆ بە مەزن زانینە، بەڵام لێرەدا هەردوو سیفەتەکەی لەخۆ گرتووە، وەکوو ئەوەی کە فریشتەکانیش لەگەڵ ڕەفتارەکەدان، هەرچەند خوای گەورە خۆی بەسە.

٣. قذف: فڕێدانە، تێگرتنە، بەڵام ئەم تێگرتە لەسەرەوە دێت چونکە پیتی (على)ی بەکارهێناوە.

٤. ﴿بِٱلْحَقِّ﴾: پیتی (باء)ەکە بۆ هاوکاری (الواسطة)یە و وەکوو ئەوەیە کە خوای گەورە حەقەکەی بە دەستی پاکی بێ وێنەی خۆیەوە گرتووە و لەسەرەوە لەو سەری ئاسمانەکانەوە بە گوڕ، بە تین بە (باتڵ)ی دەکێشێت، شتێک کە لە بەرزاییەوە بکەوێتە خوارەوە بە گوژمترە. تا شوێنەکە بەرزتربێت گوژمەکەشی زیاتر دەبێت، ئەم حەقەی خوای گەورە بەدەستیەوە گرتووە و لەو سەرە بێکۆتایەوە بە گوڕ دەیگرێتە (باتڵ) کە لەسەر زەمیندا خۆی فشکردووەتەوە، گوایە دەسەڵاتدارە.

٥. ﴿فَيَدْمَغُهُۥ﴾: (فاء)ەکە بۆ (السرعة والترتيب)ە، واتە بەخێرایی و دوا بەدوای یەک، کە بواری شیکار و لێکدانەوە و پلانی خۆپاراستن ناهێڵێتەوە بۆیان و یەکسەر نقوومی خاك دەبن، یان هەپروون بە هەپروون دەبن، یان دەپلیشێنەوە. ﴿فَإِذَا﴾: فائی دووەمیش بۆ خێرایی و (تەعقیبە)، واتە یەکسەر دوای ئەوە (إذا)کەش بۆ لەپڕێتی و ناکاوە. واتە هەر ئەوەندە دەزانرێت کە باتڵ کەوتووەتە بەر هێزی خێرا و بەگوژمی حەق و تێکشکا پێی . ئەوەتا وا دەپووکێتەوە!

٦. ﴿زَاهِقٌ﴾: ناو (إسم)ە، کە بەڵگەیە لەسەر سیفەتی چەسپاو، واتە ئەوە تا گیانی لەبەربڕاوە!.

هێزی لەبن نەهاتووی خـۆی بەدوایەوەیەتـی. دامـاو ئەو کەسـەیە خـوای گەورە ڕاوی بنێـت! کـێ و لە کـوێ و چـۆن ئەمـانی دەسـت دەکەوێـت؟! باتـڵ چـۆن دەژی کە خـوای گەورە لە ئاسـمانەوە دەیـداتە بەر تـین و گـوژمی حەق؟! (ململانـێ ی حەق و باتـڵ وا لەنێـوان خـوای گەورە و تاغووتە گرگن و سیخنەکاندا کە خۆیان لە خەڵکی کـردووە بە شـت! ڕۆڵـی موسـڵمان بزاوت و هەڵوێست نواندنە وەکوو خـوای گەورە دەیەوێـت، دەنـا ململانـێکەش خـوای گەورە دەیکات، ئەنجامەکەش لای خوایە).[1]

ئەمە حەقیقەتێکی تری عەقائیدییە، بەڵام خەڵکی لێی بێئاگان. زۆر کەس وا دێـتە هـۆش و دیـدیان کە واقیعـی ژیـان پـێچەوانەی ئەمەیە و دەیسـەلمێنێت کە ئەمە وانیـیە! باتـڵ زیـاتر دەسەڵاتدار بووە و ئێستاش هەر وایە. زۆر کەس لە دیـدلێلییەوە ئـاوا دەبیـنن، بە تـایبەتی لەو کات و شوێنانەدا کە باتڵ خۆی فـش دەکـاتەوە و زاڵ و دەسـەڵاتدار و دەسـتدرێژە و حەق و حەقخوازانیش لەژێر تـین و فشـاردان و ڕاوەدوو دەنـرێن و ناچـارن لە کەنـار و پەناپەسـیودا خۆیان حەشار بدەن. ئەو کەسانە لەو حەقیقەتە بێئاگا دەبن کە ژیان و دینـداریێتی و جیهـاد لە پێناوی سەلماندن و چەسپاندنی حەقدا مایەی تاقیکردنەوەن، ئەو ناسـۆر و کارەسـاتانە بەسـەر ئیماندارانـدا دێت، بەڵام هاوکێشەي ململانێی حەق و باتڵ ناگۆڕێـت. زاڵبـوون و سـەرکەوتن و مانەوەی حەق حەقیقەتێکی گەردوونییە، پـێش ئاسـمانەکان و زەوی بـووە و ڕێسـای وجـوودە. مەحاڵە، ئەستەمە، نامومکینە ئەم ڕێسـا هاوسـەنگە لاسـەنگ ببێـت. حەق زاڵە. ئاسـمانەکان و زەوی لەسەر ئەم حەقە و بەپێی حەق دامەزراون، هەموو دیـن و دیـدە عەقائیـدییەکان حەق و حەقیقەتن، بـانگەوازی پێغەمـبەران (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت) لەو حەقەوە هـاتووە و هەر سەرکەوتووی مێژوو بوون. ئیماندارەکان گومان و دوودڵییـان لەمەدا نیـیە، گومانیـان لە بەڵێنـی خوای تاک و پاکدا نییە کە حەق زاڵە و چارەنووس و سـەرکەوتن و دەرکەوتـن هەر بـۆ ئەوە. موسڵمانی خواناس دەزانێت کە بەڵا و موسیبەت و تین و تەوژمی فیتنە مـایەی تـاقیکردنەوەی ئیمان و دینداری و غیرەتی جیهادەکەیەتی، لەوە دڵنیـان کە خـوای گەورە دەزانێـت نوقسـانیان

(١) ئایەتەکانی باسی غەزای بەدر هەموو ئەم حەقیقەتە ڕووندەکەنەوە، کە ڕۆڵی موسڵمانان هەر ئامادەبوونیان بووە و بەس!

تێدا ماوە، ماویانە زیاتر پاڵفتە ببن، ماویانە زیاتر بۆ خوا ساغ ببنەوە و ببنە ئەداتی قەدەری خوایی. پێویستە لەگەڵ خۆگری و ئارامی و پشوودرێژییاندا پێداچوونەوە بکەن، سەرنجی هەڵوێستیان بدەنەوە کە ئایا چەند قورئانیانە بووە؟ شیکاری بزاوتیان بکەن داخۆ چەند لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران بوون (سەلامی خوایان لێ بێت)؟! خوای گەورە دەیەوێت پەی بە خاڵە لاوازەکانی خۆیان ببەن تا ئیسلاحی بکەن. تا شیاوی ئەوە دەبن حەق بە سەرکەوتوویی لەخۆگرن و بیسەلمێنن و بیچەسپێنن. خوای گەورە تاک و کۆی ئوممەتە خواویستەکە دەکاتە پەردەی قەدەری خۆی. خۆی لە نادیاردا هەموو شیاوێتییەکیان بۆ تەواو دەکات، دیاندەڕێژێت، دەیانکاتە ئەو ئالییەتەی شایستەی هەڵگرتنی ئاڵای حەق دەبن، بە تەکمیلەکردنی کەموکورتیەکانیان، بە وەلکردنی کەمتەرخەمییان، بە چارەسەرکردنی خاڵەکانی لاوازییان، تا زووتر ئەمانە چارەسەر بکەن، شیاوتر دەبن و زووتر حەقیان بە سەرکەوتوویی پێ دەبەخشرێت و خوای گەورە ئەوەیان پێ دێنێتە دی کە خۆی بڕیاری لەسەر داوە. بە دڵنیاییشەوە حەق زاڵە و ئەنجام هەر بۆ ئەوە:

﴿بَلۡ نَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ عَلَى ٱلۡبَٰطِلِ فَيَدۡمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٞۚ﴾ الأنبياء: ١٨

## بڕگەی سێیەم:

## ڕاگەیاندنی حەق

بەرنامە و ڕێباز و بانگەوازی ئیسلام چەندەها حەقیقەتیان لەخۆ گرتووە کە دەبێت داعییانی ئیسلام وەکوو خۆیان وەریان بگرن و ڕەفتاریان پێوە بکەن و لێیان لانەدەن. ئەمانە بواری ئیجتیهادیان تێدا نییە، ئەمانە نەگۆڕن (وەکوو ئەحکامی فیقهەکە نین کە کات و شوێن و حاڵەتی نەوەکان کاریگەرییان لەسەر جێگیری، یان گۆڕانیان هەیە). یەکێک لەو حەقیقەتانەی سروشتی ئەم بانگەوازە خواییەیە -کە سەرەتای و سەرەکییە- ئەوەیە کە دەبێت موسڵمانان حەقیقەتی دینەکەیان وەکوو خۆی ڕابگەیەنن و وەکوو سیفەت و ماهییەتی خۆی ڕوونی بکەنەوە. ناشێت هیچی لێ بشارنەوە، ناشێت هیچی لێ دواخەن بۆ دواتر. لەو حەقیقەتە سەرەتاییە سەرەکیانەی کە دەبێت ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو ڕایبگەیەنن، ئەوەیە کە هیچ خوایەک نییە سیفەتی پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتیی هەبێت جگە لە خوای گەورە، ملکەچی و گوێڕایەڵی و عەبدێتی بۆ غەیری خوای گەورە دەرنابڕرێت، هیچ ڕێباز و بەرنامە و دەستوورێک غەیری ئیسلام نابێت بکرێتە مەنهەجی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت. ئەم حەقیقەتە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ڕابگەیەنرێت، هەرچەند بەرهەڵستکار و دوژمنی زۆری لێ ڕاستببێتەوە. هەرچەند و چۆن بە درۆ بخرێتەوە و بدرێتە بەر توانج و تەشەر. هەرچەند بەرانبەران گوێ نگەرن و پشت هەڵبکەن و پشتپەل بکەون. هەرچەند ڕاگەیاندنەکەش لە ڕووی کات و شوێن و حاڵەتەوە سەخت بێت، هەرچەند ڕێگای دوور و پڕ هەڵدێر بێت، هەرچەند مەترسی بێتە ڕێ، هەر دەبێت ڕاگەیەنرێت. هەر دەبێت وەکوو خۆی بناسرێت و بچەسپێنرێت. ناشێت بە هەنجەتی حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاریی نەرمونیان لایەکی لێ بشاررێتەوە، یان دوابخرێت، گوایە تاغووتانی سەر زەوی پێیان ناخۆش دەبێت، یان بەرهەڵستیی دەکەن، یان داعییەکان دەخەنە ژێر تین و فشار و پاڵەپەستۆ، یان بەو بەهانەی ئەگەر هەموو لایەکی حەقیقەتەکەمان باس کرد دوایی گوێناگرن و لەوەش هەڵدێن کە دەشێت قبووڵی بکەن! یان تووڕە دەبن و دەکەونە گرتنی موسڵمانان و موسادەرەکردنی سامان و ماڵیان! هیچ یەکێک لەمانە

عوزر نین، هیچیان نابنە بەڵگەی شەرعی بۆ شاردنەوە و پەنهانکردنی بەشێک لەم حەقیقەتە سەرەکییە، یان دواخستنی ئاشکراکردنی. ناشێت ئیجتیهاد بکەن و بڵێن با لە لایەنی ڕەفتار و ڕەوشتەوە، یان لە تەزکییەی نەفس (پاڵفتەی دەروون)ەوە دەست پێ بکەین، با تاغووتەکان نەوروژێنین، با سەرەتا ئەوە ڕانەگەیەنین کە پەروەردگاریتی و خوایەتی و حاکمێتیی مافی خوای تاک و تەنهایە و بەس، یان ملکەچی و گوێڕایەڵی هەر دەبێت بۆ خوای گەورە بێت و بەس، ئەویش کە بەوە دەبێت دینەکەی بکرێتە بەرنامەی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت. ڕاگەیاندنی ئەو حەقیقەتە سەرەتاییە سەرەکییەی ئەم دینە، یەکەمین هەنگاوی بزاوتی عەقائیدییانەیە، یەکەمین سەدای بانگەوازەکەیە کە خوای گەورە ویستوێتی ئاوا ڕابگەیەنرێت. ئەمە سروشتی دەستپێکی ئەو بانگەوازە خواویستییەیە کە موحەممەدی سەرورمان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بە فەرمانی خوای پەروەردگاری ڕایگەیاند. ناشێت کەسێک خۆی بە داعیی ئیسلامی بزانێت و ئەم دەستپێکی ڕاگەیاندن و ئەم حەقیقەتە سەرەتاییە ڕانەگەیەنێت و خۆی لەخۆیەوە شێواز و چۆنیەتەکی تر بگرێتەبەر! ناشێت و نابێت، موسڵمان بۆی نییە لەو ڕێباز و بەرنامەیە لادات. پاشان خوای گەورە خۆی زەمانەتی سەرخستنی دینەکەی کردووە، خۆی دینەکە دەپارێزێت، کەسانێکی بۆ هیدایەت دەدات کە خوایان بەسە. خوای گەورە خۆی تاغووتان بە غەزەبی خۆی دەگرێت. بۆیە خوای گەورە داوا لە موسڵمانان دەکات کە ڕوویان تەنها لەو بێت، تەنها لەو داوا بکەن، لەو بپاڕێنەوە و بانگەوازەکەی ئەویش هەڵبگرن و بیگەیەنن، بێ ئەوەی دید و بۆچوونی خۆیانی بۆ ئیزافە بکەن، کاری خۆیان ئەنجام بدەن و گوێ نەدەن بە بوغز و قینی دوژمنانی خوا: ﴿فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ١٤﴾ غافر: ١٤، واتا: «ڕاستگۆیانە و خواویستانە ڕووبکەنە خوای گەورە و داوا و هانا و خواپەرستیتان بۆ ئەو بێت و بەس». بۆ خوا ساغ ببنەوە و گوێ مەدەن بە پێناخۆشیی کافران. کافر نایەوێت موسڵمان بۆ خوا بسوڵحێت، نایەوێت سەرڕاستانە عەبدی خوای گەورە بێت و بەس، نایەوێت موسڵمان بۆ پێویستییەکانی ڕوو لە خوای گەورە بکات و لەو داوا بکات، مومکین نییە کافر لە موسڵمان ڕازی ببێت، هەرچەندە موسڵمانەکە نەرمونیان بێت و ڕەفتاری جوان و پارسەنگیش بنوێنێت، کافر لە موسڵمان ڕازی نابێت، هەرچەند تەنازولیشی بۆ بکات، چونکە دەیەوێت بە تەواوی لە دینەکە داشۆرێت و بگەڕێتەوە سەر جاهیلییەتەکەی ئەمان! جا

کەوایە با موسڵمانەکان ڕوویان لە خوای خۆیان بێت و بەس. ئاراستەی خۆیان زانیوە با بزری نەکەن، عەقیدەی خۆیان ناسیوە با لە ڕوانگەی حەقیقەتەکانی ئەوەوە بڕوانن. با دڵیان پاک بکەنەوە تا خواویستی و خۆشەویستیی خوای گەورە لەخۆ بگرێت و بەس. با هیچ گوێ بەوە نەدەن کافر لێیان ڕازی دەبێت یان نا. لێیان پەست دەبن یان نا. خۆ هەرگیز ڕوونەداوە کافران لە موسڵمانان ڕازیبووبن.

ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە موسڵمانین، بەڵام ئەوە ناگرنەبەر کە خوای گەورە ناردوێتیە خوارەوە، ئەوانە و ئەهلی کیتاب وەکوو یەکن، ئەمانیش وەکوو ئەوان لەسەر هیچ نین: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡۗ﴾ المائدة: ٦٨، واتا: «بفەرموو: هۆ ئەهلی کیتاب ئێوە لەسەر هیچ دینێک نین تا باوەڕ بە هەموو ئەوە نەهێنن کە لە پەیامەکانی خوادا هەیە لە تەورات و ئینجیل ئەوەی کە خوای گەورە بۆی ناردوونەتە خوارەوە (کە هەندێک دەفەرموون: قورئانە)[1] ». ئەو کەسەی دەیەوێت پێناسە و سیفەتی موسڵمانی بەسەردا ببڕێت، پێویستە لەسەری پەیامەکەی خوای گەورە بە تەواوی و وەکوو خۆی وەربگرێت و پێوەی پابەند بێت و ئەوانەش کە پێیەوە پابەند نابن ئەو لاف و گەزاف لێدانەیان -کە گوایە موسڵمانن- دەبێتە قسەیەکی بەتاڵ و خوای گەورە بەرپەرچیان دەداتەوە کە وانییە، ئێوە موسڵمانی من نین، ئێوە بە دینەکەی منەوە پابەند نین. خۆدابڕان و جودابوونەوە لەمانیش فەرزە، بانگهێشتکردنەوەی ئەمانیش بۆ ئیسلام و موسڵمانبوونەوەیان فەرزە، لەسەر هەر موسڵمانێک فەرزە کە دینەکەی لە خۆیدا چەسپاندبێت و پێوەی پابەندبووبێت، چونکە لافلێدانی موسڵمانێتیی سەرزارەکی، یان وەرگرتنی موسڵمانێتیی میراتی، لەبەرئەوەی دایک و باوکی موسڵمان بوون، ئەوە کاریگەریی لەسەر حەقیقەتی موسووڵمانبوون نییە و ناشیکاتە موسڵمان و بە ئیمانداریشی ناناسێنێت و سیفەتی (دیندار)یی ناداتێ، هەروەها لە هیچ کات و شوێن و نەوەیەکیشدا پێناسەی (خواناس و دینداری)ی پێ نابەخشێت. خۆ ئیسلامەتی ناو و نازناو و ئاڵا و دروشمی بێ ناوەڕۆک نییە. خۆ مسوڵمانبوون میراتێک نییە بۆی مابێتەوە! دینی خوای گەورە حەقیقەتێکە کە لە ویژدان و لە واقیعی خەڵکیدا، لە هەموو ژیاندا دەردەکەوێت.

---

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر / چاپی یەکبەرگی دار المعرفة/ لبنان/ چاپی چوارەم/ ٢٠١٠ (ل ٥١٦).

ئەم دینە بەشێکی عەقیدەکەیە، کە لە دڵ و دەروون و هزر و هۆشدا دەچەسپێت، بەشێکی تری عیبادەتە و کە لە دروشمەکانی پەرستندا دەردەکەوێت، بەشێکی تریشی شەریعەتە کە لە ڕەفتاری کۆمەڵگە و دەستوور و سیستمی دەوڵەتدا دەردەکەوێت، ئاڕاستەی ژیانی تاک و کۆ دەکات و ئیدارەی هەمووان دەگرێتە ئەستۆ. ئەم دینەی خوا لەم شێوە کامڵەیدا نەبێت پایەدار نابێت. خەڵکی بە شوێنکەوتووی دینی خوا حسێب نابن، هەتا ئەم دینە ئاوا بە تەواوی لە ناخی دڵ و هزریان و لە واقیعی ژیانیاندا نەچەسپێت؛ هەر پێناسە و ڕەفتارکردنێک بەم دینە بە غەیری ئەم شێوە کامڵەی خۆی، پوکانەوەی عەقیدەکە و هەڵخەڵەتاندنی ویژدانە. موسڵمان کە ویژدانی پاکە، چۆن ئەم چەواشەکاری و فریودانە قبووڵ دەکات؟ قبووڵی ناکات، بۆیە دەبێت موسڵمان بۆ ئەم دینە بەو حەقیقەتانەیەوە خۆی ساغ بکاتەوە و، دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەم ڕوانگەوە دیاری بکات. لەو کەسانە دابڕێت کە لایەک، یان دوو لایەنی ئەم دینە (عەقیدە و عیبادەتەکە) وەردەگرن و لایەنی سێیەم: شەریعەتەکە (کە حاکمێتیی خوای گەورەیە) وەل دەکەن! با ئەم هەڵوێستی خۆی وا دیاری بکات و بەو دابڕانە ڕەفتار بکات، ئیتر چی لەسەر ئەم هەڵوێستە ڕوودەدات با ڕووبدات، خوای گەورە خۆی خاوەنی قەدەرە و خۆشی موسڵمان دەپارێزێت. شوێنکەوتووی بانگەوازی خوایی کاتێک ئاوا پێناسە دەکرێت کە پەیامی خوای هەڵگرتووە و بەهانەبڕی خەڵکییە (ئیقامە حوججەیان لەسەر دەکات) کە بانگەوازی خواییان بە حەقیقەتەکانییەوە، بە هەموو لایەنەکانیەوە، بەڕاشکاوی پێبگەیەنێت. هەروەها ناساندنی خۆیان و حاڵەت و ڕەفتاریان کە ئەوەی ئەوان لەسەرین و وا دەزانن دینی خوایان گرتووە، وا نییە، ئاوا ڕاست و ڕەوا و حەق و زەق، بێ موجامەلە و چاوپۆشی، بێ موساوەمە و پەردەپۆشی. ئەگەر ئەم حەقیقەتەی بۆ ڕوون نەکردنەوە دەبێتە مایەی سزا و ئازاریان، چونکە ئەوان کە لەسەر باتڵن، هەر وا دەزانن دینەکەی خوایان کاملانە گرتووە. گرنگ نییە ئەوان چۆن لەم تێدەگەن، دەڵێن بانگهێشتی دینێکی ترمان دەکات! لە ڕاستیدا ئەم بانگهێشتی حەقیقەتەی دینەکەیان دەکات، بەڵام ئەوان نازانن، ئەوان لایەکی دینەکەیان گرتووە و وا دەزانن هەموو دینەکەیان لەدەستدایە! با داعیی ئیسلامی کاری خۆی بکات و گوێ بەو دید و هەڵوێست و پێناسەی ئەوان نەدات. ئەم ئەوان بۆ شتێکی تر بانگ دەکات بە تەواوی جیاوازە لەوەی لای ئەوانە (هەندێکیان هەر هیچی لێ نازانن)، بۆیە ئەم ئەوان بۆ گەشتێکی دوور و گۆڕانکارییەکی

ڕیشـەیی و خەبـاتێکی نەپسـاو بانـگ دەکـات کە دەبێـت لەسـەرەتاوە دیـد و تێڕوانینیـان بـۆ گەردوون، ژیان و مرۆڤ بگۆڕن، دەبێت ڕەفتار و ڕەوشت و ئادابیان بگۆڕن، دەبێت بـارودۆخ و نەریتی کۆمەڵایەتی و دەستوور و سیستمی بەڕێوەبەریتی و ئاڕاسـتەوانییان بگـۆڕن. خەڵـکەکە سەرڕاسـتانە و ڕاسـتگۆیانە حەز دەکەن حەق بناسـن و بـزانن لە کـوێی حەقناسـییەکەدان: ﴿لِّيَهۡلِكَ مَنۡ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٖ وَيَحۡيَىٰ مَنۡ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٖۗ﴾ الأنفال: ٤٢، واتـا: «تـا ئەو کەسـەی دەمرێـت، بزانێت لەسەر چی مردووە و، ئەوی دەژی بزانێت لەسەر چ دیدوڕێیەک دەژی». بـۆیە دەبێـت بەڵگە و بەهانەکان ڕوون بکرێنەوە، هەروەها ئەو کەسەی دەژی، دەبێت بزانێت چۆن و بـۆچی دەژی. بەڵام کاتێک کە داعیی حەقخواز لە وتنی حەقیقەتەکاندا منجەمنج دەکات و ناتوانێت، یان نایەوێت، یان نازانێت کەی و چۆن حەقیقەتە سـەرەتاییە سـەرەکییەکان بخـاتە بەردەسـت، کاتێک ڕاشکاوانە حەق ڕوون ناکاتەوە و، جیاوازییە سـەرەکی و گرنگەکـانی واقیعـی ئەوان و ئەو ژیانە واقیعیەی ئەم بانگهێشتیان دەکـات بـۆی کە ئەمە بە تەواوی ناخـاتە ڕوو کە حەق و باتڵ بە ئاڵۆزی و تێکەڵاوی و پشێوی دەهێڵێتەوە، جا لەبەرخاتری بەرانبەرەکە بێت، یان بـاری لار و کاتی نەگونجاو و دۆخی ناسکی ناوچە و کەسەکان! یان لەبەر پێشنەهاتنی گیروگرفت و کێشە و ئاڵۆزنەکردنی کەشەکە! یان لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە هێشتا هەر دید لێڵ و بیر ئـاڵۆز و ڕەوشـت نـزم و عەشـیرەتخواز و بەرژەوەندویسـتن! کە ئەوەنـدە و دەیـان حـاڵەتی تـر ڕەچـاو دەکات و، حەق وەکوو خۆی و بە کاملّی ڕوون ناکاتەوە، لە ڕاستیدا درۆیان لەگەڵـدا دەکـات، فریویان دەدات و هەستیان سڕ دەکات. لە گومڕایی و وێڵی و بزربووندا دەیـانهێڵێتەوە، دەبێـتە مایەی چارەڕەشییان (چونکە بەو حاڵەوە بمرن و کە هەر وایان زانیوە دینی خوایان گرتووە و لە قیامەتدا پێیان دەوترێت: ﴿لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ﴾! ئەمە سەرڕاستیی موسـڵمانێتی نییە، ئەمە دڵسـۆزیی داعیێتی نییە، ئەمە جوامێرێتیی دیندار نییە). ئەمە جگە لەوەی کە لە گەیاندنی پەیـامی خـوای گەورەدا کەمـتەرخەم بـووە، فەرمـانی خـوای گەورەی جێبەجـێ نەکـردووە کە فەرمـوویەتی هیدایەتم داوی تا پەیامەکەم وەکوو خۆی بە خەڵکی بگەیەنیت؛ ئەمەش تاوانێکی تـرە کە هەر لەسەرەتای کەمتەرخەمییەکەوە تۆمار دەکرێت.

داعیی موسڵمان نەرمونیان و دڵسۆز و بە بەزەیی ڕەفتار دەکات، بە شێوەیەکی جوان خەڵکی

بانگهێشـــتی ئیســـلامەکە دەکـات، بە دانـایی و ئامۆژگـاریی پەسـەند: ﴿ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ ﴾ النحل: ١٢٥، بە ڕەچـاوکردنی ڕادە و بـڕی تێگەیشـتن و وەرگـرتن و گەشـەکردنی بەرانبەرەکەی. بەڵام ئەمانە شێوازن، چۆنیەتی ڕەفتارکردنن، پەسەندن، پێویستن، بەڵام حەق وتـنەکە شـتێکی تـرە، ئەمیـان ڕوونکـردنەوەی حەقیقەتـی دیـنەکەیە، حەقیقەتـی عەقیـدە و عیبـادەت و شـەریعەتەکەیە، حەقیقەتـی حـاکمێتی و ئامـانج لە بانگهێشـتنی خەڵـکەکە بـۆ بانگەوازی خواویستیەکەیە.

هەر کەسێکمان کە دەڕوانینە جیهانی ئەمڕۆ لاسەنگییەکی نامۆ دەبینین:

- دەبینین ئەهلی کیتاب زۆرینەی مرۆڤایەتی و خاوەن هێزی ماددین.

- دەبینین دار و بەرد پەرست ژمارەیان ملیۆنەهان و دەسەڵاتدارن و جۆرەهان و، قسەیان لە کۆڕ و ڕێکخراو و بۆنە نێودەوڵەتییەکاندا دەڕوات.

- دەبینین ماددەپەرسـتە بێـدینەکانیش ژمارەیـان زۆر و هێـزی ماددیـان تێکشـکێنەر و وێرانکار و خاوەن نفوزن و کاریگەرن.

بەڵام هەرچەنـدە بەمـلاولادا دەڕوانـین و ئەوانە دەبینـین کە خۆیـان بە (موسـڵمان) دەزانن و دەناسێنن، نە لەسەر هیچ دید و ڕێیەکن، نە خاوەن هیچ هێـزێکن! جـا زۆر کەس کە ئەم واقیعە نامۆیە ئاوا دەبینێت دڵی دادەچڵەکێـت و واقیعەکە دەیترسـێنێت، چـونکە ئەوانەی بەلاوە گەورە و بە دەسەڵاتە. بۆیە بەلایەوە پەسەند و ڕەوا و ڕاست نییە ڕووبەڕووی ئەم هەموو خەڵکە بێشومار و خاوەن هێزانە ببێتەوە و وشەی حەقیان بدات بەگوێدا. وا خەیـاڵ دەکـاتەوە کە ئەگەر پێیان بڵێ ئێوە لەسەر هیچ نین؛ کاریگەریی نابێت. دینەکەیان هەموو بۆ ڕوون بکاتەوە سوودی نییە و گوێ نـاگرن. بەڵام ئەوە دیـد و ڕێ ڕاسـتەکەی ئیسـلام نیـیە. جـاهیلییەت هەر جاهیلییەتە ئەگەر هەر هەموو سەر زەمینیش داپۆشێت، واقیعی هەر هەموو خەڵکیش هیچ نییە مـادام لەسـەر زەمینـەی خواناسـیی ئیسـلام دانەمەزراوە، کە دینـی حەقـی خـوای گەورەیە. زۆربـوونی گـومڕایی و بەهێزبـوون و دەسـەڵاتدارێتیی تـاغووت کـاریگەریی لەسـەر ئەرک و بەرپرسێتیی داعیی ئیسلامی نییە. بـاتڵی جـاهیلییەت خاشـاکە. خـۆ کە ئەم بـانگەوازە خـواییە

سەرەتا دەستی پێ کرد، جاهیلییەت هەروا باڵی بەسەر زەمیندا کێشا بـوو، هەر لە سـەرەتاوە لە دەسـتپێکی بانگەوازەکەشـەوە هەمـوو جـاهیلییەتی سـەر زەویـی دوانـد و هەمـوو لایەکیـانی بانگهێشتی حەقی خواویستییەکەی کرد. بە هەر هەمـوو خەڵکـی سـەرزەمینی ئەو سـەردەمەی ڕاگەیانـد کە ﴿لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ﴾. دەسـتپێکردنەوەی بانگهێشـتە خواویسـتییەکە دەبێـت هەروا بگرێتەوە بەر. لە هەمان خـاڵەوە دەسـتپێبکرێتەوە. ئەوەتـا زەمـان گەڕاوەتەوە سـەر حـاڵەت و بارودۆخێک کە هەر وەکوو ئەو حاڵەت و بارودۆخەیە کە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی خـۆیی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) تێدا نارد. ئەمە ئەو حەقیقەتە سەرەکییە سەرەتاییەیە کە موسڵمانی سەرڕاست و خواویست نابێت منجەمنجی تێدا بکات، یان لە ڕاگەیاندنیدا ڕینگەڕینگ بکات و لە ناساندنی واقیعە جاهیلییەتەکەدا لەبەرخۆیەوە بدوێت! نابێت بەرفراوانیی جاهیلییەت و دەسـەڵاتداریتیی تاغووت -کە ئەمڕۆ سەرزەمینی گرتووەتەوە- وای لـێ بکـات ئەو حەقەی ناسـیوێتی ئاشـکرا و ڕاشکاوانە ڕاینەگەیەنێت. نابێت تین و فشار و ڕەتاندنی جاهیلییەت و پاڵەپەستۆی واقـیعەکەی تەنازولی لە هەندێک دروشم پێ بکات، یان ئاڵاکەی پێ بهێنێتە خوارەوە. بەڵکوو دەبێت سوور بێت لەسەر دین و دیدی، لەسەر ڕاگەیاندنی حەق کە عەقیدە و عیبادەت و شـەریعەتەکەیەتی، ڕایبگەیەنێت و هیچ باکی بە شیرک و کوفر و جـاهیلییەت نەبێـت و دڵـی لە هێـزی مـاددی و دەسەڵاتیان دانەخورپێت. ڕاگەیاندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکانی (تەوحید) ناشێت و نالوێـت و نابێت منجەمنجیان تێدا بکرێت، دەبێت بە تەفسیلاتی خۆیان وەکـوو کە خـوای گەورە ڕوونـی کردوونەتەوە ڕاگەیەنرێن، ئەوی بەرهەڵستکارە چی دەڵێت با بیڵێـت، دوژمنـانی ئەم دینە چـی دەکەن بـا بـیکەن. ئەمە حەقیقەتـی عەقیـدەکەیە لە ڕوونکردنەوەیـدا، حەز و هەوا و هەوەسـی کەسی تێدا ڕەچاو ناکرێت و ئاست و پلە و مەنزیلەی کەسی تێدا لەبەرچـاو ناگیرێـت، ئەوەی تێدا ڕەچاو دەکرێت چۆنیەتی ڕاگەیاندن و گەیانـدنێتی بە دڵ و هـزر و هۆشـی بەرانـبەران، بە ڕۆشنی و ڕاستی و ڕەوایـی خـۆی و بە هێـز و کـاریگەریی خـۆیەوە. کاتێـک قسـەی حەق لە عەقیدەکەدا دەکرێت و حەقیقەتەکانی ئازایانە و ڕاست و ڕاشکاوانە دەخرێتە بەرچـاوان، هەر یەکە لە خاوەنی دڵە زیندووەکان یەکسەر هەست دەکـات کە ڕاسـتییەکان لە دڵیـدا دەگەڕێـن، هەست دەکات هاتوونەتە هزرییەوە و دەخوازن جێ بدۆزنەوە، تا ستاری تێدا بگرن. حەقـیقەتە عەقائیدییەکان ئاسان لە دڵ و دەروون و هـزر و هۆشـدا جێگیـر دەبـن، بەو مەرجەی ڕوون و

ئاسان و ڕاشکاو وەکوو خۆیان باس بکرێن. بە پێچەوانەشەوە دەربڕینی بە منجەمنج و لێوەلەرزە و ڕاڕایی دەروازەی هیچ دڵ و هزرێک ناکاتەوە و قەناعەت بە کەسانی ترسنۆک و لەرزۆکیش ناکەن! ئەو دڵانەی ئامادەیی (ئیمان) هێنانیان نابن لە ڕووی بانگەوازەکەدا دادەخرێن! بەڵام سەیر لەوەدایە کە هەندێک کەس ئەم جۆرە دڵە داخراوانە دەبنە جێئومێدی هیدایەتدانی، لە کاتێکدا ئەم خۆی لەرزۆکانە و ڕاڕایانە بانگەوازەکەی بە نوقسانی ڕاگەیاندووە! لەوە غافڵ دەبێت کە خوای حەق و خاوەن حەقیقەتەکان دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٧﴾ المائدة: ٦٧، واتا: «خوای گەورە هیدایەتی کافران نادات و نایانخاتە سەر ڕێی حەقی خۆی».

جا کەوابوو وتەی حەق وەکوو خۆی ڕاگەیەنرێت، ئاشکرا و ڕاشکاو و بنبڕانە ڕوون بکرێتەوە، گشتگیر و بە تەفسیل، بێ تەنازول و لێلادان زەروورەتی بانگەوازەکە و واقیعەکەیەتی. ڕێنمایی و گومڕابوون پەیوەندییان بە ئامادەباشیی دڵەکانەوە هەیە، نەک بە جورئەتی دەربڕین، بۆیە ناشێت لە حەق ڕاگەیاندندا ڕەچاوی غەیری ڕۆشن دەربڕینی بکرێت، حەق وتن موساوەمەی تێدا نییە. ڕاگەیاندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکان خاڵی بگرە و بدەی ڕێککەوتن و گرێبەست نین.

## بڕگەی چوارەم:

## بزاوت و هەڵوێستی پێشڕەوێتی

ئـێمەی ئەهلـی بـانگەوازی خـوایی پێویسـتە لەو کاتـانەی ئەم خەڵـکەی نەوەی خۆمـان بانگهێشتی ئیسلام دەکەیـن، زۆر وردەکـارانە و جیـددییانەش لە دیـد و هەڵوێسـتی قورئانیـدا قاڵوقووڵ ببینەوە، چـونکە مەودای ئاڕاسـتە قورئانییەکـان لە کـات و شـوێندا ناوەسـتن و زۆر بەرفـراوانترن وەک لە گێردانیـان لە باسـی ڕووداوێکـی مێژوویـدا. لە هەمـوو نەوە و کـات و شـوێنێکدا ئەرکـی هەمـوو داعیـەیەک ئەوەیە حەقیقەتەکـانی بـزاوت و ڕێ وەکـوو حەقـیقەتە عەقائیدییەکان وەربگرێت و بەڵگەنەویستانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات .

قورئـان لە بانگهێشـتکردندا مەنهەجـی خـۆی هەیە، بـزاوت و هەڵوێسـتی تـایبەتی خـۆی بەرانبەر جاهیلییەت هەیە، چونکە جاهیلییەتیش دووبارە دەبێتەوە و لەسەر هەمان دید و ڕێ و ڕێسـا و نەریـت دەڕوات، ئیسـلامیش چەنـد ڕێسـایەکی بـۆ بـزاوت و هەڵوێسـتگرتنەبەر و بەرابەرێتیی جاهیلییەت دیاری کردووە کە کات و شوێن کاریگەرییان لەسەریان نییە. بـۆیە بـۆ ئـێمەش لەم نەوەی خۆمانـدا زەرووریـیە وردەکـارانە سـەرنجیان بـدەینێ و بە حەقیقەتـی بەڵگەنەویستیان بزانین، چونکە بەوشێوەن بۆ پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) نەگۆڕاون، بە دڵنیاییەوە بۆ ئیمەمانانیش ناگۆڕێن. با سەرنج بدەینە هەنـدێک لەو حەقیقەتـانەی بـزاوت و هەڵوێستی دینداری کە ئەم بانگەوازە دەیخوازێت:

ڕێبازی بانگەوازی خواویستی سەختی و ناڕەحەتی و کێشە و بەربەستی زۆری لە ڕێـدایە. لەگەڵ ئەوەدا کە سەرکەوتنی بانگەوازەکە پەیمان و بەڵێنی خوای گەورەیە و هەر دێت، گومـان لەمەدا نییە، بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە سات و ئانی خۆیدا دێت، ئەو ساتەی کە خـوای گەورە بە قەدەری خـۆی (ویسـت و زانسـت و توانـای خـۆی) دیـاری کـردووە، ئەمە غەیـبە و کەس -تەنانەت پێغەمبەرە بەڕێزەکانیش (سەلامی خوایان لێ بێت)- نازانن چۆن و کەی دێت؟ ئەمانە چەنـد حەقیقەتێکـی ڕاسـت و ڕەوان، بەڵام جـاری وا هەیە داعـی پەلەکـاری دەکـات، یـان لە

لاوازیی خۆیەوە حەقیقەتەکانی ئەم بانگەوازەی لەبیر دەچێتەوە.

ناڕەحەتیی ڕێی بانگەواز لە دوو هۆکاری سەرەکییەوە دێن:

- لە بەدرۆخستنەوە و پشتهەڵکردن و گوێنەدانە بە بانگەوازەکە کە عادەتەن لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا دەبێت.

- ئەو تین و فشار و جەنگە بێئامانەی ئەهلی کوفر بەرانبەر داعییان و پێشڕەوانی خواویستی ڕایدەگەیەنن.

ئەوەی بۆ ئەم دوو هۆکارە دەرەکییە ئیزافە دەبن و هەمان شێوە ناڕەحەتی دروست دەکەن؛ حەزی داعییەکەیە کە دەیەوێت بانگەوازەکە زۆر و زوو بە هەموو خەڵکی بگات، تا ئەو هیدایەتە وەربگرن و بکەونە ئەو خێر و خۆشییەوەوە کە ئەمی تێکەوتووە. ئەم حەز و حەماسەتەی سەرکەوتنی دینەکە و هیدایەتدانی خەڵکەکە ناڕەحەتی زۆر دروست دەکەن، ڕەنگە لەو ناڕەحەتییانە کەمتر نەبێت کە لە بەدرۆخستنەوە و پشتهەڵکردن و گوێنەدانی خەڵکی بە دینەکەوە دێت، یان بە قەدەر ئاسەوارەکانی ڕاگەیاندنی جەنگەکەیە بەرانبەر داعییەکان.

ئاڕاستە قورئانییەکان لە هەردوو لاوە -بە پێناساندنی حەقیقەتەکانی دید و ڕێ- چارەسەری ئەو ناڕەحەتییانە دەکەن و لە دڵ و دەروونی داعییەکاندا ئاسانتری دەکەن.

لەلایەکەوە قورئان ئەوە بە حەقیقەت دەناسێنێت و بڕیاری لەسەر دەدات کە ئەو کەسانەی ئەم دینە بە درۆ دەخەنەوە و دژایەتیی دەکەن و لە ڕەنجی بێوچاندان بۆ وەستاندنی بانگەوازەکە و کاریگەرێتییەکەی، زۆر چاک دەزانن و دڵنیاشن کە ئەو بانگەوازە ڕاست و دروست و ڕەوایە، ئەو نێرراوە بەڕێزەی ڕایگەیاندووە ڕاست دەکات، ئەمە وەحیی خواییە و دینی خوا ئاوایە، کەچی لەگەڵ ئەم دڵنیاییەشیاندا باوەڕ ناهێنن و بەدەم بانگهێشتی ئیسلامەتییەوە نایەن! بە پێچەوانەشەوە هەر سوورن لەسەر دید و ڕێی هەڵەی خۆیان و لە بزاوت و هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان کەللەڕەقترن، چونکە ئەو پشتهەڵکردن و بەدرۆخستنەوەیەیان لا چاکترە! دەزانن کە ئەم ڕێبازە ڕەوا و حەقە و بەڵگەی ڕاستگۆیی خۆی پێیە و دینێکی

سروشتییه و هاوده‌نگی سروشتی مرۆڤی پارسه‌نگ و ژیر و به ویژدانه، له‌گه‌ڵ سروشتی هه‌موو که‌سێکدا ده‌گونجێت، ئه‌گه‌ر خۆی سروشته‌که‌ی تێکنه‌دابێت و گیانی یاخیبوون و سه‌رپێچی و که‌لله‌ڕه‌قی داینه‌پۆشیێت، ئه‌گه‌ر دڵ و ده‌روون و هزر و هۆش و ویژدانی پاک و زیندوو بن و ویستی وه‌ڵامدانه‌وه‌یان تێدا بێت. ئه‌مانه به‌ده‌م بانگه‌وازه‌که‌وه دێن: ﴿۞ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾ الأنعام: ٣٦، واتا: ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌بیستن به ده‌نگییه‌وه دێن. ئه‌مما ئه‌و که‌سانه‌ی نکوڵیی لێ ده‌که‌ن و نایانه‌وێت گوێی لێ بگرن، ئه‌وانه دڵیان مردووه. دڵ کرمێن. که‌ڕ و لاڵن. کوێر و ده‌به‌نگن. حوکمی مردوویان هه‌یه. خۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نه‌نێرراوه بۆ ئه‌وه‌ی بانگه‌وازی خوایی به گوێی مردوواندا بدات، ئه‌وان له کوێوه و چۆن ئه‌م بانگه‌وازه ده‌بیستن؟ له کاتێکدا زرپ و زیندووشن!: ﴿إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ ﴿٨٠﴾﴾ النمل: ٨٠، داعیی موسڵمانیش هه‌ر وایه. خۆ فه‌رمانی پێنه‌کراوه مردووان زیندوو بکاته‌وه. ئه‌وه به ده‌ست خوای گه‌وره خۆیه‌تی. ئه‌وه هه‌موو له لایه‌که‌وه و له لایه‌کی تریشه‌وه ئه‌وه حه‌قیقه‌ته که سه‌رکه‌وتنی خوایی دێت، گومانی تێدا نییه، نزیکیشه: ﴿أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾﴾ البقرة: ٢١٤، به‌ڵام ئه‌وه‌ی هه‌یه که به‌پێی قه‌ده‌ری خوایی داده‌به‌زێت. خوای گه‌وره خۆی فه‌رمان به‌و سه‌رکه‌وتنه نزیکه ده‌کات، تا له کات و شوێن و حاڵه‌تی خۆیدا به نسیبی داعییه‌کان و پێشڕه‌وانی خواویستی ببێت. ئه‌مه‌ش به‌پێی قه‌ده‌ری خوای گه‌وره‌یه. ئا ئه‌مه حه‌قیقه‌ته و ڕێسایه‌کی نه‌گۆڕه، ئه‌م ڕێسایه په‌له‌ی نییه. ئه‌م ڕێسایه بۆ که‌س و بۆ هیچ بارودۆخێک ناگۆڕێت، پاش و پێش ناکه‌وێت و ئاڵوگۆڕیی به‌سه‌ردا نایات، له‌و لایه‌نه‌وه که له کاتی خۆی و به چۆنیه‌تیی خۆی، حه‌تمه‌ن دێت. خوای گه‌وره په‌له له‌م سه‌رکه‌وتنه ناکات هه‌ر له‌به‌رئه‌وه‌ی به درۆ خستنه‌وه و ئه‌شکه‌نجه و ناسۆر له‌سه‌ر داعییه‌کان زۆر بووه، با پێغه‌مبه‌رانی خواش بن (سه‌لامی خوایان لێ بێت). بۆیه داعیی موسڵمان خۆی داوه‌ته ده‌ست قه‌ده‌ری خوای گه‌وره، خۆی بووه‌ته ئه‌داتی قه‌ده‌ری خوای گه‌وره و چاوه‌ڕوانه که‌ی و چۆن سه‌رکه‌وتنی پێ ده‌پێکێت. که‌وابوو هه‌قه داعی دان به‌خۆدا بگرێت و پشوودرێژانه خۆی له‌به‌ر کۆسپه‌کانی ڕێگا بگرێت و نه‌که‌وێته ئاخ و ئۆف و نه‌که‌وێته بۆڵه و خوته‌خوت و بێزاری، هه‌ق نییه دڵنیاییه‌که‌ی ده‌رباره‌ی حه‌قیقه‌تی به‌ڵێنی سه‌رکه‌وتنی خوایی شل ببێت. پشوودرێژی و خۆڕاگرتییه‌که‌ی زه‌رووره‌تی

ڕێگا و نیشانەی پێگەیشتنێتی، چونکە لەگەڵ حەقیقەتەکاندا ڕاست و دروست ڕەفتار دەکات. سەرکەوتن دوادەکەوێت، یان پێش دەکەوێت! ئەو چوزانێت کەی بووە تا زانیبێتی پێش و پاش کەوتووە! بەڵێنی خوا لە کاتی خۆیدا دێتە دی و دواناکەوێت. قورئانی پیرۆز ڕۆڵی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و داعیبە موسڵمانەکان دیاری دەکات کە لە هەموو نەوە و کات و شوێنێکدا ئەم بانگەوازە بڵاو دەکەنەوە، کە ڕۆڵی ئەوان ڕاگەیاندنی دینەکە و گەیاندنێتی. ئینجا پشوودرێژی و سەبرگرتن لەسەر کەند و کۆسپەکانی ڕێ. ئەمما هیدایەت وەرگرتنی خەڵکی، یان گومڕابوونیان، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ویستی خوای گەورە و ئەو لێی بەرپرسە نەک ئەمان، ئەویش بەپێی سوونەت و ڕێسایی نەگۆڕی خوایی دەبێت، ئەویش لە دەرەوەی بازنەی توانا و حەز و ئەرکی ئەمانە. با ئەمان خۆ بەو خاڵەوە خەریک نەکەن، با حەزیش بکەن کە ئەو خەڵکە زووتر هیدایەتی خوایی وەرگرن.

نـاڕەحەتبوونی پێغەمـبەری خــوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و داعیبـانی ئیسـلام لە کەڵــلەڕەقیی بەرانبەران و دوژمندارێتی و چەوساندنەوەی کەسایەتی و شێواندنیان، کاریگەریی لەسـەر ئەم حەقیقەتـانەی دیـد و ڕێ نیـیە. داعـی هەقـی بەسـەر زۆر و کەمیـی هیدایەتـدراوان، یـان گومڕابـووانەوە نیـیە. هەقـی بەسـەر کـارەکەی خـۆیەوەیەتی کە سەرڕاسـتانە و جـوامێرانە ڕایگەیەنێـت و سـەبریش لەسـەر ئازارەکـانی ڕێ بگرێـت، خـۆی لەسـەر ڕێ بمێنێـتەوە و لە ڕاگەیاندنی دینەکە ماندوو نەبێت. ئەمما بزاوت و هەڵوێست و چارەنووسی خەڵکی ئەوە عایدی خوای گەورەیە: ﴿مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضۡلِلۡهُ وَمَن يَشَأۡ يَجۡعَلۡهُ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٣٩﴾ الأنعام: ٣٩، واتـا: «ئەگەر خوای گەورە بیەوێت کەسێک گومڕا بکات، گومڕای دەکات، ئەگەر ویستیشـی دەیخـاتە سـەر ڕێگای ڕاست». ﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمۡ عَلَى ٱلۡهُدَىٰۚ﴾ الأنعام: ٣٥، واتا: «ئەگەر خوای گەورە بیویستایە هەموویانی لەسەر ڕێنمایی خۆی کۆ دەکـردەوە». ﴿۞ إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَۘ﴾ الأنعام: ٣٦، واتـا: «ئەو کەسەی بە دڵ و هۆشەوە گوێ دەگرێت، وەڵامی بانگەوازی خـوا دەداتەوە و دێـتە سـەر ڕێ». لێرەوەیە کە نابێت داعیی موسڵمان و پێشڕەوی خواویستی بە قسەی ئەو کەسانە بکات کە پێشنیاری بۆ دەکەن کە هەندێک خاڵ لە بانگەوازەکە بگۆڕێـت، یـان شـێوەی ڕوونکـردنەوەی بگۆڕێت، تا ئەو کەسانەی بەرانبەر کەسب بکات. نا، ناشێت بە حسابی خـۆی، یـان حسـاباتی

خەڵكی تر ئەم بانگەوازەیان لا شیرین بكات! بەو شـێوەیە بیخـاتە پـێش و ئەو لایەنـانە بـاس بكات كە لەگەڵ دید و حاڵەتی دەروونیی ئەواندا بسازێت! ئەمە هەر ئەوەیە كە قورئانی پیـرۆز دەیگێـڕێتەوە كە موشریكەكـان داوایـان لە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەكـرد كە شـتی نائاسـاییان نیشـان بـدات لەوانەی ئەوان -بەگـوێرەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری، یـان گەمژەیەتـی و گاڵتەجاڕی- داوایان دەكـرد نیشـانیان بـدات، وەكـوو: ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ مَلَكٞۖ﴾ الأنعام: ٨، واتـا: «دەی با فریشـتەی بـۆ بێـتە خـوارەوە». یـان: ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ﴾ الأنعام: ٣٧، واتـا: دەیانوت: «دەی ئەگەر وایە و خوا ناردوویێتی با نیشانەیەكمان نیشان بدات». لە ئـایەتێكی تـردا دەفەرموویێت: دەیانوت: «دەی دەبا كانییەك لەو دەشـتە بێـروونە هەڵقوڵێنێـت»: ﴿وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ٩٠﴾ الإسراء: ٩٠، یـان : ﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ لَّيُؤۡمِنُنَّ بِهَاۚ﴾ الأنعام: ١٠٩، واتا: «جەختیان لە سوێندەكەیان دەكردەوە و سوێندی قورسیان دەخـوارد كە ئەگەر ڕووداوێكی نائاسایی (موعجیزە)یان نیشان بدات، بـاوەڕی پـێ دەهێـنن كە ڕاسـتە و نێرراوی خوای گەورەیە». یان: ﴿وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ٩٠ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ٩١ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ٩٢ أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٞ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥۗ﴾ الإسراء: ٩٠-٩٣، واتـا: «وتیـان بـاوەڕ بە پێغەمبەرێتییـەكەت نـاهێنین، تـا كـانی و سەرچاوە و ڕووبارمان لەم شاری مەككەیەدا بۆ هەڵنەقوڵێنیت، یان با خۆت دەوڵەمەند بكات و بتكاتە خاوەنی باخ و باخات، با تۆش باخی دارخورما و ڕەزی ترێت هەبێت، با تۆش كانیـاو و كەپر و ساباتی خۆتت هەبێت. ئەگەرنا، دەی بە خواكەت بڵێ با ئاسمانمان بەسەردا بڕوخێنێت و وەكوو تۆ دەڵێیت دەبا پارچە پارچە بەسەرماندا بیبارێنێت! یان بڕۆ بە خـواكەت بڵـێ وا ئەوانە باوەڕم پێناهێنن، فریشتەم لەتەكدا بنێرە، بڕۆ بۆ ئاسمان و خواكەت و فریشتە داگرە، با شـاهێدی بدەن كە تۆ لای خواوە نێرراویت! یان با وەكوو ئەوەی بە پەیژەدا هەڵدەگەڕێیت، هەڵگەڕێ بۆ ئاسمان بێ پەیژە. ئەوەش بزانە كە ئەگەر بشچیتە ئاسمان و بێیتەوە و كتێبی خوات پێنەبێـت -كە

نامەی بۆ ئێمەدا تێدا بێت کە باوەڕت پێبهێنن- هەر باوەڕت پێناهێنین»[1].

ئەمە هەموو پێشنیارانی ئەوانە! دیارە کە هەمووشی پێشنیاری دەسەوسانکردنن، نەک پرسیار و داوای هیدایەتی خوای گەورە.

قورئانی پیرۆز ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و داعییانی ئیسلام دەکات کە خۆتان بە داوای تەعجیزیی ئەوانەوە خەریک مەکەن و داوای جێبەجێکردنی ئەو جۆرە پێشنیارانە مەکەن. بە پێغەمبەری خوایان (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەوت: ﴿وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكَ إِعۡرَاضُهُمۡ فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأۡتِيَهُم بِـَٔايَةٖۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمۡ عَلَى ٱلۡهُدَىٰۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ۝٣٥ ۞ إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَۘ وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ۝٣٦﴾ الأنعام: ٣٥ - ٣٦، واتا: «ئەگەر هەڵوێستەکەیانت ئەوەندە لە شان قورسە کە پشتیان لە بانگەوازەکەت کردووە و دژت وەستاونەتەوە و جەنابت دەتەوێت هەر بیانهێنیت بەرەو ئیسلام، دەی سا ئەگەر دەتوانیت ڕێڕەوێک (تونێلێک) لە زەوی دروست بکە، یان پەیژەیەک بە ئاسماندا هەڵگێرە و بڕۆ نیشانە و موعجیزەیان بۆ بهێنە خوارەوە! خۆ جەنابت ئەوەی بۆت هێناون لە هەموو ئەوانە گەورەترە. ئەگەر خوای گەورە بیویستایە هەموویانی هیدایەت دەدات و لەسەر پەیامەکەی گردی دەکردنەوە، بەڵام خوای گەورە نەیویستووە هیدایەتیان بدات، چونکە خۆیان نایانەوێت ڕێی ئیسلامەتی بگرن، جەنابت خۆت مەخەرە ڕیزی نەفامانەوە. هەر ئەو کەسانە بەدەم بانگهێشتی جەنابتەوە دێن کە بە دڵ و هەست و هۆش هاتوون و گوێت لێ دەگرن، چونکە مەبەستیانە حەق بناسن، ئەمما ئەوانی تر، ئەوانە مردوون. ئەوە خوای گەورە خۆی زیندوویان دەکاتەوە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە»[2].

ئاوا موشریکەکان دەهاتن و پێشنیاریان دەکرد. سوێندیان بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و موسڵمانان دەخوارد کە ئەگەر (ئایەت)ێکی موعجیزە ئاسایان نیشان بدەن باوەڕ دەهێنن، موسڵمان دەبن. درۆشیان دەکرد، بەڵام خوای گەورە دەیویست ئەو ڕێسایە

---

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر/ چاپی یەکبەرگی – دارالمعرفة/ ٢٠١٠ (ل ٩٤٨).

(٢) هەمان سەرچاوە (ل ٥٥٥).

بسەلمێنێت کە ئەوانە خۆیان کەڕ و لاڵ و کوێر کردووە و خۆیان ئیرادەی موسڵمانبوونیان نییە، پاشان دەبێت ئێوە ئەوە بزانن کە نیشانە نیشاندان و موعجیزە سازدان فەرمانی قەدەریانەی خوای کارزان و بە توانا و بە ئاگایە و ماف و ئەرک و دەسەڵاتی ئێوە نییە: ﴿وَأَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ۚ قُلْ إِنَّمَا ٱلْـَٔايَـٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾﴾ الأنعام: ١٠٩، واتا: بفەرموو: «نیشانە و موعجیزە لای خوای گەورەوە دێت، بەڵام ئەوانەشتان بۆ بێت کە داوای دەکەن بێ بیرکردنەوە و (لا شعووری) ڕەفزی دەکەونەوە و باوەڕی پێ ناهێنن. سەرەنجامی ئەم هەڵوێستە ملهوڕییەیان دڵ و هزر و هۆشیان وا دەگۆڕێت کە بواری باوەڕی تێدا نەمێنێتەوە و شیاوی ئیمانداریتی نەمێنن، هەروەکوو کە یەکەمجار گیانی ڕەفزکردن و یاخیبوونیان بەسەردا زاڵبوو، باوەڕیان پێ نەهێنا، لێیانگەڕێ با لە سنووربەزاندنی خۆیاندا هەروا بێن و بچن».

کەوابوو ئەوەی کە کەموکورتییە لە کافرەکاندا و هۆکاری باوەڕنەهێنانیانە نەبوونی نیشانە و موعجیزە و بەڵگە نییە لەسەر ڕاست و ڕەوایی ئەم وەحییە خواییە، بەڵکوو نەبوونی ویست و حەزی وەرگرتنێتی، ئەوان خۆیان نایانەوێت ببیستن، هەر وەکوو مردوون کە نابیستێت. خوای گەورە بەپێی ڕێسای قەدەریانەی خۆی کە هیدایەت و گومڕایی دیاری دەکات و باوەڕ و کوفر دەخاتە بەردەست. بەڵام پشکی ئەوانەی لە باوەڕهێناندا گرتووەتەوە، چونکە خۆیان بەرەو دین و دینداری و وەحییەکە نەهاتوون و دژی وەستاونەتەوە. ئەمە دەمانباتەوە بۆ بوارە گشتگیرەکەی قورئان کە تایبەت نییە نە بەکات و نە بە شوێن و نە بە حاڵەت و نە بە ڕووداوێکی دیاریکراوەوە، هەر وەکوو کە پەیوەندیی بە پێشنیارکردنەوە نییە، چونکە کات دەگۆڕێت، حەز و هەواوهەوەسی خەڵکی دەگۆڕێت و هەر جارەش پێشنیاری نوێی بۆ دروست دەبێت و دەیکات! بۆیە پێشڕەوانی خواویستی کە مەشخەڵی ئەم دینەیان هەڵگرتووە نابێت لا بکەن بەلای پێشنیاری کافران و وەڵامدانەوەی حەز و هەواوهەوەسی مرۆڤەوە.

حەزی کەسبکردنی خەڵکی و بڵاوکردنەوەی بەرفراوانانەی بانگەوازەکە بە ناو زۆرترین خەڵکیدا، هەموو پاڵنەری ئەو دید و ڕەفتارەن کە وا لە هەندێک لە داعییانی ئیسلام دەکەن کە هەوڵ بدەن دید و تێڕوانینی عەقائیدیی ئیسلام لە قاڵبی (تیۆرێکی ئیسلامی)یدا دابڕێژن و

بیکەنە (بەرنامەی حزبی)ی خۆیان. ئەوانە لەژێر تین و فشاری پێشنیاری کافرانی سەردەمدا هەوڵ دەدەن دید و تێڕوانین و حەقیقەتە عەقائیدییەکان -کە پاڵنەری بزاوت و هەڵوێستی واقیعییانەی تاک و کۆی ئوممەتە موسڵمانەکەیە- بکەنە تیۆرێک و لەسەر کاغەز بینووسنەوە و وەکوو دید و ڕێیەکی نەزەریی مەزهەبی بیخەنە بەردەست خەڵکی، تا وەکوو دید و ڕێ نەزەرییەکانی مرۆڤ نیشانی بدەن و ئینجا بڵێن ئەمیان چاکترە. دید و ڕێ تیۆرییەکان -مادام بەشەرین- کەموکورت و نوقسانن، لەوانەیە لەو کات و شوێن و حاڵەتەی یەکەم جاریدا کە تەقدیم دەکرێت نوقسانییەکانی دەرنەکەوتبێت، بەڵام بە گۆڕینی کات و شوێن و حاڵەت و ڕووداوەکان دەردەکەوێت کە هەموو کیان و گیانی هەڵە و پەڵە و نوقسانییە. ئەم کەش و بارودۆخە جاهیلییەیە کە کەسانێکی داعیی ئیسلامی دەخاتە ژێر تین و تەوژم، تا ئیسلام بە شێوەی تیۆرێکی بەشەری و سیستمێکی حوکم داڕێژن و وەکوو پرۆژەیەکی سەر کاغەز، یان دەستوور و بڕگە یاسا نیشانی بدەن کە ئیسلام دەیەوێت ئاوا و بەو ئەحکامانە حوکم بکات، تا بە جاهیلییەت بسەلمێنن کە ئیسلامیش وەکوو تیۆرەکانی ئەوان هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە (چونکە ئەهلی جاهیلییەت بەردەوام بە ئەهلی ئیسلام دەڵێن دین باوەڕێکی عەقائیدیی کەسایەتییە و هەقی نییە بەسەر سیستمی ڕێکخستنی ژیانەوە، واتە دین شتێکە و سیاسەت شتێکی تر)، ئەمەش ئەو داعییانە وا لێ دەکات کە هەوڵ بدەن پرۆژەیەکی تیۆریانەی گشتگیر داڕێژن و وەکوو قاڵب ئامادەی بکەن و ئیسلامەکەی تێدا داڕێژن. ئەمە ئەنجامی پەلەکردنە، یان کاریگەریی تین و فشاری جاهیلییەتە کە ئەوان بەردەوام تیۆری خۆیان دەکەنە پرۆژەی سەر کاغەز و، لە داهاتووی نزیکیشیاندا -پێش دەسەڵات و حوکم- دەیان جاری دەگۆڕن، چونکە ئەوان بە شەریعەتی خواوە پابەند نین کە بنەما و ڕێساکانی نەگۆڕن. ئەم هەوڵدانە زەلیلانەی هەندێک داعیی ئیسلامی دەیگرێتە بەر، لە ڕاستیدا ڕەفتارێکی ساویلکانەیە، ناشێت موسڵمان پەنای بباتە بەر.[1] ناشێت موسڵمان ئیسلامەکەی بکاتە پرۆژەیەکی سەر کاغەز، چونکە نە پێشنیازی جاهیلییەکان کۆتایی دێت و نە بەجێگیری دەمێننەوە، یان هەر قۆناغە و پێشنیاری تر دەکەنەوە و داعییە پەلەکارەکەش ناچار دەبێت

(١) چ جای ئەوەی وەکوو حزبە سیاسیە ئیسلامییەکان هەر ئەوە بکەنە بەرنامەی هەڵبژاردن!! کە لە کوردستانی ئێمە ئیسلامییەکان ئەوەشیان نەکردووە!!

شێوازی نوێی بانگەواز بگرێتەوە بەر.[1]

لەم شێوەیە زەلیلانەتر ئەوەیە کە هەندێک کەس پۆشاکی سۆشیالیستی و دیموکراسی دەکەنە بەر ئیسلام! تا ڕەواج بە ئیسلامەکە بدەن! وا دەزانن ئەمە خزمەتکردنی ئیسلامەکەیە! وا دەزانن بەم تەقدیمکردنە زەلیلانە و چەواشەکارییە خەڵک بۆ ئیسلام کەسب دەکەن و بانگەوازی خواویستی بڵاو دەکەنەوە! ئەمە لە کوێ و ئیسلام لە کوێ؟

سۆشیالیستی ڕێرەوێکی کۆمەڵایەتیی ئابوورییە کە مرۆڤ دایڕشتووە و بزاوتێکی سیاسیی لەسەر دامەزراندووە، لە هەموو لایەنێکیدا هەڵە و کەموکورتیی تێدا زەق بووەتەوە. دیموکراسیش سیستمێکی حوکم و ئاڕاستەی کۆمەڵگەیە کە مرۆڤ دایڕشتووە، هەموو سیفەتەکانی کەموکورتی و نوقسانێتی و نەزانینی مرۆڤی لەخۆ گرتووە. ئەمما ئیسلام مەنهەجی ژیانە: دید و تێڕوانین و پێناسەی عەقائیدییانەی گەردوون و ژیان و مرۆڤە. هەروەکوو کە سیستمی حوکم و ئاڕاستەی کۆمەڵگەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت هاتووە. ئیسلام دەزگای ڕاپەڕاندن و شێواز و پەیکەری ئیداریی سیستمی خۆی هەیە. ئیسلام دینی خوایە و لە هەموو هەڵە و پەڵە و کەموکورتییەک بەدووره. ئەوە چ هەڵوێستێکە کەسانێک گوایە بەرگری لە ئیسلام دەکەن لەگەڵ دید و مەدرەسە و بزاڤەکاندا بەراوردی دەکەن، تا بە خەڵکی بڵێن ئیسلامیش لەو ئاستەدایە! ئەمە کەی ڕاست و ڕەوایە بە خەڵکی بوترێت مادام ئیسلامەکەی خوای گەورە وەکوو دید و ڕێ و بەرنامەکانی مرۆڤە، کەوابوو ڕاست و ڕەوایە؟! ئەمە چ هەڵوێستێکە خەڵکێکی گێل بە بەڵگە و نیشانەی دید و تێڕوانین و تیۆر و بیردۆزی بەشەر بیسەلمێنێت کە خوای کردگاریش گەورە و مەزن و کاریگەرە، وەکوو داڕێژەری ئەو تیۆرانە! بوترێت خوای کردگار و کارزان و بە توانا، خوای خاوەن و ژێنەر و مرێنەر کاریگەر و گرنگە وەکوو بیرمەندەکانی بەشەر؟! موسڵمان چۆن

(١) وەکوو ئەوانەی کە لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیدا پرۆژە ئیسلامییەکەیان بریتی بوو لە گۆڕینی دەستوور، لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردووشدا لەژێر تین و فشاری هێزە ئیستیعمارییەکاندا پرۆژە ئیسلامییەکەیان لیبراڵی بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەکەوە پرۆژەیەکی ئیسلامی سۆشیالیستی بوو، لە دوای ڕمانی سۆڤیەتیشەوە ئەمانیش وەکوو غەربزادەکان هەر باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن!!

پەیامی خوای گەورە بە دید و تێڕوانینی پڕ هەڵە و پەڵەی مرۆڤ بەراورد دەکات؟! چۆن .

هەمـوو شـیرکی کافرەکـانی مەکـکە لە جـاهیلییەتی عەرەبیـدا ئەوەبـوو کە هەنـدێک مەخلووقاتیان دەکردە واسیتەکاری نێوان خۆیـان و خـوای گەورە و باوەڕیـان وابـوو کە ئەو واسیتەکارانە (بت و درەخت و جنۆکە و فریشتە و ڕۆحیـانەتی بـاپیران و. هتـد) پـلەیەک لای خوای گەورە بەرزترمان دەکەنەوە و تکامان بۆ دەکەن لە لای: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ الزمر: ٣. ئەمە شـیرکەکەیان بـوو، ئـێ ئەم شـیرکە سـاویلکەیەش ناگاتە ئەم ڕەفتارە دزێو و ناقۆڵا و قێزەونەی کە لەم سـەردەمەدا هەنـدێک (داعیـی ئیسـلامی) دەیـکەن. کە دەیانەوێـت بیسـەلمێنن کە پەیـامی خـوای گەورەش وەکـوو تیـۆر و بیـردۆزە مرۆییەکانە! دەیانەوێت یـان نایانەوێـت، ڕەفتارەکەیـان دەڵێـت: خـوای گەورە دەگـاتە ئاسـتی هەندێک بیرمەند و هزرەوانی کافری سەردەم کە خـاوەن دیـدی فیکـری و بزاوتـی سیاسـی و ئـابوورین! ئـای کە دۆڕانێکـی گەورە و بێئەدەبییەکـی زەقە. ئیسـلام ئیسـلامە و سۆشـیالیزم سۆشـیالیزمە و دیموکراسـی دیموکراسـییە. ئەوە ئیسـلامە، مەنـهەجەکەی خـوایە، ڕێبـاز و بانگەوازی خوایە، ناو نازناو و سیفاتی تری نییە، خـوای گەورە ئەو نـاو و سـیفەتەی لێنـاوە، ئەمانەی تر مەنهەجی مرۆڤن، مرۆڤ دایڕشـتوون، ئەزمـوونی مـرۆڤ و شـیکار و چارەسـەری مرۆڤیین، هەر کەسێک هەر کامێکیـان دەگـرێتە بەر؛ بـا بە نـاو و سـیفەتی تـایبەتی خۆیـانەوە وەریانگرێت، ناشێت و ناکرێت داعیی موسڵمان بۆ پێشـنیار و دیـد و حەزی خەڵکـی -کە هەر قۆناغە و لەسەر هەواوهەوەسێکە- ناو و سیفەتی دینی خوا بگۆڕێت و ساویلکانەش وا بزانێت بەم ڕەفتارە بانگەواز بۆ ئیسلامەکە دەکات و خزمەتی دینەکە دەکات!

ئێمە دەمانەوێت لەوانە بپرسین کە دینەکەی خوایان ئاوا لا سـووک بـووە و ڕێـزی خـوای گەورەیان -وەکوو کە پێویستە- نەگرتووە. ئێوە کە ئەمـڕۆ پۆشـاکی سۆشـیالیزم و دیموکراسـێتی بەبەر ئیسلامدا دەکەن و وایان بۆ دەنەخشـێنن کە هەواوهەوەسـی ئەوان دەخوازێـت، چـونکە ئێسـتا بـاوی سۆشیالیسـتی و دیموکراسـییە، ئەدی ئەگەر دیـد و ڕێ و سیسـتمی نـوێتر هـاتە ئـاراوە؟! لە مـاوەیەک لە قۆناغەکـانی مێـژوودا سـەرمایەداری پەسـەند و ڕەوا بـوو، چـونکە سیستمی دەرەبەگایەتی (فیۆدالیزم)ی لادا و ڕادا، خەڵکی خۆشحاڵ بوون، چونکە لە سۆخرە و

خزمەتکـــارێتیی ئاغـــا و دەرەبەگ قوتـــاربوون، ســـەرمایەداری لە لـــوتکەی شـــەپۆلی بـــزاوتە قەومییەکاندا دین و دید و ڕێ و بـزاوت و نەریـت و سیسـتم بـوو، هەر وەکـوو کە لە زەمـانی بسمارک لە ئەلمانیا و ماتزینی لە ئیتاڵیادا دەدرەوشایەوە. باشـە سـبەینێ ئەگەر ئەم دیـد و ڕێ و بەها و سیستمەش گۆڕا و یەکێکی تر هاتە جێی کە خەڵکی لە هەلەکەسەمادا دەبن بۆی و پێیان پەسـەند دەبێـت، ئێـوە کە ئیسـلامتان بە سۆشیالیسـتی و دیموکراسـیی ڕەنـگ کـردووە، لەو داهاتووەدا دیسان ڕەنگەکەی دەگـۆڕن و ئەو نـاو و نازنـاو و سـیفەت و ڕەنـگ و دروشـمەی دەدەنێ کە هەواوهەوەسی خەڵکی دەیخوازێت؟!

ئەم ئاڕاستە  قورئانییەی لێرەدا لە خزمەتیداین و ڕێـمان نیشـان دەدات و داوای هەڵوێسـتی نەگۆڕمان لێ دەکات، هەمـوو ئەم دیـد و بـزاوت و هەڵوێسـتە لەرزۆکـانە دەگـرێتەوە. چـونکە دەیەوێت داعیی ئیسلامی و پێشڕەوی خواویستی خۆی بەم بانگەوازە باڵا قورئانییەوە بگرێت و خۆی بە دینەکەی بەهێز بکـات و گـوێ بە پێشـنیاری پێشـنیارکاران نەدات، هەوڵـیش نەدات ئیسلامیان لا جوان بکات، بەوەی ناو و نازناو و سیفەت و سیما و مـۆرکی سـەردەمی بـۆ زیـاد بکات و ئاوا ئیسلام (بڕازێنێتەوە)! تـا خەڵـکەکە ئیسـلامیان قبـووڵ بێـت. نـا، ناشـێت داعیـی موسڵمان بکەوێتە ئەم گاڵتەجاڕی و منداڵبازاڕییەوە. پێشڕەوانی خواویسـتی دەبێـت ئەم دیـنە بە بانگەواز و دروشم و ئاڵا و هۆکار و شێوازی خۆی نیشان خەڵکی بدەنەوە. خوای گەورە لەوە بێباکە کە خەڵکی دینەکەی وەردەگرن یان ڕەتی دەکەنەوە، خوای گەورە پێویستی بە کەس نییە، هەر کەسـێک دیـنەکەی -وەکـوو کە خـوا دەیەوێـت- وەرنەگـرت، هەر کەسـێک بە تەواوی عەبدێتیی خۆی بۆ ڕانەگەیاند و لە عەبدێتی غەیری خوا دانەشۆرا، ئەم دینە نایەوێـت. ئیسـلام کەسانی وا لەرزۆک و لار و لاسەنگی بۆ چییە؟

خوای گەورەش پێویسـتی بە کەس نیـیە، نە بە موسـڵمانە سەرڕاسـتە ملکەچەکـان و نە بە کافرە یاخییە ملهوڕەکان. ئەگەر ئەم دینە بنەما و ڕێسا و سـیفەتی ڕەسـەنایەتیی خـۆی هەیە کە خوای گەورە دەیەوێت بەسەر مرۆڤایەتییدا باڵی دادی خواویسـتی بکێشـێت، بە هەمـان شـێوە شێواز و هۆکار و چۆنیەتی و ڕەسەنێتیی خۆشی هەیە کە چۆنیەتیی کۆمەڵکاری و بانگهێشت و دوواندنی مرۆڤایەتیی گرتووەتە خۆ و خیتابی خـوای گەورەیە بـۆ کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی. ئەو

خـوایەی ئەم دیـنەی بەو بنەمـا و ڕێسـا و سـیفەتانەوە و بەو شـێواز و چـۆنیەتی و هۆکـاری بەگەڕخستنەوە بـۆ مرۆڤـایەتی نـاردووە، هەر ئەو خـوایەیە کە ئەم مـرۆڤەی خەلـق کـردووە و دەزانێت لایەنی ماددی و واتایی و دەروونی پێویستی بە چییە و تاک و کۆی مرۆڤایەتی چـۆن دەبێت ئاڕاستە بکرێت. بۆیە خوای گەورە هەر وەکوو کە عەقیدەی بـۆ ڕاسـتکردنەوەی دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەی گەردوون و ژیـان و مـرۆڤ نـاردووە و عیبـادەتی بـۆ پەرسـتنی دیـاری کردووە و (هەموو بزاوت و سرەوتێکی -بە مەرجی بۆخواسوڵحان- بە خواپەرسـتن بـۆ حسـاب کردووە)، بە هەمان شێوەش شەریعەتی خۆی بۆ ئەم مرۆڤایەتییە ناردووە تا ژیانی تاک و کـۆی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی ئەودا ڕێک بخەن. ئەمەشی بـۆ کـردوونەتە مەنهەجـی ئوممەتێـک کە بە بزاڤی کۆمەڵکاریی خۆیان دەکەونە گۆڕینی کۆمەڵگە جاهیلییەکە و بەرەو ئیسـلامیان دەهێـنن . (ئاوا خوای گەورە لە قورئاندا ئەم مەنـهەجە گشـتگیرەی بـۆ شـوێنکەوتووانی دیـنەکەی ڕوون کردووەتەوە و داواشی لێ کردوون کە وەریبگرن و پێوەی پابەند بن و، پایەدارانە ڕای بگـرن و خەڵکیشی بۆ بانگهێشت بکەن، بێ ئەوەی مافیان بـداتێ هـیچ کـام لەو ڕوکنـانەی ئیسـلامەتی (عەقیدە، عیبادەت، شەریعەت، مەنهەج، ئوممەت، بزاڤ) بگۆڕن.

بەرپرسێتیی داعیی ئیسلامی و پێشڕەوانی خواویستی ڕاگەیاندن و گەیاندنی ئیسـلامەکەیە، بێ ئەوەی بەرپرسێتیی ئەرکی هیدایەتدانی خەڵکیان بکەوێتە سەر.

## بڕگەی پێنجەم:

## ڕەنجی دووبەرابەر

کە ماوەیەکی زۆر بەسەر باروودۆخ و حاڵەتی گەلاندا -بێ گۆڕانکاری- تێدەپەڕێت و خەڵکەکە لەگەڵ حاڵەتەکەدا ڕادێن، ئیتر دڵیان ڕەق دەبێت. نەوەی ئەم جۆرە گەلە چەقبەستووانە جۆرەها ئینحرافاتیان تێدا دەردەکەوێت. ئوممەتی موسڵمانیش -کە مێژووی ژیانی تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت- لەم هاوکێشەیە بەدەر نییە. ماوە و قۆناغی وا بەسەر ئەم ئوممەتەدا دێت، وەکوو ماوە و قۆناغ و حاڵەتەکانی بەنوو ئیسرائیلییەکان دەبێت. بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا، چەندین نموونەی حاڵەتی ئوممەتی چەقبەستووی ئەوانی خستووەتە پێشچاوی پێشەوایانی ئیسلام و سەرکردەکانی بزاڤ و پێشڕەوانی بانگەوازی خواویستی، تا لە هەر کات و شوێن و نەوەیەکی ئوممەتدا کەوتنە حاڵەتی وەکوو ئەو حاڵەتە زۆرانەی بەنوو ئیسرائیلەوە، چارەسەریان لە قورئانەکەدا لەبەردەستدا هەبێت و بزانن چۆن دوای زانینی سروشتی سیفەت و مۆرکی حاڵەتەکە چارەسەریشی بۆ دیاری دەکەن.

سەختترین هەڵوێستی وەڵامدانەوەی بانگەوازی خوایی لەو دڵ و هزر و ویژدانانەوە دێت کە پێشتر ڕێنمایی خواییان دیوە و لایانداوە لێی. ئەو کەسانەی لە هەمووان توند و سەخت و پشتپەلترن؛ ئەوانەن کە دینی خوایان ناسیوە و پاشان وەلیان کردووە و ئێستا سەرلەنوێ بانگهێشت دەکرێنەوە بۆی. ئەمانە هەڵوێستیان یاخیترانەیە، توند و سەختترە.[١] ئەو کەسانەی کەرەستەی خاون و پێشتر ئەم دینەیان بۆ باس نەکراوە، کە بانگهێشت دەکرێن بۆی، ئامادەی وەدەنگهاتنەوەیان زیاترە وە لەوانەی پێشتر بانگ کراون (کە خۆیان بە موسڵمانتر دەزانن!)، دڵ و هزر و ویژدانی کەسە تازەکان کە پێشتر ئیسلامیان بۆ باس نەکراوە، بۆیان دەبێتە باسێکی کتوپڕ و ناکاوی سەرسوڕمان، بانگەوازە نوێیەکە کییانیان دەهەژێنێت، تەپوتۆزی غەفڵەت لە

---

(١) مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود (رحمە اللە) کە زانای فیقهـ و فیکر بوو، دەیفەرموو: سەختترین شت ئەوەیە (مەلا) نەسیحەت بکەیت، چونکە هەرچی بۆ باس بکەیت دەڵێ: دەیزانم!!

دڵ و هزر و ویژدانیان دەتەکێنێت و سەیر ڕایدەتەکێنێت و بە هۆش خۆیانیان دەهێنێتەوە، بە باسەکانی سەرسام دەبن، چونکە یەکەم جاریانە کە بەر گوێیان دەکەوێت و حەز دەکەن زیاتری لێوە ببیستن، لەوانەیە هۆگری ببن و تامەزرۆی زۆرتری ببن، بەڵام ئەو دڵ و هزر و ویژدانەی پێشتر بانگهێشت کراون و بانگەوازەکەیان بە گوێدا دراوە و باسەکانیان بۆ کراوە، کەمتر ئامادەی بەدەنگهاتنیەوە دەبن، چونکە باسەکان تازەییەکەیان لایان نەماوە. بۆیە پێی سەرسام نابن و بەو شێوەیەی یەکەم کەسەکە ڕایانناچڵەکێنن و هەستیش بە گەورەیی و گرنگیی کاریگەرێتییەکەی ناکەن، هەست بە جددییەت و بنبڕێتیی ناکەن. بۆیە بانگهێشتکردنەوەی ئەمانە سەبرێکی زۆرتر و پشوودرێژیی زیاتر و ڕەنجی دووبەرانبەر و چەندبەرانبەری دەوێت.

سروشتی ئەو کەسانەی ماوەیەکی زۆر لە کۆیلەیی و بەندێتی و عەبدێتییدا ژیاون، ئەوانەی زەلیلی و ژێردەستەیی و نابوتییان زۆر چێشتووە، ئەوانەی ماوەیەکی زۆر لەژێر ترس و تۆقان و تەکان و ڕەتانی ستەمکاریدا بوون، ئەوانەی زۆر ملکەچی تاغووت بوون و بۆی ژیاون و لە دەوری گەڕاون، سروشتیان ئێجگار قورس و سەخت و ملهوڕانەیە. فاکوفیک و خۆگۆڕینیان زۆرە، فێڵکاری و چەواشەکاری و فریودانیان زۆرە، چونکە زۆریان مومارەسە کردووە. خۆلادان و خۆحەشاردان و خۆمتکردنیان پێخۆشترە وەک لە خۆدانە بەر تین و فشار زەلیلی. سەلامەتییان پێ ڕاستترە وەک لە کەوتنە ژێر تەوژم و تینی گۆڕان و گۆڕین. ئەمانە دیاردەی زەق و نیشانەی زەقی زۆر لە کۆمەڵگا مرۆییەکانی کۆن و نوێن (فیرعەونێتیی کۆن و دیکتاتۆرێتیی نوێ). هەزاران کەسی ئەم کۆمەڵگە چەقبەستووەی بەر سایەی ستەمکاری دەبینیت لە عەقیدەکە هەڵدێت، هەرچەندە پێشی ڕاستە! چونکە نایەوێت کۆڵی فەرزەکان هەڵبگرێت، نایەوێت داخوازیی عەقیدەکەی بکەوێتە سەر (چ پابەندی بێت، چ پێوەدەرکەوتنی، چ ڕاگەیاندن و بەرگریلێکردنی). بۆیە پێی خۆشە لەگەل مۆنجی کەڕەعەوامەکاندا سەوق بکرێت بۆ هەر شوێنێک کە بەرسێبەرە و ئەرک و تەکالیفی نییە، چونکە ڕێکردن لەگەڵ گاگەلەکە هیچی ناوێت، هیچ ناڕەحەتییەکی نایاتە ڕێ. ئەمە سروشتی کەسانی بودەڵە و دۆڕاو و ترسنۆکە. کەسانی ورە ڕووخاو و دەروون بەزیو، کەسانی دووڕوو، کە قورئان -بە درێژایی مێژووی دابەزینی- هەوڵی دەدا چارەسەریان بکات و بیانهێنێتەوە تایمی خۆیان و

پارسەنگ ڕایان بگرێت. ئەم عەقیدەیە بۆ چارەسەری ناخیان هات و شەریعەتەکەش بۆ پارسەنگکردنەوەی ڕەفتاریان نارد .

کاتێک ستەمکاری دەبێتە سیما و دیاردە و ڕەفتاری ڕۆژانەی دەسەڵاتداران، کاتێک دید و نەریتی کۆمەڵگە دەشێوێت و حەق لەناویاندا پێشێل دەبێت، کاتێک بەها و نرخی پارسەنگێتی نامێنێت و هەموو شتێک لار و چەوت و لاسەنگ دەبێت، کاتێک دڵ و هزر و ویژدانی چاک و پاک دەکەوێتە ژێر قەهر و تین و فشاری ستەم کە گەندەڵی دەبێتە سیما و سیفات و ڕواڵەت و جەوهەری کۆمەڵگەکە و سروشتی تاکەکانیش لاڕێبوون دەبێت، ئیتر پێوەرەکان ڕەسەنێتیان نامێنێت و پیاوماقوڵان بزر دەبن و خەڵکانی هەلپەرست دەکەونە سەر مۆنجی کۆمەڵگەکە. لەم بارودۆخەدا کە هەموو شتەکانی لاڕێ کەوتوون، لاسەنگ و چەوت و نارەوان، خەڵکەکە ستەمکاریی زەق دەبینن و غیرەتیان نابزوێت، دەستدرێژیی ئاشکرا دەبینن و ویستی وەستاندنیان نامێنێت، چ جای شۆڕشکردن دژی و ڕاپەڕینی دەستەجەمعی بۆ گۆڕینی کە دەبینن دەسەڵاتداری فشەڵ لاوازەکان هەڵدەلووشێ، ئەمان تووڕەبوونێکی کاریگەرییان لا دروست نابێت! لەوەش دژوارتر و نارەواتر ئەوەیە کە دەبینن وا تاکە کەسێک سەبری لێبڕاوە و بە تەنها دژی ستەمکارییەک ڕاوەستاوە و دەیەوێت ڕێی لێ بگرێت، دەیەوێت ستەمێک لەسەر خۆی لادات، سروشتپیسەکان، گەندەڵ و زەلیلەکان، غیرەتپاوەکان دژی ڕادەپەڕن و دەڵێن: ﴿إِن تُرِيدُ إِلَّآ أَن تَكُونَ جَبَّارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِينَ ١٩﴾ القصص: ١٩، واتا: «وا دیارە ناتەوێت پیاوچاک دەربچیت! هەر دەتەوێت شەقاوەی سەرزەمین بیت! ناتەوێت لە ڕیزی چاکسازاندا بیت! (زەلیلێتییەکەی خۆیان بە پیاوچاکی و ئەقڵێتیشکان و سیاسەتمەداری و چاکسازی دەزانن!)». دەڵێن: ناتەوێت پیاوچاک دەربچیت. دەتەوێت ملهوڕ و پیل قەوی و شەقاوە دەربچیت! بۆچی وا دەڵێن؟ چونکە خۆیان لە هەموو جۆرە دەستدرێژییەک ڕاهاتوون، دڵ و دەروون و ویست و ڕەفتاریان لەگەڵ ستەمکارییەکەدایە و بە ئاڕاستەی ئەو دەڕۆن، نەک پێچەوانەی. سەدان جار ئەوان ئەم دەستدرێژی و ستەمکارییەیان دیوە و بەرانبەری ڕانەوەستاون، هەر زەلیل کراون و غیرەتیان نەجووڵاوە، بۆیە ئیتر پێوەرەکانیان گۆڕاوە. خۆ زەلیلکردنەکە بە حەق دەزانن و هەڵگەڕانەوە لە ستەمکاران بە هەڵەشەیی و حەزی

خۆدەرخستن و بازوونیشاندان دەزانـن! ئەوان لەگەڵ ڕاهـاتنی سـتەمەکەدا گەیشـتوونەتە ئەو حاڵەتە کە بەلایانەوە وایە بێدەنگبوون حیکمەتە، حەقە، موداراتی ژیرانەیە! ئەسڵە و ڕەسەنێتیی ڕەفتارە! سەرەنجامی ئەو کەشە زەلیلییە و عەبدێتییە بۆ تاغووت وایان لێ هاتووە خـۆمتکردن و خۆکڕکردن بە ئەدەب و ڕەفتاری پیاوماقوڵێتی دەزانن. ئەمانە وایان لـێ هـاتووە کە مەزڵومێـک دەبینن بەرگری لە خۆی دەکات و بـۆ مـافی خـۆی هـاوار دەکـات، کە دەبیـنن وا مەزڵومێـک غیرەت گرتوێتی و خۆی لە کۆت و زنجیری زەلیلی و کۆیلەیی و ژێردەسـتەیی ڕاپسـکاندووە و دەیەوێت ئەو پەرژینە خەیاڵپڵاوە (ترسێنەرە)ی دەوری تاغووت ببڕێت، ئەمـان دەکەونە هـاتوو هاوار: هەی نەکەی. ئەمـان دەحەپەسـێن، دەتاسـێن، واقیـان وڕدەمێنێـت و بەسەرسـوڕمانەوە دەستەجەمعی دەڵێن: "ئەوە چی دەکەیت؟ خۆت لێ زیادە؟ مەرگی خۆتـت دەوێـت؟ ئەقڵـت بە شت ناشکێت؟!" ئینجا یاسا و ڕێسا و نەریتـی گەنـدەڵییەکە دەکەنە سروشـتی ئاسـایی و پێـی دەڵێن: "دەتەوێـت خـۆت ئـازا بکەیـت؟ دەتەوێـت خەڵـک بکوژیـت؟ یـان خەڵـک بەکوشـت دەدەیت؟!" هەموو لەرزۆکی و لاوازی و غیرەتپواویی خۆیان بەو دەردەبـڕن، هەمـوو گلەیـی و بۆڵە و خوتەیەک کە لە ناخیاندا هەیە، هەموو ڕەخنە و بەرهەڵسـتییەکی شـاراوە کە لە دڵیانـدا تۆپەڵ بووە، دەگرنە ئەم کەسە ئازایەی وا بە تەنهـا دژی سـتەمەکە ڕاوەسـتاوە! بە مەزڵـومەکە دەڵێن: خەتای تۆیە! تۆ دەتەوێت ئاژاوە بنێیتەوە! وەک بەرگریی لێ ناکەن، وەک وەلیدا نـابن، وەک هاوکاریی ناکەن و پشتی ناگرن، عوزرێکی بۆ ناهێننەوە و بڵێن: ناهەقی نییە، ناڵێن: ئاخر لە توانایدا نەما سەبر لەسەر ئەو هەموو تین و تەوژم و فشار و زوڵمە بگرێت. وا ناڵێن. چونکە غیرەتیان پواوە، دەروونیان بەزیوە و ورەیان بەرداوە، ئەوەندە دەسـتدرێژییان قبـووڵ کـردووە و لێـی خۆشـەبوون، وەکـوو دەروونـی نـامۆ و پەڕیـدە ستەمکارییەکەیان پـێ ئاسـایی بـووە و هەنـدێکیان هـۆگری بـوون! لەشـیان بـۆی دەخورێـت! چـونکە ئەوەنـدە لە گەنـدەڵییەکەدا چەقبەستووانە ماونەتەوە، سروشتی جوامێرێتی و دلێری و بەغیرەتییـان پـێ نەمـاوە و هەرچـی سـیفەتی جـوانی و پیـاوەتی و خێرخـوازی هەیە لەدەسـتیان داوە و لە جێـی ئەوە گەنیـوی و بۆگەنکردن و سەگێتی بووەتە سیما و مۆرک و جەوهەریان. دەرهێنانی ئەم خەڵکە لەم زەلکـاوە،

لەم زۆنگـاوە، لەم قـوڕ و لیتـاوە زۆر زەحـمەتە، قەناعەتپێکردنیـان بە گـۆڕان و ڕاپەڕیـن و شۆڕشکردن شتێکی ئەستەمە! [١]

ئەرکی داعی لەم جۆرە کەش و بارودۆخ و کۆمەڵگانەدا زۆر زەحمەتە، ئەمانەی تەمەنیان لە کەشێکی وا گەندەڵ و بۆگەندا بەسەربردووە و لەمێژە تێیدان و لەگەڵ هەموو گەندەڵییەکیدا ڕاهـاتوون. بـانگەواز لێـرەدا زۆر سـەخت و قورسـە. چـونکە خەڵـکەکە لەگەڵ سـتەم و دەستدرێژی و ناڕەواییەکاندا ڕاهاتوون، دەقیان پێـوە گرتـووە! گۆڕانکـارییەکەش لەخۆبـوردنی دەوێـت، ویسـت و هەسـت و غیرەتـی دەوێـت، کە ئەمـان نەیانمـاوە. کۆمەڵکـاریی ئـوممەتی عەقائیدی لەناو ئەمانەدا زەحمەتترە، چـونکە پێشـتر عەقیـدە و شـەریعەتەکەیان پێگەیشـتووە، بەڵام لەلایان کاڵبووەتەوە و ئەو گرنگییەی نەماوە لایـان کە داعیـە ئیسـلامییەکە بۆیـان بـاس دەکـاتەوە! زەحـمەتە بـانگەوازەکە بیـانهێنێتەوە، چـونکە لەوانەیە زۆریشـیان کە بەدەنگیـیەوە دێـنەوە، دینـدارییەکە هەر لە ڕواڵەتـی دەرەوەیانـدا دەرکەوێـت و عەقیـدەکە بە زەحـمەت بە ناخیاندا کاریگەرانە ڕۆبچێتەوە!

ڕەنجی داعیی ئیسلامی و پێشڕەوی خواویستی لەم جۆرە بارودۆخ و حاڵەتـانەدا دەبێـت بە تەئکید دووئەوەندە بێت، دەبێت سەبر لەسەر پێچاوپێچەکانی دەروونیان بگرێت، سەبر لەسـەر لادان و ڕێبزربوونیان بگرێت، سـەبر لەسـەر ڕەوشـتی نـزم و لـوتبەرزی و گیـانی یاخیبوونیـان بگرێت. سەبر لەسەر ئاستی نزم و هیممەتی کەم و گلەیی و گازاندە زۆرەکەیان بگرێـت! سـەبر لەسـەر بایەخـدانە منـداڵانەکانیان بگرێـت، کە داعیـەکە دەیەوێـت ئاسـتیان بەرەو ئاسـۆی بەرپرسێتیی بانگەواز بەرز بکاتەوە، کەچی ئەوان خەمی سـیر و پیازیـانە! داعـی دەیەوێـت لە دەست فیرعەون ڕزگاریان بکات و ئوممەت و دەوڵەتیان پـێ درووسـت بکـات، کەچـی ئەوان خەمی نیسک و نۆک و پاقلەیانە! خۆزگە بۆ پاقلەخواردنەکەی بەرسێبەری فیرعەون دەخوازن:
﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَـٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا

(١) لە هەزاران کەسدا کەمێک لا دەکەن بەلاتەوە، لەو کەمەشیان کەسـانێکی دەگـمەن گوێـت لێدەگرن، لەو دەگـمەنەش ئەوانەی ئامادەی وەڵامدانەوە دەبن بە پەنجەی دەست دەژمێررێن، خەمـی ئەمانیشـت لەبەرە کە لە ڕێگـا لانەدەن و نەکەون، یـان نەترسـن و نەکەونە بەر هێزی ڕاکێشانی حەز و هەواوهەوەس!! جا بزانە چ کۆڵێکی قورسمان هەڵگرتووە.

﴿وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا﴾ البقرة: ٦١، واتا: «وتیان ئەرێ موسا ئێمە سەبرمان نەما لەسەر یەک جۆر خۆراک، داوا لە خواکەت بکە با بەرهەمی زەوی و زارمان بەنسیب بکات: پاقلە و کولەکە و نیسك و پیاز و شتی وا!». داعی لەم جۆرە بارودۆخ و حاڵەتە قورسانەدا دەبێت سەبر لەسەر خۆنەگریی شوێنکەوتووەکان بگرێت، چونکە زوو وره بەردەدەن و دەپەشۆکێن و دەڕوخێنەوە. دەبێت دیسان قیتیان بکاتەوە! ئەم دڵی مرۆڤە خێراخێرا سارد دەبێتەوە، زوو ورەی دەڕوخێت. ئەم هزرە مرۆییە زووزوو شتی بیر دەچێتەوە، دەبێت بەردەوام یادی بخرێتەوە و هۆشی بهێنرێتەوە سەر بەرپرسێتییەکەی، دەنا غافڵ دەبێت و فێری خەیاڵپڵاوی دەبێت! دڵی مرۆڤ بەقەدەر ئەوەندەی کە ساف و ڕوونە و جێی نووری خواییە، هزر و ویژدان کە ئەوەندە هەستیارن بە هیدایەتی خوایی دەهەژێن و دەشنێن، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی زۆر وەلکران و ئاڕاستەیان پێنەگەیشت دەبنە کەرسەکە گڵ. ڕەقتر دەبن و دەبنە تاوێرە بەرد! نووریان لێ دەبڕێت و تاریک دادێن، پاک نامێنن، پیس و پۆخڵ دەبن، ڕەش دادەگەڕێن، بۆیە زەروورییە بەردەوام ئاڕاستە بکرێن، بانگەوازی خواییان بەگوێدا بدرێتەوە، تا سەدای بانگهێشتی میهرەبانی و خۆشەویستیی خوایان لێ نەبڕێت، تا بە سۆز و هۆگری و شەیدای دیداری خوای گەورە تەڕوبەل و پاراو بمێنن.: ﴿۞ أَلَمۡ يَأۡنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخۡشَعَ قُلُوبُهُمۡ لِذِكۡرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلۡحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلُ فَطَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَمَدُ فَقَسَتۡ قُلُوبُهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ١٦﴾ الحديد: ١٦، واتا: «ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئیماندارەکان دڵیان بە یادی خوا بهەژێت و ملکەچانە گوێ بۆ فەرمایشتی خوا هەڵخەن و گوێبیستی ئەو ئایەتانە بین کە خوای گەورە حەقی تێدا ناردوونەتە خوارەوە؟! بەدی، ئێ خۆ نابێت وەکوو ئەوانەیان لێ بێت کە پەیامی خوایان بۆ چوو، بەڵام کە ماوەیەکیان بەسەردا تێپەڕی ئیتر دڵیان ڕەق بوو. زۆرینەشیان لە ڕێ لایاندا و فاسق دەرچوون». کەوابوو بیرخستنەوە و هۆشهێنانەوە کارێکی بەردەوام و بەرپرسێتییەکی کاریگەرە، تا دڵەکان بە یادی خوای گەورە گەشە و نەشونما بکەن و ملکەچی فەرمانەکانی خوا بن. حەتمەن دەبێت دڵەڕەقەکان بەردەوام پیکیان پێ بکێشرێت تا تەنک دەبنەوە و سەدای بانگەوازی خوایی دەگرنەوەخۆ. دەبێت چاودێری و ئاودێریی دڵ و دەروون بەردەوام بێت، تا ئامادەسازیی هەڵگرتنی بەرپرسێتیی دینەکەی خاو نەبێتەوە. ناشێت لە هیچ دڵێک بێ هیوا ببین. هەرچەندە

پووکاوه و خامۆش کەوتبێت، هەرچەندە چەقبەستوو و ڕەق بووبێت، هەرچەندە تەڕایی تێدا نەمابێت و وشک هەڵاتبێت، چونکە بانگەوازەکەی خوا کاریگەرێتیی خۆی هەیە. نووری خوا -ئەگەر خوای گەورە ویستی- دڵی سەختی کافری ملهوڕ نەرم دەکات و بەرە و دینەکەی خۆی دەیهێنێت. خوای گەورە کە ئەو زەویە وشکانییە بێرووتە پاراو دەکات و زیندووی دەکاتەوە و هەزاران هەزار دار و درەخت و ڕووەک و گەڵا و گوڵ و بەرهەمی پێ دەڕوێنێت، هەر بە ویست و ڕەحمەت و لوتفی خۆی، بە نووری خۆی هەزاران هەزار دڵیش زیندوو دەکاتەوە و دەیخاتە شنە و بەرهەمی چاکسازیی پێ بەرهەم دەهێنێت: ﴿ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ﴾ الحديد: ١٧، واتا: «بزانن کە خوای گەورە ئەو زەویە -دوای مردنی- زیندوو دەکاتەوە. حەتمەن دڵەکانیش ئاوا بە خۆشەویستیی خۆی زیندوو دەکاتەوە».

(خوایە بە نووری خۆت دڵمان ڕووناک بکەرەوە و بە خۆشەویستیی خۆت پاراوی بکە)

ئامین

## برگەی شەشەم:

## سازشکاری و تەنازول

یەکێکی تر لە حەقیقەتە سەرەکییەکانی ئەم بانگەوازە ئیمانییە خواویستییە کە دەبێت داعییانی ئیسلام زۆر لەبەردەمیدا هەڵوێستەی سەرنجدان بکەن و وردەکارانە بە ئەقڵ و ژیری تێرامێن و قووڵ بۆی ڕۆچن و زۆر بە دیقەتەوە لە واتا واقیعی و ئیمانی و دەروونییەکانی بکۆڵنەوە و سەرڕاستانە پێوەی پابەند بن؛ ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە تەنها بەم بانگەوازە خواویستییەوە ڕووبەڕووی موشریکەکان دەبووەوە، وەنەبێت هەر لە لایەنی دید و تێڕوانینی عەقائیدیدا ڕووبەڕوویان بووبێتەوە، نەخێر، خۆ ئەگەر هەر ئەم بووارە بوایە کاری ئاسان بوو، چونکە مەحاڵ بوو عەقیدە شرۆڵە پوواوەی جاهیلییەت -کە لە هیچ بنەمایەکیدا بەهێز و جێگیر نەبوو- بتوانێت بەرانبەر حەقیقەتە بەهێز و ڕۆشن و ئاسانەکانی تەوحید بووەستێتەوە. کێشەکە کە بووبوو بە بواری ململانێکە، ئەوە بوو کە لەسەر ئەو عەقیدە شرۆڵە دامەزرێنرابوو، یان لەوەوە هاتبوو، ئەمەیان بوو کە قورەیش بە هیچ شێوەیەک قبووڵی نەبوو بیگۆڕێت، چجای ئەوەی وازی لێ بهێنێت .ڕیوایەتە مێژووییەکان شاهێدیی حاڵەتەکە بوون، قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا باسی ئەو دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێست و بەها و قییەم و ڕێسای حاکمێتییەیانی کردووە کە لەسەر ئەو عەقیدە شرۆڵە دامەزرێنرابوون، یان لەوەوە هاتبوون، ئەمانە قەوارەی سیاسی و قییەمی کۆمەڵایەتیی پێدابوون. ئەوەی عەرەبەکان هەمیشە شانازییان پێوە دەکرد خۆ بتە داتاشراوەکان نەبوون بە قەدەر ئەوەندەی کە دید و بەها و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی تیرە و هۆزەکانیان بوو کە مایەی پێداهەڵدان و شانازیکردنیان بوو. هەموو بەرژەوەندە ماددیەکانیشیان لەسەر ئەم دید و بەها و ڕێسایانە دامەزرا بوو. ئەمانە بوونە پاڵنەری سەرەکیی ئەو هەڵوێستە کەللەڕەقانەی قورەیش. پاراستنی ئەمانەیان لا گرنگ بوو .بەرگریشیان لە بتەکانیان دەکرد، هەر ئەم دابونەریت و ڕێسا و بەرژەوەندییانەیان زیاتر لا گرنگ و مەزن بوو، نەک عەقیدە شرۆڵەکە کە خۆشیان هەستیان دەکرد کە ناتوانن لە بەرانبەر حەقیقەتە عەقائیدییەکانی ئیسلامدا بەرگریان

لێ بکەن، بەرگری لە بتێکی داتاشراو بەرانبەر عەقیدەیەکی خواناسیی ڕۆشن و ڕاشکاو و بەهێز، لە هەمان کاتیشدا سادە و ڕاست و ڕەوان کە بەرگرییان لە دینەکەیان دەکرد دەیانزانی بەرگرییە لەو بەها و داب و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی حەز و ئارەزووەکانیانی لەخۆ گرتووە. ئەمانە هۆکاری سەرەکیی بەرگریکردنەکەیان بوو، ئەمە پاڵنەری سەرەکیی ئەو هەموو سەختگیری و ڕەفز و بەرەنگارییەیان بوو کە بەرانبەر ئیسلام نواندیان، چونکە دەیانزانی کە ئیسلام هەر عەقیدەکەیان ناگۆڕێت، بەڵکوو ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و ڕێسا و دەستوور و قییەمیشیان دەگۆڕێت و ڕێ لە هەوەسبازییان دەگرێت .

ئەم هۆکار و پاڵنەرانە لە هەموویاندا هەبوو، هەریەکەیان چەن لایەنێکی پێ پیرۆز و مەزن بوو، بۆیە هەر هەموویان دژی بانگەوازە ئیسلامییەکە وەستانەوە:

- ئەوانەی دەستڕۆیشتوو خاوەن پلەوپایەی بڕیار و سامان و بەرژەوەندی بوون، بوون بە دوژمن.

- ئەوانەی لەسەر دابونەریتی عەشایری جاهیلی پەروەردە بووبوون، نەیاندەتوانی قییەمی دینەکە قبووڵ بکەن.

- ئەوانەی ڕەفتار و ڕەوشتی لاسەنگ و هەوەسبازیی بێسنووریان گرتبووەبەر، نەیاندەویست ئەمانە وەل بکەن و دینێک وەرگرن کە ڕێی حەز و ئارەزوو (ئازادەکان)یان لێ دەگرێت .

هەموو ئەم پۆلانەی خەڵک بەرەنگاریی بانگەوازە خواییەکە بوون، لە هەموو کات و شوێنێکی تریشدا هەر هەموویان و زیاتر بەرەنگاریی بانگەوازەکە دەکەن، چونکە خواستی نەگۆڕی جاهیلییەتە. بەڵام هەموو بە ناوی بەرگریی لە عەقیدەکە کۆ دەبوونەوە.[١]

---

(١) وەکوو کە ئێستا بەناوی دیموکراسیی مافی مرۆڤ و ئاشتیی نێودەوڵەتی، گەلەکۆمەکێ لە موسڵمانان دەکەن و لە واقیعیشاندا پاراستنی بەرژەوەندی ڕەچاو دەکەن، ئەگەرچی دوژمنداریێتیی دینەکەش وەلناکەن، یان گەندەڵانی کوردایەتی، هەموو خراپەکارییەک دەکەنە یاسا و دەیچەسپێنن، هەمووی بە ناوی خەباتی ڕەوا بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی کوردایەتی و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش!!

بۆیە ململانێی عەقیدەی تەوحید کورت و کاتی نییە و وا زوو کۆتایی نایات. ئەمەش وا دەکات ئەرک و بەرپرسێتی و باجدانیشی قورستر بێت. ئەمەش پشوودرێژی و ئارامگریی داعییانی ئیسلام دەخوازێت، لە هەر کات و شوێنێک بن. ئەگەر ئەم حەقیقەتەیان پەی پێبرد خاڵی پەنهانیی ئەو ئایەتەشیان بۆ دەردەکەوێت کە خوای گەورە تێدا دەفەرموێت :﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ۝٢٤﴾ الإنسان: ٢٤، بارودۆخی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە لە هەموو کات و شوێنێکدا دێتەوە پێش! داعییانی ئیسلامیش لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا هەر دەبێت ئەو دید و بزاوت و هەڵوێستەیان لە بەرانبەردا هەبێت کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەیبوو.

پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ئەرکەکەی لە لایەن خوای پەروەردگارییەوە پێ درا کە هۆشداری بدەرە خەڵکی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ۝١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ۝٢﴾ المدثر: ١ - ٢، واتا: «ئەی ئەو کەسەی خۆی لە پێخەف گرتووە، هەستە هۆشداری بدە (کاتی خەو و حەوانەوە نەما، هەستە پەیامی خوا بە ئاشکرا بدە بە گوێی جیهانیاندا)». هەر ئەوەندەی کە هەستا و ڕابوو، هەر هەموو ئەو هۆکار و پاڵنەر و بەربەستەی هاتە ڕێ، هەر هەمووی دەیخواست لە بانگەوازەکەی بووەستێت و کۆڵ بدات. چونکە ئەوان سوور بوون لەسەر ئەوەی خۆیان بە دینیان دەزانی. هەموو بوونە بەرەنگار و بەرهەڵستکاری سەرسەخت، بوونە بەرگریوانی کەللەڕەقی بت و بەها و سیستمی کۆمەڵایەتیی جاهیلییەتیان، بوونە بەرەی پارێزگاریی دید و بۆچوون و ڕەفتار و ڕەوشت و بەها و قیەم و دابونەریت و ڕێسا و دەستووری جاهیلییەتی باب و باپیریان، بە هەموو توانایانەوە دژی ئەم دینە وەستان کە هەستیان دەکرد دژی پلەوپایە و ناوداری و دژی بەرژەوەندیی ماددی و داب و خوویانە، ڕێی بە هەموو چێژێکی حەرام داون و جڵەوی هەواوهەوەسی بۆ شل کردوون. ئەوەتا ئەم بانگەوازە نوێیە وا هاتووە تا هەموو ئەم هەبوونەیان لادا و ڕادا. بەرگریکردنەکەیان لە دید و بەها و ڕێسا و لە بوون و بەرژەوەندی و کیانی خۆیان چەندین شێوە و چۆنیەتییەکی گرتەبەر:

- یەکەمیان سزا و ئازار و ئەشکەنجەدانی ئەو خەڵکە کەم و موستەزعەفە بوو کە باوەڕیان بە باگەوازەکە هێنا بوو .خرانە ژێر تین و فشار، تا لەژێر پاڵەستۆی هەڕەشە و ژان و

ناسۆردا ژیوان ببنەوە و دینەکە وەل بکەن!

- ئینجا کەوتنە پڕوپاگەندە و درۆ و دەلەسە: بۆ شێواندنی عەقیدەکە و تۆز و دوکەڵ دروستکردن لە ڕوویدا، تا خەڵکی تر نەچنە ڕیزی موسڵمانان و دینەکە قبووڵ بکەن.

- ڕێگرتن لە موسڵمانبوونی کەسانی تر: ئەمەیان زۆر بە بەرفراوانە گرتە بەر، چونکە دەیانبینی پەشیمانکردنەوەی موسڵمانەکان لە دینەکە زۆر زەحمەتە، بۆیە هەوڵیان دەدا ڕێ لە کەسوکار و ئەندامانی تیرە و هۆزەکانی خۆیان بگرن.

- لە هەمان کاتیشدا کەوتنە هەوڵدان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵام بە شێوەی تر. جارێک بە هاندان و ئاشتییانە، جارێکی تر بە هەڕەشە و تین و فشار، بەو ئومێدەی بگەنە چارەسەرێک و لە نیوەڕێدا ڕێک کەوتنێک ساز بکەن! بەڵکوو بەمەش قەناعەتی پێ بەکەن هەڵمەتەکەی لە دژی عەقیدە و عیبادەت و بەها و نەریت و بارودۆخ و پلەوپایەیان بوەستێنێت، یان لایەنی کەم بیگۆڕێت، یان ئاسانی بکات! بەڵکوو وەکوو هەموو ناکۆکییەکانی تری نێوان تیرە و هۆزەکانی لێ بێت، تا بگەنە هەڵوێستێک کە بەرژەوەندیی هەردوولای تێدا بێت و لەسەری ڕێک بکەون!

ئەو شێواز و چۆنیەتی و هۆکارانەی کە لە سەرەتاوە پێشەوای ئەم بانگەوازە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕووبەڕووی دەبووەوە، لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا دووپات دەبنەوە، ڕووبەڕووی هەموو پێشڕەوانێکی ئەم بانگەوازە خواییە دەبنەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەگەڵ ئەوەشدا کە نێرراوی خوای گەورە بوو، خوای گەورەش بەڵێنی پاراستنی لە خەڵکی پێدا بوو، بەڵام جەنابی و ئەو کۆمەڵە موسڵمانە کەمەی لە خزمەتی دابوون، جۆرەها ناڕەحەتی و ئازاریان دەچێشت. وەکوو هەر مرۆڤێکی تر تین و فشاری ئەو واقیعە جاهیلییەی دەکەوتە سەر. خوای گەورە دەیزانی کە چ تین و تەوژمێکی لەسەرە، بۆیە نەیدەهێشت هەر خۆی ڕووبەڕووی واقیعەکە ببێتەوە، نەیدەهێشت هەموو قورساییەکی بکەوێتە سەر و خۆی جێگا و ڕێگای بزاوت و هەڵوێست دیاری بکات، بۆیە خوای گەورە پشتی دەگرت، ڕێی نیشان دەدا، یارمەتی و

هاوکاریی دەکرد و ئاڕاستەی دەکرد، بەردەوام وەحیـی بـۆ دەنـارد و وورەی بەرزتـر دەکـردەوە.:

﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ تَنزِيلٗا ٢٣﴾ الإنسان: ٢٣، واتا: «ئـێمە خۆمـان ئەم قورئانەمـان بـۆ نـاردوویتە خوارەوە». ئەمە یەکەمین سەرنجڕاکێشانی بەڕێزێتی (عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ)، کە هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە خوای گەورە ئەم ئەرکە قورسەی خستووەتە سـەر شـانت، خـوای گەورە و کردگـار و بەئاگات سەرچاوەی ئاڕاستەتە، بێخەم بە. خوای گەورە ئەم قورئانەی بۆ ناردوویتەتە خوارەوە، تا ڕێت نیشان بدات پێی، چۆن بزاوت دەکەیت و چ هەڵوێسـتێک دەگـریتە بەر. خـوای گەورە قورئانی بۆ ناردوویت و هیچ سەرچاوەیەکی تری ئاڕاستەت نییە. ناشـێت فەرمـان و ئاڕاسـتەی ئەم قورئـانە تـێکەڵ بە هـیچ فەرمـان و ئاڕاسـتە و ڕێنشـاندانێکی تـر بکرێـت، ناشـێت هـیچ حەقیقەتێکی قورئان تێکەڵ بە هیچ شتێک بکرێت، ناشێت سەرچاوەی ڕێنیشاندان بۆ هیچ دید و تێڕوانین و پێناسەیەک، بۆ هیچ دروشمێکی پەرستن، یان بۆ وەرگرتنی بەها و قییەم و ڕەفتار و ڕەوشت، یان دابونەریتی کۆمەڵگە، یان بۆ داڕشتنی یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمێک تێکەڵ بە بەرنامە و ڕێبازی خوای گەورە بکرێت.

پاشان ئەو خوایەی ئەم قورئانەی بۆ ناردووەتە خوارەوە و ئەرکی بـانگەوازی خواویسـتیی پێی سپاردووە، لێی ناگەڕێت و وەلی ناکات. بەڵام سروشتی باتڵیش وایە، خۆی فش دەکـاتەوە و دەکەوێتە خۆ نواندن، گوایە هێز و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت و ئـاوا تـین و فشار بۆ ئەهلی خواویستی دەهێنێت و تووشی سزا و ئەشکەنجە و ئازاریان دەکات. تاغووتـان دەیانەوێت نیشانی بدەن کە دەتـوانن ببـنە بەربەسـتی بـانگەوازەکە و بیوەسـتێنن! دەیانەوێـت بنوێنن کە دەتوانن بە هێزی بازوو دین و دید و بەها و نەریت و بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن و هەرچـی دەخـوازن دەتـوانن بـیکەن. ئینجـا لەم کـاتی دوو حـاڵەتەدا: حـاڵەتی ڕاوەدوونـان و مەحروومبوونی موسڵمانان و تین و فشاربۆهێنانیان، لەگەڵ نیشـاندانی دەسـەڵاتی تاغووتـان و دڕندەیەتی و دوژمنداریەتی و ئەشکەنجەدانیان. دێنەوە لای داعیـیەکە و دەڵـێن بـا ڕێکەویـن! دەڵێن ئامادە بن ئیعرافتان پێ بکەین، بەڵام بە مەرجێک لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوین! ئا لەم کات و حاڵەتەی ژێر تین و فشار و تەنازولکردنی تـاغووت؛ ڕەفزکـردنەوەی داواکارییەکەیـان

ئاسان نابێت. بەڵام ئاڕاستەی قورئان ئا لەم کاتە ناسکەدا دێت و دەفەرموویێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ٢٤﴾ الإنسان: ٢٤، واتا: «ئارام بگرە. لەسەر قەزا و قەدەری خوای گەورە خۆڕاگربە، حەتمەن کێشەکە یەکلا دەکاتەوە. گوێڕایەڵی هیچ تاوانکار و هیچ کافرێکیان نەبیت». چونکە هەموو کاروبارێک، هەموو ڕەفتارێک، هەموو بزاوت و سرەوتێک، پەیوەستە بە قەدەری خوای گەورەوە، خوای گەورەش بوار دەدات، بەڵام ئیهمال ناکات، کاتی تەواو دەخاتە بەردەست باتڵ، ماوەی تاقیکردنەوەی ئیمان و دینداری و غیرەتی جیهادکردنی موسڵمانانیان پێ زیاتر دەکات، تا موسڵمانە سەرڕاستە شیاوەکانی پەیامی خوا، شیاوتر دەبن بۆ سەرکەوتنی خوایی. ئەمە هەمووی حیکمەتی خوای گەورەیە: ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ﴾، سەبر لەسەر قەدەری بگرە. سەبر لەسەر حوکمی بگرە. هەموو شتێک بە قەدەرە. ئەم کۆسپانەی سەر ڕێ، ئەم ناڕەحەتییانەش کاتێکیان هەیە کە سەرەتا و کۆتاییان دیاری کراوە. کەوابوو سەبر لەسەر ئەوانە بگرە کە دێنە ڕێت، سەبر لەسەر کەمیی شوێنکەوتوو، لەسەر لاوازی و بێ پەناییان، سەبر لەسەر خۆ بە بەهێز و دەسەڵاتدار زانینی جاهیلییەت. سەبر لەسەر ئەو حەقەی بۆت هاتووە. ئەو حەقیقەتانەی قورئان بۆی ڕوونکردوویەتەوە. سەبر بگرە و تەنازول مەکە. هەرچیت دەخەنە پێشچاو بۆ کەسبکردنتە، بۆ تەنازول و سازش و مساوەمەکردنتە. بۆئەوەیە لە نیوەی ڕێ بوەستیت و لەگەڵیاندا ڕێکەویت، ئەمەش لەسەر حسابی عەقیدەکە دەبێت. نەکەی گوێڕایەڵی کەسیان نەکەیت: ﴿وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ٢٤﴾. بیرت بێت ئەوانە کافرن -دوژمنی خوای پەروەردگارتن، دوژمنی خۆت و بانگەوازەکەتن، قازانجی تۆیان ناوێت، کە دەخوازن لەگەڵیاندا ڕێکەویت ئەوە ڕێک کەوتن نییە، تەنازول پێکردنتە-، خێر وا لە بانگەواز و دین و دیدی خۆتدا. خێر لای ئەوان نییە تا پشکێکی بدەنە جەنابت! پێیان وایە بە هەندێک لەوانەی دەیخەنە پێش چاوت تا قبووڵی بکەیت لەبەرانبەر هەندێک داواکارییاندا، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. لە ڕاستیدا ئەوان شتێکیان پێ نییە تۆ موحتاجی بیت، سەرنجت ڕابکێشێت و جوانتر و گرانتر بێت لەوەی خۆت هەتە. ئەوان جارێک بەو پێشنیارەوە دێن کە ببیتە سەردار و دەسەڵاتداری هەموانیان. یان دەڵێن هەموو حەزەکانت بۆ دێنینە دی. دەتکەین بە دەوڵەمەندترین، چێژی جەستەت هەموو دەخەینە بەردەست. لە هەموومان دەسەڵاتدارتر و

دەوڵەمەنـدتر و ژن جـوانتر بە! عـوتبەی کـوڕی ڕەبـیعە هـاتە خـزمەت پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و عەرزی کرد: "واز لەم کارەت بێنە و بگەڕێرەوە ناومـان، شـەرت بێـت کچـی خۆمت بدەمێ، دەزانیت کچەکانی من لە ناو قوڕەیشدا لە جوانیدا تاکن." ئاوا هەرچـی حەزی سەرزەمین کە لە مرۆڤدا هەیە خرایە بەردەستی، تـا قبـووڵی بکـات لە بەرانـبەر کۆڵـدان، یـان وەستان، یان گۆڕان و گۆڕین! بەڵام خوای گەورە بنبڕانە پێی فەرموو کە گوێڕایەڵی کەسـیان لە هیچ شتێکیاندا نەکات: ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ٢٤﴾ الإنسان: ٢٤، وەلیـان بـکە. ئێوە خاڵێکی هاوبەش لە نێوانتاندا نییە، ناشـێت پردێـک لە نێوانتانـدا هەڵبەسـترێت، چـونکە فاسڵی نێوانتان لێک دوورە، خاڵە ناکۆکییەکانتان هەر زۆر زۆرن. ئەسڵەن کۆڵکەی هاوبەشتان لە هیچ شتێکدا نییە. مەنهەجی جەنابت شتێکە و مەنهەجی ئەوان شتێکی تر. دید و تێڕوانینـی جەنابت بەرانبەر گەردوون و ژیان و مرۆڤ زۆر لە دید و تێڕوانینی ئەوان جودایە. جیهـانبینیی جەنابت و جیهانبینیی ئەوان زۆر لێک دوورن. ئەو حەقەی بۆ جەنابت هاتووە شتێکە و بـاتڵی ئەوان شتێکی تر. ئیمانی تۆ شتێکە و کوفری ئەوان شتێکی تر، تەوحیدی تـۆ شـتێکە و شـیرکی ئەوان شتێکی تر، ئیسلامی تۆ شـتێکە و جـاهیلییەتی ئەوان شـتێکی تـر. نـووری تـۆ شـتێکە و تاریکیی ئەوان شتێکی تر. سەبر بگرە، هەرچەند ڕێگا دوورە. سەبر لەسەر تین و فشاریان بگرە. سەرەنجام قەدەری خوای گەورە هەموو شتێک یەکلا دەکاتەوە و تەمکینت پێ دەبەخشێت. ئەو حەقـیقەتەی کە پێویسـتە داعیيـانی خـواویسـتی تێـدا قـاڵوقووڵ ببـنەوە و پێـی بـژین، ئـا ئەم حەقیقەتەیە کە خوای گەورە بە (دەرس) بە پێغەمبەری خۆی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕاگەیانـدووە کە ئەرکی گەیاندنی ئەم بانگەوازە بە خەڵکـی لە خـوای گەورەوە هـاتووە، چـونکە خـوای گەورە خاوەنێتی، ئەو حەقەی خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە بە هیچ کلۆجێک ناشـێت تـێکەڵ بەو باتڵ و چەواشەکارییە بکرێـت کە تاوانکـاران و کـافران لەسـەرین. هـیچ جـۆرە هاوکـاری و یارمەتیدانێکیش لە نێوان حەقی ئەم دینە و باتڵی جاهیلییەتدا نییە، ناشکرێت و نالوێت ئەهلـی حەق و ئەهلی باتڵ لە نیوەی ڕێدا پێک بـگەن و ڕێـک کەوتنێـک لەسـەر ئاشـتەوایی بـکەن! نامومکینە. ئەستەمە ئەم دوو مەنهەجە یەکبخرێن، مەحاڵە ئەم دوو ڕێگـا تەریـبە پێـک بـگەن. کاتێکیش کە باتڵ دەبێتە خاوەن هێزی تین و فشار و دەسەڵاتی چەوساندنەوە و ئەشـکەنجە و ناسۆر، بەرانبەر کەمینەیەکی موسڵمانی موستەزعەف و ڕەشـوڕووت، ئەمە حیکمەتێکـی خـوای

گەورەیە، پێویستە سەبری لەسەر بگیرێت، تا ئەو کاتەی بڕیاری یەکلاکردنەوە لە خوای گەورەوە دێت، تا ئەوکاتەش ئیماندارانی هەر دەبێت ڕوو لە خوا و پشت بە خوا ببەستن و بەس. نوێژ بکەن، بپاڕێنەوە، هانای بۆ ببەن، داوای یارمەتیی لێ بکەن. زیکری خوای گەورە توێشووی ڕێیە و زادێکی مسۆگەرە. ئەمە حەقیقەتێکی گەورە و گرنگ و کاریگەرە، حەتمەن دەبێت ئەو کەسانەی پێشەنگی کاروانی ئەم ڕێگایەن، پەی پێ ببەن و هەمیشە لەبەرچاویان بێت. موشریکەکانیش تین و فشاری زۆریان بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێنا و، بە چەندین شێوە کەوتنە مساوەمە و ڕاکیشانی، زۆریان داوا لێ کرد ئەگەر هەر دەسبەرداری بانگەوازەکەی نابێت و وازی لێ ناهێنێت، لانیکەم با لەگەڵ سەرانی قورەیشدا ڕێکەوێت (با ساڵێک ئەمان خوای ئەو بپەرستن و ساڵێک ئەو خوای ئەمان بپەرستێت!)، با دینی خۆی بگرێت و تەدەخول نەکاتە سەر دینی ئەمان، با جنێو بە خواکانیان نەدات، با هەقی نەبێت بەسەر کۆیلە و داڵدەدراوانیانەوە هتد ...)، بەڵام خوای گەورە لە هەموو فێڵ و درۆ و دەلەسەیەکیان پاراستی. ئەمە دید و ڕەفتارێک نییە، تایبەت بووبێت بە قورەیش و سەرانی موشریکانەوە، ئەمە دید و ڕەفتاری هەموو تاغووتان و دەسەڵاتدارانی جاهیلییە بەرانبەر بانگەوازی خواویستی، لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکی موسڵماناندا کە هەوڵ دەدەن بە زۆر و زێر و چەواشەکاریی بنەما و ڕێباز و ئاڕاستەی کۆمەڵکارییە خواویستییەکەیان پێ بگۆڕن، یان بزاوت و هەڵوێستیان پێ شلکەن، یان خەڵکیان لێ بتەکێننەوە و لێ بتەرێنن. تا لە نیوەی ڕێدا بە یەکتری بگەن و لەسەر (کۆلکەی هاوبەش)ی نێوانیان ڕێکەون و ئەو تین و فشارە لەسەر شوێنکەوتووە دیندارەکانیان لابچێت و بڕێکیان (دەسکەوت) بێتە دەست و ماڵ و منداڵیانی پێ ببوژێننەوە! جا هەندێک داعیی ئیسلامی دەکەونە تۆڕەکەوە و مساوەمەکە قبووڵ دەکەن و دەکەونە فیتنەیەکی دژوارەوە کە کۆمەڵێک حەقیقەتی بەڵگەنەویستی دینەکە سووک دەکەن و خۆیان و خەڵکی بەوە هەڵدەخەڵەتێنن کە خۆ دسەڵاتداران ناڵێن واز لە بانگەوازەکە بهێنن (بەڵکوو با بەشێوەیەکی ڕەسمیانە بڕوات!)، خۆ ناڵێن تەنازول لە دینەکەت بکەن! (بەڵکوو با لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان یەک بگرین!).

شەیتانیش لەم کەلێنەوە دەخزێنە بن کلێشەی هەندێک لەو جۆرە داعییانە و زیاتر دەڕوات.

ئومێدی بۆ دروست دەبێت، بەڵکوو دەسەڵاتداران بانگەوازەکە قبووڵ بکەن، ئەوەیان خێرێکی زۆرتری بۆ بانگەوازەکە تێدایە! با کەمێک تەنازولیشی بۆ بکرێت (بەو بەهانەیەی کە ئەگەر موسڵمانێکی چاک دەرچوو، خۆی دوایتر هەموو لایەنەکانی دینەکە قبووڵ دەکات! خۆ ئەگەر تەقواکاریش دەرنەچێت، چاکترە نوێژەکانی بکات، ئەگەر نوێژیشی نەکرد، خۆ لانیکەم دوژمنداریێتیی موسڵمانان ناکات. هەروەها هەنگاو بەهەنگاو). ئەو داعیەیەی کەمێک تەنازول دەکات، ئەو کەسەی لە هەندێک لایەنی کەمی دید و ڕێدا مساوەمە دەکات، ئیتر ناتوانێت لە سنوورێکدا بوەستێت، چونکە گیانی تەسلیمبوونی لە زیادبووندا دەبێت، ئامادەباشێتیی تەنازولی تری تێدا گەشە دەکات. لادانی کەم و سادەی یەکەمجار هەنگاوی تری بەدوادا دێت، تا سەرەنجام (ئینحیراف)ەکە بە زەقی دەردەکەوێت، چونکە خۆشی و شوێنکەوتووان و خەڵکەکەش دەبینن، هەرجارە و هەنگاوێک دێتە دواوە! بۆیە دەبێت پێشڕەوانی خواویستی هەر لە سەرەتای بزاوت و هەڵوێستەکەوە وا بڕوانە بوارەکانی سازش و تەنازولکاری کە ئەمە کیشەیەکی (ئیمانی)یە. ئایا باوەڕیان بە هەموو لایەنێکی بانگەوازەکەیان هێناوە، یان بە چەند لایەنێکی؟ چونکە ئەو کەسەی کە لە چەند حەقیقەتێکی دید و ڕێ و بزاڤیدا تەنازول دەکات - با بچووکیش دیار بێت- لە ڕاستیدا باوەڕی بە هەموو بانگەوازەکە نەهێناوە. چونکە لە دیدی ڕەسەنی موسڵمانی بۆخواسوڵحاودا هیچ لایەنێک، هیچ بنەمایەک، هیچ حەقیقەتێکی دید و ڕێ و بزاڤی ئیسلامەتی نییە سادە و بچووک بێت. هەموو لایەنێکی بانگەوازی خوایی وەکوو یەکن. هەموو گرنگ و کاریگەرن و یەکتری تەواو دەکەن. لە حەقیقەتەکانی بانگەوازدا چاک و چاکتر نییە، لە ڕێساکانیدا زەرووری و نازەرووری نییە، هیچ لایەن و بنەما و حەقیقەتێک لە بانگەوازی خواییدا نییە کە بشێت وەل بکرێت و بخرێتە لاوە، یان تەنازولی لێ بکرێت. هەموو لایەنەکان یەکتری تەواو دەکەن، کامڵێتیی بانگەوازەکە بە هەموو بنەماکانێتی، گرنگی و کاریگەرێتیی بانگەوازەکە لەوەدایە کە هەموو حەقیقەتەکانی پێکەوە بخرێنە کار. وەکوو پێکهاتەی هەموو ئاوێتەیەکە. ئاوێتە هەر یەکێک لە پێکهاتەکانی تێدا نەبێت شتێکی تری لێ پێکدێت، نەک ئاوێتە داواکراوەکە.

ئەم بانگەوازە خواییەش ئاوێتەیەکە و لە حەقیقەتەکانی خۆی پێک هاتووە کە هەر یەکەیان

بە بڕ و ڕادەی خۆی دەبێت بەشدار بێت.[1]

دەسەڵاتداران لێزانانە داعیی ئیسلامی ڕادەکێشنە تەنازولاتەوە، ئەگەر توانیان تەنازولی یەکەمی پێبکەن براوەن، چونکە بە قەدەر تەنازولەکە سام و هەیبەت و کەسایەتیی پارسەنگانەی خواویستیانەی کەم دەبێتەوە. تاغووتان دەزانن بەردەوامبوونی مساوەمە و نرخ بەرزکردنەوەی هەڵوێستی تەنازولکردنەکە، لە کۆتاییدا سەفقەکە سەرکەوتوو دەکات و سەرمایە و قازانجەکە لەدەست داعیەکە دەردەهێنێت. بۆیە قەناعەتکردن بەوەی کە دەشێت دەسەڵاتداران ببنە مایەی سەرخستنی بانگەوازی خوایی، خۆی لە خۆیدا شکستێکی دەروونی و بەزینێکی ڕۆحی و ورە ڕووخانە. چونکە گۆڕین و نەمانی ئومێدی سەرخستنەکەیە. داعییەکە لە سەرەتادا قەناعەتی تەواوی وا بوو کە تەنها خوای گەورە پشتیوانێتی و حەتمەن سەریشی دەخات، بەڵام ئەوەتا وا ئومێدی هاتووەتە سەر دەسەڵاتدارێکی کافر کە وا دەزانێت بانگەوازی خوایی بۆ سەردەخات! ئەمە خۆی گۆڕان و دۆڕانە. ورەبەردانە. هەڵدێرانە. بزربوونە. دیدلێلبوونە. ئەمە ڕەنجاندنی خوایە. هەڕەشەی سەختی لە دوایە: ﴿وَإِن كَادُوا۟ لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ ٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ لِتَفْتَرِىَ عَلَيْنَا غَيْرَهُۥ ۖ وَإِذًا لَّٱتَّخَذُوكَ خَلِيلًا ﴿٧٣﴾ وَلَوْلَآ أَن ثَبَّتْنَٰكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْـًٔا قَلِيلًا ﴿٧٤﴾ إِذًا لَّأَذَقْنَٰكَ ضِعْفَ ٱلْحَيَوٰةِ وَضِعْفَ ٱلْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا ﴿٧٥﴾﴾ الإسراء: ٧٣ - ٧٥، واتا: «چەندیان هەوڵدا تا لەوەت لادەن کە بە وەحی بۆمان ناردوویت، تا شتێکی ناڕەوا بە ناومانەوە هەڵبەستیت، گەر وا بکەیت، دەتکەنە هاوڕێ و هاوڕا و هاودەنگی خۆیان، ئەگەر ئێمە جێگیر و قائیمان نەکردیتایە، لەوانەبوو مەیلت بەلایاندا بچوایە (و ڕازی بوویتایە بە یەکێک لە پلانەکانیان)، با کەمیش بووایە. ئەوکاتە ئێمەش زەلیلیی ژیان و زەلیلیی مردنمان پێ دەچێژتیت و پاشان دەتبینی کە غەیری خۆشمان کەس نییە پشتیوانت بێت و سزای ئێمەت لەسەر لادات».

ترازان لە عەقیدە هەرچەند کەمیش بێت خراپییەکەی دەتەنێتەوە. ئاسەواری تەنها لەسەر (باوەڕ) جێناهێڵێت، بەڵکوو بارودۆخ و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکەش دەکاتە بواری تەشەنەکردنی، چونکە عەقیدە مەکینەی بزاوتی ژیانە، لەبەر ئەم کاریگەرێتییەی عەقیدەکەیە کە

---

(١) خەڵوز و ئەڵماس هەر کاربۆنن، بەڵام ڕێژەیان جیاوازە. خوێ هەر سێ توخمەکەی (NHCL)ـە، بەڵام ئەگەر نایترۆجینەکە یان هایدرۆجینەکەی لێ لادرا، یان ڕێژەی یەکێکیان گۆڕرا. ئاوێتەکە نابێت بە خوێ، شتێکیتر دەردەچێت.

سەودای تەنازولکردنی داعی جارێک و دووجار نییە، بوارێـک و دوو نیـیە، شـێوازێک و دوو نییە. دەقاودەق وەکوو سەودا و مامەڵەی کەسابەت و بازرگانییە، چۆن کاسبکاران بگرە و بـدە دەکەنە پیشەی ڕۆژانە و هەموو هەست و هۆشێکی سات بەساتی شەووڕۆژی دەدەنێ و خۆی بـۆ تەرخـان دەکەن، تـا کەم بـدەن و زۆر وەرگـرن. تـا چەنـدین بەرانـبەر قـازانج بـکەن، ئەم سەودایەی تەنازولکردنیش وایە. ئەگەرچی (عەقیدە) ناشێت ببێتە کەرەستەی سەودا و مامەڵە. چونکە خاوەن عەقیدە ئازاد نییە تا بکڕێت و بفرۆشێت، سەرپشک نییە تا تەنازولی لێ بکـات، لە کەسابەتدا نییە تا شتێکی لا هەرزان و شتێکی تری لا گـران بێـت. خـاوەن عەقیـدە هەمـوو لایەنەکانی عەقیدەکەی لا گرانە و کەم و سووک و بچووکی لا نییە تـا مـامەڵەی پێـوە بکـات، هەمـوو بەشـێکی عەقیـدە گرنـگ و کـاریگەرە لە پێکهێنـانی عەقیـدەکەدا، چـونکە بە هەمـوو بەشـەکان پـێکەوە دەوترێـت (عەقیـدە)، هەمـوو بەشـەکانی حەقیقەتـی خۆیـان و پێکهـاتەی حەقیقەتی عەقیدەکەن، بـۆیە ناشـێت و ناکرێـت و نالوێـت تەنـازول لە یەکێکیـان بکرێـت، لە دەستدانی یەکێکیان فەوتـانی هەمـوو عەقیـدەکەیە.[1] لەبەرئەوەیە کە مـومکین نیـیە ئیسـلام و جاهیلییەت لە نیوەی ڕێدا ڕێک کەوتن و کۆلکەی هاوبەش پەیدا بکەن، کە لە نێوانیاندا نیـیە. بۆیە تەنازولکردن لە هیچ بەشێکی دینەکە مومکین نییە: ﴿وَدُّوا۟ لَوۡ تُدۡهِنُ فَیُدۡهِنُونَ ۝٩﴾ القلم: ٩، واتا: «دەیانەوێت شل بیت و تەنازول بکەیت، تا ئەوانیش شلبن و تەنازول بکەن!».

ئەو حـاڵەت و پەیوەنـدییەی ئیسـلام و جـاهیلییەت لە هەمـوو کـات و شـوێنێکدا، لە جاهیلییەتی دوێنێ و جاهیلییەتی ئەمڕۆ و لە جاهیلییەتی سـبەینێدا هەر وەکـوو یەکـن. فاسـڵی نێوان ئەوان و ئیسـلام پـڕ نـابێتەوە و هـیچ پردێکیـان لە نێوانـدا هەڵنابەسـترێت و هـیچ لـق و چڵێکیان ناگەنەوە یەک. ململانێیەکە بێ پسان بەردەوامە و پێکەوە گونجاندنیان ئەستەمە. بـۆیە

---

(١) ئیبنو کەثیر (رحمه الله) لە تەفسیریدا دەفەرمووێت: خوای گەورە خەبەر دەداتە پێغەمبەرەکەی (عَلَیۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ) کە بێخەمێت خۆی لایەنگرێتی و پارێزەری سـەلامەتییەتی، خـۆی جێگیـری دەکـات و لە لادان دەیپارێزێـت و لە خـراپەی خراپەکـاران و فێڵـی چەواشەکاران لایدەدات. هەروەها خوای گەورە خۆی سەرپەرشـتیی کاروبـار و پشـتیوانی و سـەرکەوتنی دەکـات، نایـداتە دەست کەس، خۆی سەرپەرشتیار و پارێزەر و سەرخەر و لایەنگر و پشتیوانێتی، خۆی دینەکەی بـۆ سـەردەخات و هەمـوو دوژمنەکانیشـی ڕسوا دەکات و دینەکانیان بەلاوازی دەخاتە لاوە، لە ڕۆژهەڵاتی سەرزەمین بن یان لە ڕۆژئاوای، هەر نابووتیـان دەکـات. ابـن کثیـر: تفسیر القرآن العظیم / چاپی یەکەمی دارالمعرفة/ لبنان ٢٠١٠ (ل ٩٣٩).

دابــڕان لە جــاهیلییەت و جودابــوونەوە لێــی زەرووریــیە، تــا هەردوولا وەکــوو دوو بەرەی ململانێکاری یەکتری دەربکەون، تـا بزانرێـت کە ئەسـتەمە لە نیـوەی ڕێ بە یەکـتری بـگەن. جیاوازییەکان ڕیشـەیین، لە ئەسـڵی دیـد و تێڕوانینـدان، لە ڕەگ و قەدی عەقیـدەکەدان، هەر وەکوو کە لە لق و چڵ و گەڵا و گوڵیدان، جیاوازییەکان لە دیتنی حەقیقەتەکانی گەردوونـدان کە لای موسڵمان بەڵگەنەویستن و لای جـاهیلییەت هـیچ نـین! جیاوازییەکـان مەنهەجـین. لە سروشتی دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستدان. تەوحید مەنهەجـێکە و شـیرک مەنهەجێکـی تـری پێچەوانە و جوودا، بە یەکتری ناگەن، هەر یەکەیان ئاڕاستەی خۆی هەیە. تەوحید مەنهەجێکە مرۆڤ -وەکوو هەموو مەخلووقاتەکانی بوونەوەر- ئاڕاستەی خواناسی دەکات، خـوای تـاک و پاک و بێ وێنە و بێ هاوبەش. ئیسلام ئەم مرۆڤە ئاڕاسـتە دەکـات تـا بزانێـت کە سـەرچاوەی پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورەیە و بەس. دەبێت عەقیـدە و عیبـادەت و شەریعەت لەوەوە وەربگیرێت و بەس. دەبێت هەمـوو بنەمـایەکی دیـد و تێـڕوانین و ڕەفتـار و ڕەوشت و دابونەریت و بەها و قییەم و یاسا و ڕێسـا و دەسـتوور و سیسـتمی ئاڕاسـتەوانی، لە خــوای گەورەوە وەربگیررێــت و بەس. بــێ ئەوەی هــاوبەش لە هــیچ بــوارێکی عەقیــدە و عیبادەت و شەریعەتەکەدا بۆ خوای گەورە دابنێت، ئاوا خواناسی و خواپەرسـتی و حـاکمێتیی پێ دەناسێنێت، ئاوا لە دین و بزاوت و ئـوممەت حـاڵیی دەکـات و لەسـەر هەموویـان گۆشـی دەکات و پێی دەفەرمووێت کام هەڵوێستە شایستەی کات و شوێن و حـاڵەتەکەیە، تـا بیگـرێتە بەر. ئیسلام ئاوا بە ڕۆشنی، بە ڕاشکاوی شوێنکەوتووکانی بۆ ئەم (تەوحید) و ڕێباز و بانگەوازە بانگ دەکات تـا ئـوممەتێکی دینـدار لەسـەر عەقیـدەکە دروسـت بـکەن و بزاڤێکـی واقیعیـی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە جاهیلییەکەدا دروست بکەن، تا لایـدەن و ئیسـلام وەکـوو بەرنـامەی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی خۆیان بـخەنە جێـی. ئیسـلام زۆر ئاشـکرا و ڕاشـکاو ئەمەی ڕاگەیاندووە و داوای لە شوێنکەوتووەکانی کردووە کە خۆی لەسەر گـۆش بـکەن و لە جاهیلییەت جیا ببنەوە، بۆ خوا لێبڕابن و پاک و سەرڕاستانە پەیـامەکەی ئەویـان لەبەرخـاتری ئەو هەڵگرتبێت. ئیسلام وای لێ خواستوون تەوحید بێ شیرک و ئیمان بێ کـوفر و ئیسـلام بـێ جـاهیلییەت و تەقـوا بـێ هەواوهەوەس وەرگـرن. نە هـاوبەش بـۆ خـوا دانـێن، نە حـاکمێتیی تــاغووتیش قبــووڵ بــکەن. لەگەڵ جاهیلییەتیشــدا جــوودا و دوور بــن. ئەم دیــد و بــزاوت و

هەڵوێستەش بێگومان زۆریان لەسەر دەکەوێت، دەکەونە ژێر حەملەی ناوزڕاندن و مەحروومکردن و کەناردان، حەملەی سزا و ئەشکەنجە و ئازار، حەملەی ڕاوەدوونان و ڕیشەکێشکردن. بەڵام موسڵمان دەبێت بەرانبەر هەمووی خۆڕاگرێت و تەنازول لە هیچ شتێکی دین و دید و بزاوتیدا نەکات، تا وا پاڵفتە و شیاو دەبێت کە شایانی سەرکەوتنی خوای گەورە بێت.

جاری وا هەیە دید و تێڕوانینی جاهیلییەت ئەوەندە تێکەڵ بە دیدی موسڵمانان دەبێت کە ئەمانیش زۆرجار لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی شتێکی دینەکە دەکەن، لەوە بێ ئاگا دەبن کە ئەوە ڕوانگە و پێناسەی جاهیلییەتە نەک ڕوانگە و پێناسەی ئیسلام. بە تایبەتی لای ئەو خەڵکە ڕەشۆکییەی کە پێشتر عەقیدەکەی ناسیوە و دواتر لێی لاداوە و لەگەڵ دید و تێڕوانین و پێناسەی جاهیلییەتدا لێی تێکەڵ بووە. ئەم کۆمەڵە ڕەشۆکییە -کە خۆی زۆر بە (موسڵمان) دادەنێت- لە هەموو کۆمەڵگەیەکی تر زەحمەتتر بەرەو ئیسلام دێت، درەنگتر تێدەگات، کەمتر پێوەی پابەند دەبێت. وەکوو ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵگایانە نییە کە پێشتر ئیسلامیان نەناسیوە و ئێستا بانگهێشتی ئیسلامەکە دەکرێن، چونکە ئەو ڕەشۆکییانە هەر وا دەزانن موسڵمانی سەرڕاست خۆیانن، موسڵمانی چاک خۆیان، خۆیان زۆر باش لە دینەکە تێگەیشتوون! لە کاتێکدا کە لەسەر دین نەماون، ئینحیرافاتیان لە دید و پێناسە و دروشمی پەرستن و شەرع و ئەحکامی دینەکەدا ئەوەندە زۆر و پێچاوپێچ و ئاڵۆز بووە، زۆر زەحمەتە لێی قوتار بکرێن، کار و کردەوەکانیشیان ئەوەندە لە حەرامەوە گلاون، گلاون. بەڵام ئەوان پێیان سادە و ئاسانە و هەر دەڵێن: "خۆ دین بە دڵپاکییە!" دڵیشیان پڕە لە شیرک و هەواوهەوەس. ئەم کۆمەڵگە ڕەشۆکییەی کە پێشتر موسڵمان بووە و ئینحیرافی لێ کردووە و ئیعتیراف بەبێ دینیی خۆی ناکات، جاری وا هەیە داعی دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەمان جێبایەخ و گرنگن، چونکە ئاسان بەرەو ئیسلام دێن، بەڵام ئەمە زۆر دژوارە، هۆشداریی زۆری دەوێت.

جاهیلییەت جاهیلییەتە و ئیسلامیش ئیسلام، جیاوازی نێوانیان زۆر و گەورەیە، ڕێگای ڕاست و دروست و ڕەوا قوتاربوونە لە هەموو جاهیلییەت و داخڵبوونی هەموو ئیسلامەکەیە، داماڵینی جاهیلییەتە لەبەرخۆ و پۆشینی هەموو ئیسلامەکەیە، خۆ دەربازکردنە لە هەموو

جاهیلییەت و خۆ گەیاندنە هەموو ئیسلامەکەیە. یەکەمین هەنگاوی ئەوەش خۆدابڕینە لە جاهیلییەت و جوودابوونەوەیە لێی، بە هەست و هۆش، بە ڕەفتار. (هەستکردن بەوەی کە من جاهیلی نیم) نە لە دید و تێڕوانین و پێناسەمدا بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ، نە لە ڕەفتار و ڕەوشتی تاکیمدا، نە لە دابونەریتی کۆمەڵایەتیمدا، نە لە بزاوت و هەڵوێست و ڕێباز و بەرنامەمدا. نە لە لایەنی تیۆریمدا، نە لە لایەنی کردەوەییمدا. ئەمە سەرەتای ڕاگەیاندنە، پاشان بڕیاری خۆدابڕینە لە جاهیلییەت، بەو شێوەیەی کە جارێکی تر نە مومکینە بگەڕێمەوە ناوی، نە مومکینە لە هیچ قۆناغ و مەنزڵ و لایەنێکی مەنهەجمدا لەگەڵ جاهیلییەتدا یەکبگرمەوە، یان لەگەڵیدا بکەومە ڕێ. خۆدابڕانێک کە پێکەوەژیان قبووڵ نەکات و یەک هەڵوێست و ئاڕاستەیی نەگرێتە خۆ.

مەگەر ئەهلی جاهیلییەتەکە بە تەواوی خۆیان لە جاهیلییەت پاککردبێتەوە و هەر هەموو ئیسلامەکەیان قبووڵ کردبێت. ئاوا بەو بڕیارە حەددی و جیددییە کە نە نیوەچارەسەر و نە پینەکاری و نە باری لار ڕاستکردنەوەی تێدا بێت. نە وەڵامی فریودانەوەی جاهیلییەتی تێدا بێت کە لە ناچاریشیدا پۆشاکی ئیسلامیانەی پۆشیبێت، یان خۆی بە موسڵمان ناساندبێت.

چەسپاندنی ئەم ورەبەرزییە لە دڵ و دەروونی داعییەکەدا، لەگەڵ چەسپاندنی ئەم هەستی سەربەخۆبوون و جوداییە لە جاهیلییەت، لە هزر و هۆشی داعییەکەدا زۆر زەروورین، یەکەم هەنگاوی ڕێی ڕاستی خواویستین، بەردی بناغەی پێکەوەنانی کەسایەتیی داعییانی بانگەوازی خواییە کە لە بزاوت و سرەوتیدا هەست بکات کە ئەو شتێکە و جاهیلییەت شتێکی تر، ئەوان دینی خۆیان هەیە و ئەمیش دینی خۆی، ئەوان ڕێگای خۆیان هەیە و گرتوویانە، ئەمیش ڕێگای سەربەخۆی خۆی هەیە و گرتوێتییەبەر. ناشێت یەک هەنگاو لەگەڵیاندا ڕێ بکات. یەک هەنگاو لەسەر ڕێگا و بە ئاڕاستە و بەرەو ڕووگەی ئەوان. نا، ئەرکی سەرشانی ئەم ئەوەیە ئەوان بهێنێتە سەر دید و ڕێ و ئامانجی خۆی. بێ ئەوەی تەنازولیان بۆ بکات، بێ ئەوەی کەم یان زۆر لە دید و مومارەسەی بزاوتی دینی خۆی بگۆڕێت. ئەمە تەبەڕابوونە لە جاهیلییەت. تەبەڕابوونی ئێجگاری. ئەمە دابڕینە لە جاهیلییەت، دابڕانی ئێجگاری، ئەمە ڕاگەیاندنی ئاشکرا و ڕاشکاوی جودابوونەوەیە: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢ وَلَآ أَنتُمۡ

﴿عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ٦﴾ الكافرون:
١ - ٦، واتا: «بفەرموو: هۆ کافرینە؛ خۆ من ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن. ئەوەش کە ئێوە دەیپەرستن ئەوە نییە کە من دەیپەرستم. خۆ من پەرستیاری ئەو شتانە نیم کە ئێوە دەیپەرستن. ئێوەش پەرستیاری ئەو خوایە نین کە من دەیپەرستم. ئەوەی ئێوەی لەسەرین کوفرە و ئەوەی منی لەسەریم دینی حەق و ڕەوا و ڕاستی خوای گەورەیە».

ئای ئەمڕۆ داعییانی ئیسلام چەندیان پێویستە بەم تەبەڕابوونەیە، بەم دابڕان و جوودابوونەوەیەیە، بەڵام بەو شێوە ئاشکرا و ڕاشکاو و بنبڕەی کە قورئان دەیەوێت. ئای موسڵمانانی سەرڕاستی ئەمڕۆ چەندیان پێویستە بەوەیە کە لە دڵ و هزر و هۆشیاندا ئەوە بچەسپێت کە ئەوەی ئامانجیانە و کاری بۆ دەکەن دامەزراندنەوەی ئیسلامە لە بارودۆخێکی تری جاهیلییەتدا. بانگەوازی خواویستی لەناو خەڵکانێکدا بڵاو دەکەنەوە کە پێشتر عەقیدەکەیان زانیوە، بەڵام دواتر -کە زەمان دووریخستوونەتەوە- دڵیان ڕەق بووە و دیدیان لێڵ و ڕێیان بزر کردووە: ﴿فَقَسَتۡ قُلُوبُهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ١٦﴾ الحديد: ١٦، واتا: «پاشان دڵیان ڕەق بوو، زۆریشیان ڕێگاکەیان بەردا و ئینحیرافیان کرد.»

موسڵمانانی ئەمڕۆ پێویستیان بەوەیە قەناعەت بکەنەوە کە ئیسلام و جاهیلییەت لێک جوودا و دوورن. نە پێک دەگەن، نە یەک ئاڕاستە و بزاوت و هەڵوێستی هاوبەشیشیان دەبێت، نە لە نێوەڕێدا بۆ چارەسەری ململانێی نێوانیان دەوەستن، نە چەواشەکاریی جاهیلییەت هەڵیاندەخەڵەتێنێت و نە تاغووتان دەیانترسێنێت. نە عەیب و عاری جاهیلییەت پینە دەکەن و نە پاکانە بۆ ڕێباز و بەرنامەی جاهیلییەت دەکەن. بەڵکوو سوور دەبن لەسەر ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی جاهیلییەت. بە شێوەکەی یەکەمینجاری. بە گۆڕینی تاک و کۆی جاهیلییەت لە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشتیدا و لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و یاسا و ڕێسا و دەستوور و دەسەڵاتیدا. گۆڕینی هەموو جاهیلییەت بە لادان و ڕادانی دەبێت، پاشان دانانەوەی هەموو ئیسلام بە عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتییەوە. بە بزاوت و هەڵوێستی سەربەخۆی عەقائیدیی خۆیەوە لە جێی، بە دابڕان لە جاهیلییەت و جودابوونەوە لێی: ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾.

بەبێ ئەم دابڕان و جوودابوونەوەیە، دید بە لێڵی و تێڕوانین بە تێکەڵی و زاراوە و پێناسە بە چەوتی دەردەکەوێت، بزاوت بێ ئاڕاستە و هەڵوێست بەزیوانە و ئامانج لێڵ و پێڵ. ڕەنج بەهەدەر و هەوڵ زایع، تاک سەرگەردان و کۆمەڵ گومڕا و کۆمەڵگە شیرازەپساوە. چونکە بناغەی دامەزراندنی کەسایەتی هەڵتەکیوە و بنەماکان ڕزیون. ئەو زەمینەی کە دەبوو هەمووانی لەسەر بوەستن فشەڵ و لیتە و جموتووە. نە ئەم دید و تێڕوانینە، نە ئەو جۆرە بزاوت و هەڵوێستە، هیچیان ناتوانن ئاڕاستەی ململانێ بکەن و گرەو لە جاهیلییەت ببەنەوە، چونکە بزاوتێکی لەرزۆکە و لە حەقیقەتە عەقائیدییەکانەوە نەهاتووە، بۆیە بانگهێشتەکەی هەر منجەمنجە و هەڵوێستەکەی ترسنۆکانەیە و وەرەبەردانیشی زەمینەی سازش و تەنازولکارییە. دەنا جوامێرانە دەیوت: ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ .

## بڕگەی حەوتەم:

## بەرژەوەندیی بانگەواز

دوای پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) جاری وا هەیە حەماسەت و دڵگەرمی و حەزی بڵاوبوونەوەی بانگەواز و سەرکەوتنی دینەکە وا لە داعییەکان دەکات کە بۆئەوەی هەندێک کەسایەتی کەسب بکەن، یان پۆلە خەڵکێک بهێننە ڕیزی ئوممەتەکەیانەوە؛ لە هەندێک داخوازییەکانی بانگەواز و بزاڤەکەدا چاوپۆشییان لێ بکەن، چونکە بەلای خۆیانەوە وایە کە ئەو هەندێک داخوازییە زۆر جەوهەری و سەرەکی نین، بۆیە ئاسان دەیانخەنە ڕیزی کاروان، بە حسابی خۆیان دەیانەوێت (ئەو کەسایەتییانە) نەکەونە بەرەی کوفر و دوژمن بەرانبەر بانگەوازەکە بەکاریان نەهێنێتەوە، یان بۆئەوەی وەکوو دۆستێکی نزیک بن باشترە وەک لەوەی دۆستێکی دوور، چ جای ناحەز و دوژمن. لەوانەیە لەم شێوازی کار و چۆنیەتییەیدا هۆکار و ڕێی وا بگرنەبەر کە لەگەڵ وردەکارییەکانی بانگەوازی خواویستیدا یەک نەگرنەوە، یان بە گشتی لەگەڵ ڕێباز و بەرنامە ڕاست و دروستەکەدا نەسازێن، بەڵام بە ئومێدی بەرفراوانبوونی پێگەی بانگەواز و چەندێتیی کۆمەڵە موسڵمانەکە ئەم ئیجتیهادە بۆ بەرژەوەندیی بانگەواز دەکەن. هەرچەندە لەوانەیە لەوە غافڵ نەبن کە بەرژەوەندیی حەقیقیی بانگەواز لە وەرگرتن و پابەندبووندایە بە مەنهەجی بانگەوازەکەوە، نەک لێی لادان و تەنازولکردن و چاوپۆشی، نە لە کەم و نە لە زۆر. ئەمما ئەنجامی ئەمە خۆ هەر نادیار غەیبە و هەر خوای گەورە دەزانێت چۆن دێتەوە کە نە ئەرکی داعییە بگاتە ئەنجام و نە بەرپرسێتیشێتی. ئەرکی سەرشانی داعییانی ئیسلام بەردەوامبوونیانە لەسەر دید و ڕێ و بەرنامەی بانگەوازەکە کە ڕۆشن و ڕاشکاو و ئاشکرایە کە وردەکارانە و گشتگیر و بنبڕانەیە. ئەرکی داعییەکان بانگکردنی خەڵکەکەیە بۆ دینداری و پابەندی و وەلکردنی ئەنجامەکەیە بۆ خوای گەورە خۆی. سەرەنجامیش هەر خێر و چاکەیە.

ئەوەتا قورئانی پیرۆز هەمووان ئاگادار دەکاتەوە کە وریا بن شەیتان خۆی لە سەنگەردا

مەڵاسداوە و دەیەوێت لەو خۆزگە و حەزی کەسبکردن و چاوپۆشیکردنەوە بخزێتە قوڵایی دیدوڕێ و بانگەواز و بزاوتەکەوە: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٥٢ لِّيَجۡعَلَ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ٥٣ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤۡمِنُواْ بِهِۦ فَتُخۡبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمۡۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٤﴾ الحج: ٥٢ - ٥٤، واتا: «هەر پێغەمبەرێکمان کە پێش جەنابت ناردبێت شەیتان هەوڵیداوە لە خۆزگە و ئومێدخواستنیەوە دزە بکاتە ناوی، بەڵام خوای گەورە ئەوە دەسڕێتەوە کە شەیتان هەوڵی بۆ دەدات بیخاتە دڵ و هۆشییەوە، پاشان خوای گەورە حوکم و بڕیار و فەرمانی خۆی دەکاتە دەسەڵاتدار و داوەر، خوای گەورە شارەزا و دانایە. ئەو ڕەفتارەی شەیتان دەبێتە ماددەی تاقیکردنەوەی ئەو کەسانەی دڵیان نەخۆشە و بۆ خوا ساغنەبوونەتەوە و هەروەها ئەوانەی دڵڕەقن و ئایاتی خوای گەورە کاریگەریی لەسەریان نەبووە، بەڕاستی ستەمکاران دوورە ڕێ و ناکۆک کەوتوون. با ئەو کەسانەی زانستییەکی شەرعیان پێدراوە دڵنیا بن کە حەق هەر لە لای خوای پەروەردگارتەوەیە، با باوەڕی تەواوی پێ بهێنن و دڵیان بۆی ڕاچەنێت و بشنێت بۆی. خوای گەورە ڕێنیشاندەری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە و بۆ گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و ڕەوان هیدایەتیان دەدات».

ئەگەر ئاوا خوای گەورە پێغەمبەرانی خۆی و خۆزگە و هیواخواستنیانی پاراستبێت و شەیتان نەیتوانیبێت دزە بکاتە ناو خۆزگە و ئاواتەکانیانەوە و هەوڵ بدات هەڵوێستیان پێ بگۆڕێت، تا بەرانبەر بە کەسان و کۆمەڵانێک نەرمتر ڕەفتار بکەن بەو ئومێدەی کەسبیان بکەن! کە شەیتان دەرەقەتی ئەم پێغەمبەرە مەعسومانە (سەلامی خوایان لێ بێت) نەهاتبێت، زەمانەت کوا بۆ غەیرە مەعسوم؟ هیچ زەمانەتێک نییە، کەوابوو داعیی ئیسلامی و پێشڕەوانی ئوممەتی خواویستی دەبێت زۆر بە حەزەر بن، شەیتان دزە نەکاتە ناو خۆزگە و ئاواتەکانیانەوە و ڕێسای کەسبکردن و ئاڕاستەکردنی بانگەواز و هەڵوێست وەرگرتنیان بەرانبەر کەسانێک، یان کۆمەڵ و تیرە و هۆزێک پێ بگۆڕێت و بە ناوی بەرژەوەندیی بانگەوازەوە دید و ڕێ و هەڵوێستیان پێ بگۆڕێت، یان مەرجەکانی دینداریتییان پێ کەم بکاتەوە، یان هەندێک هەڵوێستی عەقائیدیی

شلگرانه نیشان بدەن.

وشـەی بەرژەوەنـدیی بـانگەواز پێویسـتە لە فەرهەنگـی داعییـانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی بـانگەوازی خواویسـتی لابـدرێت، چـونکە مـایەی هەڵـدێران و ئینحیـرافە. درزی دزەکردنـی شەیتانە بۆ ناو دڵ و هزر و خۆزگە و هیواخواستن. کاتێک شەیتان لە کارتێکردن لە داعییەکەدا سەرکەوتوو نابێت، لە شلگری و نەرمکردن و ڕەچاوکردنی کەسایەتیی بەرانـبەردا شـل نابێـت، لەم درزەوە بۆی دێت کە بەرژەوەندیی بـانگەوازەکە ڕەچـاو بـکە! ئـاوا لەوانەیە بەرژەوەنـدیی بانگەواز ببێتە بتێک و داعیی ئیسلامی و پێشڕەوی بانگەوازی خواویستی بکەوێتە پەرسـتنی! ئەمەش بە دڵنیـاییەوە کاتێـک ڕوودەدات کە ئەوانە مەنـهەجە ڕەسـەنەکەی بانگەوازەکەیـان بیرچووەتەوە، یان وەلیان کردووە کە مەنهەجی هەموو پێغەمبەرانی خوایە (سەلامی خوایان لـێ بێت) کە پێشەوایانی بانگەوازی خواویستی بوون. داعییانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی بـانگەوازی خواویستی پێویستە خۆ لەسەر مەنهەجە ڕەسەنەکە ڕاگرن و دید و بزاوت و هەڵوێستیان بەپێـی ئەم مەنهەجە خواییە بەهێز بکەن و لا نەکەنەوە بەلای ئەوەوە کە داخۆ فـڵان کەس یـان فـڵان کۆمەڵە کەس کەسب دەبن یان نا؟ خۆ ئەمان بەرپرسی هیدایەتدانی ئەوان نین. بـا وا نەزانێـت ئەگەر ئەوانەی کەسب کرد ئیـتر داعـی و بـانگەواز و بـزاڤەکە نـاکەوێتە دژواری و حەمـلەی تین و فشار بۆهێنانەوە. گەورەترین و کاریگەرترین دژواری کە بەسەر داعی و بـانگەوازەکەدا بێت، لێ لادانە. ئینحیرافکردنە لە کەم یان لە زۆری مەنهەجە خواییەکە. جا ئەم دژوارێتیـیە کە ئینحیرافکـردنە بە هـۆی تـین و فشـارەکەی جـاهیلییەوە ڕاسـتەوخۆ هاتبێـت! یـان بەهـۆی فاکوفیک و چەواشەکاریی شەیتانەوە هاتبێت کە دەی سا کەمێک شلگیر بە، تا ئەویش کەسب دەبێت! ئەمە خەتەرە. لادانێکی دژوار و سەخت و کوشندەیە. داعی ناچار نییە وا بکـات. خـۆ بەرژەوەندیی بانگەواز دیـاریکردن و هێنـانەدیی مەبەسـت، بەرپرسـێتیی ئەو نـیـیە، خـۆ کـار و ئەرکی ئەو نییە، ئیتر بۆچی بـۆ هێنـانەدیی ئەو بەرژەوەنـدییە (کە ئەگەریشـە نەک تەئکیـد) لە مەنهەجەکە لادەدات و ئینحیراف لە ڕێبازەکە دەکات. بەرژەوەنـدیی بـانگەواز خـوای خـاوەن بانگەواز دیاریی دەکـات و دەزانێـت لە کوێـدایە و چـۆن دێـتە دی. ئەمـا داعیـی ئیسـلامی و پێشڕەوی بانگەواز یەک ئەرکیان پێ سپێرراوە و بەرپرسن لێی، ئەویـش ئەوەیە کە: مەنهەجـی

خوایی بگرنه بەر و پێوەی پابەند بن و لێی لانەدەن.

## بڕگەی هەشتەم:

## وەڵامێکی بنبڕانە [1]

ئیسلام دید و تێڕوانین و ڕێ و بەرنامەیەکی واقیعیی ژیانە، خەیاڵپلاوانە (تیۆر) دانارێژێت تا بیخاتە بەردەستی شوێنکەوتووەکانی. نا، ئیسلام بە دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆی ڕووبەڕووی واقیعەکان دەبێتەوە، واقیعەکان بەو هەموو جیاوازییانەوە کە تێیاندایە. جیاوازی بارودۆخەکان، بەربەست و پاڵنەرەکان، هێزەکانی پاڵنان و کێشکردن. ئیسلام ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و شوێنکەوتووەکانی لەوێدا ئاراستە دەکات، تا ڕێنماییان بکات و شێواز و چۆنیەتیی گۆڕانکارییان نیشان بدات. ئیسلام ئاوا پێشڕەوێتیی واقیعەکە دەکات کە خۆی گۆڕیوێتی و خستوێتیە ژێر ڕێنیشاندەرێتیی خۆیەوە. لە هەمان کاتی گۆڕینی جاهیلییەتەکەدا یەکسەر بەدیلە ئیسلامییەکەش دەخاتە جێی، بە کردار لایدەدات و لە واقیعیشدا دەیخاتە جێی بە ڕادە و بڕێکی بەرابەر. ڕەخنە لە واقیعە زیندووەکە ناگرێت و پاشان چارەسەری خەیاڵپلاوانەی بۆ دابنێت کە لەمەیدانی واقیعیدا نەچەسپێنرێت. نەخێر. واقیعە جاهیلییەکە دەناسێنێت (دیدوڕێ بێت یان بزاوت و هەڵوێست، دابونەریت بێت یان دەستوور و سیستم) پاشان چارەسەرە (عەمەلی)یەکەش دەخاتە بەردەست موسڵمانەکانی خۆی.

ئیسلام ڕێز لە بەهای کەسایەتیی ئەو کەسانە دەگرێت کە بەهاکانی ڕەچاو دەکەن و ڕێزی لێ دەگرن، ئەمەشی کردووە بە ڕێسای دید و بزاوت و دەشیپارێزێت، بەڵام ناشهێڵێت خەڵکانێکی چەواشەکار بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگە بکەنە سەنگەری بەرگری لە خۆیان، ناهێڵێت کەسانێکی فێڵباز خۆ لە پشت بەهاکانەوە مەلاسدەن و لەوێوە بکەونە دژایەتیی پیاوچاکان و کوشتاری داعیە خێرخوازەکان. ئیسلام ناهێڵێت ئەو چەقاوەسووە فریودەرانە لەژێر ئاڵای «پاراستنی بەها پیرۆزەکان»دا تەکبیری هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنی چاکسازان بکێشن و بە ناوی دروشمە باڵاکانەوە پەلاماری ئەمان بدەن، خۆشیان دوورەپەرێز ڕاگرن و

---

(١) پێش خوێندنەوەی ئەم بڕگەیە پاشکۆکەی بخوێنەرەوە، تکایە.

دەستی دادگا و دادپەروەرییان نەگاتێ. مومکین نییە ئیسلام ڕێ بەم چەواشەکارییە دوژمندارێتییە بدات. ئیسلام حورمەتی هەموو کەسێکی لایە. ناهێڵێت غەیبەتی کەس بکرێت، ڕێ نادات لە پاشملە باسی کەس بە خراپە بکرێت، بەڵام کەسی فاسق غەیبەتکردنی شیاوە. فاسقیش ئەو کەسەیە کە بە ئاشکرا لە ناو خەڵکیدا تاوان و گوناح و سەرپێچی دەکات. دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەم و ئەو. ئیسلام پەرژینی ڕێز بە دەوری ئەم جۆرە ملهوڕانەدا دانانێت، ناکات ڕێ لەو کەسانە بگرێت کە دەستی ستەمی ئەم فاسقەیان بە ناهەق گەیشتوتێ کە نەکەن باسی بکەی، غەیبەتە! بەڵێ ئیسلام ناهێڵێت باسی کەس بە خراپە بکرێت، بەڵام ئەم ڕێسایە (ئیستیسنا)ی تێدایە کە دەفەرمووێت: ﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلۡجَهۡرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ إِلَّا مَن ظُلِمَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ١٤٨﴾ النساء: ١٤٨، واتا: «خوای گەورە حەز ناکات کەس باسی کەسی تر بکات، بە ئاشکرا ناوی بهێنێت، مەگەر کەسێک ستەمی لێکرابێت و ناوی ستەمکارەکە بهێنێت».

کەوابوو ستەملێکراو بۆی هەیە دەنگ بەرز بکاتەوە و هاوار بکات. بۆی هەیە باسی مەزڵومێتیی خۆی و زاڵمێتیی ستەمکارەکە بکات، مادام لەسەر حەقە و سنوور نابەزێنێت، چونکە بێدەنگبوونی لەسەر مەزڵومێتییەکەی، کابرای ستەمکار زیاتر هاندەدات لەسەر دەستدرێژی و بێباک دەبێت لە باسکردن و ناوزڕاندنی. چونکە بێخەم خۆی دەداتە پاڵ ئەو ڕێسا جوانەی ئیسلام کە غەیبەتکردنی کەس شیاو نییە. ئەم ستەمکارە شایانی سایەی ئەو ڕێسایە نییە و ناشێت لە پشت ئەم بەها پیرۆزەوە خەڵکی جوامێر و خێرخواز تیرەباران بکات و بڵێ خۆ کەس ناوم ناهێنێت!

لەگەڵ ئەم بوارەشدا کە ئیسلام بۆ هاوازی مەزڵووم و ناساندنی زاڵمی کردووەتەوە، دانابەزێتە خوارەوە بۆ ئاستی ڕق و کینە و سووکایەتیپێکردن، خۆ ناخاتە ڕیزی چەقاوەسوو و بەڕەڵا و چەورەی ستەمکار و لاسەنگ، شێواز و ئالییاتی ئەوانیش ناگرێتە بەر، بەڵام دەیەوێت کۆمەڵە موسڵمانەکەی خۆی بپارێزێت، ئیسلام ڕێ بە بەرگریکردنی شوێنکەوتووەکانی دەدات تا ئەو دەستدرێژییانە بوەستێنن، نەهێڵن سووکایەتییان پێ بکرێت، نەهێڵن دوژمنانی چەواشەکار بە ناوی پاراستنی بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگەوە بیانخەنە بەر حەملەی ڕیشەکێشکردن، بۆیە ڕێ بە بەرگریکردن لە خۆیان دەدات، ڕێ بە چەک هەڵگرتن دەدات، ڕێ بە کوشتاری دوژمنە

ڕقنەکـانی دەدات کە هێرشـی دڕنـدانەی خۆیـان -بە نـاوی بەهـا پیرۆزەکـانەوە- دەکەنە سـەر ئیسلام و موسڵمانان.

ئیسلام شەڕ بە کەس نافرۆشێت، بەڵام ناشـیەوێت کەش و بـارودۆخەکە ئەوەنـدە لـیخن و ئاڵۆز و ئالوودە بووبێت ڕێز و کەرامەت و بەهـای تێـدا نەمابێـت. ئیسـلام ئاشـکرا و ڕاشـکاو دەیەوێت ڕێی دەستدرێژیی ئەو چەواشـەکارانە بگرێـت و نەهێڵێـت مـاف و ڕێـزی خەڵکـی -بەناوی موقەددەساتەوە- پێشێل بکەن.

ئەمە دید و هەڵوێستی ئاشکرا و ڕاشکاوی ئیسلامە، ڕوون و ڕۆشن، بنبڕانە، بێ پێچ و پەنا، بێ منجە منج، بێ چەواشەکاری و فریـودان. فەرمـان بە شـوێنکەوتووانی دەکـات کە نەهـێڵن دوژمنە چەواشەکارەکانتان بە هەڵخەڵەتاندن و ئیستیغلالکردنی سۆز و ڕێزی خەڵکی بـۆ بەهـا بەنرخەکانیان بتانخەنە بەر حەمـلەی ڕیشەکێشـکردن و خۆشـیان لەولاوە وەکـوو پیاوچـاک و چاکساز نیشان بدەن. ئەوەتا قورئان موسڵمانان لەسـەر زەمینەیەکـی ڕاسـتگۆیی و سەرڕاسـتیی جێگیر دەکات کە پێ قایم بن و لەسەر ڕەنج و بانگەواز و جوهد و جیهـادی خۆتـان بەردەوام بـن و کۆمەڵگاکەتـان لە دەسـتدرێژی و چەواشـەکاری و ئیسـتیغلالکردنی سـتەمکاران پـاک بکەنەوە و ڕاڕا و دوودڵیش مەبن لە هەڵوێست و بزاوتی حەقیانەتتان. شەڕی واتە وات و چرپە چرپـی بەزیـوان هەڵوێسـتتان شـل نەکـات و ئاڕاسـتەی بزاوتتـان نەگۆڕێـت. لادان و ڕادانـی دەسـتدرێژی و چەواشـەکاری و ئیسـتیغلالکردنی بەهـا بەنرخەکـانی کـۆمەڵگە هەر بـاتڵە و خراپەکاری و شەڕخوازییە. نە جێی ڕێزە، نە شایانی بێدەنگبوونە لێی. باسیان بکەن، کەشـفیان بکەن، چەواشیکارییان ڕوون بکەنەوە، مەهێڵن ئەو بەها بەنرخانەی کۆمەڵگە بکەنە سەنگەری خۆ مەڵاسکردن و مـایەی پەردەپۆشـیی نەخشـە و پیلانـی گڵاویـان کە مەبەسـت لێـی لادان و ڕادانی بەها پیرۆزەکانی کـۆمەڵگەکەیە، هەرچەنـدە بە نـاوی ئەوەوە جەنگیـان ڕاگەیانـدووە و گوایە بۆ پاراستنی ئەو بەهایانە بەرانبەر ئێوە بوونەتەوە.

ئیسلام ڕاست و ڕەوان داوا لە شوێنکەوتووەکانی دەکات کە بە دڵنیایی و ورەی بەرزتانەوە لەسەر دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستتان بەردەوام بن و دڵ و دەروونتان بە خواویسـتیتان ئـارام بێت و لە حەقناسییتان دڵنیا بـن و بشـزانن کە خـوای گەورە ئاڕاسـتەتان دەکـات و سسـتی و

لادان، یان دیدلێلی و شلگیریی هەڵوێستتان لێ قبووڵ ناکات.

ئەمە واقیعی ململانێی ئیسلام و جاهیلییەتە.

جاهیلییەت بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات باتڵی خۆی وا بناسێنێت کە حەقە و تەنها ئەویش حەقە! لە پێناوی چەسپاندنی ئەم باتڵەشدا جۆرەها چەواشەکاری دەگرێتە بەر، فریودان و ئیستیغلالکردنی بەها بەنرخەکانی دیدی کۆمەڵگەکە دەگرێتە بەر، حەملەی ڕیشەکێشکردنی حەق و حەقخوازان -کە دەستدرێژییەکی ستەمکارانەیە- بە ڕەوا و داد و یاسایی دەناسێنێت. لەولاوەش کۆمەڵە موسڵمانە خێرخوازە چاکسازەکە بە جۆرەها ناوناتۆرە و سوکایەتیپێکردن دەناسێنێت کە گوایە ئەوان دەستدرێژ و ستەمکارن! ئەوان چەواشەکارن و ناهێڵن حەق دەربکەوێت! بەڵام خوای گەورە بوار بەم چەواشەکارییەی جاهیلییەت نادات. خێرا ئەوە بۆ موسڵمانان ڕوون دەکاتەوە کە سەرانی جاهیلییەت درۆ دەکەن، بەرگری لە بەهای پیرۆزی کۆمەڵگە ناکەن، بەڵکوو دوژمنداریێتیی خواویستییەکە دەکەن. ئاوا فەزحیان دەکات و دەفەرمووێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ﴾ البقرة: ٢١٧. ئاوا دید و پێناسەی حەق، بزاوت و هەڵوێستی حەق، سەدا و بانگەوازی حەق باتڵ فەزح دەکات و پیلانی گڵاوی بۆ هەمووان کەشف دەکات و دەیسەلمێنێت هەموو ئەو هات و هاوارەی جاهیلییەت کە گوایە بۆ پاراستنی بەهای پیرۆزی خەڵکەکەیە کە گوایە موسڵمانان پێشێلیان کردووە، لە ڕاستیدا تەنها پەردەپۆشکردنی حەقیقەتی دید و بزاوت و هەڵوێستی چەواشەکارییە و مەبەست لێی وەستاندنی شەپۆلی ئیسلام و چالاکیی موسڵمانانە و هیچی تر. هەموو ئەمە بۆ شێواندنی کەسایەتیی تاک و کۆی موسڵمانە جوامێرە خێرخوازەکان و ڕێگرتنە لە بانگەوازە خواویستییە چاکسازییەکەیان.

ئاوا خوای گەورە فێرمان دەکات کە ئەوانە خەڵکانێکی تاغووتی دەستدرێژکار و زاڵمن، هیچ کێش و ڕێزێک بۆ بەهای پیرۆز دانانێن، هیچ شتێکیان لا پیرۆز نییە، هەرچی بەهایەک کە کۆمەڵگە بە پیرۆزی دادەنێت ئەوان دەیخەنە ژێر پێ، نە دین، نە عەقیدە و نە ڕەوشتی بەرزیان

پێ جـوان و بەڕێـز و پیـرۆزە. ڕێ لە خەڵکـی دەگـرن و نـاهێڵن حەق بناسـن و وەری بگـرن، ئەوانەش دەخەنە ژێر ئەشکەنجە و ناسۆرەوە کە باوەڕیان بە حەقی خوایی هێناوە و ناچاریـان دەکەن دەسبەرداری بن و بگەڕێـنەوە سـەر کـوفر، تـین و فشـاریان بـۆ دەهێـنن و لە هەمـوو مافێکیـان مەحـرووم دەکەن، سـەرباری ئەوە خۆیـان بە پیاوچـاک و خێرخـواز و چاکسـاز دەناسێنن، خۆیان لەو دیو بەها پیرۆزەکانەوە قایم دەکەن و دەکەونە حەملەی ڕیشەکێشـکردنی پیاوچاکـان و چاکسـازان، هەر بە نـاوی پاراسـتنی بەهـا پیرۆزەکانیشـەوە دەیـکەن! هەر بـۆ چەواشەکاری، خۆیان بە حەق و حەق و حەقخوازانیش بە ناڕەوایی و خراپەکاری دەناسێنن! ئەدی ئیسلام چۆن دەبێت ڕووبەڕووی ئەمە ببێـتەوە؟ چـۆن ئەم چەواشـەکارییە فەزح بکـات و چۆن ئەم حەملەی ڕیشەکێشکردنەیان دژی موسـڵمانان بووەسـتێنێت؟ چـما بەرەنگـاربوونەوەی ئەمە بە چارەسەرێکی (تیۆری)ی خەیاڵپلاوانە دەبێت؟! ئەگەر ئیسلام وەڵامـی ئەم هەڵوێسـتانە هەر بە تیۆری خەیاڵی بداتەوە، دیارە بە دڵنیاییەوە موسـڵمانەکان بـێ دەسـت و بـێ هێـز و بـێ چەک دەخاتە بەر حەمـلەی ڕیشەکێشـکردنەکە! کە لەوبەریشـەوە دوژمنەکانیـان، تـاغووت و دەسـتدرێژ و سـتەمکارە ڕقنەکـان دەسـت لە هـیچ چەکێـک نـاگرنەوە و بە هەمـوو توانـا و چەواشەکاری و هێزیانەوە حەملەی ڕیشەکێشکردنەکە ئیدامە پێدەدەن و هیچ چەکێـک، هـیچ پیلانێک، هیچ چەواشەکارییەک نامێنێت لە دژی ئیسلام و موسڵمانان نەیخەنە کار. چما دەبێـت ئیسلام لەبەر شاڵاویاندا خۆ کڕ بکات و بە شوێنکەوتووانی بڵێ دەست مەکەنەوە؟! نا. ئیسـلام وا ناکات و هەرگیز ئەو دید و هەڵوێستەش ناگرێتە بەر، بەڵکوو دەخوازێت پڕاوپڕ ڕووبەڕووی واقیعەکە ببێتەوە، تا لایدات و ڕایدات. ئیسلام ئاشـکرا و ڕاشـکاوانە دەخوازێـت دەسـتدرێژی بوەستێنێت و ستەمکاران کۆڵ بکات تا شەڕخوازی بووەستێنێت. ئیسلام دەیەوێت نینۆکی باتـڵ بقرتێنێـت و دەسـەڵاتدارێتی و سـەروەری بـداتە دەسـت هێـزە خێرخـوازەکە، دەیەوێـت سـەرکردایەتییە ئاڕاسـتەوانە خواویسـتییەکە جـڵەوی ئیـدارە و حـوکم بگـرێتە دەسـت، تـا خراپەکار و شەڕخواز و چەواشەکاران بە نـاوی پاراسـتنی بەهـا پیرۆزەکـانەوە خـۆ نەنـوێنن، ئیسلام ناهێڵێت تاغووتە دەستدرێژکارەکان لەژێر ئاڵای بەهای پیـرۆز و سـەنگەری پاراسـتنی موقەددەسـاتدا خـۆ قـایم بـکەن و لەوێـوە بـکەونە حەمـلەی ڕیشەکێشـکردنی پیاوچاکـانی خواویستی. ئەوان هێرشی ناڕەوا بکەن و لە کاردانەوەش بێخەم بن، چونکە خۆیان بە پاسەوانی

بەها پیرۆزەکان ناساندووە!

ئیسلام ئەو قەناعەتەی لا بەڵگەنەویستە کە تەنها کاتێک کە بەهای پیرۆزی تێدا دەپارێزێت؛ ئەو کات و شوێنەیە کە سەرکردایەتی و سەروەری و ئاڕاستەوانێتی وا لە دەست نوخبە موسڵمانە پاکە سەرڕاستەکەدا. ئەو کاتە ئەو بەهایانە بەو شێوەیە پیرۆز و بەرز و بەڕێز ڕادەگیرێن هەر وەکوو کە خوای گەورە ویستویێتی.

## پاشکۆی بڕگەی (وەڵامێکی بنبڕانە)

## شیکاری ڕێسایەکی دید و بزاوت و هەڵوێست

ئەم بڕگەیە نەسیمی بەر سایەی ئـایەتێکە کە زەروورییـە پـێش ئەوەی بەسـەر ڕۆح و دڵ و ویژدانی ئێمەشـدا بێـت کەمێـک ڕوونکـردنەوەی لەسـەر بـدەین، چـونکە لەو شـوێنەی کە لە (في ظلال القرآن)ەکەوە هێنراوە، پێشتر ئایەتەکە و هۆکـاری هـاتنەخوارەوە و لێکـدانەوەکەی هێنراوەتەوە. خوێنەری کورد لێرەدا ڕەنگە نەتوانێت پەیوەستی بکاتەوە بەو شـوێنەی خـۆیەوە و هەروا بزانێت پەخشانێکی ئەدەبییە نەک شیکاری ڕێسایەکی دید و بـزاوت و هەڵوێسـت. ئەمە دەربـارەی ئەم ئـایەتەیە: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ قِتَالٖ فِيهِۖ قُلۡ قِتَالٞ فِيهِ كَبِيرٞۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ وَإِخۡرَاجُ أَهۡلِهِۦ مِنۡهُ أَكۡبَرُ عِندَ ٱللَّهِۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَكۡبَرُ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢١٧﴾ البقـرة: ٢١٧، واتـــا: «دەربـارەی کوشـتار و جەنـگ بەرپاکردنـت لـێ دەپرسـن کە لە مـانگە حەرامەکـان (مـانگی زیلقیعدە و زیلحیججە و موحەڕڕەم و ڕەجەب)دا ئەنجام بدرێت کە ئایا جائیزە یان نا؟ بفەرموو: جەنگکردن تیایاندا ڕەفتارێکی دژوار و گەورەیە، بەڵام بەرەنگـاریکردنی بـانگەوازەکەی خـوای گەورە و ڕێگرتن لێی و کافر بوون بە خوای گەورە و ڕێگرتن لە چوونی موسڵمانان بۆ مـاڵەکەی خوا (کەعبە) بۆ حەجکردن و ڕاوەدوونانی خەڵکە موسڵمانەکەی مەکـکە (کە ئەهلـی حەرەمـی کەعبە بوون) لای خوای گەورە دژوارتر و گەورەترە و گوناح و تـاوانەکەی زۆرتـرە، هەر یەک لەم ڕەفتارانە لای خوای گەورە لە جەنگبەرپاکردن لەو مانگە حەرامانەدا دژوارتر و گوناحترە. واتـــا: باوەڕنەهێنانتـــان بە خـــوای گەورە، بە تـــاک و پـــاکی و بە دینـــی و بە پێغەمـــبەرەکەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لای خـوای گەورە خەتەرتـرە وەک لە جەنگکـردن لەو مـانگە حەرامـانەدا. ڕێگرتنتان لە بانگەوازی خـوایی و بەرەنگـاریکردنی خەتەرتـرە لە جەنگکـردن لەو مانگـانەدا. ڕێگرتنتان لە موسڵمانان کە هاتبوون بۆ حەج و چەکیشیان پێ نەبوو خەتەرترە لە جەنگکردن لەو مانگانەدا. دەرپەڕاندنی موسڵمانانی مەکـکە و پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لە مەکـکە کە

ئەهلی کەعبەکە بوون و خەڵکی شارەکە بوون، دەرپەڕاندن و ڕاوەدوونـانی ئەمـان لای خـوای گەورە خەتەرترە لە جەنگکردن لەو مانگانەدا. ئەمانە هەریەکەیان دژوارتر و گوناحترە وەک لە هەڵگیرساندنی جەنگێکی لاوەکی لەو مانگانەدا کە هەندێک موسـڵمان تێکەوتـوون. بـزانن کە ئەوانە بەردەوامن لە دوژمنداریێتی و کوشتارتان تا دەتانگێڕنەوە سەر دینەکەی خۆیـان، -ئەگەر بتوانن- هەر هەوڵ بدەدەن. هەر کەسێک لە دینەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە و بە کافری بمرێت، ئەوە کاروکردەوەی لە دونیا و قیامەتدا پووچەڵ بووەتەوە و مـایەپوت بـووە (وەکـوو ئەوەیە کە هیچ کارێکی خێری لە تەمەنیـدا نەکردبێـت)، ئەوانە ئەهلـی دۆزەخـن و بە نەمـری لە ئـاگری دۆزەخدا دەمێننەوە».

### هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە:

عەرەبەکان لە پێش ئیسلامدا ئەو چوار مانگەیان دیاری کردبوو کە مـانگی حەرامـن، واتە جەنگ و ڕێگرتن تێیاندا حەرامە و هەموویان دەبێت پێوەی پابەند بن. سێ مانگی یەکەم یەک لە دوای یەکن و ڕەجەبیش بە جیایە، ساڵانە قـورەیش ئەمەیـان ڕادەگەیانـد، چـونکە سـاڵی وا هەبوو -بەپێی بەژەوەندیی سەرکردەکانیان- مانگێکی تریان دەخستە شـوێنی ڕەجەب، یـان هەر مانگێکی تریان.

ئەمە بەهایەکی پیرۆزی کۆمەڵگە عەرەبییەکە بوو کە پێوەی پابەند بوون، بەڵام:

پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مەفرەزەیەکـی بە فەرمانـدەیەتیی عەبـدوڵڵای کـوڕی جەحشی ئەسەدی (خوا لێی ڕازی بێت) نارد بۆ ناوچەی (بطن نخلة) و نامەیەکیشـی پێـدا کە گەیشتیتە ئەوێ نامەکە بکەرەوە کە نامەکەی لەوێ کردەوە لێی نووسرا بوو کەس لە ئەندامانی مەفرەزەکەت ناچار مەکە لەگەڵدا بێن، بۆیە ئەویـش بە یاوەرەکـانی فەرمـوو کە ئەمە فەرمـانی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بچینە ئەو ناوچەیە، جا هەر کەس دەیەوێت نەیەت بـۆی هەیە. دوو کەسیان کە سوارییەکانیان بزر بووبـوو فەرموویـان: ئـێمە لە دووی سـوارییەکانمان دەگەڕێین، مەفرەزەکە ڕۆیشت. تووشیان بوو بە تووشی سێ کەسی ئەهلی شیرکەوە و دەسـتیان لێک کردەوە، یەکێک لە سیانەکە (کە نـاوی عەمـر بـوو) کـوژرا و دوانەکەی تـریش بە دیلـی

هێنرانە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئەو ڕۆژەی تووشی ئەوە بـوون دوودڵ بـوون لەوەی کە ئایا ئەو ڕۆژە یەکەمـین ڕۆژی ڕەجەب بـوو، یـان سـبەینێی یەکەمـین ڕۆژی بـوو کە قورەیش ڕایگەیاند کە ئەوەتا موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێز لە مـانگە حەرامەکـان ناگرێـت و کوشتاری تێدا کردووە، ئـامر مەفـرەزەکە (عبـدالله) ڕایگەیانـد ئەو ڕۆژەی ئەو کـوژرا مـانگی جومادا بوو نەک ڕەجەب. ئیتر خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە، ئەوە ڕوون دەکـاتەوە کە ڕەفتارەکـانی قـورەیش هەموویـان لەم کوشـتنی یەک کەسـە دژوارتـر و گەورەتـرن وەکـوو کافربوونتان و ڕێگرتنتان لە بانگەوازی خوایی و دەربەڕاندنی موسڵمانان لە مەککە و ڕێ نەدان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی کە بێن بۆ ماڵی خوا (ساڵی ڕابـوردوو) کە بەبـێ چەکیش هاتبوون، تەنها قوربانییان لەگەڵ خۆیان هێنا بـوو، بەڵام نەتانهێشـتن بێـنە مەکـکەوە. ئەمانە لای خوا گەورەترن وەک لە کوشتنی کەسێک (کە هەر دوژمنە) و ناشزانرێت کە ئایا لە مانگە حەرامەکاندا کوژراوە یان نا.

تەواو بوو (والحمدلله رب العالمين)

شەوی ٢٤/٢٣ جومادی/١٤٣٥ = ٢٤/٢٣ ی نیسانی ٢٠١٤

لە زیندانی کۆنگس ڤینگەری نەرویج کە سبەینێ بەیانی زوو بۆ جاری (٤٩)هەم جار دەمبەنەوە دادگا!

****

# ناوەڕۆک


پێشەکیی وەرگێڕ ....................................................... ٧

باسی یەکەم: دید و ڕێی بانگەوازی خواویستی ............................ ٩

بڕگەی یەکەم: دەستووری بانگەواز ........................................ ٩

١- ئەم قورئانە سەرچاوەیە: .............................................. ٩

٢- ئەم قورئانە ئاڕاستەوانی تاک و کۆی دیندارانە: ....................... ١٦

٣ - ژیان لەژێر سایەی قورئاندا: ......................................... ٢٤

ئەم قورئانە مایەی ڕێنمایی دیندارانی سەرڕاست و تەقواکارانە: ........... ٣١

٤- بنەما و ڕێسا دیاریکراوەکانی بانگەوازی خوایی: ....................... ٣٥

٥- بانگەوازی خوایی ئاڕاستەکردنی خۆیی (زاتی)ـی هەیە: ................... ٤٤

ئەرکەکانی ئیستیخلاف: ................................................. ٤٥

بەرەی کوفر بەرانبەر ئەم دین و ئوممەت و بزاوتە یەکن: .................. ٤٧

پاشکۆیەکی پێویست ...................................................... ٥٦

بڕگەی دووەم: سروشتی بانگەواز .......................................... ٦٣

بڕگەی سێیەم: وزەی بەگەڕخراوی بانگەواز ................................. ٧٠

هەرچی ڕەنجێک بۆ سەرخستنی دینەکە بدرێت هەر کەمە: ..................... ٧٧

بڕگەی چوارەم: پەیڕەو و پڕۆگرامی بانگەواز ................................ ٨٤

هیدایەتدان بە دەست خوای گەورە خۆیەتی: ................................ ٩٢

بڕگەی پێنجەم: زەمینەی فیکری بانگەواز ................................... ٩٧

خوایەتی و عەبدێتی: .................................................... ١٠٣

بڕگەی شەشەم: دیاریکردنی سنووری کوفر و ناساندنی ڕێبازی کافران ......... ١١٢

باسی دووەم: کۆمەڵکاریی ئوممەتی عەقائیدی ................................ ١٢١

بڕگەی یەکەم: خاڵی دەستپێک ............................................ ١٢١

تەوحید حەقیقەتی یەکخستنی عەبدێتییە: .................................. ١٢٨

کۆڵی قورسی حاکمێتیی بەشەر: ........................................... ١٣٩

خەڵکی ئەم سەردەمەش لە جاهیلییەتدان:................................................... ١٤٤
بڕگەی دووەم: پێکهێنانی ئوممەتێکی عەقائیدی پێویستە.............................. ١٤٩
بڕگەی سێیەم: سەرڕاستی و جیددێتیی ئینتیما........................................ ١٥٦
بڕگەی چوارەم: ڕەفتار و ڕەوشتی داعی................................................ ١٦٠
بڕگەی پێنجەم: کۆڵی قورسی بەرپرسێتی ............................................. ١٧١
ئەم حەقیقەتەی دید و ڕێ، هەڵوێستەیەک بۆ سەرنجدان دەخوازێت:.................... ١٧٧
بڕگەی شەشەم: قەڵا و قوڵلـەی بانگەواز ............................................ ١٨١
بڕگەی حەوتەم: پێگە جەماوەرییە پتەوەکەی بانگەواز ............................... ١٨٧
بڕگەی هەشتەم: بە پێوەری خوای گەورە.............................................. ١٩٤
باسی سێیەم: بزاڤی ئوممەتی عەقائیدی ................................................ ١٩٩
بڕگەی یەکەم: سیما و سیفاتی بزاوتی ئوممەتی عەقائیدی .......................... ١٩٩
مانەوە لەسەر ڕێ؛ نیوەی بردنەوەکەیە: ............................................ ٢٠٧
جاهیلییەت چاوی بەرایی نایات ئوممەتی خواویست ببینێت:........................ ٢١٢
بڕگەی دووەم: سەلماندن و چەسپاندنی حەق ........................................ ٢٢٥
بڕگەی سێیەم: ڕاگەیاندنی حەق ....................................................... ٢٣٢
بڕگەی چوارەم: بزاوت و هەڵوێستی پێشڕەوێتی ...................................... ٢٤٠
بڕگەی پێنجەم: ڕەنجی دووبەرابەر ................................................... ٢٥٢
بڕگەی شەشەم: سازشکاری و تەنازول ............................................... ٢٥٩
بڕگەی حەوتەم: بەرژەوەندیی بانگەواز ............................................... ٢٧٥
بڕگەی هەشتەم: و ەڵامێکی بنبڕانە.................................................... ٢٧٩
پاشکۆی بڕگەی (وەڵامێکی بنبڕانە)................................................... ٢٨٥
شیکاری ڕێسایەکی دید و بزاوت و هەڵوێست......................................... ٢٨٥
ناوەڕۆک ................................................................................... ٢٨٩

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی